سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

د.قادر وریا

TISHK

سیاسەت و پلاندانانی زمانی
بۆ بواری پەروەردە
لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

قادر وریا

زنجیرە کتێبی تیشک بۆ لێکۆڵینەوەی
کوردستان
TISHK BOOK
٢٠٢٥ی زایینی

ناوی کتێب: سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا
ناوی نووسەر: قادر وریا
وەشانخانە: ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک
شوێن: بۆن، ئاڵمان
ساڵی چاپ: ڕەزبەری ٢٧٢٥
ژمارە: ١٦

ISSN: 3052-2242
ISBN 978-3-68939-012-9
eISBN 978-3-68939-013-6
ISSN 3052-2242
https://doi.org/10.69939/TISHK0016

TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan
Postfach: 840108
51033 Köln

نووسین:
قادر وریا
زمانەوان:
ڕێبوار ڕۆژهەڵات
وێنەی ڕووبەرگ:
ژیندا
دیزاین:
سان
زنجیرە کتێبی تیشک بۆ لێکۆڵینەوەی
کوردستان
TISHK Book
٢٠٢٥ی زایینی
ژمارە (١٦)
ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک

پێشکەشە بە:

-گیانی دایکم، کە زمانمی بە کوردی پشکواند؛

- دڵسۆزی و شەونخوونیی ئەو کەسانەی بە بیر و زمان و قەڵەم، زمانی کوردییان لە لام خۆشەویست کردووە؛

- پێشمەرگە نەترس و ماندوویی نەناسەکانی سەنگەری پاراستن و خزمەتکردنی زمانی کوردی لە نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان؛

- دڵخۆشییەکانی ژیانم: کوێستان، هانا و هیوا؛

- ٤٥ ساڵ تێکۆشان و خەباتم لەپێناوی مافەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا.

سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ:

-بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە بە گشتی و پ.ی.د. عومەر مەحموود کەریم، سەرپەرستی یەکەمی تێزەکەم بە تایبەتی.

-پڕۆفیسۆر د.جەعفەر شێخولئیسلامی، سەرپەرستی دووهەمی تێزەکەم (لە زانکۆی کارلتۆنی کانادا) کە بە بەشداریی خۆبەخشانە و ڕێنوێنی و تێبینییە شارەزایانەکانی خۆی، کاریگەریی زۆری لەسەر ڕێڕەو و ناوەرۆکی کارەکەم هەبوو.

ــ هەموو ئەو هاوڕێ و مامۆستا ئازیزانەی لە کاتی نووسینی ئەم تێزەدا، بە دابینکردنی سەرچاوە، وەرگێڕان، پێداچوونەوە، ئامادەکردنی فۆرمی پێویست، یان بە هەر شێوەیەکی دیکە یارمەتییان داوم.

ــ ئەو بەڕێزانەی پێشوازییان لە پرسیارنامەی پێوەندیدار بەم تێزە کرد و وەڵامی پرسیارەکانمیان دایەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەلومەرجی تایبەتدا دەژین.

-ئەو کەسە دڵسۆزە و پێشمەرگە بێ ناونیشانەی ئەرکی پێداچوونەوەی ورد بە ڕێنووسی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.

پێرستی خشتەکان و بەڵگەنامەکان

ژمارەی خشتەکان	بابەت	لاپەڕە
خشتەی ژمارە (١)	زانیاری لەبارەی پێکهاتەی بەشداربووان	٩٨
خشتەی ژمارە (٢)	ناوچەی لەدایکبوون و زاری ئاخاوتنی بەشداربووان	٩٩
خشتەی ژمارە (٣)	بڕوانامە، پسپۆری و بواری خوێندنی بەشداربووان	١٠٠
وێنە	وێنەی کۆدبەندیی وەڵامەکانی پرسیارێک لە پڕۆگرامی ئێکسێلدا	١٠٧
خشتەی ژمارە (٤)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری یەکەم	١١٠
خشتەی ژمارە (٥)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری دووەم	١١٨
خشتەی ژمارە (٦)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری سێیەم	١٢٧
خشتەی ژمارە (٧)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری چوارەم(لقی أ)	١٣٤
خشتەی ژمارە (٨)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری چوارەم(لقی ب)	١٤٤
خشتەی ژمارە (٩)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری پێنجەم	١٤٩
خشتەی ژمارە (١٠)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری شەشەم	١٥٩
خشتەی ژمارە (١١)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری حەوتەم	١٧٤
خشتەی ژمارە (١٢)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری هەشتەم	١٨١
خشتەی ژمارە (١٣)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری نۆیەم	١٨٧
خشتەی ژمارە (١٤)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری دەیەم	١٩٢
خشتەی ژمارە (١٥)	پێوەندیدار بە وەڵامەکانی پرسیاری یازدەیەم	١٩٨
بەڵگەنامە	چارتی وانەکانی قۆناغی کارناسیی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی زانکۆی کوردستان(١٣٩٦ بەدواوە)	٢٤٥

ناوەرۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	٤-١
بەشی یەکەم: چەمکە سەرەکییەکان و بنەما تیۆرییەکان	٥
١-١-پێناسەی زمان	٥
١-١-١- چییەتیی زمان	٥
١-١-٢ -زمان و ناسنامە	٧
١-٢- زمان، پەروەردە و ماف	١٠
١-٢-١- زمان و فێرکاری	١٠
١- ٢-٢- زمان و ماف	١٣
١- ٣- هەژمۆنی ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات لەسەر زمان	١٧
١-٣-١- زمان و ئایدۆلۆژیا	١٧
١- ٣- ٢- زمان و دەسەڵات	١٩
١- ٤- زمان وەک میراتی هاوبەشی مرۆیی	٢٣
١-٤-١- زمان وەکو سەرچاوە نەک وەک گرفت	٢٣
١- ٤- ٢-زمانی کەمینە و زمانی زۆرینە	٢٦
بەشی دووەم: زمان و پەروەردە، دەوڵەت -نەتەوە، نەتەوەی بێدەوڵەت	٢٩
٢-١-دەروازە	٢٩
٢-٢-نەتەوە و دەسەڵاتی سیاسی	٣٠
٢-٢-١-چەمکی نەتەوە و جۆراوجۆریی ڕوانگەکان	٣٠
٢-٢-٢-مەرجدارکردنی نەتەوە بە هەبوونی وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ	٣١
٢-٢-٣-نەتەوە بەپێی تیۆریی دەوڵەت- نەتەوە	٣٣
٢-٢-٤- پێوەستیی هەبوونی پێگەیەکی دەستووری -نەتەوەیی	٣٥
٢-٣-پێناسە و کورتەمێژووی سیاسەت و پلانی زمانی	٣٦
٢-٣-١- سیاسەتی زمانی	٣٦
٢-٣-٢-پلانی زمانی	٣٩
٢-٣-٣-ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمانی	٤٠
٢-٤- سیاسەتی زمانی لە خزمەت ئامانجی سیاسی و ئایدۆلۆژیای زمانیدا	٤٢
٢-٤-١- ئایدۆلۆژیای زمانی	٤٢
٢-٤-٢- جۆرەکانی ئایدۆلۆژیای زمانی	٤٣

٢-٥- سیاسەتی زمانی لە بواری پەروەردەدا	٤٤
٢-٥-١- پێگە و گرنگیی زمان لە پڕۆسەی پەروەردەدا	٤٤
٢-٥-٢- دیاردەکانی تاکزمانی و فرەزمانی لە پەروەردەدا	٤٦
٢-٥-٣- تاکزمانی لە پەروەردەدا	٤٧
٢-٥-٤- جووتزمانی لە پەروەردەدا	٤٩
٢-٥-٥- پەروەردەی فرەزمانی	٤٩
٢-٦- زمان و پەروەردە لە پڕۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیدا	٥١
٢-٦-١- زمان و پەروەردە لەلای دەوڵەت- نەتەوەکان	٥١
٢-٦-٢- بەکارهێنانی زمان و پەروەردە لەلایەن نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە	٥٢
٢-٦-٣- پاراستنی ناسنامە بەهۆی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی	٥٤
٢-٦-٤- پاراستنی ناسنامە بەهۆی بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس	٥٥
٢-٧-پوختەی ئەم بەشە	٥٦
بەشی سێیەم: پێداچوونەوەی لێکۆڵینەوە ئێرانییەکانی پێوەندیدار بە زمان	٥٧
٣-١-پێشینەی لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی زمان لە کوردستان و ئێران	٥٧
٣-١-١-یەکەم بەکارهێنانەکانی چەمکی "سیاسەتی زمانی"	٥٧
٣-١-٢- لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی زمانی بە زمانی کوردی	٥٨
٣-١-٣-گرنگیدانی لێکۆڵەرانی ئێرانی بە سیاسەت و پلاندانانی زمانی	٦٠
٣-٢- ئامانج و سنووری ئەم پێداچوونەوە ڕەخنەگرانەیە	٦٣
٣-٣-زمانی فارسی، زمانی هەموو سەردەمە مێژوویییەکانی ئێران	٦٥
٣-٣-١-مێژووسازیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی/فارسی بۆ زمانەکەیان	٦٥
٣-٣-٢- سەردەستبوونی زمانی فارسی و وەلانانی زمانانی دیکە	٦٧
٣-٤- گرێدانەوەی ناسنامەی ئێرانی بە زمانی فارسی	٦٩
٣-٤-١- پێگەی تاقانەی زمانی فارسی لە نێو ناسنامەی ئێرانیدا	٦٩
٣-٤-٢- فارسی وەک زمانێکی سەروو ئێتنیکی	٧٠
٣-٤-٣- ئامرازی پەرەپێدانی شیعەگەری و هەژمۆنی کۆماری ئیسلامی	٧١
٣-٥- ڕەنگدانەوەی ڕوانینی ئەمنی بۆ فرەزمانی و فرەئێتنیکی لە لێکۆڵینەوەکاندا	٧٣
٣-٥-١- کاریگەریی قوتابخانەی کۆپێنهاگ و شوێن پەنجەی کاربەدەستانی ئەمنی	٧٣
٣-٥- ٢- ناسنامەی ئێتنیکی و زمان وەک دەسکەلای دەستێوەردانی دەرەکی	٧٥
٣-٥-٣- جێگۆڕینی زۆردار و زۆرلێکراو	٧٧
٣-٦-زمانی دایک، تاکزمانی و فرەزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا	٧٩
٣-٦-١- کاریگەرییە نەرێنییەکانی بێبەشیی منداڵ لە پەروەردە بە زمانی دایک	٨٠
٣-٦-٢- ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی پەروەردەی چەندزمانی لە لێکۆڵینەوەکاندا	٨٢

٣-٦-٣- ناتەباییی پەروەردەی تاکزمانی لەگەڵ مافە زمانییەکان	٨٥
٣-٧- ڕەخنەی تیۆرینەوەکان لە سیاسەتی کولتووری و تاکزمانیی ئێستا	٨٦
٣-٧-١- زۆرترین ڕەخنەگرتن لە ناوەرۆکی کتێبەکانی خوێندن	٨٦
٣-٧-٢- فرەچەشنیی کولتووری بە مەرجی نەڕووشانی زمانی فارسی	٩٠
٣-٧-٣- لاوازیی ڕەخنەی لێکۆڵەران لە سیاسەتی زمانیی ئێران	٩١
٣-٨-پوختەی ئەم بەشە	٩٣
بەشی چوارەم: ڕێبازی لێکۆڵینەوە و مێتۆدۆلۆژی	٩٥
٤-١- خستنەڕووی کێشەکە	٩٥
٤-٢-شێوازی کۆکردنەوەی داتا	٩٥
٤-٢-١- چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پرسیارلێکراوان	٩٦
٤-٢-٢-پێکهاتەی پرسیارلێکراوان	٩٦
٤-٢-٣-جۆری پرسیارەکان	١٠١
٤-٣-مێتۆدی شیکردنەوەی داتاکان	١٠١
٤-٣-١- باسێک لەسەر شیکردنەوەی بابەتیانە (تێماتیک)	١٠١
٤-٣-٢-قۆناغەکانی شیکردنەوەی داتاکان	١٠٣
٤-٣-٣- پڕۆسەی کۆدکردن و دەستنیشانکردنی چەمکەکان	١٠٤
بەشی پێنجەم: پێشکەشکردنی وەڵامەکان و لێکدانەوەیان	١٠٩
٥-١- پرسیاری یەکەم: لەبارەی "زمانی کوردی وەکو دەرسێک لە خوێندنگەکانی ئێران"	١٠٩
٥-١-١-ناساندنی پرسیار	١٠٩
٥-١-٢- وەڵامەکان و لێکدانەوەیان	١٠٩
٥-٢- پرسیاری دووەم : لەبارەی "تواناییی زمانی کوردی بۆ ئەوەی ببێت بە زمانی پەروەردە"	١١٧
٥-٢-١-ناساندنی پرسیار	١١٧
٥-٢-٢- وەڵامەکان و لێکدانەوەیان	١١٧
٥-٣- پرسیاری سێیەم : لەبارەی "سیاسەتی زمانی لە ئێران بەتایبەتی لە بواری پەروەردا"	١٢٦
٥-٣-١-ناساندنی پرسیار	١٢٦
٥-٣-٢- وەڵامەکان و لێکدانەوەیان	١٢٨
٥-٤- پرسیاری چوارەم (لقی أ) : لەبارەی "زمانی پەروەردە لە کوردستان"	١٣٣
٥-٤-١-ناساندنی پرسیار	١٣٣
٥-٤-٢- وەڵامەکان و لێکدانەوەیان	١٣٣
٥-٥- پرسیاری چوار (لقی ب) : لەبارەی "قۆناغەکانی خوێندن بە زمانی دایک"	١٤٢
٥-٥-١-ناساندنی پرسیار	١٤٢
٥-٥-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان	١٤٢

٥-٦- پرسیاری پێنجەم : لەبارەی "شۆێنی دیاریکردنی سیاسەتی زمانی لە کوردستان"	١٤٨
٥-٦-١-ناساندنی پرسیار	١٤٨
٥-٦-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان	١٤٩
٥-٧- پرسیاری شەشەم : لەبارەی "ئەو دەرفەتانەی لە ئێران بە زمانی کوردی دراون"	١٥٧
٥-٧-١- ناساندنی پرسیار	١٥٧
٥-٧-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان	١٥٨
٥-٨- پرسیاری حەوتەم: لەبارەی "ئەرکی حکومەت لە پاراستنی زمانەکاندا"	١٧٣
٥-٨-١-ناساندنی پرسیار	١٧٣
٥-٨-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان	١٧٤
٥-٩- پرسیاری هەشتەم : لەبارەی "زمانی زاڵ لە شار و ناوچە تێکەڵاوەکان"	١٨١
٥-٩-١-ناساندنی پرسیار	١٨١
٥-٩-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان	١٨٢
٥-١٠- پرسیاری نۆیەم : لەبارەی "سیاسەتی زمانی بۆ داهاتووی شارە تێکەڵاوەکان"	١٨٧
٥-١٠-١-ناساندنی پرسیار	١٨٧
٥-١٠-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان	١٨٨
٥-١١- پرسیاری دەیەم : لەبارەی "زمانی پەروەردەی کەمینەی کورد لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"	١٩١
٥-١١-١-ناساندنی پرسیار	١٩١
٥-١١-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان	١٩٢
٥-١٢- پرسیاری یازدەیەم : "لە هەلومەرجی ئێستادا چۆن زمانەکەمان بپارێزین؟"	١٩٦
٥-١٢-١-ناساندنی پرسیار	١٩٦
٥-١٢-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان	١٩٧
بەشی شەشەم: دۆزراوەکان، ئەنجامەکان، پێشنیاز و ڕاسپاردە	٢٠٥
٦-١-بەبیرهێنانەوە	٢٠٥
٦-٢-دۆزراوەکان	٢٠٧
٦-٣-ئەنجامەکان	٢١٦
٦-٤-پێشنیازەکان و ڕاسپاردەکان	٢١٨
لیستی سەرچاوەکان	٢٢١
چکیدە	٢٤١
الملخص	٢٤٣
پاشکۆ	٢٤٥
Abstract	١-٢

پێشەکی

فرەنەتەوە و فرەزمانبوونی کۆمەڵی ئێران و گەشەکردنی بیری ناسنامەخوازی و ناسنامەپارێزی لەنێو ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکانی ئێراندا، بەردەوامیی سیاسەتی تاکزمانی لەو وڵاتە و پێداگریی حکومەتەکانی ئێران لەسەر ئەم سیاسەتە، بە تایبەتی دژایەتیکردنیان لەگەڵ پەروەردە بە زمانی دایک، پرسی "زمانی پەروەردە"یان کردووە بە پرسێکی زیندوو و گرنگ لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدارانی وڵاتدا. دیارە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لە داکۆکیکردن لەم سیاسەتەدا بەتەنیا نییە. لەنێو زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئێرانی و ناوەندە ئەکادیمییەکان و دەزگا و دامەزراوە پەروەردەیی و کولتوورییەکانی وڵاتی ئێرانیشدا، بەتوندی داکۆکی لەم سیاسەتە دەکرێت. سەرەڕای ئەو دژایەتییە بەهێزە، داوای پەروەردە بە زمانی دایک و خەبات بۆ دابینکردنی پێگەیەکی دەستووری و فەرمی بۆ زمانە نافارسییەکان لەنێو نەتەوەکانی ئێراندا، لە پێشەوەی هەمووان نەتەوەی کورد، ساڵ بە ساڵ زیاتر پەرەی ئەستاندووە. ئەم ڕاستییە هاندەری لێکۆڵەر بووە بۆ ئەوەی سیاسەتی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکات بە هەوێنی ئەم لێکۆڵینەوەیە و تێزی دوکتۆراکەی.

۱-۰: **ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناوی "سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا" لە چوارچێوەی زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بە گشتی و سیاسەتی زمانی لە پەروەردەدا بە تایبەتی بەڕێوە چووە.

۲-۰: **سنووری لێکۆڵینەوەکە:** مەیدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتی بووە لە ژینگەی کوردزمانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سنووری لێکۆڵینەوەکە پرسی زمان و پەروەردە لە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو شار و پارێزگایانەی ئێران کە خەڵکی کوردزمانیان لێدەژین، گرتووەتەوە. هەروەها بەم هۆیەوە کە سیاسەتی زمانیی پێوەندیدار بە بواری پەروەردە لە وڵاتی ئێران سیاسەتێکی یەکگرتوو و سەرانسەرییە و لە ناوەندی دەسەڵاتدارەتیی وڵات، واتە تاران دیاری دەکرێت؛ لەلایەکی دیکە چونکە نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێرانیش لەبابەت سەرکوت و پێشێلکرانی مافە زمانییەکانیان هاوچارەنووسی کوردن، دەکرێت بڵێین بە شێوەیەکی گشتی، سەرەکیترین کێشەی زمانیی هەموو نەتەوە یان پێکهاتە نافارسەکانی وڵاتی ئێران لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاوڕیان لێدراوەتەوە.

٣-٠: ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەیەکی چۆنییە و ڕێبازە سەرەکییەکەی پەسنی- شیکارییە. داتای پێویست بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ڕێگای چاوپێکەوتنی نیوەکراوە کۆ کراوەتەوە. "جەماوەری لێکۆڵینەوە" (ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە "پرسیارلێکراوان" ناویان هاتووە)، بە شێوازی "تۆپەڵە بەفر" دەستنیشان کراون. بۆ شیکردنەوەی وەڵامی پرسیارلێکراوانیش سوود لە میتۆدی لێکدانەوەی بابەتیانە/ تێماتیک وەرگیراوە.

٤-٠: گرنگیی لێکۆڵینەوەکە: لەگەڵ ئەوەی ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە، لە پەروەردە و زۆربەی بواڕە فەرمییەکانی دیکەدا سیاسەتی تاکزمانی بەڕێوە دەچێت. ئەمە وای کردووە ئاخێوەرانی زمانە نافارسییەکان هەست بە پێشێلکرانی ناسنامە و مافە زمانییەکانیان بکەن و نیگەرانی لاوازبوونی زیاتر و مەترسیی لەنێوچوونی زمانەکانیان بن. گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەدایە کە لە ڕوانگەی بەفەرمی ناسین و پابەندی بە فرەچەشنیی زمانی، سیاسەتی تاکزمانی ڕەت دەکاتەوە و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتێکی زمانیی جیاواز و نوێ بۆ داهاتووی بواری پەروەردە لە ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دەخاتەڕوو. ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دروست بۆ کێشەیەکی لەمێژینەی نەتەوەی کورد و نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێرانە، ڕێگاچارەیەک کە ئەم لێکۆڵینەوە دەیخاتە ڕوو، کۆتاییهێنان بە نادادپەروەریی زمانی و سەرکوت و پێشێلکردنی ناسنامە و مافی زمانیی ئەو پێکهاتانەی لێدەکەوێتەوە. ئەمەش گرنگە، چونکە چارەسەری دادپەروەرانەی ئەم کێشە لەمێژینەیە خزمەت بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، دابینبوونی مافەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دانیشتووانی وڵاتی ئێران دەکات.

٥-٠: گرفتی لێکۆڵینەوەکە: زیاتر لە سەدەیەکە سیاسەتی تاکزمانی(زمانی فارسی) لە وڵاتی ئێران لە بواڕە فەرمییەکان بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا زاڵە و ڕێگری لە پەروەردە بە زمانە نافارسییەکان دەکرێت. ئەم ڕێگرییە هەر لەو کاتەدا کە پێشێلکردنی مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی ئاخێوەرانی ئەو زمانانەیە، ناسنامە و زمانی پێکهاتە نافارسەکانی ئێرانیشی ڕووبەڕووی هەڕەشە کردووە. ئەم سیاسەتە زمانییەی ئێران لە ڕوانگەی ڕووناکبیران، تێکۆشەرانی سیاسی، تۆێژەران و چالاکانی بواری کولتوور و پەروەردەی سەر بە نەتەوە نافارسەکان، خەساری جۆراوجۆری بە پڕۆسەی پەروەردە لەنێو ئەو نەتەوانە گەیاندووە. هەر بۆیە وەک کێشە و گرفتێکی گەورە و لەمێژینەی وڵاتی ئێران چاوی لێدەکرێت کە پێویستە چارەسەر بکرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە، خۆی بۆ ڕووناکی خستنەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم

گرفتە و چۆنیەتیی چارەسەرکردنیان تەرخان کردووە.
٠-٦: **بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەک و شەش بەش پێک هاتووە:

بەشی یەکەم: چەمکە سەرەکییەکان و بنەما تیۆرییەکانی گرتووەتە خۆ. لەم بەشەدا وێڕای شیکردنەوەی چییەتیی زمان، باس لە پێوەندیی زمان بە هەر یەک لە چەمکەکانی ناسنامە، پەروەردە، ماف، ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات کراوە. باسکردن لە زمان وەک سەرچاوە نەک گرفت، تەوەرێکی دیکەی ئەم بەشەی لەخۆ گرتووە. هەر لەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر جیاوازیی پێگەکانی زمانی زۆرینە و زمانی کەمینە.

بەشی دووەم: بۆ باسکردنی ڕۆڵی زمان و پەروەردە لە دەوڵەتسازی و نەتەوەسازیدا تەرخان کراوە. ئەم بەشە ئاوڕی لە گرنگیی سیاسەتی زمانی بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد داوەتەوە و وەڵامی ئەم پرسیارەی خستووەتە ڕوو کە نەتەوەی کورد لە ئێران چۆن دەتوانێت پەروەردە و سیاسەتی زمانی بکات بە دەروویەک بۆ پاراستنی زمان و ناسنامەکەی.

بەشی سێیەم: وێڕای وەبیرهێنانەوەی پێشینەی لێکۆڵینەوە لەبارەی سیاسەتی زمانی لە کوردستان و ئێراندا، هەوڵی داوە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە ئاوڕ لە لێکۆڵینەوە زمانییەکانی ئێران بداتەوە، ڕوانگەکانی دەسەڵات و داموددەزگا پێوەندیدارەکانی، هەروەها بۆچوونی لێکۆڵەران و ڕووناکبیرانی ئێرانی لەبارەی زمان و ناسنامەی نەتەوە نافارسەکانی ئێران و پرسی پەروەردە بە زمانی دایک، بخاتەڕوو و ڕەخنەیان لێ بگرێت.

بەشی چوارەم: باسکردن لە ڕێبازی لێکۆڵینەوە و میتۆدۆلۆژیی ئەم تێزەی لەخۆ گرتووە. چۆنیەتیی کۆکردنەوەی داتاکان، شێوازی دەستنیشانکردنی پرسیارلێکراوان (زانیاریدەرەکان) بۆ وتووێژ و ڕێگاکانی پێوەندی پێوەگرتنیان، پێکهاتەی پرسیارلێکراوان، چۆنیەتیی ئامادەکردنی پرسیارنامە و گەیاندنی بە پرسیارلێکراوان و وەرگرتنەوەی وەڵامەکان یەک لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم بەشەیە. دووهەم بابەتی ئەم بەشە تەرخان کراوە بۆ ناساندنی میتۆدی شیکردنەوەی داتاکان (میتۆدی شیکاریی بابەتیانە/ تێماتیک)، لەگەڵ ئەویشدا هۆی بەکارهێنانی ئەم میتۆدە ڕوون کراوەتەوە.

پێنجەم بەش: تایبەتە بە ناساندنی پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە لە پرسیارلێکراوان و

شیکردنەوەی وەڵامەکانیان. بەدوای هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی ڕوانگە و بۆچوونی پرسیارلێکراوان، ئەو چەمکانەی لە ڕەوتی وەڵامدانەوە بە هەر پرسیارێک هاتوونە گۆڕێ، ناسێندراون و هۆکاری گرنگی پێدرانیان لەلایەن پرسیارلێکراوانەوە، ڕوون کراوەتەوە. شەشەمین بەش: تایبەتە بە دۆزراوەکان، ئەنجامەکان، پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی لێکۆڵینەوەکە. لەم بەشەدا لێکۆڵەر وێڕای باسێکی کورت لەسەر پرۆسەی لێکۆڵینەوەکەی، بە گەڕانەوە بۆ سەر چەمکە سەرەکییەکانی پێوەندیدار بە ڕوانگە و بۆچوونی پرسیارلێکراوان، دۆزراوەکان و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی خستووەتە ڕوو. لە درێژەشدا ژمارەیەک پێشنیاز و ڕاسپاردەی هێناون کە لەبەرچاوگرتن و جێبەجێکردنیان دەتوانێت لە خزمەت پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێت. لە کۆتاییی لێکۆڵینەوەکەشدا لیستی سەرچاوەکان، پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانەکانی ئینگلیزی، فارسی و عەرەبی لەگەڵ پاشکۆیەکی پێوەندیدار خراوەنەتە ڕوو.

جیاوازییەکی بەرچاوی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی پێش خۆی کە ئەوانیش خۆیان بۆ باس لە گرینگیی پەروەردە بە زمانی دایک بۆ کوردی ڕۆژهەڵات تەرخان کردووە و باڵاو بوونەوە لەمەدایە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕوانگەی بژاردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پرسی پەروەردە بە زمانی کوردیی کردووە بە هەوێنی کارەکەی خۆی. لێرەدا زۆرتر مەبەست ئەو بژاردانەی ڕۆژهەڵاتە کە لە نێوخۆی وڵات دەژین، یان لەمێژ نییە لەوێ دوور کەوتوونەوە. بۆچوونی ئەو بەڕێزانە زۆر گرینگە لەبەر ئەوە کە گوتاری زاڵی ئەو وڵاتەیان لەسەر بابەتەکە ئەزموون کردووە، هەروەها لەسەر بابەتی خوێندن بە زمانی دایک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگاداری ڕاوبۆچوونی خەڵکی ئاساییین. بە ئامانجی تێگەیشتنێکی باشتر لە سیاسەتی زمانیی ئێران لە بواری پەروەردەدا و بۆچوون و هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست خوێندن بە زمانی کوردی ، لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ی زایینیدا ڕا و بۆچوونی زیاتر لە پەنجا زمانەوان، شاعیر، نووسەر، وەرگێڕ، هونەرمەند، مامۆستا و لێکۆڵەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانم (سەر بە زار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لەسەر تەوەر و بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە وەرگرت و بەپێی مێتۆد و ڕێبازی ئاماژەپێکراو، شیم کردنەوە و بناغەی تێزی دکتۆرام لەسەر دانا. گفتوگۆی زانستیی ئەم تیزە لە زانکۆی کۆیە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک (ڕەشەمەی ٢٠٢٤)، کە بەخۆشییەوە بە پلەی نایاب پەسند کرا. هیوادارم بەرهەمی ئەو هەوڵە زانستییەم کە ئەم کتێبەیە، جێگای ڕەزامەندیی خوێنەران و هۆگرانی سیاسەت و پلاندانانی زمانی لە ئێران بە تایبەتی داواکارانی پەروەردە بە زمانی دایک بێت.

بەشی یەکەم

چەمکە سەرەکییەکان و بنەما تیۆرییەکان

لەم بەشەدا، سەرەکیترینی ئەو چەمکانە شی دەکرێنەوە کە لە بواری سیاسەتی زمانیدا بەوردی و لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بە گشتی دێنە ئاراوە. لەبەر ئەوەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆیە کە لەگەڵ هەموو بوارەکانی ژیان گرێ دراوە، زۆر ئەستەمە کە باس لە زمان بکرێت بەڵام باسی چەمکەکانی وەکو ناسنامە، ماف، دەسەڵات، پەروەردە و... هتد نەکرێت. هەر بۆیە بەر لەوەی بچینە سەر ئەو باسانە، پێویستە ڕوونی بکەینەوە کە زمان لە ڕوانگەی ئەم تێزەوە چییە و چۆن پێناسە دەکرێت.

١-١- پێناسەی زمان

زمان پێڕەوێکی دەنگی و واتاییی تایبەت بە مرۆڤە بۆ پێوەندیگرتن لەلایەک و بۆ دەربڕینی ناسنامە، بۆ فێربوون و فێرکردن، بۆ ڕاگرتنی کولتوور و سازکردنی ئایدۆلۆژیا لەلایەکی دیکەوە. زمان پێوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەگەڵ دەسەڵات، سیاسەت و بابەتە کولتووریی کاندا هەیە. لە خوارەوە، ئەم لایەنانەی پێناسەکردنی زمان شی دەکرێنەوە:

١-١-١- چییەتیی زمان

لە زمانی کوردیدا وشەی «زمان» بۆ دوو واتای جیاواز بەکار دێت: ١-ئەو ئەندامەی نێودەم کە زۆرترین ڕۆڵی لە قسەکردندا هەیە؛ ٢- پێڕەوی پێوەندیی نێوان تاکەکان و لێکتێگەیشتن لە ڕێگای قسەکردنەوە. دیارە لە زمانانی دیکەشدا حاڵەتی لەم چەشنە هەن. بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا، هەروەک زمانی کوردی، وشەی «زبان» (زمان) هەم ئەو ئەندامەی نێودەم کە لە هەموو ئەندامەکانی دیکەی ئاخاوتن لە قسەکردندا کاریگەرتر و چالاکترە دەگرێتەوە، هەم پێڕەوی قسەکردنیش. ئەو چەمکەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستمانە، پێڕەوی قسەکردنی نێواں تاکەکان و لێکتێگەیشتنیان بەهۆی قسەکردنەوەیە. ئەو کاتەی مەبەستمان لە وشەی «زمان» پێڕەوی قسەکردنە، ئەوە هەم واتای زمانێکی دیاریکراو یان زمانی کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو (وەک کوردی، فارسی، عەرەبی و هەر زمانێکی دیکە) دەگەیەنێت، هەم دیاردەی زمان بە شێوەیەکی گشتی، بێ لەبەرچاوگرتنی ناوی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی قسەی پێدەکەن، مەبەستمانە. زمان بۆ ئەرک و مەبەستی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێت، ئەمە وای کردووە چەمکی زمان خاوەن و هەڵگری پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆر بێت. دانەری کتێبی «زمانەوانی» پێی وایە: «پێناسەی دیاردەیەکی وەکو زمان، کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی دیاردەکە لە زۆر ڕوانگەی جۆربەجۆرەوە سەیر دەکرێت، هەر شارەزایەک لە

چوارچێوەی بابەتەکانی خۆیەوە لێدەکۆڵیتەوە» (فەتاح،٢٠١١:١١). «دزەیی» پێناسەکانی زمانی بەم جۆرە پۆلێن کردوون:» ا- ئەو پێناسانەی جەخت لەسەر لایەنی خودی زمانەکە دەکەنەوە، ب- ئەو پێناسانەی جەخت لەسەر لایەنی دەروونی دەکەنەوە، پ- ئەو پێناسانەی جەخت لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە»(دزەیی، ٢٠٢١:٣١). ئەمە وای کردووە زمانەوانان و شارەزایان پێناسەی جیاوازیان بۆ چەمکی «زمان» هەبێت. تێیاندایە بەگوێرەی ڕۆڵێک کە زمان لە پێکهێنانی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکاندا هەیەتی پێناسەی کردووە. پێتێر ترادگیل زمانی وەک کەرەستەی دروستکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پێناسە کردووە(سەرچاوەی پێشوو،٣٤). هێندێک پێناسە هەن گشتگیرترن، بەو واتایە کە هەوڵیان داوە زۆربەی پێکهاتەکانی زمان بپێکن، بە نموونە: «زمان پێرەوێکی دەنگییە بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکاردیت و بەهۆی ڕشتەی وتن و بیستنەوە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا کار دەکات، دەنگەکان ڕەمزن و واتا لەخۆوە وەردەگرن»(فەتاح،٢٠١١:١١). پێناسەی واش هەن کە دەورگێڕانی زمان لە چێکردنی ناسنامەی تاکەکان و گرووپەکانیاندا کردووە بە ئامانج، بە نموونە: «زمان فاکتەرێکی هەرە سەرەکیی مانەوە و لەناوچوونی نەتەوەکانە. لە هەمانکاتیشدا ڕەهەندێکی سەرەکیی پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوەییە» (قادر و ئەحمەد، ٢٠١٦:٢٢٠).

هێندێک لە زانایانیش لە دەرەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی زمان و وەک توانایەکی تایبەت بە مرۆڤ، توانایەک کە لە گەشە و پەرەئەستاندوویی مێشکی سەرچاوەی گرتووە و بەپێی چۆنیەتیی دروستبوون و بەرهەمهاتنی بەهۆی مێشک و ئەندامەکانی دیکەی مرۆڤەوە، پێناسەیان کردووە. دەکرێت بڵێین بە شێوەیەکی گشتی پێناسەکانی زمان لەژێر کاریگەریی دوو جۆر تێڕوانین بۆ زمانن. تێڕوانینێک کە وەک ئامرازێک لە زمان دەڕوانێت، تێڕوانینێکیش کە لایەنی مەعریفیی زمانی بەلاوە گرنگە. «سورخی» لەم بارەیەوە وتوویەتی: «زمانناسان و فەیلەسووفان بە شێوەیەکی نەریتی پێیانوایە ئامانجی زمان ڕاپەڕاندنی دوو ئەرکی سەرەکییە: ١-تێڕوانینی ئامرازییانە بۆ زمان: پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەر؛ مرۆڤ ناتوانێ لە تەنیاییدا بژی. ٢- تێڕوانینی مەعریفی بۆ زمان: نواندنەوەی جیهان بۆ خۆمان و لە زەینی خۆماندا فێربوون و ناسین بە پۆلێنکردنی شتەکان بە زمانەکەمان» (سورخی، ٢٠١٧).

زمان لە پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ و لە بەردەوامبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە. ئەم ڕاستییە کە زمان ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵی جیاواز و لێکتێگەیشتنیاندا هەیە وای کردووە ئەرکی پێوەندی دروستکردن و لێکتێگەیاندن ببێتە چەقی دەستەیەک لە پێناسەکانی زمان. بە دەربڕینێکی دیکە، زمان مرۆڤ و دەوروبەر بە یەک دەگەیەنێت و لە هەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەیە کە قسەپێکەرانی تێیدا دەژین. محەممەد مەعرووف فەتاح، بە

لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی بێ وێنەی زمان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا وتوویەتی: «زمان هەویەی کۆمەڵایەتیی قسەکەر دیاری دەکات، هەر بەهۆی قسەوە دەتوانین بڕیار بدەین قسەکەر خەڵکی کوێیە، لە چ باریٚکی دەروونیدا دەژی، هەستی بەرانبەر بابەتیٚ قسەکەر، گوێگر و دەوروبەری چییە، سەربە چ چینێکە و ڕادەی خوێندەواریی چەندە» (فەتاح،۲۰۱۰:۱۳۷). لەهەمان کاتدا زمان ئامرازێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ئاکار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان. بەهۆی زمانەوەیە کە دەزانین مرۆڤەکان چۆن لە ڕووداوەکانی دەوروبەریان دەڕوانن، چۆن ڕاڤەیان دەکەن و لێکیان دەدەنەوە. «نیازی و هاوکارانی»، ڕەهەندێکی دیکەی زمانیان کە پێوەندیی بە مرۆڤناسییەوە هەیە، زەق کردووەتەوە: «لێکۆڵەرانی بواری مرۆڤناسیی کولتووری، لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی زمان لە کۆمەڵی جۆراوجۆردا زانستێکی زیاتریان لەبارەی کولتووری قەومێک، جۆری بیرکردنەوە و جیهانبینییان دەست دەکەوێت و لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی گونجاوتریان بۆ دەکەن» (نیازی و هاوکارانی،۲۰۱۳:۲۰٤).

تێگەیشتن لە دنیای «بوون» بەبێ زمان، مسۆگەر نەدەبوو. ئەم ڕاستییە وای کردووە کە زانایانی هەر دوو زانستی فەلسەفە و دەروونزانی بایەخێکی تایبەت بە ڕۆڵی زمان بدەن. بە نموونە: «جان سێرل» لە فەلسەفەزانانی هاوچەرخ پێی وایە زمان دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ئەو چەمکانەی لە چوارچێوەی ئەواندا جیهان ئەزموون دەکەین (احمدی و کریم زاده، ۹:۱۳۹٤). ژاک لاکان، دەروونناسی بەناوبانگی فەرەنسییش پێی وابوو: «زمان ڕۆڵێکی وەها گرنگی لە پەروەردەی دەروونیی تاکەکاندا هەیە کە نەک هەر دەبێتە هۆی پێکهاتنی «ویژدانی نائاگا»(نەست) لەواندا، بەڵکو بناغەی دروستبوونی ویژدانی ئاگا و تێگەیشتنیان لە نەفس و تاکایەتیی خۆشیان، لەسەر زمان دامەزراوە» (سەرچاوەی پێشوو، ۹). بەم پێیە سوودوەرگرتنی بەردەوام لە زمان، بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی مرۆڤە. سەرنجی هەر ڕەهەند و بوارێک لە ژیانی مرۆڤ بدەین، شوێنپێی کاریگەریی زمان لە دروستبوون و بەردەواميیەکەیدا دەبینین.

۱-۱-۲-زمان و ناسنامە

لە زمانی کوردیدا جگە لە وشەی «ناسنامە»، کۆمەڵێک وشەی دیکە بۆ ئەو چەمکە کە لە زمانی ئینگلیزی و لە زانستی کۆمەڵناسیدا «Identity» و لە زمانی فارسیدا «هویت»ی پێدەگوترێت، بەکار دەهێنرێت.[1] زۆر لەوانەی پێناسەی ناسنامەیان کردووە، ئاماژەیان بەم دوو ڕەهەندەی ناسنامە(بەردەوامی و جیاوازی) کردووە. گۆل محەممەدی، ۱-وێکچوونی بێ ئەم لا و ئەولا و ۲-جیاوازبوونێک کە هەڵگری سەقامگرتوویی و بەردەوامی لە درێژایی

۱- «(شوناس، پێناس، ناسە، سێ لەو وشانەن لە زمانی کوردیدا لەجیاتی Identity بەکار دەهێنرێن، دیارە دوای ناسنامە، شوناس لەوانی دیکە بڕەوی زیاترە»(ئەحمەدزادە،۲۰۱۲:۲٤٤). «Identity» لە وشەی «Identitias» سەرچاوەی گرتووە و واتای بەردەوامی و جیاوازی دەگەیەنێت.

سەردەمەکاندا بووبێت، وەک دوو واتای ناسنامە پێناسە کردووە. ناوبراو پێی وایە: «ئەگەرچی ئەو دوو واتایە لە ڕواڵەتدا ناتەبا و دژبەیەک دێنە بەرچاو، بەڵام لە بناغەدا دوو ڕەهەندی سەرەکی و تەواوکەری ناسنامە پێکدەهێنن (گوڵ محەممەدی، ١٣٨٣:٢٢٢). ئەم لێکۆڵەرە پشتبەستوو بە بۆچوونی «سۆزان هێکمان» (1999,5,11) نووسیویەتی: «هەبوونی ناسنامە بە واتای تاقانەبوون، بەڵام لە دوو ڕەهەندی جیاوازەوە: هاوشێوەی ئەوانی دیکە بیت لە چینی خۆتدا و، هاوشێوەی خۆت بیت لە ڕەوتی تێپەڕینی سەردەمەکاندا»(سەرچاوەی پێشوو،٢٢٤).

«کەبیری»، لێکۆڵەرێکی دیکەی ئێرانی، پشتی بەم وتەیەی ئابووریزانی بریتانیاییی سەرەتای سەدەی بیست، «جان مینارد کینز» لە پێناسەکردنی ناسنامەدا بەستووە کە: «هەبوونی ناسنامە، بریتییە لە هەستکردن بە جیاوازبوون، بەردەوامی و سەربەخۆیی کەسی؛ یان ئەوە کە تاک هەست بکات ئەو هەر ئەوەیە کە بووە و یەکی دیکە نییە» (کەبیری،٢٠١٠). جیاوازبوونیش لە خۆوە پێک نایەت، شتێک دەبێت هەبێت کە ببێتەی ماکەی جیاوازی و لێک جیاکردنەوەی تاکێک لە تاکێکی دیکە، یان کۆمەڵە مرۆڤێک لە کۆمەڵە مرۆڤێکی دیکە. ڕەگەز، نەتەوە، سەرزەوی، ڕەنگی پێست، ئایین، زمان و شتی دیکەش دەتوانن ئەم جیاوازییە دروست بکەن. لەم نێوەدا زمان جێگەیەکی تایبەتی هەیە، چونکە زمان هەر تەنیا ئامرازێک بۆ پێکهێنانی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان بە نیازی لێکتێگەیشتن لەبارەی ئامانجێکی دیاریکراودا نییە، بەڵکو توخمێکی ناسنامەچێکەریشە. زمان هەم خاڵی کۆکەرەوە و پێکەوەگرێدانی ئاخێوەرانیەتی، هەم دەتوانێت گرنگترین و دیارترین فاکتەر و پێکهاتەی ناسنامەیان بێت. لێکۆڵەری کورد «ئەحمەدزادە»، لەسەر کاریگەریی زمان لە دروستبوونی ناسنامەدا لەم باوەڕەدایە: «ئەگەر ناسنامە، یەک لە پرسە سەرەکییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت، زمان وەک لایەنێکی ئەم ناسنامەیە، پێگەیەکی ناوەندیی هەیە» (ئەحمەدزادە،٢٠١٢:٢٤٤). ئەمە قسەیەکی ڕاستە، چونکە لە هەر بەشێکی جیهان ورد بینەوە، ژمارەیەکی زۆر لەو کۆمەڵە خەڵکانە دەبینین کە ناوی قەوم یان نەتەوەکەیان لە ناوی زمانەکەیان وەرگیراوە. دیارە ئایینیش ڕۆڵێکی گەورەی لە هاوپێوەندی و لێککۆکردنەوەی مرۆڤەکاندا هەیە، بەڵام کەم نین ئەو گەل و نەتەوە و گرووپە کۆمەڵایەتییانەی کە خاوەنی یەک ئایینن، کەچی لەسەر بناغەی زمانەکەیان، یەکیان گرتووە و خۆیان وەک نەتەوە و گرووپێکی جیاواز پێناسە دەکەن. کورد، فارس، تورک، عەرەب، بەلووچ و ژمارەیەک نەتەوەی دیکەی دراوسێیان، بە زۆری یەک ئایینیان هەیە کە ئایینی ئیسلامە، بەڵام هەر کامێکیان نەتەوەیەکی جیاواز پێک دێنن. ئەو فاکتەرەش کە پێش فاکتەرەکانی دیکە، هەر کامێکیان لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، زمانە.

پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامە ئەوەندە بەهێزە کە زۆرجار یەک تایبەتمەندیی بەکارهێنانی زمان بۆ دەستنیشانکردنی ئەندامێتیی کەسێک لە گرووپێکی زمانیی دیاریکراودا

بەسە. گلیادەکان دوای سەرکەوتنیان بەسەر خەڵکی ئەفرایمدا، تاقیکردنەوەی ناسنامەی زمانییان بۆ یەکلاکردنەوەی دۆست و دوژمنەکانیان بەکار هێنا: «داوا لە هەموو سەربازەکان کرا وشەی (shibboleth) بێژە بکەن؛ ئەوانەی یەکەم نەبزوێنیان بە /ش/ بێژە دەکرد بە دۆست دانران و ئەوانەی /س/ یان بێژە دەکرد بە دوژمن دادەنران. ئەم تایبەتمەندییە فۆنەتیکییەی زمان بەس بوو بۆ ئەوەی کەسێک لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی زمانیدا بهێڵرێتەوە یان دەربکرێت» (Tabouret, 2008: 317). ئەم چیرۆکە مێژوویییە دەریدەخات کە هەر لە کۆنەوە زمان هۆیەک بووە بۆ ناسینەوە و لێکجیاکردنەوە. دیارە زمان هەر تەنیا پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ناسنامەی تاکەوە نییە. ناسنامەی نەتەوەیی، کولتووری و سیاسیی گرووپە مرۆییەکانیش لەژێر کاریگەریی زمانیندایە. بۆ ئەوەی جۆری ئەو پێوەندی و کاریگەرییە باشتر دەرخەین، پێویست دەکات لە سەرەتادا باسێک لە جۆرەکانی ناسنامە بکەین.

کۆمەڵناسان «ناسنامە» بەو هەستە دەزانن، کە تاک لە کۆمەڵدا پێی دەگات، پاشان پشتئەستوور بە تایبەتمەندییە هاوبەشەکان یان ئەو جیاوازییانەی لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا هەیەتی، ناسنامەیەکی سەربەخۆ لەخۆیدا هەست پێدەکات. بەپێی ئەم پێناسەیە، تاکەکان و گرووپەکان بە گوێرەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، لە تاک و گرووپی دیکە جیا دەکرێنەوە. بە وتەی «قەمەری و حەسەنزادە»: «ناسنامە، پرۆسەی وەڵامدانەوەی ئاگایانەی تاکە بە کۆمەڵێک پرسیار لەبارەی ڕابردووی خۆی؛ بۆ ڤێنە: کێیە؛ لەکوێوە هاتووە ؛ چ بووە، چییە؛ سەر بە چ هۆز و ڕەگەز و نەتەوەیەکە؛ ڕەچەڵەکی دەچێتەوە سەر کوێ؛ چ ڕۆڵێکی لە شارستانەتیی جیهاندا هەبووە و هتد» (قەمەری و حەسەنزادە،١٣٨٩). کۆمەڵ، یەک لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەیە کە کاریگەرییان لەسەر «ناسنامە» هەیە. لە هەموو قۆناغ و برگەکانی ژیان و پەروەردەبوونداً، مرۆڤ و زمان لێک هەڵنابڕێن. تاک بەهۆی زمانەوەیە کە لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی لە پێوەندیدایە و لێک تێدەگەن؛ زمان کەرەستەی سەرەکیی فێربوونی لە خوێندنگەیە؛ ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکان و پێوەندییان بە یەکترەوە لەنێو کۆمەڵ و شوێنی کار بە زمانەوە بەندە؛ هەژمۆنی پەروەردە و نەتەوە و ئایینیش بێ بەکارهێنانی زمان دەست نادات. ئەمانە هەموویان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە زمان لەنێو هەر ئاستێک لە ناسنامە و لەنێو هەر جۆرێکیدا ئامادەبوونێکی هەمیشەیی هەیە.

پێوەندیی زمان و ناسنامە ئەو کاتە گرنگیی خۆی زیاتر دەردەخات کە ڕۆڵی فاکتەری زمان لە دروستکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی ناسنامەی نەتەوەییدا دێتە بەرباس. لە حاڵێکدا زمان یەک لە گرنگترین و دیارترین فاکتەرەکانی ناسنامەی نەتەوەیی ژمارەیەک لە میللەتان لە هێندێک ناوچەی جیهان بە تایبەتی ناوچەی ئێمە -ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست-ەە، نەتەوە سەردەستەکان زمانی نەتەوەکانی بندەستیان و نەتەوەبوونی ئەوان دەبەنە ژێر پرسیار. لێکۆڵەر «ئەحمەدزادە» لەم بارەیەوە ئەو دەوڵەت- نەتەوانەی کوردستانیان بەسەر

خۆیاندا دابەش کردووە بە نموونە هێناوەتەوە: «ناسنامەی نەتەوەیی» خۆیان لەسەر حاشالێکردنی ئەوانیتر بنیات ناوە و بۆ پاساودانی ئەم کارەیان مێژوویەکی دەستکردیان کردووەتە گوتاری زاڵ و تێیدا زمانە سەردەستەکانی خۆیان وەک زمانی ‹ڕۆژ› و ‹شیرین› و ‹کامیل› وێنا کردووە و زمانی ‹ئەویتر›یان وەک زمانێکی ‹کێوی› و ‹زاراوە› ناساندوە» (ئەحمەدزادە،٢٠١٢:٢٤٨). ئەو دەوڵەت-نەتەوانە لە ڕێگای دامەزراوەکانیان و بەپێی سیاسەت و پلانی زمانیی ئامانجدار هەوڵ دەدەن جۆرێک ناسنامەی ساختە بەسەر بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵدا بسەپێنن؛ جۆرێک ناسنامە کە زۆرەملێیە و پێچەوانەی ڕەچەڵەک و ڕابردوو و تایبەتمەندییەکانیانە و لەم ڕێگایەوە هەوڵ دەدەن بیانکەن بە شتێکی جیاواز لەوەی کە بوون و هەن.

١-٢- زمان، پەروەردە و ماف

١-٢-١-زمان و فێرکاری

زمان، لە پڕۆسەی فیرکردندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. بێ بەکارهێنانی زمان هەر لەجێدا فێرکردن بە واتای تەواوی خۆی نەدەهاتە دی و هەر لە چوارچێوەی لاساییکردنەوەدا دەمایەوە؛ فێرکردن هەرگیز بەم ئاستە و بەم نێوەرۆک و قووڵاییەی ئێستا نەدەگەیشت. یەکەمین ئامرازی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان، زمانی جەستە و پێوەندیی نازارەکی بووە. ئاماژەکە دەشێت هەر جووڵەی ئەندامانی جەستە بەتەنیا نەبووبێت و دەنگیشی لەگەڵدا بووبێت، بەڵام لەو کاتەوە کە مرۆڤ بوو بە خاوەنی زمان، فێربوون هەم لە ڕووی چەندێتی و هەم لەباری چۆنێتییەوە پێشڤەچوون و گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات. گەیشتنی مرۆڤ بە توانایی قسەکردن و هەبوونی زمان، بە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی مرۆڤدا دەژمێردرێت. پێشکەوتنی ژیانی مرۆیی قەرزداری چالاکیی فێربوون و فێرکردن لەنێوان مرۆڤەکان و دەستاودەستکردنی ئەزموونەکان لەنێوان نەوەکانە. ئەمەش بێ زمان نەکراوە و ناکرێت. ئەزموونی نەوەکانی ڕابردوو بەهۆی زمانەوە (جا بە شێوەی زارەکی بووبێت یان بە نووسین) بە ئێمە گەیشتووە؛ هەر بەهۆی زمانیشەوەیە کە ئەزموون و زانستی خۆمان پێشکەشی نەوەکانی داهاتوو دەکەین. لێکۆڵەری ئێرانی، «کاهانیی موقەددەم»، وێڕای ناوبردنی زمان وەک ئامرازی فێربوون و وەرگرتنی زانست و بەدەستهێنانی ئەزموونەکان، ڕوانگەی «ژان پیاژە»، یەک لە دەروونناسانی بواری فێربوون و پەروەردەی منداڵی لە پێوەندی لەگەڵ زمان و بیردا بەم جۆرە باس کردووە: «زمان بە کەلکی بیرکردنەوە دێت، بەو واتایە کە منداڵ بە یارمەتیی زمان، بیر دەکاتەوە و مرۆڤ لەکاتی بیرکردنەودا، قسە دەکات. ئەگەر زمان نەبێت، بیرکردنەوەش نابێت. کاتێک دەڵێین مرۆڤ بە یارمەتیی زمان قسە دەکات، بمانەوێت و نەمانەوێت ددانمان بەوەدا ناوە کە مرۆڤ بە یارمەتیی زمان دەژیت» (کاهانیی موقەددەم،

١٣٨٥). پیاژە تا ئەو ڕادەیە کاریگەریی زمانی بە گرنگ نرخاندووە کە وتوویەتی: «کە وایە زمان ئامرازی ژیانی مرۆڤە. گیانلەبەران زمانیان نییە یان بە دەربڕینێکی دیکە چونکە لە بایۆلۆژیی زمان بێبەشن، بۆیە لە ژیانی دەروونیی مرۆڤ دوور کەوتوونەتەوە» (سەرچاوەی پێشوو). لەم بۆچوونانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زمان لە فێرگە و خوێندنگە و سیستەمی پەروەردەدا، ڕۆڵی بنەڕەتیی هەیە. سیستەمی پەروەردە و هەر بە گشتی چالاکیی فێربوون و فێرکردن، بۆ پەروەردەکردنی تاکەکان و بارهێنانیان بەو بیر و بەها و ڕێوشوێنانەی کۆمەڵ یان دەوڵەت و دامەزراوەی پەروەردە بە باش و پێویستیان دەزانێت، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە بە زمان بەستراوەتەوە؛ بە یارمەتیی زمانە کە فێرکار هەر جۆرە بابەت و زانستێک فێری فێرخواز دەکات، فێرخوازیش هەر بە یارمەتیی زمان، دەتوانێت بیسەلمێنێت ئەوەی سیستەم یا فێرخواز ئامانجیەتی، فێری بووە یان نا.

خاڵی جەوهەری لە پێوەندیی نێوان زمان و پەروەردەدا ئەوەیە سیستەمەکانی پەروەردە بەپێی کام ئایدۆلۆژیا و سیاسەت، زمانی پەروەردە هەڵدەبژێرن؟ وڵاتان و دەسەڵاتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنی زمان بۆ پەروەردە وەک یەک هەڵسوکەوت ناکەن و هەر کامێکیان سیاسەت و ڕوانگەی تایبەت بەخۆیان هەیە. کۆمەڵناسی ئێرانی، «سەعید پێوەندی»، بێبەشکرانی زمان لە پەروەردەی بە کێشەیەکی گەورە زانیوە. ئەو پێی وایە: «سیستەمی پەروەردە بە هۆکاری بەرینیی مەیدانی تێکۆشانی و هەروەها ڕۆڵێک کە لە پرۆسەکانی وەرگرتنی کولتوور و فێربووندا هەیەتی، وەک گرنگترین ئامرازی پاراستن و نوێکردنەوەی زمانەکانی لێهاتووە» (پێوەندی،٢٠١١). ئەنجامێک دەکرێت لەم قسەیە وەربیگرین ئەوەیە، زمانێک کە لەم پرۆسەیە دەربهاویژرێت پاراستنی دژوار دەبێت و شانسی خۆنوێکردنەوەی هەتا ڕادەیەکی زۆر لێدەستێندرێتەوە. لە باسی زمان و سیستەمی پەروەردەدا زۆر جار ڕووبەڕووی پرسیاری لەم چەشنە دەبینەوە کە ئایا هەر زمانێک بۆ فێرکردن و بۆ ڕاییکردنی ئەرکەکانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دەست دەدات؟ یان هەر زمانێک بۆ هەموو جۆر و ئاستێکی فێرکردن و فێربوونی زانست و هەر جۆرە چالاکییەکی فێرکاری دەگونجێت؟ هۆی چییە لە هێندێک کۆمەڵ و وڵاتی فرەزماندا، تەنیا زمانێک یا چەند زمان لە خوێندنگە و ناوەندە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا سوودیان لێوەردەگیرێت و زمانەکانی دیکە بۆ ئەم مەبەستە وەلا نراون؟ بێبەریکردنی فێرخواز لە فێربوون بە زمانی خۆی، چ کاریگەرییەک لەسەر ڕەوتی فێربوون، لەسەر تاکی فێرخواز، هەروەها لەسەر زمانی وەلانراو دادەنێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە پێوەندییان بەمەوە هەیە کە دامەزراوە پێوەندیدارەکانی کۆمەڵ و وڵات چ ئامانجگەلێکیان بۆ پەروەردە داناوە و لە چ گۆشەنیگایەکەوە سەیری ئامانجەکانی خوێندن و پەروەردە دەکەن. زمانناسان و شارەزایانی فێرکردن بڕوایان وایە کە هیچ زمانێک لە زمانێکی دیکە بەرزتر، چاکتر یان تەواوتر نییە. وەک ئیسماعیل نژاد، نووسەری کورد وتوویەتی: «مرۆڤ لە بەستێنی ژیانیدا پێویستی بە زمان هەیە و زاتی هەموو زمانێک ئەوە هەڵدەگرێ کە بەستێنی ژیانی ئاخێوەری ئەو زمانە پڕ بکاتەوە و دەوڵەمەندی

یا هەژاریی زمان دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی پشت زمانەکە نەک بۆ زاتی زمانەکە»(ئیسماعیل نژاد،٢٠٢٣:٨١). دیارە تەنیا مەرج و تێبینییەک کە پێویستە لەم قسەیە زیادی بکەین ئەوەیە ڕاستە هەر زمانێک لە سروشت و زاتی خۆیدا مایە و هەوێنی ئەوەی تێدایە کە شان لە شانی زمانەکانی دیکە بدات، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم توانایییانەی تێدا بخەملێت، پڕۆسەیەک لە خزمەتکردن و کارپێکردن لەم بوارانەیدا پێویستە.

پرسێکی گرنگی پێوەندیدار بە زمان و پەروەردە، بێبەشکردنی مرۆڤەکان لە خوێندن بە زمانی خۆیان بەو هۆیەوە کە زمانەکەیان زمانی زۆرینە، یان زمانی نەتەوەی سەردەست نییە. ئەم بێبەشییە بۆخۆی سەرچاوەی پێکهاتنی کۆمەڵێک گرێ و کێشەی دەروونی لە تاکەکاندایە. نووسەری کتێبی «کێ لە پەروەردەی چەند زمانە دەترسێت؟» ئەم بێبەشکردنەی منداڵان لە پەروەردە بە زمانی دایکی بە سووکایەتی کردن بە ناسنامەی ئەوان زانیوە: «سیستەمێکی پەروەردە کە ئامانجی لە خوێندن، گەشەی دیموکراسییانەی کۆمەڵ (گەشەی زانستی، ئابووری، کولتووری و... هتد)، هەروەها پەروەردەکردنی منداڵان و لاوانی بڕوابەخۆ لەنێو هەموو توێژەکانی کۆمەڵدا بێت ناتوانێت ڕێگا بە سووکایەتی کردن بە ناسنامەی قوتابیان سەبارەت بە جیاوازیی زمانیان بدات»(کلان، ٢٠١٧). جێگە و پێگەی زمان لە پەروەردەدا، سەرنجمان بۆ لای گرنگیی سیاسەتی زمانی لە هەر وڵات و کۆمەڵێکدا ڕادەکێشێت. سپۆلسکی، لەنێو بواڕەکانی سیاسەتی زمانیدا، «قوتابخانە»ی بە یەکێک لە گرنگترینیان داناوە، چونکە پێی وایە: «خوێندنگەکان لە هەر سەردەمێک و لە هەر شوێنێکدا بن، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەیان کە هەرەگرنگەکەیان بەهێزکردنی توانای زمانیی قوتابییانە، لە بنەماڵەکان دەستێننەوە و بۆخۆیان بەڕێوەی دەبەن» (اسپالسکی،١٣٩١: ٦٤). بە بڕوای نووسەری کتێبی «سیاسەتی زمانی» دوو پرسیاری بنەڕەتی کە بەردەوام لەپێوەندی لەگەڵ قوتابخانە و سیاسەتی فێرکردندا دێنە گۆڕێ، ئەمانەن: «یەکەم پرسیار، چ زمانێک وەک زمانی فێرکردن بەکار دەهێنرێت؟ زۆر بەکەمی هەڵدەکەوێت، منداڵانێک کە دەچنە قوتابخانە، پێش چوونە قوتابخانە بەسەر ئەو زمان یا زمانانەدا زاڵ بن کە پێیان دەخوێندرێت. دووەم پرسیاری گرنگ لە بواری پێوەندیی زمان و فێرکردن ئەوەیە کە فێرکردنی زمان لە قوتابخانە لە چ تەمەنێکەوە، دەست پێدەکات؟ (سەرچاوەی پێشوو،٦٤). باسێکی گرنگی دیکە لە پێوەندیی نێوان زمان و فێرکاریدا، خودی فێربوون و فێرکردنی زمان و جۆری گرنگیدانی سیستەمی پەروەردە بە فێرکردنی زمانە. منداڵ، یان بە گشتی فێرخواز لە ڕێگای سیستەمی پەروەردە وێڕای ئاشنابوون بە زانست و بابەتی جۆراوجۆر، بەپێی بەرنامە و پلانی سیستەمەکە و پێویستییەکانی کۆمەڵ و وڵاتێک کە تێیدا دەژیت، زمانێک یان زیادتر لە زمانێک وەک بابەتی دەرسی دەخوێنێت و فێری دەبێت. فێربوونی ئەلفوبێ و ڕێنووسی زمان یا چەند زمانێکی دیاریکراو، خوێندنەوە، قسەکردن و نووسین بەو زمانانە و تێگەیشتنیان، بەشێکن لە ناوەرۆکی بەرنامەی فێربوونی زمان لە چوارچێوەی سیستەمی پەروەردەدا.

سیستەمی پەروەردە بەپێی ئەرک و ئامانجێک کە دەسەڵاتی وڵات دەیخاتە بەردەمی، دەتوانێت پارێزەر و بووژێنەرەوەی زمانە جیاوازەکانی وڵاتێک بێت؛ دەشتوانێت بۆ زاڵکردنی زمانێک و پەراوێزخستن و وەلانانی زمانەکانی دیکە ڕێخۆشکەر بێت، بەڵام لە سەردەمی ئێستا و لە ئاکامی هەڵسەنگاندنی زانستییانەی شوێنەوارە دەروونی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، زانستی و سیاسییە نەرێنییەکانی بێبەشکردن لەسەر بناغەی جیاوازیی زمانی، لەئاستی جیهانیدا مەیل و ویست و ئیرادەی بەفەرمی ناسینی جیاوازییە زمانییەکان و قبووڵکردنیان وەک زمانی پەروەردەی ئاخێوەرانیان، لە زیادبوونداید، هەتا دێت زیادتر مەیدان بە مەیل و بۆچوون و ویستی پێچەوانە لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان، تەسکتر دەکاتەوە.

١-٢-٢-زمان و ماف

زمان بەو هۆیەوە کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی دروستکردنی ناسنامەی تاکەکانە، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مافەکانی ئاخێوەرانیەوە هەیە؛ بە جۆرێک کە دانان بە جۆراوجۆریی زمانەکان و ڕێزلێگرتنیان و بەفەرمی ناسینی ئەو مافانانەی پێوەندییان بە زمانەوە هەیە، ڕۆڵی لە تەبایی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵی فرەچەشندا هەبووە. پێچەوانەکەشی بووە بە سەرچاوەی کێشە و گرفت و قەیرانی گەورە و درێژخایەن. پێکەوەژیانی ئاخێوەرانی زمانی جیاواز و نەتەوە و کەمایەتییە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی وڵات و کۆمەڵێکدا، هەروەها ڕادە و زۆری و کەمیی ڕۆڵی زمانی ئەوان لە ژیانی گشتیی خۆیان و کاروباری وڵات و کۆمەڵدا، وای کردووە مافە زمانییەکان و مافی ئاخێوەرانی ئەو زمانانە لە بەکارهێنانی زمانەکەیاندا، هەستیاری و گرنگییەکی تایبەتی هەبێت و ببێت بە یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی ئەوان.

پرسەکانی پێوەندیدار بە مافە زمانییەکان لەم ساڵانەی دواییدا تا هاتووە زیادتر زەق بوونەوە و بەزۆری لە چوارچێوەی مافە گشتییەکانی مرۆڤدا وروژێنراون. پروفیسۆر پیتر ئێل پاتریک ، سەر بە بەشی زمان و زمانناسیی زانکۆی ئێسێکسی بەریتانیایی، پێی وایە زماناسان بە ڕێگای جۆراوجۆردا لە مەیدانی داکۆکی لە مافە زمانییەکان، بەشدار و چالاک بوون. هێندێک لەو نموونانەی پاتریک ئاماژەی پێکردووە بریتین لە: « بوونی مەترسی لەسەر زمان، پاراستن و زیندووکردنەوەی؛ پلاندانانی زمانی؛ زمانەوانیی یاسایی؛ پەروەردەی جووتزمانی و پرسەکانی دیکەی تایبەت بە زمانی پەروەردە (قوتابخانەتەوەر)؛ لێکۆڵینەوە لەبارەی کەمینە زمانییەکانی شارەکان؛ کارکردن لەگەڵ خەڵکی خۆجێیی، لەوانەش کێشەی خاک؛ پرسی پەنابەران و پەنابەری و زۆر شتی دیکە» (Patrick, 2017). جێگە و پێگەی زمان لە کۆمەڵدا و، سنووری تاک و گرووپ لە سوودوەرگرتن لە زمانەکەیان و خەباتیان لەم پێناوەدا بووە بەهۆی لەدایکبوونی چەمکێک بە ناوی مافە زمانییەکان. جگە لە مافە زمانییەکان، چەمکێکی دیکەش بە ناوی «مافە زمانییەکانی مرۆڤ» هەیە. هەندێک لە لێکۆڵەران، جیاوازییان لەنێوان مافە زمانییەکان و مافە مرۆییەکانی زمان» داناوە، لەبەرئەوەی

مافی زمانی پانتاییەکی فراوانتر دەگرێتەوە و جیاوازییەکەش لەوەدایە کە هەموو مافە زمانییەکان لەگەڵ مافە مرۆییە زمانییەکان هاوتا و یەکسان نین؛ بەپێچەوانەوە هەموو مافە مرۆییە زمانییەکان دەکەونە چوارچێوەی مافە زمانییەکانەوە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی هاوبەشی حەبیب نژاد و ناری: «مافە زمانییەکان ڕووبەرێکی فراوانتر لە مافە مرۆییەکانی زمان داگیر دەکەن»(حەبیبنەژاد و ناری، ١٣٩٨:١٦١). ئەم دوو لێکۆڵەرە پێیان وایە: «مافە زمانییەکان لە پەسەندکراوە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و ئازادییەکاندا وەک پەیماننامەکانی ڕێگری لە هەڵاواردن، ئازادیی دەربڕین، مافەکانی پێوەندیدار بە ژیانی تایبەت، مافی خوێندن و مافی کەمایەتییە زمانییەکان بۆ سوودوەرگرتن لە زمانی دایک، گونجێندراون»(سەرچاوەی پێشوو،١٦١).

ڕێگایەکی ئاسانتر بۆ لێکجیاکردنەوە و دەستنیشانکردنی جیاوازیی نێوان ئەو دوو چەمکە ئەوەیە کە بزانین مافە زمانییەکان، ئەو مافانەن کە زمانەکان هەیانە و لە بەڵگەنامە و پەسەندکراوە جیهانیەکاندا دانیان پێدانراوە و بە فەرمی ناسراون. بۆ نموونە هەر زمانێک مافی ئەوەی هەیە بپارێزرێت، قسەی پێبکرێت، بنووسرێتەوە، پێی بخوێندرێت و... هتد، بەڵام مافە مرۆییەکانی زمان بەو مافانە دەگوترێن کە مرۆڤێک لە بواری زماندا هەیەتی، یان پێویستە هەیبێت. وەک نموونە هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە بە زمانی دایک بئاخڤێت، بخوێنێت، بنووسێت. هیچ مرۆڤێک نابێت سەبارەت بە جۆری زمانێک، کە قسەی پێدەکات، ڕووبەڕووی هەڵاواردن بێتەوە و ...هتد. لە مافە زمانییەکاندا، «زمان» (هەر زمانێک) و ئەو مافانەی زمان پێویستە و دەبێت هەیبێت چەقی بابەتەکەیە، بەڵام لە مافە زمانییەکانی مرۆڤدا ئەو مافانەی هەر»مرۆڤ»(هەر مرۆڤێک) لە پێوەندی لەگەڵ زماندا پێویستە و دەبێت هەیبێت، چەقی بابەتەکەن. چەمکی مافە زمانییەکان ئەو بەشە لە مافە مەدەنییەکان دەگرێتەوە کە هەلومەرجی هەڵبژاردنی زمان و بەکارهێنانی هەر زمانێک بۆ تاک، یان تاکەکان لە کۆڕ و کۆمەڵی تایبەتی یان گشتی دابین دەکات. مافە زمانییەکان لە چوارچێوەی بازنەیەکی بەرینتردا کە «مافە کولتووری و فێرکارییەکان»یان ناوە، جێیان بووەتەوە. ئەو مافانە دابەش دەبنە سەر دوو دەستە: ١-مافە تاکەکەسییەکان و ٢-مافە گرووپییەکان. دیارە ڕیشە و ڕەچەڵەکی مافە زمانییەکان هەر وەک مافە زمانییەکانی مرۆڤ دەچێتەوە سەر «مافەکانی مرۆڤ». بنچینەی مافەکانی مرۆڤ لەسەر یەکسانیی مرۆڤەکان و مەحکوومبوونی هەڵاواردن لەسەر بناغەی جیاوازیی زمان، ڕەگەز، ڕەنگی پێست، ئایین، نەتەوە و... هتد دامەزراوە. وەک لە پێشەکیی «بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکان»دا هاتووە لەپشت ئیرادەی جیهانی بۆ بەفەرمی ناسینی مافە زمانییەکان و داکۆکیلێکردنیان، ئەو باوەڕە هەیە کە «دابینکردن و پاراستنی مافەکانی کەسانی سەر بە نەتەوە و ئایین و زمانە کەمینەکان دەبێتە هۆی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانێک کە ئەوانی لێدەژین» (پێشەکیی بەیاننامە،١٩٩٢:٣٤). لە پێشەکی و ناوەڕۆکی زۆربەی پەیماننامەکانی پێوەندیدار

بە مافە زمانییەکاندا بە نموونە: بڵاوکراوەی ئەوروپا لەبارەی زمانە ناوچەییەکان و کەمینەکان (ستراسبۆرگ،١٩٩٢)، بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان (بارسلۆنا، ١٩٩٦) و ڕێککەوتننامەی ژمارە (١٦٩)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لەسەر گەلانی ڕەسەن و تیرەگەری لە وڵاتانی سەربەخۆدا(١٩٨٩)، داکۆکی لە مافە زمانییەکان و داکۆکی لە ناسنامەی گرووپە زمانییەکان وەک بەشێک لە پابەندیی کۆمەڵی جیهانی بە نێوەرۆکی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و بەرپرسیارەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەگوێرەی بڵاوکراوەی جیهانیی ئەو ڕێکخراوە ئاماژەی پێکراوە. بە تایبەتی لەسەر پێویستیی مشوورخواردن لەو زمانانەی لەگەڵ مەترسیی لەنێوچوون ڕووبەڕوون و تایبەتن بەو گرووپە خۆجێیی(بومی) یانەی لە کیان و دەسەڵاتداریێتیی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان بێبەشن، پێیان داگرتووە. چاکسازی بە مەبەستی پێکهێنانی هاوسەنگیی زمانی لە ڕێگای ڕێزگرتن و بوارپێکهێنان بۆ پەرەگرتن و گەشەی تەواوی هەموو زمانەکان و، دارشتنی بنەماکانی دروست بۆ ئاشتی و یەکسانیی دادپەروەرانەی زمانی لە سەرانسەری جیهان، جەختیان لەسەر کراوە و وەک هۆکارێکی یەکلاکەرەوە لە پاراستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە گونجاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە (پێشەکیی بەیاننامە، ١٩٩٦).

خەبات بۆ مافە زمانییەکان پێشینەیەکی درێژی هەیە. ڕابردووی خەبات لەدژی سڕینەوە و هەڵاواردنی زمانی و دابینکردنی پێگەیەکی باشتر بۆ زمانە پەراوێزخراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ پڕۆسەی مودێرنیتە لە ئەوروپا و پێکهاتنی دەوڵەتە مودێرنەکان (سەدەی ١٦ تا ١٨ زایینی) و پڕۆسەی بە هاوچەرخبوون، یان بە هاوچەرخکردنی بواڕە جیاوازەکانی ژیان لە سێبەری ئەو دەوڵەتانەدا. نووسەری کتێبی «پەروەردە بە زمانی دایک»، لەم پێوەندییەدا نووسیویەتی: «دەوڵەتی مودێرن ناسنامە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی نێو سنوورەکانی لە ناسنامەیەکی دیاریکراودا تواندەوە. هەڵگران و خاوەنانی ئەو ناسنامە دیاریکراوە، بوون بە خاوەنی سەرەکیی مافە دیاریکراوەکان. بەم جۆرە دەوڵەتی مودێرن بەرەبەرە یەکسانکردن لە چوارچێوەی چەمکی ‹نەتەوە› یدا دەست پێکرد و ‹نەتەوە› کە خولقێنراوێکی خەیاڵی بوو، بوو بە سەرچاوەی سەرەکی و ئیلهامدەری دەسەڵاتدارەتیی دەوڵەت (ئومود، ٢٠١٦: ٨). بۆ دەوڵەت-نەتەوەکان، بەدەستهێنانی ناسنامە، یەک لە بنەڕەتیترین پێویستییەکان بوو. دەوڵەتەکان لە پڕۆسەی مودێرنبووندا هەرچەندیش بوون بە خاوەنی یەکپارچەیی کارگێڕی و جوگرافیایی کە پێشتر ئەوەیان نەبوو، بەڵام دیسان ئەوەندە بۆ ئەوان بەس نەبوو و بۆ تەواوکردن و دەستەبەرکردنی ئەو دوو یەکپارچەییە، پێویستیی یەکپارچەیی کولتووریشیان هەست پێدەکرد... سڕینەوەی هەموو جیاوازییە ئێتنیکی، ئایینی، زمانییەکان و کارکردنی بەردەوام لەسەر بیری «یەکیەتی» لە پێناوی دروستکردنی کۆمەڵێکی یەکپارچە، یەک لە گرنگترین و سەرەکیترین ئامانجەکانی «دەوڵەت- نەتەوە» بوو (سەرچاوەی پێشوو: ٩-١٠). بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردە یەکێک لە ڕێگاکانی ئەو یەکسانکردنە بوو. «دەوڵەت-نەتەوە» لە ڕێگای زاڵکردنی یەکزمان لە سیستەمی پەروەردەدا و بەکارهێنانی ئەو تاکە زمانە

هەم بۆ پەراوێزخستنی زمانی پێکهاتە ئێتنیکییەکانی دیکە، هەم بۆ توانەوەی فێرخوازان و کۆی هێزی مرۆییی پێوەندیدار بەو سیستەمە لەو زمانەدا، بۆ دروستکردن و زاڵکردنی ناسنامەی دڵخوازی خۆی هەوڵی دا. ئەم ڕەوتە هەر تایبەت بە ئەورووپا نەبوو، لە بەشەکانی دیکەی جیهانیش لەو وڵاتانەی کۆڵۆنیی دەوڵەتە ئیستیعماریییەکان بوون، سیاسەتی زاڵکردنی یەکزمان(زمانی دەوڵەتی ئیستیعماریییەکە) وەک زمانی فەرمی و بەکارهێنانی لە بواری جۆراوجۆر بە تایبەتی لە سیستەمی پەروەردەدا پەیڕەو کرا.

لەو بەشە لە وڵاتانی جیهانیش کە کۆڵۆنی نەبوون و نەبوون بە داگیرکراو و ژێردەستی وڵاتێکی دیکە، بەڵام فرەنەتەوە و فرەزمان بوون، نەتەوە باڵادەستەکان لەپێناوی زاڵکردنی یەک ناسنامەدا هەمان سیاسەتیان گرتە بەر. شێخولئیسلامی لە زمانی فەیلەسوفی کەنادایی، «کیملیکا» کە داهێنەری تیۆری هاونیشتمانیی چەند کولتوورەیە، بەم جۆرە لەم ڕۆوسەیە دواوە: «زۆربەی ئەو دەوڵەت-نەتەوانەی لە سەدەی بیستەمدا سەریان هەڵدا، سەرمەشق و مۆدێلی ڕۆژهەڵاتی نەتەوەچێکەری خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی ئەورووپییەوە وەرگرت، بە تایبەتی فەرەنسا. لەبەرئەوەی فەرەنسا وەک یەک لە یەکەم ڕۆژهەڵاتی نەتەوەچێکەری سەرکەوتووی مۆدێرن لەقەڵەم دەدرێت کە تێیدا ڕۆوسەی یەکپارچەسازی بە»هێزی و بێ گیروگرفت»، چووەتە پێشێ (شێخولئیسلامی، ۲۰۱۸:۳۱). ئێران یەکێک لەو وڵاتانە بوو؛ ڕووناکبیران و کاربەدەستانی سەر بە حکومەت لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و لە سەرەتای سەدەی بیستدا، هەوڵی ئەوەیان دا ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە(نەتەوەی ئێرانی) کە زمانەکەی فارسییە، پێناسە بکەن و زمانی فارسی لە گشت بوارە فەرمییەکاندا بکەن بە زمانی سەردەست.

ئەو نەتەوانەی زمان و ناسنامەی نەتەوەییان کەوتووەتە بەر هەڕەشە و مەترسیی سڕینەوە و توانەوە، بەرانبەر توانەوەی زۆرەملیی خۆیان لەنێو ناسنامەیەکی داسەپاودا بێدەنگ نەبوون. مێژوو زۆر نموونەی لە خەبات و بەربەرەکانیی نەتەوە و کەمایەتییە نەتەوەییەکان بە مەبەستی داکۆکی لە ناسنامەی خۆیان، بە تایبەتی پاراستنی زمانەکەیان و دانپێدانران و بە فەرمیناسرانیان تێدایە. خەبات و بەربەرەکانیی نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا کە تەنانەت بۆ نێو سەدەی بیست و یەکەمیش درێژ بووەتەوە، وەستانەوە بەرانبەر ئەم جۆرە سڕینەوە و تواندنەوە لەلایەن دەوڵەت- نەتەوەکانی فارس، تورک و عەرەب بووە. لە ڕاستیدا بێبەشکردنی کۆمەڵە خەڵکێک لە بەکارهێنانی زمانەکەیان لە بواری جۆراوجۆردا، یەک لەوان پەروەردە بەو زمانە، هەم پێشێلکردنی بە ئاشکرای مافە مرۆییەکانە، هەم زیانگەیاندن بە تەبایی و پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵ و وڵاتێکە. مستەفا مەلەکیان پێی وایە کاتێک کۆمەڵە مرۆڤێک ڕێگای بەکارهێنانی زمانی خۆیان پێنادرێت چ لەباری ئاکاری، چ لە ڕووی مافەوە، هەروەها لە ڕووی جوانیناسی و بەرژەوەندپارێزییەوە، ستەمیان لێدەکرێت (مەلەکیان، ۱۳۹۳).

ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە ڕێزیان لە مافە زمانییەکان گرتووە، دەریخستووە پێکهەڵکردن و پێکەوەژیانی بە ئاشتی و بەدوور لە گرژی لەنێو ئەواندا زۆر بەهیزترە لە وڵاتانێک کە ئەم مافانەیان پشتگوێ خستووە و زمانێکیان بەسەر هەمووانداسەپاندووە. هەستیاریی مرۆڤەکان لەئاست زمانەکەیان و شەرکردن لەپێناوی مانەوە و پاراستنیدا، شتێکی چاوەڕوانکراوە. زمان ڕۆڵی سەرەکیی لە بنیاتنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئەواندا هەیە، بە جۆرێک کە زۆر لە نەتەوە و کەمایەتییە نەتەوەیی و زمانییەکان، لەدەستدانی زمان بە لەدەستچوونی ناسنامەی نەتەوەییی خۆیان دەزانن. کێشە و قەیرانەکانی سەرچاوەگرتوو لە سەرکوت و تواندنەوە و سڕینەوەی نەتەوە بندەستەکان و زمانەکانیان، هەروەها خەبات و تێکۆشان لەئاستی وڵاتان و لەئاستی نێودەوڵەتی بۆ بەرگرتن بە «زمانکوژی»، ئاوڕدانەوەی ناوەندە جیهانییەکان و کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە پرسی زمانکوژی و نایەکسانیی زمانیی لێکەوتووەتەوە. لەم پێوەندییەدا ژمارەیەک پەیماننامە و پەسەندکراوی جیهانیی تایبەت بە مافە زمانییەکان پەسەند کراون و بڵاو بوونەوە. ئەم دۆکیۆمێنتانە ڕەواییی زیاتریان بە داخوازییەکانی نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییە زمانییەکان داوە و جۆرێک لە هاوەدەنگی و هاوپێوەندیی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی بۆلای ئەوان ڕاکێشاوە.

١-٣ - هەژمۆنی ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات لەسەر زمان

١-٣-١- ئایدۆلۆژیا و زمان

چەمکی ئایدۆلۆژیا[١] لەو چەمکانەیە زۆر لە بیرمەندان لێی دواون و پێناسەیان کردووە، بەڵام پێناسەیەکی وا کە هەمووان لەسەری کۆک بن، لە ئارادا نییە. ئەو چەمکە لە دوو وشەی «ئایدیا» بە واتای فکر، خەیاڵ، ئامانج و بڕوا و «لۆژی» بە واتای لۆژیک و ناسین، پێک هاتووە و بەسەریەکەوە واتای «بڕواناسی» دەدات. لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، ئایدۆلۆژیا لانیکەم بە دوو واتا بەکار دەهێنرێت: یەکەم، تێگەیشتن لە سەرهەڵدان و چۆن بەکارهێنانی چەمکە گشتییەکان کە لە بواڕەکانی زانستی ناسین، ژیربێژی و زانستناسیدا سوودی لێوەردەگیرێت. دووەم، ڕاوبۆچوون لەبارەی ڕوانگە و بۆچوونەکان. لە واتای دووەمدا، ئایدۆلۆژیا هاوتەمەنی فەلسەفەیە و دەپەرژێتە سەر ناوەرۆک و کاریگەریی چالاکییەکانی مێشکی مرۆڤ (باوەرساد،٢٠١٠). دیارە واتای وردتری ئایدۆلۆژیا لەم واتا گشتییە جیاوازە. «موعینیی عەلەمداری» پشتبەستوو بە کتێبی «سەرەتایەک بۆ ئایدۆلۆژیا»ی «تێری ئیگلتۆن» لیستێک لە پێناسە باوەکانی ئایدۆلۆژیای خستوونە ڕوو کە هێندێکیان بریتین لە:

١- « ئەم وشەیە لە یۆنانی کۆندا هەڵگری واتای جۆراوجۆر بووە. وشەکە خۆی لەبارەی زمانەوانییەوە وشەیەکی لێکدراوە کە لە دوو وشەی «ئایدیا»(ιδέα) بە واتای فۆرم، ڕواڵەت، چۆنیەتی، وێنەی کۆن، بۆچوون و بیرۆکە، هەروەها «لۆگۆس» (λόγος) بە واتای گوتن، قسەکردن، وشە، واتا، بۆچوون و عەقڵ، پێک هاتووە»(باوەرساد،٢٠١٠).

«ئەلف) کۆمەڵێک باوەڕی تایبەت بە گرووپ یا چینێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت؛ ب) پڕۆسەی بەرهەمهێنانی واتا، نیشانەکان، بایەخەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا؛ پ) ئەو ئایدیایانەی ڕەوایی بە دەسەڵاتی سیاسی دەدەن؛ ت) ئەو پێوەندییانەی بە ڕێکوپێکی پێناسە دەکرێنەوە؛ ج) ئەو فۆرمە لە بیرکردنەوەکان کە بەرژەوەندە کۆمەڵایەتییەکان دەیانوروژێنێت؛ چ) وەکیەکی لە ڕوانین و بیرکردنەوەدا؛ ح) ئاوێتەبوونی گوتار و دەسەڵات و...هتد (موعینیی عەلەمداری، ١٣٨٣: ١٠٢). لە کۆی ئەو پێناسە و تایبەتمەندییانە کە بیرمەندان لەبارەی ئایدۆلۆژیا خستوویانە ڕوو، دەتوانین بیرمەندان بەگوێرەی ڕوانینیان بۆ ئەم چەمکە پۆلێن بکەین. دەستەیەکیان ئەوانەن کە بە شێوەیەکی ئەرێنی لە ئایدۆلۆژیا دەڕوانن و بۆ ژیانی مرۆیی بە پێویستی دەزانن. دەستەیەکیش، وێڕای پێناسەکردنێکی نەرێنیی ئایدۆلۆژیا، نە تەنیا بە شتێکی ئەرێنیی نازانن بەڵکو وەک هۆکارێکی ناتەبایی و پەرشوبڵاوی لێی دەڕوانن و بە دژی دەوەستنەوە. دەستەیەکیش ئایدولۆژیایان وەک چەمکێکی بێبار ناساندووە کە دەتوانێت هەم هەڵگری تایبەتمەندیی ئەرێنی بێت، هەم هەڵگری تایبەتمەندیی نەرێنی (قەهرمان، ١٣٩٧: ١٩١). ئەم لێکۆڵەرە پشتبەستوو بە بۆچوونی مەک لێلان ، ئایدۆلۆژیا بە سرکترین و ئاڵۆزترین چەمکی زانستی کۆمەڵایەتی دەزانێت (سەرچاوەی پێشوو، ١٩١).

هۆیەکی سەرەکیی بە نەرێنی چاولێکردنی ئایدۆلۆژیا، ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیا توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە لە مرۆڤ دەستێنێتەوە و چوارچێوە و شێوەیەکی دیاریکراو لە ڕوانین بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەکات و دەیخاتە سەر ڕێگایەکی دەستنیشانکراو. سیستەمی سیاسی بۆ جێگیرکردن و بەهێزکردنی هەژمۆنی خۆی، پێویستی بە دامەزراوەیەکی ئایدۆلۆژی و وێژمانی هەیە تا بەهۆی ئەوانەوە کۆمەڵ لەگەڵ خۆی بگونجێنیت. لێرەدایە کە سیستەمی سیاسی و ئایدۆلۆژیاکەی پێویستیان بە زمان و بارگاویکردنی بە ڕوانینەکانی خۆیان هەیە. «گرامشی،» زمانی وەک «ئامرازێکی شیکاری» بۆ لێکۆڵینەوە لە هەژموون و چەمکەکان بەکار هێناوە و جەختی لەسەر ناوەندیەتیی زمان بۆ ئایدۆلۆژیا و سیاسەت و هەژموون کردووەتەوە. لەڕاستیدا گرامشی وای دەبینێ کە زمان پێویستییەکە بۆ بنیاتنانی هەژموون و دەسەڵات، دامەزراندن و فراوانبوونی چینی دەسەڵاتداران و دارشتنەوەی پەیوەندیی نێوان حکوومەت و جەماوەر (Nakeeb and Kunjamma, 2018: 140).

وەک هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، سیاسەت، ئایین، کولتوور و ئاکاریش، لە ڕێگای زمانەوە قسەی خۆیان دەکەن و بەهۆی کاریگەری و تواناکانی خۆیان، ژیانی کۆمەڵایەتی مسۆگەر دەکەن. یەعقوبیان ئەم پڕۆسەیە بەم جۆرە شی دەکاتەوە: «لە زمانی ئێمەدا باوەڕێکی تایبەت لەبارەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جێگیر بووە. کاتێک ئێمە ئەم زمانە بەکار دێنین، ئەم نۆرم و وەرگرتن و تێگەیشتنە خاوەن بایەخانە لە مێشکی خۆماندا بنەگرتوو دەکەین. بنەگرتووکردنی ئەم یاسایانە بە نۆرەی خۆیان لەسەر ڕوانین، ڕەفتار و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە کاریگەر دەبن. ئەم یاسایانەش دەبنە

بناغەی تێگەیشتنی ئێمە لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕوانگەی ژێندەری»(یەعقووبیان،۱۳۹۳). بەم پێیە، زمان جگە لەوەی لەژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیا سیاسییەکاندایە و وەک ئامرازێکیش بۆ گواستنەوەی ئەو ئایدۆلۆژیایانە بۆ بواری جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێت، چارەنووسی بە جۆرە ئایدۆلۆژیایەکی دیکە گرێ دراوە کە پێیان دەگوترێت «ئایدۆلۆژیای زمانی». گرنگیی ئایدۆلۆژیایە زمانییەکان لەوەدایە کە داوەریکردن و حوکمدانیان تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا نییە، بەڵکو ئەو خەڵکانەش کە بەو زمانانە قسە دەکەن دەکەونە ژێر کاریگەریی داوەریی ئەوان. نموونەیەک لەو جۆرە داوەریکردنانە ئەوەیە نەتەوەی وا هەن کە نەیانتوانیوە یان ڕێگایان پێنەدراوە وڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێ، یان زمانەکەیان دەرەتانی ئەوەی نەبووە ببێتە زمانی فەرمی، زمانی پەروەردە، زمانی کارگێڕی و زمانی دادگا؛ کەچی پێیان دەگوترێت ئەوانە «نەتەوە» نین، بەڵکو قەوم، هۆز یان عەشیرەتن. شێخولئیسلامی لەم پیوەندییەدا وتوویەتی: «ئایدۆلۆژیا زمانییەکان پەل دەهاوێن بۆنێو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی وەک پەروەردە، خوێندن، دادگا و... هتد.» (شێخولئیسلامی، ۲۰۲۲: ۹۳). لەئاکامدا پڕۆسە و ناوەرۆکی پەروەردە و خوێندن و ڕوانینی زاڵ بەسەر ئەواندا، یان دانانی یاساکان و جۆری هەڵسوکەوتی دادگا و دادوەران لەگەڵ تاکێک کە زمانەکەی و شێوەی ئاخاوتنەکەی لە زمانی فەرمی جیاوازە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕوانینی ئایدۆلۆژییانە. ئەو کاتەی زمان وەک هۆکاری پێوەندیی مێژوویی یا پارێزەری بنچینە دینییەکان یا ئامرازی دەربڕینی زانستی چاوی لێدەکرێت، واتای ئەوەیە ئایدۆلۆژیایەک لە پشتیەتی و لە بەرزکردنەوەی پلەی ئەو زمانە لە بەرانبەر زمانەکانی دیکەدا ڕۆڵی هەیە. زمانی فارسی(لە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا) و زمانی عەرەبی لە ئێران (لە دوای هاتنەسەرکاری ڕژێمی ئیسلامی) نموونەیەکی بەرچاو لە بەرزبوونەوەی پێگەیان بەهۆی ئایدۆلۆژیاوەن. لەمەشەوە بەم ئەنجامە دەگەین کە بڕیار و بنەماکانی سیاسەتی زمانی لە هەر کۆمەڵ و وڵاتێک، هەڵقوڵاوی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان و ئەو باوەڕانەن کە لەبارەی زمانەکان و زارەکانی ئەو کۆمەڵ و وڵاتەوە هەن.

۱-۳-۲-زمان و دەسەڵات

سەردەستبوونی نەتەوە یان هەر کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن زمانێکی تایبەت لە هەڕەمی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، دەتوانێت پاڵپشتێکی گرنگ لە بەرزکردنەوەی پێگەی زمانەکەیاندا بێت. ئەگەر ئاخێوەرانی زمانێک لە چوارچێوەی وڵاتێکدا نەتەوەی سەردەست بن- جگە لە هێندێک دۆخی ئاوارتە- زمانەکەیان دەبێتە زمانی فەرمیی دەسەڵات و لە بوارەکانی دیکەی ئەو وڵات و کۆمەڵەدا، زمانەکەیان زمانی یەکەم دەبێت. دیارە ئەگەر کەمایەتیی نەتەوەیی و زمانی لەو وڵاتەدا هەبن، بەو مەرجەی لە یاسای وڵاتدا دان بەبوونیاندا نرابێت و مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیان بەفەرمی ناسرابێت و ڕێگا و میکانیزمی هاوبەشی لە دەسەڵاتی وڵاتیاندا بە گوێرەی سەنگ و قورساییی خۆیان بۆ دابین کرابێت،

ئەمەش بە نۆرەی خۆی لەسەر پێگەی زمانەکەیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت، بەڵام زمانێک کە ئاخێوەرانی پشکێکی ئەوتۆیان لە دەسەڵاتی سیاسی پێنادرێت و بۆخۆشی لەگەڵ پاڵەپەستۆ و ڕێگری و هەوڵی پەراوێزخەرانەی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات ڕووبەڕووبە، تووشی قەیران دەبێت. ئیسماعیل نژاد، قەیرانەکانی زمانی کوردیی لەم ڕوانگەیەوە دیتووە:» زمانی کوردیی دوو قەیرانی لەبەردەمە. یەکەم: لە زۆربەی جۆغرافیای ئاخێوەرانی زمانی کوردی دەسەڵاتی سیاسی بە زمانی کوردی نییە، دووەم: دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان زمانی کوردی بە مەترسیی تەناهی لەسەر خۆیان دادەنێن و بەم پێیەش هەم بەربەست بۆ گەشەی زمانەکە دروست دەکەن و هەم هەوڵی توانەوەی دەدەن» (ئیسماعیل نژاد،٢٠٢٣:٨١). لەم بارەیەوە دەتوانین پێگەی زمانی کوردی لە عێراق و ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ڕادە و چۆنیەتیی بەشداریی کورد لەو دوو وڵاتە لە دەسەڵاتدا بەراورد بکەین: «هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی نوێدا هەرێمێکی فیدراڵە. لە برگەی یەکەمی ماددەی چواری دەستووری عێراقدا، کە لە(٢٠٠٥)دا نووسراوەتەوە، بە ڕاشکاوی ئەوە هاتووە کە عەرەبی و کوردی لە عێراقدا دوو زمانی فەرمین. لە برگەی دووەمیدا هاتووە کە چوارچێوەی زمانی فەرمی و چۆنیەتیی چەسپاندنی ئەحکامی ئەو ماددە دەستوورییە، بە قانوون دیاری دەکرێت، کە ئەمانە دەگرێتەوە: ١-دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی، بە هەر دوو زمانەکە. ٢-قسەکردن و داخوازی و گوزارشتکردن لە بواڕە فەرمییەکانی وەک: پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، دادگاکان، کۆنگرە فەرمییەکان، بە هەر دوو زمانەکە دەبێت. ٣-دانان بە بەڵگەنامە فەرمی و نووسراوەکاندا بە هەر دوو زمانەکە، دەرچوونی بەڵگەنامەی فەرمی بە هەر دووکیان. ٤-کردنەوەی خوێندنگە بە هەر دوو زمانەکە، بەپێی ڕێکارە پەروەردەییەکان. ٥-هەر بواڕێکی دی، کە بنەمای وەکیەکی بیگرێتەوە، وەک: پارە، پاسپۆرت، پووڵ. ئەوانە گرنگترین ئەو خاڵانە بوون، کە لە دەستووری نوێی ئێراقدا سەبارەت بە زمانی فەرمی دیاری کراون» (فەرەج، ٢٠٢٢: ٢٣٥). ئەو مافە زمانییانەی لە عێراق بۆ کورد دابین کراون، تەواوکەری هاوبەشیی کورد لە دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتەدان. جگە لەوەی کورد لە عێراق پێگەیەکی خۆبەڕێوەبەریی فەرمی و دەستووریی دانپێدانراو لەئاستی نیشتمانی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییدا هەیە، لە دەوڵەتی فیدراڵیشدا کۆمەڵێک پۆستی گەورە و گرنگی(لەئاستی سەرکۆمار و وەزیرەکان و هتد)دا هەیە. بەم جۆرە دەردەکەوێت لەنێوان پشک هەبوون لە دەسەڵاتی ناوەندی و هەبوونی جۆرێک مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەرزبوونەوەی پێگەی زمانیدا پێوەندیی ڕاستەوخۆ هەیە.

لە وڵاتی ئێران تەنیا یەک زمان، ئەویش زمانی نەتەوەی سەردەست (فارسی)، زمانی فەرمییە و زمانەکانی دیکە نەک هەر ئاست و پێگەی زمانی فارسییان پێنەدراوە، بەڵکو بەپێی دەستووری وڵات ئاستیان بۆ زمانی خوێندن و قەومی دابەزێنراوە (بڕوانە ئەسلی ١٥ی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران). «زمانی نەتەوە نافارسەکانی ئێران کە زۆربەشیان لە بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکانن، لە دەستووری وڵاتدا وەک زمانی خوێندن و قەومی چاویان

لێکراوە و تەنیا بوونی چاپەمەنی بەو زمانانە و خوێندنی ئەدەبیاتیان لە قوتابخانە لە تەنیشت زمانی فارسی ڕێگا پێدراوە» (وریا، ٢٠٢٢: ١٩). نە ڕۆژنامەی فەرمی (سەرانسەری و دەوڵەتی) بە زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکانی دیکە دەردەچێت، نە لە مەجلیسی وڵات و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکاندا، ئەو زمانانە بەکار دەهێنرێن. هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمییش وەک پوول، پاسپۆرت، پارە، بەو زمانانە نییە. دەکرێت پەراوێزخرانی ئەو زمانانە و بێبەرییوونیان لە پێگەیەکی یەکسان لەگەڵ زمانی فارسی، هەروەها بێبەشبوونیان لە پێگەی زمانێکی فەرمی لەئاستی پارێزگا و ناوچەکانی تایبەت بەو نەتەوە نافارسانە، بگەڕێنینەوە بۆ بێبەشکران و دەرهاوێژرانی ئەوان وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و زمانی لە دەسەڵاتی وڵات. دیارە بە ڕواڵەت هیچ تاکێک لە ئێران سەبارەت بە هۆکاری نەتەوەیی و زمانی(وەک کوردبوون، تورکبوون، عەرەببوون، بەڵووچبوون و... هتد) ڕێی بەشداری لە دەسەڵاتی لێناگیرێت، بەڵام ئەمە تەنیا ڕواڵەتی مەسەلەکەیە. چونکە دوو بەربەست، یەکیان نەتەوەیی-ئێتنیکی(قبووڵی سەردەستیی زمانی فارسی) و ئەویتر ئایینی(پەیرەویکردن لە مەزهەبی شیعە وەک مەزهەبی فەرمیی وڵات) لەسەر ڕێی بەشداری لە دەسەڵاتدا دانراون. ئەمەش وای کردووە ئەوانەی شیعەمەزهەب نین نەتوانن بچنە نێو ئاستە بەرزەکانی هەرەمی دەسەڵات. ئەوانەش کە شیعەمەزهەبن بەڵام زمانیان فارسی نییە، دەبێت پابەندی زمانی فەرمیی وڵات بن و جێگە و پێگەی خۆیان لەجیاتی داکۆکی لە زمانەکەی خۆیان، بۆ داکۆکی لە زمانی فەرمیی وڵات بەکار بێنن. لەگەڵ ئەو ڕاستییانەشدا لەو شار و پارێزگایانەی ئێران کە دوو نەتەوەی کورد و تورک پێکەوە دەژین، لە ئیدارەکان و بنکە و ناوەندە حکوومی و دەوڵەتییەکان کە دەسەڵات و بەڕێوەبەرییەکان بەزۆری لە دەستی تورکەکاندان، کاربەدەستان تەنانەت لەگەڵ کوردەکانیش هەر بە زمانی تورکی دەدوێن. ئەمەش سەلێنەری ئەم ڕاستییەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک، بە مەرجی لەدەستگرتنی جومگەکانی دەسەڵات، ئەگەر بەشێوەی فەرمییش ڕێگاپێدراو نەبێت دیسانەکە دەتوانن ئەو دەسەڵاتە لە بەرژەوەندیی زمانەکەی خۆیان بەکار بێنن.[١]

بەهێزی و گەشانەوە و پێشکەوتنی هەر زمانێک بێ پشتگیریی دەسەڵات، ئەگەر نەڵێین مەحاڵ، یەکجار دژوارە. بە باوەڕی «سورخی»: «بەهێزکردنی زمانێک کۆمەڵێک فاکتەری ئەتنۆزمانیی وەک پێگە، ژمارەی قسەکەران و پشتگیریی دامەزراوەیی بەهێزی پێویستە. لەباری دامەزراوەییەوە زۆر گرنگە زمانێکی وەکو زمانی کوردی لە دامەزراوە حوکمی و پەروەردەییەکان بەکاربێت «(سورخی. ٢٠٢٠:١٢٠). ئاشکرایە ئەگەر نەتەوەیەک، یان کەمایەتییەکی نەتەوەیی و زمانی، دەستی لە دەسەڵات بەند نەبێت، واتە لە دەسەڵات پەراوێز خرابێت و دەسەڵات لە پاوانی تەنیا نەتەوەیەک و تەنیا زمانێک دابێت، پشتگیریی دامەزراوەکانی وەک پەروەردە و فەرهەنگستان و ناوەندە کولتوورییەکانی وڵاتی نابێت؛

١- بڕوانە داتاکانی فەسڵی چوار، وەڵامی بەشداربووان، زمانی سەردەست لە شار و ناوچە تێکەڵاوەکان.

چونکە ئەو ناوەند و دامەزراوانەش سیاسەت و بەرنامەی خۆیان لە ئایدۆلۆژیای دەسەڵات هەڵدەهێنجن و سیاسەتێک دەگرنەبەر کە خزمەتی سەردەستیی ئەو زمان و نەتەوە دیاریکراوە بکات.

یەکێک لە ڕەهەندەکانی پێوەندیی زمان و دەسەڵات ئەوەیە زمانی دەسەڵات ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ڕوانینی تاکەکان بەرانبەر زمانەکەی خۆیان هەیە. لەو وڵاتانەی کە فرەزمان و فرەکولتوورن، پێوەندیی نێوان زمانی سەردەست و زمانەکانی دیکە، پێوەندییەکی نایەکسان، نادادپەروەرانە و زیاتر یەک ڕەهەندییە. «سورخابی» لەم بارەیەوە وتوویەتی: «لەو جۆرە وڵاتانە فێربوونی زمانی سەردەست شتێکی بەڕێکەوت نییە؛ شتێکی ناچارییە. زمانێک کە زمانی دەسەڵاتە ڕۆژانە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵدا، حەزبە کارتێکردن و شوێندانانی هەرچی زیاتر دەکات» (سورخابی،۲۰۱۳). بە تێگەیشتنی ئەم لێکۆڵەرە: «ئایدۆلۆژیا، فێرکردن، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەژێر کاریگەریی ئەو زمانەدان. قوتابخانە، گرووپەکان، زانکۆ، هاوتەمەنان، حیزبەکان، ڕووناکبیران، هونەرمەندان و سیاسەتمەداران لەم ڕێڕەوەدا دەور دەبینن. دەزگای دەسەڵات بەهۆی وتاربێژانی دەیەوێت پاساو بۆ ڕەوایەتیی خۆی بێنێتەوە»(سەرچاوەی پێشوو).

قسەکردنی دانیشتووانی زۆر لە شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاریگەریی زمانی دەسەڵاتیان بەتەواوی پێوە دیارە. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمانی دەسەڵات لە دەرگای جۆراوجۆرەوە خۆ بە هەر مااڵێکدا دەکات و بە ڕێگای جیاوازدا مێشک و بیری بەردەنگەکانی دەتەنێت. لە قوتابخانە، لە بنکەی سەربازی، لە نەخۆشخانە، لە دادگا، لە ئیدارە دەوڵەتییەکان، لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و سینەما، لە چاپەمەنیی فەرمیی وڵات، لەسەر کەلوپەلی بازرگانی و... هتد، بە بەردەوامی ڕووبەڕووی بەردەنگەکانی دەبێتەوە. بەردەنگەکان ئەوەندە بەو زمانە دەبیستن، دەبینن و دەخوێننەوە کە ئەگەر وشیارییەکی بەرزی زمانیشییان هەبێت و زۆریش هەوڵی پاراستنی زمانەکەی خۆیان بدەن، دیسان هەر دەکەونە ژێر کاریگەریی زمانی سەردەست. تەنانەت کاتێک بە زمانەکەی خۆیان دەدوێن و دەنووسن، ناڕاستەوخۆ ئەو مۆدێلە لە نووسین و قسەکردن و ئەو چەمک و زاراوانەی زمانی سەردەست بەرهەمی هێناون و بڕەوی پێداون، بەکار دێننەوە. کاتێک گوێ لە بە کوردی قسەکردنی زۆرێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرین، بەتەواوی هەست بەوە دەکەین کە هەم لە بەکارهێنانی وشە و زاراوە و ئیدیۆم و پەندی فارسی، هەم لە دارشتنی ڕستەدا بەتوندی کەوتوونە ژێر کاریگەریی زمانی دەسەڵات، بەجۆرێک کە لێتێگەیشتنیان بۆ فارسێک کە هیچ کوردی نازانێت ئاسانتر تا کوردێکی باشووری کوردستان، کە زمانە کوردییەکەی زۆر باشە، بەاڵم هیچ فارسی نازانێت. لە ڕاستیدا زۆرجاران تەنیا کرداری ڕستەکان کوردین و کەرەستەکانی دیکە، هەموویان فارسیین. ئەم ڕاستییە پێمان دەڵێت کە لەنێوان دوو زمان کە یەکیان دەسەڵاتێک بە هەموو داموەدەزگای پەروەردەیی، خوێندنی

باڵا، ڕاگەیاندن، یاسایی و... هتد لە پشتییەتی و زمانێک کە نەک هەر لە پشتگیریی دەوڵەتی بێبەشە، بەڵکو ئاخێوەرانی لەسەر فێرکردن، پێنووسین و خزمەتکردنی، ڕووبەرووی لێپرسینەوە و گرتن دەبنەوە، جیاوازیی زۆر هەیە.

١-٤- زمان وەک میراتی هاوبەشی مرۆیی

١-٤-١-زمان وەکو سەرچاوە نەک وەک گرفت

هەر زمانێک، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چ کەسانێک قسەی پێدەکەن، لە کام ناوچەی جیهان هەڵکەوتووە، زمانی زۆرینەیە یا کەمینە، لە وڵاتەکەی خۆیدا بە فەرمی ناسراوە یان نا؟ بووە بە زمانی نووسین و خوێندن؟ و... هتد، بۆخۆی دەستکەوت و سامانێکی کولتووری و مەعریفیی کۆمەڵێک مرۆڤە. هەر زمانێک هەڵگر و دەربڕی بیرکردنەوە و جیهانبینی و ئەزموونەکانی ژیانی نەوەکانی ئەو خەڵکەیە کە قسەی پێدەکەن. نووسەران و پەسەندکەرانی بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکانیش وەک خەزێنەی ئەزموونەکانی ژیانی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان، سەیری زمان دەکەن. وەک لە بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکاندا هاتووە نووسەران و واژۆکەرانی، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە: «هەموو زمانەکان دەربڕ و پێشاندەری جۆرێک ناسنامەن و ڕێگایەکی تاقانە بۆ تێگەیشتن و باسکردن لە ڕاستین؛ هەر بۆیە دەبێت هەموو مەرجە پێویستەکان بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنیان لە هەموو بوارەکاندا دابین بکرێت»(ماددەی حەوتی بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان). هەر بەپێی ئەم بەڵگەنامە جیهانییە: «هەموو زمانەکان بەرهەمی خوڵقاندنی بەکۆمەڵن و هەمووان وەک ئامرازی هاوپێوەندی، پێکهاتنی ناسنامە، پێوەندی و داهێنانی تاک لەنێو کۆمەڵەیەکی زمانیدا، سوودیان لێوەردەگرن»(هەمان ماددە). بەڵگەنامە و پەسەندکراوە نێودەوڵەتییەکان «جۆراوجۆریی زمانەکانی سەر تۆپی زەوییان بە نیشانەی دەوڵەمەندیی کولتووری» داناوە؛ «هەموو زمانەکانیان وەک میراتی هاوبەشی مرۆیی» ناو بردووە؛ لەسەر «پاراستنی ئەو زمانانەی کە مەترسیی لەنێوچوون و لەبیرچوونەوەیان لەسەرە» و «داکۆکی لە مافی ئەو زمانانەی ئاخێوەرانیان لە وڵاتی خۆیاندا کەمایەتین» و زمانی زاڵ بە سەریاندا سەپاوە، پێیان داگرتووە (ئەم دەستەواژانە لە دەقی ژمارەیەک لەو پەسەندکراوە نێودەوڵەتییانە وەرگیراون). هەر زمانێک داهێنان و ئەزموونی کۆمەڵە مرۆڤێک لەدرێژایی مێژوویەکدا دەگرێتە خۆی. ئەو کاتەی زمانێک لەنێو دەچێت، سامانێک کە بە سەدان ساڵ و بە هاوبەشیی هەزاران مرۆڤ و چەندین نەوە بەرهەم هاتووە، لەنێو دەچێت. کاتێک ڕێگا لە بەکارهێنانی ژمارەیەک زمان دەگیرێت یان ئەو زمانانە سنووردار دەکرێن، لەڕاستیدا بەرەو لەنێوچوون و فەوتان پاڵ پێوەدەنرێن. بە مردن و لەنێوچوونی ئەو زمانانە، ناسنامەی ئاخێوەرانیشیان بەرەبەرە ڕوو لە فەوتان و لەنێوچوون دەکات.

زمان لە سەرووی هەموو ئەو پێکهاتانەیە کە ناسنامەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیەک

پێک دێنن. لێکۆڵەری کورد «حەمەد» لەبارەی کاریگەریی ڕۆڵی زمان لە دروستکردنی ناسنامەی ڕۆشنبیرییدا وتوویەتی: «ناسنامەی ڕۆشنبیریی هەر نەتەوەیەک کە زمان لەپاڵ ئایین و ڕەچەڵەک و چوارچێوەی جیوگرافیا پێکیدەهێنێ، یەکێکە لە پێکهاتە چالاکەکانی ناسنامەی ڕۆشنبیری؛ بۆیە پاراستنی زمان، پاراستنی ناسنامەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیە، کە زمان لەسەرووی هەموو پێکهاتەکانیترەوە ئاماژەی پێدەکرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نرخی لە ڕادە بەدەری زمان لەنێو ئەو پێکهاتانەدا» (حەمەد،٢٠١٣:١٣٧). هەروا کە لە سروشتدا لەنێوچوونی ڕەچەڵەکی هەر چەشنێک لە گیانلەبەران یان ڕووەک و دار و درەخت بە خەسارێکی قەرەبوونەکراو دەژمێردرێت، بە لەنێوچوونی زمانەکانیش ئێکۆسیستەمی مرۆیی جۆراوجۆریی خۆی لەدەست دەدات. «ترادگیل» پاراستنی جۆراوجۆریی زمانی وەک پاراستنی چەشناوچەشنیی بایۆلۆژیک بە گرنگ و پێویست زانیوە: «پاراستنی چەشناوچەشنی زمانی لە دنیادا دەبێت کارێک بێ کە بخرێتەبەر کاری دیکە، هەر بەو شێوەیەی کە حەول دەدرێ بۆ پاراستنی چەشناوچەشنی بیولۆژیک» (ترادگیل،٢٠٢٢:٢٧٢).

سەیرکردنی زمانەکان وەک سامانێکی گرنگی مرۆیی، هاندەری ڕێکخراو و ناوەندە کولتووریيە جیهانییەکان بووە بۆ ئەوەی پاراستنی ئەو زمانانەی لە مەترسیی لەنێوچووندإن، بخەنە ڕیزی پێشەوەی ئامانج و ئەرکەکانیان. «واخیدە» و هاوکارانی، ئاماژەیان بە نۆ فاکتەر کردووە کە ڕێکخراوی جیهانیی یۆنسکۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی ژیان و مانەوەی ئەو جۆرە زمانانە دیاریی کردوون. ئەو نۆ فاکتەرە بریتین لە:«١- گوێزرانەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، ٢-ژمارەی دیاریکراوی ئەو کەسانەی بەو زمانە دەدوێن، ٣-ڕێژەی ئاخێوەرانی ئەو زمانە بە بەراورد لەگەڵ کۆی دانیشتووانی وڵاتەکە، ٤-ئەو بوارانەی زمانەکەیان تێدا بەکاردەهێنرێت، ٥-وەڵامدەربوون لەئاست بواری تازە و ڕاگەیەنە نوێیەکان، ٦-بەکارهێنانیان لە فێربوونی زمان و خوێندەواریدا، ٧- ڕوانگە و سیاسەتە زمانییەکانی دەوڵەت و ناوەندە فەرمییەکان، ٨- ڕوانگەی ئاخێوەرانی زمانەکە بەرانبەر زمانەکەیان و ٩- چەند و چۆنی بە دۆکیۆمێنتکردنی» (واخیدە و ئەوانی دیکە، ١٤٠٠: ١٧٨).

هەوڵەکانی ڕێکخراوی یۆنسکۆ و ناوەندە کولتووریيەکانی دیکەی جیهان بۆ پاراستنی زمانەکان و بەرگرتن بە مردنیان لەم ڕاستییەوە سەرچاوەیان گرتووە کە هیچ زمانێک لە خۆیدا کێشە و گرفت نییە، نە بۆ ئاخێوەرانی خۆی کێشە و گرفتە، نە بۆ ئاخێوەرانی زمانانی دیکە، بەڵکو سەرچاوە و سامانی مەعریفی و کولتووری و مرۆیین. ئەو کاتەی زمانێک یان جۆراوجۆریی زمانی دەبێت بە کێشە کە ئاخێوەرانی زمانێکی تایبەت، یان دەوڵەت و دەسەڵاتی سەربە نەتەوەیەکی زاڵ لە کۆمەڵێکی فرەنەتەوە و فرەزماندا، باڵادەستی و گەشە و پێشکەوتن و گشتگیرکردنی زمانەکەی خۆیان لەسەر بناغەی لاوازکردن و پەراوێزخستنی زمانانی دیکەی ئەو کۆمەڵ و وڵاتە دانابێت. «محەممەدی» بە پشتبەستن بە تیۆریی ڕیچارد ڕۆیز ، بیرۆکەی سەیرکردنی زمان وەک گرفت دەباتەوە سەر عەقڵیەتی تاکزمانی: «بەپێی

تیۆری ڕۆیز، هەبوونی هیچ زمانێک بۆ زمانەکانی دیکە کێشە ساز ناکات، ئاراستەکردنی بیرۆکەی«زمان وەک گرفت» لە تێڕوانینی تاکزمانی و عەقڵیەتی ئاسمیلاسیۆنیزمەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەبوونی هەر زمانێک جگە لە تاکزمانی وەک کێشە و گرفت دەزانێت» (محەممەدی،١٣٨:٢٠٢٣). ئەوە ڕاستە کە کۆمەڵی جووتزمانی یان فرەزمان، کێشەی پەروەردەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی تێدا دەوروژێت، بەڵام کێشەکە لە بوونی دوو زمان و چەند زماندا نییە؛ کێشەکە بۆ ستەمی زمانی و هەڵاواردن لەنێوان زمانەکان دەگەڕێتەوە.

تەنیا ئەو دەسەڵات و سیستەمە سیاسی، فێرکاری و کولتوورییانەی باوەڕیان بە سیاسەتی تاکزمانی هەیە، بوونی زمان یا زمانانی دیکە لەپاڵ خۆیان وەک گرفت چاو لێدەکەن، بەڵام وەک «شێخولئیسلامی» پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە: «زمانناسیی کۆمەڵایەتی نەک هەر جۆراوجۆریی زمانی بە گرفت و مەترسی نازانێت، بەڵکو ڕێزی لێدەگرێت. لە کاتێکدا کە لایەنگرانی تاکزمانی لە جۆراوجۆریی زمانی دەترسن، زمانناسیی کۆمەڵایەتی بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە ڕێز لە جۆراوجۆریی زمانیی بگرێت و لێی بکۆڵێتەوە»(شێخولئیسلامی، ٢٠١٨ :٢١٢). دیارە ئەو سیستەم و دەسەڵاتانەی ناسنامەی وڵاتی خۆیان لەسەر بناغەی نەهێشتنی جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و زمانییەکان و تواندنەوەیان لە نەتەوە و زمانێکی دیاریکراودا دامەزراندووە و لەم ڕێگایەوە نەتەوەیەکی خەیاڵییان دروست کردووە، زمانە زاڵکراوەکە وەک هۆکارێکی ناسنامەچێکەر و هەوێنی یەکپارچەیی نەتەوەیی سەیر دەکەن؛ بە پێچەوانەشەوە لە زمانانی دیکە وەک سەرچاوەی گرفت دەڕوانن.

ڕوانگەی لایەنگری فرەزمانی لە لۆژیکێکی تەواو جیاواز و پێچەوانەی ڕوانگەی لایەنگری تاکزمانی، ڕۆڵی زمان لە ئاسایشی نەتەوەیی و تەبایی کۆمەڵدا دەبینێت. لێکۆڵەری ئێرانی «موعینیان» کە بۆخۆی ڕەخنەگری سیاسەتی تاکزمانییە، پێی وایە: «یەکپارچەیی نەتەوەیی لە ڕێگای پێوەندیی دوولایەنەی زمانەکان لەگەڵ یەکتر باشتر دابین دەبێت تا لەڕێگای زاڵکردنی زمانێک یان ئێتنیکێک بە سەر زمانەکان و ئێتنیکەکانیدیکەدا (معینیان،٨٢:١٣٨٩). مەبەستی لەم قسەیە ئەوەیە ئەو کاتەی زمانەکان لە ڕووی دانپێدانان و دەستووری و کارپێکردنەوە، پێگەی وەک یەک یان لێکنزیکیان هەیە، ئاخێوەرانیان زیاتر هەست بە یەکسانی و تەبایی دەکەن، بەڵام کاتێک زمانێک بەسەر ئەوانی دیکەدا دەسەپێندرێت، هەستی پێچەوانە دروست دەبێت. بۆ ڕاستی و دروستیی ئەم قسەیە، دەتوانین مێژووی ئەم سەد ساڵەی دواییی ئێران بە نموونە بێنینەوە. لە وڵاتی فرەنەتەوە و فرەزمانی ئێران، زاڵکردنی تاکە زمانێک یا تاکە نەتەوەیەک بەسەر ئەوانی دیکەدا، سەرچاوەی کێشە و گرفت بووە؛ کێشەیەک کە هەم لاوازی و گۆڕانی زمانی لێکەوتووەتەوە، هەم پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی بەشێک یان چەندین بەش لە نەتەوە و کەمایەتییە زمانییەکانی ئەم وڵاتە. بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو کەسانەی کە پێیان وایە بە زاڵکردنی تاکزمانی و سڕینەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و زمانییەکان دەتوانن

وڵاتێکی یەکگرتوو و بەهێز دروست بکەن، وەک لێکۆڵەر سورخابی وتوویەتی: «زمانێک کە داسەپاو بێت ناتوانێت بەرهەمهێنەری دەسەڵاتێکی سەقامگیر و دیموکراتی بێت، چونکە سەرجەم دەستکەوتەکانی دەسەڵاتداڕەتییەکە، بەردەوام ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردن دەبنەوە. بەردەوامبوون لەسەر ڕێگری لە سیستەمی پەروەردە بە زمانی دایک، دەتوانێت بۆ کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ڕووخێنەرەکانی وەک فاشیزم، شۆڤێنیزم و بنیاتگەری ڕێخۆشکەر بێت» (سورخابی، ۲۰۱۱). بەم جۆرە تاک و گرووپی سەربە زمانی سەرکوتکراو، هەستی هۆگری و بەستراوەیی بەو وڵات و کۆمەڵەی تێدا لاواز دەبێت، دەسەڵاتی سیاسی و دامودەزگای حکومەتی بە هیچ خۆیان نازانن و بەرهەڵستی دەبنەوە. ئەمەش ناڕەزایەتیدەربڕین و بەربەرەکانی و قەیرانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لێدەکەوێتەوە و دەتوانێت بێتە هۆیەک بۆ تێکدانی تەبایی گشتی و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی وڵات. تەنیا لە دۆخێکی لەم چەشنەدا، فەرزمانی دەبێتە سەرچاوەی گرفت.

۱-٤-۲- زمانی کەمینە و زمانی زۆرینە

ڕەگەز، ئایین، زمان و ئێتنیک لەو فاکتەرانەن کە دەبنە هۆی جۆراوجۆری؛ دەبن بە بنچینەی دروستبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی جیاواز لە کۆمەڵدا. دیارە کەمتر ڕێک دەکەوێت کە پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ لە ڕووی ژمارە و چەندایەتییەوە یەکسان و بە یەک ڕادە بن، واتە ئاخێوەرانی زمانەکان، یان پەیڕەوانی ئەم یان ئەو ئایین، ژمارەیان وەکو یەک بێت. ئەم زۆری و کەمییەی ژمارەی هەر یەک لە پێکهاتەکان، بووە بە بنەمای ناودێرکردنیان بە «زۆرینە» و «کەمینە». واتای «زۆرینە»(زۆرایەتی) و کەمینە (کەمایەتی) ، لە فەرهەنگەکانی وشەدا، هەتا ڕادەیەکی زۆر لێک نزیک و هەر لەو کاتەدا سادە و ڕوونن. لە فەرهەنگی ئاکسفۆرددا، «زۆرینە» وەک زۆرترین و گەورەترین بەشی گرووپێک لە تاکەکان یا شتەکان»، پێناسە کراوە. «کەمینە»ش بریتییە لە: «بەشی بچووکتری گرووپێک؛ کەمتر لەنیوەی تاکەکانی گرووپێک یان کەمتر لەنیوەی ئەو شتانەی گرووپێک پێک دێنن «(فەرهەنگی سەرهێڵی ئۆکسفۆرد). فەرهەنگی «لۆنگمان»یش زۆرایەتیی تاکەکان یا شتەکانی، وەک یەکەم واتای ئەم چەمکە کە بەرانبەرەکەی دەبێتە «کەمینە» (فەرهەنگی سەرهێڵی لۆنگمان) هێناوە. گولد و کولب» لە پێناسەی کەمایەتیدا دەڵێن: «گرووپی کەمایەتی لەو ڕووەوە پێی دەگوترێت کەمایەتی، چونکە ژمارەی ئەندامانی لەو گرووپەی کە زۆرایەتیین، کەمترە. لەباری ڕوخسارە کولتوورییەکانیشەوە لە ئێتنیکەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە. ئەم جیاوازییانە، هەڵسوکەوتی جۆراوجۆر لەلایەن دەوڵەتانی لێدەکەوێتەوە کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هاوپێوەندی و هەستی هاوبەش لە نێوانیاندا» (تورابی و مەجیدی، ۱۳۹٤:۱۲).

دیارە زۆرینە و کەمینە، هەمیشە لەسەر بناغەی ناسنامە و جیاوازیی ڕەگەزی، ئایینی، زمانی و ئێتنیکی دروست نابن. ئامانج و بەرنامە و باوەڕی سیاسییش کە دەبن بە هەوێنی

پێکهاتنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی جیاواز و پێکهاتنی فراکسیۆن و گرووپی پارلمانیی جۆراوجۆر، لە کاتی ململانیی هەڵبژاردن و دەنگداندا، دەبنە هۆی پێکهاتنی زۆرینە و کەمینەی سیاسی لە پارڵمان و وڵاتدا. لێرەدا ڕاستییەکی گرنگ هەیە کە نابێ لێی غافڵ بین. زۆر جاران ناودێرکردنی کۆمەڵە خەڵکێک بە «کەمینە» یان «زۆرینە» پێوەندیی بە زۆری و کەمیی ژمارەی ئەوانەوە نییە. کەمینە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ئەدەبیاتی سیاسیدا وشەیەکە بۆ باسکردنی ئەو گرووپانەی ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبنەوە و پێوەندییەکی بە ژمارەی ئەندامانی ئەو گرووپانەوە نییە. ئیسماعیلی، تۆێژەرێکی کوردی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم بارەیەوە وتوویەتی: «لەوانەیە گرووپێکی کەمایەتی لە ڕووی ژمارەوە، لە گرووپی دەسەڵاتدار زیاتریش بێت. وەک نموونە لە ئەفریقا کاتێک ئینگلیسییەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان ئەوەندە کەم بوو کە هەر بۆ بەراوردکردن لە گەڵ دانیشتووانی ناوچەکە نەدەبوو، کەچی خەڵکی ناوچەکە لە پێگەی کەمینەدا بوون، یان لە ئێران ژنان نزیک بە نیوەی دانیشتووانی وڵات پێکدێنن کەچی بە کەمایەتی ناودەبرێن» (ئیسماعیلی،٢٠٢٣).

«زۆرینە» و «کەمینە» بوونی گرووپێکی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر جێگە و پێگەی سیاسی و بەشداربیان لە دەسەڵات و بەڕێوەبەرێتیی وڵات و دابینبوون یا بێبەشبوونیان لە مافە جیاوازەکانیاندا هەیە. ئەگەر وڵاتێک دیموکراسیی تێدا نەبێت و بنیاتی سیاسی و دەسەڵاتداریێتییەکەی لەسەر ویست و ئیرادەی تەنیا یەکێک لە پێکهاتەکانی کە زۆرینەی وڵاتن، دامەزرابێت- جا ئەو زۆرینەیە زۆرینەی ئایینی، یا ئێتنیکی بێت- کەمینەکان دەکەونە دۆخێکی نەخوازراو و ڕووبەڕووی ستەم و چەوسانەوە و گوشاری جیاواز دەبنەوە. «زۆرینەی زمانی»، «کەمینەی زمانی»، «زمانی زۆرینە» و «زمانی کەمینە» لەو چەمکانەن هەروا کە لە ناوەکەیان دەردەکەوێت، «زمان» هەوێن و چەقی دروستبوون و لێک جیاکردنەوەیانە. زمانی زۆرینە» بەو زمانانە دەگوترێت کە ئاخێوەرانیان پێگەی زۆرینەیان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی وڵاتدا هەیە. زمانی کەمینەش بەو زمانانە دەگوترێت کە ئاخێوەرانیان لەئاستی وڵاتێکدا و بە بەراورد لەگەڵ ئاخێوەرانی زمانی زۆرینە، بە کەمینە دەژمێردرێن یان لە ڕووی ژمارەوە کەمینە نین، بەڵام نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتدار پێگەی کەمینەی بەسەردا سەپاندوون. سورخی، «زمانی کەمینە»ی بەم جۆرە پێناسە کردووە: «زمانێکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن وەک زمانی زگماکی لەلایەن تاکەکانی بەشێک لە وڵاتێکەوە جێگیربووە کە زمانی نەتەوەیی یان فەرمی ئەو وڵاتە شتێکی تر»». ئەو لێکۆڵەرە لە زمانی تراسک(١٧٢:٢٠٠٧)، کاریگەریی پێکهاتنی دەوڵەت -نەتەوەکانی لەسەر دروستبوونی زمانانی کەمینە لە وڵاتانی فرەزماندا بەم جۆرە باس کردووە: «زمانی کەمینە بۆ چەندین سەدە و هەندێ جاریش بۆ هەزارەیەک لە ناوچەکەی قسەی پێکراوە، بەڵام قسەکەرانی بە سانایی لە چوارچێوەی دەوڵەت- نەتەوەیەکدا خۆیان یەکخراو دۆزیوەتەوە کە زمانە سەرەکییەکەی شتێکی دیکەیە» (سورخی،٣١:٢٠١٣). مەرج نییە کەمینەیەکی

زمانی لە وڵاتێک یا ناوچەیەک، لە هەموو شوێنێک و هەر بە شێوەیەکی سروشتی، کەمینە بن. عەرەبەکان لە ئێران وەک پێکهاتەی ئێتنیکی و زمانی، بە کەمینە دەژمێردرێن، بەڵام نەتەوەی عەرەب و عەرەبزمانانی جیهان سەرلە سەدان میلیۆن دەدەن و لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکانیشدا، زۆرینەی دانیشتووان پێک دێنن. کوردزمانان لە خۆراسانی ئێران کەمینەی زمانیین، بەڵام کورد لەسەر نیشتمانی خۆی زۆرینەی زمانی پێک دێنێت.

خاڵێکی گرنگتر و جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردن ئەوەیە، ئەگەر زمانێک لە ئاستی وڵاتێک یان پارێزگایەکدا کەمینە بوو، ئەمە ناتوانێت سەربەخۆیی و جیاوازبوونی ئەو زمانە لە زمانانی دیکە بخاتە ژێر پرسیارەوە. زۆرجار دیاریکردنی سنووری وڵاتان و پارێزگاکان لەژێر کاریگەریی بڕیاری سیاسی یا هۆی دیکەدا بووە و بەشێکی کەم لە نەتەوەیەک و ئاخێوەرانی زمانێک بێ ڕەزامەندی و وێستی خۆیان، خراونەتە سەر وڵات و نەتەوە و پارێزگایەکی دیکە. ئەگەر خاک و ناوچە و مەڵبەندی ژیانیان بە بڕیارێکی سیاسی لە کۆی نیشتمان و سەرزەویی ئەوان دانەبڕێنرابا، لەسەر نیشتمانی خۆیان زۆرینە بوون. لێکۆڵینەوەی هاوبەشی «عومەر و عومەر»، زمانی کوردی وەک نموونەی زمانی کەمینە و زمانی نەتەوە سەردەستەکان لە ئێران و عێراق و تورکیە بە نموونەی زمانی زۆرینە، ناو بردووە: «لە وڵاتی فرەزماندا زمانێک دەبێتە باڵادەست و زمانێک، یان زمانەکانی تریش دەبنە کەمینە. ئەم باڵادەستییەش دەبێتە هۆی چەوسانەوەی زمانی کەمینە، زمانی کوردیش وەک زمانێکی کەمینە و ژێردەستە لەم چەوسانەوەیە بێبەش نەبووە، کەوتووەتە ژێر حوکمی تورک و فارس و عەرەب...، بەڵام خۆشبەختانە زمانی کوردی توانیویەتی خۆی بپارێزێ و بمێنێتەوە. ئەگەرچی کاریگەریی بەریەککەوتنی زمانەکانی لەسەربووە» (عومەر و عومەر،٢٠١٧:٣١).

زمانی زۆرینە، لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە، لەدەست نەتەوەی سەردەستدا وەک ئامرازێک بۆ یەکسانسازیی زمانی و کولتووری و ڕێگرتن لە گەشە و پێشکەوتنی زمانی کەمینەکان بەکار هێنراوە. لێکۆڵەر «حەقمرادی»، ئەو سیاسەتە کولتووری و زمانییانەی لەسەر بناغەی یەکسانسازیی زمانی و ڕێگرتن لە پەروەردە بە زمانی دایک دامەزراون، بە جۆرێک کۆمەڵکوژیی کولتووری ناوبردووە کە نەک هەر لەنێوبردنی کولتوور و ناسنامە، بەڵکو دواجار لەنێوچوونی خەڵکێکی لێدەکەوێتەوە کە بەو زمانە قسە دەکەن(حەقمرادی، ١٣٩٥). زۆرینەی زمانی، بە تایبەتی نوێنەرانی زمان و ئێتنیکی سەردەست، زیاتر بە چاوێکی سووک لە زمانی کەمینەکان دەڕوانن. کەمتر بە زمان و زیاتر بە «زار» و «شێوەزار» ئەویش شێوەزاری سەربە زمانی سەردەست، هەروەها بە زمانی ناوچەیی، زمانی خۆجێیی، زمانی قەومی، زمانی ناکامڵ، زمانی بێ نووسین و ...هتد ناویان دەبەن و بەردەوام توانای ئەو زمانانە دەبەنە ژێر پرسیار.

بەشی دووەم

زمان و پەروەردە،دەوڵەت -نەتەوە، نەتەوەی بێدەوڵەت

۲-۱-دەروازە

یەکێک لەو کێشە گرنگانەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان هەیانە بێبەشبوون لە مافی سەروەریی نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەر خاکی خۆیانە. ئەم بێبەشییە سەرکوت و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ئەوانیشی لێکەوتووەتەوە، بە تایبەتی زمانەکانیان ڕووبەڕووی پەراوێزخران و تەنانەت حاشالێکردن بووەتەوە. دەوڵەت-نەتەوەکان بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە، دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستن و سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی وڵاتیان خستووەتە خزمەت ئەم پەراوێزخستن و حاشالێکردن و سڕینەوەیە، ئەویش لەڕێگای زاڵکردنی تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردە و ڕێگاگرتن لە بەکارهاتنی زمانانی دیکە لە پەروەردەدا. وڵاتی ئێران یەک لەو وڵاتانەیە کە سیاسەتی زمانیان بۆ خزمەتی ئایدۆلۆژیا و ئامانجگەلی سیاسیی دیاریکراو بەکار هێناوە. ئایدۆلۆژیای زاڵ لە ئێران لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا ئەم وڵاتەی وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان پێناسە کردووە، نەک هەر دانی بە فرەنەتەوە و فرەزمان بوونی خەڵک و وڵاتی ئێراندا نەناوە، بەڵکو هەوڵی حاشالێکردن و پەراوێزخستنی ئەو نەتەوە و زمانانە و ڕێگری لە جێبەجێبوونی مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیانی داوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ئێران نەک یەک نەتەوە، بەڵکو «بە شێوەیەکی گشتی شەش نەتەوەی سەرەکی هەن کە بریتین لە: کوردەکان، بەلووچەکان، ئازەربایجانییەکان، تورکمانەکان، فارسەکان و عەرەبەکان» (جداری، ۲۰۱۹). هەر یەک لەم نەتەوانە زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە. بێجگە لەم نەتەوانە و زمانەکانیان (کوردی، بەلووچی، ئازەری، تورکمانی، فارسی و عەرەبی) چەندین کەمایەتیی ئێتنیکی و زمانیی دیکەش پێکهاتەی خەڵکی ئێران پێک دێنن.

سیاسەتی زمانیی ئێران لە بواری پەروەردەدا، لە خزمەت نەتەوەسازی و دەوڵەتسازییەکی ناتەبا لەگەڵ واقیعی فرەنەتەوە و فرەزمانبوونی ئەو وڵاتەدا بووە. هەر لەوکاتەدا کە ڕێگر بووە لە پەروەردە بە زمانە نافارسییەکان، ناوەڕۆکی کتێب و بابەتەکانی پەروەردەشی بۆ جێگیرکردنی ئایدۆلۆژیای «یەک وڵات، یەک نەتەوە و یەک زمان» بەکار هێناوە. ئەم سیاسەتە زمانییە تا هاتووە زیاتر لەگەڵ ناڕەزایەتی و بەربەرەکانێ ڕووبەڕوو بووەتەوە و لە ئێستادا وەک کێشەیەکی ڕوو لە گەشەی وڵاتی ئێران خۆی دەرخستووە. ڕێژەیەکی بەرچاو لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی پێوەندیدار بە زمان و پەروەردە لە نێوخۆی ئێران، ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم

سیاسەتە زمانییەیان داوەتە بەر ڕەخنە. ڕۆشنبیران، نووسەران و چالاکانی مەدەنیی سەر بەو نەتەوانەش، بە تایبەتی لە کوردستان، ئازەربایجان و بەلووچستان، هەموو ساڵێک و لە بۆنەی جیاوازدا، نارازیبوونی خۆیان لە پەروەردەی تاکزمانی نیشان داوە و لەسەر خوێندن بە زمانی دایک پێیان داگرتووە. لەم بەشەدا هەم ئاوڕ لە ناوەرۆکی پڕۆسەی «نەتەوەسازی» لەلایەن دەوڵەت -نەتەوەی ئێران بە یارمەتی و هاوکاریی سیستەمی پەروەردەی تاکزمانی دەدرێتەوە، هەم گرنگیی بەرپەرچدانەوەی ئەم پڕۆسەیە لەلایەن نەتەوە نافارسەکانی ئێران و بە دیاریکراوی نەتەوەی بێدەوڵەتی کورد، لە ڕێگای داواکردن و پێداگری لەسەر پەروەردە بە زمانی خۆیان باس دەکرێت.

۲-۲-نەتەوە و دەسەڵاتی سیاسی

۲-۲-۱-چەمکی نەتەوە و جۆراوجۆریی ڕوانگەکان

«نەتەوە» لەو چەمکانەیە کە کۆمەڵناسان و زانایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی جیاواز پێناسەیان کردوون. لەپشت ئەو پێناسانە، ئایدۆلۆژیا و ڕوانین و بەرژەوەندی سیاسیی جۆراوجۆر هەن کە بەشێکیان لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە دامەزراون. لە بەراییدا پێویستە بگوترێت کۆمەڵە خەڵکێک کە خۆیان بە نەتەوە دەزانن، بەڵام لە مافی هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی بێبەش کراون، پێناسە و خوێندنەوەیان لە نەتەوە، جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ پێناسەی دەستەڵاتداران و ڕووناکبیرانی وڵاتێک کە وڵاتەکەیان لە چەند نەتەوەی خاوەن زمانی جیاواز و سەرزەویی تایبەت بە خۆیان پێک هاتووە، بەڵام هەموانیان بەسەر یەکەوە بە یەک نەتەوە ناو دەبەن. کەم نین ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی سەرزەوی، زمان، مێژوو و کولتووری تایبەت بە خۆیان هەیە و بەڕاستی لەوانی دیکە جیاوازن، بەڵام هەر بەو هۆیەوە کە نەیانتوانیوە سەربەخۆییی خۆیان ڕابگەیەنن و دەوڵەت-نەتەوەی خۆیان پێک بهێنن، بە نەتەوە دانانرێن.

لە پێناسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێک وەک نەتەوە فاکتەری جۆراوجۆر دەور دەبینن. بەپێی پێناسە کۆنەکان زمانی هاوبەش، سەرزەویی هاوبەش، مێژووی هاوبەش و کولتووری هاوبەش لە سەرەکیترین فاکتەرەکانن. جاران ئابووریی هاوبەشیش وەک یەکێک لەو فاکتەرانە ناوی دەهات. بە نموونە ژۆزێف ستالین، ڕێبەری حزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت لە پێناسەکەی خۆیدا «نەتەوە»ی لە ڕەگەز، ئێتنیک لەلایەکەوە و ئیمپراتۆری لەلایەکی دیکەوە جیا دەکردەوە. ئەو لەسەر ئەم باوەڕە بوو: «نەتەوە کاتێک پێکدێت کە چەندین هۆکاری سەقامگیر لە دەوری یەک کۆ ببنەوە، بۆ نموونە ئابووریی هاوبەش، زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش و فەرهەنگی هاوبەش یان پێکهاتەیەکی سایکۆلۆجیی هاوبەش کە لە پێکهاتنی فەرهەنگی هاوبەشدا ڕەنگی دابێتەوە» (موهتەدی،۲۰۲۱). دیارە ئەم پێناسەیەی ستالین و ڕێبەرانی دوای ئەو بۆ نەتەوەکان، تەنانەت بەفەرمی ناسینی

مافی جیابوونەوە بۆ نەتەوەکانیشی لە تیۆریدا لەگەڵدابوو، بەڵام بەکردەوە بەپێچەوانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەتەوەکان کرد. ئەم فاکتەرانە ئەگەر لەبارەی هێندێک نەتەوەش ڕاست و لەجێی خۆیاندا بن، ناتوانن بۆ هەموو نەتەوەکان دروست بن، چونکە بەکردەوە دەبینین چەندین کۆمەڵە خەڵک هەن کە هەم سەرزەویی هاوبەشی خۆیان هەیە، هەم زمانی تایبەت بە خۆیان؛ لە دریژاییی مێژووشدا هەبوون، بەڵام چونکە لە برگەیەک لە مێژوودا نەیانتوانیوە سەربەخۆییی خۆیان ڕابگەیەنن و دەوڵەتی نەتەوەییی تایبەت بە خۆیان پێک بێنن و بیچەسپێنن، بە نەتەوە ناژمێردرێن.

٢-٢-٢-مەرجدارکردنی نەتەوە بە هەبوونی وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ

بۆ چوونە نێو ئەم باسە، لە پێشدا چەند پێناسەیەکی جیاواز و جۆراوجۆری «نەتەوە» دەخەینە ڕوو. دواتر لەسەر ئەمە ڕادەوەستین کە کورد وەک کۆمەڵە خەڵکێکی دەیان میلیۆنی و خاوەنی سەرزەوی و نیشتمانێک کە ڕووبەرەکەی لە ڕووبەری دەیان وڵاتی سەربەخۆی ئەمڕۆی جیهان گەورەترە، ئایا دەکەوێتە خانەی «نەتەوە»؟ ئەم کۆمەڵە خەڵکە، ئەگەر نەتەوەن بۆچی مافی هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ و دەوڵەتێکی نەتەوەییی تایبەت بە خۆیان پێ ڕەوا نابیندرێت؟ ئەگەر «نەتەوە» نین شایانی چ ناوێکی دیکەن؟ ناسنامەکەیان چییە؟ چییەتیی کێشەکەیان چۆن لێک دەدرێتەوە و ئەم کێشەیان چۆن دەبێت چارەسەر بکرێت؟

نەتەوە بە شێوەی جیاواز پێناسە کراوە. جاری وایە لەم پێناسەکردنانەدا سنووری نێوان نەتەوە و کۆمەڵە خەڵکێکی خوارتر لە نەتەوە بۆ وێنە «قەوم»(ئێتنیک) بە زەحمەت لێک جیا دەکرێنەوە. واتە هەر ئەو پێناسەیەی بۆ نەتەوە کراوە، دەکرێت بۆ قەومێکیش بەکاری بێنی. هێندێک پێناسەکانیش نەتەوە بە هەبوونی دەوڵەت دەبەستنەوە، واتە نەتەوەیەک کە دەوڵەتی نەبێت نەتەوە نییە. لە بەرانبەردا پێناسەی ئەوتۆش هەیە کە نەتەوەبوونی کۆمەڵە خەڵکێک بە قەناعەت و بڕواهەبوونیان بە نەتەوەبوونی خۆیانەوە گرێ دەداتەوە. لەم بەشەدا ئاماژەیەکی کورت بە ژمارەیەک لەو پێناسە جیاوازانە دەکرێت. «شەبانی» نەتەوەی بەم جۆرە پێناسە کردووە : «نەتەوە بریتییە لە خاڵی هاوبەشی کۆمەڵێك خەڵك لەبارەی زمان و کولتوور و جیوگرافی و شێوەژیان و ڕەگ و ڕیشە مێژووییەکانەوە». هەر ئەم سەرچاوەیە بەم جۆرە درێژەی بە پێناسەی نەتەوە داوە: «بەڵام لە ڕووی تیۆر و ڕەگ و ڕیشەوە زاراوەی نەتەوە زیاتر دیاردەیەکی مێژوویی سیاسییە. نەتەوە یەکینەیەکی گەورەی سیاسییە کە لەنێوان کولتوور و هۆشیارییەکی هاوبەشدا گرێبەستێك ساز دەکات» (شەبانی،٢٠١٥: ٣٢٦). پێناسەیەکی دیکەی ئەم چەمکە بریتییە لە: «کۆمەڵگەیەکی هاوڕەگەز کە خاوەنی پێشینەیەکی مێژوویی یەکسان و بەرژەوەندییەکی هاوبەش و زمانێکی یەکگرتوو بێت»(سمکۆ محەمەد،٢٠٠٩: ٩٩). ئەگەر بەراوردێکی ئەم پێناسانە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە هەبوونی خاڵی هاوبەش لە ڕووی زمان و کولتوور و شێوەژیان و ڕەگوڕیشەی مێژوویی بۆ ناودێرکران بە «نەتەوە» مەرجێکی پێویستە، بەڵام مەرجی تەواو

ئەوەیە کە پێویستە نەتەوە«یەکینەیەکی سیاسی»یش بێت؛ یەکینەیەکی سیاسی کە لەسەر بناغەی هاوڕەگەزی و خاڵە هاوبەشەکان، گرێبەستی دروست کردبێت. مەبەستیش لەم وشانە ئەوەیە توانییێتی وەک دەوڵەتێک بوونی خۆی بسەلمێنێت. ئاشکرایە دەوڵەتیش لەسەر خاکێکی دیاریکراو پێک دێت. بەم جۆرە پێناسەی نەتەوە، سێگۆشەیەک دەگرێتە خۆی: گۆشەیەک کۆمەڵە خەڵکەکەیە بە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانیانەوە، گۆشەکەی دیکە وڵات یا سەرزەوییەکە کە ئەو خەڵکەی لەسەر دەژین و لە گۆشەی سێیەمیشدا دەوڵەتی ئەو نەتەوەیە هەیە.

بیرمەندی فەرەنسی، «ئەرنێست ڕێنان» پێی وایە نەتەوە بەیەکەوەژیانێکی ئارەزومەندانەیە کە لەسەر بنەمای ئیرادە و ئارەزووی هاوبەشی تاکەکانی دادەمەزرێت. بەپێی بۆچوونی ڕێنان: «بوونی سەروەری و شانازییەکانی ڕابردوو، هەبوونی وِیست و ئیرادەی هاوبەش لە ئێستادا، ئەنجامدانی کاری گەورە و مەزن لە ڕابردوودا و هەوڵدان بە ئامانجی ئەوەی کاری زیاتریش بە یەکەوە بکرێت، هەموو ئەمانە بۆ بوون بە نەتەوە پێویستن» (جەعفەر عەلی،۲۰۱۷). ڕێنان، نەتەوەی بە هاوپێوەندییەک زانیوە کە بەهۆی ئاگامەندیی مێژوویییەوە دەپارێزرێت. مەبەستی لەم قسەیە ئەمەیە: «ئەم هاوپێوەندییە دەبێت بە خواستی ژیانی هاوبەشەوە دریژەی پێبدرێت. بە هەمان ئەندازە کە ڕابردووی مێژوویی گرنگە، ئێستاش گرنگە. ناکرێت ئێستا فیدای ڕابردوو بکەین و نەتەوەیەک بەهۆی ئەوەی پێشینەیەکی هاوبەشیان بووە، بە ناچاری لای یەک ڕایانبگری یان لە یەکیان جیا بکەیتەوە» (موهتەدی، ۲۰۲۱). کاکڵەی پێناسەکەی ڕێنان «نەتەوەی سیاسی» دەگرێتەوە. چونکە ڕێنان لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە «نەتەوە» بریتییە لە ڕاپرسییەکی ڕۆژانە. تەبریزی لێکۆڵەری ئێرانی، مەبەست لەم قسەیەی ڕێنانی بەم جۆرە لێک داوەتەوە: «بنەمای نەتەوە لەسەر ئیختیار و ڕەزامەندی و حەز و ئارەزوومەندێتی بۆ پێکەوەژیان دادەمەزرێت کە ئەمەش لە ڕاپرسیدا خۆی دەرخستبێت، نەک جارێک ڕاپرسی و بۆ هەمیشە، بەڵکو ڕاپرسییەکی ڕۆژانە و بەردەوام و بەستنەوەی مانەوە و پێکەوەژیانی ئەو نەتەوە سیاسییە بە ڕەزامەندیی بەردەوام و ڕۆژانە (تبریزی، ۲۰۰۸). «بێنێدیکت ئاندرسۆن» کە پێکهاتنی نەتەوە و ناسیۆنالیزم (نەتەوەپەرستی)ی گەڕاندووەتەوە بۆ سەرهەڵدانی پیشەسازی و سەرمایەداری، لەو بڕوایەدا بوو «بۆ پێکهێنانی نەتەوە مەرجە دوو پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێك بشكێنرێت. یەکیان تێکشکاندنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی سەروو نەتەوە کە ئیمپراتۆرییەت و دەوڵەتی دینی و هاوشێوەی ئەوانە دەگرێتەوە؛ دووەمیان، تێکشکاندنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی خوار نەتەوە، کە خۆی لە بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت و هەر پێکهاتەیەکی دیکەی لە نەتەوە بچووکتردا دەبینێتەوە»(سەرچاوەی پێشوو). ئەمەش بەو مانایەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک کە خۆیان بە یەک نەتەوە دەزانن، ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لە بەستراوەیی بە گرووپی سەرووتر یان خوارتر لە نەتەوە، بە گرنگتر دادەنێن.

۲-۲-۳-نەتەوە بەپێی تیۆری دەوڵەت- نەتەوە

جیهان لە کۆتاییی سەدەی هەژدەیەم و پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکانی ئەمریکا (١٧٨٦) و فەرانسە (١٧٨٩) بەرەبەرە شایەتی پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوەکان بوو. پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوە لە سەدەی نۆزدەیەم لە ئەورووپای ڕۆژاوا و باکووری ئەمریکا پەرەی گرت، پاشان ئەم ڕەوتە لە سەدەی بیستەمدا لە ئەمریکای لاتین، ئاسیا و ئەفریقا گەشەی کرد، وای لێهات لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نزیکەی پانزدە ئیمپراتۆریی لاوازی چەند ئێتنیکی (وەک عوسمانی، نەمسا و هەنگاریا) ڕوخساری سیاسیی جیهانیان پێک دێنا (حەمدی و هاوکارانی،١٣٩٩:٣٣٣). تیۆری دەوڵەت-نەتەوە داواکار بوو کە ئیمپەراتۆرییەکانی ئەو سەردەم بەگوێرەی پێکهاتە ئێتنیکی و نەتەوەییەکانیان دابەش ببن، بە جۆرێک کە هەر نەتەوەیەک دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. زۆر لە وڵاتانی ئەو سەردەمیش ڕێک لەسەر ئەم بناغەیە دروست بوون. لەم تیۆرەدا نەتەوە پێش دەوڵەت دەکەوت، واتە نەتەوە دەبوو هەبا جا دەیتوانی دەوڵەتی هەبێت. تیۆری ناوبراو ئەم مافەی دەدا بە هەر نەتەوەیەک کە دەوڵەتی خۆی هەبێت. لە ڕاستیدا بەپێی ئەم تیۆرە پۆلێنکردنی بلۆکە سیاسییەکانی جیهان دەبووایە بەپێی پۆلێنکردنی نەتەوەکان بێت. لەم تیۆرەدا نەتەوە بوون هۆکار و دەوڵەت ئەنجامەکەی بوو.

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە یان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە بەشەکانی دیکەی دنیاش بە پشتبەستن بەم تیۆرە، ژمارەیەک دەوڵەت-نەتەوە دروست بوون، یان بە ئیلهاموەرگرتن لە تیۆری دەوڵەت- نەتەوە، خۆیان و خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان پێناسە کردەوە. وەک نموونە دەوڵەتی تورکیا کە لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆریی هەڵوەشاوەی عوسمانی دروست بوو، خۆی وەک نوێنەری ئیرادەی نەتەوەی تورک پێناسە کرد و خەڵکی ئەو وڵاتەی- کە لە ڕووی نەتەوایەتییەوە پێکهاتەی جیاوازیان هەبوو-، وەک یەک نەتەوە(نەتەوەی تورک) پێناسە کرد. دەوڵەتی ئێرانیش خەڵکی وڵاتەکەی بە نەتەوەی ئێران پێناسە کرد و خۆشی وەک دەوڵەتی نەتەوەی ئێران، ناساند. لە وڵاتە تازە پێکهاتووەکانی دیکەی سەر نەخشەی سیاسیی جیهانی نوێش، بۆ نموونە سوریا و عێراق، دەوڵەتەکان خۆیان وەک نوێنەری ئیرادەی سیاسیی نەتەوەیەکی دیاریکراو، پێناسە کرد: نەتەوەی سوریا و نەتەوەی عێراق. بەڵام هەر وەک لە ئێران نەتەوەیەکمان بە ناوی نەتەوەی ئێران نەبووە و نییە، لەو دوو وڵاتەی دیکەش، نەتەوەی سوریا و نەتەوەی عێراق نەبووە و نییە. م. هەورامانی پستبەستوو بە پێناسەی حافیزنیا (١٣٨٨)، میللەت یان نەتەوەی بە کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان زانیوە کە لە چوارچێوەی سنوور و جیوگرافیای سیاسیی یەک وڵات (واتە کیانێکی سیاسی)دا دەژین و ماف و بەرپرسیاریەتیی وەک یەکیان هەیە (هەورامی، ٢٠٢٠: ٦١٨). هەبوونی پێگەی سیاسی و بوون بە دەوڵەت لە زۆربەی پێناسەکاندا کراوە بە مەرجێکی سەرەکی. لە باوەڕی جیوگرافیزانانی سیاسیدا، کاتێک قەوماییەت یا ئێتنیک بەرگی نەتەوە دەپۆشێت کە بتوانێت

خۆی لە چوارچێوەیەکی سیاسی یان "State"دا ڕێک بخات. بۆ وێنە ئەفغانستان، تاجیکستان و ئێران لە زۆر بوارەوە و بەتایبەت زمان، ئایین و کولتوور، وەک یەکن بەڵام بە هۆی جیاوازیی سنوور و وڵاتەوە، بوون بە سێ نەتەوەی جیاواز. لە بەرانبەردا نەتەوەی سویسرا هەیە کە لە وڵاتێکی بچووکدا چوار زمانی جیاواز پێکەوە، نەتەوەیەک پێک دەهێنن.

بە چاوخشاندنێک بەو پێناسانەی بۆ نەتەوە کراون، «نەتەوە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیە: ١- وڵات و حکومەتێکی هاوبەش،٢- زمان و فەرهەنگی هاوبەش،٣- ئایین و باوەڕی هاوبەش، ٤-خاک و سەرزەمینی هاوبەش، ٥- بیرەوەرپی سیاسیی هاوبەش و ٦- مێژوو و چارەنووسی هاوبەش» (سەرچاوەی پێشوو: ٦١٨)، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوە تەنیا تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی کۆمەڵە خەڵکێک نین کە دەیانکەن بە هاوشانی نەتەوەکانی دیکە. نەتەوە بەمانا نوێیەکەی، پێویستیی بە سروشتێکی دامەزراوەیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هاوشان بێت. لێکۆڵەری کورد، کنێر عەبدوڵڵا پێی وایە: «ئەو نەتەوانەی دوای دروستبوونی دەوڵەت دروست بوون، یان ئەو نەتەوانەی دەوڵەتێکیان هەیە، بەشێک لە سروشتی دامەزراوەیی دەوڵەتیان وەرگرتووە و جۆرێک لە ڕێکخستنیان هەیە کە یارمەتییان دەدات گەشە بکەن و خۆیان بە ئاسانی لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکان بگونجێنن» (کنێر عەبدوڵڵا،٢٠١٧). بەڵام ئەو نەتەوانەی نەبوون بە خاوەن دەوڵەتێک و ئەو نەتەوانەی خراونە چوارچێوەی دەوڵەتێک کە نەتەوەیەکی نامۆ و دژ تێیدا بالادەستە، بۆ مانەوە بە گشتی و پەیداکردنی سروشتی دامەزراوەیی بە تایبەتی، ئەرکی قورسترپان لەسەر شانە. ئەم لێکۆڵەرە کوردە نووسیویەتی: «نەتەوە بێدەوڵەتەکان پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بەرگەی ئەو شەپۆلانە بگرن کە بە ئاراستەی لاوازکردنیان دەجوڵێنەوە» (سەرچاوەی پێشوو).

دەتوانین لە کۆی ئەم باسە ئەم ئاکامە وەربگرین: لە پڕۆسەی لەدایکبوونی دەوڵەت – نەتەوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، نەتەوەی وا هەبوون ئەگەرچی بەپێی هێندێک لە پێناسەکان نەتەوە بوون، بەڵام نەیانتوانی یان نەیانهێشت ببن بە خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان. کورد نموونەی ئەو نەتەوانە بوو. هێندێک نەتەوەش دروست کران کە نەتەوەی خەیاڵی بوون، کۆمەڵە خەڵکێکی پێکهاتوو لە ئێتنیک و نەتەوەی جیاواز بوون، بەڵام بەو هۆیەوە کە بە حوکمی مێژوو یان بەپێی ویستی زلهێزەکان و براوەکانی شەڕی جیهانی، کەوتبوونە نێو جیوگرافیایەکی سیاسیی دیاریکراو، ناوی نەتەوەیان لەسەر دانرا. وەک موهتەدی وتوویەتی: «پێکهاتنی زۆرێک لە دەوڵەت-نەتەوەکان بەرهەمی ئاوێتەبوون یان جیابوونەوەی زۆرەملیی ئەوان لەلایەن دەسەڵاتە بیانی و کۆلۆنیالیستەکانەوەیە، نەک ئەوەی بەرهەمی یەکگرتنی مێژوویی و گەشەی سروشتیی ئەم کۆمەڵگەیانە بێت» (موهتەدی، ٢٠٢١). ئەگەر فاکتەرەکانی خاکی هاوبەش، مێژوو و ڕابردووی هاوبەش، کولتووری هاوبەش و لە هەمووی ئەمانە گرنگتر وشیاری و ویستی نەتەوەیی تاکەکان

بکەینە پێوەر، کورد نەتەوەیەکی تەواوە. نەتەوەیەکە کە نیشتمانەکەی پارچەپارچە کراوە و هەر پارچەیەک لە خاکەکەی خراوەتە سەر دەوڵەت -نەتەوەیەک. داگیرکەرانی خاکەکەی و تەنانەت سیستەمی نێودەوڵەتییش ڕێگرن لەوەی خاکەکەی بخاتەوە سەریەک و دەوڵەت نەتەوەی خۆی دابمەزرێنێت. نەک هەر وەک نەتەوەیەک سەیری ناکەن و بە قەوم و بچووکتر لە قەومیش ناوی دێنن، تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەت-نەتەوە داسەپاوانەشدا کە بەبێ ویست و ئارەزووی کورد پێک هاتوون، سەرەتاییترین مافە نەتەوەییەکانی پێ ڕەوا نابینن.

٤-٢-٢-پێویستیی هەبوونی پێگەیەکی دەستووری -نەتەوەیی

«نەتەوەی بێدەوڵەت» چەمکێکی ناسراوی ئەم سەردەمەیە. ئەم چەمکە بۆ ئەو خەڵکانە بەکار دەهێنرێت کە زۆر لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیان تێدایە، بە نموونە خاوەن سەرزەوی و مێژووی تایبەت بە خۆیانن، لە ڕووی زمان و کولتوورەوە لە خەڵکانی دەوروبەری خۆیان جیاوازن، لەمانەش گرنگتر خۆیان باوەڕیان وایە کە نەتەوەیەکی جیاوازن و پێشینەی خەبات بۆ دروستکردنی کیانی سیاسی و نەتەوەییان هەیە و هەتا ئێستاش لەسەری بەردەوامن، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا هەروا لە سەربەخۆییی وڵات و هەبوونی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان بێبەش ماونەوە. نەتەوەی کورد، گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت و بەرچاوترین نموونەی ئەم جۆرە نەتەوانە لە هەموو جیهاندایە. ئەم نەتەوەیە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییی خۆی و داکۆکیلێکردن و پێشخستنی لەنێو هەر یەک لەو دەوڵەت- نەتەوانەدا کە کوردستانیان بەسەرخۆیاندا دابەش کردووە، پێویستە پێگەیەکی دەستووریی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەجۆرێک کە هەم بتوانێت لەسەر نیشتمان و سەرزەوییەکەی خۆی، خۆی بەڕێوە بەرێت، هەم پشکی تایبەت بەخۆی لەنێو ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت -نەتەوەکانی ئێستادا هەبێت و لەم ڕێگایەشەوە پارێزگاری لە پێگەی سیاسی- نەتەوەییی تایبەت بەخۆی بکات. بوونی پێگەیەکی دەستووریی- نەتەوەییی تایبەت بە کورد یان هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەییی بندەست لەنێو ئێران یان لەنێو دەوڵەت-نەتەوەکانی دیکەی ناوچە و شان بە شانی ئەمەش پشک هەبوون و بەشداربوونی ئەو نەتەوانە لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت -نەتەوەکاندا، جگە لەوەی کۆتایی بە حاشاکردن لە فرەییی نەتەوەیی و زمانی لەو وڵاتانەدا دێنێت، دەرووبەکیان بە ڕوودا دەکاتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی، چی دیکە ناوەند و دامەزراوەی سیاسی، بەڕێوەبەری و یاسادانان لەسەر ناسنامەی سەردەست و تاقە پێکهاتەیەک تاپۆ نەکات و جومگەکانی دەسەڵات بۆ سڕینەوەی ناسنامەکانی دیکە و یەکسانکردن بەکار نەهێنێت. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و دیاریکردنی سیاسەت و پلانی زمانییش، چی دیکە لە خزمەت دروستکردنی نەتەوەیەکی خەیاڵی و هەڵاواردن و پەراوێزخستن و سڕینەوەی نەتەوە تا ئێستا بندەست و پشتگوێخراوەکاندا نابێت.

۲-۳-پێناسە و کورتەمێژووی سیاسەت و پلانی زمانی

۲-۳-۱- سیاسەتی زمانی

چەمکی»سیاسەت» پێناسەی جۆراوجۆڕی بۆ کراوە. زۆر لە پێناسەکان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە سیاسەت بە سەرجەمی هەوڵەکان بۆ بەدەستەوەگرتن یان پاراستنی دەسەڵات دەگوترێت. «سیاسەت بە واتا گشتییەکەی بە هەر ستراتیژی و تاکتیک و ڕێگا و شێوازێک بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروبارێک چ کەسی و چ گشتی دەگوترێت، بەڵام بە واتا تایبەتەکەی سیاسەت بریتییە لەو مێتۆد و شێوازانەی بەڕێوەبردن کە پێوەندییان بە دەوڵەتەوە هەبێت» (ئاشوری،۱۳۹٤:۲۱۲). دیارە ئەو بوارانەی سیاسەت پێوەندیی بەوانەوە هەیە زۆرن، بۆیە بۆ لێکهەڵاواردن و ناسینەوەی سیاسەتەکان، بەگوێرەی بواڕە پێوەندیدارەکان ناویان دەبرێت وەک سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی نێوخۆیی، سیاسەتی پەروەردەیی، سیاسەتی کولتووری و... هتد. یەکێکیش لەو بوارانە کە سیاسەت پێوەندیی بەوانەوە هەیە، بواری زمانە.

لەسەر پێشینە و مێژووی سیاسەتی زمانی دوو بۆچوونی جیاواز هەن. بۆچوونێک مێژووەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆر کۆن. لە کتێبی «سفر پیدایش»دا هاتووە کە حەزرەتی ئادەم ئەرکی ناودانان لەسەر گیاندارانی باغی عەدەنی گرتە ئەستۆ. هەروەها هاتووە کە خودا لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دانیشتووانی بابلدا زمانی ئەو قەومەی تێک دا و ئەمری کرد کە فرەزمانی لەنێو ئەو قەومەدا پەرە بگرێت. «سپۆلسکی»، لە کتێبی «سیاسەتی زمانی»دا، ئەم نموونانەی وەک بەڵگەی کۆنبوونی»سیاسەتی زمانی» هێناوەتەوە و وتوویەتی: «بە هیچ جۆر بابەتێکی نوێ نییە» (اسپالسکی، ۱۳۹۱:۵)، بەڵام سەرەڕای بوونی بۆچوونی لەم چەشنە بە بڕوای زۆر لە خاوەنڕایان و شارەزایانی سیاسەتی زمانی و مێژووەکەی، چەمکی «سیاسەتی زمانی» چەمکێکی تا ڕادەیەک نوێیە. خودی سپۆلسکی(۱۳۹۱:۱٦) ، نووسیویەتی: «یەکەمین کتێب کە زاراوەی سیاسەتی زمانی تێدا بەکار هێنراوە کتێبی سیبۆلێرۆیە» (قازی،۲۰۲۲:۱۷). هەر ئەوەش کە یەکەم کتێب بەم ناوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بڵاو بووەوە و پێشتر ئەم چەمکە لە نووسیندا خۆی دەرنەخستووە، بەڵگەیە بۆ نوێبوونی چەمکەکە. ئاماژە بەو ڕاستییەش پێویستە کە ئەم چەمکە زۆر جار بە هەڵە لەگەڵ «پلانی زمانی» کە ئەویش وەک سیاسەتی زمانی چەمکێکی نوێیە، بە یەک واتا بەکار هێنراون. دیارە ئەم بۆچوونە ڕاست نییە و لەنێوان سیاسەتی زمانی و پلاندانانی زمانی ئەگەرچی پێوەندییەکی چڕ هەیە، بەڵام جیاوازی هەیە. «سیاسەتی زمانی مەبەست و بیرۆکەی زاڵ بەسەر چۆنییەتی دارشتنی پلاندارێژیی زمانیدایە و پلاندارێژیی زمانی پلانێکی کردارییە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی»(قازی،۲۰۲۲:۲۰). لەڕاستیدا پلانی زمانی بۆخۆی بەشێکە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی. سیاسەتی زمانی ئەگەر پلانی

زمانیی لەپشت نەبێت ئامانجەکانی نایەنە دی. پلانی زمانییش ئەگەر سیاسەتێک ئاراستە و ڕێنوینیی نەکات، بەرەو ئاسۆیەکی نادیار هەنگاو دەنێت و دەستکەوتێکی دیاریکراوی نابێت؛ ئەم دووانە تەواوکەری یەکترن. هەرچی سیاسەتی زمانییە، لایەنی تیۆریی هەیە، بەڵام پلانی زمانی بەکردەیی کردنی ئەو سیاسەتەیە کە لە پشتیەتی. بە گوتەی «بالدۆف» «پلان و سیاسەتی زمانی لە سااڵنی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا هاتنە ئاراوە. هەڵبەت ڕەگە فەلسەفی و پراکتیکییەکانیان لە وڵاتانی ڕۆژاوا بۆ سەردەمی ناپلیۆن لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە ناپلیۆن هەستی بەوە کرد زمانێکی یەکگرتووی بۆ بەڕێوەبردنی سوپا پێویستە» (Baldauf, 2012: 203). کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم کاتێک بیرمەندانی زمانەوانی بە دوای ئامرازە چەمکدارەکاندا دەگەڕان، بۆ تێگەیشتن و شەرعی بوونی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو پرۆژە ڕۆشنبیرییە گەورەیە بە بایەخەوە دەرکەوت و گەشەی کرد.

سیاسەتی زمانی بواریکی بەرفرەیە، ئاوێنەیەکە هاوکات هەم بیرکردنەوە و ڕوانینی وڵاتێک و کۆمەڵێکی لەبارەی زمانەکانی تێدا دەخوێنینەوە، هەم هەوڵەکان و کردەوە و دژکردەوەکانی پێوەندیدار بەو ڕوانینانە. لێکۆڵەری کورد «قازی» پێی وایە: «سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بریتییە لەو کردەوە دەستانقەستانەی کە لەلایەن حکومەت، ڕێکخراو، ناوەند، تاک و پێکهاتە کۆمەاڵیەتییەکان بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕەفتاری زمانی تاک و کۆمەڵگە بەڕێوە دەچێت، کردەوەگەلێک کە بە مەبەستی پەرەپێدان، سەپاندن یا سڕینەوەی شوناسی گرووپە ئینسانییەکان ئەنجام دەدرێت کە لەسەر دەستی زمان ڕووەدات» (قازی،٢٠٢٢:٢٣). بە دەربڕینێکی دیکە کۆی ئەو پێوەندییانەی ژیان و زمان لێک گرێ دەدەن، کاکڵەی سیاسەتی زمانی پێک دێنن. «لوییس جان کالفی» سیاسەتی زمانی بە سەرتاپای ئەو ڕێگایانە دەزانێت کە لە بواری پێوەندییەکانی نێوان زمان و ژیان لە وڵاتێکدا بەکار دەهێنرێن (کالفی،٢٠١٢:١٥٢). وەک دەبینین پێناسەی جیاواز بۆ سیاسەتی زمانی کراوە بەڵام هەموویان لە ناوەرۆکێکی گشتیدا کۆک و هاوڕان کە بەم جۆرەیە: «سیاسەتی زمانی بریتییە لە دارشتنی بنەماکانی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی زمان یان زمانەکان لە ڕێگای پێدانی پێگەیەکی دەستووری و یاسایی لە وڵاتدا بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. بەپێی جۆری سیستەمی حوکمڕانی و ئایدیۆلۆژیای سیاسیی دەسەاڵت لە وڵاتدا، پێگەی زمانەکانیش دەگۆڕێت» (سلێمان،٢٠٢١:١٧٣).

ئەو پێناسانەی لەبارەی سیاسەتی زمانییەوە هەن ئەگەر لە فۆرمۆڵەکردن و دەربڕینی وشەکانیشدا جیاوازییان هەبێت لە ناوەرۆکدا لێکدوور نین. سیاسەتی زمانی لە ڕووی تیۆرەوە هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکە. سپۆلسکی، تیۆری سیاسەتی زمانیی بە هەڵگر و خاوەنی چوار تایبەتمەندیی بنەڕەتی زانیوە. یەکەمین تایبەتمەندی، دابەشبوونی سیاسەتی زمانی بە سەر سێ بواردایە کە بریتین لە: ئەلف) بەکارهێنانە زمانییەکان، ب)

باوەڕ و ئایدۆلۆژییە زمانییەکان و چ) ئەو سیاسەت و پلانە وردانەی لە خزمەت چاکسازیی ڕێوشوێن و ئایدۆلۆژیاکانی کۆمەڵێکدان (اسپالسکی،١٣٩١:٥٥). دووەم تایبەتمەندیی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سپۆلسکییەوە ئەوەیە کە سیاسەتی زمانی هەر تەنیا زارە دیارەکانی زمانێک ناگرێتەوە، بەڵکو پێوەندیی بە سەرجەم پێکهاتەکانی هەموو ئاستەکانی زمانەوە هەیە، وەک دەنگسازی، ڕێنووس، وشەسازی، ڕێزمان، شێواز؛ هەروەها زمانی بەد، زمانی ڕەگەزپەرستانە، زمانی دزێو، زمانی دروست و... هتد. شێوەزارەکانیش دەگرێتەوە. سێیەم تایبەتمەندیی بنەڕەتیی سیاسەتی زمانی، پانتایی و گۆڕەپانی کارپێکردنیەتی (سەرچاوەی پێشوو: ٥٦). ناوچەی ژێر کاریگەریی سیاسەتێکی زمانی نەک هەر جڤاتێکی زارەکی، بەڵکو جڤاتێک بە هەموو ڕەهەندەکانییەوەیە. سپۆلسکی لەم بارەیەوە نووسیویەتی: «قەڵەمڕەوی سیاسەتێکی زمانی دەتوانێت گرووپ یا جڤاتێکی ئایینی، سیاسی یان کۆمەلایەتیی دەستنیشانکراو بیت کە دەکرێت بنەماڵەیەک، دەستەیەکی وەرزشی، گەڕەکێک، شوێنی کار، ڕێکخراوێک، شارێک، وڵاتێک یا فیدراسیۆنێکی ناوچەیی بێت. چوارەم تایبەتمەندیی بنەڕەتیی تیۆری سیاسەتی زمانی ڕۆڵگێڕان و کارابوونی لە ژینگەیەکی خۆجێییدایە کە زنجیرەیەک پێوەندیی ئاڵۆز، توخمەکان، بگۆڕەکان و هۆکارە زمانی و نازمانییە خۆجێییەکان پێکەوەی گرێ داون. زۆر جار خۆگونجاندنی لەگەڵ وەها ژینگەیەکدا ڕووبەڕووی کێشە و گرفت و شکان دەبێتەوە» (سەرچاوەی پێشوو:٥٧-٥٦). لە ناوهێنان و شیکردنەوەی ئەم تایبەتمەندییانەدا کە سپۆلسکی ئاماژەی پێداون، خاڵێک کە جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە، گونجان و نەگونجانی سیاسەتێکی زمانی لەگەڵ ژینگەکەیدایە. زمانناسی کورد شێخولئیسلامییش بۆچوونێکی هاوشێوەی سپۆلسکی هەیە: «سیاسەت و پلانی زمانیی باش ئەوەیە کە بە بەشداریی خەڵک دادەڕێژرێت، بە شێنەیی و لێزانی وەگەڕدەخرێت، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بەردەوامی بۆ دەکرێت و لەکاتی پێویستیشدا بە پرۆسەی بەردەوامی چاکسازی و ڕێفۆرمدا دەڕوات» (شێخولئیسلامی،٢٠٢٣:١٨). ئەمەش گرنگە کە پلاندانانە زمانییەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی سیاسەتە زمانییەکەدا گونجاو بن. سیاسەتێکی زمانی دەکرێت لە ناوەڕۆکدا لەگەڵ ژینگە، یا ئەو وڵات و جڤاتەی سیاسەتەکەی بۆ دانراوە گونجاو بێت، بەڵام ئەو پلانانەی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکە دارێژراون، لەوانەیە زانستی نەبن. تەنانەت ئەگەر پلانەکانیش زانستی بن، بەڵام ئەوانەی جێبەجێی دەکەن بە مەرجێک لێوەشاوەیی و ئەزموون و توانایی پێویستیان بۆ ڕاییکردنی نەبێت، ئاکامی جێبەجێکردنەکە نەخوازراو و نەرێنی دەبێت و بەم جۆرە لەئەنجامدا سەرنەکەوتنەکەی بە مل سیاسەتەکەدا دەشکێتەوە. کێشە و گرفتی گەورە ئەو کاتە ڕووبەڕووی سیاسەتێکی زمانی دەبێتەوە کە ناوەڕۆکەکە لەگەڵ ڕاستییەکانی ژینگەی جێبەجێکردنەکەیدا نەگونجێت. لە بارێکی ئەوتۆدا ئەگەر وردترین پلانەکانیش دابڕێژین و پسپۆرانی کارامە و لێهاتوویش بخەینە خزمەت جێبەجێکردنی، سیاسەتەکە هەرچەند لە کورتخایەنیشدا ڕووبەڕووی کێشە نەبێتەوە، لە درێژخایەندا خۆی دەبێتە سەرچاوەی کێشەی گەورە. هەر بۆ وێنە لە وڵات و جڤاتێکی فرەزمان، سیاسەتێکی زمانی کە ئامانجەکەی پەراوێزخستن و سڕینەوەی زمانەکان لە

پێناوی زاڵکردنی تاکە زمانێکدا بێت، ئەو سیاسەتە قەیرانخوڵقێن دەبێت، قەیرانەکەش تەنیا داوێنی زمانە پەراوێزخراوەکان ناگرێتەوە بەڵکو کێشەی سیاسی لێدەکەوێتەوە.

۲-۳-۲-پلانی زمانی

پلانی زمانی بووە بە ئاوەڵدووانەی سیاسەتی زمانی. بە زۆری ئەم چەمکە بە دوای سیاسەتی زمانیدا دێت، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ چەمکی سیاسەتی زمانییشدا نەیەت، یەکەم شتە کە بە بیستن و دیتنی چەمکی سیاسەتی زمانی بە بیرماندا دێت. هۆی ئەم لێکگرێدراوییەیان بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە سیاسەتی زمانی بێ پلانی زمانی ناگاتە ئەنجام و پلانی زمانییش بێ سیاسەتی زمانی، دەبێتە تۆپکلێکی بێ کاکڵ. پلاندانان واتە سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکان بە جۆرێکی وشیارانە و کۆنترۆڵکراو. پلاندانانە کۆمەڵایەتییەکان کە پلاندانانی زمانییش یەکێکیانە، نموونەیەکن لە بڕیاردان بە هۆی کەسانی خاوەنبیر بۆ چارەسەری کێشەیەک. لێکۆڵەری ئێرانی، ئەفخەمی پێی وایە: «بناغەی پلاندانانی زمانی لەسەر چاولێکردنی زمان وەک سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت. گرنگیی ئەو سەرچاوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و بایەخی لە دروستکردنی پێوەندی و ناسنامە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا» (ئەفخەمی،۱۳۸٤:۹). سەرهەڵدانی چەمکی «سیاسەتی زمانی» دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (۱۹٤٥)ی زایینی. «چەمکی «پلاندانانی زمانی»یش لە کۆتاییەکانی دەیەی (۱۹٥۰) و بە دیاریکراوییش بە هۆی «هاوگێن»ەوە لە وتارێکدا لەژێر ناوی» دیالێکت، زمان، نەتەوە» بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتەکانی بەردەم زمان لە وڵاتی نۆرویژ بەکارهاتووە» (حەمەئەمین و کەریم،۲۰۱۷:۱۱).

دەیەی(۱۹۹۰)بە وەرچەرخانێک لە مێژووی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانیی کارەکیدا دەژمێردرێت. بە بۆچوونی «داوەری»، دوو ڕووداو ڕێخۆشکەر بوون بۆ دروستبوونی هەلومەرجێکی ئەوتۆ: «یەکەم، پەرەگرتنی بیۆوێنەی زمانی ئینگلیزی و دنیاداگیرکردنی لە دریژەی ڕەوتی بەجیهانییووندا. دووەم، هاوکاتبوونی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی هزری ڕەخنەگرانە و پۆستمودێرن». «داوەری» لەم بارەیەوە وتوویەتی: «ئەم دووانە بواریکی لەباریان بۆ چربوونەوەی سەرنجەکان و وردبوونەوە لەبارەی چەمکی سیاسەتی زمانی ڕەخساند. لە ئاکامی ئەو هەلومەرجەدا بواری سیاسەت و بەرنامەڕێژیی زمان، بووژانەوە و بەهێزبوون و بەرینبوونەوەیان بەخۆوە دیت» (داوەری ،۱۳۹۹:۸). بە گوتەی ئەفخەمی، زۆرتر سیاسەتمەداران ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی پلانی زمانیدا هەیە و پسپۆرانیش ئەرکی ئامادەکردنی پلانەکە دەگرنە ئەستۆ. پسپۆران، دوای لەبەرچاوگرتنی ئەو سەرچاوانەی مەزەندە دەکرێن، چەند و چۆنیی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە لە خزمەت ئامانجی پەرەپێداندا هەڵدەسەنگێنن و کاتێک لەسەری ڕێک کەوتن، ئامراز و تەکنیکەکانی جێبەجێکردنی دیاری دەکەن. دوایە یاسادانەران ئەم قۆناغانە پەسەند دەکەن و بۆ جێبەجێکردن دەیدەنە دەست دەوڵەت(ئەفخەمی،۱۳۸٤:۹). پلانی زمانی، چەندین

بنەمای بەیەکەوە گرێدراوی وەک زنجیرەی هەیە کە ئەو بنەمایانە هەنگاو بە هەنگاو پێڕەو دەکرێن تا وەکو ببنە باشترین چارەسەر بۆ کێشەکانی بەردەم زمان لە کۆمەڵگەدا. «حەمەئەمین» و «کەریم»(۱۳:۲۰۱۷) لە لێکۆڵینەوەی هاوبەشی خۆیاندا ئەم قۆناغانەیان بەم جۆرە دەستنیشان کردووە: « ۱-**کێشە و گرفت** کە تێیدا کێشەی بەردەم زمان یا زمانەکان دەستنیشان دەکرێت، ۲-**خاوەن بڕیار (دەسەڵات)،** لەم قۆناغەدا حکومەت و دەزگا پێوەندیدارەکان، بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن و ئەرکی چاوەدێریکردن و گۆڕین و باشترکردنی زمانیان دەکەوێتە ئەستۆ، ۳-**جێگرەوەکان(بەدیلەکان)،** لەم قۆناغەدا لەڕێگای هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە یان وەرگرتنی ڕای پسپۆران و شارەزایانەوە، شوێنگرەوە و ڕێگاچارە گونجاوەکان پۆل پۆل دەکرێن. ٤- **هەڵسەنگاندن،** لەم قۆناغەدا جێگرەوەکان بەپێی پێوەرێکی زانستی و گونجاو، هەڵدەسەنگێندرێن و تاقی دەکرێنەوە. ٥-**پێڕەوکردن،** کە ئەمەش قۆناغی جێبەجێکردنی پلانەکە و بەڕێوەبردنی دەگرێتەوە». دیارە جێبەجێکردنی پلانی زمانی، پێویستی بە هاوکاری و بەشداریی کۆمەڵێک زانست و بواری دیکەش هەیە، چونکە لەلایەک لەگەڵ زمانناسی و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ کۆمەڵناسی لە پێوەندیدایە، هاوکات پێوەندیی بە لقە جۆراوجۆرەکانی بەرنامەڕێژی و زانستی سیاسەتیشەوە هەیە.

۲-۳-۳- ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمانی

سیاسەتە زمانییەکان بە شێوەیەکی گشتی، یان ئاشکران یان شاراوە. بۆ ناسینەوەی سیاسەتە ئاشکراکان، ئاسانترین ڕێگا ئەوەیە لەو سیاسەتانەی بە شێوەی بەیاننامەی فەرمی لە بەڵگەنامەکانی وڵاتێکدا بەرچاو دەکەون، ورد بینەوە. بۆ وێنە لەوانەیە ئەو سیاسەتانە وەک ماددەیەکی یاسایی لە دەستووری وڵاتدا یان یاساکانی پێوەندیدار بە زمان، یان بەڵگەنامەیەکی دەوڵەت یان لە ڕێنماییەکانی کارگێڕییەکاندا خۆیان بنوێنن. بە گوتەی سپۆلسکی لە ئێستادا (۱۲۵) وڵاتی جیهان لە دەستووری خۆیاندا باسی جۆرێک لە سیاسەتی زمانییان کردووە و نزیکەی (۱۰۰) وڵاتی جیهانیش لە سوودەکانی بەکارهێنانی یەک یان چەند زمانی نەتەوەیی و فەرمی دواون. دەستووری (۷۸) وڵات تاکە زمانێکیان وەک زمانی نەتەوەیی یان زمانی فەرمیی خۆیان ناو بردووە (اسپالسکی، ۱۳۹۱:۱٦). شیفمەن لە پێناسەکردنی سیاسەتی زمانیدا، سیاسەتی بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێگایەکی دیاریکراو زانیوە کە لەنێو چەند یان چەندین ڕێگای دیکەدا هەڵبژێردراوە و پێی وایە ئەم سیاسەتە دوو دیوی هەیە، دیوی ئاشکرا و دیوی شاراوە (ئەردەکانی،۱۳۸۸ :۱۰۳). بەگوێرەی جۆراوجۆریی زمان لەنێو کۆمەڵ و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کۆمەڵە لەگەڵ جۆراوجۆرییە زمانییەکان، سیاسەتی زمانی جۆراوجۆر هەن. شیفمەن لە پۆلێنبەندییەکەی خۆیدا ئەم چەشن و جۆرانەی سیاسەتی زمانیی ناو بردوون: «پەرەپێدەرانە، مەیدانپێدان، یەکسانیخوازانە، سنووردارکردن، سنووردارکردنی ژینگەی بەکارهێنان، فەرمی، نافەرمی، شاراوە و ئاشکرا» (قوڕەیشی و هاوکاران،۱۳۹۱:۱۲۷). بوارەکانی پلاندارێژیی زمانیش جۆراوجۆرن. «قازی»

سێ بواری بۆ پلاندارِێژیی زمان ناو بردوون: «بواری چالاکییەکانی پلاندارِێژیی زمان بە سەرنجدان بە کێشە و گرفتەکانی بەردەم زمانەکان، دابەش دەبنە سەر سێ بوار کە بریتین لە: ١- پلاندارِێژیی پێگە، ٢-پلاندارِێژیی جەستە و ٣- پلاندارِێژیی فێرکاریی زمان» (قازی، ١٩:٢٠٢٠).

جۆرێکی دیکەی پۆلێنکردنی بوار و جۆرەکانی پلانی زمانیی هەیە کە لە جیاتی دابەشکردنیان بە سەر پلاندارِێژیی جەستە، پلاندارِێژیی پێگە و پلاندارِێژیی فێرکاریی زمان، بە سەر پلانی پێگە و پلانی دەستەجەمعی دابەشیان دەکات. «ناوخۆش» لەبارەی ئەم دوو جۆرە پلانە وتوویەتی: «پلانی پێگە، پرستێژی زمان یا زارێک لە کۆمەڵ دەردەخات، ئەم جۆرە پلانە لە هەڵبژاردنی بەرایی زمانێک دەکۆڵێتەوە. پرۆسەکە چەند ئەرکێکی هەیە وەک گۆڕینی ئەرکی زمانێک یان شێوە زمانێک، هەروەها دیاریکردنی مافی خەڵک لە بەکارهێنانی ئەو زمانە یان ئەو زارەدا. ئەم جۆرە پلانەی زمان، دوو سێ بیرۆکە دەوروژێنێت و مەبەست لە هەر یەکەیان دروستکردنی پایەی زمانە. پلانی دەستەجەمعی پەیوەستە بە (هەڵبژاردن) و کۆدکردنی بنەماکان لە نووسینی رِێزمان و بە ستانداردکردنی رِێنووسی زمان، ئەم جۆرە پلانە هەوڵ دەدات پەرە بە زارێکی زمان بدات یان زمانێک بە ستاندارد بکات» (ناوخۆش، ٢٠١٠:٢٨). زۆرێک لەو لێکۆڵینەوانەی تایبەتن بە چییەتیی پلانی زمانی، ئاماژەیان بەوە داوە کە «رِوانگەی زمانی» و وشیاریی زمانی»ی خەڵک، رِۆڵێکی گرنگیان لە جێبەجێبوون و سەرکەوتنی ئەو پلانەدا هەیە. ئەفخەمی وتوویەتی هەر جۆرە پلاندانانێکی زمان دەبێت بەگوێرەی رِوانینەکانی خەڵک بێت. ناوبراو پشتبەستوو بە بۆچوونی «مەک نامارا» پێی وایە: «یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی سەرکەوتوو نەبوونی پلاندانانێکی زمانی، بەجۆرێکی نادروست پێناسە و دەستنیشانکردنی ئامانجە درِێژخایەن و کورتخایەنەکانە»(ئەفخەمی،١٢:١٣٨٤). ئەم گرنگیدان بە رِوانگەی خەڵک لەم رِاستییەوە سەرچاوە دەگرِێت کە هەموو یان بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی پلانە زمانییەکان پێوەندیان بەو خەڵکەوە هەیە کە زمانەکە بەکار دەهێنن. ئەگەر ئەوان پێشوازیی لێنەکەن و هەڵوێستێکی دژیان هەبێت، بە جێگەی ئەوەی بین بە فاکتەرێکی یارمەتیدەر، دەبن بە کۆسپ لەسەر رِێگای جێبەجێبوونی، بەڵام ئەگەر ئامانجی پلانسازییەکە لە بازنەی هەستی نەتەوەیی و بیروباوەڕی نیشتماندۆستیی خۆیاندا ببینن، پێشوازی و پشتیوانییی لێدەکەن؛ تەنانەت لە رِووی دارایی و دابینکردنی پێداویستییەکانیشیەوە هاوکاریی دەکەن. رِەزامەندی و رِووی خۆش نیشاندانی ناوەندە ئەکادیمییەکان، زانکۆکان، پارتە سیاسییەکان، هەروەها رِۆژنامە و میدیا شوێندانەرەکان لەم بارەیەوە گرنگە کە ئەو ناوەند و دامەزراوانە کاریگەرییان لەسەر پەروەردەی فکری، زانستی، رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی تاکەکان هەیە. ئەگەر ئەوانە پشتی پلانە زمانییەکە نەگرن و لەگەڵیدا نەبن، پلانەکە رِووبەرِووی بەرهەڵست و کارشکێنی دەبێتەوە.

٢-٤- سیاسەتی زمانی لە خزمەت ئامانجی سیاسی و ئایدۆلۆژیای زمانیدا

بنەچەی چەمکی ئایدۆلۆژیا، وەک چەندین چەمکی دیکەی باو لە جیهانی هزر و فەلسەفە و ئەدەبیاتی سیاسیدا، بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە. لەو چەمکانەیە کۆمەڵێك مانای جیاوازی وەرگرتووە. مەبەست لە ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک باوەڕ و بۆچوونی جێگرتوو لە پانتایی کۆمەڵایەتی و سیاسیدایە کە تاک یا گرووپ دەکرێت هەیانبێت.

٢-٤-١- ئایدۆلۆژیای زمانی

هەندێك بیرمەند چەمکی ئایدۆلۆژیا بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێننەوە. ئایدۆلۆژیا جار هەیە وەک چەمکێکی پۆزەتیڤ و جاریش هەیە بە ناحەز و نیگەتیڤ بەکار دێت. سمکۆ محەمەد لەبارەی پێشینە و جۆری بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە ڕابردوودا نووسیویەتی: «مارکس لەکاتی لاوێتیدا کە بەکاری هێناوە وەکو تیۆرێك و وەکو وآتایەکی دزێو کە ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیای ئاڵمانی دەگرێت و مەبەستیشی لە «کانت» و «هیگڵ» و «فیورباخ» و «فیختە» بووە. بەڵام «جۆرج لۆکاچ» و «تیری ئیگلتۆن» پێیانوایە ئایدۆلۆژیا چەمکێکی قووڵی فکری و دیالکتیکییە و «ئانتۆنیۆ گرامشی»یش بە هەمان شێوە بە چەمکێکی گرنگی تەماشا دەکات» (محەمەد، ٢٠٠٩:٢٦٩). زمان و ئایدۆلۆژیا، پێوەندییەکی چڕ و چەند لایەنەیان هەیە. سیاسەتی وڵاتان و دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان لە بواری جیاوازدا، بە زۆری لەژێر کاریگەریی ئەو ئایدۆلۆژیانەدان کە سیستەمی سیاسی و بناغەی دەسەڵاتی ئەوانی لەسەر دامەزراوە. ئایدۆلۆژیا دەبێتە ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری وڵاتان لە سیاسەتدانان و پلاندانانیان لە بواری جیاوازدا. بە تایبەتی دامەزراوە پەروەردەیی و کولتوورییەکانی وڵات ناچار دەکرێن لە دانانی نەخشەڕێگا و ناوەرۆکی بەرنامە و پلانەکانیاندا، بگەڕێنەوە سەر سەرچاوەی ئایدۆلۆژیای دەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانی.

سیاسەتی زمانی وڵاتان یەک لەو گۆڕەپانانەیە کە ئایدۆلۆژیا، جڵەویان دەگرێت و ڕوانینی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت. لەڵایەکی دیکەوە زمان مەیدانی ململانێی ئایدۆلۆژیاکان و وێککەوتنی بیر و باوەڕ و ڕوانینە جیاوازەکانە. ئایدۆلۆژیایش وەک سیاسەت و ئایین و کولتوور و زۆر چەمک و دیاردەی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە زماندا بوونی هەیە و بە ڕێگای زماندا بوونی خۆی دەسەلمێنێت. لەنێوان سیاسەتی زمانی، ئامانجەکان و پاڵنەرەکانی پلاندانانی زمانی و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکاندا پێوەندییەکی بەهێز هەیە و زۆربەی کاتەکان لێکهەڵاواردنیان دژوارە. جگە لەو ئایدۆلۆژیا سیاسییانەی سەرخانی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی پێکدێنن و سێبەر دەخەنە سەر سیاسەت و پلاندارێژیی دامودەزگا و دامەزراوەکانیان، کۆمەڵێک ئایدۆلۆژیای زمانی هەن کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە سیاسەت و پلاندانانی زمانییەوە هەیە.

ئایدۆلۆژیای زمانی چییە؟ هەروا کە ئایدۆلۆژیای ئایینی، سیاسی، ڕەگەزی و هی دیکەمان هەیە، ئایدۆلۆژیای زمانییش هەیە و چەمکێکی ناسراو و جێگرتووە. قەمەری و حەسەنزادە لەسەر پێناسەی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان، (پشتبەستوو بە شوهامی ٢٠٠٦) دەنووسن: «ئایدۆلۆژیا زمانییەکان باوەڕی خەڵک بە زمانەکان پێشاندەدەن. ناتوانین ئەم بواڕە بە ڕوونی لە ئایدۆلۆژیا سیاسیەکانی دەوڵەت جیا بکەینەوە. بەگوێرەی ئەم جۆرە لە ئایدۆلۆژیاکان، زمانەکان لەگەڵ نەتەوەکان یەکسانن و بە نیشانە سەرەکییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دەژمێردرێن. ئایدۆلۆژیای زمانی دەپەڕێتە سەر ئەم پرسە کە زمان چۆن بەکار بهێنرێت و فێربوون و فێرکردنی زمانەکان بە چ شێوەیەک بێت». هەر ئەو دوو لێکۆڵەرە لە زمانی سەرچاوەی پێشووە دەڵێن: «ئایدۆلۆژیا زمانییەکان دەتوانن ببنە ئامرازی ئایدۆلۆژیا سیاسی و دینییەکان و ببن بە چەقی شەڕە سیاسییەکان» (قەمەری و حەسەنزادە،١٣٨٩:١٦٥). ئایدۆلۆژیای زمانی لقێکی لێکۆڵینەوەیی تا ڕادەیەک نوێیە. ئەم لقە لە هەناوی قوتابخانەی ئەتنۆگرافیی قسەکردن کە پێداگریی لەسەر چەمکە کولتوورییەکانی زمان دەکرد، لە دەیەکانی شێست و حەفتای زایینیدا سەری هەڵدا. «لە دەیەی هەشتای زایینی، چەندین لێکۆڵەری سەر بەم قوتابخانەیە، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ پێوەندیی نێوان زمان و دەسەڵات و ئابووریی سیاسی تەرخان کرد. لەو سەردەمدا هۆگرییەکی ڕوو لە گەشە بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسە هەبوو کە سیاسەت و کارلێکی کۆمەڵایەتی چۆن کار دەکەنە سەر تایبەتمەندییەکانی بنیاتی زمان» (Judith T. Irvine: 2020). ئایدۆلۆژیای زمانییش وەک هەر ئایدۆلوژیایەک تایبەت نییە بە تاکەکەسێک، واتە هیچ ئایدۆلۆژیایەک لە تاکەکەسێکدا قەتیس نامێنێت. ئایدۆلۆژیا سنووری تاک تێدەپەڕێنێت و دەبێتە باوەڕی کۆمەڵە مرۆڤێک. شێخولئیسلامی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان بە دەستەیەک لەو بیروباوەڕانە دەزانێت کە هەم هاوبەشن و هەم باو ... مەبەستی ئەم زمانەوانە لە هاوبەشی و باو بوونی ئەوەیە: «هی تاکەکەس نین بەڵکو دەستەیەک لە خەڵک، چینێک جا باڵادەست، یان هی خوارەوە، یان گرووپێکی ئێتنیکی بەیەکەوە هەیانە. مەبەست لە «باو»بوونیشیان ئەوەیە کە بڕەویان هەیە و ئەم بڕەوپەیداکردنەیان زۆر گرنگە، بەو واتایە کە وەک باوەڕێکی ئاسایی و سروشتییان لێ هاتووە و ڕێگا نادەن بخرێنەژێر پرسیارەوە» (شێخولئیسلامی، ٢٠٢٢: ٩٢-٩٣). ئایدۆلۆژیا زمانییەکان چ سەبارەت بە پلە و پایەی زمان قسە بکەن بۆ وینە زمانێک فەرمی بێت یان نەبێت، چ سەبارەت بە پێکهاتەی زمانەکان قسە بکەن، گرنگیی تایبەتیان هەیە.

٢-٤-٢- جۆرەکانی ئایدۆلۆژیای زمانی

لە هەر کۆمەڵ و وڵاتێک جۆرێک لە ئایدۆلۆژیای زمانی پەسەندە و بڕەوی هەیە و دەوڵەت و دەسەڵاتی زاڵ لەو شوێنە، بەپێی باوەڕیان بە یەکێک لەو ئایدۆلۆژیایانە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی دڕێژخایەنی خۆیان و پێکهاتەی ئێتنیکی و ڕەوشی زمان لە وڵاتەکەیان،

ئایدۆلۆژیایەک دەکەن بە سەرچاوەی سیاسەت و پلاندانانی زمانی. قوبادیشی و هاوکارانیشی بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی کوباروبیاس (۱۹۸۳:٦۳) هەر ئەم پۆلێنکردنەیان بۆ ئایدۆلۆژیا زمانییەکان هەیە. ئەوان ئایدۆلۆژیا زمانییەکانیان بەم جۆرە ناو بردووە:« ۱-یەکسانکردنی زمانەکان، ۲-فرەچەشنی زمانی، ۳-گەڕانەوە بۆسەر زمانە خۆجێییەکان، ٤-هەڵبژاردنی زمانی نێودەوڵەتی» (قوبادیشی، ۱۳۹۷:۱۲۸-۱۲۷). چەند ئایدۆلۆژیایەکی دیکەی زمانی هەن کە لە هێندێک لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، بە نموونە «ئایدۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی، ئایدۆلۆژیای سیاسەتی دەستوەرنەدان، سیاسەتی زمانیی جیهانگەرایی و سیاسەتی زمانیی کەرتی (سێکتەری). جۆرێکی دیکەی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان ئەوانەن کە نیازی زیندووکردنەوەی ئەو زمانانەیان هەیە کە لەنێو چوون یان خەریکن لەنێو دەچن»(میرمکری، ۲۰۲۱: ۱۱۲ -۱۱٤). ئایدۆلۆژیا زمانییەکان بە گوێرەی کاکڵ و ناوەرۆکیان لەسەر سیاسەت و نەخشەڕێگای دەوڵەتان بۆ چارەسەری پرسی زمان کاریگەرییان هەیە. لەوانەیە کاکڵ و ناوەرۆکی ئایدۆلۆژیا زمانییەکە، «یەکێتیی زمانی» واتە «یەک وڵات و یەک زمان» بێت(وەک ئێران). لەباریکی ئەوتۆدا، جۆراوجۆرییە زمانییەکان لە پێناوی ئامانجی ئایدۆلۆژیا ناوەندییەکەدا (سەردەستیی تاکە زمانێک) دەکرێنە قوربانی، بەڵام ئەگەر ئایدۆلۆژیای زمانیی دەوڵەت و دەسەڵاتی وڵاتەکە، لەسەر «فرەچەشنیی زمانی» واتە «یەک وڵات و چەند زمان» دامەزرابێت، ئەوە ڕێگای بەفەرمیناسینی زمانەکانی دیکەی وڵات و لەنێویاندا زمانی کەمینە ئێتنیکییەکان لە جیوگرافیای دیاریکراوی خۆیاندا دەدات.

۲-۵- سیاسەتی زمانی لە بواری پەروەردەدا

۲-۵-۱- پێگە و گرنگیی زمان لە پڕۆسەی پەروەردەدا

ڕۆڵی بەرچاوی زمان لە پڕۆسەی پەروەردە و خوێندندا ڕووبەڕووی ئەم پرسیارەمان دەکاتەوە کە ئاخۆ زمانی پەروەردەش دەکەوێتە ڕیزی ئەو فاکتەرانەی ڕۆڵیان لە پێشڤەچوون و سەرکەوتنی پەروەردەدا هەیە؟ جێگە و پێگەی زمانی بەکارهاتوو لە پەروەردە و فێربوونداڕاستەوخۆ لەژێر باندۆری ئایدۆلۆژیای سیاسیی وڵاتدایە. ئایدۆلۆژیای سیاسیی دەوڵەتی وڵاتێک هەر چییەک بێت، ناوەند و دامەزراوەکانی دیکەی سەربە دەوڵەت هەوڵیان ئەوە دەبێت لەڕێگای دامەزراوەکانیان ئەم ئایدۆلۆژیایە بکەن بە بەشێک لە باوەڕ و بیرکردنەوەی خەڵک. سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، ئەو شوێنەیە کە دەوڵەت بۆ جێگیرکردنی ئایدۆلۆژیا و باوەڕەکانی خۆی لەنێو تاکەکانی وڵاتدا بەکاریان دێنێت. پسپۆری بواری پەروەردە، مستەفازادە پێی وایە: «وڵاتان و نەتەوەکانی جیهان بەگوێرەی جۆری بیرکردنەوە و ئەو قوتابخانە فەلسەفی و سیاسییەی بڕوایان پێیانە، ئامانجە پەروەردەییەکانی خۆیان پێناسە دەکەن، ئەمەش میتۆد و شێوازی جیاواز لە ئامانجە پەروەردەییەکانیدا لێدەکەوێتەوە» (مصطفی زادە،۱۳۹٤: ۱۳). جیاوازییەکانی دنیابینیی پەروەردە و فێرکردنی ئێران لە هەر دوو

سەردەمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا نموونەیەکی دیارن بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە کە هەر ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی، جۆرێکی جیاواز لە پەروەردە و فێرکردنی لێدەکەوێتەوە. تەنانەت جیاوازیی نێوان ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئەو دوو سەردەمە، لە جۆری هەڵسوکەوتی دەوڵەتانی ئەو دوو سەردەمە جیاوازە بەرانبەر دوو زمانی دیاریکراودا دەردەکەوێت. ڕژێمی شایەتی کە دۆست و هاوپەیمانی وڵاتانی ڕۆژاوا بوو و دژایەتییەکی لەگەڵ کولتووری ڕۆژاوایی نەبوو، بایەخێکی تایبەتی دەدا بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە سیستەمی پەروەردە و خوێندندا، بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆی بە زمانی عەرەبی نەدەدا، کەچی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی زاڵبوونی ئایدۆلۆژیای دینی بە سەریدا ئاستی زمانی عەرەبیی وەک زمانی قورئان و زمانی پێوەندی لەگەڵ بەردەنگە موسوڵمانەکانی تا ئاستی زمانی دووەم لە ئێراندا بەرز کردووەتەوە. چەندی بۆشی کراوە بایەخ و گرنگیی فێربوون و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیی کەم کردووەتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیاریکراوی لەو وڵاتانەدا کە کوردستان بە سەریاندا دابەش کراوە، پەروەردە و فێرکردن و زمانی پەروەردە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە خراونەتە خزمەت نەتەوەسازی و دروستکردنی دەوڵەت- نەتەوە. ناسیۆنالیستەکانی نەتەوەی سەردەست لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، یەکێتیی زمانیان کردووە بە گرنگترین پێویستییەکانی یەکێتیی میژوویی و سەرزەوی. ئەم هەوڵە بە نوێکردنەوەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دەستی پێکرد. بە بۆچوونی لێکۆڵەر هەورامان فەریق، سیستمی پەروەردە و فێرکردنی مۆدێرن یەکێک لە ڕەگەزەکانی نەتەوەسازی و وەک پێویستییەکی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن بوو: «دامەزراندنی کەرتی پەروەردە و فێرکردن و ناردنی منداڵان لە حەوت ساڵییەوە بۆ قوتابخانە، یەکێکە لە ڕەگەزەکانی دەوڵەت نەتەوەسازی، هەر ئەوەی کە ئەتاتورك لە تورکیا، ڕەزا شا لە ئێران، قەزافی لە لیبیا کردیان»(هەورامان فەریق،٢٠٢١:٦٢). ئەم دەوڵەت-نەتەوانە بە پێڕەوی لەم قسەیەی میچێل بیلیگ کە «مەرجی سەرەکیی سەپاندنی هەژموونی نەتەوەیی، زۆر جار سەپاندنی هەژموونی زمانە» (سەرچاوەی پێشوو، لاپەرەی١١)، شانبەشانی بەکارهێنانی ناوەرۆکی سیستەمی پەروەردە بۆ زاڵکردنی هەژمۆنی خۆیان، زمانەکەی خۆشیان لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە، بەسەر پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییە جیاوازەکانی وڵاتدا زاڵ کرد. لە ئێران ئەوە هەر دەسەڵاتداران نەبوون کە بەم جۆرە قۆڵیان لە نەتەوەسازی و جێگیرکردنی دەوڵەت نەتەوە هەڵماڵی، بەڵکو ڕووناکبیرانی فارسیش لەگەڵیاندا بوون. «سلێمانی» و «محەمەدپوور» بڕوایان وایە: «هەرلە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩)ەوە، کە ناسیۆنالیزمی فارس سەرەڕای چەندکولتووری و چەندزمانەبوونی دانیشتووانی ئێران خۆی کرد بە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت، ڕووناکبیرانی فارس بە ڕیزکردن و خستنەڕووی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی میژوویی و کولتووری، وایانکرد زمانی فارسی وەک ناسنامەیەکی ئەزەلی و گشتگیر کە هەموو ئێرانییەکانی گرتووەتەوە، بناسێنن»(سلێمانی و محەمەدپوور،٢٠١٩:١٣٦). دەسەڵاتداران و ڕووناکبیرانی نەتەوەی سەردەست باوەڕیان

وابووە کە تەنیا دەوڵەتێکی بەهێز لە ناوەند دەتوانێت یەکپارچەیی وڵات بپارێزێت و ڕەوتی چاکسازی بەرەوپێشەوە ببات. چونکە بە تێگەیشتنی ئەوان: «نوێکردنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ لە ئێران، پێویستی بە کەمڕەنگکردنەوەی جیاوازییە کولتووریییەکان و یەکسانکردنی ئێتنیکی هەیە....» (ئەتابەکی،۲۰۱۳). لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ئەمانە پێشمەرجەکانی وەدیهاتنی دەوڵەت- نەتەوە بوون و ئەگەر پێی بگەن دەتوانن یەکپارچەیی وڵات بپارێزن و جێپێیەک بۆ نیشتمانی خۆیان لە جیهاندا بدۆزنەوە، ئەمەش یانی ئەو کاتەی نزیک بە تەواوی دانیشتووانی وڵات لە ڕووی بیرکردنەوە وەکو یەک خۆیان سەر بە یەک نەتەوە بزانن.

دەوڵەت- نەتەوەی ئێران، لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە زمانی فارسیی کردووە بە زمانی بەئێرانیکردنی دانیشتووانی وڵات؛ زمانی فارسیی کردووە بە زنجیرێک بۆ لێکبەستنەوەی هەموو دانیشتووانی نێو جیوگرافیای پانوبەرینی ئێران. لە ئێران جۆرێک بیرکردنەوە لەنێو بیرمەندان و ڕووناکبیرانی سەر بە نەتەوەی سەردەستدا دەبینرێت کە پێیوایە زمانی فارسی و ئێرانیبوون هاوتای یەکن. شاهرۆخ مەسکوب لە کتێبی «هویت ایرانی و زبان فارسی»دا هەوڵدەدات بیسەلمێنێت کە «ئێرانییەکان، ئێرانێتیی خۆیان بە یارمەتیی زمانی فارسی ڕاگرتووە و سەرەڕای بەربڵاویی سیاسیی لە یەکە جیوگرافییە جۆراوجۆرەکاندا، پێکەوەگرێدراویی مێژووی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکەیان هێناوە» (رجبی و احمدوند،۱۳۹۹:۵۸). تەرخانکردنی ئەم جێگە و پێگەیە بۆ زمانی فارسی لە بواری پەروەردە و بواڕە گرنگەکانی دیکەدا، هەر تایبەت بە سەردەمی شایەتیی پەهلەوی نییە و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا ئەم سیاسەتە درێژەی پێدراوە. زمانی فارسی بە هۆی جێگە و پێگەیەک کە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئێراندا هەیەتی، دەرەتانێکی بێوێنەی بۆ پەرەگرتن و دەوڵەمەندبوون لە هەر ڕوویەکەوە بۆ ڕەخساوە و بەردەوام خزمەتی دەکرێت. هاوکات بووە بە زمانی پێناسەکردن و ناساندن و جێگیرکردن و خۆبەرهەمهێنانەوەی ناسیۆنالیزم و ئایدۆلۆژیا و ناسنامەیەکی تایبەت کە خۆی بە»ناسنامەی نەتەوەیی» ناودێر کردووە؛ ناسنامەیەک کە لەژێر ناوی «نەتەوەیی» بووندا، سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییە نافارسەکانی ئێرانی خستووەتە پەراوێز و جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان پێ ڕەوا نابینێت.

۲-۵-۲- دیاردەکانی تاکزمانی و فرەزمانی لە پەروەردەدا

چەمکەکانی تاکزمانی، جووتزمانی و فرەزمانی کە بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا ڕووبەڕوویان دەبینەوە، نیشاندەری پێکهاتەی کۆمەڵ و وڵاتی جیاواز لە ڕووی جۆراوجۆریی زمانی و هەروەها تواناییی تاکەکان لە بەکارهێنانی ژمارە و ڕادەی زمانەکاندان. ئەم تایبەتمەندییەی وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەزمان لەسەر پرسی زمانی پەروەردە کاریگەریی زۆری هەیە کە لە درێژەدا ئاماژەیان پێدەکرێت. «پەیوەندی»، کۆمەڵناس و لێکۆڵەری

ئێرانی پێی وایە: وڵاتانی جیهان لەسەرێەک لانیکەم دوو ڕێبازی گرنگیان لە هەڵبژاردنی زمانی پەروەردەدا گرتووەتە بەر. ڕێبازی یەکەم: پەروەردە بە زمانی دایک کە لەم ڕێبازەدا منداڵان هەر لە سەرەتاوە بە زمانی دایک وانە جۆراوجۆرەکان لە قوتابخانە دەخوێنن. زمانی نەتەوەیی یان سەرانسەری لەپاڵ زمانی دایک دەخوێندرێت و پەروەردە و فێرکردن بەرەبەرە دەبێتە جووتزمانی. لە دواساڵەکانی قۆناغی ناوەندیدا قورساییی زیاتر لە بەرنامەی خوێندندا دەدرێت بە زمانی سەرانسەری. ڕێبازی دووەم: خوێندنی زمانی دایکە (پێوەندی، ۲۰۲۰). لە ڕێبازی دووەمدا زمانی نەتەوەیی یان زمانی سەرانسەری، زمانی سەرەکیی پەروەردە و خوێندن دەبێت و قوتابیان لەپاڵ زمانی فەرمی، فێری زمانی دایکیان دەبن، واتە بە زمانی دایک ناخوێنن بەڵکو فێری خوێندنەوەی زمانی دایک و نووسین بە زمانی دایک دەبن و بە ڕێنووس و ڕێزمان و ئەدەبیاتی زمانی دایکیان ئاشنا دەکرێن. لەم ڕێبازەدا بابەتە دەرسییە جۆراوجۆرەکان بە زمانی فەرمی یا سەرانسەری دەخوێندرێن(سەرچاوەی پێشوو). ڕێباز یان مۆدێلی پەروەردەی ئەتۆش هەن کە زیاتر لە یەک یان دوو زمان لە پەروەردەدا سوودیان لێوەردەگیرێت. ئەم مۆدێلە بە «پەروەردەی چەند زمانی» یان «پەروەردەی فرەزمانی» بەناوبانگە.

۲-۵-۳- تاکزمانی لە پەروەردەدا

بە شێوەیەکی سەرەکی دوو مۆدێلی تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە: مۆدێلی یەکەم، ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە دانیشتووانیان تەنیا لە یەک نەتەوە پێک هاتوون و تەنیا بە یەک زمان قسە دەکەن (کە نموونەی ئەوتۆ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە دەگمەن دەست دەکەوێت)، لەم مۆدێلەدا پەروەردە و خوێندن بە یەک زمانە کە زمانی هەموو دانیشتووانی وڵاتەکەیە و شتێکی ئاساییە. باشیی ئەم مۆدێلە لەوەدایە کە فێرخوازان بە زمانی دایک کە هەمان زمانی نەتەوەییانە، دەخوێنن. لێکۆڵەری کورد ئاشتی ئەحمەد حەسەن لەبارەی ئەم مۆدێلە لە پەروەردەی تاکزمانی وتوویەتی: «لەو جۆرە پەروەردەیەدا، تەنها بە زمانی دایک دەخوینن، یان بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی دایک دەخوێنن، ئەم شێوازە پەسەندە و لەهیچ سەرچاوەیەکدا بە شێوەیەکی نەرێنی باس نەکراوە، بۆ نموونە پەروەردەکردنی منداڵێکی کورد بە زمانی کوردی یان پەروەردەکردنی منداڵێکی ئینگلیز بە زمانی ئینگلیزی. بە پێچەوانە هەموو سەرچاوەکان باس لە گرنگیی خوێندن بە زمانی دایک بە تایبەتی لە پۆلەکانی سەرەتای خوێندن دەکەن»(حەسەن،۲۰۲۲:۱۰۰). دیارە وڵاتان بە هۆکاری جۆراوجۆر بۆ نموونە پێویستیی زانستیی سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا، یان پێویستیی پێوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانی وڵات بە زمانێکی نێودەوڵەتی، هەروەها بە هۆکاری ئایینی بە تایبەتی لە وڵاتانی موسوڵمان، هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن یا لە قۆناغەکانی دواتردا، فێربوونی زمانێک یا چەند زمانی بیانی دێننە ڕیزی بەرنامە دەرسییەکانیان، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، زمانی فەرمی و سەرەکیی پەروەردە و فێرکردن لەم مۆدێلەدا، زمانی

گشتی و نەتەوەیی ئەو وڵاتانەیە. منداڵێکیش کە لەم مۆدێلەدا دەخوێنێت، هەتا ئەو کاتەی بە زمانی خۆی دەخوێنێت و فێری زمانێکی دیکە نەبووە، بە «یەکزمانە» دەژمێردرێت. مۆدێلی دووەم، ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە دانیشتووانیان لە نەتەوە و زمانی جیاواز و جۆراوجۆر پێک هاتوون، بەڵام زمانە جۆراوجۆرەکانی دانیشتووانی وڵات، جێگەیەکیان لە خوێندن و پەروەردەدا نییە. بە هۆکاری سیاسی و ئایدۆلۆژیا و لەژێر ناوی پێکهێنان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی وەکیەک و یەکگرتوویی نیشتمانی و یەکپارچەیی وڵاتدا، تەنیا یەک زمان لە بواری پەروەردەدا فەرمییەتی هەیە و پێی دەخوێندرێت، ئەویش زمانی گەورەترین پێکهاتەی نەتەوەیی وڵاتەکە یان نەتەوەی سەردەستە. بەم جۆرە منداڵانی سەر بە نەتەوە و ئێتنیکەکانی دیکە و کەمینە زمانییەکان لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەشن. ئەو منداڵانە بەو هۆیەوە کە زمانی قسەکردن لەنێو بنەماڵەیان لە زمانی خوێندن لە قوتابخانە جیاوازە، هەر لە سەرەتای خوێندنەوە، ڕووبەڕووی ئەزموونی جووتزمانی دەبنەوە. «لەم قوتابخانانەدا سیستەمی پەروەردەی تاکزمانییە، یان زمانی بیانییە و ڕێگا نادرێت بە زمانی دایک بخوێندرێت. ئەم شێوازە لە پەروەردە بە پەروەردەی تاکزمانی ناسراوە، بەپێی زۆر لە سەرچاوەکان شێوازێکی ناپەسەندە و چەندین لێکەوتەی خراپی هەیە» (حەسەن،٢٠٢٢:١٠٠).

بێبەشیی فێرخوازان لە خوێندن بە زمانی دایک، لە ڕووی دەروونی و پەروەردەیی و فێربوونەوە بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی هەتا ئێستا کراون، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر منداڵانی جووتزمانی هەیە. شیلان عومەر حوسێن گرفتە دەروونییەکانی ئەو منداڵانەی زمانی خوێندنیان لە زمانی قسەکردن لەماڵەوە جیاوازە، بەم جۆرە ناو بردوون:« لە ناخیاندا و لە ڕووی دەروونییەوە لە ناو کۆمەڵەکەیاندا جۆرێک لە نامۆیی و ناوازەیی و شازبوونیان تیا دەردەکەوێت؛ ئاستی تێگەیشتن و بیروڕوژاندنی خوێندکار بۆ ئەوانەی کە بە زمانی دایکیان ناخوێنن، سفرە». بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی ناوبراو: ترسناکیی پەراوێزخستنی زمانی دایک بۆ تاک هەر لەوەدا نییە کە داخوراندنی زمانەوانی و سستبوونی فەرهەنگی و... هتدی لێدەکەوێتەوە، لە هەموو ئەمانە مەترسیدار ئەوەیە کە ڕێگە و شێواز و چۆنێتی بیر و بیرکردنەوەی دەگۆڕێت، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە هەموو بوارەکانیدا دەبێت (حوسێن،٢٠١٦:٦٩). سکۆتناب کانگاس کاریگەریی پەروەردەی تاکزمانی لەم جۆرە وڵاتانەدا، پەروەردەیەک کە بریتییە لە بێبەشیی منداڵ لە خوێندن بە زمانی دایک، ئەوەندە بە گەورە و زیانبار دەبینێت کە بە ژێنوسایدی ئێتنیکی ناوی دەبات (کلان،٢٠١٨: ٥٠). ئەو زمانانە کە ڕێگای بەشداری لە پەروەردە و فێرکردنیاندا پێنادرێت، ڕێگای بووژانەوە و گەشەکردن و پێشکەوتنیان لێدەگیرێت و ڕووبەڕووی پەراوێزخران و دابەزینی پێگەیان لەنێو ئاخێوەرانیان دەبنەوە. جگە لەمەش ئەم ستەم و هەڵاوردنە زمانییە وەک بە کردەوەش لە زۆر شوێنی جیهان دەبینین، بووە بە سەرچاوەی کێشە و ئاڵۆزیی سیاسی.

٢-٥-٤- جووتزمانی لە پەروەردەدا

مەبەست لە جووتزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، پەروەردەیەکە کە لەپاڵ زمانی فەرمیی وڵات، زمانێکی دیکەش لە هەموو یان چەند قۆناغی پەروەردەدا پێی دەخوێندرێت. وای دانێین منداڵێکی فارسیزمان کە هاوکات زمانی دایک و زمانی فەرمیی وڵاتەکەی یەکن، لەپاڵ زمانی فارسی بە زمانێکی دیکە بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی، دەخوێنێت. لەم بارەدا ئینگلیزییەکە، بە زمانی دووەمی دادەنرێت. لەهەر حاڵدا زمانی دایک زمانی یەکەمی مرۆڤە، ئەگەر لە قوتابخانە بە زمانێکی دیکە جگە لە زمانی دایک خوێندی، زمانی خوێندنەکە پێی دەگوترێت زمانی دووەم. لێکۆڵەر ئاشتی ئەحمەد حەسەن ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە کە بەهۆی زۆریی جۆرەکانی جووتزمانی، زمانەوانان لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر بۆ پەروەردەی جووتزمانی هاوڕا نیین. ئەو لێکۆڵەرە بۆخۆی جووتزمانییە بەم جۆرە پێناسە کردووە: «پەروەردەی جووتزمانی: بریتییە لە پەروەردەکردنی قوتابی بە دوو سیستەمی زمانی جیاواز لە سیستەمی پەروەردەدا، یەکەمیان زمانی دایکە، دووەمیان زمانێکی دیکەیە کە قوتابی پێ ئاشنا نەبێت، واتە پەروەردەی جووتزمانی بە سیستەمێکی پەروەردەیی پێناسە دەکرێت کە تییدا زانیاری بە دووزمان پێشکەش بە قوتابییان دەکرێت»(حەسەن،٢٠٢٢:١٠١). لێرەدا گرنگە جیاوازیی نێوان «پەروەردەی جووتزمانی» و «منداڵی جووتزمان» بکەین. پەروەردەی جووتزمانی، بەو سیستەمە لە پەروەردە دەگوترێت کە لە دوو زمان بۆ فێرکردن و خوێندن سوود وەردەگرێت، بەڵام منداڵی جووتزمان بە منداڵێک دەگوترێت کە زمانیماڵەوە و زمانی خوێندنی جیاوازن. جووتزمانبوونی منداڵ ئەو واتایە ناگەیەنێت کە لە قوتابخانە بە دووزمان دەخوێنێت. بۆ نموونە لە ئێران هەموو منداڵە قوتابییە نافارسەکان کە سەر بە ئێتنیک و زمانی جیاوازن، سەرجەمیان دوو زمانەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە قوتابخانە تەنیا بە یەک زمان دەخوێنن کە ئەویش زمانی فارسییە. کەواتە بۆیە پێیان دەگوترێت جووتزمان، چونکە زمانی قسەکردن لەنێو بنەماڵە و زمانی خوێندنیان جیاوازە. بۆ ئەم جۆرە قوتابییانە «لە ڕاستیدا زمانی باڵادەست، هەرەشەیەکە بۆسەر زمانی زگماکیی ئەوان و لە کۆتاییدا دەبێتەوە جێگرەوەی زمانی دایکیان» (ڕحمت زهی و شجاعی فر، ٢٠١٨). بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە منداڵان ئەرکدار دەکرێن بابەتە دەرسییەکان و ناوەرۆکیان بە زمانی سەردەست فێر بن. لەم ڕوویەوە دەتوانین بڵێین کە بە سەرنجدان بە پێوەرەکانی خوێندنی دوو زمانە، ئەم شێوەیە لە خوێندنی جووتزمانیدا جێگایەکی نییە؛ چونکە بابەتەکانی خوێندن تەنیا بە زمانی دووەم یان زمانی سەردەست دەخوێندرێن.

٢-٥-٥- پەروەردەی فرەزمانی

زۆربەی وڵاتانی جیهان لە سەردەمی ئێستادا بە وڵاتانی چەندزمانە دەژمێردرێن. کەمتر وڵاتێک لە ڕۆژگاری ئێستادا هەیە کە دانیشتووانی تەنیا بە زمانێک بدوێن. ئەلیاسی،

لێکۆڵەری ئێرانی پشتبەستوو بە بۆچوونی «لی وی» زمانەوانی چینی-بریتانیایی(٢٠٠٠) نووسیویەتی: «بە شێوەیەکی ئاسایی سێ یەکی خەڵکی جیهان واتە لە هەر سێ کەس کەسێک بە هۆی پێداویستیی پیشەیی و بنەماڵەیی، لەکاتی ئاساییدا دوو زمان یان زیاتر بۆ قسەکردن بەکاردێنن (زەنگەنە و هاوکارانی، ٧٨:١٣٩٩). ئەگەرچی زۆربەی وڵاتانی جیهان بە شێوەی فەرمی بە وڵاتی تاکزمانی دەژمێردرێن، «لە زیاتر لە (٢٠) وڵاتی جیهاندا زیاتر لە زمانێک هەیە، لە وڵاتی هیندوستان زیاتر لە ١٩زمانی فەرمی و لە ئەفریقا (١١) زمانی فەرمی هەیە» (سەرچاوەی پێشوو،٧٧). جۆراوجۆری و فرەیی زمانی و کولتووری یەک لە تایبەتمەندییەکانی زۆر لە وڵاتانی ئەمڕۆی جیهانە. زۆر لەو وڵاتانە هەوڵیان داوە بە گرتنەپێشی جۆرێک دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کولتووری، یارمەتیدەری گەشە و پێشکەوتنی سەرجەم کولتووورەکانی نێو وڵاتەکەیان بن. بە گوتەی داغچی: « فرەیی زمانی و کولتووریی‌یان کردووە بە دەرفەتێک بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی و پێشکەوتنی وڵات و گەشەی گەشتوگوزار و... هتد. ئەو وڵاتانە تێکۆشاون بە دیاریکردن و بەڕێوەبردنی سیاسەتی دروست و زانستی، بەستێنێکی لەبار بۆ پێشکەوتنی هەموو ئێتنیکەکان و نەتەوەکانی نێو وڵاتەکەیان پێکبێنن» (داغچی،٨:٢٠١٢). لە ساڵانی ڕابردوودا ئوسترالیا، زیلاندی نوێ، ئیسپانیا، وڵاتانی سکاندیناوی و...هتد، فرەزمانییان وەک سیاسەتی فەرمیی خۆیان ناساندووە و بە چاوی سامانی وڵاتی خۆیان لە فرەزمانییان ڕوانیوە (اومود،٦١:٢٠١٦).

پرسێکی گرنگی پێوەندیدار بە بوونی فرەزمانی لە هەر کۆمەڵ و وڵاتێکدا، ڕادە و چۆنیەتیی مەیداندان بەو زمانانە لە پەروەردەدایە. پەروەردەی وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمان ئەو کاتە دەتوانێت پەروەردەیەکی سروشتی و دادپەروەرانە بێت کە پەروەردەیەکی فرەزمانی بێت، بەو واتایە کە سیستەمی پەروەردەش ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆریی زمانی و نەتەوەیی ئەو کۆمەڵ و وڵاتە بێت. پەروەردەی فرەزمانی بریتییە لە پەروەردەکردنی قوتابی بە چەند زمانێک، واتە قوتابی بە زیاد لە زمانێک پەروەردە دەکرێت. «ئاشتی ئەحمەد حەسەن» لە ڕوونکردنەوەی ئەم پێناسەیەدا وتوویەتی فرەزمانی ئەوەیە: « سیستەمی وڵاتێک فرەزمانی بێت و قوتابییان ئازاد بن بە کام زمان پێیان باشبێت بخوینن، هەروەها دەکرێت بە واتایەکی تریش بێت، ئەویش ئەوەیە قوتابی لە یەک کاتدا بە زیاد لە دوو زمان پەروەردە بکرێت، واتە پەروەردەی فرەزمان پێواژۆیەکی پەروەردەییە کە جگە لە زمانی دایک زیاتر لە زمانێکی بیانی فێر دەکات و یەکێک لە زمانە بیانییەکان دەکاتە زمانی فێرکردن بۆ بابەتەکانی تر»(حەسەن،١٠٣:٢٠٢٢). خاڵی جەوهەری لە پەروەردەی فرەزمانیدا ئەوەیە کە بناغەکەی لەسەر پەروەردە بە زمانی دایک دامەزرابێت. تۆڤە سکۆتناب کانگاس کە ئەزموونێکی دوور و درێژ و دەوڵەمەندی لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە پەروەردەی چەند زمانی لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهاندا هەیە، گرنگییەکی تایبەتی داوە بە پێشخستنی زمانی دایک لە پەروەردەی فرەزمانیدا. لە ڕوانگەی سکۆتناب کانگاس، پەروەردەیەکی چەندزمانیی دامەزراو لەسەربناغەی زمانی دایک کاتێک دەتوانێت ئەنجامێکی باشی لێبکەوێتەوە کە:

«زمانی دایک بۆ ماوەی چەندین ساڵ(ئەگەر بگونجێت بۆ ماوەی ٨ ساڵ) وەک زمانی سەرەکیی پەروەردە بەکار بهێنرێت، فێربوونی زمانێکی فەرمییش هەر لە سەرەتاوە یا لانی کەم لە پۆلەکانی سێیەم، چوارەم و پێنجەمی سەرەتاییەوە وەکو وانەیەکی خوێندن لە پاڵیدا دەست پێبکرێت. هەر بەم جۆرە زمانێکی بیانییش هەر لە سەرەتاوە و وەک وانەیەکی خوێندن هەبێت»(کلان، ٢٠١٨:٧٩). ئەنجامێک کە لە خوێندنەوەی سەرچاوەکانی پێوەندیدار بە فرەزمانی دەستمان دەکەوێت ئەوەیە کە فرەزمانی، دیاردەیەکی سروشتیی کۆمەڵە مرۆییەکانی سەردەمی ئێستایە، هەر بۆیە ئەگەر ئەم فرەزمانییە لە پەروەردەدا ڕەنگدانەوەی نەبێت، ناسروشتییە. دیارە پەروەردەی فرەزمانی مۆدێلی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام مۆدێلێک دەتوانێت وەڵامدەری ویستی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، بە تایبەتی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت کە زمانی دایک بکات بە زمانی سەرەکیی پەروەردە.

٢-٦- زمان و پەروەردە لە پڕۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیدا

زمان و پەروەردە دەکەونە کوێی پڕۆسەی دەوڵەتسازی و نەتەوەسازی؟ ئەم پرسیارە دەکرێت بە گوێرەی جیاوازیی دۆخی سیاسیی دوو جۆر نەتەوە، وەڵامی بدەینەوە. جۆری یەکەم، نەتەوەیەکی سیاسی کە نەتەوەیەکی یەکدەست نییە و لە پێکهاتەی ئێتنیکیی جیاواز پێک هاتووە و لە چوارچێوەیەکی جیوگرافی-سیاسیی دیاریکراو و دانپێدانراودا دەژیت و خاوەنی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیەتی، بۆ نموونە وڵاتی ئێران یا ئەو وڵاتانەی لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کۆتاییهاتنی کۆلۆنیالیزم، هاتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان. جۆری دووەم، نەتەوەیەکی بندەست کە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بەدەستی خۆی بێبەشە، خۆی و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵات و دەوڵەتدا دابەش کراون و بۆ ڕزگاری لە بندەستی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی خۆی لە خەباتدایە، بۆ نموونە نەتەوەی کورد.

٢-٦-١-زمان و پەروەردە لەلای دەوڵەت- نەتەوەکان

ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە ئەم گرووپە، جیاوازن. ژمارەیەکیان خاوەن پێشینەی مێژوویین و تێیدا بۆ ماوەی سەدان ساڵ، چەند یا چەندین پێکهاتەی ئێتنیکیی جیاواز لە چوارچێوەی ئیمپەراتۆرییەک یا وڵاتێکی گەورەدا لە تەنیشت یەکتر ژیاون. وڵاتی ئێران خۆی نموونەی ئەم جۆرە وڵاتانەیە. وڵاتانێکیش هەن کە لە سەدەی بیستەم، لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپەراتۆریەتی عوسمانی، یا دوای کۆتاییهاتنی داگیرکاری و ئیستیعمار دروست بوون و هاتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان. «تورکیا، سوریا، عێراق، لوبنان، ئۆردۆن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەدوای لێکهەڵوەشانەوەی ئیمپەراتۆریەتی عوسمانی و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هاتنە ڕیزی وڵاتانی سەربەخۆ. لە ئەفریقاش جەزائیر، تونس، تانزانیا، کۆنگۆ، جیبۆتی، گابۆن، نایجریا، موزامبیک، ئانگۆلا و چەند وڵاتێکی دیکە؛ هەروەها

لە ئاسیا دەتوانین هیندوستان، فیلیپین، بێرما(میانمار)، مالیزیا، ئەندونێزیا ناوبەرین کە زۆربەشیان لە نێوەڕاستەکانی سەدەی ڕابردوودا سەربەخۆییان بەدەست هێنا» (تاریخ عمومی، ١٣٦٧: ٨٣-٨٥). چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان و پەروەردە لەم وڵاتانە، سێ جۆری جیاواز لە سیاسەتی لە پشت بووە، کە بریتین لە:

١-هەڵبژاردنی زمانی ئەو دەوڵەت و وڵاتە کۆڵۆنیالیستەی سەرزەوییەکەی ئەوانی کردبووە کۆڵۆنیی خۆی بە مەبەستی جیاواز (ویلیما،٢٠٢١). بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردە بۆ جێگیرکردن و ڕاییکردنی ئەو ئامانجە سیاسی و کولتوورییانەی لە پشت ئەو بڕیارە هەبوون؛

٢-زاڵکردنی زمانی نەتەوەی سەردەستی وڵات بەسەر زمانی کەمینە نەتەوەیی و زمانییەکان و بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردەی وڵات بۆ وەک یەک لێکردنی دانیشتووانی وڵات لە ڕووی زمان و کولتوور و ناسنامەی نەتەوەییەوە؛

٣- داننان بە جۆراوجۆریی زمانەکان و بە فەرمی ناسینیان و بنیاتنانی پەروەردە و فێرکردنی چەند زمانە، هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردە بۆ جێگیرکردن و پەرەپێدانی کولتووری پێکەوەژیان بە هەموو جۆراوجۆرییەکانەوە لە چوارچێوەی وڵاتێکدا.

هەرچی جیاوازیی نەتەوەیی، ئێتنیکی و ئایینی لە وڵاتێک زیاتر بێت نەتەوەسازیی لەو وڵاتە دژوارتر و چارەسەرکردنی پرسی زمانی ئاڵۆزتر دەبێت. ویممەر، ڕووسیای ڕۆمانۆف بۆ ئەم لایەنە بە نموونە دێنێتەوە کە زۆربەی کەمینە زمانییەکان دینی جیاواز لە زۆرینەی ئۆرتۆدۆکسی ڕوسی زمانیان هەبوو، بەڵام لە وڵاتی وەک سویسرا نەتەوەسازی ئاسانتر بوو، چونکە جیاوازییەکە هەر لایەنی زمانی هەبوو نەک ئایینی» (ویممەر،٢٠١٩). ئەم دژواربیە چەند قات زیاتر دەبێت ئەگەر دەوڵەتی وڵاتێک لەجیاتی داننان بە جۆراوجۆرییە ئێتنیکییەکان و بە فەرمی ناسینیان و پەسەندکردنی مافە زمانییەکانیان، ڕێگای حاشالێکردن و پەراوێزخستنیان بگرێتە بەر. لە ڕوانگەتدا لەم جۆرە وڵاتە ئاڵۆزییەکە کەمتر دەبێتەوە، چونکە بە پێویست نازانرێت یاسای تایبەت و هێزی مرۆیی و سەرمایەی ماددی و میکانیزم و ڕێوشوێنی ئاڵۆز بۆ داپینکردن و ڕاییکردنی ماف و بەرپرسیارەتییە زمانییەکان تەرخان بکەن؛ بەڵام ئەزموونی وڵاتانی لەم چەشنە سەلماندوویانە کە جگە لەوەی زمانە بندەستەکان لە ماوەیەکی درێژخایەندا لەم سۆنگەیەوە زیانی جۆراوجۆریان پێگەیشتووە، ئاسایش و یەکپارچەیی ئەو وڵاتانە و یەکێتی و هاوپێوەندیی خەڵکەکەشیان ڕووبەڕووی کێشەی جیددیی نێوخۆیی بوونەوتەوە.

٢-٦-٢-بەکارهێنانی زمان و پەروەردە لەلایەن نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە

نەتەوەی کورد کە نیشتمانەکەی بەسەر چوار دەوڵەت- نەتەوەدا دابەش کراوە، کاتێک دەتوانێت پڕۆسەی دەوڵەتسازی بگرێتە بەر و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروست بکات کە

هەموو بەشەکانی نیشتمانەکەی یا لانیکەم یەکێک لە بەشەکانی لە داگیرکراوی ڕزگار کردبێت. پڕۆسەی دەوڵەتسازی لەسەر خاکێکی دیاریکراو و بەهۆی دەوڵەتێکی دانپێدانراو و لەنێو خەڵکێک کە کەوتوونە چوارچێوەی سنووورەکانی ئەو خاکە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام نەتەوەسازی بێ هەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەییش دەگونجێت، بەو مەرجەی لە نێویاندا وشیاریی نەتەوەیی، وشیاریی زمانی، خۆڕێکخستن و تێکۆشان و خەبات بۆ پاراستنی ناسنامە و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیان هەبێت و بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان خەبات بکەن. ئەو نەتەوانەی نەبوونە خاوەن دەوڵەتێک و ئەو نەتەوانەی خراونە چوارچێوەی وڵاتێک کە دەوڵەت و دەسەڵات لە پاوانی نەتەوەی سەردەستدایە، نەک هەر ڕێگای ئەوەیان پێنادرێت لە دارشتن و دیاریکردنی سیاسەتە پەروەردەیی و زمانییەکانی وڵاتەکەدا بەشدار بن، بەڵکو ڕووبەڕووی سڕینەوەی ناسنامە و زمانکوژی دەبنەوە. سیستەمی پەروەردەی وڵاتیش لە خزمەت ئەو سەرکوت و سڕینەوە و هەڵاوردنەدایە. نەتەوە بێدەوڵەتەکان بە وتەی لێکۆڵەری کورد هۆگر ئیبراهیم بۆ مانەوە بە گشتی و پەیداکردنی سروشتی دامەزراوەیی بە تایبەتی: «ئەرکی قورسترییان لەسەر شانە، ئەوان پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن بەرگەی ئەو شەپۆلانە بگرن کە بە ئاراستەی لاوازکردنیان دەجوولێنەوە»(ئیبراهیم، ٢٠١٧).

فەیلەسووفی کانادایی «کیملیکا»، ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی بۆ نەتەوەسازیی ئەو دەوڵەتانە هەیە کە پڕۆسەی نەتەوەسازی لەواندا بەهۆی «زۆرایەتی» جێبەجێ دەکرێت و بەرەوپێشەوە دەبرێت. ئەو پێی وایە دادپەروەریی ئێتنیکی و زمانی لەم پڕۆسەیەدا پێشێل دەکرێت، هەر بۆیە پێویستە بە هۆی دابینکردن و دەستەبەرکردنی مافی کەمایەتییەکان پێش بەو نادادپەروەرییە بگیرێت: «مافەکانی کەمایەتی بریتین لەو مافانەی کە لەبەرانبەر نادادپەروەریی سەرچاوەگرتوو لە نەتەوەسازیی زۆرایەتی، پارێزگاری لە کەمایەتییەکان دەکەن» (بادامچی،٢٠١٦). کیملیکا لەسەر ئەمە پێداگرە کە پڕۆسەی نەتەوەسازی دەبێت هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندییی گرنگی وەک «پێکهێنانی یەکسانیی دەرفەتەکان»، «هەستی هاوپێوەندی»، «متمانەی نەتەوەیی» و «پێکهێنانی بەستێنێک بۆ جێگیرکردنی دیموکراسیی دیالۆگ»بێت. بە بۆچوونی ناوبراو ئەوە کە دەگوترێت حکومەتەکان نەتەوەسازی دەکەن، بەو واتایە نییە کە لەسەریانە هەر تەنیا یەک کولتوور پەرە پێبدەن؛ بەپێچەوانەوە حکومەت لە دانانی سیاسەت لە نێوخۆی وڵاتێکدا ئەو دەسەڵات و لێهاتوویییەی هەیە کە لە یەک کاتدا دوو یان چەند کولتووری کۆمەڵایەتی پەرە پێبدات. نموونەیەک کە کیملیکا بۆ ئەم لێهاتوویییە دەیهێنێتەوە، حکومەتە چەند نەتەوەییەکانی کانادا، سویس، بێلژیک و ئیسپانیایە (سەرچاوەی پێشوو).

زمانەوانی کورد، «فەرەج» ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە کە: «نەتەوەیەکی خاوەنزمان، کە نیشتمانەکەی داگیرکراو و بەشبەشکراو بێت، ئەوا جیوگرافیای زمانەکەشی دەکەوێتەبەر

چەندان گوشاری جیاواز» (فەرەج،٢٠٢٢:١٠). ناوبراو بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەی خۆی نەتەوەی کورد بە نموونە دێنێتەوە کە: «داگیرکەرانی کوردستان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کار لەسەر نابوودکردنی دەکەن، بەتایبەت لە ڕێگای دژایەتیکردنی زمانەکەیەوە، چونکە زمان ناسنامەی نەتەوەکانە و داگیرکەرانیش مەبەستیانە داگیرکراوان لە ناسنامەی ڕەسەنیان دابماڵن» (سەرچاوەی پێشوو:٦٠). خەبات و تێکۆشان لە چەندین بەرەدا بۆ دەربازبوون لە بندەستی و داگیرکراوی و بەدەستهێنانی سەروەریی نەتەوەیی یان لانیکەم بۆ پاراستن و زیندووڕاگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی، کولتووری و زمانی، هەروەها بە مەبەستی هاوبەشی لە دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتدا، چارەنووسێکە کە مێژوو لە بەردەم ئەم جۆرە نەتەوانەی داناوە. نەتەوە بندەست و بێدەوڵەتەکان بۆ دەربازبوون لەو مەترسییانەی لەسەرڕیانە دوو ڕێگای سەرەکییان لە بەردەمدایە: ١-بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، ٢- بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە شێوەی ئوتۆنۆمی یا فیدراڵی.

٢-٦-٣- پاراستنی ناسنامە بە هۆی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی:

لە ئەدەبیاتی سیاسییدا پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی بە بەرزترین فۆرمی چارەسەری پرسی نەتەوەیی هەر میللەتێک دادەنرێت. ئەوە کە نەتەوە بێدەوڵەتەکان بە قەوم (ئێتنێک) ناو دەبرێن؛ زمان، ئەدەبیات، هونەر، شارستانییەت، دڕەوشانەوەی کەسایەتییەکانیان و دەستکەوتە زانستییەکانیان لە شوناسێکی دیکە و بە ناوی وڵاتێک کە ئەوانی لە بندەستیدا ڕاگرتووە، ون و بێسەروشوێن دەکرێت، یەکێک لە لێکەوتەکانی بێدەوڵەتییە. قەرەداغی لەم بارەیەوە وتوویەتی: «هەر نەتەوەیەک کە وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نەبێت، هەر لە پەراوێزی مێژوودایە و بوون و ناسنامەکەی لۆکاڵی دەبێت»(عەتا قەرەداغی، ٢٠١٧). نەتەوەیەک ئەگەر دەوڵەتی هەبێت «لە ڕێگای ئەم دەوڵەتەوە وەکو نەتەوە دەبێتە بکەرێکی بەشدار و کارا لە بنیادنانی مێژوو و شارستانێتی مرۆڤایەتیدا و لەئاستی ناوخۆشدا لەناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا، نەتەوەسازی دەکات. بێ‌پێکهێنانی دەوڵەت، نەتەوە هەر لە بازنەیەکی داخراودا دەمێنێتەوە، نە بوونی خۆی دەسەلمێنێت، نە تامی ئازادی دەکات»(سەرچاوەی پێشوو). شاراوە نییە کە گرتنەبەری ئەم ڕێگایە بە هۆکاری جۆراوجۆر وەک شەڕ و لەشکرکێشیی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، نایەکسانبوونی توانای سوپایی و داکۆکیی، نەبوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و... هتد، جگە لەوەی قوربانیدانێکی زۆری مرۆیی و وێرانی و کارەساتی جۆراجۆری لە زیانی نەتەوەی داواکاری سەربەخۆیی لێدەکەوێتەوە، ئەگەری گەیشتنی بە سەرئەنجامی دڵخوازیش زۆر کەمە. ئەزموونی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆییی کورد لە عێراق(٢٠١٧)، کاتالۆنیا لە ئیسپانیا(٢٠١٧) کە ئەنجامی هەر دوو ڕێفراندۆمەکان، دەنگدانی زۆرینەیەکی بەهێز بە سەربەخۆیی بوو، بەڵام ئەو دوو ناوچەیە لە گەیشتن بە سەربەخۆیی ناکام مانەوە، دژوار و دوورەدەست بوونی ئەم ڕێگایە دەسەلمێنێت.

٢-٦-٤- پاراستنی ناسنامە بە هۆی بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس

ڕێگایەکی دیکە بۆ ئەوەی نەتەوەیەک یا کەمایەتییەکی نەتەوەیی، لەسەر نیشتمانەکەی مافی چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست، بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی (خۆبەڕێوەبەری) و گرتنەدەستی بەڕێوەبەرێتیی ناوچەکەی خۆی لە سیستەمێکی فیدرالیدایە. لە ئۆتۆنۆمیدا دەسەڵاتی ناوەندی لە چوارچێوەی یاسا و بەگوێرەی ڕێککەوتن، وێڕای قبوولکردنی کۆمەڵێک لە مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی وڵاتەکەی، بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکەش بەو پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازە دەسپێرێت. بەم جۆرە دەسەڵات لەنێوان ناوەند و ناوچەیەکی دیاریکراو دابەش دەکرێت. هەم دانیشتووانی ئەو ناوچەیە هەست بە دابینبوونی مافەکانیان و جۆرێک زاڵبوون بەسەر چارەنووسی خۆیاندا دەکەن، هەم وڵاتەکەش وێڕای پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی، کێشەیەکی نەتەوەیی وڵاتەکەی چارەسەر کردووە. جیاوازییەکەی لەگەڵ فیدرالیزم لەوەدایە کە فیدراڵییەت، سیستەمێکی حکومەتییە کە لە یەکگرتنی یەکە ناوچەیی و ئەیالەتییەکان پێک دێت. لەم سیستەمەدا وێڕای ئەوەی هەر یەکەیەک (ئەیالەت، پارێزگا یا ناوچە) دەسەڵاتێکی بەڕێوەبەریی تایبەت بەخۆی هەیە، دەسەڵاتێکی ناوەندییش بە هاوبەشیی هەموان پێک دێت. دەسەڵاتی وڵات بەپێی یاسا لەنێوان ناوەند و یەکە فیدراڵەکان دابەش دەکرێت. مەرج نییە ئامانجی هەموو سیستەمە فیدراڵییەکان لەسەر بناغەی دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئێتنیکەکان و چارەسەری پرسی نەتەوەیی و کولتووری بێت. «فیدرالیزم لەزۆر وڵات تەنیا لایەنی ئیداری و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئەیالەت و پارێزگاکانی هەیە و لەوانەیە دانیشتووانی وڵات لە ڕووی ئێتنیکی و زمانییەوە کێشەیەکیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی یا لەگەڵ یەکتر نەبێت» (ئیرانپوور،٢٠٠٣). کانادا، سویسرا، بێلژیک و عێراق نموونەیەک لەو وڵاتانەن کە جۆراوجۆریی ئێتنیکی و زمانییان تێدایە، سروشتی فیدرالیزمەکەشیان ئێتنیکییە.

خاڵێکی گرنگ دەبێت لە دریژە و ئەنجامی ئەم باسەدا ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە پرۆسەی نەتەوەسازی نابێت بۆ ئەو کاتە هەڵ بگیرێت کە یەکێک لەم دوو ڕێگایە بە ئاکام دەگەن. بەر لەوەش نەتەوەیەکی بندەست پرسی نەتەوەیی خۆی بە یەکێک لەو فۆرمانە (ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی یا سەربەخۆیی) چارەسەر بکات، دەبێت بەردەوام و لە هەموو بوارێکدا پرۆسەی نەتەوەسازی لە نێوخۆیدا بەڕەوپێش ببات. بەڕەوپێشبردنی پرۆسەی نەتەوەسازی لەنێو نەتەوەیەکی بێدەوڵەتدا، بەپلەی یەکەم لە ئەستۆی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستییە؛ بزووتنەوەیەک کە هەڵگری ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەیی و ڕێبەری خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەی بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیە. پرۆسەی نەتەوەسازی هەتا گشتگیرتر بێت و ڕەهەندی زیاتر و جۆراوجۆرتری هەبێت، قووڵتر دەبێت و بناغەی بەهێزتر بۆ دروستکردنی نەتەوە دادەمەزرێنێت. یەکێک لەو ڕەهەندانە کە لایەنی هزری هەیە، بریتییە لە پەرەپێدان و

بەشی سێیەم

پێداچوونەوەی لێکۆڵینەوە ئێرانییەکانی پێوەندیدار بە زمان

ئەم بەشە دوای ئاماژەیەکی کورت بە پێشینەی بەکارهاتنی چەمکی سیاسەتی زمانی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڕوەها سووکەئاوڕێک لە بایەخدانی لێکۆڵەرانی کورد بە سیاسەتی زمانی وەک بابەتی لێکۆڵینەوە، بۆ ئاوردانەوەیەکی ڕەخنەگرانە لەو لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە ئێرانییانە تەرخان کراوە کە پێوەندییان بە سیاسەتی زمانی لە ئێران و زمانە بەکەمینەکراوەکان، بە تایبەت کوردییەوە، هەیە.

٣-١-پێشینەی لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی زمانی لە کوردستان و ئێراندا

٣-١-١-یەکەم بەکارهێنانەکانی چەمکی سیاسەتی زمانی

یەکەم بەکارهێنانی چەمکی «سیاسەتی زمانی» لەلایەن چاپەمەنیی سەربە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٩٤٦)، ئەو کاتەی سەرنووسەری حەوتوونامەی "کوهستان"، دوکتور ئیسماعیل ئەردەڵان وەڵامی نووسینێکی گۆڤاری «یادگار»ی لەژێر ناوی «سیاست زبان» دابووەوە.[1] ئەردەڵان هەر لەژێر سەردێڕی «سیاست زبان»، بۆچوونەکانی مەحموود ئەفشار (ناوبردنی زمانی کوردی وەک لەهجە و دژایەتیکردنی لەگەڵ خوێندنی منداڵان بە زمانی کوردی)ی ڕەت کردبووەوە و داکۆکیی لە زمانی کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ و پەروەردە بەو زمانە کردبوو(وریا،٢٠٢١:١٨٥). گۆڤاری «یادگار»بە سەرنووسەریی «عباس اقبال آشتیانی» لە یەکەم چاپەمەنییەکانی ئێران بووە کە چەمکی «سیاسەتی زمانی»یان بەکار هێناوە. «یادگار» لەوەدا کە لەژێر ناوی چەمکی«سیاست زبان» لە چۆنیەتیی سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران بەرانبەر بە زمانەکانی وڵات دواوە ڕچەشکێن بووە. ئەم گۆڤارە سەروتاری خۆی (ژانویە، فێوریەی ١٩٤٦) لەژێر ناوی «سیاست زبان»[2] بۆ باس لە سیاسەتی زمانی لە ئێراندا تەرخان کردبوو. «یادگار» لەو گۆڤار و چاپەمەنییانەی ئێران بووە کە داکۆکییان لە «ناسیۆنالیزمی ئێرانی»و «دەوڵەت – نەتەوەی ئێران» و پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە کردووە (سەرچاوەی پێشوو، ١٧٩).

ئەگەر لەنێو لێکۆڵینەوە زانستییەکانی لێکۆڵەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا بۆ لێکۆڵینەوەی پێوەندیدار بە سیاسەت و پلاندانانی زمانی بگەڕێین،

١- سەروتاری ژمارە (٤٥)، ساڵی یەکەم، دووشەمە ١٥ی ڕیبەندانی ١٣٢٤(فێوریەی ١٩٤٦)ی حەوتوونامەی «کوهستان".

٢- سەروتاری ژمارەی شەشەمی «یادگار» (ژانویە، فێوریەی ١٩٤٦).

دەتوانین قامک لەسەر تێزی دکتۆرای ئەمیر حەسەنپوور لەبارەی ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستان لەنیوان ١٩٨٥-١٩١٨دا بە زمانی ئینگلیزی دابنێین. هەرچەند بابەتی سەرەکیی ئەم تێزە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە پرۆسەی ستانداردبوونی کوردیی ناوەندی لە باشووری کوردستان، بەڵام لە چەند شوێن حەسەنپوور باسی سیاسەتی زمانیی ئێرانی کردووە کە چۆن لە سەردەمی دامەزرانی ڕژێمی پەهلەوەییەوە، لە ساڵی ١٩٢٥، هەوڵی تواندنەوەی زمانی کوردی داوە. لە کتێبێکی دیکە، «سەدەیێک خەبات لەپێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت، و ئیدەئۆلۆژی»، حەسەنپوور سیاسەتی زمانیی عێراقی لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٨هەتا ١٩٩١ خستووەتە بەر باس. لە چەندین پرسی گرنگی پێوەندیدار بە زمانی کوردی وەک ستانداردکردن، پەتیگەری، ئەلفوبێ، ڕێنووس و ... هتد دواوە، کە زۆرێک لەم باسانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆژهەڵاتیش دەگرنەوە.

٣-١-٢- لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی زمانی بە زمانی کوردی

سیاسەت و پلاندانانی زمانی لەم چەند دەیەی دواییدا زیاتر لە دەیەکانی پێشوو بوون بە جێگای سەرنجی لێکۆڵەرانی کورد. لە هەرێمی کوردستان بێجگە لەو نووسین و وەرگێڕانانەی لەبارەی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بە شێوەی کتێب چاپ و بڵاو بوونەوە، ئەم بابەتە هەتا ئێستا بووە بە هەوێنی ژمارەیەک تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر و چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی کە زۆربەیان لە گۆڤارە زانکۆییەکاندا بڵاو بوونەوە. قەیس کاکل لە زانکۆی سۆران، لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی «ئاسایشی نەتەوەیی و پلاندانانی زمانی» هەیە کە لە (٢٠٠٧) وەک کتێب بڵاو بووەتەوە. باسی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی کردووە کە زمانی کوردی وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵیان ڕووبەڕوویە و ناوەندەکانی بڕیار لە هەرێمی کوردستانی بەرعۆدە کردووە کە بە پلاندانانی دروستی زمانی ئەو مەترسییانە کەم بکەنەوە. «خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»، (٢٠١٠، زانکۆی سەلاحەدین)، نامەی ماستەری قادر فەتاح ئەحمەد(قادر وریا)یە کە وێڕای باسکردن لە ئەزموونەکانی خوێندن بە زمانی کوردی لەدەرەوەی ئیرادەی ڕێژیمەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تیشکی خستووەتە سەر دژایەتیی حکومەتەکان لە هەر دوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ بەفەرمی ناسین و مەیداندان بە زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکانی ئەو وڵاتە بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا. «زمانی ستانداردی کوردی» ناونیشانی نامەی دکتۆرای نەریمان عەبدوڵلا خۆشناوە لە بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە(٢٠١٢). نامەکە تەرخان کراوە بۆ زمانی ستانداردی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان بەڵام زیاتر جەخت کراوەتە سەر هەرێمی کوردستان کە زەمینەی مێژوویی هەیە بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی زمانی ستانداردی کوردی.

«زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو»، کتێبێکە لە نووسینی پرۆفیسۆر د.جەعفەر شێخولئیسلامی (٢٠١٨). ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە بە هەر دوو

زمانی ئینگلیزی و کوردی. تۆیژەر لێکۆڵینەوەکەی ساڵی ۲۰۱۱ -۲۰۱۲ بە زمانی ئینگلیزی بۆ ژمارەیەکی تایبەت بە زمانی کوردیی گۆڤاری زانستی نێونەتەوەیی کۆمەڵناسیی زمان (IJSL) نووسیوە. لێکۆڵینەوەکە لە سەرەتادا لە دەلاقەیەکی تیۆرییەوە ڕوانیویەتە جۆری گەڵاڵەبوونی سیاسەتی زمانی لە ئێران. باسی ئەوەی کردووە کە نێوەرۆکی سیاسەتی زمانی لە ئێران، پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ لەو وڵاتە و ئەو ئایدۆلۆژیا و ناسیۆنالیزمەی دەوڵەت- نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنیات نراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاوڕ لە سیاسەتی زمانیی ئێران لە سێ قۆناغدا (ڕەزاشا ۱۹۲۵-۱۹٤۱، محەمەد ڕەزاشا ۱۹٤۱-۱۹۷۹، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ۱۹۷۹) دراوەتەوە. شێخولئیسلامی ئاماژەی بە هێندێک ئاڵوگۆڕی هەر چەند بچووک بەڵام ئەرێنی لە ئێران لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا کردووە، وەک کرانەوەی خولێکی بەکالۆریای زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ۲۰۱۵ لە زانکۆی کوردستان و پێشوازیی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران بۆ بەشداری لەم خولەدا. هەر لە درێژەی ئەو باسەدا، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ئێران لە بواڕەکانی میدیا و پەروەردەیدا شی کردووەتەوە. دەسەڵات لە ئێران زمانی کوردی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بۆ بانگەشەی سیاسییەکانی خۆی بەکار دێنێت. بەڵام چۆن بەکارهێنانێک؟: «زۆربەی ڕۆشنبیران، ڕۆمانووسان، شاعیران، و ڕۆژنامەنووسان لەو زمانە کوردییەی ئەم وێستگانە بە کاری دەهێنن، ڕازی نین، و پێیان وایە هەندێک هەوڵی بەئەنقەست بۆ تێکدانی زمانی کوردی لەژێر چاوەدێریی وردی کاربەدەستان دایە، زۆربەی جار لە ڕێگای وەرگێڕانی بابەتەکان یان شێوەزاری تەوە، چونکی زۆربەی بەرپرس و بەڕێوەبەرانی وێستگەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن خەڵکی ناوچەکانی تری ئێرانن و بە کوردی ناپەیڤن. بە هەمان شێوە هەموو بڵاوکراوەکان دەبێت لەلایەن وەزارەتی کولتوور و ڕێنمایی ئیسلامییەوە پەسەند بکرێن»(شێخولئیسلامی،۲۰۱۸:۵۰). شێخولئیسلامی بە کەلکوەرگرتن لە تیۆرییەکانی مافی زمانی کە لە لایەن رابرت فیلیپسن و سکوتناپ-کانگس هوە، دارێژراوە، بەو ئەنجامە دەگات کە ئامانجی سیاسەتی زمانی لە ئێران بەهێزتر کردنی زمانی فارسی و وەلانانی زۆرتری زمانە کەمینەکراوەکانی وەکو کوردییە.

«بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمانی»، کتێبێکە کە کۆمەڵێک وتاری پارێزەر تاریق جامبازی لەبارەی زمان و ناسنامە و نەتەوە، نەبوون یان نارووبی سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستان، بە کوردی کردنی یاسا و زمانی فەرمی لە کوردستانی گرتووەتە خۆ و ساڵی ۲۰۱٤ بڵاو بووەتەوە.

شێخولئیسلامی (۲۰۱۹)، لە گۆڤاری دراساتی کوردی، کە لە لایەن ئەنستیتوی کورد لە پاریس دەردەچێت، لە چۆنیەتی و ئاستی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کۆڵیوەتەوە. لێکۆڵەر کەلکی لە تیۆرەکانی سیاسەتی زمانیی ڕەخنەگرانە وەرگرتووە و ڕوانیویەتە بوون یان بزربوونی زمانی کوردی لە چەند بواردا: دیمەنی گشتی (بە نموونە بزربوونی زمانی کوردی لە سەر

تابلۆی دوکانان)، پەروەردە، فێرگە و شوێنەکانی ڕاهێنانی کەرتی ئەهلی، میدیا و هەروەها شێوەی بیرکردنەوەی و بۆچوونی بژاردەی فارسزمان بۆ زمانە نافارسییەکان و لەوانەش زمانی کوردی. شێخولئیسلامی بە دەیان بەڵگەنامە و ڕێسای حکومەتیی ئێرانی هێناوەتەوە بۆ ئەوە نیشان بدات کە سەرەڕای هێندێک چالاکیی ڕووکەشانەی زمان و کولتووری کوردی کە ڕێگەپێدراون، لە بنەڕەتدا سیاسەتی زمانی لە ئێران لە خزمەت پەراوێزخستن و تواندنەوەی زمانە نافارسییەکاندایە. نووسەر پێی وایە کە هەتا پەروەردە بە زمانی دایک لە ئێران ڕێگەی پێنەدرێت، زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات زۆرتر ڕووبەڕووی توانەوە دەبێتەوە.

«سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا»، زانکۆی سەلاحەدین (٢٠٢٢)، ناونیشانی تێزی دکتۆرای سەعد قازییە. قازی، کەموکووڕییەکانی سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی بایەخدان بە زمانی کوردیی وەک زمانی یەکەم و فەرمی لە هەرێمی کوردستانی کردووە بە بابەتی تێزەکەی. «سیاسەت و پلانی زمانی لە ڕاگەیاندندا، کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان بە نموونە» (زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٢٢)، تێزێکی دیکەی دکتۆرایە. لێکۆڵەر (ئازاد عەزیز سلێمان)، سیاسەتی زمانی لە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستاندا وەک بابەتی لێکۆڵینەوە هەڵبژاردووە. لێکۆڵەر بنەما بنچینەییەکان و تیۆر و ئایدۆلۆژیا جیاجیاکانی سیاسەتی زمانی خستووەتە ڕوو و لەم ڕوانگەیە ڕۆڵی سیاسەت و پلانی زمانیی لە ڕاگەیاندندا و پێگەی زمانی کوردیی لە دەستوور و یاساکان و هەروەها گرنگیی کەناڵە ئاسمانییە کوردەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی زمان و پاراستنی زمانی کوردی و گەشەی گەنجینەی فەرهەنگیی زمانی کوردیی خستووەتە ڕوو (سلێمان،٢٠٢٢:VII). تێزێکی دکتۆرای دیکە کە زمان و پەروەردە بە تایبەتی فرەزمانی لە پەروەردەدا، ناوەرۆکە سەرەکییەکەی پێک دێنێت «ئاڕێشەکانی پەروەردەی جووتزمانی لە پرۆسەی فێرکردندا»(زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢) هیی ئاشتی حەسەن ئەحمەدە. دیارە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بە دەیان لێکۆڵینەوە لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەت و پلاندانانی زمانی و بە دیاریکراوی لەبارەی پرسی زمانی ستاندارد، پەروەردە بە زمانی دایک و چەند زمانی لە پەروەردەدا لە گۆڤارە زانکۆییەکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاو بوونەوە. دەنگی بەهێز لەم لێکۆڵینەوانەدا ڕەخنەگرتن لە بێ پلانیی دامودەزگا پێوەندیدارەکانی هەرێم لە ئاست کاریگەریی نەرێنیی زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی و تورکی لەسەرزمانی کوردی، هەروەها ڕەخنەگرتن لە بەکارهاتنی دوو زار یا زیاتر لە پەروەردە و کاروباری کارگێڕی و میدیا لە هەرێمی کوردستان و پابەندنەبوون بە زمانی ستانداردی کوردی لەم هەرێمە بووە.

٣-١-٣-گرنگیدانی لێکۆڵەرانی ئێرانی بە سیاسەت و پلاندانانی زمانی

لە نێوخۆی ئێران لەم چەند دەیەی دواییدا، لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر پلاندانان و سیاسەتی زمانی ڕووی لە زیادبوون کردووە. زاڵبوونی سیاسەتی تاکزمانی لە بواری پەروەردەدا و بێبەشیی نەتەوە نافارسەکان لە پەروەردە بە زمانی خۆیان، هۆیەک بوون بۆ ئەوەی لە

دوو ڕوانگەی تەواو جیاوازەوە، سیاسەتی زمانی و زمانی پەروەردە لە ئێراندا بینە هەوێنی نووسین و لێکۆڵینەوە. ڕێژەیەکی بەرچاو لە لێکۆڵینەوەکانی ناوخۆی ئێران هیی ئەوانەن کە لایەنگر و داکۆکیکاری سیاسەتی تاکزمانیین و بە دژایەتی لەگەڵ فرەزمانی و مافی زمانیی بەکەمینەکراوەکانی ئێران لە پەروەردەی ئەو وڵاتەدا، لێکۆڵینەوەیان کردووە. لێکۆڵینەوەی تاهیرە ئەحمەدی پوور (۲۰۱۱/۱۳۹۰)، لەژێر ناوی «بە سوی چارچوب سیاست زبانی ملی» لەو لێکۆڵینەوانەیە کە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە، پشتگوێخستنی زمانەکان و زارەکانی دیکەی ئێرانیان لەلایەن ناوەندەکانی دارشتنی سیاسەتی زمانەوە باس کردووە. پوختەی ئەم تویژینەوەیە ئەوەیە کە لە بەرنامە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی ئێراندا فارسی وەک زمانی فەرمی و نەتەوەیی، ئینگلیزی وەک زمانی جیهانی و عەرەبی وەک زمانی ئایینی جێگای دیار و تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام بەکارهێنانی فارسی وەک زمانی نەتەوەیی نابێت پێشی بایەخدان بە زمانەکانی دیکە بگرێت، پێویستە لە پلاندانانی سیاسەتی زمانیدا پێگە و ئەرکی زمانەکانی دیکە لەپاڵ زمانی فارسیدا دەستەبەر بکرێت. ئەو لێکۆڵەرە پێی وایە سیاسەتێکی زمانی کە بناغەکەی لەسەر فرەزمانی و فرەکولتووری دانرابێت، دەتوانێت ڕێگاچارەی کێشە زمانییەکان لە کۆمەڵی فرەکولتوور و فرەزمانی ئێراندا بێت. لێکۆڵینەوەی ناوبراو وێڕای ئەوەی بە دیدێکی ئەرێنی فرەزمانیی لە ئێراندا باس کردووە، بەڵام بە ڕاشکاوی داوای پەروەردە بە زمانی دایک، یان هاوبەشیی ئەو زمانانە لە پەروەردە لە پاڵ زمانی فارسیدا نەکردووە (احمدی پور،۱:۲۰۱۱).

«حسین رسولی» و هاوکارانی(۲۰۱۷/۱۳۹٦) لێکۆڵینەوەیەکیان لەژێر ناوی «سیاستهای زبانی پهلوی اول در کردستان و پیامـدهای آن (با تأکید بر مدارس)» بڵاو کردووەتەوە کە سیاسەتە زمانییەکانی ڕژێمی پەهلەوییان لە ڕوانگەی کەمایەتییەکانەوە خستووەتە بەر ڕەخنە. ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە بۆ باس لە هاتنی قوتابخانە نوێیەکان بۆ کوردستان، سەپاندنی زمانی فارسی و سوودوەرگرتن لە مامۆستایانی ناکورد بۆ پەروەردە تەرخان کراوە کە هەمووی ئەمانە بە یەکەوە وێڕای سەرهەڵدانی تووڕەیی و بێزاریی دانیشتووانی کوردستان لە ڕژێمی شایەتی، حەز و ویستی نەتەوەییانەی لەنێو کوردەکاندا پەرە پێداوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە «مۆدێلی فرەکولتووری وەک ڕێگاچارەیەکی دیموکراتیک دەتوانێت هاوپێوەندیی نەتەوەیی بە نێوبژیوانیی زمان، بپارێزێت» (خالق پناه و ثنایی،٦۹: ۱۳۹۹). «سیاست های زبانی و زبان های اقلیت: واکاوی جایگاه زبان های اقلیت در نظم فرهنگی -زبانی ایران مدرن»، لێکۆڵینەوەی هاوبەشی خالەق پەنا و سەنایی (۲۰۲۰/۱۳۹۹) جێگە و پێگەی زمانی کەمینەکانی لە سیاسەتی زمانیی ئێران لە نێوان ساڵەکانی (۱۲۸۵)ی کۆچی هەتاوی(۱۹۰٦ز) تا ئێستای کردووە بە هەوێنی لێکۆڵینەوە. بەگوێرەی ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە هاوبەشە: «لە هەر سێ قۆناغی لێکۆڵینەوە (مەشرووتە، پەهلەوی، کۆماری ئیسلامیی ئێران)، زمانی فارسی یەکێک لە «دال»(هێما) سەرەکییەکانی گوتاری سیاسەتی کولتووریی ئێران بووە و زمانە کەمینەکان وەک نێوئاخن بۆ بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی

بەکار هێنراون. لە حکومەتی دەستووریدا بێدەنگییەک لەسەر بنەمای حاشالێکردن، لە حکومەتی پەهلەویدا بێدەنگییەک لەسەر بنەمای نەهێشتن و لە دوای شۆڕشی ئیسلامی تێکەڵاوێک لە دەرهاویشتن و ئاوێتەکردن لە یاسا و بەڵگەنامە حکومەتییەکاندا بووە.

محمودی و هاوکارانیشی(۲۰۱۹/۱۳۹۸) لە شێوازەکانی سیاسەتدانان و بەڕێوەبەرێتیی ئێتنیکی لە ئێرانیان کۆڵیوەتەوە. لێکۆڵینەوەکەی ئەوان پرسی زمانیشی لەپاڵ پرسەکانی دیکەی ئێتنیکەکان لە چوارچێوەی سیاسەتدانانی وڵاتدا باس کردووە. ئەنجامی توێژینەوەی ئەوان سیاسەتە ئێتنیکییەکانی حکومەتەکانی ئێرانی بەهۆی ئەم لێکەوتانەی خوارەوە بە ناسەرکەوتوو داناوە: پەرەپێدانێکی ناهاوسەنگ بە تایبەتی لە بوارەکانی ئابووری، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی و ئایدۆلۆژیانە لەگەڵ ئێتنیکەکان، پشتگوێخستنی یاسا لە پێوەندی لەگەڵ ئێتنیکەکان، کۆنترۆڵی کولتووریی ئێتنیکەکان، بەکارهێنانی شێوازەکانی زەبر و زەنگ، دەستتێوەردانی دەرەکی، دامودەزگای بڕۆکراتیکی حکومەتی، چڕبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند و پێداگری لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و گرنگینەدان بە ناسنامەی ئێتنیکی لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی سیاسەتە ئێتنیکییەکان بوون (سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕی ۵۱). قوبادیشی و هاوکارانی (۲۰۱۸/۱۳۹۷) سەرهەڵدانی وێژمانی سیاسەتی زمانی لە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی ئێراندا (گۆڤاری کاوە بە نموونە)یان کردووە بە هەوێنی لێکۆڵینەوە؛ دەڵێن ئێران وڵاتێکی فرەئێتنیک و فرەزمانە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە ئێران، بنیاتی سیاسەتی زمانی لە یەکەم حکومەتی پەهلەویدا، لە سەردەستیی زمانی فارسی وەک زمانێکی هاوبەش، جێگای خۆی دا بە فارسی وەک زمانی تاقانە، تاکزمانی بوو بە مەرجی یەکگرتووییی نەتەوەیی. بە گرتنەپێشی ئەم سیاسەتە زمانییە، تەنیا زمانی فارسی دەرفەتی گەشەکردن و گەشەسەندنی پێدرا و زمانەکانی دیکەی ئێران لە بواڕە فەرمییەکان دوور خرانەوە (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕی۵۱). «داوەریی ئەردەکانی» بە یەکێک لە پڕبەرهەمترین لێکۆڵەرانی ئێرانی لە بواڕی لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی زمانی دادەنرێت. ئەردەکانی لە ساڵەکانی ۱۳۸٤، ۱۳۸۵، ۱۳۸٦، ۱۳۸۷، ۱۳۸۸، ۱۳۸۹، ۱۳۹۰، ۱۳۹۲(۲۰۰۵ بۆ ۲۰۱۳ی ز) لە پێشەنگانی بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە لەبارەی سیاستدانانی زمان بووە. ناوبراو بە پێداگرتن لەسەر زمانی فارسی، ڕەهەندەکانی پلاندانانی زمانی و جێبەجێکردنیانی کردووە بە هەوێنی لێکۆڵینەوەکانی. لێکۆڵینەوەکانی بە سەرچاوەیەکی گونجاو لەبارەی پلاندانانی زمانیی فارسی و هێندێک چەمکی وەک ڕوانینی زمانی، ئایدۆلۆژیای زمانی و وشیاریی زمانی، دادەنرێن (داوری،۲۰۲۰: ۱۱). حەیاتی و مەشهەدی (۲۰۱۰) لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئاوڕدانەوەیەکی مێژووییان بۆ سەر سیاسەتە ئاشکرا و شاراوەکان لەبارەی زمان و فێرکردنی زمان لە سێ قۆناغی مێژووییی و سێ سەردەمی سیاسییدا هەبووە. ئەو دوو لێکۆڵەرە وێڕای ناساندنی پێگەی زمانی فارسی و هەروەها ژمارەیەک لە زمانە نافارسییەکان لە سیاسەتەکانی حکومەتی ئێران دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، گرنگییەکی تایبەتیان بە زمانی ئینگلیزی لە

سیاسەتە شاراوەکانی سیستەمی پەروەردەی ئێراندا داوە (سەرچاوەی پێشوو،۱۱).

پرسی ئێتنیکەکان یان وەک ئێرانییەکان دەڵێن کێشەی «قومیت»ەکان، لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر لە پێشوو بووە بە هەوێنی لێکۆڵینەوە زانستییەکان. بەپێی لێکۆڵینەوەی هاوبەشی حوسەینی و تەوەککول: «لە ماوەی دە ساڵ (۱۳۸۷ بۆ ۱۳۹۷ی هەتاوی/ ۲۰۰۵ بۆ ۲۰۱۳ی ز)دا، «قومیت» لە سەتا سێ (۳٪)ی کۆی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ماستەر و دکتۆرا لە بواری کۆمەڵایەتیی بۆخۆی تەرخان کردووە (حسینی و توکل،۲۰۲۱:۷۹). چەندین لێکۆڵەر لە چوارچێوەی ناسنامەی نەتەوەییی ئێرانییەکاندا، ئاوڕیان لە پرسی زمانەکان و سیاسەتی زمانی لە ئێران داوەتەوە، لێکۆڵینەوەکانیشیان وەک کتێب بڵاو بوونەوە، بە نموونە: کتێبی «گفتارهایی درباره هویت ملی در ایران» لە نووسینی داوود میر موحەمەدی؛ کتێبی «گفتارهایی درباره زبان و هویت» لە نووسینی حوسێن گودەرزی؛ «بنیادهای هویت ملی ایران» لە نووسینی حەمید ئەحمەدی، «هویت ایرانی و زبان فارسی» لە نووسینی شاهرۆخ مەسکووب و...هتد(رجبی و احمدوند،۲۰۲۲:۵۸). کاکڵەی زۆربەی ئەو کتێبانەی پێوەندییان بە ناسنامەی نەتەوەییی ئێرانەوە هەیە، ئەوەیە کە ئێرانییەتی ئێرانییەکانیان لە زمانی فارسی گرێ دراوە و ئەوەی بەڵای ئەوانەوە شیاوی گرنگیپێدان و خزمەتکردنە، زمانی فارسییە. دیاردەیەک کە لە ڕەوتی پەرەئەستاندنی لێکۆڵینەوە ئێرانییەکانی پێوەندیدار بە سیاسەت و پلاندانانی زمانییدا دەبیندرێت ئەوەیە کە بە پێچەوانەی قۆناغەکانی پێشوو کە گرنگیدان بە زمانی فارسی ئامانجی سەرەکیی زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بوو، لێکۆڵینەوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی گرنگییەکی تایبەتیان بە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی تاکزمانی و پشتگوێخستنی زمانە نافارسییەکان لەلایەن ناوەندەکانی بڕیار لە ئێران داوە.

۲-۳- ئامانج و سنووری ئەم پێداچوونەوە ڕەخنەگرانەیە

لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی پێوەندیدار بە زمان لە ئێران لە چەند دەیەی ڕابردوودا بە تایبەتی ئەو لێکۆڵینەوانەی پێوەندییان بە سیاسەت و پلانی زمانی، جێگە و پێگەی زمانی فارسی و زمانە نافارسییەکانی ئێران، پەروەردە و چەندزمانی، هەروەها پێوەندیی نێوان زمان، ناسنامەی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی هەیە ڕوو لە زیادبوونن. ئایدۆلۆژیا و ڕوانگەی زاڵ بەسەر زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەدا، بڕیتییە لە تاکزمانی یان «یەک وڵات، یەک نەتەوە و یەک زمان»، ئەویش لە کۆمەڵ و وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرەناسنامە و فرەزمانی وەک ئێراندا. ئەم بەشە هەر لەو کاتەدا کە ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە لە ئایدۆلۆژیا و گوتاری زاڵ بەسەر لێکۆڵینەوە زمانییەکانی نێوخۆی وڵات لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئامانجە سەرەکییەکەی خستنەڕووی وێنایەکی گشتی لە لێکۆڵینەوە زمانییەکان بە تایبەتی لە بوارەکانی پێگەی زمانی فارسی و زمانە نافەرمییەکانی ئێران لە پەروەردەدا و پێوەندیی ئەو زمانانە بە ناسنامەی نەتەوایەتی و ئێتنیکی، بە یارمەتیی نموونەهێنانەوە لە ناوەرۆکی هەڵبژاردەیەک لەو لێکۆڵینەوانەیە.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەبەردەستتانە وێڕای خستنەڕووی دیمەنێکی گشتی لە جۆر و چەندێتیی لێکۆڵینەوە زمانییەکانی ئێران، بە سوودوەرگرتن لە میتۆدی پەسنی و لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و باوەڕمەند بە فرەچەشنیی زمانی و ڕێزگرتن لە مافە نەتەوەیی و مافە زمانییەکان، ڕووبەڕووی ئایدۆلۆژیا و گوتاری زاڵ بەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەدا بووەتەوە.

لێکۆڵینەوە زمانییەکان لە ئێران لە چوارچێوەی چ ئایدۆلۆژیا و گوتارێکدا ئەنجام دراون؟ ئەو ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لەسەر هاتنەگۆڕ و بەردەوامیی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە، کامانەن؟ ئەمانە هەموویان دەیانتوانی و دەتوانن ببنە پرسیاری سەرەکیی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی، بەڵام زۆریی لێکۆڵینەوەکان، فراوانیی ئەو پرس و بابەتانەی لێیان کۆڵیوەتەوە، هەڕوەها پێویستیی ئەم پرسیارانە بە وەڵامی تێروتەسەل ناچارمان دەکەن سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕووی سەردەم، بۆ ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی (لە١٩٧٩ەوە تا ئێستا)، لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە بۆ چەند بواریکی دیاریکراو، بەرتەسک بکەینەوە.

ئەو سەرچاوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەیان پێکراوە و نموونەیان لێوەرگیراوە، بەزۆری ئەو لێکۆڵینەوانەن کە لەلایەن کەسانی ئەکادیمی یان لەلایەن ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی سەر بە دەزگا و دامەزراوە دەوڵەتییەکان ئەنجام دراون و لە گۆڤارە زانکۆییەکان یان وەرزنامە پسپۆرییەکانی سەر بەو دامەزراوانەدا بڵاو بوونەوە. دۆزینەوەی سەرچاوەکان بەزۆری بە ڕێگای گەڕان لە کلیلەوشەی وەک «سیاسەت و پلانی زمانی»، «ئایدۆلۆژیای زمان»، «زمان و ناسنامەی نەتەوەیی و ئێتنیکی»، «مەترسیی بەردەم زمانی کەمایەتییەکان»، «زمان و پەروەردە»، «زمانی خوێندن لە ئێران»، «پێگەی زمانی فارسی لە ئێران»، «کێشەی منداڵانی جووتزمان لە قوتابخانە»، «زمانی فەرمی و زمانی دایک»، «مافە زمانییەکان» و چەند کلیلەوشەیەکی دیکە لە ماڵپەڕ و پێگە زانستییەکانی وەک «علم نت» (جویشگر علمی فارسی)، «نورمگز» (پێگەی گۆڤارە پسپۆرییەکان)، "ma-giran" (بانک اطلاعات نشریات کشور)، "SID.ir " (پایگاه مرکز اطلاعات علمی جهاد دانشگاهی)، «سیویلیکا» (مرجع تامین مستندات و مقالات علمی) دەستنیشان کراون و لە گۆڤارە زانکۆییەکانی ئێران، وەرگیراون.

کۆڵەکەی سەرەکیی سیاسەتی زمانیی ئێران لەسەر گرنگیدان بە زمانی فارسی دانراوە. گریمانەی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەدا ئەوەیە لێکۆڵینەوە زمانییەکانی ئێران کە بۆ داکۆکی لەو سیاسەتە زمانییە نووسراون، هەوڵ دەدەن: یەکەم، زمانی فارسی بە زمانی هەموو سەردەمەکانی ئێران و هەمیشەیی بناسێنن؛ دووەم، ناسنامەی ئێرانی لە زمانی فارسی گرێ بدەن؛ سێیەم، پشتی ڕوانینی ئەمنیی دەسەڵات بۆ پرسی فرەیی زمانی و نەتەوەیی بگرن. هەر یەک لەو گریمانانە بە پشتبەستن بە ناوەرۆکی چەند لێکۆڵینەوە لە بواری پێوەندیداری خۆیدا، دەخرێتە بەرباس و لە مەحەک دەدرێن.

٣-٣-زمانی فارسی، زمانی هەموو سەردەمە مێژوویییەکانی ئێران؟!

٣-٣-١-مێژووسازیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی/ فارسی بۆ زمانەکەیان

ئەو لێکۆڵینەوە زمانییانەی لە ڕوانگەی لایەنگری لە سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران ئاوڕیان لە سیاسەتی زمانی لەو وڵاتە داوەتەوە، بەزۆری زمانی فارسی بە تاکە زمانی هاوبەشی ئێرانییەکان لە درێژایی مێژوودا ناو دەبەن.[١] لێکۆڵینەوەکان بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە یان بۆ نەچوونە ژێرپرسیاری، لە ئاماژەکردن بۆ هێندێک ڕاستی خۆ دەبوێرن. بە نموونە باسی ئەوە ناکەن کە هەر لەنێو نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێراندا نەتەوەی وەک کورد هەیە کە زمانەکەی سەدان ساڵە شێعر و دەقی ئەدەبی و ئایینیی بەرزی پێ بەرهەم هاتووە و ئەو دەقانە شان لە شانی دەقە بەرزەکانی ئەدەبی فارسی دەدەن. هەروەها بە لای ئەو ڕاستییەدا ناچن کە لە سەدەکانی پێشوودا ئەگەر پێوەندییەک لەنێوان نەتەوەکانی ئێراندا هەبووبێت، پێوەندییەکی سنووورداری ناچاری ئەویش لە ئاستی پێوەندیی نێوان والی و سەرۆکی ئەمارەتەکان لەگەڵ پاشا و سوڵتاندا بووە. وەک سەدەی بیستەم سوپای سەرانسەری و پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری و قەوارەیەکی ئیداریی چڕ و پتەوی سەرانسەری نەبووە کە ئەوەندە «زمانی هاوبەش»ی پێویست بووبێت. بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانە پێشینەی زمانی فارسی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییی سەردەمی ساسانییەکان. بە نموونە لێکۆڵەرێک نووسیوێتی: «ئەم زمانە هەمان زمانی پەهلەوییە کە زێدەکەی سەرزەویی فارس بووە و لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی چوارسەد ساڵەی ساسانییەکاندا بۆ ناوچەکانی دیکە پەلی هاویشتووە و لەگەڵ وشەی (زمانی)پارتی کە زمانی خەڵکی خۆراسان بووە و لەگەڵ کەرستەی خۆجێیی ئاوێتە بووە. لەکۆتایی سەردەمی ساسانیدا ئەم زمانە ناوی زمانی دەری بووە، بەڵام پاش ئیسلام دەری، فارسی(پارسی)ی دەری و فارسی(دەری)یان پێتووە» (شەریف،١٣٩٤:٠١١٥). سەرچاوەیەکی دیکە هەر ئەم پەیامەی بە جۆرێکی دیکە دەربڕیوە: «زمانی نووسراوەکانی سەردەمەکانی کۆن و نوێ بەزۆری بە مێحوەرییەتی زمانی فارسی بووە... نەتەوەیەک کە سەدان سەدە لەژێر هێرشی بێگانەکان و تالانچییەکاندا توانیوێتی ژیانی مێژوویی و سەربەخۆیی نەتەوەیی و کولتووریی خۆی بپارێزێت، تەنیا لە سایەی وریایی و دەرکی مێژوویی خۆی و بەهۆی بەکارهێنانی زمانی یەکگرتووی نەتەوەیی

١- لێکۆڵینەوەکانی:١-«زبان فارسی و کارکرد آن در امنیت ملی پایدار»، توێژەر: د. مەنووچێهر دانیش پەژووهان (١٣٩٧) ٢- «چالش های امروز زبان فارسی»، توێژەر: ڕەزا ئەمینی، (١٣٩٦)٣-«آسیب شناسی سیاستگذاری کلان ج.ا. ایران با قلمروسازی زبانی در کشورهای فارسی زبان منطقه»، توێژەر: موتتەقی وهاوکارانی (١٣٩٩)-«نقش زبان فارسی در گسترش هویت ملی و فرهنگی ایران» (١٣٨٧)توێژەر: مستەفا فەللاح؛ ٥- «نقش زبان در هویت ملی»(١٣٩٠)، توێژەر: قەمەری و حەسەنزادە؛ ٦-زبان فارسی و هویت ملی (١٣٩٢) سەید حەسەن نەسر؛ ٧- زبان مادری و هویت ملی(١٣٩٧)، توێژەر: بەهرام ڕۆشن زەمیر؛ ٨-«جهانی شدن، زبان و ادبیات فارسی و هویت ملی»(١٣٩٩)، توێژەر: یوسف محمد نژاد عالی زمینی؛ نموونەی ئەو توێژینەوانەن کە داکۆکی لە سیاسەتی تاکزمانیی ئێستای ئێران دەکەن.

و مێژوویی خۆی (زمانی فارسی) توانیوێتی لەبن شوێنەواری شکانەکان و تۆفانی پڕ شەپۆلی ڕووداوە مێژووییەکان، سەر بەرز کاتەوە» (میرزایی و نەوین. ۱۳۹۵:۱۲٦۵).

ئاشکرایە چەشنێک ناسیۆنالیزمی تۆخی فارسی/ئێرانی و دەمارگرژییەکی تایبەت لەم دەربڕینەدا هەیە. هەر بە نموونە ڕوون نییە نووسەر باس لە کام «سەدان سەدە» دەکات؟ خۆ ئەگەر وای دابنێین لە سەردەمی کورشی هەخامەنشییەوە زمانی فارسی هەر هەبووە، هەتا ئێستا دەکاتە (۲۵) سەدە. لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە وەکو کاری «رضا ضیا ابراهیمی» پێمان دەڵێن کە ئەو هەموو هێرش و تاڵانەی باسی دەکەن و گۆیا بەشێکی لەلایەن عەرەبەکان و ئیسلامەوە بووە، هیچ ئەسڵ و ئەساسی نییە.[1] لەڕاستیدا عەرەبەکان زۆر زیرەکانە بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام لە ئێران و وڵاتانی دەوروبەریدا زمانی فارسییان وەلا نەناوە بەڵکوو سوودیان لە زمانی فارسی وەرگرتووە. بەهەرحاڵ ئەوکاتی خۆ ئەو خەڵکە عەرەبیی نەزانیوە کە عەرەبەکان بتوانن ئیسلامی پێ بڵاو بکەنەوە، زمانی فارسی ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردووە. کەواتە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە نوێیانە، هێرشی ئیسلام و عەرەب بۆسەر زمانی فارسی جگە لە ئەفسانەیەکی دژە-عەرەبی فارسی/ئێرانی، شتێکی دیکە نییە.

نموونەیەکی دیکە لەم جۆرە گێڕانەوە مێژووییانە لە کتێبی «نامە پەهلوانی»دا هاتووە کە سێ قۆناغی بۆ مێژووی «زمانی ئێرانی» داناوە و ناوی ئەم زمانە ئێرانییەش لە هەر سێ سەردەمدا زمانی فارسی بووە! ئەم سەرچاوەیە لەوەشی تێپەڕاندووە کە فارسی وەک زمانی هاوبەش و هەمیشەیی ئێرانییەکان لە هەموو سەردەم و قۆناغەکاندا ناو بات و یەکجاری ئەم زمانەی وەک«زمانی ئێرانی»! ناو هێناوە: «۱-فارسیی کۆن کە بریتی بووە لە زمانی کۆنی پارسیی هەخامەنشی(ئەخمینی) و زمانی ئەڤێستایی کە نزیکیی زۆری لەگەڵ زمانی فارسیی هەبووە و هەروەها لەگەڵ زمانی کۆنی هیندوستان کە سانسکریت بووە لێک نزیکن. ۲-فارسیی میانە (نێوەڕاست) کە لە پەهلەویی ئەشکانی و پەهلەویی ساسانی پێک هاتووە. ۳-فارسیی نوێ، زمانیێ فارسیی دەری دوای هاتنی ئیسلام...» (جۆنەیدی،۱۳٦۰:۱۵). ئاشکرایە کە زمانێک بە ناوی «زمانی ئێرانی» هەر نییە بەڵکو زمانە ئێرانییەکان هەن. لێکۆڵەر ناوی «فارسی»شی لەگەڵ زمانی «دەری»دا بەیەکەوە هێناوە تا وانیشان بدا زمانی فارسی هەمان «دەری» بووە و هەر لە کۆنەوە ئەم زمانە هەبووە. ئەم جۆرە گێڕانەوانە تەنیا بۆ جێگیرکردنی ئەم باوەڕە لە مێشکی خوێنەراندایە کە زمانی فارسی «لەوەتا دنیا دنیایە هەر هەبووە»و هەروا کە وڵاتی ئێران مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە، زمانەکەشی تەمەنێکی چەند هەزار ساڵەی هەیە و ناوەکەشی لەو چەند هەزار ساڵەدا هەروەک خۆی ماوەتەوە. لەجیاتی سەردەمی کۆن، «فارسیی کۆن»ی نووسیوە و لەجیاتی سەردەمی نێوەڕاست نووسیوێتی «فارسیی نێوەڕاست»، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خەڵکی ئێران

۱- بڕوانە کتێبەکانی رضا ضیا ابراهیمی بە تایبەتی کتێبی «پیدایش ناسیونالیسم ایرانی، نژاد و سیاست بی جا سازی» ترجمەی حسن افشار، انتشارات مرکز، ۲۰۱٦.

هیچ کات بە یەک زمان قسەیان نەکردووە و خاوەنی تاکە زمانێک نەبوون.

۲-۳-۳- سەردەستبوونی زمانی فارسی و وەڵانانی زمانانی دیکە

لێکۆڵەرانی ئێرانیی لایەنگری سەردەستبوونی زمانی فارسی، خۆیان شایەتی بۆ ئەم ڕاستییە دەدەن کە ئاڵاهەڵگرانی نوێخوازی لە ئێران و داهێنەران و هەڵگرانی بیری ناسیۆنالیزمی ئێرانی، بایەخدان بە زمانی فارسی و پەراوێزخستنی زمانە نافارسییەکانی ئێرانیان بە یەکێک لە مەرجەکانی نوێبوونەوەی وڵات و بنیاتنانی ئێرانێکی بەهێز زانیوە. بۆ نموونە یەکێک لەو لێکۆڵینەوانە ئاماژەی بەم ڕاستییە کردووە کە لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا، هەر بەوە وازیان نەهێناوە فارسی بکەن بە زمانی هاوبەش، بەڵکو لە ئەنجامی پشتگوێخستنی زمانانی دیکە کردوویانە بە زمانی تاقانە: «ئێران وڵاتێکی چەندقەومی و چەندزمانەیە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی ڕەوتی نوێکردنەوە لە ئێران، سیاسەتی زمانی لە حکومەتی پەهلەویی یەکەمدا، لە تەرخانکردنی پێگەی زمانی هاوبەش بۆ زمانی فارسی، گۆڕا بۆ زمانی تاقانە و سیاسەتی تاکزمانی کرا بە مەرجی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە ئێران. بە گرتنەبەری ئەم سیاسەتە دەرەتانی گەشە و هەڵدان تەنیا بۆ زمانی فارسی مایەوە و زمانانی دیکە، لە ڕیزی زمانە فەرمییەکان وەلانران»(قوڕەیشی و هاوکارانی، ۱۲۵:۱۳۹۷). فەرهەنگستانی یەکەم کە بە پێشنیازی محەمەد عەلی فروغی و پەسەندی ڕەزاشا پێکهات و لە ساڵی ۱۳۱٤(۱۹۳۵) بەفەرمی دەستبەکار بوو، «پاراستن و پەرەپێدان و پێشخستنی زمانی فارسی»ی کرد بە ئامانجی سەرەکیی خۆی. نەک هەر پەرەپێدان و پێشخستنی زمانەکانی دیکەی دانیشتووانی وڵاتی ئێرانی نەکردووە بە ئامانج و ئەرکی خۆی، تەنانەت لەپێوەندی لەگەڵ پاراستنیشیاندا خۆی ئەرکدار نەکردووە. لێکۆڵەر شەریف، لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا (۱۲۳:۰۱۳۹٤) ئاماژەی بەوە کردووە لەنێو بەڕێوەبەرانی فەرهەنگستاندا کەسی وا هەبووە کە گرنگیدان و مەیداندان بەو زمانانەی وەک مەترسی بۆ زمانی فارسی سەیر کردووە. کاتێک بۆ یەکەم جار چەمکی «سیاسەتی زمانی» لەو سەردەمدا دێتە بەرباس، ئیقبال ئاشتیانی کە خۆی یەکێک لە ئەندامە هەمیشەییەکانی فەرهەنگستان بووە، داکۆکی لە سیاسەتێکی زمانی بۆ ئێران کردووە کە دژی بەفەرمی ناسینی بە وتەی ئەو «زارە خۆجێییەکان» بێت. «ئیقبال ئاشتیانی گرنگیدان بە زمانی کەمایەتییەکانی لەبەرانبەر زمانی فەرمیدا بە مەترسییەکی گەورە زانیوە، بە تایبەتی نیگەرانی هەستیارییِ کوردەکان لەئاست زمانی خۆیان بووە و ئەم هەستیارییەی بە پیلانی دەرەکی زانیوە و دەوڵەتی لەم نیگەرانییە وشیار کردووەتەوە» (شەریف،۱۳۹٤: ۱۲٤). سەرنجراکێش ئەوەیە ئەگەرچی نزیکەی(۹۰) ساڵ بەسەر فەرهەنگستانی یەکەمدا تێپەڕیوە، هەتا ئێستاش ئامانج و ئەرکی فەرهەنگستان لە ئێران لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا خۆی دەبینێتەوە و ئەگەر تاکە جارێک ئاماژە بە «زمانە خۆجێییەکان» کراوە، بە مەبەستی «سوودوەرگرتنی دروست و بەجێ لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بە ئامانجی بەهێز و تەیارکردنی زمانی فارسی و دەوڵەمەندکردن

و بەرینکردنەوەی سنووری کارپێکردنی»یەتی (بڕوانە پێڕەوی ناوخۆی فرهنگستان زبان و ادب فارسی، پەسەندکراوی ١٣٦٨/١١/٢٤).

ئەو ئایدۆلۆژیا و ڕوانینەی لە دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانەوە لەبارەی زمانە نافارسییەکانەوە هەیە، کاتی خۆی (لە سەرەتای سەدەی بیستەم) بەهۆی ژمارەیەک لە ڕووناکبیران و مێژوونووسانی ئێرانی بناغەکەی دانرا. لەو کاتەوە تا ئێستاش ئەو تۆڕە شانبەشانی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیی ئێران داکۆکییان لێکردووە. ئەم جۆرە ڕوانین و ئایدۆلۆژیایە جۆرێکە لە زمانکوژی، چونکە هەروەک «سکۆتناب کانگاس» و «دووبنار»، دوو لە زاناکانی بواری زمان و پەروەردە وتوویانە: «هەر چەشنە سەپاندنی زمانی سەردەست بەسەر ئاخێوەرانی کەمینەی زمانیدا کە ئەنجامەکەی بێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامەی زمانی، دەکرێت وەک قڕکردنی زمانی چاوی لێبکەین»(کلان،٢٠١٨:١٩٢). قڕکردنی زمانی یان زمانکوژی، چەمکێکی هاوشێوەی ژێنۆسایدی (فیزیکی)یە، هەرچەند بەهۆی ئەو ئایدۆلۆژیایە و لێکەوتەکانی ئاخێوەرانی ئەم زمانانە ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژیی فیزیکی نەبوونەوە، بەڵام وەک «سکۆتناب» و «دووبنار» لە شیکردنەوەی ئەم چەمکەدا وتوویانە، زمانکوژی و مردنی زمان دەبێت لەسەر ئاستی زمانەکانەوە سەیر بکرێت نەک ئاخێوەرانی زمانەکان؛ واتە ئاخێوەران یان نەوەکانیان لەوانەیە بە شێوەی زۆرەملی هاوفەرهەنگ بکرێن و لەئاستی تاکەکەسیدا تووشی گۆڕان یان لەدەستدانی زمان ببن، بەڵام کاتێک لەدەستدانی زمان هەموو ئاخێوەرانی زمانەکە دەگرێتەوە، ئەوکات دەبێتە هۆی زمانکوژی یان مردنی زمان(سەرچاوەی پێشوو).

زمان، لە ئێرانی فرەزمان و فرەنەتەوەدا هیچکات هێمای یەکێتی نەبووە، بەڵکو هێمای فرەیی و جۆراوجۆری بووە. وەک لێکۆڵەر ئیسماعیل هادی ئاماژەی پێکردووە: «لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت زمان لە ئێران، هەوێنی«یەکێتی»یە، بەڵام ئەم ڕاستییە هەستپێکراو و حاشالێنەکراوە لەبەرچاو ناگیرێت کە وڵاتی ئێمە هەر لەکۆنەوە هەتا ئەمڕۆ ناسنامەیەکی فرەزمانی و شێوەشەبەنگی هەبووە؛ زمان لە وڵاتی ئێمە هێمای فرەیی بووە نەک یەکێتی»(هادی،١٣٨٣:٤٩٥). ئەگەر بەدوور لە دەمارگرژی سەیری پێکهاتەی دانیشتووانی ئێران و ڕوخسارە کولتوورییەکانیان بکرێت، ئەوەی بەر لە هەر شتێکی دیکە سەرنج ڕادەکێشێت فرەیی و جۆراوجۆرییە. ئایین، زمان، جلوبەرگ، کەلەپوور، گۆرانی و ... هتد هەموویان بەپێی جیوگرافیا و جۆری دانیشتووان دەگۆڕێن. بە تایبەتی ئەم جۆراوجۆرییە لە زمانی پێکهاتەکانی وڵاتدا تەواو هەست پێکراوە، کەچی لێکۆڵەری وا هەیە بە سانایی، زمانی فارسی دەکات بە زمانی هەمووان و وەک هێمای یەکێتیی ئێرانییەکان دەیناسێنێت.

٣-٤- گرێدانەوەی ناسنامەی ئێرانی بە زمانی فارسی

٣-٤-١-پێگەی تاقانەی زمانی فارسی لە نێو ناسنامەی ئێرانیدا

لە دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران هەتا ئێستا، ڕووناکبیرانی سەر بە نەتەوەی سەردەست کە لە بواری ناسنامە و نەتەوەگەرێتی و زماندا لێکۆڵینەوەیان کردووە، جگە لەوەی زمانی فارسییان وەک زمانی نەتەوەیی و فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران ناساندووە، پێداگرییشیان لەسەر ئەمە کردووە کە ئەو زمانە، پێوەندییەکی جیانەکراوەی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی و ئێرانیبووندا هەیە. لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا ئەم ناسنامەیە جگە لە «ئێرانی» و «ئێرانییوون»، کەرتێک یان توخمێکی تریشی پێوە زیاد بووە کە ئیسلامی و ئیسلامییوونە، بەڵام پێوەزیادبوونی ئەم توخمەش بەو ناسنامەیە، گۆڕانێکی لە پێگەی تاقانەی زمانی فارسیدا پێک نەهێناوە و هەروەک ڕابردوو بە هەوێن و ماکەی ناسنامەی ئێرانی ماوەتەوە. لێکۆڵینەوەی «فەرەجی» ئەم تێگەیشتنە لە پێگەی زمانی فارسی لە ئێرانی ئیسلامیدا بە ڕوونی پشتڕاست کردووەتەوە: «لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کە لەسەر بناغەی ئایینی یەکتاپەرستی دامەزراوە، زمانی نەتەوەیی گەورەترین سەرمایەی کولتووری و گرنگترین هۆکاری پاراستن، بەردەوامی و سەربەخۆییی کولتووری و پارێزگاری لە ناسنامەیە»(فەرەجی،١٣٩٩:٣٤٠). شاهرۆخ مەسکووب، یەکێکی دیکە لەو لێکۆڵەرانەیە کە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان لەگرەوی گرنگیدان بە زمانی فارسیدا داناوە: «لەم ڕۆژگارەدا کە زمانی فارسی و میللییەتی ئێرانی لە هەر لایەکەوە بوون بە ئامانجی ڕق و کینەی نەیارانی خووگرتوو بە دوژمنی و سەدان هەزار ئێرانیی ئاوارەبوو لە سەرانسەری جیهان هەمیشە مەترسیی لەدەستدانی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەسەرە، خۆتەرخانکردن بۆ زمانی فارسی و پاراستنی ئەم تاکە سەنگەرە هەمیشەیە لە بەرانبەر هێرشی بێگانەکان بۆسەر ناسنامەی نەتەوەیی ئێمە، ئەرکی هەموو ئێرانییەکانە» (مەسکووب،١٩٨٩: ٤). با سەرنج بدەینە لێکۆڵینەوەیەکی دیکە و نموونەیەکی دیکە لە گرێدانەوەی ئێرانییوون بە زمانی فارسی. لێکۆڵەر قوبادی، ئێرانییوونی بە پێوانەی هۆگری بە زمانی فارسی پێواوە و نووسیوێتی: «بێ زێدەڕۆیی، ئێرانییەتی هەر کەسێک دەتوانین بەگوێرەی ڕێژەی هۆگری و ناسیاوی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی فارسی هەڵسەنگێنین و ئەو گەنجینە بێهاوتایانە بە مەحەک و پێوەری ئێرانییەتی ئەو بزانین». ئەو لێکۆڵەرە پێی وایە: «لە جیهانی ئەمڕۆدا پێوەندییەکی ئەوەندە پتەو و بەردەوام لەنێوان ناسنامەی ئێرانی- هەم لە بواری تاکەکەسی و هەم لە بواری ناسنامەی کۆمەڵایەتی و میراتی زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا- هەیە کە دەکرێت بڵێین تانوپۆی ناسنامەی ئەمڕۆی ئێرانییەکان لەگەڵ هەوێنەکانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی ئاوێتە بووە» (قوبادی،١٣٨٨:٤٨). لەم جۆرە ڕوانینانەدا، «ناسنامەی نەتەوەیی» و «ئێرانییوون» یەک واتایان هەیە و ئەو ناسنامەیەش بە زمانی فارسی دەناسرێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، پێکهاتەکانی دیکەی ئێران کە فارسی

زمانی ئەوان نییە، نابێت خۆیان وەک نەتەوە و زمانەکەیان وەک زمانێکی جیاواز سەیر بکەن، بەڵکو دەبێت خۆیان وەک «ئێرانی» کە فارسی زمانی نەتەوەییی ئەوانە و زمانی قسەکردنی خۆشیان وەک زارێک لە زمانی فارسی ببینن، ئەگینا «ڕق و کینەی نەیارانی خووگرتوو بە دوژمنیی ئێران»، ناسنامەی نەتەوەیی و یەکێتی و بەهێزیی وڵاتەکەیان لەنێو دەبات.

٣-٤-٢-فارسی وەک زمانێکی سەروو ئێتنیکی

زێدەڕۆیی لە ناساندنی زمانی فارسی وەک زمانی سەروو ئێتنیکی و زمانی سەرەکیی هەموو دانیشتووانی ئێران وای کردووە لە ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوەکاندا، حاشا لە بوونی قەومێک یان پێکهاتەیەک بە ناوی فارس بکرێت. تووشی دەستەواژەی لەم چەشنە دەبین کە لە ئێران قەومێک بە ناوی «فارس» نییە و زمانی فارسی زمانی قەومێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو زمانی هەموو قەومەکانە. بڕوانن ئەم نموونانە: «بە شێوەیەکی گشتی، زمانی فارسی لە سەردەمانی ڕابردووە تا ئەمڕۆ هیچکات زمانی قەومێکی تایبەت نەبووە و زمانێکی مەعریفەتی، لێککۆکەرەوە و یەکخەرتیخوڵقێن بووە؛ بووە بەهۆی ئەوەی خەڵکانێک بە ڕەنگی جیاواز و ڕەگەزی جۆراوجۆر و مەودای جیوگرافیی زۆر، بتوانن پێکەوە پێوەندییان هەبێت»(بیدوڵلاخانی،١٣٩٩:١٦٨). لێکۆڵەرێکی دیکە بەم جۆرە لە ڕۆڵی زمانی فارسی دواوە: «زمانی فارسی گرنگترین دیاریی کولتووری و کۆڵەکەی سەرەکیی ناسنامەی نەتەوەییی ئێمە ئێرانییەکانە»(ناسیح،١٣٨٧:٣٤١). لە وەڵامی ئەم جۆرە بۆچوونانەدا دەبێت بگوترێت ئەگەر فارسی زمانێکی قەومی تایبەت نییە، ئەدی تارانی، کرمانی، سێمنانی، قەزوینی، شیرازی و یەزدی کە فارسزمانن، سەربە چ قەومێکن؟ و لەژێر کاتیگۆریی کام»قەوم»ی تایبەتدا جێیان دەبێتەوە؟ هێندێک لەو لێکۆڵەرانە، دانیشتووانی ئەو شار و ناوچانە نەک بە ناوی قەومی فارس بەڵکو هەر بە ناوی شارەکانیان، ناو دێنن! تارانی، شیرازی، ئیسفەهانی، ڕەشتی، یەزدی، کرمانی و... هتد کە دانیشتووانی شارێکی دیاری کراون، لەگەڵ تورک، کورد، بەلووچ، لور، تورکمان، عەرەب، (کە بە دەربڕینی ئەوان «ئەقوام» و «قبایل»ن) دەخەنە تای تەرازوویەک و ناسنامەی قەومیی دانیشتووانی ئەو شارانە کە فارسن، دەشارنەوە. بەم جۆرە لەلایەک ناسنامەی ئەو نەتەوە نافارسە چەندین و چەند میلیۆنییانەی ئێران، تا ئاستی دانیشتووانی شارێک دادەبەزێنن، لەلایەکی دیکە حاشا لە بوونی قەومێک بەناوی فارس دەکەن تا پێکهاتە نافارسەکان وا هەست نەکەن کە فارسی زمانی قەومێکی تایبەتە و بەسەریاندا سەپاوە.

هەڵسوکەوتی لێکۆڵەرانی سەربە ئایدۆلۆژیای «نەتەوەی ئێران» لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی پێکهاتە نافارسەکان بە دوو جۆری جیاوازە، بەڵام ئەنجام و لێکەوتەی هەردوو جۆرەکە یەک شتە. یان داوا دەکەن هەموو ناسنامە و زمانەکان لەپێناوی پتەویی قەوارەیەکی ناسنامەیی و زمانی و بەرینبوونەوەی هێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی وڵات و

گەورەبوونەوەی ڕووبەرە کولتووریی‌یەکەیدا، پشتگوێ بخرێن و بێدەنگەیان لێبکرێت، وەک لێکۆڵەر بیدوڵلاخانی داوای کردووە: «یەکگرتوویی نەتەوەیی و بەرینبوونەوەی هێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی هەر وڵاتێک، بەبێ قەوارەیەکی ناسنامەیی و زمانیی پتەو ڕووبەڕووی شکان دەبێتەوە. یەکێک لە بناغە شوێندانەرەکانی هێزی کولتووریی هەر وڵاتێک بەرینبوونەوەی ڕووبەری کولتووریی زمانەکەی بۆ دەرەوەی سنووری جیوگرافییەکانیەتی. کولتووری ئێران بە پێشینەیەکی چەند هەزار ساڵە و ناسنامە نەتەوەیی-میژوویی‌یەکەی لەسەر بناغەی زمانی فارسی، دەتوانێت لە توخمە شوێندانەرەکانی کاریگەریی ناوچەیی و سیاسی بێت»(بیدوڵلاخانی،١٣٩٩:١٤٧). یان کاتێک بەهەر هۆیەک باس لە «ناسنامەی قەومی» و بەشوێن ئەویشدا، باس لە «زمانە قەومی و خۆجێیی‌یەکان» لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەکەن، کەمتر سەبارەت بە بایەخ و گرنگیی خودی زمانەکان و ڕێزگرتن لەو ناسنامانەیە کە ئەم زمانانە ڕۆڵیان لە دروستکردنیاندا هەبووە، بەڵکو بەزۆری لە ڕوانگەی پێویستبوونی ئەو زمانانە بۆ دەوڵەمەندی و بەهێزکردنی «زمانی نەتەوەیی»یە. بەم جۆرە ئەنجامی هەر دوو شێوە هەڵسوکەوتی جیاواز، هەریەک شتە و ئەویش قوربانیبوون لەپێناوی پەرەگرتنی زمان و ناسنامەی داسەپاودایە. قوبادی، نموونەی ئەو لێکۆڵەرانەیە کە لەپێناوی خزمەتکردنی زمانی فارسیدا، پاراستن و مانەوەی زمانانی دیکەی ئێرانی بە پێویست زانیوە: «بۆ گەشە و هەڵدان، بەهێزی، پاراوی و گشتگیریی زمانی فارسی، پاراستن، بەهێزکردن و بەردەوامیی ڕیشە و بنیاتەکانی زمانە قەومی و خۆجێیی‌یەکانی ئێران پێویستە. بەتواناکردنی زمانی و بایەخدان بە پێویستیی پاراستن و گەشەکردنی زمانی فارسی، لەگەڵ ئەوەی پاراستن و مانەوەی بنیاتەکانی واتە زمانە قەومی، خۆجێیی‌یەکان و وردە کولتوورەکانیدایە» (قوبادی،١٣٨٨:٦٤). لە ڕوانگەی ئەو جۆرە لێکۆڵەرانە، زمانە نافارسیی‌یەکان وەک زمانێکی سەربەخۆ و وەک هەر زمانێکی دیکە کە مافی مانەوە و گەشەکردن و بەکارهاتن لە پەروەردە و بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتییاندا هەیە، سەیر ناکرێن؛ هیچ گرنگیی‌یەک بە ئەدەبیاتی نووسراو و سامانی ئەدەبی و زمانیی جۆراوجۆریان نادرێت، تەنیا لە چوارچێوەی خزمەتکردنی زمانی فارسیدا بایەخیان هەیە.

٣-٤-٣- ئامرازی پەرەپێدانی شیعەگەری و هەژمۆنی کۆماری ئیسلامی

ستەم و هەڵاواردن لە سوودی زمانی فارسی و لە زیانی زمانانی دیکەی ئێران ئەو کاتە بەباشی خۆی دەردەخات کە دەبینین هەر ئەو لێکۆڵینەوانە، وێڕای خەمساردییان لەئاست بەفەرمی نەناسران و قەدەغەبوونی پەروەردە و خوێندن بەو زمانانە و پەراوێزخرانیان لە بوارە فەرمی‌یەکاندا، چەندە لە خەمی پەرەپێدانی زمانی فارسی لە دەرەوەی سنووری‌یەکانی وڵاتدان و گرنگی بە پاراستن و داکۆکی لێکردنی لەبەرانبەر زمانە جیهانیی‌یەکاندا دەدەن. پەرەپێدانی زمانی فارسی وەک بەردی بناغەی ناسنامەی ئێرانیبوون و سوودوەرگرتن لەو زمانە بۆ بەرینکردنەوەی قەڵەمڕەوی هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی لە جیهانی شیعەدا یەک لە

ئامانجەکانی ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوەکانە. وەک نموونە، لێکۆڵەر موتتەقی، زمانی فارسیی بە ئامرازێکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی شیعەگەری و ناوچەی ژێرکاریگەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشنیاز کردووە: «زمانی فارسی وەک یەک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ناسنامەی ئێرانی دەکەوێتە چوارچێوەی گوتاری شیعەی جیهانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەم پێز و لێهاتوویییەی هەیە کە ببێتە تەواوکەری ئەم گوتارە و بە لەبەرچاوگرتنی قوواڵییە مێژووییەکەی، قەڵەمڕەوی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سنوورە دەستنیشانکراوەکان بەوڵاوەتر ببات»(موتتەقی و هاوکارانی،۱۳۹۹:۳۰۳). لە نێوخۆی ئێرانی ئیسلامیدا کە زۆربەی زۆری پێکهاتە نافارسەکان موسوڵمانن و بەزۆری شیعەمەزهەبیشن، گرنگی بە زمان و ئەدەبیاتیان نادرێت و زمانەکەیان لەگەڵ ستەم و هەڵاواردن ڕووبەڕووە، کەچی پێشنیاز دەکرێت زمانی فارسی بکرێتە ئامرازی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی دینیی ئێران لە وڵاتانی شیعەمەزهەبدا.

وێرای پێشنیازی بەکارهێنانی زمان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای ئایینیی دەسەڵاتی وڵات، پێداگری لەسەر پاراستنی زمانی فارسی لە بەرانبەر شوێندانانی زمانە بیانییەکان بە تایبەتی زمانی ئینگلیزیدا ئامانجێکی دیکەی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەیە. بۆ نموونە لێکۆڵەر، سادات حوسێنی پێی وایە یەکێک لە ئامانجەکانی سیاسەتدارێژان دەبێت ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەژمۆنی زمانی ئینگلیزی نەک وەک زمانێکی زانستی و نێودەوڵەتی بەڵکو وەک ئامرازێکی ئیمپریالیزم بێت. ناوبراو پێشنیازی کردووە: «یەکێک لە ڕێگاچارەکان چوون بۆ نێو خودی کۆمەڵە ئینگلیزیزمانەکان بە سوودوەرگرتن لە شارەزایی و لێهاتوویی لەم زمانەیە کە بکرێت بە شێوەیەکی دووڵایەنە و پێچەوانەکردنەوەی هێرش بۆسەر بیروڕای ڕۆژاوایی، بیروڕای ئیسلامی و ئەخلاقی لە ڕێگای شارەزایی تەواو لە زمانی ئینگلیزی و پێشکەشکردنی سەرچاوەی دەرسی و فێربوون بۆ وڵاتانی دیکەی ئیسلامی ڕەوانە بکرێت»(سادات حوسێنی،۱۳۹۵:۷۰). ئەم لێکۆڵەرە، لەکاتێکدا «زمانە قەومی و خۆجێییەکان وەک گەنجینەی کولتوور و زانستی ئێمە» ناودەبات، فارسی(نەک ئەو زمانانە)ی بە زمانی دایکی ئێرانییەکان زانیوە: «هێندێک جار فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی لە کاتی فێربوونی زمانەکەدا لەگەڵ گیروگرفت ڕووبەڕوو دەبن کە بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ شارەزانەبوونی تەواویان لە زمانی دایک واتە فارسی»، هەربۆیە داوای کردووە: «پلاندارێژانی فێرکردن زیاتر لە زمانانی دیکە بایەخ بە فێربوونی زمانی فارسی بدەن و لە سیاسەتە فێرکارییەکانیاندا گرنگیی زیاتر بدەنە فێربوونی زمانی فارسی (سەرچاوەی پێشوو،۷۱). شتێکی چاوەڕوانکراو و ئاساییە کە دەسەڵاتی وڵاتێک، زمانە فەرمی و سەرەکییەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیا و سیاسەتەکانی لە دەرەوەی وڵات و کۆمەڵگای خۆی بەکار بێنێت، بەڵام بایەخنەدان و پەراوێزخستنی کۆمەڵێک زمانی وڵاتەکەی خۆی لەپێناوی سەردەستی و پەرەگرتنی تاکە

زمانێکدا نادادپەروەرانەیە. ئەگەر زمانی فارسی لەژێر هێرشی «زمانی ئیمپریالیزم»[1] و زمانانی دیکەی جیهاندایە، زمانە نافارسییەکانیش لەکاتێکدا لە پشتیوانیی دەوڵەت و دامودەزگاکانی بێبەشن، فەرهەنگستانی تایبەت بەخۆیان نییە، هەروەها ئەگەرچی رێگەیان پێنادرێت لە پەروەردەدا بەکار بهێنرێن، لەگەڵ هەمان هێرش و هەڕەشەی زمانە بیانییەکان ڕووبەڕوون. ئەویش لە دۆخێکدا کە هاوکات لەژێر گوشاری زمانی فەرمیی وڵاتیشدان. ئەوە کە ئەم زمانانە بەم بارودۆخەوە چۆن دەتوانن خۆیان بپارێزن و داکۆکی لە مانەوەی خۆیان بکەن، لای ئەو لێکۆڵەرانە و دەسەڵاتی وڵات گرنگ نییە .

٣-٥-ڕەنگدانەوەی ڕوانینی ئەمنی بۆ فرەزمانی و فرەئێتنیکی لە لێکۆڵینەوەکاندا

٣-٥ -١-کاریگەریی قوتابخانەی کۆپێنهاگ و شوێنپەنجەی کاربەدەستانی ئەمنی

یەکێک لە ئەنجامەکانی ڕوانین لە زمان، لە دەلاقەی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆمەڵ و وڵاتێکدا کە چەند نەتەوە پێکەوە دەژین، سەیرکردنی فرەزمانی وەک «کێشە»، ئەویش کێشەیەکی ئاڵۆزە. بە تایبەتی ئەو کاتەی نەتەوەی سەردەست یان زۆرینە هەرتەنیا خۆی بە نەتەوە و زمانەکەی خۆی بە «زمانی نەتەوەیی» و ئەوانی دیکە بە «قەوم» و «قەبیلە» و زمانەکانیان بە زارێک لە زمانی نەتەوەی سەردەست یان زاری خۆجێیی و قەومی پێناسە دەکات. مێژووی ڕوانین بۆ زمان لە دەلاقەی ئەمنییەوە لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی مودێرنیتە و پەلهاوێشتنی بۆ نێو سیستەمی پەروەردە. دامەزرانی قوتابخانەی نوێ و پەروەردە و فێرکردن لەگەڵ هاتنە سەرکاری ڕەزاخان[2] لە ئێران پەرەی گرت. «سیاسەتی پەروەردەی ڕەزاشا گۆڕانخولقێن و بەشێوەی جۆراوجۆر لە خزمەت سیاسەتە سەرەکییەکانی دەوڵەتی ناوەندی وڵاتە نوێکردنەوە، کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند و ناسیۆنالیزمدا بوون»(مێهدی میکە،١٣٩٨:٤١١). هاوفەرهەنگکردنی زۆرەملیی خەڵکی وڵات لە ڕووی زمان و کولتوور و جلوبەرگ بەشێک بوو لەم ڕەوتی نوێکردنەوەی ئێران کە هاوکات هەم پێویستی بە گۆڕینی بیرکردنەوەی دانیشتووان لەپێوەندی لەگەڵ ناسنامەی خۆیاندا هەبوو، هەم ملکەچکردنی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێرانی لە بەرانبەر دەوڵەتی ناوەندیدا دەخواست. ئەمانەش بەبێ دروستبوونی دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز و سیستەمێکی پەروەردەی سەرانسەری و یەکگرتوو جێبەجێ نەدەبوون. لەم ڕوانینەدا هەروا کە جێگیربوون و مانەوە و ئاسایشی نەتەوەی ئێران پێویستی بە توانەوەی پێکهاتە نافارسەکان لەو «نەتەوە»یەدا هەبوو، مانەوە و بەهێزی و بە سەرانسەریکردنی زمانی فارسییش لەگەڕەوی پەراوێزخستن و سەرکوتی زمانە نافارسییەکانی ئێراندا بوو.

١- "ئیمپریالیزمی زمانی ئەو تێڕوانینەیە کە لە ئاستی نێونەتەوەیدا زمانێک بەسەر زمانەکانی دیکەی جیهاندا زاڵ دەبێت. شێوازێکە بۆ بڕەودان بە زمانی نەتەوەیەک و زاڵکردن و سەپاندنی بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، زۆرجاریش بە شێوەیەکی چالاکانە هەوڵ دەدریت زمانەکانی دیکە بنبڕ بکرین و ئاخێوەرانیان ناچار دەکرێن زمانی خۆیان بگۆڕن بۆ زمانی باڵادەست" (ALSHAHRANI, 2020, 8).

٢- ڕەزاخانی پەهلەوی لە ڕەشەمەی ١٢٩٩(٢٢ی فێبریوەری ١٩٢٢) بە هۆی کودەتایەکەوە هاتە سەرکار.

لێکۆڵینەوە زمانییەکانی ئێران کە پێوەندیی نێوان زمان و ئاسایشی نەتەوەییان کردووە بە هەوێنی خۆیان، ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە ڕوانینەیان بە زەقی پێوە دیارە. ئەو لێکۆڵینەوانەی بە ئامانجی داکۆکی لە تاکزمانی وەک دەستەبەری ئاسایشی نەتەوەیی نووسراون، سێبەری لێکۆڵەرانی سەربە دامەزراوە ئەمنییەکانی ئێرانیان بەسەرەوەیە. هەر بە نموونە ژمارەیەکی بەرچاو لەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسراون، لێکۆڵەرە ئێرانییە ناکوردەکان ئەنجامیان داون کە بریتین لە فەرماندەرانی سوپای پاسداران و کاربەدەستانی حکومەتی لە کوردستان.[1]

لێکۆڵینەوە ئەمنی-زمانییەکان لە ڕووی تیۆرەوە، بیردۆزە ڕۆژاواییەکانی تایبەت بە ئاسایش، بە تایبەتی قوتابخانەی کۆپێنهاگ و بیردۆزەکانی «باری بۆزان»یان کردووە بە ڕێنوێنی خۆیان. قوتابخانەی کۆپێنهاگ بە پشتبەستن بە ڕوانگەکانی «بۆزان» لە دەیەی ٨٠ی زایینیدا سەری هەڵدا. بیدوللاخانی کە خۆی یەک لەو لێکۆڵەرانەیە لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی ناوبراودا تویژینەوەیان لەبارەی پرسی زمانی فارسی و ئاسایشی نەتەوەیی کردووە، نووسیوێتی: «لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپێنهاگ هەر بابەتێک سیاسی بێت و بەشێک بێت لە سیاسەتی گشتی و پێویست بکات دەوڵەت بڕیاری لەبارەیەوە بدات، ڕەهەندی ئەمنیی هەیە» (بیدوللاخانی،١٣٩٩:١٥٧). بە تێگەیشتنی ئەو لێکۆڵەرە: «ناسنامەی بەربڵاو لەسەر بناغەی جۆراوجۆریی کولتووری و ئایینی یان زمانی لە وڵاتانی بچووک و دیموکراتیدا کە ڕەوایەتی خۆیان لەسەر پەرەسەندن و خۆشبژیوی(ئاسوودەیی) بنیات ناوە، دەتوانێت زمان بکات بە پرسێکی گشتی و لە دەرەوەی بازنەی ئاسایش پێناسەی بکات. بەڵام لە کۆمەڵێکی مێژوویی‌دا، ڕەتکردنەوەی ناسنامە و زمانی نەتەوەیی کە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا زیندوو ماوەتەوە و خۆیان لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێک گونجاندووە، دەتوانن بناغەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو کۆمەڵە بەتوندی لاواز بکەن»(سەرچاوەی پێشوو،١٦٣). ئەم قسەیە ڕاست نییە و پێچەوانە پێشاندانی ڕاستییە. ئەزموونی پێکەوەژیانی نەتەوە و زمان و ئایینە جۆربەجۆرەکان لە هێندێک وڵات کە هەم کۆمەڵێکی مێژووین، هەم وڵاتێکی بچووکیش نین، هەر لەوکاتەشدا «ڕەوایەتی خۆیان لەسەر خۆشبژیوی بنیات نەناوە» پێچەوانەی ئەم قسەیەی لێکۆڵەری ئێرانی دەسەلمێنن. هەر بە نموونە هیندوستان

١- لێکۆڵینەوەکانی: ١-«رویکرد امنیتی ـ ساختاری به ارتباط مسئله زبان فارسی و امنیت ملی در جمهوری اسلامی ایران با تأکید بر ساختار و مؤلفه‌های امنیتی کردن زبان فارسی در دوره معاصر»، (١٣٩٩)، تۆیژەر: بیدالله‌خانی آرش؛ ٢- «قومیت و سازماندهی سیاسی فضا(مورد: غرب و شمال غرب ایران)»،(١٣٨٤)، تۆیژەران به هاوبەشی: حافظ نیا ، قصری ، احمدی و حسینی. دکتر حسین؛٣- «اولویتبندی مولفه‌های ژئوپلیتیک اقوام ایرانی موثر بر امنیت ملی در پرتو گفتمان جهانی شدن. مطالعه موردی: اقوام ترکمن استان گلستان»،(١٣٩٩)، تۆیژەران به هاوبەشی: مولایی فر ؛ آب نیکی ؛ کشیشیان و مرتضوی؛ ٤- «شان قومیت و ناسیونالیسم قومی در مطالعات امنیت ملی»،(١٣٨٢)، بنی هاشمی میرقاسم؛ ٥- «ناهمگونی قومی و امنیت ملی»،(١٣٨٢)، حسن پور محمد؛ لەم دەستە تۆیژینەوانەن کە لە ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە دەڕوانە فرەنەتەوەیی و فرەزمانی لە ئێران.

کە لەبارەی ژمارەی دانیشتووانەوە، یەکەم وڵات[1] و لەبارەی ڕووبەرەوە حەوتەم وڵاتی جیهانە، خەڵکێک بە سەدان زمان و ئایینی جیاوازی لەخۆ گرتووە، لەجیاتی سەرکوت و پەراوێزخستنی زمانەکان، کێشەی فرەزمانیی لەڕێگای بەفەرمی ناسین و بەکارهێنانیان لە پەروەردە و دامودەزگای ئیداریدا چارەسەر کردووە و ئاسایشی نەتەوەییشی نەکەوتووەتە مەترسی. پاشان ئەگەر زیندوومانەوە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، ڕەوایەتی (شەرعییەت) بدا بە زمانێک و بیکات بە «زمانی نەتەوەیی»، لە ئێران جگە لە زمانی فارسی، زمانانی دیکەش (یەک لەوان زمانی کوردی)هەن کە سەرەڕای هەموو سەرکوت و هەڵاواردنێک، توانیویانە بمێننەوە، ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندیان هەیە، هەزاران کتێبیان لە بواری جیاوازدا پێنووسراوە و پێوەرگێردراوە، دەتوانن زمانی پەروەردە بن و بابەتی زانستییان پێبنووسرێت. ئەوە هەر ناسنامە و زمانی سەردەست یان ناودێرکراو بە «نەتەوەیی»ی نین کە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی ئێراندا زیندوو ماونەتەوە و خۆیان لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێک گونجاندووە. هێندێک لەو ناسنامە و زمانانەش کە بە «قەومی» ناویان دەبرێت، سەرەڕای هەموو ئەو گوشار و پیلان و سەرکوتانەی لەلایەن نەتەوەی سەردەست و هەڵگری ناسنامە و زمانی نەتەوەیی بە مەبەستی لەنێوبردن و سڕینەوەیان ڕووبەڕوویان کراوەتەوە، هەر ماونەوە و توانیویانە خۆیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان بگونجێنن. بۆچی ئەوان «نانەتەوەیی»ن، پێداگریی خودانی ئەو ناسنامە و زمانانە لەسەرمانەوە و پارێزران و گەشەکردنیان، بناغەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لاواز دەکات، بەڵام بێبەشکردنی پێکهاتە نافارسەکان لە مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیان و سەپاندنی ناسنامە و زمانێکی دیاریکراو بەسەریاندا، دابینبوونی ئاسایشی لێدەکەوێتەوە؟

۳-۵-۲- ناسنامەی ئێتنیکی و زمان وەک دەسکەڵای دەستێوەردانی دەرەکی

جیوگرافیای ژیانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران لەلایەک و فۆبیای دەستێوەردانی دەرەکی بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژاوایی دوو لە هۆیەکانی هەستیاربوونی لێکۆڵەران لەئاست ناسنامەپارێزی و پرسی زمانی لەنێو ئەو نەتەوانەدایە. سەرزەوی و نیشتمانی پێکهاتە نافارسەکانی ئێران بە تایبەتی کورد، تورک، بەلووچ، تورکمان و عەرەب، ئەو پارێزگایانەی وڵات پێک دێنن کە لەسەر سنوور و لە نزیک سنووری ئێران هەڵکەوتوون. لەو دیوی ئەو سنوورانەش بەشێکی دیکە لەو نەتەوانە و پارچەیەکی دیکە لە سەرزەوی و نیشتمانی ئەوان هەڵکەوتوون. لێکۆڵەر حەسەنپوور ئەم هەڵکەوتە جیوگرافییەی بە زیانی ئاسایشی نەتەوەیی و بە هەڕەشەخوڵقێنی لێک داوەتەوە: «ئەم تایبەتمەندییانە پلەی خەسارهەڵگری و هەڕەشەخوڵقێنیی بگۆڕی قەوماییەتیان لە ئاسایشی نەتەوەیی ئێراندا بەرەوژوور بردووە»(حەسەنپوور،۱۳۸۲: ۹۳). لێکۆڵینەوەی هاوبەشی «قادرزادە و شەفیعی‌نیا»ش دراوسێیەتی جیوگرافیایی پێکهاتە نافارسەکانی وەک هۆکاری بەهێزبوونی ویستە قەومییەکان و دەرفەت بۆ دەستێوەردانی هێزە

۱- تا ئەم چەند ساڵەی دوایی، وڵاتی چین پڕ حەشیمەتترین وڵاتی جیهان بوو، بەڵام چەند ساڵێکە هیندوستان پێش چین کەوتووەتەوە.

بیانییەکان دیتووە: «هەڵکەوتی جیوگرافی یەکێک لە بگۆڕە شوێندانەرەکانی پێگەیشتن و بەهێزبوونی ناسیۆنالیزمی قەومییە. دراوسێیەتی جیۆگرافیایی لەگەڵ ئەو ناوچانە کە هەمان قەومییەتیان تێدا دەژین و دووربوون لە ناوەندی وڵات، دەبنە هۆی بەهێزبوونی ماتەوزەی ویستە قەومییەکان. لە ڕوانگەی گوور و سکاریت[1]، دراوسێیەتیی جیوگرافیایی کوردەکان، ماتەوزەی سەرهەڵدانی کێشە قەومییەکانی زیاتر کردووە. ئەم دۆخە دەرفەتی زیاتر بۆ بە نێودەوڵەتیبوونی کێشەکە و دەستێوەردانی هێزە بیانییەکان لەژێر ناوی پشتیوانی لە کەمایەتیی هەڕەشەلەسەر، دەخوڵقێنێت»(قادرزادە و شەفیعی نیا،١٣٩٥:٣٥). فاکتەرێکی گرنگ کە نیگەرانیی هەڵگرانی ڕوانگەی ئەمنی لە دراوسێیەتیی پێکهاتە نافارسەکانی ئێران لەگەڵ هاوزمانانیان لەو دیوی سنوور زیاتر کردووە، ئەم ڕاستیەیە کە هێندێک لەو خەڵکانەی لە ئێران وەک نەتەوە سەیریان ناکرێت و زمانەکەشیان بەفەرمی ناناسرێت، لەو دیوی سنوور دان بە نەتەوەبوونیاندا نراوە، زمانەکەیان بەفەرمی ناسراوە و چارەنووسی خۆشیان بەشێوەیەک لە شێوەکان لەدەست خۆیاندایە. نموونەکەی ئازەرییەکانی ئەودیو سنوور کە وڵاتی سەربەخۆ و کۆماری ئازەربایجانیان هەیە، یان کوردەکان لە عێراق کە لە دەستووری وڵاتدا دان بە مافەکانیاندا نراوە و جگە لەوەی حکومەت و پارڵمانی خۆیان هەیە، لە دەسەڵاتی عێراقیشدا هاوبەشن.

دژکردەوەی لێکۆڵەرانی ئێرانی بەرانبەر بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان(٢٠١٧) و دەنگدانی زۆرینەی دانیشتووانی ئەو هەرێمە بۆ سەربەخۆیی، دەرفەتی بۆ ئەوان ڕەخساند تا وێڕای دژایەتی لەگەڵ بڕیار و خۆنواندنی ئیرادەی خەڵکێک لە دەرەوەی سنووری کانی ئێران، نیگەرانیی خۆیان لە کاریگەریی سیاسیی ئەم ڕووداوە لەسەر کورد لە نێوخۆی ئێران دەربڕن. بەیات و هاوکارانی لەو لێکۆڵەرانەن کە نیگەرانی لە لێکەوتەکانی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستانیان کردووە بە هەوێنی لێکۆڵینەوە. ئەو کۆمەڵە لێکۆڵەرە وێڕای قەبڵاندنی ژمارەی کورد لە ئێران بە ١١٪[2] نووسیویانە :»ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتووانی ئێران، کوردن. سەربەخۆییی کوردستانی عێراق بێگومان لەسەر ئەم بەشە لە دانیشتووانی ئێران کاریگەری دادەنێت و ئەگەری سەرهەڵدانی بزووتنەوەگەلی دوورکەوتنەوە لە ناوەند زیاتر دەکات. بە تایبەتی کە ئێران جگە لە کوردەکان، خاوەن چەند قەومییەتێکی دیکەیە کە بەجۆرێک داوای سەربەخۆییان هەیە»(بەیات و هاوکاران،١٣٩٧:١٣١). لێکۆڵەرانی ئاماژەپێکراو سەربەخۆییی هەرێمی کوردستانیان بە خراپترین و پرمەترسیترین سیناریۆ بۆ ئێران زانیوە: «بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی ئەم دواییانە و ئاکامەکانی، دەریانخست کە سیناریۆی سەربەخۆییی هەرێمی کوردستانی عێراق وەک

١- Gurr and Scarritt

٢- دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چوار پارێزگەی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام)١٠-١٢ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ٨٠ میلیۆنیی ئێران(لە سەتا ١٢.٥ی دانیشتووانی وڵات) پێک دێنن. جگە لەمە لە خۆراسان١.٥میلیۆن و لە تاران نیو میلیۆن کورد دەژین. لەسەریەک ١٢میلیۆن کورد لە ئێران دەژین کە دەکاتە لە سەتا ١٥ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە.(سەرچاوە: ئەنیستیتۆتی کورد لە پاریس).

سیناریۆیەکی دوورمەودا دەتوانێت ببێتە خراپترین و پڕمەترسیترین سیناریۆیەک کە ئێران لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبێت»(سەرچاوەی پێشوو:١٣٢). ئەم نیگەرانییەی لێکۆڵەرانی ئێرانی بۆخۆی دانانە بەو ڕاستییە کە «ئاسایشی نەتەوەیی»ی دەوڵەت -نەتەوەکەیان کە بە دابینبوونی مافی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک لە دەرەوەی سنووورەکانی ئێران دەکەوێتە مەترسی، بناغەیەکی لەرزۆک و خەسارهەڵگری هەیە. لەرزۆکبوونی ئەم ئاسایشە نەتەوەییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مانەوەی خۆی بە سەپاندنی ناسنامەیەکی ساختە و سیاسەتی تاکزمانی گرێ داوەتەوە، بۆیە هەرچەشنە هەوڵدانێک لەدژی ناسنامە و زمانی داسەپاو لە نێوخۆی وڵات، وەک مەترسییەک کە دوژمنانی دەرەکی دەتوانن دەستی تێوەردەن، دەبینێت. ئەم جۆرە بۆچوونە ڕێک قسەکەی مووسا عەنتەر دەسەلێنێت کە ڕوو لە داگیرکەرانی تورک وتوویەتی: «ئەگەر زمانی ڕەسەنی من دەوڵەتی تۆ دەهەژێنێت مانای وایە کە تۆ دەوڵەتەکەت لەسەر خاکی من دروست کردووە»(بەرزەنجی،٢٠٢٢). لێکۆڵەر قەمەری، ئەندامی دەستەی زانستیی زانکۆی زانستە ئینتیزامییەکان، تەنیا یەکێک لە زمانەکانی ئێران بە تەواوکەری ئاسایشی نەتەوەیی دادەنێت و زمانەکانی دیکە وەک کێشە و گرفتی سەرڕێی ئەو ئاسایشە سەیر دەکات: «زمان بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی کە ڕۆڵێکی دوولایەنەی هەیە. ئەو کاتەی وەک هۆکارێکی ناسنامەچێکەر لە پێکهاتنی یەکگرتوویی نەتەوەییدا دەور دەبینێت، ڕۆڵی ئەرێنیی زمان دەردەکەوێت. کاتێکیش دەبێتە هۆکاری پێکهێنانی قەیران لەنێو قەوماییەتەکاندا و دەبێتە دەسکەلای دەوڵەتە مەزنیخوازە ڕۆژاواییەکان، دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی»(قەمەری،١٣٨٥:٩٤). ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە زمان و ناسنامەی پێکهاتە نافارسەکان کە نزیک بە نیوەی دانیشتووانی وڵاتی ئێران پێک دێنن[1]، بەهۆی ئایدۆلۆژیای تاکزمانی و ناسنامەیەکی داسەپاو کە ناوی «ناسنامەی نەتەوەیی» لەسەر دانراوە، لەگەڵ هەڕەشەی سڕینەوە و لەنێوچوون ڕووبەڕوون. ئەمەش نارەزایەتی و بەرهەڵستبوونەوەی ئەوان بەرانبەر ئەو ئایدۆلۆژیایە و ئەو سیستەمە سیاسییە کە داکۆکیی لێدەکات، لێکەوتووەتەوە. ئەگەر «ئاسایشی نەتەوەیی»ی ئێران لەم بارەیەوە هەڕەشەی لەسەرە ، ئەو ئایدۆلۆژیا و سیستەمە سیاسییەی وڵات بەڕێوە دەبات لێیان بەرپرسە، چونکە هەر بۆخۆی سەرچاوە و هۆکاری قەیرانخوڵقێنی و هەڕەشەکانە.

٣-٥-٣- جێگۆڕینی زۆردار و زۆرلێکراو

ڕوانین لە دەلاقەی ئەمنییەوە بۆ فرەنەتەوەیی و فرەزمانی و خەباتی ناسنامەخوازانەی نەتەوە

١- فارسەکان بە گەورەترین پێکهاتەی قەومیی ئیران دەژمێردرێن. دیارە لەسەر ڕێژەی حەشیمەتی فارس لەچاو کۆی دانیشتووانی ئێران، ڕای جیاواز هەیە. تۆێژەرە نافارسەکان بە زۆری باس لەوە دەکەن کە فارسەکان دەوروبەری نیوەی دانیشتووانی ئێران پێک دێنن. بەڵام بەگوێرەی هێندێک لە تۆێژینەوەکان، ٦١٪ دانیشتووانی وڵات لە فارسەکان پێک هاتوون. تۆێژینەوەی واش هەیە ڕێژەی دانیشتووانی فارسی ئێرانی بە ٧٣٪ تا ٧٥٪ی سەرجەم دانیشتووانی ئێران داناوە. بڕوانە تۆێژینەوەی «جغرافیای سیاسی اقوام ایرانی»، تۆێژەر مسعود مطلبی، گۆڤاری زمانە ،١٣٨٧ ژمارە (٧٠).

بندەستەکان، وای کردووە بواری لێکۆڵینەوەی زانستییش ببێتە مەیدانێک بۆ ڕەواییدان بە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست و مەحکوومکردنی ناسیۆنالیزمی نەتەوە بندەست و بێدەوڵەتەکان. بەفەرمی نەناسین، بەسووک چاولێکردن و بێبەشکردنی زمانە نافارسییەکان لەو مافانەی پەیماننامە جیهانییەکان بۆ ئەوانی بە فەرمیی ناسیوە بە ئاسایی دادەنرێت، بەڵام داواکردنی مافە زمانییەکان لەلایەن پێکهاتە نافارسەکان بە شەڕ دژی زمانی فارسی ناو دەبرێت؛ ناسیۆنالیزمی نەتەوە بندەستەکان وەک مەترسییەک پێناسە دەکرێن، چونکە بە تێگەیشتنی لێکۆڵەرە ئەمنییەکان دەبنە «ڕێخۆشکەری دەستێوەردانی وڵاتانی بیانی»، بەڵام داگیرکرانی سەرزەوی و نیشتمانی هێندێک نەتەوەی ناوچە و دابەشکردنی دانیشتووانیان بەسەر چەند وڵاتدا، هەروەها بێبەش هێشتنەوەیان لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەیی و زمانییەکان وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی مەترسییەکە نابینرێت. هۆکاری سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لەنێو ئەو نەتەوە بندەست و نیشتمان دابەشکراوانەدا ئەو چارەنووسەیە کە دەوڵەت -نەتەوەکانی ناوچە بەسەریدا سەپاندوون. «موحیبی» کە پانئێرانیستێکی دانیشتووی دەرەوەی وڵاتە و لەباری بیروباوەڕ و بەستراوەیی سیاسی سەربە ئایدۆلۆژیای ڕژێمی ڕووخاوی پاشایەتییە، داوای بەفەرمی ناسرانی زمانەکانی دیکەی ئێران بە «شەڕ لەگەڵ زمانی فارسی» و بە هەوڵدان بۆ پارچەپارچەکردنی خاکی وڵات لێک داوەتەوە کە نابێت بە هیچ جۆر داوای لەم چەشنە قبووڵ بکرێت: «شەڕ لەگەڵ زمانی فارسی پرمەترسیترە لە شەڕ لەگەڵ یەکپارچەیی سەرزەویی ئێران. پاراستنی زمانی فارسی لە پاراستنی یەکپارچەیی سەرزەویی ئێران گرنگترە، ... تاقەڕێگا بۆ دابەشکردنی خەڵکی ئێران و پارچەپارچەکردنی وڵاتی ئێران، جیاکردنەوەی خەڵک لە یەکتر بەهۆی زمانەوە و لاوازکردنی زمانی فارسی لە ناوچەکانی ئێرانە. هەربۆیە لەبارەی فەرمییەتی زمانی فارسی وەک زمانی نەتەوەیی و زمانی پەروەردە و فێرکردنی زانست، هەروەها وەک زمانی سیاسەت و ماف لە سەرانسەری ئێران، نابێت بە ڕادەی تاڵە موویەک پاشەکشە بکرێت» (محبی،١٤٠٠). بۆچوونی ئەم پانئێرانیستە دەیسەلمێنێت کە سیستەمەکانی دەسەڵاتدارەتی لە ئێران، ئەگەر لە ڕووی فۆرم و ناویشەوە جیاوازییان هەبێت، تەنانەت ئەگەر ئایدۆلۆژیاکانیشیان ناوی جیاوازی وەک «ایران باستانی» و «ایران اسلامی»ی لەسەر بێت، لە ناوەرۆکدا یەک شتن، چونکە هەموویان ئێران بە مووڵکی یەک نەتەوە و یەک زمان دەزانن و هەر پێکهاتەیەکی ئێرانی بە هەر ناسنامە و زمانێکەوە، ملکەچی ئەم جۆرە ڕوانینەیان نەبێت، بەدژی ئاسایشی نەتەوەیی و بە دوژمنی ئێرانی دەزانن.

لەنێو ئەو هەموو لێکۆڵینەوانەدا کە لەجیاتی ناساندنی ستەم و سەرکوتی نەتەوەیی و زمانی وەک سەرچاوەی قەیرانەکان، پێکهاتە نافارسەکان وەک سەرچاوەی هەڕەشە بۆ یەکپارچەیی وڵات و بەکارهێنران لەلایەن وڵاتانی بیانی دەناسێنن، لێکۆڵینەوەی ئەوتۆش دەبینین کە خوێندنەوەیەکی لۆژیکیتریان بۆ ڕەهەندی ئەمنیی پرسی ئێتنیکی هەیە. لێکۆڵینەوەی عیزەتی و هاوکاران، لەو لێکۆڵینەوانەن کە هاوفەرهەنگکردنی زۆرەملی و

یەکسانسازیی قەومی لەلایەن دەوڵەتی هەڵقوڵاو لە قەومی سەردەستیان وەک سەرچاوە و هۆکاری کێشە و قەیران و بەرهەڵستبوونەوە و بزووتنەوەکان ناساندووە: «ڕاستییەکەی ئەوەیە بە بوونی پڕۆسەی نوێی زاڵبوونی گوتاری ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییخوازیی هەموو قەومەکان لەجیاتی سەردەستی و دەسەڵاتخوازیی قەومێک، پرسی قەومی بە کردەوە ڕەهەندێکی ئەمنیی وەرگرتووە و زۆر لە نموونەکانیش هەڕەشە لە یەکپارچەیی یەکە سیاسییە جۆراوجۆرەکان دەکەن. بەهەر هۆیەک و بارودۆخێک، ئێرانیش لە قەومگەلی جیاواز پێک هاتووە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر لەنێوان ئەوان و دەوڵەتی ناوەندیدا پێوەندی یا لێکدابڕان هەیە. هەستی قەومی لەنێو بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی وڵات، حاشاهەڵنەگرە» (عزتی و احمدی سیلوە،۲۰۱۲:۱۵). لە ڕووی زمانییەوە ئێران زیاتر لە هەموو وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا، جیاوازی و جۆراوجۆریی تێدایە و نزیک بە نیوەی دانیشتووانی ئێران فارس نین. فارسیزمانان بەزۆری لە شارە گەورەکان و بیابانەکانی ناوەندی ئێران نیشتەجێن. بەرزترین کاربەدەستانی ئایینی لەوانن، خاوەنی بەرزترین کاربەدەستانی دەوڵەتین و کۆنترۆڵی بەشی هەرەگەورەی سامانی وڵاتیان لە دەستدایە، بەڵام کەمایەتییە زمانییەکان کە بریتین لە: تورکزمانانی ئازەری کە لە باکووری ڕۆژاوان، تورکمانەکان کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتن، عەرەبەکان کە لە خووزستان لە باشووری ڕۆژاوا و لەدرێژایی لێوارەکانی کەنداوی فارس، کوردەکان کە لە ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوا و بەلووچەکانیش کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتن. ئەمانە لە هەر دوو دیوی سنوورەکان هەن (سەرچاوەی پێشوو:١٦). لێکۆڵینەوەی ئاماژەپێکراو بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی یەکسانسازیی دەوڵەتان و یەک لەوان دەوڵەتی ئێران کە «هەوڵیان داوە جیاوازییە قەومییەکان داپۆشن، حاشا لە جۆراوجۆریی قەومی بکەن، سیستەمی سیاسی لە بەرژەوەندیی قەومی فەرمانڕەوا بنیات بنێن... لە ڕێگەی زاڵکردنی قەومییەت، کولتوور و زمانی یەک قەوم، بەپێی پێویستییە سیاسی، ئیدارەی و ئەمنییەکانی خۆیان، یەکسانسازی بکەن»، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە کە ئەم جۆرە دەوڵەتانە «بۆخۆیان هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوە قەومییەکانن. مەیل و ویستی سەربەخۆییخوازانەی قەومی-زمانی لەنێو قەومەکانی ئێران وەک شوێنەکانی دیکەی جیهان، دژکردەوەیە بەرانبەر بە پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی(دەوڵەتی یەک نەتەوە) لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا»(سەرچاوەی پێشوو،۲۱). بوونی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەی لەم چەشنە، ئەگەرچی شیاوی بایەخپێدانە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم جۆرە ڕوانینانە، زۆر کەمن و ئەو ڕوانگە و دەنگانەی قسەی یەکەم دەکەن و بەتەواوی هەست بە زاڵبوونیان دەکرێت، ئەوانەن کە لەجیاتی سیاسەتی تاکزمانی و ستەمی نەتەوەیی و هەڵاواردنی زمانی، دژایەتیی نارازیانی ئەو جۆرە ستەم و هەڵاواردنانە دەکەن.

٦-٣-زمانی دایک، تاکزمانی و فرەزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا

لەنێو لێکۆڵینەوە زمانییەکانی ئێراندا دەیان لێکۆڵینەوە هەن کە خۆیان بۆ باس لە تاکزمانی،

جووتزمانی و زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا تەرخان کردووە و گرنگییان بە ڕەهەندێک یان چەند ڕەهەندێکی ئەم پرسە داوە. هێندێک لە لێکۆڵینەوەکان لە کاریگەریی جووتزمانبوونی قوتابی لەسەر پڕۆسەی فێربوونیان کۆڵیوەتەوە، وەک ئەوەی منداڵ ئەگەر زمانی دایک و زمانی پەروەردەی یەک بێت یان زمانی دایک و زمانی پەروەردەی جیاواز بێت لەسەر فێربوونی ئەو چ کاریگەرییەکی دەبێت؟ ئەگەر زمانی سێیەم بێتە نێو پەروەردە، کامیان زووتر فێری زمانی سێیەم دەبن؟ منداڵە یەکزمانەکە یان منداڵە دوو زمانەکە؟

٣-٦-١- کاریگەرییە نەرێنییەکانی بێبەشیی منداڵ لە پەروەردە بە زمانی دایک

زۆرترین لێکۆڵینەوەی سەربەم پۆلە (پەروەردە و زمان) تایبەتن بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی بێبەشیی منداڵە نافارسەکانی ئێران لە خوێندن بەزمانی دایک.[١] ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوەکان مافتەوەرن و لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤ، بە تایبەتی مافەکانی منداڵان لە بواری بەکارهێنانی زمانی دایک لە پەروەردەدا، هەروەها بە پشتبەستن بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافە زمانییەکان و مافی کەمینەکان لە بواری زماندا، پرسی زمانی دایک و زمانی کەمایەتی و «زمانە قەومییەکان»یان باس کردووە. کاریگەرییە دەروونی و زانستییەکانی بێبەشیی منداڵ لە پەروەردە بە زمانی خۆی، تەوەری سەرەکیی بەشێکی دیکە لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەن، هەروەها شوێنەواری ئەم بێبەشییە لەسەر ڕوانینی منداڵە نافارسەکان بۆ زمانی خۆیان هەوێنی بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانە.

کۆمەڵێک لە لێکۆڵینەوەکان بە پشتبەستن بە ڕاپرسی و هەڵسەنگاندن، منداڵانی یەکزمانە و جووتزمان لە قوتابخانەکانیان لە ڕووی تێگەیشتن و توانایی قسەکردن بە زمانی فارسی، لەباری توانای زانستی و چەند توانایی دیکەوە بەراورد کردووە. ڕێگاچارە پێشنیازکراوەکان و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لەژێر کاریگەریی گوتار و ئایدۆلۆژیای زاڵ بەسەر باوەڕی لێکۆڵەرانیاندا جیاوازن. ئەوانەی گوتار و ڕوانگەی تاکزمانی بەسەریاندا زاڵە، ڕێچارەکانیان زیاتر لە دەوروبەری هەرچی زیاتر بە فارسیکردنی ژینگەی منداڵە جووتزمانەکان دەخولێتەوە. بۆ وێنە داوای تەرخانکردنی مامۆستای گونجاو و کلاس و کاتی تایبەت بۆ باشترکردنی زمانی فارسیی ئەوان و ئامادەکردنیان هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە دەکەن. ئەو دەستەیە لە لێکۆڵینەوەکان داوای بەکارهێنانی زمانی دایک لە پەروەردەدا، بە مەترسی هەم بۆسەر داهاتووی قوتابییان، هەم بۆسەر داهاتووی زمانی فارسی و ناسنامەی نەتەوەیی و یەکپارچەییی وڵات دەزانن. دەتوانین ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بە «لێکۆڵەرتەوەر» ناو ببەین، چونکە لێکۆڵەر لەجیاتی ڕاپرسی و پرسینی بۆچوونی فێرخوازان و دایکان و باوکانی قوتابی و

١- بڕوانە لێکۆڵینەوەکانی: ١- ملازهی عظیمه؛ ملازهی عبدالحمید و هاشمزهی پریسا(١٣٩٥)، بررسی وضعیت و مشکلات زبان آموزی مناطق دوزبانه فارسی و بلوچی. کنفرانس بین المللی ادبیات و زبانشناسی؛ ٢-کریمیپور، امیر؛ الیاسی، محمود (١٣٩١)، بررسی پارەای از مشکلات زبانی دانش آموزان دوزبانه کردی زبان- فارسی زبان شهر ایلام و ارائه برخی رویکردهای اصلاحی. مجله زبانشناسی و گویش های خراسان، دانشگاه فردوسی مشهد، علمی پژوهشی، شماره پیاپی٧، پاییز و زمستان.

مامۆستایان و پسپۆرانی پەروەردەیی، پشتی بە بۆچوونی خۆی بەستووە، ئەویش بۆچوونێک کە سەرەتاییترین مافی هەر منداڵێک کە پەروەردە بە زمانەکەی خۆیەتی، بە مەترسی بۆسەر داهاتووەکەی دەزانێت! بەڵام ڕوانگەی لایەنگرانی فەرزمانی و داواکارانی پێویستیی پەروەردە بە زمانی دایک، تەواو پێچەوانەیە. هەڵسەنگاندنەکان و ئەنجامەکانی ئەوان کە بە ڕاپرسی و وەرگرتنی ڕاو و بۆچوون و ئەزموونی قوتابیان، خوێندکاران و مامۆستایانی سەر بە زمانە پەراوێزخراوەکان پشتئەستووە، دروستیی ڕوانگەکەیان پشتڕاست دەکاتەوە.

لێکۆڵینەوەی فیروز و هاوکارانی(١٣٩٧)، داکۆکی لە پەروەردەی فەرزمانی دەکات. دیارە مەبەست لە «پەروەردەی چەندزمانی» لەم لێکۆڵینەوانەدا، لانیکەم دوو زمان، یەکەمیان زمانی دایک و دووەمیان زمانی فەرمیی وڵاتە. بەگوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەستکەوت و لایەنە ئەرێنییەکانی پەروەردەی فەرزمانی، تەنیا لە یەک بواردا نین و ڕەهەندی جۆراوجۆریان هەیە: «پەروەردەی فەرزمانی خاوەنی زۆر تایبەتمەندیی ئەرێنی و مەترسیی یەکجار کەمە. کەسانی چەندزمانە دەستیان بە زانیارییەکی زیاتر ڕادەگات، مێشکیان نەرمترە، خۆگونجێن و ئازادڕەوشتن و لە ڕووی بیرکردنەوە و جیهانبینی هاوسەنگترن. پاراستنی ناسنامە و میراتی کولتووری، دانان بە مافە زمانییەکان و باشتربوونی پێوەندیی نێوان نەوەکان، لە دەستکەوتەکانی پەروەردەی فەرزمانین». ئەم لێکۆڵینەوەیە ویستوویە بیسەلمێنێت کە بەپێچەوانەی پەروەردەی تاکزمانی کە نادادپەروەری و پێشێلکردنی مافە زمانییەکانی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە، فەرزمانی لە پەروەردەدا خزمەتی دادپەروەریی زمانی دەکات و لەگەڵ ڕۆح و ئامانجی مافە زمانییەکانی مرۆڤ دێتەوە: «ئامانجی مافە زمانییەکانی مرۆڤ بەرەوژوورببردنی دادپەروەریی زمانی و وەلانان و پێشگرتن بەو نادادپەروەری و نایەکسانییەن کە لەوانەیە لە بواری زماندا ڕوو بدەن. دەستکەوت و بەرهەمی ئەم مافانە دەبنە دەستەبەری بەفەرمی ناسینی ناسنامەی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ» (فیروز و هاوکارانی، ١٣٩٧:١١٤).

بە پشتبەستن بەو ڕاپرسی، بەراورد و هەڵسەنگاندنانەی لێکۆڵەران لە شار و ناوچە جیاوازەکانی ئێران ئەنجامیان داون، پەروەردەی فەرزمانی لە ڕووی پەروەردەیی و زانستییشەوە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەرێنیی هەیە. ئەڵلامرادی و سەیفوڵلاهی، لە پێوەندی لەگەڵ لێکەوتە نەرێنییەکانی دابڕاندنی منداڵ لە زمانی دایک لە ژینگەی پەروەردەییدا پێیان وایە: «قسەپێنەکردن و بەکارنەهێنانی زمانی دایک لە ژینگەی پەروەردەیی و ئیداریدا، بە کردەوە لەلایەک ڕێ لە فێربوون و تێگەیشتنی دروستی زمانی دایک لەلایەن تاکەوە دەگرێت و لە لایەکی دیکە دەبێتە هۆی لاوازیی زمانی دایک و بەر بە بووژانەوە و گەشەکردنی دەگرێت. هەر دووی ئەمانە بە یەکەوە کاریگەریی نەخوازراوی ڕوحی و دەروونی لەسەر تاک دادەنێن. وێڕای ئەمانەش دەبنە هۆی لاوازیی یەکێک لە زمانەکانی کۆمەڵی مرۆیی وەک ناسنامە و میراتی هاوبەشی نەتەوەیەک» (ئەڵلامرادی و سەیفوڵلاهی، ١٣٩٣:٦٥). ئەگەر خەوشێک لەم بۆچوونەی لێکۆڵەردا هەبێت ئەوەیە کە لەجیاتی «نەبوونی پەروەردە بە زمانی دایک»،

«قسەپێنەکردن و بەکارنەهێنانی زمانی دایک»ی وەک کەمایەسی لە ژینگەی پەروەردەییدا باس کردووە. ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ئەو لێکۆڵەرانەی ئەوەندە مافەش بە منداڵی نافارس ڕەوا نابینن و داوا دەکەن لە ژینگەی پەروەردەییدا تەنیا یەک زمان ئەویش زمانی فارسی قسەی پێبکرێت شیاوی سەرنجە. ئاکامێک کە لێکۆڵینەوەی هاوبەشی ئەو دوو لێکۆڵەرە پێی گەیشتوون، ئەمەیە: «زمانێک کە زمانی پەروەردە و فێرکردن نەبێت، دەرەنگ یا زوو لەنێو دەچێت یا لانیکەم دەبێتە زمانێکی لاواز و بێ‌پێز و وەلانراو» (سەرچاوەی پێشوو:٦٦). ئەمە ئەنجام وەرگرتنێکی زۆر گرنگە. هەر زمانێک بخرێتە دەرەوەی پەروەردە و ڕێی بەکارهێنان لە پەروەردەدای لێ بگیرێت، ڕۆژبەڕۆژ لاوازتر دەبێت، چونکە هەم ژمارەی ئاخێوەرانی کەمتر دەبنەوە، هەم ڕێز و گرنگییەکەی لای ئاخێوەران، بە تایبەتی قوتابیان و خوێندکاران و بە گشتی پەروەردەکاران دادەبەزێت. بەم هۆیەشەوە کە لە پرۆسەی پەروەردە وەلانراوە، پێویستییەک بە دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشە و چەمکی نوێ و بوون بە زمانێکی زانستی لە خۆیدا بەدی ناکات. ئەنجامی ئەو ڕەوتە هەر تەنیا لاوازیی زمانەکە نییە، لەدەستدانی ئەو زمانە لەلایەن قسەپێکەرانی لە دریژخایەندا و توانەوەیان لەناسنامەیەکی دیکەدا دەکرێت یەکێک لەئەنجامەکانی بێت.

٣-٦-٢-ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی پەروەردەی فرەزمانی لە لێکۆڵینەوەکاندا

مۆدێلەکانی «پەروەردەی فرەزمانی» لەو بابەتانەیە کە هێندێک لە لێکۆڵینەوەکان ئاوڕیان لێداونەوە و تەنانەت باسی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانیان کردوون. چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان پلاندارشتنی جووتزمانی و یەکزمانە و کاریگەرییان لەسەر سەرکەوتنی قوتابی و تەیاربوونی بە چالاکییەکانی خوێندنەوە و نووسین، یەک لە بابەتە گرنگەکان لەنێو دامەزراوە پەروەردەییەکان و سیاسەتدارشتنی پەروەردەییدایە. لێکۆڵەری ئێرانی، کلانتەری، جووتزمانی لە پەروەردەی ئێراندا وەک دووزمانەی کەمکردنەوە ناو دەبات کە ئەنجامەکەی لەدەستدانی زمانی یەکەم بەهۆی زمانی دووەمەوەیە: «پەروەردەی ئێران لەسەر بناغەی جووتزمانیی کەمکردنەوەیە. لە جووتزمانیی لێزیادکردندا منداڵ ڕێگای پەرەپێدانی زمانی خۆی پێدەدرێت و هەردوو زمان و کولتوورەکە(زمانی خۆی و زمانی دووەم کە فێری دەبێت) بایەخی وەک یەکیان هەیە، بەڵام لە جووتزمانیی لێکەمکردندا، منداڵ دوای ئەوەی بەباشی فێری زمانی دووەم بوو، دەبێت زمانی یەکەم وەلا بنێت.(Kalantari, 2011) ئەنجامی ئەم جۆرە جووتزمانییە لە پەروەردەی ئێراندا، ئەوە بووە کە فێرخوازانی سەربە پێکهاتە نافارسەکان، جگە لەوەی لە ڕووی دەروونی و فێربوونەوە (بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان)، لەگەڵ گوشار و دڵەڕاوکێیەکی زیاتر ڕووبەڕوو بوون و ئەم دۆخە لەسەر توانایی و دەستکەوتی فێربوونیان کاریگەریی هەبووە، ساڵ بە ساڵ و بەگوێرەی چوونەسەری قۆناغەکانی خوێندن، زیاتر لە زمانی دایک یان زمانی یەکەمی خۆیان دوور کەوتوونەوە، بە ڕادەیەک کە نەک هەر ناتوانن بە زمانی دایک بنووسن یان بخوێننەوە، تەنانەت هێندێکیان لە قسەکردن بە زمانەکەی

خۆشیان لەگەڵ گرفت ڕووبەڕوون.

لێکۆڵینەوەی هاوبەشی (تەبرا و هاوکارانی، ۱۳۹۵) بۆ بەراوردی ڕادەی کاریگەریی پلاندارِشتنی جووتزمانی و پلاندارِشتنی دەرسیی یەکزمانە لەسەر پێشکەوتنی قوتابییان لە بواری خوێندندا تەرخان کراوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرجەم قوتابییانی کورِی جووتزمانی پایە(پۆل)ی یەکەمی قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئەهوازی بە نموونە وەرگرتوون.[1] ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەریانخستووە بەرەوپێشچوونی منداڵانی جووتزمان لە خوێندندا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بەرنامەدارِشتنی دەرسییەوە هەیە: «بە دەربڕینێکی ڕوونتر بەرنامەڕِێژییە دەرسییەکانی تایبەت بە پەروەردەی جووتزمانی، کاریگەریی زیاتریان هەبووە. لەنێو جۆرەکانی پەروەردەی جووتزمانی، جۆرەکانی ‹گوێزتنەوە›، ‹نوقمکردن› و ‹دووڵایەنە› لە هەمووان گرنگتر و بەڕِمێنتر دادەنرێن» (سەرچاوەی پێشوو). لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەر سێ جۆرەکە تاقی کراونەتەوە. لە مۆدێلی گوێزتنەوەدا قوتابی فێربوون و خوێندن بە زمانی دایک دەست پێدەکات و ئەم ڕِەوتە هەتا سێ ساڵ دڕِێژە دەکێشێت. بە گوێرەی ئەم مۆدێلە ئەو کاتەی منداڵی جووتزمان بەسەر زمانی دووەمدا زاڵ بوو، دەچێتە نێو پڕِۆسەی خوێندنی فەرمی. دوو مۆدێلەکەی دیکە بریتین لە مۆدێلەکانی نوقمکردن و پەروەردەی دووڵایەنە: «لە مۆدێلی نوقمکردندا وانەوتنەوە بە منداڵانی جووتزمان تەنیا بە زمانی دووەم(زمانی زۆرایەتی، زمانی فەرمی)یە. پەروەردە لەم مۆدێلەدا لە پاوانی زمانی دووەمدایە. لە مۆدێلی پەروەردەی دووڵایەنەیەدا هەم زمانی دایک و هەم زمانی دووەم پشتیوانییان لێدەکرێت. مەبەست ئەوەیە کە بەرنامە فێرکارییەکان بە شێوەیەکی یەکسان هەم بە زمانی دایک و هەم بەزمانی دووەم و فەرمی پێشکەش دەکرێن» (سەرچاوەی پێشوو). ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی ئاماژەپێکراو سەلماندوویەتی کە مۆدێلی گوێزتنەوە لە فێرکردنی منداڵانی جووتزماندا لە«مۆدێلی تاکزمانی» ئاکامی باشتری هەبووە، «مۆدێلی دووڵایەنە»ش لە هەمووان سەرکەوتووتر بووە. بەکارهێنانی»مۆدێلی گوێزتنەوە» بەو هۆیەوە کە ئەم مۆدێلە بناغەکەی لەسەر دیارینەکردنی بەهای یەکسان بۆ زمانی یەکەم و دووەم دانراوە، قوتابییان لەبارِی بڕِوابەخۆیی و نەفسبەرزی تووشی گرفت دەکات، بەجۆرێک کە تەنانەت جارِی وایە ناتوانن لەگەڵ مامۆستا و ئەوانی دیکە پێوەندییەکی لۆژیکی دامەزرێنن. مۆدێلی نوقمکردنیش ئەم ڕِەخنەیەی لەسەرە کە بەهۆی گرنگییەک کە ئەم مۆدێلە بە زمانی دووەمی دەدات، پێوەری سەرکەوتنی قوتابی تەنیا بەڕِادەی شارەزایی و زاڵبوونی بەسەر «زمانی دووەم»دا دیاری دەکرێت و لەئاکامدا لەوانەیە بۆ سەرکەوتنەکانی دیکەی قوتابی لە خوێندندا، دەرفەتێکی ئەوتۆ نەمێنێتەوە. مۆدێلی نوقمکردن بەهۆی گرنگیدانی بە زمانی دووەم، تەنانەت وەک هۆکارێکی یارمەتیدەر لە فێرکردندا سوود لە زمانی دایک وەرناگرێت. بە تایبەتی لە ساڵانی یەکەمی خوێندندا قوتابیی جووتزمان کە جارِێ شتێکی کەم لە زمانی

۱- ئەهواز ناوەندی پارێزگەی خووزستانە، لەو شارانەی ئێرانە کە ڕِیژەیەکی زۆر لە دانیشتوانیان عەرەبن.

دووەم فێربووە، بەهۆی پێکهاتنی ناهاوسەنگی لە پرۆسەی فێربوونداا بێزار دەبێت.

لەدەستدانی زمانی یەکەم و ناسنامەی پێوەنیدار بەو زمانە، یەکێک لە لێککەوتەکانی خوێندنی جووتزمانیی نوقمکردنە، بە تایبەتی ئەگەر زمانی یەکەم زمانێکی بندەست و زمانی دووەم زمانی سەردەست بێت. لێکۆڵینەوەی هاوبەشی کەریمپوور و ئەلیاسی(۱۳۹۱) لەو قوتابییانەی کۆڵیوەتەوە کە ناچار بە خوێندنی جووتزمانیی نوقمکردن بە ئامانجی یەکسانسازی بوون. ئەو قوتابییانە سەربە کۆمەڵێکی ئێتنیکی-زمانیی کەمایەتی بوون کە لەباری ئابووری- کۆمەڵایەتی، ئاستێکی نزمتریان هەیە. زمانی دایک و زمانی فێربوونیان لە دوو دۆخی نایەکساندان و بەزۆری لەگەڵ یەکتر لە ململانێدان. یەکیان زمانی سەردەست و ئەوی دیکە زمانێکی بندەستە. ئەو لێکۆڵەرانە پێیان وایە: «زمانی دایکی ئەو قوتابییانە لە ڕووی ئیعتیبارەوە ئاستێکی نزم و لەباری کارپێکردنەوە بایەخێکی کەمی هەیە. لە ڕوانگەی ئەو قوتابییانەوە زمانەکەیان وەک کۆسپێک لەسەر ڕێگای فێربوونی زمانی نەتەوەیی و پێشکەوتن لەخوێندنداا چاوی لێدەکرێت. هەربۆیە بەرنامەکانی جۆری نوقمکردن بە ئامانجی یەکسانسازی، ڕاست بەواتای لەمەترسیکەوتنی ناسنامەی قوتابییە»(کەریمپوور و ئەلیاسی، ۹۰:۲۰۱۲). ئەم مۆدێلە لە پەروەردەی جووتزمانی، پێمان دەڵێت سیستەمی پەروەردەش هەمان دووپاتبوونەوەی ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ئابووریەیە کە لە کۆمەڵ لەنێوان زۆرایەتی و کەمایەتیی نەتەوەیی و زمانیدا هەن؛ سیستەمی پەروەردەش دەبێتەوە مەیدانی ئەو سەردەستی و بندەستییە ئێتنیکی و زمانییەی لە دەرەوەی ژینگەی پەروەردەییدا هەیە و تەنانەت فەرمییەتی پێدەدات. ئەمەش وادەکات قوتابی بۆخۆشی پشت لە زمانی دایکی بکات، دەست لە ناسنامەی خۆی هەڵبگرێت بۆ ئەوەی لە زمان و ناسنامەی سەردەستدا خۆی ببینێتەوە و چی دیکە هەستکردن بە بندەستی و ئاستی نزمی کۆمەڵایەتی ڕووی تێ نەکات.

مۆدێلی دووڵایەنە بە بەراورد لەگەڵ دوو مۆدێلەکەی دیکە هەم لەباری دەروونی و هەم لەباری پەروەردەیی، تایبەتمەندیی ئەرێنیی زیاتری هەیە. لەم مۆدێلەدا چونکە هەر دوو زمان بایەخی وەک یەکیان هەیە، منداڵی جووتزمان لە سەرەتادا بەباشی فێری بەکارهێنان و شارەزاییە زمانییەکانی زمانی دایکی دەبێت و تەنانەت لە ڕووی بەدەستهێنانی ناسین و پەروەردە و فێربوونیشەوە، دەستکەوتی زیاتری دەبێت. دیارە ئەو لێکۆڵەرانەی داکۆکییان لە مۆدێلی دووزمانی کردووە، ئەم ڕەهەندەی باسەکەیان بە نارووندی هێشتووەتەوە کە مۆدێلی دووڵایەنە هەر بۆ قۆناغی سەرەتایی باشترین مۆدێلە یان بۆ قۆناغەکانی بەرزتریش. بەراوردی توانایی خوێندنەوە و نووسینی منداڵانی یەکزمانە و جووتزمانی شارەکانی زابول، زەهەک و نیمرووز لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە زمانی فارسیی قۆناغی سەرەتاییدا، هەوێنی لێکۆڵینەوەی پورگلوی و کیخا(۲۰۱۹)یە. ئەم لێکۆڵینەوەیەش ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانی پێشتر پشتڕاست دەکاتەوە و دەیسەلمێنێت کە بۆ نموونە: «منداڵانی بەلووچ بە بەراورد لەگەڵ

ئەو بەشە لە هاوپۆلەکانیان کە زمانیان فارسییە توانای خوێندنەوە و نووسینیان بە زمانی فارسی بە جۆرێکی واتادار جیاوازە» (پورگلوی و کیخا،۲۰۱۹:٥٦). یەکێک لە هۆکارەکانی بەرزتربوونی تواناى منداڵانی یەکزمانە لە خوێندنەوەی فارسیدا ئەوەیە کە زمانی یەکەم و زمانی دایکی ئەوان فارسییە و لەگەڵ زمانی فەرمیی وڵات و زمانی پەروەردە جیاوازیی نییە. دیارە ئەگەر زمانی یەکەمی قوتابی و زمانی دووەم یا زمانی پەروەردەی لێک جیاواز بن، هەلومەرجێکی تەواو جیاوازی بۆ پێک دێت و لە ڕووی ئاستی فێربوون، دوا دەکەوێت.

۳-٦-۳- ناتەباییی پەروەردەی تاکزمانی لەگەڵ مافە زمانییەکان

ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوەکان لە ڕوانگەی مافە زمانییەکان و مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و زمانییەکان و لە دیدی داکۆکی لە بەرەسمیەتناسینی فەرەزمانی، ڕەخنەیان لە سیاسەتی تاکزمانی(فەرمی بوونی تەنیا یەک زمان) بە تایبەتی لە پەروەردەی ئێراندا گرتووە؛ خەسارەکانیان و زیانەکانیان بۆ داهاتووی ئەو زمانانە و... هتد دەستنیشان کردووە؛ ڕوونا کییان خستووەتە سەر سیاسەتی زمانیی وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەزمان کە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە پرسی کێشەی زمانییان چارەسەر کردووە. لێکەوتەکانی سیاسەتی داسەپاو و پاوانخوازانەی تاکزمانییان لە ئێران لە ڕووی کولتووری و لاوازکردنی یەکێتی و هاوپێوەندیی خەڵکی وڵات خستووەتە ڕوو و داوای بەفەرمی ناسینی فرەزمانی و بەکارهێنانی زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەیاندا کردووە[1]. «جێگە و پێگەی مافی زمانی دایک لە پەروەردە لە سیستەمی حوقووقیی ئێراندا»، نامەی ماستەری ئەرکان شەریفی(زانکۆی شەهید بەهەشتی، کۆلێژی ماف، ۱۳۸۵) یەک لەو لێکۆڵینەوانەیە کە لەبەر ڕووناکیی پەسەندکراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، لە مافەکانی زمانی دایکیان کۆڵیوەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە: «زمانی دایک بەردی بناغەی پەروەردەی نێوانکولتووری و چەندکولتوورییە؛ زمانی دایک بەشێکی جیانەکراوەی هەر کولتوورێکە، بەڵام هەتا ئێستاش تەنانەت لە بواری پەروەردە و فێرکردندا تێگەیشتن و ناسیاوییەکی سنووردار و کەموکورت لەبارەیەوە هەیە» (شەریفی،۲۰۰٦:۱۲). خاڵی ئەرێنی لەبارەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، جۆری ڕوانینی بۆ تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردەی ئێرانداییە، چونکە پێی وایە: «هەڵسوکەوت لەگەڵ جۆراوجۆریی زمانی، دەکرێت لە چوارچێوەی گرتنەبەری سیاسەتی ئاسمیلەکردن لە فۆرم و ناوەرۆکی جیاوازدا و بە ئامانجی یەکسانسازیی پێکهاتەی دانێشتووان بۆ نموونە لەڕێگای سیستەمی پەروەردەوە، یان بەشیوەی داننان و بەفەرمی ناسینی ئەم جۆراوجۆرییە و پاراستنیان بێت.

۱- لێکۆڵینەوەکانی ۱-» تنوعات قومی فرصت یا تهدید»، تۆێژەران: عسکری پور و دریایی.(۲۰۱۵)، ۲-« سازوکارهای صیانت از حق استفاده از زبان مادری در مراجع بین المللی و ملی: تأملی بر رویه قضایی بین‌المللی»، تۆێژەران: زمانی و عابدینی سعد آباد(۲۰۱۹)، ۳-«حق بر زبان مادری در حقوق بین الملل»، تۆێژەر: فاطمه کرمانی(۱۳۹٦)، ٤-«حق بر زبان مادری و آموزش»، تۆێژەران: رهایی و مرندی (۱۳۹٦)، ٥-« حق بر زبان مادری در اسلام و نظام بین المللی حقوق بشر با تاکید بر حق تحصیل بر زبان»، تۆێژەران: مشهدی و مهاجر گوروان (۱۳۹٥)، و ... هتد، پرسی جۆراوجۆریی زمانی و مافە زمانییەکانیان بە سەرنجدان بە جێگە و پێگەی مافە زمانییەکان لە پەیماننامە جیهانییەکانی مافی مرۆڤدا، خستووەتە بەرباس.

سیستەمی مافی مرۆڤ بە ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی سیاسەتی ئاسمیلەکردن و لەڕێگای بەفەرمی ناسینی جۆراوجۆریی مرۆیی و ڕێزدانان بۆ جیاوازییە قەومی، زمانی و ئایینیەکان، لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە دەڕوانێتە ئەم جۆراوجۆرییە»(سەرچاوەی پێشوو:٤).

«مافی تایبەت بە زمانی دایک و پەروەردە»(ڕەهایی و ڕەزاق مرندی،٢٠١٧)[1] نموونەیەکی دیکە لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەیە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕێگای باسکردنی دوو چەمکی «زمانی کەمایەتی» و «زمانی زۆرایەتی» و پێشێلکردنی مافەکانی زمانی کەمایەتی لە سۆنگەی سەردەستیی زمانی زۆرایەتی، بەپشتبەستن بە ناوەرۆکی پەیماننامە جیهانییەکان، ئاوڕ لە پێشینەی سەرکوتی ناسنامە و زمانی کەمایەتییەکان لە وڵات و ناوچە جیاوازەکانی جیهان دەداتەوە: «پێویستە تاکەکان لە قۆناغی منداڵی و قۆناغە بەراییەکانی فێربوون نەک هەر بەزمانی خۆیان فێر بن بەڵکو زمانی دایکیان و ئەو کولتوورەی لە ناخی زمانەکەیاندایە فێریان بکرێت؛ ئەو تاکانەی زمانی دایکیان لە زمانی فەرمیی وڵات جیاوازە، دەبێت لەو ناوچانەی کە چڕیی دانیشتووانیان ئاستێکی گونجاوی هەیە، مافی خوێندن بە زمانی خۆیان شانبەشانی زمانی فەرمیی وڵاتیان هەبێت»(سەرچاوەی پێشوو: ٩٩). دیارە ئەم لێکۆڵینەوەیە، پرسی زمانی دایک و مافەکانی بە شێوەیەکی گشتی نەک لە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتێکی دیاریکراودا بە تایبەتی ئێران باس کردووە و لە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران و پەراوێزخستنی بە ئەنقەستی زمانە نافارسییەکان لەو وڵاتە خۆی بواردووە. ئەمەش یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ژمارەیەک لەو لێکۆڵینەوانەیە کە لێکۆڵەرانیان بەهەر هۆیەک نەیانویستووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە چوارچێوەی ئێراندا باس لە جۆراوجۆریی ئێتنیکی و پرسی زمانەکان بکەن، بەڵکو لەڕێگای باسکردنی جۆری چارەسەری ئەم کێشەیە لە وڵاتانی دیکەی جیهان، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی مۆدێلەکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشانەیان باس کردووە.

٣-٧- ڕەخنەی تویژینەوەکان لە سیاسەتی کولتووری و تاکزمانیی ئێستا

٣-٧-١-زۆرترین ڕەخنەگرتن لە ناوەرۆکی کتێبەکانی خوێندن

لەنێو لێکۆڵینەوە ئێرانییەکانی پێوەندیدار بە ناسنامە و زمان، ئەوانەی پێوەندییان بە ناوەرۆکی کتێبە دەرسییەکانەوە هەیە ڕێژەیەکی بەرچاویان بۆخۆیان تەرخان کردووە. ژمارەیەک

١- لە (٣) ماددەی دەستووری ئێران(١٥،١٦ و ١٩) ئاوڕ لە زمانی نەتەوەیی، زمانە خۆجێیەکان و زمانی عەرەبی دراوەتەوە. لە ماددەی (١٥) دا گوتراوە:»زمان و خەتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران، فارسییە. بەڵگەنامەکان، نامەنووسین و دەقە ڕەسمییەکان و کتێبە دەرسییەکان دەبێت بەو زمان و خەتە بن، بەڵام سوودوەرگرتن لە زمانە خۆجێیی و قەومییەکان لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکاندا و خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانە شانبەشانی زمانی فارسی ئازادە»(قانون اساسی ایران). لە ماددەی (١٦)دا گوتراوە:»بەو هۆیەوە کە قورئان و زانست و مەعریفەتە ئیسلامییەکان عەرەبین و ئەدەبیاتی فارسی بە تەواوی تێکەڵاویان بووە، ئەم زمانە دوای قۆناغی سەرەتایی تا کۆتایی قۆناغی ناوەندی دەبێت لە هەموو پۆلەکان و سەرجەم لقەکاندا بخوێندرێت. لە ماددەی نۆزدەهەمیشدا ئاماژە بە مافی یەکسان بۆ هەموو خەڵکی ئێران- لە هەر قەوم و قەبیلەیەک بن- کراوە و گوتراوە ڕەنگ، ڕەگەز، زمان و شتی لەم چەشنە نابن بەهۆی ئیمتیاز (فتحی و اصفهانی، ١٣٩٧:١٨)

لەو لێکۆڵینەوانە بەڕاشکاوی ڕەخنەیان لە ڕوانگەی زاڵ بەسەر سیاسەتی پەروەردەیی و ناوەرۆکی کتێبە پەروەردەییەکاندا گرتووە، لێکەوتە و دەرئەنجامە زیانبارەکانی بەردەوامیی ئەم جۆرە ڕوانین و سیاسەتانەیان باس کردووە و پێشنیاز و ڕێگاچارەیان بۆ گۆڕین و باشکردنیان خستووەتە ڕوو. گرشاسبی و هاوکارانی(١٣٩٩)، جۆری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی قەومییەت لە پەروەردە و فێرکردن(قۆناغی ناوەندی)یاندا زۆر بە نەخوازراو زانیوە کە مەودایەکی یەکجار دووریان لەگەڵ ئەو ئاستە هەیە کە تیۆرزانانی بواری چەندکولتووری بە گونجاو و نموونەیی دەزانن و پێیان وایە: «بەردەوامی و درێژەی ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ پرسی قەومییەت لە ئێران دەتوانێت بۆ داهاتووی ئێران و شارۆمەندانی ئێرانی مەترسیخولقێن بێت. چونکە دەتوانێت بوار بۆ بەرنامەی دەرسیی سێیەر و ژێربەژێر لە قوتابخانەکانی ئێراندا بخولقێنێت» (سەرچاوەی پێشوو، ٢٦٠). چەمکی «بەرنامەی دەرسیی سێیەر» ئاماژەیە بەو وانە و بایەخ و ڕوانگانەی فێرخواز بە شێوەی نافەرمی و لە دەرەوەی بەرنامە و ئامانجەکانی پەروەردەی فەرمی فێریان دەبێت. یەکێک لەو هۆکارانەی بوار بۆ پەرەگرتنی «بەرنامەی دەرسیی سێیەر» لەنێو فێرخوازاندا خۆش دەکەن، پەراوێزخستن و سەرکوتی زمان و کولتووری نافەرمییەکانە. کاتێک لە سیستەمی پەروەردەدا جۆراوجۆریی نەتەوەیی، کولتووری و زمانی، ڕێزی لێ ناگیرێت و بوار بۆ فێربوونی زمان و ئەدەبیاتیان نارەخسێندرێت، خەڵکی سەر بەو جۆراوجۆرییانە بۆخۆیان قۆڵی لێهەڵدەماڵن. ئەم دیاردەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکردەوە لەمێژسالّە بەشێوەیەکی بەرفراوان سەری هەڵداوە.

لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە ڕەنگدانەوەی قەومییەتەکان لە کتێبە دەرسییەکاندا دەریانخستووە کە ئەم پرسە هەتا ڕادەیەکی زۆر لەنێو ئەو کتێبانەدا پشتگوێ خراوە، جێگە و پێگەیەکی شیاو بۆ قەومییەتەکان تەرخان نەکراوە و جاری واشە ئەم بەکەمگرتنە، تێکەڵ بە سووکایەتی بە «وردەکولتووەرکان» کراوە. وەک لێکۆڵینەوەی گرشاسبی و هاوکارانی ئاماژەی پێداوە: «ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوەکان دەیسەلمێنن کە جۆراوجۆریی قەومی لە سیستەمی پەروەردەدا وەک گرفت و قەیران لێک دراوەتەوە» (سەرچاوەی پێشوو، ٢٤٦). دیارە کاتێک لێکۆڵەرانێک کە خۆیان ڕەخنەگری سیاسەتی کولتووری و پەروەردەیی سیستەمێکی سیاسین، نەتەوەکان بە «قەوم» و کولتووری نەتەوەیی ئەوان بە «وردەکولتوور» دەزانن، چاوەڕوانکراوە کە سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار بە خوارتر لە وردەکولتووریش ناویان بێنێت و لەژێر پەردەی ناسنامەی نەتەوەییدا بیانشارێتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران و نەتەوەی سەردەست لە هەر بواریّک لە بوارەکانی ژیاندا لە زەقکردنەوە و گرنگپێدانی ناسنامەی فارسی لەژێر ناوی «ناسنامەی نەتەوەیی» بۆ ساتێک غافڵ نین. کتێبە دەرسییەکان یەک لەو بوارانەن کە بۆ ناساندنی ناسنامەی فارسی وەک ناسنامەیەکی بێدابڕان و یەکسان بەکاریان هێناوە. هەر بەو جۆرەی «سلێمانی و عوسمان زادە»، دوو لێکۆڵەری کورد، ئاماژەیان پێکردووە: «لەوانەیە گەورەترین جیاوازیی ئەو کتێبانە لەگەڵ کتێبە دەرسییەکانی سەردەمی پەهلەوی لەوەدابێت کە کتێبی سەردەمی کۆماری ئیسلامی،

فارسیگەرێتی لەگەڵ ئیسلامی شیعە ئاوێتە کردووە و پیاوسالاریی ئایینیی وەک شتێکی سروشتی پێشان داوە» (سلێمانی و عوسمان زادە،٢٠٢٢:٢٣٩). لە کتێبە دەرسییەکاندا، پێکهاتە نافارسەکانی وڵات کە لە گوتاری فەرمیی ئێراندا بە قەوم ناو دەبرێن، کەمتر بە شیوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێکراوە. ئەگەر ئاماژەکردنێکی ناڕاستەوخۆش هەیە، وەک پارێزەری سنووورەکانی ئێران، وەک ئاژەڵدار و خاوەنی ژیانێکی کۆچەری پێشان دراون و بەزۆری لەپێوەندی لەگەڵ مێژوودا ئاوڕیان لێدراوەتەوە. «یاوەری»، لەم پێوەندییەدا دەنووسێت: «قەومییەتەکان لە کتێبە دەرسییەکاندا یان لە چوارچێوەی ژیانی شوانکارەیی ئەواندا یان لەڕێگای ئاماژە بە تایبەتمەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیان ئاوڕیان لێدراوەتەوە. چەمکی قەومییەت بە مێژووی دووری ئێران گرێ دراوەتەوە» (یاوەری،١٩٩٤:٩٩).

کاتێک لەو کتێبانەدا باس لە هەرێمە جیوگرافییەکان و جۆری ئاو و هەوا و ڕێژەی باران و جوانییە سروشتییەکانیان دەکرێت، باسی ناسنامەی دانیشتووان و خاوەنەکانیان ناکرێت. لێکۆڵەری کورد، عەلیار کە لە ناوەرۆکی ئەم کتێبانەی کۆڵیوەتەوە، لەم پێوەندییەدا نووسیوێتی: «ئاماژە بەوە نادرێت کە هەر کام لەو ئیقلیمە جودایانە، بەپێی خوو و خدە و شێوازی ژیان و داب و ڕەسم و کەلەپووری لەمێژینەیان خاوەنی شوناسێکی تایبەتن کە ئەو شوناسە بەشی هەرەزۆری لەگەڵ شوناسی نەتەوەی باڵادەست یەک ناگرێتەوە و ئەو جێگایانەش کە نزیکییەک دەبیندرێت، ئەگەریش بەتەواوی بەرساختی دەسەڵات و پلانە کولتوورییەکانی نەبێت، ئەوە دەکرێت وەک کەلەپووری هاوبەشی گەلانی لێکنزیک چاوی لێ بکرێت»(عەلیار،٢٠٢١:٨٨). هەر یەک لەو هەرێمانە زمان و کەلەپووری تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆ نموونە پارێزگا کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەلووچستان، ئەهواز، تورکمان سەحرا و ئازەربایجان وەک عەلیار بە دروستی قامکی لەسەر داناوە ئەگەر برگەی مێژووی هاوبەش و دابونەریتی لێکنزیکیشیان هەیە، ئەمە نابێتە پاساو بۆ ئەوەی ئاماژە بە مێژووی سەربەخۆ و ئەفسانە و ئوستووورە و میراتی کولتوورییەکان نەکرێت، یان وەک پاشکۆی مێژوو و کولتووری سەردەست لێیان بڕوانرێت: «واتە مادەدە دەرسییەکان لە ئێقلیمە جوداکان، شتێک بە قوتابی دەڵێن: «ئێوە ئەوەن کە ئێمە دەیڵێین» (سەرچاوەی پێشوو:٨٩). ئەدەبیاتی زمانە نافارسییەکان، ناودارانی بواری شێعر و ئەدەبیاتی ئەو زمانانە، دانەرانی فەرهەنگی زمان، مێژوونووسان، هونەرمەندانی بواری سینەما، شانۆ، خۆشنووسی، پەیکەرتاشی، وێنەگەری و ... هتد، (ئەگەر بە زمانی خۆیان و لە بازنەی ناسنامە و کولتووری نەتەوەکەی خۆیاندا بەرهەمیان خوڵقاندبێت و بەرهەم و داهێنانەکەیان لە خزمەت زمانی فارسی و «ناسنامەی ئێرانی»دا نەبووبێت) لە کتێبە دەرسییەکاندا ڕەنگدانەوەیان نییە. تەنانەت لە کتێبی جیوگرافی(بەشی تایبەت بە پارێزگاکەی خۆشیان)دا بایەخیان پێنادرێت.

ناوەرۆکی کتێبەکانی خوێندن لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەریدەخەن کە

دەوڵەت لە ئێران بەتوندی بۆ فارسی-شیعی کردنی کۆمەڵ لەڕێگای سیستەمی پەروەردە هەوڵ دەدات. لێکۆڵینەوەی دوو لێکۆڵەری کورد سەلماندوویانە کە: «کتێبە دەرسییەکان پێکهاتەی زاڵی کۆمەڵ(فارسەکان) وەک تاکە ئەکتەر و هۆکار لەمێژووی ئێراندا دەناسێنن» (سلێمانی و عوسمان زادە،۲۳۷:۲۰۲۲). بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی دیکە: «دەوڵەت، ڕیوایەتێکی یەکگرتوو لە ڕابردووی خەیاڵی و دڵخوازی خۆی دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی جۆراوجۆریی ئێتنیکی و ئایینیی کۆمەڵ بشارێتەوە و کەمەرەنگی بکات و ئەو یادگە مێژوونووسییەی کە پێویستی پێیەتی، دابڕێژێت» (ئەسغەرزادە،۲۳۸:۲۰۰۷).

هەڵاوردن لەسەر بناغەی مەزهەبی و زمانی و دەرهاویشتن و سڕینەوەی بە ئەنقەستی «قەوم»ێک بۆ «قەوم»ێکی دیکە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کتێبە دەرسیەکانە. لێکۆڵینەوەی «عەلیار» دوو کتێبی «جغرافیای ایران» و «استان شناسی آذربایجان غربی» کە هەر دووکیان هیی پۆلی دەیەمی قوتابخانەکانی ئێرانن وەک نموونەی ئەو هەڵاوردنانە ناساندووە: «لە کتێبی جۆغرافیای ئێراندا تەنانەت جارێک ئاماژە بە گەلی کورد نەکراوە، ناوچەیەک بە ناوی کوردستان و شێوەی ژیان و بارودۆخی جۆغرافیایی ئەو ناوچانە وەبەرچاو نایە و بە گشتی لەژێر ناوێکی گشتیی وەک «ڕۆژاوای ئێران» و «ناوچەی زاگرۆس»، باسی جۆغرافیای سروشتی کراوە. کتێبی پارێزگاناسیی ئازەربایجانی ڕۆژاواش خۆی لەمە پارڕاستووە کە ئەم پارێزگایە لە چەند نەتەوە و مەزهەب و ئایین و زمان پێکهاتووە و دابوورەسمەکانیان، شوێنە گەشتیاری و تایبەتمەندییە سروشتییەکانی هەرکام لەوانە چین؟(عەلیار، ۹۱:۲۰۲۱). ئەم لێکۆڵەرە نووسیویەتی: « نووسەرانی سەردەست و سەربە دەسەڵات بە شێوەیەکی دیکە چالاک بوون. ئەویش لە سڕینەوەی شوناسی ڕاستینی کولتووری و زمانیی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا و بە تورک کردنی سەراپای ئەو پارێزگایە لە ڕێگای ئەو زانیارییانەوە کە لەو کتێبەدا هاتوون» (سەرچاوەی پێشوو، ۹۱). لەگەڵ ئەوەی قوتابییان، تەنیا بە یەک زمان مافی خوێندنیان هەیە و ناتوانن بە زمانی دایکیان - ئەگەر زمانەکەیان فارسی نەبێت – بخوێنن؛ هەروەها وێڕای ئەوە کە تەنیا یەک ئایین(ئایینی ئیسلام) و یەک مەزهەب، ئەویش مەزهەبی شیعە، لە ئێرانی فرەئایینداا ڕەسمییەتیان هەیە، بەهۆی بابەتە دەرسییەکان داوایان لێکراوە تەنیا گرنگی بە ناسنامەی ئێرانی-ئیسلامیی خۆیان بدەن و بایەخ بە «ناسنامەی قەومی»ی خۆیان نەدەن: «ئێمە موسوڵمانان برا و یەکسانین، زار یا زمان، ناوچە، ڕەگەز و ڕەنگی پێست ناتوانێت ئێمە لێک جیابکاتەوە (کتێبی فارسیی سااڵی سێیەمی سەرەتایی، لاپەرە ۸۸). وەک لێکۆڵەر «یاوەری» ئاماژەی پێکردووە، باسکردن لە ناسنامەی قەومی بە هەوڵدان بۆ تێکدانی یەکێتیی دانیشتووانی وڵات لێک دەدرێتەوە: «هەر کەسێک هەوڵ بدات بە پشتبەستن بە بەستراوەیی قەومی، ئەم یەکیەتییە لەنێو ببات، جگە لەوەی لە ڕوانگەی خەڵکەوە وەک خائین چاوی لێدەکرێت، بەڵکو بە خەیانەت بە ئیسلامیش تاوانبار دەکرێت. باسکردن لە ناسنامەی قەومی تەنیا لە بازنەی ناسنامەی ئیسلامی-نەتەوەییدا ڕێگاپێدراوە» (یاوەری،۱۰۳:۱۳۹۵). ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی ئێرانی-

ئیسلامی لەلایەک هەڵاوردنی ئایینی و مەزهەبی، زمانی و ڕەگەزیی کردووە بە قانوونی، لەلایەکی دیکەوە داواکارە کەس دژی ئەم هەڵاوردنانە نارەزایەتیی دەرنەبڕێت بۆ ئەوەی یەکگرتوویی و برایەتیی نێوان «نەتەوەی موسوڵمانی ئێران»، درزی تێنەکەوێت. ئاکامێک کە لە کۆی ناوەڕۆکی ڕەخنەگرانەی لێکۆڵینەوەکان پێی دەگەین، ئەوەیە سیستەمی پەروەردەی ئێران هەروا کە لەسەر زمانی فارسی پاوان کراوە و زمانەکانی دیکەی دەرهاویشتووە، کتێبە دەرسییەکانیشی بۆ نیشاندانی ڕوالەتی یەک نەتەوە لە خەڵکی ئێران و جێگیرکردنی ناسنامەی ئێرانی لەژێر ناوی «ناسنامەی نەتەوەیی» لە مێشکی مامۆستا و قوتابی و خوێندکار بەکار دێنێت.

٣-٧-٢- فرەچەشنیی کولتووری بە مەرجی نەڕووشانی زمانی فارسی

ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوە زمانییەکانی ئێران وێڕای داننان بە هەستکردنی پێکهاتە نافارسەکان بە ستەم و هەڵاوردنی زمانی و ئاماژە بە نارازیبوونیان لە سیاسەتی تاکزمانی، ڕەخنە و پێشنیازیشیان بۆ نەهێشتنی هەڵاوردنەکان و ئاوڕدانەوە لەو زمانانە خستووەتە ڕوو، بەڵام بە دوو هۆ نەیانویستووە یا نەیانتوانیوە ڕەخنەیەکی بنەڕەتی و بنیاتنەر بخەنە ڕوو. هۆی یەکەم ئەوەیە کە زۆربەیان بۆخۆشیان لەپێوەندی لەگەڵ نەتەوە و زماندا خاوەن هەمان ئایدۆلۆژیا و ڕوانینی حکومەتین، تەنانەت ئەو کاتەش کە ویستوویانە داکۆکی لەو پێکهاتانە و زمانی ئەوان بکەن، هەر بەو تێرمە (قەوم و زمانی قەومی و... هتد) ناویان هێناون. سروشتییە کە داکۆکییان لەو پێکهاتانە و زمانەکانیان و باسکردن لە کێشە و داواکانیشیان لە باشترین حاڵەتدا لەگوێن جۆری ڕوانینیان بۆ ئەو پێکهاتانە و زمانەکانیان دەبن. هۆی دووەم، خۆسانسۆرکردن و خۆپارێزی سەبارەت بە لێکەوتەکانی ڕەخنەگرتن و دژایەتیی سیاسەتی زمانی و کولتووریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. لێکۆڵەر «نازمی» وێڕای ئاماژەدان بە هەستیاربوونی پێکهاتە نافارسەکان لەئاست زمانی خۆیان، دانی بە نارازیبوونیان لە هەڵاوردنی ئێتنیکی، ئایینی و زمانیدا ناوە و نووسیوێتی: «سەقامگیریی کۆمەڵی ئێرانی لە سەرووی سیاسەتەکانی دەوڵەت-نەتەوەسازی، بە سەرکوتی زمانە قەومییەکان گرێ دراوە. پێگەیشتووییی کۆمەڵی ئێرانی گەیشتووەتە سنوورێک کە زمانە قەومییەکان نەک وەک هەڕەشەیەک، بەڵکو وەک زەرفییەتی نەتەوەیی بۆ بڕەوپێدانی ڤێکهەڵکردن چاویان لێبکرێت... زمانی دایک و زمانی قەومی وەک یەکێک لە مافەکانی هاووڵاتیی ئێرانی ڕێزیان بۆ دابنرێت» (نازمی،١٣٩٧:٢٤٨). نموونەیەکی دیکەی داواکردنی جۆرێک ئاوردانەوەی ئەرێنی لە پێکهاتە نافارسەکانی ئێران و پێویستیی چاوخشاندنەوە بە سیاسەت و پلاندانانی زمانییی ئێران لە لێکۆڵینەوەی «داوەری»دا دەخوێنینەوە: «بە چاوی کێشە و گرفت سەیر نەکردنی زمانە خۆجێییەکان و ئاوردانەوە لەوان نەک هەروەک سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە زمانییەکان، بەڵکو بۆ بایەخپێدانیان وەک مافێک، دەتوانێت ئاراستەیەکی گونجاوی لێبکەوێتەوە (داوەری،١٣٩٩:٣٠).

لێکۆڵینەوەی «ساڵحیی ئەمیری»یش لەژێر ناوی» انسجام ملی و تنوع فرهنگی» نموونەیەکی دیکە لەم جۆرە ڕوانینەیە. لێکۆڵەر پێی وایە ئێران هەر لە کۆنەوە ئیمپراتۆرییەکی چەندقەومی بووە، قەومەکان خاوەنی زمانی خۆیانن: «تێگەیشتن لە جێگە و بایەخی هەر زمانێک گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە زمانی هەر قەومێک لەگەڵ ڕۆح و ڕەوانی ئەو قەومە پێوەندیی هەیە و هەرچەشنە لەبەرچاو نەگرتنی ئەو بنەمایە لەڕاستیدا پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی ئەو قەومە و زەبروەشاندن لە پەیکەرەی شارستانیەتی مرۆڤایەتییە»(صالحی امیری،۱۳۸۸: ۳۲۷)، بەڵام هەر ئەو لێکۆڵەرە کاتێک بەنیازی بەهێزکردنی یەکگرتوویی نەتەوەیی و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دوژمنانی بیانیی ئەو یەکگرتوویییە، پێشنیازی فێرکردن و داهێنان و لێکۆڵینەوە بە زمانە نافارسییەکان دەکات، دەستبەجێ بەو مەرجە دەیانبەستێتەوە کە «نابێت زمانی فارسی وەک هێمای یەکگرتوویی نەتەوەیی تووشی هیچ چەشنە ڕووشانێک بکەن»(سەرچاوەی پێشوو: ۳۲۸). مودەرەسی، لێکۆڵەرێکی دیکەی ئێرانییە، هەوڵی داوە مۆدێلەکانی چارەسەرکردنی پرسی زمانی بێلایەنانە باس بکات و بیاناسێنێت. ئەم لێکۆڵەرە دانی بەمەشدا ناوە کە «مۆدێلی یەک وڵات- یەک قەوم و یەک زمان، زیاتر حاڵەتێکی ڕیزپەڕە تا گشتی؛ مۆدێلی باو لە جیهان نەک یەکێتی و یەکپارچەیی، زیاتر جیاوازی و جۆراوجۆریی- زمانی قەومییە»(مودەرەسی،۱۳۸٤:۸). بە بۆچوونی مودەرەسی: «بەفەرمی ناسینی مافە زمانییەکانی کەمایەتییەکان و فرەچەشنیی زمانی – کولتووری لە کۆمەڵدا دەتوانێت جۆرێک پاراستنی ناسنامەی ئێتنیکی و خۆجێیی کەمایەتییەکانی لێبکەوێتەوە.» هەروەها لەم باوەڕەدایە کە: «گرووپە قەومی و زمانییە جۆراوجۆرەکان بە هەبوونی مافە زمانی و قەومییەکانیان دەتوانن شانبەشانی یەکتر و لە چوارچێوەی وڵاتێکدا پێکەوە بژین»؛ کەچی دەستبەجێ زیان و مەترسییەکانی گرتنەبەری ئەم جۆرە چارەسەرکردنە لە ڕوانگەی «زۆرایەتی»ی خوازیاری «یەک وڵات - یەک زمان» وەبیر دێنێتەوە : «بەڵام لە ڕوانگەی زۆرایەتییەوە، یەکێتیخوازی بۆ پاراستنی کیانی وڵاتێک گرنگترین شتە و ئەم ڕێگاچارەیە زیانبارە و لەوانەیە یەکگرتوویی نەتەوەیی بخاتە مەترسی»(سەرچاوەی پێشوو:۱۳٦و۱۳٤).

۳-۷-۳-لاوازیی ڕەخنەی لێکۆڵەران لە سیاسەتی زمانیی ئێران

ڕەخنەیەک کە دەکرێت ڕووبەڕووی ڕەخنەگرتنی ئەم جۆرە لێکۆڵەرانەی بکەینەوە ئەمەیە کە ناکرێت لە لایەک باسی باشی و پێویستیی فرەچەشنیی زمانی و کولتووری بکەن، لەلایەکی دیکە بە ناوی نیگەرانی لە ڕووشانی زمانی فارسی و یەکگرتوویی نەتەوەیی، خۆ لە پشتیوانیی ڕاشکاوانە و بوێرانەی مافە زمانییەکانی هاونیشتمانە نافارسەکانتان بدزنەوە. فرەچەشنیی زمانی- کولتووری، بە واتای بەفەرمی ناسینی جیاوازیی پێکهاتەکان و قبوڵی پێکهاتە جیاوازەکان، بە واتای قەبوڵکردنی کولتووری جۆراوجۆرەکان و پێکهێنانی هەلومەرجی پاراستن و مانەوەیان و ڕێگریکردن لە پاوانکردنی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی

لەلایەن نەتەوەیەک، ناسنامەیەک، زمانێک و کولتوورێکە. لەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەگرانانەدا، داوای بەفەرمی ناسینی زمانە نافارسییەکان و بەکارهێنانیان لە پەروەردەدا لەلایەن دەسەڵات و یاسای وڵاتەوە بەدی ناکرێت؛ ڕێکارگەلێک کە پاراستن و مانەوەی ئەو زمانانەی لێبکەوێتەوە یان ناخرێنە ڕوو یان لەوە بچووکترن کە دەرەقەتی ئەم چاوەڕوانییە بێن. لێکۆڵەرانی ڕەخنەگر، خۆ لە ئەرکدارکردنی فەرهەنگستانی وڵات بە پاراستن و خزمەتی ئەو زمانانە دەپارێزن؛ یان هەر بەوەندە دەرفەتەی هەتا ئێستا پێیان دراوە، وەک بەکارهاتنیان لە کەناڵە تەلەڤیزیۆنی و ڕادیۆییەکانی پارێزگاکان و بڵاوبوونەوەی هێندێک گۆڤار بەو زمانانە، قەناعەت دەکەن، بەڵام وەک لێکۆڵەر حەقمرادی بە دروستی ئاماژەی پێداوە: «تەرخانکردنی خوێندنی دڵخوازانەی وانەیەک لەبارەی ئەدەبیاتی ئەو زمانانە، یان ڕێگاپێدرانی گۆڤار یا ڕاگەیەنێک بەو زمانانە، بە هیچ جۆر بۆشایی نەبوونی پەروەردە بەو زمانانە پڕ ناکاتەوە» (حەقمرادی، ٢٠١٦). ئاشکرایە «بە چاوی کێشە سەیرنەکردن» لەو زمانانە و «ئاوڕلێدانەوەیان»، پێویستی بە گۆڕانی سیاسەتی زمانی و دەستهەڵگرتن لە ئایدۆلۆژیای تاکزمانی و بە فەرمی ناسینیان بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا و گرتنەبەری سیاسەتی نوێ و دانانی پلان و میکانیزمی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی هەیە، بەڵام ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بەو هۆیەوە کە نایانهەوێت یان ناوێرن لە بازنەی سیاسەتی تاکزمانیی دەسەڵات دەربچن، خۆ لە هێنانەگۆڕی ڕەخنە و پێشنیازی جەوهەری و بنەڕەتی نادەن.

لەپێوەندی لەگەڵ ڕەخنەی لێکۆڵەران لە سیاسەتی زمانیی ئێستای ئێران، ڕاستییەکی دیکە هەیە کە لێرەدا جێگەی ئاماژەپێدانە. جۆری ڕوانین و ڕەخنەگرتن و ئاکامەرگرتنی لێکۆڵەران بەگوێرەی پێگەی ئەوان و بەستراوەییان بە ناوچە و ناسنامە و زمانێکی تایبەت، جیاوازیی هەیە. ئەو کاتەی لێکۆڵەرِیان گرووپی لێکۆڵەران لە نەتەوەی فارس، یان لە بەڕێوەبەران و بەرپرسانی ناوەندە لێکۆڵینەوەییەکانی سەربە حکومەتن، پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی کولتووری و زمانی بەزۆری بە ئامانجی پاساودانی سیاسەتی فەرمی دەخەنە ڕوو، ئەنجامەکانیشیان لەسەریەک بۆ پشتگیری لەو سیاسەتانەن، بەڵام لەو لێکۆڵینەوانەدا کە لێکۆڵەر یان گرووپی لێکۆڵەران، سەربە نەتەوە بندەستەکان و زمانە نافارسییەکانی ئێرانن، ڕەخنەکانیان لە سیاسەتی زمانی و کولتووریی ئێران و ئاماژەکردنیان بە هەڵاوردنەکان و پەراوێزخستنی زمانەکان ڕاشکاواتر و تەنانەت ڕادیکاڵترن؛ پێشنیاز و ئەنجامەکانیشیان لە واقیعی کۆمەڵی ئێران و ویستی خەڵک نزیکترن. لەگەڵ ئەمەشدا ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕەخنە و پێشنیازەکان، تەنانەت بەو ڕەخنانەشەوە کە ڕادیکاڵ و ڕاشکاوترن، لانی کەمی چاوەڕوانیی دژبەرانی سیاسەتی تاکزمانیی کۆماری ئیسلامییان گرتووەتە خۆ. بەو حاڵەش هەتا ئێستاش هیچ نیشانەیەک لە کاریگەریی ئەو ڕەخنانە لەسەر ڕەوانگەی دەسەڵات بەدی ناکرێت. لێدوانی ناوبەناوی کاربەدەستانی پایەبەرزی وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پەروەردە، فەرهەنگستانی زمانی فارسی و ناوەندە کولتووریییەکانی کۆماری ئیسلامی، پێداگریی ئەوان لەسەر سیاسەتی تا ئێستایانی پشتڕاست کردووەتەوە.

۳-۸-پوختەی ئەم بەشە

-ئایدۆلۆژیا و گوتاری زاڵ بەسەر زۆربەی لێکۆڵینەوە زمانییەکانی نێوخۆی ئێراندا، ئایدۆلۆژیا و گوتاری»یەک نەتەوە- یەک زمان»ە. زمانی فارسی کۆڵەکەی هەرەگرنگی «ناسنامەی نەتەوەیی» واتە ئێرانیبوونە. ڕوانگەی دەوڵەت- نەتەوەی ئێران بە تایبەتی لە بواری سیاسەت و پلاندانانی زمانی، هەر لە کۆتاییی تەمەنی ڕژێمی قاجارەکانەوە هەتا ئێستا، ئەگەر بە گوێرەی سەردەمەکان لە هێندێک بارەوە گۆڕاو و جیاوازییشی بەخۆوە دیتبێت، بەڵام لە هەمووانیاندا زمانی فارسی وەک فاکتەرێ بنەڕەتیی ناسنامەی نەتەوەیی و ئێرانیبوون و وەک هۆکاری یەکگرتوویی دانیشتووانی وڵات، سەیری کراوە.

- بەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەم ناسنامەیە، جگە لە «ئێرانی» و «ئێرانیبوون»، توخمێکی تریشی پێوە زیاد بووە کە ئیسلامییوون و شیعەبوونە. لە ڕژێمی پەهلەویدا لایەنی کۆنینە و لەمێژینەبوونی ناسنامەی ئێران بەرجەستە دەکرایەوە، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا، ئەم ناسنامەیە لەگەڵ ئیسلامییوون موتوربە کراوە. لێکۆڵینەوەکانی نزیک لە ڕوانگەی دەوڵەت -نەتەوەی ئێران، زمانی فارسی وەک دووەم زمان بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلام (دوای زمانی عەرەبی)، زمانی هاوبەشی ئێرانی ئیسلامی و زمانی پێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی جێگیر لە قەلەمڕەوی مێژوویی ئێران، دەناسێنن.

-لەگەڵ ئەوەی لە دەستووری ئێراندا، زمانە نافارسییەکانی وڵات وەک زمانی خۆجێیی و قەومی ناویان هاتووە و گوتراوە خوێندنی ئەدەبیاتیان لە قوتابخانە و بەکارهێنانیان لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا ئازادە، بەڵام هەتا ئێستاش پەروەردە بەو زمانانە ڕێگای پێنەدراوە. ئەو لێکۆڵینەوانەی لێکۆڵەران و دەزگاکانی سەربە حکومەت و ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی لەپشتیانن، بەتوندی داکۆکی لە پەروەردەی تاکزمانی دەکەن و بەفەرمی ناسین و ڕێگاپێدانی پەروەردە بە زمانەکانی دیکە بە مەترسی دەزانن. لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا، ئەگەر باس لە پێویستیی پاراستنی زمانە نافارسییەکانی ئێرانیش دەکرێت، بەو دیدەوە باسی دەکرێت کە ئەم زمانانە سەرچاوەی دەوڵەمەندیی زمان و ئەدەبیاتی فارسین و دەبێت بۆ خزمەتکردنی زمانی فارسی بپارێزرین.

-ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و سیاسەتی زمانی لە ئێران بەم هۆیەوە کە لەگەڵ واقیعی فرەنەتەوە و فرەزمانبوونی ئەو وڵاتە ناتەبان، لەگەڵ بەرهەڵستی پێکهاتە نافارسەکانی ئێران ڕووبەڕوون. خودی ئەم ئایدۆلۆژیا و سیاسەتە، خوڵقێنەر و ڕێخۆشکەرن بۆ ئەوەی باس لە فرەیی نەتەوەیی و زمانی لە ئێران و داکۆکی لە بەفەرمیناسینیان بچێتە چوارچێوەی سیاسی

و، ڕاستەوخۆ بە ئاسایشی نەتەوەیی گرێ بدرێتەوە. وەستانەوە بەرانبەر گوتاری یەک نەتەوە-یەک زمان و بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی لە بەرانبەر مۆنۆپۆلکرانی پەروەردە بەهۆی زمانی فارسی، لەلایەن دەزگا و ناوەندە فەرمییەکان و ڕۆشنبیران و لێکۆڵەرانیان، بە دژایەتی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ تێکدانی یەکێتیی نەتەوەیی و یەکپارچەیی وڵات لێک دەدرێتەوە.

-سەرەڕای ئەوەی فرەزمان و فرەنەتەوە بوونی پێکهاتەی دانیشتووانی ئێران لە ڕوانگەیەکی ئەمنییەوە سەیری دەکرێت و ئەژمارێکی زۆر لە لێکۆڵینەوەکان ئەم ڕوانگەیە بەسەریاندا زاڵە، ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی زمانیی کۆماری ئیسلامی، تیشک خستنە سەر ڕەهەندە زیانبارەکانی زاڵبوونی تاکزمانی لە پەروەردەی وڵاتدا، داکۆکیکردن لە فرەچەشنیی زمانی و مافە زمانییەکان لە بواری جۆراوجۆردا، هەروەها دەستنیشانکردنی خەسارە سیاسییەکانی پشتگوێخستن و دژایەتیکردنی ناسنامە ئێتنیکییەکان لەلایەن دامودەزگای دەوڵەتی، بوون بە بابەتی سەرەکیی دەیان لێکۆڵینەوە. لێکۆڵەرانێک کە بەزۆری سەربە زمان و ناسنامە نافارسییەکان و هەڵگری باوەڕ و ڕوانگەی مرۆڤدۆستانەن، توانیویانە پانتاییی لێکۆڵینەوەی زمانی لە پاوانی ڕوانگەی دەوڵەتی دەربێنن. ئەمە گۆڕانێکی گرنگە و لە درێژخایەندا، دەتوانێت ڕێخۆشکەر و یارمەتیدەری هاتنەکایەی سیاسەت و ڕوانینێکی نوێ بۆ پرسی زمان و ناسنامە لە ئێران بێت.

بەشی چوارەم

ڕێبازی لێکۆڵینەوە و مێتۆدۆلۆژی

٤-١- خستنەڕووی کێشەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە وڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە کە لە داهاتووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەبێت چ سیاسەتێکی زمانی پەیڕەو بکرێت کە هەم لەگەڵ واقیعی فرە نەتەوەیی و فرەزمانبوونی دانیشتووانی وڵاتی ئێراندا بگونجێت، هەم لەگەڵ خواست و مافە نەتەوەییەکانی دانیشتووانی ئەو بەشەی کوردستان یەک بگرێتەوە ؟ هەروەها پلانێکی زمانیی گونجاو بۆ هێنانەدی و جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە زمانییە، دەبێت چۆن بێت؟ دەکرێت بگوترێت کە ئەمە یەکەم لێکۆڵینەوەیە کە بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە ڕاپرسی و وتووێژ لەگەڵ بژاردەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەکات بۆ ئەوە بزانێت ڕا و بۆچوونی ئەوان سەبارەت بەم بابەتە گرینگە چییە. بۆچوونی ئەو بژاردانە بە چەند هۆوە زۆر گرینگە: زۆربەیان سەرەڕای هەر کار و پیشەیەکی هەیانە، بە چالاکی بواری زمان دەژمێردرێن، چونکە بە شێوەیەکی ڕۆژانە و بەردەوام لە نووسین و ئاخاوتندا زمانی کوردی بەکار دێنن، بۆ وێنە کاری وەرگێڕانی پێدەکەن، بابەتی جۆراوجۆر(ئەدەبی، ڕۆژنامەنووسی، هونەری، هزری و زانستی)ی پێدەنووسن، فەرهەنگی زمانی کوردی ئامادە دەکەن، پەروەردەکارن و لە قوتابخانە و زانکۆ مامۆستان و لەگەڵ کێشە و گرفتی منداڵانی جووتزمان لە قوتابخانە و پەروەردەدا ئاشنان؛ لەگەڵ خوێندکاران و مامۆستایانی سەربە نەتەوە و زمانەکانی دیکەی ئێران لە زانکۆکان تێکەڵاو بوون و لە دید و بۆچوونی ئەوان لەبارەی سیاسەتی زمانیی ئێران ئاگادارن؛ لەسەر پرس و بابەتەکانی گرنگیی بەکارهاتنی زمان لە پەروەردە، میدیا و سۆشیال میدیادا، خوێندنەوە و بەدواداچوونیان هەیە. ژمارەیەکی بەرچاویان هەڤپەیڤین و لێدوان و وتار و نووسینی تایبەتیان لەسەر زمانی کوردی، پەروەردە بە زمانی دایک، سیاسەتی زمانی لە ئێران و...هتد هەیە. لەهەمان کاتیشدا سەر بە ناوچە و پارێزگا و زاری جیاوازن و ڕەنگدانەوەی ویست و بۆچوونی زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانن. لەم بەشەدا، دوو لایەنی ئەم لێکۆڵینەوەیە شی دەکەمەوە: ١- ڕاپرسی و وتووێژ لەگەڵ کێ کراوە و چۆن کراوە؛ ٢- ئاکامی ڕاپرسی و وتووێژەکان چۆن شی کراونەتەوە.

٤-٢-شێوازی کۆکردنەوەی داتا

پرسی پەروەردە بە زمانی دایک لە ئێران هەم لایەنی نەتەوەیی و مافخوازانەی هەیە و هەم لایەنی ڕەخنەگرانەی ڕوو بە دەسەڵاتی ئێران، بۆیە لێدوان لەم پێوەندییەدا بۆ

پرسیارلێکراوان لە ڕووی سیاسی و ئەمنییەوە هەستیاریی تایبەت بەخۆی هەبووە. هەروەها کۆمەڵی بەرتوێژ (توێژینەوە لەسەرکراو) لەم لێکۆڵینەوەیەدا نیشانیان داوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بووە. لەلایەکی دیکەوە لێکۆڵەر بە هۆکاری سیاسی و ئەمنی ڕێگای چاوپێکەوتنی مەیدانی و ڕووبەڕوو لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ ئەو کەسانەی نەبووە. چاوپێکەوتنی دوور و درێژی دەنگی و ڤیدیۆییش ئەگەری کێشە دروستکردن بۆ کەسەکانی بەدواوە دەبوو، هەربۆیە بۆ ڕەچاوکردنی بارودۆخی پرسیارلێکراوان ناردنی پرسیارنامە بۆیان و وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکان بە نووسین-زۆربەشیان لەڕێگای کەسێکی ناسیاو و متمانەپێکراویانەوە - بە گونجاوترین ڕێگا زانراوە.

٤-٢-١- چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی پرسیارلێکراوان

پرسیارلێکراوان بۆ وتووێژ بە دوو ڕێگا دەستنیشان کران. ژمارەیەکیان بۆ لێکۆڵەر ناسراو بوون، لەبەر ئەوەی خاوەنی کتێب، نووسین، وەرگێڕان و چالاکیی جۆراوجۆر لە بوارەکانی پێوەندیدار بەم تێزەوە بوون و کەم و زۆر بەهۆی بەرهەمەکانیان و لێدوان و چالاکییەکانیانەوە ناسرابوون. ژمارەیەکیشیان بە سوودوەرگرتن لە شێوازی «تۆپەڵە بەفر» دۆزرانەوە.[1] بەم جۆرە لێکۆڵەر بە یارمەتیی ئەو کەسانەی لە سەرەتاوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پێوەندیی پێوە کردبوون، کەسانی دیکەی گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی لە شار و ناوچە و پارێزگای خۆیان یان لە پارێزگاکانی دیکەی ناسی و لە ڕێگای کەسانی جێی متمانە پێوەندیی لەگەڵ دامەزراندن. ئەم شێوازەی دۆزینەوەی کەسەکان هەتا ئەو کاتەی سەرجەم پارێزگا و زۆربەی شار و زارەکانی زمانی کوردی لە ئێرانی گرتەوە درێژەی پێدرا، بەڵام بەو هۆیەوە کە چەندین کەسی دەستنیشانکراو لە ئاکامی ترس و نیگەرانی لە لێپرسینەوەی کاربەدەستانی حکومەتی لە وەڵامدانەوە خۆیان بوارد و داوای لێبوواردنیان کرد، لێکۆڵەر بە ڕەزامەندیی هەر دوو سەرپەرستی تێزەکەی پێوەندیی بە چەندین کەسی گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لەنێو کورده ڕۆژهەڵاتییەکانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات گرت.

٤-٢-٢-پێکهاتەی پرسیارلێکراوان

ئەو کەسانەی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارنامەی تایبەت بەم تێزە دەستنیشان کراون، زۆربەیان بە چالاکانی ناسراوی بواری زمان و کولتوور و پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراون و شارەزایی و ئەزموونیان لەسەر هەر سێ یان یەکێک لەم سێ بواره: ١-سیستەمی پەروەردە لە ئێران، ٢- سیاسەتی زمانی لەو وڵاتە و ٣-بارودۆخی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١- "دیاریکردنی نموونەکان بە شێوەی «تۆپەڵەبەفر» شێوەیەکی ئامانجداری ناسراو و باوە کە بریتییە لە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی نموونەکانی دواتر بەسوود وەرگرتن لە ناسیاوی و زانیاریی بەشداربووەکانی پێشتر. ئەم تاکتیکەی دۆزینەوەی نموونەکان، شێوەیەکی گونجاوە بۆ دەستنیشانکردنی نموونەگەلی ئاگادار و پڕزانیاری»(محمدپور،٢٠٢١:٣٦٩).

هەبووە. بەرتوێژەکان کە لەم تێزەدا وەک پرسیارلێکراوان ناویان هاتووە، بریتی بوون لە پەنجا و یەک کەس (١٥ ژن و ٣٦ پیاو). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە «خشتەی زانیاری لەبارەی پێکهاتەی پرسیارلێکراوان»(خشتەی ژمارە١). ئەم ژمارەیە هیی حەوت پارێزگا(ئیلام، کرماشان، کوردستان، ئازەربایجانی ڕۆژاوا، لوڕستان، خۆراسانی ڕەزەوی و قەزوین) و بیست و پێنج شار و ناوچەی جیاواز بوون. (٢٧)کەسیان هیی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بوون. (٩) کەسیان نیشتەجێی هەرێمی کوردستان و (١٥)کەسیان دانیشتووی دەرەوەی وڵات(ئوروپا و ئەمریکا)ن.

دابەشکراویی کەسەکان بەسەر زارەکانی زمانی کوردیدا بەم جۆرە بوو: لوڕ (١) کەس، هەورامی (٣) کەس، کەڵهوڕی (٢) کەس، ئەردەڵانی (٢) کەس، لەک (١) کەس، فەیلی(٢) کەس، کرمانجیی سەروو(٥) کەس، کوردیی نێوەڕاست (سۆرانی، جافی، موکریانی، لەیلاخی)(٣٣) کەس، دووڕەگە(نیوە تورک، نیوە کورد)(٢) کەس. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی «ژینگەی لەدایکبوون و زاری ئاخاوتنی پرسیارلێکراوان» (خشتەی ژمارە ٢).

پرسیارلێکراوان خاوەن پسپۆریی جیاواز بوون. لەباری ئاستی خوێندەواری و بڕوانامەی زانستی لە (١١) دکتۆرا، (١٢)ماجستێر، (١٧) بەکالۆریۆس، (٥) دیپلۆمی باڵا و (٦) دیپلۆم پێک هاتبوون. ئەم جۆراوجۆرییەی پرسیارلێکراوان لە ڕووی زاری ئاخاوتن و شار و ناوچەکانی ژیانیان بە تایبەتی لەم بارەیەوە پێویست و گرنگ بوو، چونکە لێکۆڵەر ویستوویەتی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردانی ئێران لە ڕوانین و بۆچوونی نموونەکان لەبارەی سیاسەتی زمانی لە ئێران، پەروەردە بە زمانی دایک، زمانی پەروەردە لە کوردستان، پرسی زمانی ستاندارد، دۆخی زمان لە شار و ناوچە تێکەڵاوەکان، چەند زمانی لە پەروەردەدا و ...هتد ئاگادار بێت. ئەگەرچی ئەزموون و شارەزاییی پرسیارلێکراوان لە سێ بواری ئاماژەپێکراودا بۆ بەشداری لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەک مەرج لەبەرچاو گیراوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئاگاداربوون لە جۆراوجۆریی پسپۆری و بوارەکانی خوێندنی پرسیارلێکراوان لەجێی خۆیدایە، بۆ زانیاریی زیاتر لەم پێوەندییەدا بڕوانە (خشتەی ژمارە ٣).

ژمارەی پرسیارلێکراوان	**٥١** کەس		پێکهاتەی بەشداربووان				
	ژن: **١٥**	پیاو: **٣٦**					
ڕادەی زانیووی پرسیارلێکراوان بە سەر زارە کوردییەکاندا	چوار زار: ٤ کەس	سێ زار: **١٠** کەس	هەموو زارەکان (بێجگە لە زازاکی): **١**کەس	تەنیا زارێک: **٢٥ کەس**	جگە لە ئاخاوتنی خۆیان هیچ زارێک نازانن(*) : **١١کەس**	(*) ئەم ١١ کەسە پرسیارەکەیان بێ وەڵام هێشتووەتەوە.	
زانیووی پرسیارلێکراوان بەسەر زمانەکانی دیکەدا	ئەوانەی جگە لە زمانی خۆیان، پێنج زمانی دیکە دەزانن: **٣ کەس**	ئەوانەی جگە لە زمانی خۆیان، چوار زمانی دیکە دەزانن: **٤ کەس**	ئەوانەی جگە لە زمانی خۆیان، سێ زمانی دیکە دەزانن: **١٤ کەس**	ئەوانەی جگە لە زمانی خۆیان، دوو زمانی دیکە دەزانن: **٢٠کەس**	ئەوانەی جگە لە زمانی خۆیان، یەک زمانی دیکە دەزانن: **١٠ کەس**		
شوێنی ژیانی ئێستای پرسیارلێکراوان	وڵاتانی دەرەوە: **١٥ کەس**	هەرێمی کوردستان: **٩ کەس**	نیوخۆی ئێران: **٢٧ کەس**				
زمانی سەرەکیی پەروەردەی پرسیارلێکراوان	لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی	**٤٩ کەس:** فارسی*	**٢کەس:** کوردی**	* لە ئێران خوێندوویانە. ** لە باشووری کوردستان خوێندوویانە.			
تاستی تەمەنی پرسیارلێکراوان	١٩-٣٥ سال: ٤ کەس	٣٦-٥٠ سال: **٢١کەس**	٥١-٦٥سال: **٢٠کەس**	٦٦-٧٥ سال: **١کەس**			

خشتەی ژمارە (١) زانیاری لەبارەی پێکهاتەی بەشداربووان

ژ	ناوی پاریزگاکان	شار و ناوچەکان	ژمارە پرسیارلێکراوان	پێکهاتەی پرسیارلێکراوان بەپێی زار و شێوەزاری ئاخاوتن	
1	**پاریزگای ئیلام**	شاری ئیلام	**(٢) کەس**	لوڕی	**١ کەس**
2	**پاریزگای سنە(کوردستان)**	سەقز: ٣، بگاگا: ١، دیواندەرە: ١، قوروە: ١، بۆڵواناوا: ١، بانە: ٢، سنە:٢	**(١١) کەس**	هەورامی	**٣ کەس**
3	**پاریزگای کرماشان**	جوانڕۆ: ٢، سەرپێڵی زەهاو: ٢، پاوە: ٣، کرماشان: ٢، گەیلان: ١، ئیسلام ئاباد: ١	**(١١) کەس**	کەڵهوڕی	**٣ کەس**
4	**پاریزگای ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)**	پیرانشار: ٣، مەهاباد: ٥، ورمێ و دەوروبەر: ٤، شنۆ: ٥، میاندواو: ١، نەغەدە: ١، بۆکان: ٤، سەردەشت: ١	**(٢٤) کەس**	ئەردەڵانی	**٢ کەس**
5	**پاریزگای قەزوین**	تارمی خواروو (تارم سفلی)	**(١) کەس**	لەک	**١ کەس**
6	**پاریزگای خۆراسانی ڕەزەوی**	مەشهەد	**(١) کەس**	فەیلی	**٢کەس**
7	**پاریزگای لورستان**	–	**(١) کەس**	کورمانجیی سەروو	**٥ کەس**
	–	–	-	جووتزمان(کورد و تورک)	**٢ کەس**
	–	–	-	کوردیی نیوەڕاست	**٣٢ کەس**

(خشتەی ژمارە ٢) ناوچەی لەدایکبوون و زاری ئاخاوتنی پرسیارلێکراوان

پلەی خوێندەواریی پرسیارلێکراوان			پسپۆری و بوارەکانی خوێندن	
دکتۆرا	١١ کەس		**زمان و وەرگێران:** زمانەوانی/زمانی کوردی/ وەرگێرانی زمانی فەرانسەیی/ زمانی ئینگلیزی/ مۆرفۆلۆژی/ زمان و ئەدەبیاتی فارسی/ زمانی ئینگلیزی/ زمانناسی/ وەرگێرانی زمانی ئینگلیزی/ زمان و ئەدەبیاتی کوردی/ فەرهەنگنووسی/ وەرگێران.	(١٢) کەس
ماستەر	١٢ کەس		**پەروەردە، کۆمەڵناسی و دەروونناسی:** دەروونزانیی پەروەردەیی/ پەیرە و پڕۆگرامی دەرسی/ فەلسەفەی پەروەردە/ پەروەردە و بارهێنان/ مامۆستایەتی/ پەروەردەی کۆمەڵایەتی/کۆمەڵناسی/ دەروونزانی/ دەروونزانیی پەروەردەیی.	(١٢) کەس
بەکالۆریۆس	١٧ کەس		**ئەدەبیات، هونەر و ڕۆژنامەنووسی:** ئەدەبیات/ ئەدەبیات و میژووی هزر/ ئەدەبیاتی فارسی/ سینەما/ ڕۆژنامەنووسی.	(١٠) کەس
دیپلۆمی باڵا	٥ کەس		**میژوو، یاسا و زانستە کۆمەڵایەتییەکان:** زانستە ئایینییەکان/ زانستە سیاسییەکان/ فەلسەفەی زانست/ یاسا/ یاسای نێودەوڵەتی/ شوێنەوارناسی/ میژووی هاوچەرخی ئێران.	(٨) کەس
دیپلۆم	٦ کەس		**زانستی و فەنی:** فیزیک/ کامپیوتەر/ بایۆلۆژی/ ئایتی/ پزیشکی	(٥) کەس
			ئەندازیاری ، بەرێوەبەرێتی و بازرگانی: بیناسازی/ ئەندازیاریی ڕێگە وبان/بەرێوەبەرێتی.	(٤) کەس

(خشتەی ژمارە ٣) بڕوانامە، پسپۆری و بواری خوێندنی پرسیارلێکراوان

٤-٢-٣-جۆری پرسیارەکان

پرسیارەکان کە بە ڕوانگەی «لێکۆڵینەوەی چۆنێتی» ئامادە کرابوون، بۆ هەموو پرسیارلێکراوان وەکو یەک بوون. سەرجەم یازدە پرسیار لە دووتوێی پرسیارنامەیەکدا بە یەکێک لە دوو زمانی کوردی و فارسی (بەپێی ویستی بەشداربوو) بۆ هەموو پرسیارلێکراوان نێردراوە. هێندێک لە پرسیارەکان دوو لق یا زیاتریان هەبوو. پرسیارلێکراوان سەربەست بوون لەوەی وەڵامی هەموو یان هەر پرسیارێکی پێیان باشە و زانیارییان لەسەری هەیە بدەنەوە، هەروەها سەرپشک کرابوون لەوەی بە کورتی یان بە درێژی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. لە کۆی(٥١) بەشداربوو، تەنیا یەک کەس بە دەنگ وەڵامی پرسیارەکانی دابووەوە. نزیکەی پێنج یەکی پرسیارلێکراوان بە زمانی فارسی وەڵامی پرسیارەکانیان دابووەوە. نموونەی پرسیارنامەکە و نامەی لێکۆڵەر بۆ کەسەکان لەبارەی ئامانج و ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە لە پاشکۆی ئەم تێزەدا هاتوون.

٤-٣-میتۆدی شیکردنەوەی داتاکان

٤-٣-١-باسێک لەسەر شیکردنەوەی بابەتیانە (تێماتیک)

بۆ شیکردنەوەی وەڵامی پرسیارلێکراوان، سوود لە ڕێبازی چۆنێتی و میتۆدی شیکردنەوەی تێماتیک وەرگیراوە. لەنێو لێکۆڵەرانی کورددا سوودوەرگرتن لە ڕێبازی چەندێتی باوترە تا ڕێبازی چۆنێتی. «شیکردنەوەی تێماتیک، میتۆدێکی شیکردنەوەی داتای چۆنێتییە کە لەسەر بناغەی ناسینی چەمکەکانی نێو کۆمەڵە داتایەکی چۆنێتی دامەزراوە. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بریتییە لە پرۆسەی ناسین و هەڵوێژاردنی چەمکەکان لە هەناوی کۆمەڵە داتایەکی چۆنێتیدا. لەم میتۆدەدا لێکۆڵەر تا ڕادەیەکی زۆر سەربەستیی کردەوەی هەیە و پێویستییەکی ئەوتۆی بە چوونەوەسەر سەرچاوە تیۆرییەکان نییە و دەتوانێت بۆ خۆی چەمکەکان بدۆزێتەوە»(قاسمی و هاشمی،٢٠١٩:٩). چەمک یان تێما لەلایەن زانایانی بواری ڕێبازی لێکۆڵینەوە و میتۆدەکانی شیکردنەوەی داتا بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسە کراوە: «بە گوتەی براون و کلارک (٢٠٠٦) چەمک، گرنگترین شتی نێو داتاکان لەبارەی پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە پێشان دەدات و هەتا ڕادەیەک واتا و ناوەرۆکی پارادایمی نێو کۆمەڵەیەک لە داتاکان دەردەخات. بەگوتەی بویاتزیس (٤:١٩٩٨) هەر چەمکێک، پارادایمێکە کە لەنێو داتاکاندا دەدۆزرێتەوە و لانیکەم بەکەلکی ناساندن و ڕێکخستنی بینراوەکان و لێکدانەوەی هێندێک ڕەهەندی دیاردەی لێکۆڵراو دێت»(شێخ زادە، ١٤٠٠).

لێکۆڵینەوەی چۆنێتی بەشێوەیەکی گشتی بە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەک دەگوترێت کە دۆزراوەکانی لە پرۆسەیەکی ئاماریدا بە پێوەری چەندێتی بەدەست نەهاتبن. داتاکانی ئەم

جۆرە لێکۆڵینەوەیە لە ڕێگای بینین، هەڤپەیڤین، یان هەڵسوکەوتی زارەکی کۆ دەکرێنەوە و لەسەر واتا و لێکدانەوەی پرسیارلێکراوان چڕ دەبنەوە. محەمەدپوور بە پشتبەستن بە نووسینەکانی دێنزین و لینکۆڵن (١٩٩٤) و کرێسوێڵ (١٩٩٤) نووسیویەتی:« زانیارییەکانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە بایەخەکان، بیروڕاکان و هەڵسوکەوتەکانی کۆمەڵێکی دەستلێنەدراو سەرچاوە دەگرن. ڕێبازی لێکۆڵینەوەی چۆنێتی، ڕێبازێکی یەکگرتوو و پتەو نییە. لێکۆڵەرانی سەر بە ڕێبازی چۆنێتی، لە شتەکان لە ژینگەی سروشتیی خۆیاندا دەکۆڵنەوە و تێدەکۆشن دیاردەکان بەگوێرەی واتایەک کە تاکەکان پێیان دەدەن، واتادار بکەن و شیکردنەوەیان بۆ بکەن»(محمدپور،٢٠٢١:٧٠). کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵینەوەی چۆنێتی بریتین لە:

١-گریمانەی لێکۆڵینەوەی چۆنێتی بەم جۆرەیە کە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان گرێدراوی هەڵکەوتی خۆجێیی و بارودۆخی ناوچەیین.

٢-لێکۆڵەرانی چۆنێتی بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکار و پێوەندیی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگییەکی تایبەتی بە ئامانجەکان، مەبەستەکان و ڕوانگەکانی چالاکان و پرسیارلێکراوانیان دەدەن.

٣- لێکۆڵەری چۆنێتی بۆخۆی بەهۆی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرتوێژ پێوەندیی دادەمەزرێنیت، تا لە ڕوانگەکان و بۆچوونەکانی تاکەکان تێبگات و ڕوانینێکی هاودڵانەی لەگەڵیان هەبێت. ئەم بنەمایە بە ڕێسای نوقمبوون بەناوبانگە.

٤- داتای کۆکراوە دەکات بە یەکەی بچووک، بەڵام بە شێوەیەکی قوواڵ و پڕ ناوەرۆک ڕاڤەی دەکات.

٥- سەرنجێکی تایبەت دەخاتە سەر بیروباوەڕە باو و هاوبەشەکان، واتاکان، چەمکەکان و دەربڕینەکانی بەرتوێژ.

٦- لێکۆڵەری چۆنێتی، هەڵسوکەوتەکان و دژکردەوەکان لە دۆخی سروشتیی خۆیاندا و هەر بەوجۆرەی ڕوو دەدەن، دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

٧-لێکۆڵینەوەی چۆنێتی چوارچێوەیەکی تیۆریی لەپێشدادیاریکراو و گریمانەی بنیاتنراو لەسەر ئەو تیۆرە دیاریکراوەی نییە.

٨- زمانی لێکۆڵینەوەی چۆنێتی، زمانی چەمک و دەربڕین و زاراوەیە نەک ئامار و ئەژمێر(سەرچاوەی پێشوو، ٧٢-٧٣).

٤-٣-٢-قۆناغەکانی شیکردنەوەی داتاکان

یەکێک لە میتۆدەکانی شیکاریی ناوەڕۆک و پێداچوونەوەی دەقەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و هەڕەمی و زنجیرەیی بە ئامانجی سازکردنی کۆدەکان، میتۆدی براون و کلارکە. براون و کلارک(٢٠٠٦) پێیان وایە کە ئەمە یەکەمین میتۆدی چۆنێتییە کە دەبێت لێکۆڵەران فێری بن بۆ ئەوەی لێزانییە سەرەکییەکان بەدەست بێنن کە لە جێبەجێکردن و ئەنجامدانی جۆرەکانی دیکەی شیکاری و لێکدانەوەدا بەکەلکیان دێت. ئامانج لە شیکاری بە میتۆدی براون و کلارک ناسینی چەمکەکان واتە ئەو زاراوانەیە کە لە داتاکاندا هەن و گرنگ و سەرنجڕاکێشن؛ هەروەها سوودوەرگرتن لەو چەمکانە بۆ لێکۆڵینەوە یان دەربڕینێک لەبارەی بابەتێک. شیکاری بە میتۆدی براون و کلارک زۆر لە کورتکردنەوەی ساکاری داتاکان زیاترە. شیکارییەکی بابەتییانە بە میتۆدی براون و کلارک لەگەڵ لێکدانەوە و ماناکردنەوەی سەرکەوتووانەی دەق یەکسانە (رفیعی،٢٠٢١).

براون و کلارک لەنێوان دوو ئاستی واتایی و شاراوەدا جیاوازییان داناوە. ئەو چەمکانەی واتایین، ڕاشکاون و، لێکۆڵەر بەشوێن شتێکی زیاتر لەوەی بەشداربوو مەبەستییەتی ناگەڕێت، بەڵام مەبەست لەئاستی شاراوەدا جیاوازە لەوەی لەڕواڵەتدا هەستی پێدەکەین. براون و کلارک ڕێنماییەکی شەش قۆناغییان هەیە کە چوارچێوەیەکی زۆر بە سوود بۆ مێتۆدی شیکاریی تێماتیک. ئەم شەش قۆناغە بریتین لە:

١-**ناسینی داتاکان** ئەمەش لە ڕێگای خوێندنەوە و دووپاتکردنەوەی خوێندنەوەی دەقەکان بەدەست دێت.

٢- **ئامادەکردنی کۆدە سەرەتاییەکان** کە بریتییە لە دابەشکردنی داتای زۆر بە سەر یەکەی بچووکدا. بەرهەمهێنانی کۆدە سەرەتاییەکان بە واتای دەرهێنانی چەمکە سەرەتاییەکان لە دەستەواژە واتاییەکانەوە.

٣-**ناسینی چەمکەکان**، چەمکەکان ئەو زاراوە یا ئاماژانەن کە شتێکی گرنگ، یان سەرنجڕاکێشیان لەبارەی داتاکان یا پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە لەخۆیان گرتووە. چەمکەکان بەهۆی گرنگییەکەیان دیاری دەکرێن ئەگینا یاسایەکی ڕوون و دیاریکراو بۆ ئەوە کە چ شتێک چەمکی لێدروست دەبێت لە ئارادا نییە.

٤-**هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی چەمکەکان،** لەم قۆناغەدا چەمکە لاوەکییەکان سەنگ و سووک دەکرێن تا دەرکەوێت ئایا توانیویانە هەموو مەبەست و پەیامەکانی پێوەندیدار بە خۆیان داپۆشن؟ ئایا چەمکە سەرەکییەکان دەتوانن نوێنەرایەتیی چەمکە لاوەکییە پێوەندیدارەکان بکەن؟

٥-**پێناسەی چەمکەکان**، ئەم قۆناغە بە دواییـن قۆناغی چاککردنی چەمکەکان دادەنرێت. ئامانج لەم قۆناغە ناسینی چییەتیی ئەو شتەیە کە هەر چەمکێک پێوەندیی بەوەوە هەیە. ئەگەر چەمکی لاوەکی هەیە، پێوەندییەکەی بە چەمکی سەرەکی و پێوەندیی دووڵایەنەی ئەوان بەیەکتر دیاریی دەکەین. یەکگرتوویی چەمکەکان لە شیکاریی ناوەرۆکدا گرنگییەکی زۆری هەیە. یەکێتی، گشتگیری و بەسوودبوون لە تایبەتمەندییەکانی چەمکی گونجاون.

٦- **بڕگەی کۆتاییی لێکۆڵینەوە:** بڕگەی کۆتاییی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، بە زۆری بۆ نووسینی ڕاپۆرت، یان وتار تەرخان دەکرێت. ئەم قۆناغە، قۆناغی ئامادەکردن و نووسینی دواجاری ڕاپۆرتی شیکاریی و خستنەڕووی دۆزراوەکانە. لێکۆڵەر لەم نووسینەدا، بابەتی لێکۆڵینەوەکە دەخاتە ڕوو، ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم بابەتە بۆچی وەک پرس یان کێشەیەک دەبیندرێت، بە هۆی پرسیاری سەرەکیی لێکۆڵینەوە، نووسینەکەی دڕێژە پێدەدا (رفیعی، ٢٠٢١).

٤-٣-٣- پڕۆسەی کۆدکردن و دەستنیشانکردنی چەمکەکان

کۆدکردن بریتییە لە کردەوەی دانانی یەکەیەکی شیکردنەوە(ڕستەیەک، چەند ڕستەی بەیەکەوە گرێدراو یان پەرەگرافێکی دەقێک) لە چینێک یان خانەیەکی خشتەیەک و دۆزینەوەی وشەیەک، یان دەستەواژەیەک لە بەرانبەریدا، کە بتوانێت بێتە ڕەمزێک یان ناونیشانێک بۆ ئەم یەکەیە و مەبەست و پەیامەکەی لە خۆیدا چڕ بکاتەوە. مەبەست لە «چەمک»یش ئەو واتا تایبەتەیە کە لە وشەیەک، ڕستەیەک یان پەرەگرافێک هەڵدەگرێندرێت. ڕستەیەک دەتوانێت چەند چەمک لە خۆی بگرێت، جاری واشە لەوانەیە چەند پەرەگراف، چەمکێکیان لێهەڵبکەوێت(حبیبی، ٢٠٢٠).

نموونە بۆ چەند ڕستەیەک کە چەمکێکیان لێ هەڵکەوتووە:

یەکەیەکی شیکردنەوە: «هەر زمانێک کە نەبێتە زمانی پەروەردە، زوو یا دەرەنگ دەتوێتەوە، دەفەوتێت و لەناو دەچێت. پەروەردە زامنی پاراستن و پێشخستنی زمانە» (پرسیارلێکراوی ژمارە ٢).

کۆدێک بۆ ئەم یەکەیە: «زمانی پەروەردە».

چەمک: «پاراستنی زمان».

نموونە بۆ «یەکەیەکی شیکردنەوە» کە دوو چەمکی لێ هەڵکەوتووە:

یەکەی شیکردنەوە: «کورد نەتەوەیەکە زمانی تایبەتی خۆی هەیە، بەپێی یاساکانی

مافی مرۆڤ هەقی ئەوەی هەیە کە زمانی خۆی بەکار بهێنێت»(پرسیارلێکراوی ژمارە ٢٦).

کۆدێک بۆ ئەم دەقە: مافی نەتەوەیی.

چەمک: ناسنامە، ماف.

دوای ئەوەی دەقی وەڵامەکانی هەر (٥١) بەشداربوو بە شێوەی فایلی Word ئامادە کرا، لێکۆڵەر بە سوودوەرگرتن لە بەرنامەی Excel، کۆدبەندیی وەڵامەکانی هەر هەموو پرسیارلێکراوان بە یەکێک لە پرسیارەکانی دەست پێکرد. بۆ ئەم مەبەستە هەر یەک لە وەڵامەکان بەپێی کورت و درێژیی وەڵامەکە و واتا و پەیامێک کە هەڵگری بوون، بە سەر یەک یا چەند یەکەدا دابەش کران. دوای دانانی هەر یەکەیەک لە دەقی وەرگیراو(وەڵامی بەشداربوو) لە خانەی تایبەت بە خۆیدا، بە گوێرەی ئاماژە و مەبەستێک کە تێیاندا بوو، کۆدێکی سەرەتاییی تایبەت بەخۆیان بۆ دیاری کرا (بڕوانە وێنەی نموونەیەک لە کۆدبەندیی وەڵامەکانی پرسیارێک). کۆدە سەرەتاییەکان جارێکی دیکە پێداچوونەوەیان بەسەردا کرا و جێگیر کران. دواتر لێکۆڵەر ئەو چەمکانەی دەستنیشان کرد کە بە شێوەی ئاشکرا یان شاراوە لە پەیام و واتای ئەو یەکەیەدا هەبوون. کۆد و یەکەی ئەوتۆ هەبوون کە پێوەندییان بە زیاتر لە یەک چەمک هەبوو. لێکۆڵەر ئەم چەمکانەی لە خانەی چەمکی لاوەکی لەبەرانبەریاندا تۆمار کردووە. چەمکە لاوەکییەکانیش، جارێکی دیکە کەوتنەوە بەر پێداچوونەوەی لێکۆڵەر بۆ ئەوەی بە گوێرەی کۆدەکان و واتا و مەبەستی دەقەکە، هاوسەنگ بکرێن. دوای لێبوونەوە لە قۆناغی کۆدبەندی و دیاریکردنی چەمکە لاوەکییەکان، نۆرەی قۆناغی دیاریکردنی چەمکە سەرەکییەکان هاتووە. چونکە چەمکە لاوەکییەکان زۆر بوون، دەبوایە چەمکە لێکچوو و لێک نزیکەکان لەژێر چەتری چەند چەمکی سەرەکیدا کۆ بکرێنەوە. بۆ دۆزینەوەی ئەم چەمکە سەرەکییانە و جێگیرکردنیان پێویست بوو یەکەکان، کۆدەکان و چەمکە لاوەکییەکان چەند جاری دیکە بە وردی بخوێندرێنەوە و تاوتوێ بکرێن بۆ ئەوەی گونجاوترین چەمکی پێوەندیدار بە هەر کۆد و یەکەیەک بدۆزرێتەوە و لە خانەی تایبەت بە خۆی دابنرێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم پێواژۆیە بۆ وەڵامی یەک بەیەکی پرسیارەکان ئەنجام دراوە. ئەگەر پرسیارێک دوو، سێ یان چوار لقی هەبووە، بۆ هەموو لقەکان ئەم پڕۆسەیە دووپات کراوەتەوە. ڕاپۆرتی ژمارەی یەکەکانی وەڵامی هەر یازدە پرسیار بەم جۆرەیە: وەڵامەکانی پرسیاری یەکەم (٦٣) یەکە؛ پرسیاری دووەم(٩١)یەکە؛ پرسیاری سێیەم(٩٦) یەکە؛ پرسیاری چوارەم، لقی أ(٨٦) یەکە، لقی ب(٧٢) یەکە و لقی پ(٧٥)یەکە؛ پرسیاری پێنجەم، لقی أ(٩١)یەکە، لقی ب(٦٩)یەکە؛ پرسیاری شەشەم بە هەموو لقەکانییەوە(٢٢٢)یەکە؛ پرسیاری حەوتەم (٩٦)یەکە؛ پرسیاری هەشتەم(١٦٨) یەکە؛ پرسیاری نۆیەم(٥٣) یەکە؛ پرسیاری دەیەم(٦٠) یەکە؛ پرسیاری یازدەیەم(١١٥)

یەکە. لەسەر یەک ۱۳۵۷ یەکە(دەقی وەرگیراو) کۆدبەندی کراوە. لێکۆڵەر لە کۆتاییی ئەم پرۆسەیەدا، سەرجەم خشتەی وەڵامە کۆدکراوەکانی بۆ دوو دکتۆرای بواری زمانەوانی ناردووە بۆ ئەوەی کەموکوورِییەکان دەستنیشان بکەن و سەرنج و تێبینیی خۆیان بۆ باشتر کردنی بە لێکۆڵەر رِابگەیەنن. سەرنج و تێبینیی ئەو دوو شارەزایەی زمان، لە باشترکردنی پرۆسەی کۆدکردن و دیاریکردنی چەمکەکاندا یارمەتییدەری لێکۆڵەر بوون. دەبێت بگوترێت چەمکە لاوەکییەکان لە کۆی ئەم یازدە پرسیار و وەڵامەدا سەریان لە دەیان دەدا، بەڵام لە نێویاندا سەرەکیترین و گرنگترینیان دەستنیشان کران.



جەمک (تم)	کۆدەکان	ناوەرۆکی کۆدەکان	کەسەکە
پارستنی زمان	پێوەستبیەکانی	حکوومەت دەبێ ئیمکاناتی پێویست بۆ ئەو کارە تەرخان بکات. مامۆستای هۆگر و بەتوانای بۆ بەروەردە بکات. پێش هەموو شتێک تەرخان کردنی بووجە و ئازادی بۆ بەروەردە زمانی نەتەوەی نافارس، دەبێ لە بەرنامەی دەزمارە ١	
پارستنی زمان	مافەماموستا، بودجە	هەنگاوی دواتر دەگەرێتەوە بۆ مامۆستایان و ئیدارەی بەروەردەی ناوچەکان. چونکە بە بێ بوونەی دەسەلات و نەبوونی کەشوهەوای ئازاد بۆ ئەو کارە پارستنی زمانێک بە تەنیا مسۆگەر نابێت.	زمارە ١
جۆری حکوومەت	حکوومەتی دیموکراتیک	_ بەڵێ، لە هەر حکوومەتێک کە سیستەمێکی دموکراتیک حاکم بێت،پارستنی زمانەکان ئەرکی حکوومەتە.	زمارە ٢
توانەوەی زمان	زمان بە بێ بەروەردە	هەر زمانێک کە نەبێتە زمانی بەروەردە، زوو یا دەرەنگ دەتوێتەوە، دەقەوبێت و لە ناو دەچێت. بەروەردە زەمی پارستن و پێشخستنی زمانە.	زمارە ٢
ئابدۆلۆژیای حکوومەتی	دژایەتیی زمانە نافارسیبەکان	حکوومەتی ئێستا حکوومەتێکی داخڕاوی بە ئایدۆلۆژیایەکی بەرتەنگەوە، کەمتەرخەمە. هیچ گرنگی نادا بە ئەو دیاردانەی لە دەرەوەی خواستی ئارەزوی خۆمانیە.	زمارە ٣
دەوڵەتی ئابدۆلۆژیک	تایبەکسانیی زمانی وکەلتوری	دگینا پارستن و وەدگەڕ خستنی ڕێخراوە و ناوەندە مەدەنییەکان، کەلەپوور و بەروەردەی بەکسان لەئەرکی دەوڵەتە نەک حکوومەت. ئێمە لە نەبوونی دەوڵەتێکی مودێرن خەڵکیا بەردەوام بەرەوڕووی خەسارین.	زمارە ٣
پارستنی زمان و کەلتوور	ئەرکی حکوومەت	بله وظیفه دولت است و بدون آموزش به تدریس از بین می روند	زمارە ٤
ئەرکی دەوڵەت	ثروت ملی یک کشور	جواب قطعی من این است که: بله، هر زبان بخشی از ثروت ملی مشترک یک کشور است و حکومت موظف به حفظ و اشاعه و حمایت از آن از محل بودجه‌های عمومی است.	زمارە ٥
سیاسەتی تاکزمانی	خەسارەکانی تاکزمانی	عدم توجه به زبانهای جز فارسی، و راه نیافتنشان به دایره‌ی مادی و معنوی در مدیریت آموزشی کشور، به‌شدت این زبانها را در معرض خاموشی و فراموشی و انقراض قرار داده‌است.	زمارە ٥
سیاسەتی تاکزمانی	عدم حمایت مالی،	.متاسفانه وقتی حمایت مصوب مالی نباشد، در عمل حمایت سیاسی و فرهنگی و تبلیغی نیز محدود و مسدود می‌شود و در نتیجه، تلاشهای نهادهای غیردولتی نیز به‌دشواری راه به جایی می‌برد .	زمارە ٥
ئەرکی دەوڵەت	سەرمایەهای ملی	زبان‌های موجود در ایران سرمایه ملی هستند ،باید حاکمیت سعی در حفظ همه زبانهای موجود داشته باشد جرگه اگر مردم هویت خود را از دست بدهند ضعیف و بی اعتماد به نفس خواهند شد.	زمارە ٦
فرەزمانی	حفظ همه زبان ها	حفظ هیچ زبانی با منافع زبان های دیگر منافات ندارد.	زمارە ٦
ی پارستنی زمان	بودجە و ئیمکانات	ئەرکی حکوومەتە، ئەبێ بوودجە و ئیمکاناتی بۆ دابین بکات چونکە بەبێ بەروەردە سەرکەوتوو نابێت.	زمارە ٧
پارستنی زمان	ئێرانی باسا	پارستنی ڕاستە قینەی زمانی گەلانی نافارس بە تایبەتی لە ئاسای بەرسەندنی بواری وێژەیی و ڕانسی هتد، لەنەبوونی ئێرانی باسایی کارێکی ئەستەمە، وەکو سەردەمی باشاییەتی. لە سەرچاوەکانی شۆڕشی ٥٧ کەم کەسێک هەبوو زمارە ٨	
زمانگۆڕین	نامۆبی منداڵان لە زمانی خۆمان	لە نەبوونی سیستەمی بەروەردە زادەی سەرکەوتووی ناتوانێ بەرجاو بێ، چونکە منداڵەکان هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لە قوتابخانە دەبێ بە زمانی فەرمی وڵاتەکە وانە فارسی بڵێکەنەوە و بنووسن.	زمارە ٩
زمان و بەروەردە	زمان لە سەردەمی مودێرنا	هیچ زمانێکی لە سەردەمی مدێرنا بە بێ بەروەردە ناتوانێت سەرکەوێ. ڕەنگە ئەم زمانە بە بێ بەروەردە نەمرێت بەڵام ئەوەندە لاواز و نەخۆش دەکەوێت کە لە داهاتوودا مان و نەمانی وەکوو بەک دەبێتەوە.	زمارە ٩
ئەرکی دەوڵەت	مادەی ١٥	.بەڵێ بە پێی ئەسڵی باێزدەی باسای بنەمایی ئێران ئەرکی حکومەتە .	زمارە ١٠
ئەرکی دەوڵەت	حکوومەت بە ئەرکی خۆی نازانێت	من بە ئەرکی حکوومەتی دەزانم بەڵام حکوومەت بە ئەرکی خۆی نازانێ[لە ڕووی باساییەوە]	زمارە ١١
توانەوەی زمان	زمان بێ بەروەردە/زمانی زادەگی	بەڵێ. زمان ئەگەر بەروەردە و سیاسەتی زمانیی لە پشت نەبێ بە تایبەتی لەم سەردەمەدا، تەنیا وەک زمانە زادەگی دەمێنێتەوە و و مەترسیی توانەوەی لەسەرە. بە بێ بوونی بەروەردە ئەو زمانە سەرکەوتوو ناێ.	زمارە ١٢
بەروەردەی فەرمی و نافەرمی	مانەوەی زمانی کوردی،	هۆی مانەوە و گەشەکردنی زمانی کوردی ئەوە بووە کە لە جەند قۆناغێکی مێژووییی کورت دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی خوێندراوە و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی بێ ئاماداە کراوە. لە باشووری کوردستانیش بە ڕەسمی دانی بێتا هێزاوە زمارە ١٢	
سیاسەتی تاکزمانی	هەر نەمانتاوتن بەسە!	سیستەمی فەرمیی ئێران بۆ پارستنی زمانە نافارسیبەکان دروست نەبووە؛ پارستن پێشکەشمان؛ هەر نەمانتاوتن گەورەترین بارمەتیبە.	زمارە ١٣
ئەرکی دەوڵەت	زمان بێ بەروەردە	بەڵێ، ئەرکی حکوومەتە کە بەداخەوە چون بەو زمانانە بەروەردە بووی نیبە پارستنی ئەو زمانانەش دەستەبەر نابێت.	زمارە١٤
کەمایەتیبە زمانیبەکان	ئەرکی دەوڵەتە	حفظ همه زبان ها و رعایت حقوق اقلیت ها باید جزو وظایف یک نظام حاکمیتی باشد و بدون حمایت حاکمیت با ایجاد بستر مناسب برای توسعه زبان ها ، حفظ زبان و به تبع آن فرهنگ بسیار سخت می باشد.چنین	زمارە ١٥

(وێنەی کۆدبەندیی وەڵامەکانی پرسیارێک)

بەشی پێنجەم

پێشکەشکردنی وەڵامەکان و لێکدانەوەیان

زانیارییەکانی ئەم بەشە بریتین لە: ١-خستنەڕووی ڕاپۆرتێک لەبارەی وەڵامی پرسیارلێکراوان بە هەر یەک لەو پرسیارانەی لێیان کراوە، ٢- لێکدانەوەی لێکۆڵەر بۆ وەڵامەکانیان لە گۆشەنیگای پێوەندییان بە پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە. لە سەرەتادا پرسیارەکە و ئامانج یان ئامانجەکانی ئەو پرسیارە دەناسێندرێت، دوایە هەڵبژاردەیەک لە وەڵامەکان و ئەو چەمکانەی پرسیارلێکراوان بۆچوونی خۆیان پێدەربڕیوە، دەخرێنە ڕوو و بە شوێنیاندا لێکدانەوەی لێکۆڵەر بۆ بۆچوونی پرسیارلێکراوان، چەمکە بەکارهاتووەکانْ و پێوەندییان بە سیاسەتی زمانیی ئێران و زمانی پەروەردە لە ئێران و کوردستان دێت.

٥-١-پرسیاری یەکەم

٥-١-١-ناساندنی پرسیار

یەکەم پرسیار کە ڕووبەڕووی پرسیارلێکراوان کراوە، ئەمەیە: «ئایا پێت وایە کە زمانی کوردی پێویستە وەکو وانەیەک لە فێرگەکانی ئێران هەبێت؟ **بۆچی؟**» ئامانج لەو پرسیارە ئەوە بووە کە بۆچوونی پرسیارلێکراوان لەبارەی جێگە و پێگەی زمانەکەیان بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا بزانین. بۆ نموونە دەمانەوێت بزانین کە ئەگەر زمانی کوردی وەکو دەرسێک لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت، ئایا پێشوازیی لێدەکەن؟ یان ئەمە تەنیا وەک سەرەتایەک بەباش دەزانن، بەڵام بۆ درێژخایەن لەمە زیاتر بە مافی خۆیان و بە مافی زمانی کوردی دەزانن؟ پێیان باشە هەر لەئاستی قوتابخانەکانی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کوردی وەکو دەرسێک بخوێندرێت یان لەئاستی هەموو ئێراندا؟ لە بەشەکانی دیکەی ئێران، خوێندنی کوردی وەک دەرسێک لە بەرنامەی قوتابخانەکاندا چ پێویستییەکی هەیە؟

٥-١-٢- وەڵامەکان و لێکدانەوەیان

لە ڕێگای وەڵامەکانەوە بۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆر خراونە ڕوو. دوای کۆدکردنی وەڵامەکان، ژمارەیەک چەمک بەرجەستە بوونەوە. چەمکەکان هێندێکیان سەرەکین، وەک: ماف، ناسنامە، ژمارەی ئاخێوەران، پەروەردە بە زمانی دایک، وانەیەک بە کوردی و پاراستنی زمان. ژمارەیەک چەمکیش چەمکی لاوەکین، بەو واتایە کە لە پێوەندی لەگەڵ چەمکە سەرەکییەکاندان و بۆ باسکردن و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەوان دەگونجێن، وەک: خواستی نەتەوەیی، کۆسپی سیاسی، داوای یاسایی، هۆکارەکانی خوێندن بە زمانی دایک و... هتد (بڕوانە خشتەی ژمارە ٤). لەم خشتەیەدا، بێجگە لە چەمکە سەرەکی

و لاوەکییەکان، کۆدە پێوەندیدارەکان، هەروەها نموونەی دەقی وەرگیراو دەبینن. ئەمانە وەکو نموونە داندراون بۆ ئەوەی نیشان بدرێت کە چۆن ئەو چەمکانە لە دەقی وەڵامەکاندا جێی خۆیان کردووەتەوە. لە خوارەوە چەمکەکان شی دەکرێنەوە.

ژمارە	چەمکە سەرەکییەکان	چەمکە لاوەکییەکان	کۆدە پێوەندیدارەکان	نموونەی دەقی وەرگیراو
١	**مافی**	مافی ئینسانی، مافی یاسایی، مافی بنەڕەتی، مافی سروشتی، مافی تاک، مافی زمانی، مافی نەتەوەیی، مافی منداڵان	پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، دەستووری ئێران،	کورد نەتەوەیەکە کە زمانی تایبەتی خۆی هەیە. بەپێی یاساکانی مافی مرۆڤ هەقی ئەوەی هەیە کە زمانی خۆی بەکار بهێنێت. (٢٦)
٢	**ناسنامە**	ناسنامەی نەتەوەیی، خواستی نەتەوەیی، پاراستنی ناسنامە، فرەنەتەوە، فرەزار، ستەمی زمانی	ناسنامەلسیۆن، دەوڵەت-نەتەوە، تاکزمانی	وڵاتی ئێران لەسەر ئەساسی دەوڵەت-میللەت دارێژراوە، بۆیە زمانەکانی نارخوێی ئێران وەکوو هەرەشە بۆسەر زمانی فەرمی چاو لێدەکەن(١٣)
٣	**ژمارەی ئاخێوەران**	زۆرایەتیی دانیشتووان؛ پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ؛ کوردەکانی دەرەوەی ئەم (٤) پارێزگایە	زۆرینەی دانیشتووان، کەمینەی زمانی	کەرتی زمانێک کە زیاتر لە (٨) ملیۆن کورد لە ڕۆژهەڵاتی پێی دەدوێن، هەر بۆیە ئەم زمانە دەبێت بێتە زمانی یەکەمی خوێندن لە ناوچەکە(٩)
٤	**پەروەردە بە زمانی دایک**	زمانی سەرەکیی خوێندن، 'زمانە فەرمی و خۆجێییەکان'، گەشەکردنی کەسایەتیی منداڵ	منداڵانی جوولەزمان، توند و تیژی دژ بە منداڵان	هیچ زمانێک ناتوانێت لە قەبارەی تەنیا پەرسێک بێ ئاخێوەرانیدا بێت، سیستمی پەروەردە دەبێت بە تەواوەتی بە زمانی دایک بێت (٩)
٥	**وانەیەک بە کوردی**	دەسکەوتی بچووک	'لە هیچ باشترە'	'ئەگەر کوردی نەبێتە زمانی خوێندن لەو ناوچانەی ئێران کە کوردیان لێدەژی، ئەوەش دەکرێ دەسکەوتێک بی کە کوردی وەکو دەرسێک بخوێنرێ. (٥)
٦	**پاراستنی زمان**	لەدەستدانی زمان، توانایی زمان، زیندوویی زمان، پێگەی زمان، زمانی فەرمی و نافەرمی	پەروەردە لە خزمەتی مانەوەی زماندا.	پەروەردە بە زمانی دایک وێرای باشتر لێبوونی منداڵان دەبێتە هۆی پاراستن و مانەوە و پێشکەوتنی زمانی کوردی. (٢)

(خشتەی ژمارە ٤) وەڵامەکانی پرسیاری یەکەم

٥-١-٢-١-ماف

زۆربەی هەرەزۆری پرسیارلێکراوان خوێندن بە زمانی کوردی لە فێرگەکانی کوردستانیان بە مافێکی ڕەوا زانیوە. ئەو دەستەواژانەش کە لەگەڵ جۆری مافەکەدا هێناویانن و دووپات بوونەوە بریتین لە: مافی بنەڕەتی، مافی سروشتی، مافی سەرەتایی، مافی ئینسانی، مافی یاسایی. هەروەها بە پێوانەی وەک «کەمترین ماف» یان «لانیکەمی ماف»، ئاماژەیان بەم مافە کردووە. بە نموونە:

(٥): ئەمە لانیکەمی مافی یاسایی و کولتووریی کوردەکانی ئەم وڵاتەیە.

ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان ئاماژەیان بەو لایەنە کردووە کە ئەم مافە لەلایەن پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە جیهانییەکان پەسەند کراوە. هێندێک لە وەڵامەکان نەک وەک مافی تاک بەڵکو وەک مافێکی نەتەوەیی لە خوێندن بە زمانی کوردییان ڕوانیوە، بە نموونە:

(٢٦): کورد نەتەوەیەکە کە زمانی تایبەتی خۆی هەیە. بەپێی یاساکانی مافی مرۆڤ هەقی ئەوەی هەیە کە زمانی خۆی بەکار بهێنێت.

پرسیارلێکراوان جگە لەوەی خوێندنی نەتەوەکانی ئێران بە زمانی خۆیان بە مافێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی زانیوە، داواکردنی ئەو مافەیان لەهەمان کاتدا بە داوایەکی یاساییش داناوە. مەبەستیشیان لە یاساییبوونی ئەوەیە کە لە ماددەی (١٥)ی دەستووری ئێراندا ئاماژەیەک بەو زمانانە و ئازادیی خوێندنی ئەدەبیاتیان لە تەنیشت زمانی فەرمیی وڵاتدا هەیە. وەک پرسیارلێکراوان وتوویانە کاربەدەستانی وڵات بە ئەنقەست خۆ لە جێبەجێکردن و دابینکردنی مافی زمانیی ئاماژەپێکراو لەماددەی (١٥) ی دەستووردا دەبوێرن. بە نموونە یەک لە پرسیارلێکراوان وتوویەتی:

(١٤): بەپێی یاسای بنەڕەتیی وڵاتی ئێران (مادەی ١٤ و ١٥) ئەو داواکارییە بۆ هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران ڕێگاپێدراوە بەڵام بەداخەوە هیچ کاتێک جێبەجێ نەبووە و نابێت، چونکە وڵاتی ئێران لەسەر ئەساسی (دەوڵەت-میللەت) دارێژراوە.

لەڕاستیدا دەسەڵاتی وڵات کە «دەوڵەت- نەتەوە» یان دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستی ئێرانە، ئازادیی خوێندن بە زمانەکانی دیکەی ئێران بە زیانی زمانی نەتەوەی سەردەست، واتە زمانی فارسی دەزانێت. ئەو وەڵامانەی پرسیارلێکراوان دەریدەخات کە ئەوان هیوایەکیان بە جێبەجێبوونی ناوەرۆکی ئەو چەند مادەیەی دەستووری ئێران نییە.

گرنگیدان بە زمانی دایک لە پەروەردەی منداڵاندا لەو مافە یاسایی و سروشتییانەی مرۆڤە

کە چەندین بەیاننامە و پەیماننامەی نێودەوڵەتی بە فەرمییان ناسیوە کە دەتوانین لەنێویاندا ئەمانە ناوبەرین: «بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان»، «پەیماننامەی مافەکانی منداڵان»، «بەیاننامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بەکەمایەتییە نەتەوەیی، ئێتنیکی، دینی و زمانییەکان، پەخشنامەی ڕێکخراوی جیهانیی یونسکۆ لەبارەی زمانی دایک»(بڕوانە بەشی یەکەم،١-٢-٢-زمان و مافی). کەمایەتییەکی چەند سەت کەسی و تەنانەت چەندین کەسیی زمانی بەگوێرەی ئەم دۆکیۆمێنتە جیهانییانە دەتوانن سوود لەم مافەیان وەربگرن، کە وایە نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، تاکەی و بۆچی دەبێت لەم مافە یاسایی و سروشتییەی خۆیان بێبەش بن؟ لەم ڕوانگەیەوە پرسیارلێکراوان بە پشتبەستن بە ژمارەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی، نەتەوەی چەند میلیۆنیی کورد لە ئێران بۆ هەبوونی مافی پەروەردە بە زمانی خۆی، زیاتر بە شیاو و حەقدار دەزانن.

٥-١-٢-٢-ناسنامە

وەڵامەکان بۆ پرسیاری یەکەم دەریدەخەن کە هۆکاری سەرەکیی داواکردنی مافە زمانییەکان بە تایبەتی پەروەردە بە زمانی کوردی لەلایەن تاکی کوردەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەوان ناسنامەی نەتەوەییی خۆیان بە جیاواز دەزانن. یەک لە پرسیارلێکراوان وتوویەتی:

(٣٦) : ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، لە شەش نەتەوە و زمانی گەورە و بەهێز پێک هاتووە.

لە چەند وەڵامی دیکەشدا، پێوەندیی بەهێزی نێوان زمان و ناسنامە بەرجەستە بووەتەوە و مانەوەی زمان بە مەرجی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی دانراوە. هەروەها زمان و پەروەردە بە یەکەوە دەتوانن ڕۆڵێکی گەورەیان لە پڕۆسەی نەتەوەسازیدا هەبێت:

(٣٣): زمان ئامرازێکی کاریگەرە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و لە پرسی نەتەوەسازیدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەبێت پەروەردە بکرێتە پرسێکی سەرەکی بۆ سەرخستنی سیاسەتی زمانی و دواتر بنیاتنانی پرۆسەی ناسنامە و نەتەوەسازی.

یەکێک لە پرسیارلێکراوان کاریگەریی قەیرانی ناسنامەی وەک یەکێک لە لێکەوتەکانی نەخوێندن بە زمانی دایک ناو بردووە:

(٣٧): لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە خۆبەکەمزانین و قەیرانی شوناس و وەپاشکەوتن لە زۆربەی بوارەکانی زانست و گەشە نەکردن لە باری کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و دەیان خەساری تر ئاکامی نەخوێندن بە زمانی یەکەمە.

خۆبواردنی دەسەڵاتدارانی وڵات لە دانان بە فرەنەتەوە بوونی ئێران ڕاستییەکە کە لە

وەڵامەکانی پرسیارلێکراواندا چەندین جار ئاماژەی پێکراوە. ئەم جۆرە ڕوانینەی دەسەڵاتدارانی ئێران لە نەتەوە نافارسەکان، دەکرێت لە گۆشەنیگای نووسینێکی ئێتنیکناسی ئەڵمانی، «شێرەر» بخوێنینەوە کە تایبەتە بە حەز و ویستی دەسەڵاتدارانی سەر بە زۆرینە (نەتەوەی سەردەست) بۆ نەهێشتنی جۆراوجۆریی نەتەوەیی و ئێتنیکی لە وڵاتدا بۆ ئەوەی هەمووان ببن بە هاوڕەنگی ئەوان و لە ڕاستیدا لەنێو خۆیاندا بیانتوێننەوە. شێرەر نووسیوێتی: «قەومی سەردەست یا زۆرایەتی، خۆی بە نەتەوە و ناسنامەی خۆی بە نەتەوەیی و گشتی دەناسێنێت، بەڵام نەتەوەی بندەست یا کەمایەتی بە قەوم ناو دەبات. هەرلەجێدا ئاوەڵناوی ‹قەومی› لە گوتاری سیاسیی ئەواندا، هەڵگری واتایەکی نەرێنیی وەک ‹نەعاملاو›، ‹دواکەوتوو› و ‹ناعەقڵانی› بوو» (ایرانپور،٢٠١٦:١١١).

٥-١-٢-٣-ژمارەی ئاخێوەران

جگە لە جیاوازیی ناسنامە هۆیەکی دیکە کە پرسیارلێکراوان بۆ ڕەواییدان بە داواکردنی مافی خوێندن بە زمانی دایک پشتیان پێبەستووە، ژمارەی ئاخێوەرانی زمانی کوردییە. لەنێو وڵامەکاندا چەند نموونە هەن (ژمارەکانی٤٥،٢٧،٩،٧) کە بە پشتبەستن بە ژمارەی ئاخێوەرانی کورد لە ئێران داوای مافی خوێندن بە زمانی کوردییان کردووە. پرسیارلێکراوێک وتوویەتی:

(٩): کوردی زمانێکە کە زیاتر لە (٨)میلیۆن کورد لە ڕۆژهەڵات پێی دەدوێن، هەر بۆیە ئەم زمانە دەبێت ببێتە زمانی یەکەمی خوێندن لە ناوچەکە[١].

دیارە لە ئێران داموودەزگا دەوڵەتییەکان بە ئەنقەست ژمارەی کورد و هەر کام لە نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیان بە نارووونی هێشتووەتەوە و لە سەرژمێرییەکاندا پرسیار لەبارەی زمان و نەتەوایەتیی دانیشتووانی وڵاتیان نەگونجاندووە. لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی هێندێک لە بەراوردەکان ئاماری ٨ میلیۆن بۆ ژمارەی دانیشتووانی کوردی ئێران لە ڕاستییەوە نزیکە و لە سەرچاوە کوردی و بیانییەکاندا هاتووە (شێخولئیسلامی ٢٠١٥، ٢٠١٩)[٢].

٥-١-٢-٤-پەروەردە بە زمانی دایک

١- بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٣٩٥(٢٠١٦ی زایینی)، ژمارەی ئاخێوەرانی سەرجەم زارەکانی زمانی کوردی بە زاری لەکییشەوە، (٦)میلیۆن و پێنجسەد هەزار کەس بووە کە بە گوێرەی بەراوردی ڕێکخراوی سیا(٢٠٠٩) بووە بە ١٠٪ دانیشتووانی ئێران و بەپێی بەراوردی کۆنگرەی ئەمریکا(٢٠٠٨)، ٧٪ی کۆی دانیشتووانی ئێرانی پێک هێناوە (صالحی لاهیجی،٢٠١٩). دیارە ئاماژەکردن بەم سەرچاوەیە، بە واتای متمانەکردنی لێکۆڵەر بە ناوەرۆکی زانیارییەکەی نییە و تەنیا بۆ ئەوەیە بگوترێت ئەم جۆرە بۆچوونانەی بەشداربووان لەبارەی ژمارەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی، بەگوێرەی تەنانەت ئەم جۆرە سەرچاوانەش، لە ڕاستییەوە نزیکن.

٢- «یوهانس جود» لە توێژینەوەیەکی خۆیدا کە گۆڤاری پۆلیتیا، ساڵی سێیەم، ژمارە ١ (لاپەڕەکانی ١١٣-١٣٧) بڵاوی کردووەتەوە، ژمارەی دانیشتووانی کوردی ئێرانی بە (٨)میلیۆن و سیسەد هەزار کەس داناوە کە دەبێتە لە سەتا (١٠)ی سەرجەم دانیشتووانی ئێران.

لەگەڵ ئەوەی پرسیارەکە ڕای پرسیارلێکراوانی لەبارەی خوێندنی وانەیەک بە کوردی لە قوتابخانە پرسیوە کەچی ئەوان پێداگرییان لەسەر پەروەردە بە زمانی دایک کردووە و زۆرینەی ئەوان گرنگییەکی ئەوتۆیان بە خوێندنی وانەیەک بە زمانی کوردی لە قوتابخانە نەداوە. ئەوەی زۆرینەی ئەوان داوایان کردووە، خوێندنی هەموو بابەتەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بە زمانی کوردییە. یەکێک لە پرسیارلێکراوان وتوویەتی:

(۹): هیچ زمانێک نابێت لە قەبارەی تەنیا وانەیەک بۆ ئاخێوەرانیدا بێت، سیستمی پەروەردە دەبێت بە تەواوەتی بە زمانی دایک بێت.

لە چەندین وەڵامی دیکەدا ڕەخنە لە وانەیەک بە کوردی گیراوە و داوای سەرجەمی پەروەردە بە زمانی کوردی کراوە. پرسیارلێکراوێک پێی وابووە:

(۳۷): ئەگەر تەنیا دەرسێک بە کوردی بخوێندرێت و کوردی زمانی فەرمیی پەروەردە نەبێت، ئەو سوودمەندییانەی کە خوێندن بە زمانی دایک بۆ منداڵانی کوردی دەبێت، نایبێ.

ئەگەر زمانی کوردی، یان هەر زمانێکی دیکەی نەتەوەکانی ئێران نەبێتە زمانی پەروەردە و تەنیا وەک دەرسێک لە فێرگە بخوێندرێت، گرنگە لە کام قۆناغی خوێندندا بێت. بۆچوونی وا لەنێو پرسیارلێکراواندا هەبووە کە پێی باش بووە ئەم وانەیە بە زمانی کوردی لە ئاستی زانکۆدا بێت:

(۸): ئەگەر مەبەست لە فێرگە، ئاستی زانستگا بێ، وەکو زمانی یەکێک لە نەتەوەکانی ئێران ئەم کارە بە کارێکی پێویست دەزانم.

ئەو پرسیارەی ڕووبەڕووی پرسیارلێکراوان کراوەتەوە، بە جۆرێک دارێژراوە کە دەکرێت دوو مەبەستی جیاوازی لێ بخوێندرێتەوە: «خوێندنی زمانی کوردی وەک وانەیەک لە فێرگەکانی ئێران» دەتوانێت مەبەست ئەو فێرگە یا قوتابخانە فەرمییانەی ئێران بێت کە لە پارێزگا کوردەکان هەڵکەوتوون. هەر لەو کاتەدا دەکرێت مەبەست لەم دەربڕینە سەرجەم قوتابخانەکانی ئێران بێت، واتە لەو پارێزگا و ناوچانەش کە کوردستان و شوێنی ژیانی کوردان نین دەرسێک بە کوردی هەبێت. نزیکەی یەک لە سێی پرسیارلێکراوان ئەم پرسیارەیان بە واتای دووەم وەرگرتووە. ژمارەیەک لەوان ئەمەیان بە باش و بە ڕێگایەک بۆ بەهێزتر بوونی پێوەندیی کولتووریی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران و ئاشنابوونیان بە زمانی یەکتر زانیوە، بەڵام ڕێژەیەکی زیاتر لە پرسیارلێکراوان خوێندنی دەرسێک بە کوردی لە قوتابخانەکانی ئێرانیان بە ناپێویست داناوە، یان پێیان باش بووە ئەگەر وانەیەکی واش هەبێت بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی گرنگیی پەروەردە بە زمانی دایک کە پرسیارلێکراوان ئاماژەیان پێکردووە، ئەنجامی لێکۆڵینەوە زانستییەکانە کە سەلماندوویانە ئەگەر منداڵان لە یەکەم ساڵەکانی پەروەردەدا بە زمانی دایک بەو زمانەی کە لێی شارەزاترن، پەروەردە بکرێن، لە فێربوونی چالاکی و بابەتی پەروەردەیی و زانستیدا، کەمتر تووشی کێشە دەبن. ئەم بۆچوونەی پرسیارلێکراوان بۆچوونێکی دروستە. ستیفن بەحری ، لێکۆڵەری بە ناوبانگی بواری فێربوونی زمان لە چین و ئاسیای نێوەڕاست، لەبارەی ئەو کاریگەرییە وتوویەتی: «زمانی دایکی فێرخوازان پێوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ ناسنامەی ئەوان لە هەر بوارێکی پەروەردەدا هەیە، هەر بۆیەش لەسەر پرۆسەی فێربوونی ئەوان شوێن دادەنێت»(کلان، ٢٠١٨:٢٦٦). پێچەوانەکەشی، واتە بێبەشکردنی منداڵ لە پەروەردە بە زمانی دایک بە هەمان ڕادە کاریگەریی نەرێنیی هەیە، چونکە ڕێک بە مانای بایەخنەدان بە زمان و ناسنامەی منداڵەکەیە. «جیم کامینز»، مامۆستای زانکۆی تۆرنتۆ و پسپۆری پەروەردەی فرەزمانی، وتوویەتی: «ئەگەر بە منداڵان بگوترێت زمان و کولتووری خۆتان لەو دیوی دەرگای قوتابخانە بەجێ بهێڵن، ئەمە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەم پەیامەیان دەداتێ کە ناسنامەی خۆیان تووڕ هەڵدەن، ئەمەش وایان لێدەکات متمانەیان بەخۆیان نەمێنێت و چالاکانە بەشداری پرۆسەی فێربوون و پەروەردە نەبن» (ئیرانپوور،٢٠١٦:٤٥٦).

٥-١-٢-٥-وانەیەک بە کوردی

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لەسەداسەدی پرسیارلێکراوان نەک خوێندنی وانەیەک بە کوردی بەڵکو پەروەردە بە زمانی کوردییان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بەمافی ئاخێوەرانی ئەم زمانە لە ئێران زانیوە، لەگەڵ ئەمەشدا بەشێک لە پرسیارلێکراوان خوێندنی تاکە وانەیەکیشیان بە زمانی کوردی هەر بە دەستکەوت زانیوە.

(٤٧): ئەگەر کوردی نەبێتە زمانی خوێندن لەو ناوچانەی ئێران کە کوردیان لێدەژی، ئەوەش دەکرێ دەسکەوتێک بێ کە کوردی وەکو دەرسێک بخوێنرێ.

گرنگیی ئەم بۆچوونە لەوەدایە کە پێمان دەڵێت نابێت وا بیر بکەینەوە «یا هەموو یا هیچ»؛ تەنانەت وانەیەکیش بەکوردی وەک سەرەتایەک دەتوانێت زمانی کوردی بەرێتە نێو سیستەمی پەروەردە و شتی دیکەی بەدوادا بێت. ئەم سەرەتایە بەرەبەرە ترس و گومانی دەسەڵاتداران و کەسانی نیگەران لە هاتنی زمانە نافارسییەکان بۆ نێو پەروەردە، کەم دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ زانکۆ و ئیدارەی پەروەردە و قوتابخانەکان و مامۆستایان دەبێتە ئەزموون تا بە ئەزموونەوە ڕگرتن لە کەموکووڕییەکانی وتنەوەی وانەیەک، بیر لە باشتر بەکارهێنانی بکەنەوە. وێڕای هەمووی ئەمانەش کەسانێک وەک مامۆستا و وانەبێژی وانەی کوردی، ژمارەیەکی زۆریش وەک فێرخواز، بۆ لای زمانی کوردی ڕادەکێشرێن.

٥-١-٢-٦-پاراستنی زمان

یەکێک لەو هۆکارانەی پرسیارلێکراوان لە پێوەندی لەگەڵ پەروەردە بە زمانی دایکدا پێیان لەسەر داگرتووە پاراستنی زمانە. بە تێگەیشتنی پرسیارلێکراوان، دەستەبەری مانەوەی زمانێک و ڕێگای دەربازبوونی لە توانەوە، بوونی بە زمانی پەروەردەیە. پرسیارلێکراوێک وتوویەتی:

(٣٣): زمانی کوردی لە پاڵ زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێویستە لە فێرگەکانی خوێندن، زمانی سەرەکیی خوێندن و پەروردە بن و لەم ڕێگەیەوە هەوڵ بۆ پاراستنی لە ئاسیمیلاسیۆن و سڕینەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە بدرێت.

لە چەندین وەڵامدا، پاراستنی زمان وەک مەرجی پاراستنی ناسنامە ئاماژەی پێکراوە. لە ڕوانگەی پرسیارلێکراوانەوە پاراستنی زمان دەبێتە هۆی پاراستنی ناسنامە و یەکێک لە گرنگترین ڕێگاکانی پاراستنی هەر زمانێکیش، پەروەردە بەو زمانەیە. لە یەکێک لە وەڵامەکاندا هاتووە:

(٢): پەروەردە بە زمانی دایک وێڕای باشتر فێربوونی منداڵان، دەبێتە هۆی پاراستن و مانەوە و پێشکەڤتنی زمانی کوردی.

پرسیارلێکراوێکیش وتوویەتی:

(٣٧): ئەو منداڵانەی بەبێ خوێندنی زمانی دایک دەبنە جووتزمان، زمانی یەکەمیان وردە وردە لەبیر دەچێتەوە و زمانی دووەم بەسەر بیر و هزریاندا زاڵ دەبێت و لە کولتوور و گوتاری زمانی دووەمدا حەڵ دەبن.

ئەوە کە لە ئێران تەنیا یەک زمانی فەرمی هەیە و هەر ئەو زمانەش زمانی پەروەردەیە، زمانەکانی دیکەی ڕووبەڕووی مەترسیی لاوازبوون و دابەزینی پێگە و تەنانەت مەترسیی لەنێوچوون کردووە. یەک لە ڕێگاکانی بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە ئەوەیە زمانە نافارسییەکانیش بە فەرمی بناسرێن و ببن بە زمانی پەروەردە.

پاراستنی زمان لەڕێگای بەکارهێنانی لە پەروەردەدا لەو خاڵانەیە کە پرسیارلێکراوان گرنگییەکی تایبەتیان پێداوە. «پاراستنی زمان» چەمکێکی ناسراوی بواری زمانەوانییە. یەکێک لە پێناسەکانی ئەو چەمکە ئەوەیە کە لێکۆڵەری کورد «سلێمان» لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا کە تایبەتە بە سیاسەت و پلانی زمانی لە ڕاگەیاندنداء هێناویەتی: «پاراستنی زمان ئەم هەوڵ و کۆششانەیە لە پێناو پاراستنی زمانی دایک لەو هۆ ناوەکی یا خود دەرەکیانەی کە دەبنە مایەی مەترسی بۆسەر زمانەکە، یانیش دەبنە هۆی پووکانەوە و سست بوونی

زمانەکە» (سلێمان،٢٠٢٢:٢٣٠). ئەوە کە پرسیارلێکراوان، بوونی زمانی کوردی بە زمانی سەرەکیی پەروەردەیان، بە بەربەستێک لەسەر ڕێگای سەرینەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە ناو بردووە، تەواو لە جێی خۆیدایە. چونکە ئەو مندااڵنەی لە خوێندنگە ناچارن بە زمانێکی دیکە بخوێنن و زمانەکەی خۆیان بە تەواوی لە پەروەردە وەلا دەنرێت، لەگەڵ مەترسیی لەدەستدانی زمانی یەکەم ڕووبەڕوو دەبنەوە، بەڵام کاتێک زمانی ئەوان ببێتە زمانی پەروەردە، جگە لەوەی مەترسیی لەدەستدانی زمانیان لەسەر الدەچێت، بواڕێکی بەرفەرە بۆ مانەوە و گەشەی زمانەکەیان پێک دێت.

٥-٢-پرسیاری دووەم

٥-٢-١-ناساندنی پرسیار

دووەم پرسیار ئەمەیە: «تواناییی زمانی کوردی بۆ ئەوەی ببێت بە زمانی پەروەردە ، لە چ ئاستێکدا دەبینی؟» مەبەست لەم پرسیارە ئەوەیە بزانین ئەگەر دەوڵەتی ئێران داخوازی خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستان پەسەند بکات، لە ڕوانگەی پرسیارلێکراوان: پەکەم، ئایا زمانی کوردی تواناییی ئەوەی هەیە ببێتە زمانی پەروەردە؟ دووەم، ئەگەر وەڵامەکە ئەڕێیە، چۆن دەیسەلمێنن کە ئەم تواناییەی هەیە؟ سێیەم، ئەگەر پێیان وایە زمانی کوردی ناتوانێت ببێتە زمانی پەروەردە، لێکدانەوە و بەڵگەیان بۆ ئەم وەڵامە چییە؟

٥-٢-٢ وەڵامەکان و لێکدانەوەیان

لە ڕەوتی کۆدبەندیی وەڵامەکاندا، ژمارەیەک چەمک بەرجەستە بوونەوە. ئەو چەمکانەی گشتگیرن و توانای لەخۆگۆکردنەوەی ژمارەیەک چەمکی دیکەیان هەیە، بریتین لە پێنج چەمک (بڕوانە خشتەی ژمارە ٥): ١- لێکچوونی زمانەکان، ٢-تواناییی زمان، ٣-سیاسەتی زمانی، ٤-ئامادەکردنی زمان و ٥-پێگەی زمان.

ژمارە	چەمکە سەرەکییەکان	چەمکە لاوەکییەکان	کۆدە پێوەندیدارەکان	نموونەی دەقی وەرگیراو
١	**لێکچوونی زمانەکان**	سروشتی زمان، توانای هێزەکی(ماتەوزە)، توانایی کردەیی(ئیستایی)	ئەزموونی باشووری کوردستان	"سروشتی زمان سروشتێکی خوڕێکخەر و پەرەگرە. بۆیە هەموو زمانەکان ئەو تواناییەیان هەیە بین بە زمانی پەروەردە و زمانی هونەر و سیاسەت و هەموو زانستەکانیتر" (٣).
٢	**توانایی زمان (ی کوردی)**	ئاستی توانایی، دەوڵەمەندی، تایبەتمەندییەکانی	زۆر بەرز، حاشاهەڵنەگر، فراوانیی شیوەزار، فرە ئاخیوەر	وەک زمانێکی تەواو توانایی ئەوەی هەیە ببێتە زمانی پەروەردە و دەکرێت توانایی هێزەکیی زمانی کوردی ببێتە سەرمایەی فیرکردنی هەموو ئەوە جۆرە زانستانەی پێویستە مرۆڤ فێریان بێت"(٢٩).
٣	**سیاسەتی زمانی**	هەژمونی زمان، ئایدۆلۆژیای سیاسی، سیاسەتی کولتووری، زمانی دەسەڵات	فاشیزمی زمانی، نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی	"ev potansiyel heye ku bibe zimanê Kurdî perwerdeyê lê rêpênedan û faşîzma zimanê nahêle ku zimanê kurdî bikemile.desthilatê " (١٦).
٤	**ئامادەکردنی زمان**	بەفەرمی ناسین، هاوچەرخبوون، پێویستییەکانی زمانی پەروەردە	تاقیکردنەوە و هەڵەکردن، ماموستای ڕاهێنراو، کتێبی دەرسی	"زمانی کوردی لە ئێستەیدا پێویستی بە چارەسەرکردنی کێشەی هاوچەرخبوونە کە بتوانێت لەم جیهانە خێرا و بێبەزەییەدا مافی مانەوە و هەناسەدانی وەربگرێت"(١١).
٥	**پێگەی زمان**	زمانی نەتەوە، زمانی فەرمی، زمانی پەروەردە، زمانی سەردەست، زمانی زارەکی	پرستیژی زمان، لاسەنگیی زمان	"زمانێک کاتێک ببێت بە زمانی پەروەردە و ئاکادیمیا، هەروەها ببێت بە زمانی یەکەمی ڕاگەیاندن و هتد، پرستیژ بە ئاخیوەری خۆی دەدات" (٩).

(خشتەی ژمارە ٥) وەڵامەکانی پرسیاری دووەم

٥-٢-٢-١-لێکچوونی زمانەکان

دەستەواژەیەک کە لە زیاتر لەسەدا بیستی وەڵامەکاندا بە شێوەی ئاشکرا و شاراوە هاتووە، لێکچووادن و بەراوردی زمانی کوردی بە زمانەکانی دیکەی جیهانە. گوتراوە هەموو زمانانی دنیا توانایی بوون بە زمانی پەروەردەیان هەیە. ئەم قسەیەش بە پشتبەستن بە تایبەتمەندییە هێزەکییەکانی زمان کراوە. پرسیارلێکراوێک یەکێک لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی زمانەکانی بەم جۆرە باس کردووە:

(٣): سروشتی زمان سروشتێکی خۆڕێکخەر و پەرەگرە. بۆیە هەموو زمانەکان ئەو تواناییەیان هەیە ببن بە زمانی پەروەردە و زمانی هونەر و سیاسەت و هەموو زانستەکانی دیکە.

پرسیارلێکراوێکی دیکە بەم جۆرە ئاماژەی بەم خاڵە کردووە:

(٥): هیچ زمانێک، لە زاتی خۆیدا، لێهاتوو یان نالێهاتوو نییە. توانایی ئامادەییەکە کە بە دەرفەتپێدان و پشتگیری کردنی زمان دابین دەبێت.

کۆدێک کە لە وەڵامەکانی تایبەت بەم پرسیارەدا دووپات بووەتەوە و چەندین کەس ئاماژەیان پێکردووە «ئەزموونی باشووری کوردستان»ە. پرسیارلێکراوێک مەبەستی خۆی لە ئاماژە بە باشووری کوردستان بەم جۆرە دەربڕیوە:

(١٤): زمانی کوردی توانایی ژێرخانیی هەیە و ئەگەر خزمەت بکرێت لە فارسی نامێنێتەوە. پەروەردە بە کوردی لە هەرێمی کوردستان، بەڵگەی دروستیی ئەم قسەیە.

لە باشووری کوردستان، ئەو زمانە نەک هەر لە بواری پەروەردە، بەڵکو لە بوارەکانی دیکەشدا توانایی خۆی سەلماندووە. پرسیارلێکراوێک لەم بارەیەوە وتوویەتی:

(٢٦): زمانی کوردی پێشتریش بە نموونە لە باشووری کوردستان سەلماندوویەتی کە دەتوانێت زمانی پەروەردە بێت، هەروەها توانیوێتی زمانی حکومەت و دادگا و پەرلەمانیش بێت.

٥-٢-٢-٢-توانایی زمان (ی کوردی)

کۆمەڵێک بۆچوون لە دووتوێی وەڵامەکاندا خراونە ڕوو کە پێوەندییان بە ڕەهەندەکانی «ئاستی توانایی»، «دەوڵەمەندیی زمانی کوردی»، «تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی»، هەروەها سامانی نووسراوی زمانی کوردییەوە هەیە. زۆربەی وەڵامەکان ئاستی توانایی زمانی کوردییان بۆ ئەوەی ببێت بە زمانی پەروەردە، بە ئەرێنی و بە دەستەواژەکانی بەرز، زۆر بەرز و گونجاو باس کردووە. لە هێندێک لە وەڵامەکاندا، بە پشتبەستن بە توانایی هێزەکی(بالقوە) ی زمانی کوردی، ئەم زمانە بۆ پەروەردە بە زمانێکی گونجاو زانراوە:

(٢٩): زمانی کوردی وەک زمانێکی تەواو توانایی ئەوەی هەیە ببێتە زمانی پەروەردە و دەکرێت توانای هێزەکیی زمانی کوردی ببێتە سەرمایەی فێرکردنی هەموو ئەو جۆرە زانستانەی پێویستە مرۆڤ فێریان بێت.

پرسیارلێکراوێک ئێستا و ١٠٠ ساڵ لەمەوبەری زمانی کوردیی بەراورد کردووە:

(١٢): ١٠٠-١٢٠ساڵ لەمەو پێش زمانی کوردی زمانی زارەکی بوو، ئێستا زمانی خوێندن و ئیدارە و یاسا و ڕاگەیاندنە. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە زمانی کوردی وەک هەر زمانێک ئەگەر ڕێگای پێبدرێت و بواری بۆ بڕەخسێنرێت، دەتوانێت زمانی پەروەردە بێت.

لە ڕوانگەی پرسیارلێکراوانەوە، یەکێک لە نیشانەکانی بەرزبوونی ئاستی توانایی زمانی کوردی، دەوڵەمەندبوونی ئەو زمانە لە ڕووی فرەزاری و وشەیە. پرسیارلێکراوێک وتوویەتی:

(٢): فراوانیی شێوەزارەکانی کوردی و هەروەها بنزارەکانی، هۆکاری دەوڵەمەندیی زمانی کوردین و ئەم هەندە توانایی هەیە کە بتوانێت ببێتە زمانی پەروەردە و لە گشت بوارەکانی

زانستی و ئەدەبی کەلکی لێوەربگێرێت.

بوونی زار و بنزاری زۆر و جۆراوجۆر، کە پرسیارلێکراوان ئاماژەیان پێکردووە، پێشتریش لەلایەن ژمارەیەک لە پسپۆرانی زمانی کوردییەوە بە هۆکارێکی دەوڵەمەندیی زمانی کوردی دانراوە. بۆ وێنە بەڕێوەبەری «ئەنستیتۆی زانست» لە ئیلام پێی وایە: «فرەزاراوەیی [فرەزاری] لە هەر زمانێکدا نیشانەی دەوڵەمەندییە، چونکوو بەقەد ژمارەی زاراوەکان[زارەکان]، ژمارەی ئەگەرەکانی وشەسازی، زۆرتر دەبێت» (ڕەحیمی،٢٠٠٧:١٥).

چەند پرسیارلێکراوێک پاشخان و سامانی ئەدەبیی زمانی کوردییان وەک فاکتەرێکی دەوڵەمەندیی ئەو زمانە ناو بردووە. لە چەند وەڵامیشدا ئاماژە بە پانتاییی جیوگرافیایی، ژمارەی زۆری ئاخێوەر، دوڵەمەندیی زمانەکە لە ڕووی وشەوە و «زیاتر لە پێنج سەدە مێژووی مەکتووب» وەک پاشخانی مێژوویی ئەو زمانە کراوە. یەک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی بەپێی وەڵامەکان ئەوەیە کە فێرخوازان بەئاسانی ئەم زمانە فێر دەبن. بەڵگەی ئەوان بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە هەر لەم ساڵانەی دواییدا بە هەزاران کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کەمترین هەوڵ و خۆماندوو کردن، فێری خوێندنەوە و نووسین بە کوردی بوون. لە یەکێک لە وەڵامەکاندا گوتراوە:

(٥): کوردی بە سەرنجدان بەو ڕێنووسەی هەیەتی، بە بەراورد لەگەڵ زمانی فارسی و ئەو ڕێنووسەی ئێستای، لەباری فێرکارییەوە ئاسانترە و لانی کەم منداڵان لەگەڵ کێشە و گرفتی زۆر ڕووبەڕوو ناکا.

ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان ئاماژەیان بە لاوازیی زمانی کوردی لە ڕووی زانستییەوە کردووە و دەڵێن کوردی زمانێکی توانایە، بەڵام بەداخەوە وەڵامدەری هێندێک لە زانستەکان نییە. لاوازیی توانایی ئەو زمانە بۆ بابەتە زانستییەکان لە وەڵامێکدا بەم جۆرە هاتووە:

(٤٩): لە بواری بیرکاری و زانستە تەجروبییەکاندا لاوازیی پێوە دیارە کە ئەویش هی کارپێنەکردنی زمانە؛ لەباری ئەدەبییەوە زۆر بەهێز و لەباری زانستییەوە لاوازە.

بەپێی بۆچوونی چەند کەس لە پرسیارلێکراوان زمانی کوردی لەباری زانستییەوە پێویستی بە زاراوەی نوێ هەیە. پرسیارلێکراوێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وتوویەتی:

(٣٠): لەڕاستیدا هەموو زمانەکان لە سەرەتادا پێویستیان بە قەرزوەرگرتن لەزمانەکانی دیکە بووە، بەڵام لەئەنجامدا خۆیان بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ پەروەردە و خوێندن بەو زمانە.

کۆی ئەو وەڵامانەی پرسیارلێکراوان بە پرسیاری دووەمیان داوەتەوە دەیسەلمێنن کە خاوەنەکانیان کەمترین گومانیان لەبارەی توانایی زمانی کوردی بۆ بوونی بە زمانی پەروەردە

هەیە. جگە لەوەی ئەزموونی باشووری کوردستان ئەم توانایییەی سەلماندووە، هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای ڕێگاپێنەدرانی زمانی کوردی وەک زمانی پەروەردە، نووسەران، میدیاکاران، لێکۆڵەران، هونەرمەندان و... هتد، ئەم زمانە لە بواری جۆراوجۆردا بەکار دێنن. شارەزایانی زمانی کوردی لەو بەشەی کوردستان دەوڵەمەندترین فەرهەنگەکانی وشە و ئەنسیکلۆپیدیای کوردییان ئامادە و بڵاو کردووەتەوە کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە «فەرهەنگی پازار» لە دانانی سەحەر موعیزی و «فەرهەنگی باشوور» لە دانانی ئاکۆ جەلیلیان بکەین. «فەرهەنگی پازار یەکێک لە کاملترین و گشتیترین فەرهەنگی ناسینی ڕەنگەکان لە کوردستان و سەراسەری ئێراندایە و بە خزمەتێکی گەورە بە مێژووی ڕەنگناسی لە زاگرۆس و کوردستان و ناوچەکە دەژمێردرێ» (کوردستانوکورد،٢٠٢٢). «فەرهەنگی باشوور»یش لە ٣٦ هەزار وشەی کوردیی زارەکانی لەکی، کەڵهوڕی، گۆرانی، فەیلی و لوڕی پێک هاتووە. ئاکۆ جەلیلیان هەروەها «دایرەتولەعاریفی کوردیکا»ی بەرهەم هێناوە کە تەنیا بەشی وشەنامەکەی لە سی(٣٠) بەرگ پێک هاتووە و ٣٦٠ هەزار وشەی کوردیی هەموو زارەکانی لە خۆی گرتووە(جەلیلیان، ٢٠٢٠). لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زمانی کوردی لێکۆڵینەوەی زانستیی پێنووسراوە و پێیدەنووسرێت؛ چاڵاکانی بواری زمانی کوردی هەوڵی زۆرکردنی بەرهەم بەو زمانە و چالاکترکردنی لە تۆڕی جیهانیی ئەنترنێتیان داوە. تەنانەت هێندێک لە گۆڤار و ماڵپەرەکان بە نموونە گۆڤاری تازەپێهەڵگرتووی «بەیان» لاپەڕە و شوێنی تایبەت بە زاراوەی بیرکاری، فیزیا، زیندەوەرناسی و زانستەکانی دیکەیان بە زمانی کوردی وەڕێ خستووە.

٥-٢-٢-٣-سیاسەتی زمانی

زۆربەی پرسیارلێکراوان ئایدۆلۆژیای سیاسیی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئێرانیان لەبەردەم بوونی زمانی کوردی بە زمانی پەروەردە وەک کۆسپ و ڕێگر دیتووە. پرسیارلێکراوێک «فاشیزمی زمانی»، کە لەڕاستیدا سیاسەتی تاکزمانیی دەسەڵاتی ئێرانی مەبەستە بە ڕێگر زانیوە:

(16): Kurdî, ev potansiyel heye ku bibe zimanê perwerdeyê lê rêpênedan û faşîzma zimanê desthilatê, nahêle ku zimanê kurdî bikemile. Eger derfeta perwerdeyê bête rexsandin, kurdî jî wekî her zimanekî din dikare bibe zimanê perwerdeyê.

لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی زمانیی حکومەتی ئێراندا پرسیارلێکراوان سوودیان لە کۆمەڵە چەمکێکی وەک ئایدۆلۆژیای زمان، هەژمۆنی زمان، فاشیزمی زمانی و پلانی زمانی وەرگرتووە. ئەمە ڕوونداوێکی بەڕێکەوت نییە. لەڕاستیدا بەهۆی ئەم چەمک و دەستەواژانە ویستوویانە چییەتی و ناوەرۆکی ئەو سیاسەتە زمانییە بناسێنن. لە زۆر وڵاتان سیاسەتی زمانی بەهۆی ئایدۆلۆژیای سیاسییەوە، ئاراستە دەکرێت و دامەزراوەی پەروەردەش مەیدانێکی گرنگە بۆ زاڵکردنی هەژمۆن و لەمەیدان وەدەرنانی زمانانی دیکە. تۆلێفسۆن (٢٠١٣) لەم بارەیەوە وتوویەتی: «لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان دەریانخستووە کە دامەزراوە پەروەردەییەکان، دەتوانن بە پیادەکردنی سیاسەتی زمانیی هێژمۆنیک، کارئاسانی بۆ پەراوێزخستنی زمانی کەمینەکان و بەکارهێنەکانیان بکەن» (سورخی، ٦٣:٢٠١٩). دیارە زمانی فارسی، تاکە زمانی فەرمیی ئێران لە هەموو بوارەکاندایە، بۆیە سروشتییە کە زمانی کوردی و هەموو زمانە نافارسییەکانی نێوخۆی ئێران، هەژمۆنی زمانی فارسییان بەسەرەوە بێت.

یەکێک لەو پرسە گرنگانەی لە ژمارەیەک لە وەڵامەکاندا ئاماژەی پێکراوە ناوەرۆکی سیاسەت و پلاندانانی زمانیی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لەبارەی ئەو سیاسەتە زمانییە یەکێک لە پرسیارلێکراوان وتوویەتی:

(٣٤): پێویستە داڕشتنی ناوەرۆکی کتێبەکان، تایبەت بە زمانی کوردی بێ و کولتوور، مێژوو، ئەدەبیات، هونەر و موسیقی، بەها کۆمەڵایەتییەکان و بە گشتی پاشخانی ئاخێوەران تێیدا ڕەنگ بداتەوە.

پێویستیی ڕەنگدانەوەی کولتوور و مێژوو و هونەر و ئەدەبیاتی کوردی لە کتێبە دەرسییەکانی تایبەت بە پەروەردە لە کوردستاندا خاڵێکی گرنگە، واتە هەر ئەوەندە کە پەروەردە بە زمانی کوردی بێت بەس نییە، بەڵکو ناوەرۆکی پەروەردە بە تایبەتی ناوەرۆکی کتێبەکانی خوێندنیش گرنگیی خۆیان هەیە. ئەم جۆرە چاوڕوانییە، لە شوێنەکانی دیکەی جیهانیش کە پرسی پەروەردەی کەمینە زمانییەکان بە زمانی دایک، بایەخیان پێدەدرێت، بووە بە جێگەی باس و پسپۆران ڕێوشوێنیان بۆ دۆزیوەتەوە. کارۆڵ بێنسۆن ڕاوێژکاری

وەزارەتخانەکان و دامەزراوە نادەوڵەتییەکان لە جێبەجێکردنی زۆر لە مۆدێلەکانی پەروەردەی فەرمانی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا، خاوەن پسپۆری و لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی پەروەردەی فەرمانییە. ناوبراو بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی (٤٥) ساڵ تێکۆشانی خۆی لەو بوارەدا، کۆمەڵێک پێشنیازی بۆ جێبەجێکردنی هەرچی کاریگەرتری مۆدێلەکان ئامادە کردووە. لە یەکێک لەپێشنیازەکانیدا لەسەر پێویستیی ڕەنگدانەوەی کولتوور و ژینگەی فێرخوازان لەکتێبە پەروەردەییەکاندا پێی داگرتووە: «... پێشنیازی پێنجەم: ناوەرۆکی وانەکان دەبێت لەگەڵ کولتوور و ژینگەی گەشە و هەڵدانی قوتابییان گونجاو بێت. سوودوەرگرتن لە زمانی دایک وەک زمانی پەروەردە بەس نییە، بەڵکو پێکەوە گونجانی ناوەرۆکی وانەکان و ژینگە و شێوازەکانی پەروەردەش دوو مەرجی گرنگی سەرکەوتووبوونی قوتابییان لە خوێندنی وانەکاندان» (اومود، ٥٥:١٣٩٤). بە دەربڕینێکی دیکە، ناوەرۆکی وانەکان دەبێت لە داب و نەریت، کولتوور، بەها و بایەخەکان، مێژوو، ناسنامەی ئێتنیکی، زمان، جیوگرافیا، ئەدەبیاتی زارەکی و نووسراوی فێرخوازان پێک بێت و وێڕای ڕێزلێگرتنیان، ببێتە هۆی بەرەوژووربردنی زانیاری و ناسینی منداڵان لەبارەی خۆیانەوە.

٥-٢-٢-٤-ئامادەکردنی زمان

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی پرسیارلێکراوان توانایی زمانی کوردی بۆ بوون بە زمانی پەروەردەیان بەگونجاو زانیوە، بەڵام ژمارەیەکیان بڕوایان وابووە کە زمانی کوردی بەهۆی ئەوەی تا ئێستا بواری پێنەدراوە ببێتە زمانی پەروەردە، پێویستی بە ئامادەکردن هەیە. یەکێک لە ڕێگاکانی ئامادەکردنی زمان بۆ ئەوەی ئەرکی قورستر (بۆ وێنە بوونی بە زمانی پەروەردە)ی، پێ بسپێردرێت پێویستی بە تێپەڕین بە قۆناغی تاقیکردنەوە هەیە. پرسیارلێکراوێک بۆچوونی وا بووە کە زمانی کوردی پێویستە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە قۆناغی «تاقیکردنەوە و هەڵە»دا تێپەڕ بێت تا خاڵە بەهێز و لاوازەکان دەربکەون. بۆچوونی پرسیارلێکراوێکی دیکە لەسەر زمانی کوردی بەم جۆرە بووە:

(٣٧): بۆ ئەوەی بەکاری هەموو بوارە زانستییەکان بێت، دەبێت چەند ساڵێک بە شێوەی کردەیی لەو بوارانەدا کەڵکی لێوەرگرین. داتاکان کۆ کەینەوە بۆ ئەوەی بزانین کەم و کۆڕییەکان لەچیدا زیاتر خۆنیشان دەدا.

زمانێک کە لە زۆر بواریدا ڕێی لێگیرابێت، سروشتییە کە چالاکییەکانیشی کەمتر دەبنەوە. پرسیارلێکراوێک بەم جۆرە ئەم مەبەستەی دەربڕیوە:

(١٨): تواناکانی زمانی کوردی لە دوو بەشدان: یەکەمیان کە پوتانسیەلە، پوتانسیەلی زمانی کوردی، زۆر بەرزە. بەڵام بەشێکی دیکەی ئەکتیڤ و بوونی ئێستایە کە تا ڕادەیەک دەتوانین بێژین لاوازە.

پێویستیی هاوچەرخبوون بابەتێکی دیکەیە کە پرسیارلێکراوان قسەیان لەسەر کردووە:

(١١): زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت لەم جیهانە خێرا و بێبەزەییەدا مافی مانەوە و هەناسەدان وەربگرێت پێویستیی بە چارەسەرکردنی کێشەی هاوچەرخبوونە.

بۆ بەڕێکەوتنی پەروەردە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێندێک پێویستیی دیکە هەن کە دەکرێت ناوی پێویستیی پەروەردەییان لەسەر دابنێین. لەنێو پرسیارلێکراواندا یەکێکیان بەم جۆرە ئاوڕی وەسەر ئەم جۆرە پێویستیانە داوەتەوە:

(٣٤): پەروەردە بە زمانی کوردی، پێویستی بە ڕاهێنانی مامۆستا بۆ قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خوێندن و بۆ لقە جۆراوجۆرەکان هەیە، هاوتەریبی ئەوەش پێویستە هەموو جۆرە کەرەستەیەکی بۆ دابین بکرێ، کتێب و سەرچاوە زانستییەکان بەشێکی هەرە گرنگی ئەو پرسەن.

٥-٢-٢-٥-پێگەی زمان

چەمکێک کە پرسیارلێکراوان بۆ پێشاندانی بایەخ و گرنگیی زمانێک لە ڕوانگەی ئاخێوەرانی، یان بۆ باسکردنی ڕوانینی حکومەت و دامەزراوە فەرمییەکان بۆ ئەو زمانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەکاریان هێناوە «پێگەی زمان»ە. پێگەی زمانێک بە زۆری بەهۆی ئەو ئاوەڵناوانەی بەدوایدا دێت دەردەکەوێت. هێندێک لەو دیارخەر و ئاوەڵناوانەی بەدوای وشەی زماندا دێن، بۆ نموونە: زمانی دایک، زمانی نەتەوەیی، زمانی فەرمی، زمانی هاوبەش، زمانی پەروەردە، زمانی ستاندارد، زمانی زانست، زمانی بازاڕ، زمانی نێودەوڵەتی و...هتد، پێشاندەری پێگەی ئەو زمانەن. لە وەڵامی پرسیارلێکراواندا ژمارەیەک کۆد و بۆچوون و دەربڕین هەبوون کە لە خانەی چەمکی «پێگەی زمان»دا جێگایان دەبێتەوە. هەڵبژاردەیەک لەم بۆچوونانە بەم جۆرەن:

أ-بەرزبوونەوەی پێگەی زمان بەهۆی پەروەردەوە:

چەند پرسیارلێکراوێک، بەکارهێنانی زمان لە پەروەردەیاندا بە هۆکارێکی گرنگ بۆ بەرزبوونەوەی پێگەی ئەو زمانە زانیوە. بە نموونە:

(٩): زمان کاتێک ببێت بە زمانی پەروەردە و ئاکادیمیا، هەروەها ببێت بە زمانی یەکەمی ڕاگەیاندن و... هتد، پرستیژ بە ئاخێوەری خۆی دەدات.

بەپێی یەکێک لە وەڵامەکان زمانی پەروەردە لەسەر هۆگریی منداڵان بۆ لای کولتوور و مێژووی نەتەوەکەیان کاریگەریی هەیە:

(٤١): پەروەردە بە زمانی دایک، بۆ تێگەیشتن لە دنیای دەوروبەری و لە ماناکان و لە وانەکانی فێرگە و هەروەها بۆ ناسینی فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەکەی زۆر گرینگە.

بە تێگەیشتنی پرسیارلێکراوان بەرزکردنەوەی پێگەی زمان، لە ڕێگای کردنی بە زمانی فەرمی و زمانی پەروەردە، دەتوانێت زمانێکی مردوو زیندوو بکاتەوە. زمانی کوردی نە زمانێکی مردوویە و نە لەئاستی زمانێکی زارەکییشدا ماوەتەوە، بۆیە ئەگەر بەفەرمی بناسرێت و بکرێتە زمانی پەروەردە، هەلومەرجێکی لەبار بۆ گەشەکردنی پێک دێت.

ب- کوردی زمانی نەتەوەیەکە نەک کەمایەتییەکی زمانی:

لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، پێکهاتەیەکی نەتەوەیی، ئەگەر کەوتبێتە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی، لەگەڵ ئەوەی بە ژمارەش کەمینە نەبێت، وەک کەمینە چاوی لێدەکرێت. تۆڕەرێکی کورد لەم بارەیەوە وتوویەتی: «کەمایەتی چەمکێکی سیاسییە نەک ئاماری، واتە کە دەگوترێت زمانی کەمایەتی، بەو واتایە نییە کە زمانەکە ژمارەیەکی کەم ئاخێوەری هەیە، بەڵکو زمانێکە کە ئاخێوەرانی لەباری سیاسییەوە خراونە پەراوێزەوە» (علوی،٢٠١٥). پرسیارلێکراوان زاراوەی کەمینەی نەتەوەیی و زمانییان بۆ کورد بە گونجاو نەزانیوە. ئەوان نەک وەک زمانی کەمایەتییەکی زمانی، بەڵکو وەک زمانی نەتەوەیەک باسی زمانی کوردییان کردووە. بە نموونە پرسیارلێکراوێک وێڕای بەرزنرخاندنی توانایی زمانی کوردی بۆ پەروەردە وتوویەتی:

(٤٤): زمانی کوردی، زمانی نەتەوەیەکە کە ژمارەی دانیشتووانی بە دەیان میلیۆن کەس لە جیهاندا مەزەندە دەکرێت.

یەکێکی دیکە پێی وابووە:

(٣٦): بەو پێیەی زیاتر لە (٥٥) ملیۆن کەس[1] قسەی پێدەکات، ئەمەش وایکردووە وەك زمانێکی دیار لەنێو پێگەی زمانناسی جیهانیدا بناسێنرێت.

بۆچوونی پرسیارلێکراوان لەسەر پێگەی زمانی کوردی گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم گرنگییە بۆ دروستیی بۆچوونەکەیان دەگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا زمانێک کە دەبێت بە زمانی پەروەردە، دەبێتە خاوەنی شکۆ و لە زۆر بارەوە بۆ وێنە لەباری زانستی، لەباری بەرهەمهێنانی وشە و چەمکی پێویست بەو بواڕە، پێش دەکەوێت. هەروەها کردە و پرۆسەی فێربوون لای فێرخوازی سەر بەو زمانە ئاسانتر دەکات. وێڕای ئەمانەش زمانەکە لە زارەکی بوون

١- ڕێگریی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە بەڕێوەچوونی سەرژمێریی وردی دانیشتوانیان لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی و زمانی، بووە بە هۆی ئەوە تۆڕەران و چالاکانی سیاسیی نەتەوە بندەستەکانی ئەو وڵاتانە و یەک لەوان نەتەوەی کورد، بۆ خستنەڕووی ئاماری نەتەوەکەیان، پەنا بۆ مەزەندەکردنی جۆراوجۆر و گۆترەبێژی و مێتۆدی دیکە بەرن کە زۆرجار دوور لە ڕاستی دێنە بەرچاو.

دەرباز دەبێت و دەبێت بە زمانی نووسین. دیارە زمانی کوردی سەدان ساڵە بووە بە زمانی نووسین، بەڵام پەروەردە دەتوانێت بیکاتە پردێک بۆ پەرەگرتن و ڕاگوێزرانی لە نەوەی ئێستا بۆ نەوەکانی داهاتوو. لای ئاخێوەرانیشی بە تایبەتی لای ئەو کەسانەی بەو زمانە دەخوێنن، ڕێز و خۆشەویستیی زیاتر دەبێت.

سەرەڕای ڕەهەندەکانی دەوڵەمەندیی زمانی کوردی کە پرسیارلێکراوان لە وەڵامی پرسیاری دووهەمدا ئاماژەیان پێکردووە، وێڕای ئەوەش کە پلەی چلەمینی لەنێو زمانانی دنیادا لەباری ژمارەی ئاخێوەرەوە هەیە، ئەم زمانە بەهۆی بێبەریکرانی لە پەروەردە و هەروەها ئەو قەدەغە و لەمپەرانەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان لەسەر ڕێگایان داناوە، لە ڕووی کولتوورییەوە دوا کەوتووە. حەسەنپوور لەم پێوەندییەدا نووسیویەتی: « زمانی کوردی لەباری ژمارەی ئاخێوەران چلەمین زمانی دنیایە و لە زمانی وەک سویدی و دانمارکی و هولەندی و فنلاندی لەسەرترە، بەڵام لەباری کولتوورییەوە (دەکارهێنانی لە زانست و ئەدەبیات و پەروەردە و هونەرەکاندا) لە ئەو زمانانە یەکجار وەدواکەوتووە» (حەسەنپوور،٢٠١۵:١۴٣). بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی و بوونی بە زمانی پەروەردە، پێگەی ئەم زمانە بەرز دەکاتەوە، دەتوانێت لەم دواکەوتنە ڕزگاری بکات و هەلومەرجێکی نوێ بۆ پێشکەوتنی بێنێتە کایەوە.

۵-۳-پرسیاری سێیەم

۵-۳-۱-ناساندنی پرسیار

سێیەمین پرسیار کە لە پرسیارلێکراوان کراوە بریتی بووە لە: «سیاسەتی زمانی لە ئێران بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟» ئامانج لەم پرسیارە ئاگاداربوون لە ڕوانگەی پرسیارلێکراوان لەبارەی سیاسەتی زمانیی وڵاتی ئێران بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدایە. لە ڕێگای وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە ویستوومانە بزانین لە ڕوانگەی ئەوانەوە، چ ئایدۆلۆژیایەک لەپشت ئەم سیاسەتە زمانییە هەیە؟ لاوازی و کەموکوڕییەکانی ئەم سیاسەتە چن؟ هەتا چەند ئەم سیاسەتە جێگەی ڕەزامەندیی پرسیارلێکراوانە؟ شوێنی زمانی دایک لە سیاسەتی زمانیی تایبەت بە بواری پەروەردەدا کوێیە؟ ئەم سیاسەتە زمانییە لەگەڵ واقیعی ئێران لە ڕووی فرەنەتەوەیی و فرەزمانی بە گونجاو دەزانن یان نا؟ دوای کۆدبەندیی وەڵامەکان، کۆمەڵێک چەمک بەدیار کەوتن. چەند چەمکێک سەرەکی و گشتگیرن کە بریتین لە:١- نەتەوەسازی، ٢-سیاسەتی زمانی بۆ بواری پەروەردە، ٣-ئەوانی دیکە و٤- چییەتیی کێشەی زمان لە ئێران. (بڕوانە خشتەی ژمارە ٦).

ژمارە	چەمکە سەرەکییەکان	چەمکە لاوەکییەکان	کۆنە پێوەندیارەکان	نموونەی دەقی وەرگیراو
١	نەتەوەسازی	دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، یەک زمان-یەک نەتەوە، ناسنامەی ئێرانی	نەتەوەی سەردەست، ئامرازی نەتەوەساز	" پەروەردە کاریگەرترین ئامراز بۆ نەتەوەسازی لە وڵاتە خاوەن دەسەڵات و دەوڵەتەکاندا، لە بەرانبەریشدا ڕێگایەکیش بووە بۆ پەراوێزخستن و تواندنەوەی زمانی نەتەوە بەکەمینەکراوەکان لەناو جوگرافیای سیاسیی هەمان وڵاتاندا(٣٣)
٢	سیاسەتی زمانیی ئێران بۆ بواری پەروەردە	تاکزمانی، ناوەندخوازانە، سەرکوتکەرانە، نادادپەروەرانە، پەراوێزخەرانە	ئایدیۆلۆژیک، شۆڤێنیستی، داسەپاو، نابەرانبەر، نەگۆڕ، جیاپێخواز	" لە خزمەتی هەژمونی نەتەوەی باڵادەست و لەپێناوی یەکدەستکردنی فەرهەنگیدا" (٤٥).
٣	ئەوانی دیکە	زمانەکانی دیکە، زمانە نافەرمییەکان، نەتەوە بندەستەکان	کورد، بەلووچ، تازەری، عەرەب، گیلەکی، مازنی، لور، تورکمان	" جگە لە زمانی فارسی هیچ بەهایەک نادرێ بۆ پەروەردەدن و بووژاندنەوەی زمانی گەلانی غەیرە فارسی ئێران وەک کوردی، بەلووچی، تازەری، گیلەکی، مازنی، لوری و..." (٢٢).
٤	چیبەتی کێشەی زمان لە ئێران	فەرمی و نافەرمی، زمانی دەسەڵات، لەدەستدانی زمان، هەڵوەردنی زمانی	چەکی زمان، داسەپاو نەک هاوبەش، زمانی مشەخۆر، ئامرازی دەستی دەسەڵات	"زمانی فارسی وەک زمانی باڵادەست و کەرەستەی دەستی دەسەڵات لە حاڵەتی هاوبەش و فەرمی دەرچووە و بووە بە دیاردەیەکی مەترسیدار بۆسەر زمانە جیاوازەکانی تری ئێران." (٣).

(خشتەی ژمارە ٦) تایبەت بە پرسیاری سێیەم

٥-٣-٢- وەڵامەکان و لێکدانەوەیان

٥-٣-٢-١-نەتەوەسازی

ژمارەیەکی بەرچاو لە پرسیارلێکراوان وەڵامی خۆیان بە پرسیارەکە بە سەرنجدان بە تێگەیشتنیان لەبارەی چییەتیی سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی ئێران، داوەتەوە. بە نموونە پرسیارلێکراوێک وتوویەتی: (٢٧): دەوڵەت-نەتەوەی ئێران سیستەمێکی ناوەندگەرای لەسەر بنەمای ڕەگەزی فارس و مەزهەبی شیعە و دروشمی "یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئاڵا" بەرز کردووەتەوە.

بەپێی بۆچوونی پرسیارلێکراوان ئەم دەوڵەتە کە هیی نەتەوەی فارسە و تەنیا زمانی ئەو نەتەوەیە بەفەرمی دەناسێت، پەروەردە بۆ نەتەوەسازی و زاڵکردنی تاکە زمانێک بەکار دەهێنێت. لە وەڵامی پرسیارلێکراوێکدا هاتووە:

(٣٣): پەروەردە کاریگەرترین ئامراز بۆ زاڵکردنی زمان و نەتەوەسازیی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچە و لەهەمان کاتیشدا ڕێگایەکە بۆ پەڕاوێزخستن و تواندنەوەی زمانی نەتەوە بەکەمینەکراوەکان.

بە تێگەیشتنی پرسیارلێکراوان لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتەوە(١٩٠٦) هەتا ئێستا سیاسەتی زمانیی ئێران لەسەر بناغەی تاکزمانی و سەپاندنی زمانی فارسی بەسەر هەموو خەڵکی ئێراندا دامەزراوە. سیاسەتی زمانیی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران لە بواری پەروەردەدا ئەوە بووە کە ناسنامەی نەتەوە نافارسەکانی ئێران بۆ ئاستی قەوم و خێڵ و هۆز، زمانەکەشیان هەتا ئاستی "گویش" (زاراوە)یەک لە زمانی فارسی، زمانی خۆجێیی و ناوچەیی دابەزێنێت و لەبەرانبەردا ناسنامەیەکیان بە ناوی "ناسنامەی ئێرانی" بەسەردا بسەپێنێت بۆ ئەوەی خۆیان وەک نەتەوەیەک کە زمانەکەی فارسییە، پێناسە بکەن. ڕێگەیەک بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم سیاسەتە زمانییە کە لە وەڵامی ژمارەیەک لە بەشداربووواندا هاتووە ئەوەیە کە نەتەوە نافارسەکان و بە تایبەتی نەتەوەی کورد، خەباتی خۆیان بۆ بە فەرمی ناسینی زمانەکەیان و بەدەستهێنانی مافی پەروەردە بە زمانی دایک تا گەیشتن بە ئەنجامی دڵخواز دریژە بدەن. چونکە لەم ڕێگەیەوە ئەوانیش دەتوانن پەروەردە و زمان بۆ پاراستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بەکار بێنن.

٥-٣-٢-٢-سیاسەتی زمانی لە بواری پەروەردەدا

لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی زمانی لە بواری پەروەردەدا جێی ئاماژەیە تەنانەت یەک پرسیارلێکراویش بە ئەرێنی، بۆچوونی خۆی لەسەر سیاسەتی زمانیی تایبەت بە پەروەردە لە ئێران باس نەکردووە. هێندێک لەو دەستەواژانەی بۆ پێناسەکردنی ئەو سیاسەتە زمانییە لەلایەن پرسیارلێکراوانەوە بەکار هاتوون بریتین لە: نازانستی، ناسروشتی، نامرۆڤانە،

دواکەوتوو، سەرکوتکەرانە، شکستهێناو، پاشەکشەهەڵنەگر (نەگۆڕ)، یەک لایەنە، داسەپاو، نابەرانبەر، نادادپەروەرانە، یەکچەشنکەری کولتوور، پەراوێزخەرانە، چەوسێنەرانە و...هتد. ڕوانگەی زاڵ بەسەر ئەو سیاسەتە زمانییەش بە کۆمەڵە ئاوەڵناوێکی وەک: ئێرانشاری، ئایدۆلۆژیک، شۆڤێنیستی، فاشیستی، ناوەندخوازانە، داگیرکەرانە، ئەمنییەتی و هیی دیکە ناسێندراوە. پرسیارلێکراوێک سیاسەتی زمانیی ئێرانی بە سیاسەتی سڕینەوەی جیاوازییەکان پێناسە کردووە:

(٤٩): سیاسەتێک لەپێناوی سڕینەوەی جیاوازییەکان، سەرنجنەدان بە زمانە نافارسییەکان و تواندنەوەیان بەتایبەت لە ئاستی خوێندنی فەرمیدا.

سەرجەمی وەڵامەکان بە وشە و دەستەواژەی جیاواز، یەک پەیامی هاوبەشیان گەیاندووە: لە ئێران نەتەوەی جیاواز و زمانی جیاواز و خەڵکانێک بە کولتووری جیاوازەوە هەن، بەڵام دەسەڵاتی وڵات دەیەوێت خەڵکی ئێران بە یەک نەتەوە (نەتەوەی ئێران) کە ئەم نەتەوەیەش زمانەکەی زمانی فارسییە پێناسە بکات. ئەو ڕوانینە کە پرسیارلێکراوان وەک تاکی کورد بەرانبەر بە زمانی فارسی هەیانە، هەر تایبەت بە کوردزمانانی ئێران نییە، پێکهاتە نافارسەکانی دیکەی ئێرانیش، کە زمانەکەیان وەک زمانی کوردی ڕووبەڕووی هەڵاواردن و سەرکوت بووەتەوە، هەمان هەستیان هەیە، ئەم هەستەی خۆیان لە بۆنەی جیاوازدا زۆر جار پێشان داوە. "اومود"، نووسەری کتێبی "آموزش به زبان مادری" کە خۆی تورکە و خەڵکی ئازەربایجانی ئێرانە، بە هەمان هەست و بۆچوون کە تاکی کورد بەرانبەر زمانی فارسی هەیەتی، لە کێشە و لێکەوتەکانی تاکزمانیی کۆڵیوەتەوە. "اومود"، لەبارەی سوودوەرگرتنی دەوڵەت- نەتەوە لە زمانی نەتەوەی سەردەست وەک ئامرازێک بۆ نەتەوەسازی پێی وایە: ''زمان ئامرازێکە لەدەست دەوڵەت- نەتەوەدا بۆ گۆڕینی زمانی پێکهاتە ئێتنیکییەکان، بەو ئامانجەی هەستی ئەندامەتی و بەستراوەیی بە نەتەوەی هاوبەشیان تێدا پێک بێت'' (اومود،٢٠١٦:١٦). لێکنزیکبوونی بۆچوونی بژاردەکانی دوو نەتەوەی نافارسی ئێران لەبارەی سیستەمی پەروەردە و سیاسەتی زمانیی وڵات سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە سیستەمی پەروەردەی ئێران هەوڵ دەدات هەموو ناسنامەکان، کولتووەکان و زمانەکان لە یەک زمان و ناسنامەدا بتوێننەوە، هەر بۆیە ڕێگری لەخوێندن بە زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکانی دیکەی ئێران دەکات.

٥-٣-٢-٤-ئەوانی دیکە

لە باسی ناوەرۆک و چییەتیی سیستەمی دەسەڵاتدارەتی و سیاسەتی زمانیی ئێراندا، پرسیارلێکراوان چەمک و دەستەواژەی لە چەشنی «یەکچەشنکردن»، «یەکدەستکردن»،

«سڕینەوە و تواندنەوەی زمان، کولتوور و ناسنامە نافارسییەکان یان نافەرمییەکان» و... هتدیان بەکار هێناوە. بە تێگەیشتنی پرسیارلێکراوان ئەوانەی دەبنە ئامانجی ئەم جۆرە سیاسەت و هەڵسوکەوتانە، هەر ئەوانەن کە دەکەونە دەرەوەی بازنەی نەتەوەی سەردەست و زمانی فەرمی و ناسنامەی سەپێندراو. پرسیارلێکراوان دەسەڵاتدارانی ئێرانیان وەک پەراوێزخەری زمان و کولتووری پێکهاتە نافارسەکان سەیر کردووە. پرسیارلێکراوێک زمانی فارسی وەک میکانیزمی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست بۆ سڕینەوەی زمانە نافارسییەکان ناساندووە:

(٤٥): زمان یەکێک لە بەهێزترین میکانیزمەکانی پێناسەکردنی ناسیۆنالیزمی فارسە کە نێزیک بە تەواوی هەژمۆنە کولتووری و میژووییەکەی، لەزمانی فارسیدا بەرجەستە دەبێت.

بەپێی بۆچوونی پرسیارلێکراوان، پەروەردەی تاکزمانی، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە بۆ لاوازکردن و پەراوێزخستنی زمانە نافارسییەکان دامەزراوە تا هەمووان بکات بە «خۆیی» و «خۆمانە»، بەڵام هەست و ڕوانینێکی تەواو پێچەوانەی تێدا پێک هێناون، واتە خۆیان بە نامۆ دەزانن.

٥-٣-٢-٥- چییەتیی کێشەی زمان (لە ئێران)

ئەو بۆچوونانەی بەشداربووان لە توێی وەڵامەکانیاندا لەبارەی کێشەی زمان لە ئێراندا دەریان بڕیبوو، بەرچاوڕوونییەکی زۆر لەبارەی ڕەهەندەکانی ئەو کێشەیە بە گوێگر و خوێنەر دەدەن. زمانی فارسی، زمانی فەرمی، زمانی داسەپاو، زمانی دەسەڵات، زمانی مشەخۆر، دابەزاندنی پێگەی زمان، لەدەستدانی زمان، پێویستیی نۆژەنکردنەوەی سیاسەتی زمانی، ئەو کۆد و چەمکانەن کە لەنێو وەڵامەکاندا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەبوون. بەگوێرەی وەڵامەکان ناوکەی سەرەکیی کێشەکە، ئەو پێگەیەیە کە دەوڵەت- نەتەوەی ئێران بۆ زمانی فارسیی دیاریی کردووە و بەردی بناغەی سیاسەتی زمانیی خۆی لەسەر داناوە. دەتوانین بۆچوونەکان لەبارەی کێشەی زمان لە ئێران بەم جۆرە پۆلێن بکەین:

أ- زمانی فەرمی، ئامرازی یەکسانسازی و پەراوێزخستن:

تێگەیشتنی پرسیارلێکراوان بۆ زمانی فەرمی (زمانی فارسی) تێگەیشتنێکی نەرێنییە. بەگوێرەی ناوەرۆکی چەندین وەڵام زمانی فەرمی لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ پەراوێزخستن و دابەزاندنی پێگەی زمانەکانی دیکە و سەپاندن و جێگیرکردنی ناسنامەی نەتەوەی سەردەست بەکار دەهێنرێت. ئەمە نموونەیەک لەو جۆرە بۆچوونانەیە:

(١): دەسەڵاتەکان بەردەوام بە سیاسەت و چەکی زمانی فەرمی و زمانی حکومەتی، هەوڵی ئەوەیان داوە زمانەکانی دیکە بتوێننەوە یان بە شێوەزارێکی بچووک و کەم نرخ لای

خاوەنی زمانەکە بیناسێنن.

ب- زمانی فارسی، زمانی داسەپاو، نەک هاوبەش:

هێندێک لە وەڵامەکان بە ڕاشکاوی ئەم بۆچوونەیان ڕەت کردووەتەوە کە زمانی فارسی لە ئێران، بە ڕەزامەندیی پێکهاتەکانی وڵات بووە بە زمانی هاوبەش و سەرانسەری. یەکێک لە پرسیارلێکراوان تاقانەبوونی ئەم زمانەی لەبارەی فەرمی و داسەپاوبوونی وەک دیاردەیەکی مەترسیدار ناساندووە:

(٣): زمانی فارسی وەک زمانی باڵادەست و کەرەستەی دەستی دەسەڵات لە حاڵەتی هاوبەش و فەرمی دەرچووە و بۆسەر زمانە جیاواز و جۆربەجۆرەکانی دیکەی ئێران بووە بە دیاردەیەکی مەترسیدار.

هەر ئەو بەشداربوویە زمانی فارسیی بە «چاڵەڕەش» بۆ قووتدانی زمانی ئەوانی دیکە شوبهاندووە. نموونەیەکی دیکە لەم جۆرە بۆچوونانە:

(٥٠): زمانی فارسی زمانێکی داسەپاوە و هیچ کات هەڵبژاردەی ئێمە نافارسەکان نەبووە. سیستەمی دەسەڵات بە زۆر ئەو زمانەی بەسەر میلیۆنان مرۆڤدا سەپاندووە.

پرسیارلێکراوان ئەم قسەیەی کاربەدەستانی دەوڵەتی و ڕووناکبیران و لێکۆڵەرانی سەربە بەرەی سیاسەتی تاکزمانییان ڕەت کردووەتەوە کە دەڵێن زمانی فارسی نەک ئێستا بەڵکو لە ڕابردووشدا، هەر زمانی هاوبەشی ئێرانییەکان بووە و ئەوان بەویستی خۆیان ئەم زمانەیان وەک زمانی هاوبەش هەڵبژاردووە. ئەم ڕەتکردنەوەیە، ناتەباییەکی لەگەڵ ڕاستیدا نییە، چونکە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هیچ کات پرس بە نەتەوە نافارسەکانی ئێران نەکراوە چ زمانێک بۆ زمانی هاوبەش و زمانی پێوەندیی نێوان ئێرانییەکان هەڵدەبژێرن؟ وا دادەنێین کە سەرجەم پێکهاتەکانی ئێران بەوە ڕازین کە فارسی، زمانی هاوبەشیان بێت ، ئەمە بەو مانایە نییە کە دەستیان لە زمانەکەی خۆیان هەڵگرتووە و بەوە ڕازین کە زمانی ئەوان هەتاهەتایە لە پەروەردە بێبەش بکرێت.

پ- هەڵاواردنی زمانی لە سوودی تاکەزمانێک:

پرسیارلێکراوان بەتوندی ڕەخنەیان لە هەڵاواردنی حکومەتی لە بەرژەوەندیی زمانی فارسی گرتووە. تەنیا زمانێک لە ئێران کە سیستەمی دەسەڵاتدارەتی بەشێک لە بودجەی گشتیی وڵاتی بۆ پاراستن و پەرەپێدانی تەرخان کردووە، زمانی فارسییە. پرسیارلێکراوێک وتوویەتی:

(٢٦): ئەوە خۆی واتە پێشێلکردنی مافی زمانەکانی دیکە، چونکە تەنها زمانی فەرمییە کە بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت. زمانێک بودجەی بۆ تەرخان نەکرێ، پەراوێزخراوە.

پرسیارلێکراوێکی دیکە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم هەڵاواردنە هەر تەنیا بۆ پێشکەوتنی زمانە فەرمییەکە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە توانایی ڕێگری لە گەشەکردنی زمانە نافەرمییەکانی تێدا زیاتر بێت.

ت- پێویستیی سیاسەتی زمانیی ئێستا بە خۆنوێکردنەوە:

بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی زمانیی ئێران لە بواری پەروەردەدا لە ڕوانگەی پرسیارلێکراوانەوە نادیموکراتیک، نازانستی، ناسروشتی، دژەپەروەردەیی، نەگونجاو و ناتەبا لەگەڵ ویستی پێکهاتە نافارسەکانی وڵاتە. وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

(۳۱): سیاسەتی زمانیی ئێران سیاسەتێکی تاکڕەهەندی و ناوەندگەرایە و بەهیچ شێوەیەک وڵامدەری بوونی ئەو پێکهاتە جۆراوجۆرانەی وڵاتی ئێران نییە.

ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان ئەنجامی ئەم سیاسەتەیان بە ژێنۆسایدی کولتووری و زمانی ناو بردووە و پێیان وایە کە لەدەستدانی زمان یەکسانە بە لەدەستدانی ناسنامەی نەتەوەیی. ئەم جۆرە تێگەیشتنانە لە ئاکام و ئەنجامی سیاسەتی زمانیی ئێران، بووە بەهۆی ئەوە پرسیارلێکراوان گۆڕین و نۆژەنکردنەوەی ئەو سیاسەتە بە پێویست بزانن، بەڵام پێیان وایە ئیرادەیەک بۆ گۆڕینی لە حکومەتی ئێراندا بەدی ناکرێت.

ڕاستییەکی تاڵ کە ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان ئاوڕیان لێداوەتەوە و بۆچوونی خۆیان لەبارەیەوە دەربڕیوە ئەوەیە کە ئەو سیاسەتە زمانییەی لەپێوەندی لەگەڵ زمانە نافارسییەکاندا هەیە تەنیا لە باوەڕی دەوڵەت و کاربەدەستانی دەوڵەتییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو زۆربەی ڕووناکبیران، نووسەران و بژاردەی ئەکادیمیی ئێرانیش هەر بە هەمان چاو لەو زمانانە و پێکهاتە نافارسەکان دەڕوانن. بە بۆچوونی ئەو بەشە لە پرسیارلێکراوان بەرپرسایەتیی بەردەوامیی ئەو سیاسەتە زمانییەی ئێران هەر لەسەر شانی سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتداران نییە، بەڵکو ڕووناکبیران و تۆیژی ئەکادیمیی وڵاتی ئێرانیش لێی بەرپرسن. هەر بۆ پشتگیری و پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیەی پرسیارلێکراوان وتەیەکی زمانەوانی بەناوبانگی ئێران، محەمەد ڕەزا باتنی(۷۱:۱۳۸۸) وەبیر دێنینەوە. ناوبراو لەجیاتی ئەوەی- بە حوکمی ناسینی زمان و تێگەیشتنی لە پێوەندیی پتەوی هەر تاکێک بە زمانەکەی- بۆ داکۆکی لە مافی پەروەردە بە زمانی دایک بێتە پێشەنگ، داوای کردووە فارسی بکرێتە زمانی دایکی هەمووان: «ئەگەرچی زمانی فارسی ئێستا زمانی فەرمیی وڵاتی ئێرانە، بەڵام لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران زمانی دایکی خەڵک نییە. ئەگەر ئێمە بتوانین بە ڕێگایەکی نەرم و لەسەرەخۆ ئەم زمانە فارسییە بکەین بە زمانی دایکی هەموو ئەو کەسانەی لە چوارچێوەی جیوگرافیای وڵاتی ئێران لەدایک دەبن و دەژین، بەم ڕێگایە هەنگاوێکی گرنگمان بۆ

یەکێتیی نەتەوەییمان بڕیوە» (ڕەسوول،٢٠٢١:٧٣). وەک دەڵێن ئەمە پیاوە باشەکەیانە! «یەکێتیی نەتەوەیی» بە ستاندنەوەی زمانی دایک لە هاونیشتمانە نافارسەکانی و کردنی زمانی فارسی بە زمانی دایکیان پێک دێنێت! دیارە «بە شێوەیەکی نەرم و لەسەرەخۆ» و لە ڕاستیدا بە زمانکوژی و ژێنوسایدی زمانی! ستاندنەوەی زمان بە نەرمی و لەسەرەخۆیی بێت یان بە زۆرداری و سەپاندن، ئاکامەکەی هەر یەک شتە، دابڕاندنی ئاخێوەر لە زمانی دایکی و تواندنەوەی لە زمانێکی دیکەدا کە ناوی زمانی هاوبەشی لێنراوە.

٥-٤- پرسیاری چوارەم (لقی أ)

٥-٤-١-ناساندنی پرسیار

چوارەم پرسیار، پێوەندیی بە داهاتووەوە هەیە: «ئەگەر ڕۆژێک لە ئێران ڕێگای خوێندن بە زمانی دایک بدرێت»، کە لە سێ لق پێک هاتووە: «لقی أ: پێت باشە کوردزمانان لە سەرانسەری ئێران بە زمانێکی ستانداردی کوردی بخوێنن؟ یا لە هەر ناوچەیەک بەو زارە کوردییە بخوێنن کە لەوێ قسەی پێدەکرێت؟ بۆچی؟» ئامانج لەو پرسیارە، ئاگاداربوون لە بیرکردنەوە و ڕوانینی پرسیارلێکراوان لەبارەی زمانی پەروەردە لە خوێندنگەکان لە ئەگەری قبوولکردنی داوای خوێندن بە زمانی کوردیدایە، چونکە ئەگەر لە ئێستاوە ئەم پرسە نەوروژێندرێت و دیالۆگی پێویستی لەسەر نەکرێت، لێک تێگەیشتن و ڕێککەوتن بۆ داهاتوو، دژوارتر دەبێت.

لە دوای کۆدکردنی وەڵامەکانی ئەم لقەی پرسیارەکە چەندین چەمک بەدیار کەوتن. چەمکی بناغەیی (زمانی ستاندارد)، لە ئاکامی جیاوازیی بۆچوونەکان و ڕەهەندەکانی باسەکەدا، بەسەر هێندێک چەمکی دیکەدا دابەش بووە (وەک لە خشتەی ژمارە ٧ دەردەکەوێت). ئەو چەمکانە بریتین لە: ١- پێویستیی زمانی ستاندارد، ٢-چەند زمانی ستاندارد، ٣- ستانداردی مەرجدار، ٤- زاری ناوچەیی و ٥- پێویست نەبوونی زمانی ستاندارد.

٥-٤-٢- وەڵامەکان و لێکدانەوەیان

٥-٤-٢-١- پێویستیی زمانی ستاندارد

لە بەراییدا پێویستە بگوترێت تەنیا بەشێک لە پرسیارلێکراوان بۆ گەیاندنی مەبەستیان سوودیان لە چەمکی «زمانی ستاندارد» وەرگرتووە، ئەوانی دیکە چەمکی وەک زمانی یەکگرتوو، زمانی پێوەر، زمانی پەروەردە و زمانی فەرمییان بەکار هێناوە.

٥-٤-٢-١-١-زۆرینە لەگەڵ زمانی ستانداردان

ئەو پرسیارلێکراوانەی پێیان وابووە بۆ پەروەردە بە زمانی کوردی زمانی ستاندارد پێویستە

زۆرینە بوون، بەڵام ئەوانیش بەسەر سێ بۆچوونی تا رِادەیەک جیاوازدا دابەش بوون. ژمارەیەک لەوان پێیان وابووە پێویستە یەک زمانی ستاندارد هەبێت. ژمارەیەکی دیکە لەو باوەرِەدا بوون کە رِۆژهەڵاتی کوردستان وەک زمانی پەروەردە پێویستی بە دوو یان زیاتر لە یەک زمانی ستاندارد هەیە. دەستەیەکیش کە رِێژەیان لە هەر دوو دەستەکەی دیکە زیاتر بووە، بە شێوەیەکی مەرجدار لەگەڵ زمانی ستاندارددا بوون. دیارە کەسانی ئەوتۆش لەنێو پرسیارلێکراواندا هەبوون کە پێیان وابووە کوردستان بە تایبەتی بەشە رِۆژهەڵاتییەکەی زمانی ستانداردی هەیە، بەڵام زمانی فەرمی یا زمانی دەسەڵاتی نییە.

ژمارە	چەمکە سەرەکییەکان	چەمکە لاوەکییەکان	کۆدە پێوەندیدارەکان	نموونەی دەقی وەرگیراو
١	پێویستیی زمانی ستاندارد	زمانی دەسەڵاتِ نەک ستاندارد، زمانی پێوەر، ستانداردی گشتگیر	بەکەمتیی نەتەوەیی، پردی پێوەندیی ئاخێوەرانی کورد، ئەزموونی وڵاتانی جیهان	" کورد و زمانی کوردی هەتا ئێستە دابرانی زۆریان بەسەر هاتووە، باشترە لە سەرەتادا هەموو کوردەکان بۆ یەکێتیی زیاتر، بە یەک زمان و زار بخوێنن، تا ئەو نەتەوەیە لێک گرێ بدرێت و بەگرتووتر بن" (٢٦).
٢	چەند زمانی ستاندارد	زارە سەرەکییەکان	دوورییی زارەکان لە یەکتر	" Kurdî ne zimanekî standard. belkî çendîn şêwezarên standard hene; Li Îranê (Rojhilatê Kurdistanê) çendîn şêwezarên kurdî hene: Soranî, Kurmancî, Hewramî " (16).
٣	ستانداردی مەرجدار	زمانی یەکگرتوو، ئەدەبیاتی زارەکان	بەکارهێنانی زار لە پاڵ زمانی ستاندارد، خوێندنی ئەدەبیاتی زارەکان	" هەرگام لە زارەکان لە ناوچەی خۆیاندا کتێبێکی خوێندنەوەیان بەو زارە هەبێت، بۆ ئەوەی لەپاڵ زمانە ستانداردە کوردییەکەدا بیخوێنن" (٢٦).
٤	هەر ناوچەیەک زاری خۆی	پاراستنی زارەکان، زار وەک زمانی دایک	ناستنامە لوکاڵییەکان، بەفەرمی ناسینی فردیی	"بە هۆی کاریگەریی مافی مرۆڤ، دیموکراسی و هەوڵدانی مرۆڤەکان بۆ دەرخستنی ناستنامە ورد و لوکاڵییەکانی خۆیان، لە ئێستادا زۆر ئاستەمە تەنیا زمانێکی ستاندارد بسەپێندرێ" (٤٥).
٥	پێویستِ نەبوونی زمانی ستاندارد	سەپاندنی زار، یەکسانسازیی زارەکان، زاری نێوەندگیر	زاری سەردەستِ، بنەماڵەی زمانە کوردییەکان	"... دژی شتێک بە ناوی زمانی ستانداردم، سەپاندنی زارێکی کوردی بە ناوی زمانی ستاندارد، دەبێتە هۆی پێشنەکەوتنی زارەکانیتری زمانی کوردی" (٥٠).

(خشتەی ژمارە٧) تایبەت بە لقی (أ)ی پرسیاری چوارەم

٥-٤-٢-١-٢- پێویستبوونی زمانی ستاندارد بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی

یەکگرتوویی نەتەوەیی لەو هۆکارانەیە کە لە بۆچوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە پرسیارلێکراواندا دووپات بووەتەوە، بە نموونە:

(٢٦): چونکە کورد و زمانی کوردی هەتا ئێستە دابڕانی زۆریان بەسەر هاتووە، باشترە لە سەرەتادا هەموو کوردەکان بۆ یەکێتیی زیاتر بە یەک زمان و زار بخوێنن، تا ئەو نەتەوەیە لێک گرێبدرێت و یەکگرتووتر بن.

هۆکارێکی دیکەی لایەنگریی پرسیارلێکراوان لە زمانی ستاندارد، هەڵبەستنی پردی پێوەندی بۆ لێکتێگەیشتنی ئاخێوەرانی زارە جیاوازەکانە. بە نموونە:

(٢٠): جوغرافیا بووە بە هۆی جیاوازیی زاراوەکان کە دەبێت تێگەیشتنێک لە نێوان هەموو زاراوەکاندا ببێت و ئەویش لە ڕێی زمانی پێوەرەوە دەبێت.

ئەزموونی وڵاتانی دیکەش لە گرتنەبەری زمانی فەرمیدا بۆ پشتیوانیی پرسیارلێکراوان لە بوونی زمانی فەرمی لەنێو کورددا هاندەر بووە. پرسیارلێکراوێک باسی لە ئەزموونی کانادا کردووە:

(٢٢): لە کەنەدا دوو زمان فەرمین و پێیان دەخوێندرێ، ئینگلیزی و فەرەنسی، هەر کام لەو دوو زمانە خاوەنی چەندین زاری جیاوازن، بەڵام خوێندنەکەیان هەر یەکە.

٥-٤-٢-٢-لۆژیکی داواکارانی چەند زمانی ستاندارد

ئەو پرسیارلێکراوانەی زیاتر لە زمانێکی ستانداردیان بە پێویست زانیوە، لێکدانەوە و لۆژیکی تایبەت بەخۆیان هەیە:

٥-٤-٢-٢-١- هۆیەکانی لایەنگری لە چەند ستاندارد

لەنێو پرسیارلێکراواندا کەسانێک هەبوون کە لە ڕووی تیۆرەوە لەگەڵ یەک زمانی ستانداردا بوون، بەڵام پێیان وابووە لە جێبەجێکردندا ئەم ڕێگاچارەیە ناتوانێت وەڵامدەر بێت. هۆکارێکی وەڵامدەر نەبوونی ئەم ڕێگاچارەیە لە ڕوانگەی ئەوان نامۆبوونی زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بەو زارەیە کە وەک زمانی ستاندارد ناسراوە. یەک لە پرسیارلێکراوان لەم پێوەندییەدا وتوویەتی:

(١٨): زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ڕۆژهەڵات زمانی پێوەر نازانن، نە مامۆستا و نە قوتابی. دەبێت ئەمە بەم شێوەیە چارەسەر بکرێت ببێت بە سێ یان چوار شێوەزاری

سەرەکی، وەکو کورمانجی، سۆرانی، گۆرانی و کوردیی خواروو.

پرسیارلێکراوی ئەوتۆش هەبوون کە پێیان وابووە هەر ئێستا زمانی کوردی چەند شێوەزاری ستانداردی هەیە. ئەمە نموونەیەکیانە:

Kurdî ne zimanekî standard, belkî çendîn Şêwezarên standard hene! Li Îranê (Rojhilatê :(16)
...,Kurdistanê) çendîn Şêwezarên kurdî hene: Soranî, Kurmancî, Hewramî

لەنێوان دوو ڕێگاچارەی «یەک زمانی ستاندارد» و «هەر ناوچەیەک بە زاری خۆی»، پرسیارلێکراوێک ڕێگایەکی دیکەی خستووەتە ڕوو:

(٣٤): ئەگەر چەند ناوچەی نیزیک بەیەک بتوانن زمانێکی یەکگرتوو بدۆزنەوە کە زۆرینەیان لێی تێبگەن و کەمینەش لێی فێربن، زۆر ئاسانتر و کاراترە. چون بەڕاستی بەستانداردکردنی زاراوەیەک پێویستی بە کات و بە ئیمکاناتێکی چاک هەیە.

هۆیەکی دیکە بۆ بەباش زانینی پەروەردە بە چەند زار کە پرسیارلێکراوێک ئاماژەی پێکردووە، مەترسیی پشتگوێخستنی زارە سەرەکییەکان لە پەروەردەدایە:

(٣٧): زمانێک کە گرینگی نەبێ بۆ خوێندن، ڕۆڵی فەرمیی نەبێ لە پێشکەوتنی ئابووری-سیاسی- کولتووری، وردە وردە لەبیر دەچێتەوە و لەناو دەچێ.

٥-٤-٢-٢-٢- تێگەیشتنی پرسیارلێکراوان لە «ستانداردێکی گشتگیر»

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی لە وەڵامەکاندا جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردن بوون، تایبەتمەندیی زمانی ستاندارد و کات و بارودۆخی هەڵبژاردنی زمانی ستانداردە. چەند پرسیارلێکراوێک داوای زمانێکی ستانداردی گشتگیریان کردووە. یەکێکیان وتوویەتی:

(٣٨): پیم باشە زمانی ستانداردی کوردی لە توانایی و زەرفییەتی هەموو زارەکان پێکبێت. لە سەرانسەری وڵات و هەموو شوێنە کوردنشینەکان بکرێتە زمانی خوێندن، چونکە دروستکردن و پەرەپێدانی زمانی ستاندارد و گشتگیر یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی پێوەندیی بەهێز و پتەوی ئەندامانی نەتەوەی خاوەن زمانی هاوبەش دەبێت.

پرسیارلێکراوێکی دیکەش باسی لە پێویستیی گرێدراویی زمانی ستاندارد بە زارە کوردییەکان کردووە:

(٥): بە زۆر هۆکار کوردەکان لە کوردستان و هەر شوێنێکی ئێران دەبێت بە زمانی ستانداردی کوردی بخوێنن. دیارە لە پرۆسەیەکی زمانی و ماوەیەکی دیاریکراودا دەبێت تایبەتمەندیی زارە کوردییەکانی ناوچە جیاوازەکان لەبەرچاو بگرن بۆ ئەوەی یەکێتیی زمانی

و نووسین لە پرۆسەیەکی چەند ساڵەدا بەرەوپێش بچێت و کامڵ ببێت.

خاڵێکی گرنگ لەنێو وەڵامی پرسیارلێکراواندا جیاوازی و ناکۆکیی بیر و بۆچوون لەسەر زمانی ستاندارد بوو. وەڵامەکان پێشاندەری ئەم ڕاستییەن کە پرسی زمانێکی ستاندارد بۆ کورد، یەک لە هەستیارترین و هەر لەوکاتەدا ئاڵۆزترین پرسەکانی پێوەندیدار بە زمانی کوردییە. هەستیارە، چونکە پێویستیی زمانێکی ستانداردی کوردی هەم لایەنگر و داکۆکیکەری زۆر سەرسەختی لەنێو کورددا هەیە، هەم دژبەر و نەیار و بەرهەڵستکاری جیددی. هەر لەم کاتەدا پرسێکی ئاڵۆزیشە، چونکە دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند وڵات و ئەلفوبێی جیاواز و لەگەڵ ئەمانەشدا بوونی زاری جیاواز لە زمانی کوردیدا، کە هێندێک لەوان پێشینەی نووسین و ڕۆڵگێڕان وەک زمانی ستانداردیان لە جیوگرافیایەکی دیاریکراودا هەبووە، ئەم پرسەی کردووە بە کێشەیەکی ئاڵۆز. دیارە هەر وەک لێکۆڵەر محەمەد حوسێن ئەحمەد وتوویەتی: «یەکێک لە قۆناغەکانی ستانداردکردنی زمان ئەوەیە کە لەلایەن خەڵک و جەماوەرەوە پەسەند بکرێت، ئەگینا ناتوانێت ببێتە زمانی ستاندارد، لەلایەکی تریشەوە بە گشتی تاکی کورد هەستی ناوچەگەری و زارگەری لە هەستی نەتەوەیی و هۆشیارِیی نەتەوەیی بەهێزترە، بۆیە دەکرێت بڵێین چارەسەرکردنی ململانێی نێوان زارەکان و هەڵبژاردنی زمانی ستاندارد پێویستی بە پلانی زمانی درێژخایەن هەیە»(ئەحمەد،٢٠١٦:١١٥). سەرەڕای ئەم ڕاستییانەش ناکرێت خۆ لە باسکردن لەم پرسە ببوێرین، چونکە ئەگەر ئەمڕۆش خۆ لەم باسە و یەکلاکردنەوەی لادەین لە داهاتوودا دێتەوە سەر ڕێمان. کەوایە باشترە لە ئێستاوە گوێبیستی بیروڕا و ڕوانگە جیاوازەکان بین، لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی پێشنیاز بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ببیستین و بە لەبەرچاوگرتنی چۆنیەتیی بیرکردنەوە و ڕادەی ئامادەیی ئاخێوەرانی کورد و کۆمەڵێک فاکتەری دیکە، بیرۆکە و ڕێگاچارە بۆ داهاتوو بخەینە ڕوو.

٥-٤-٢-٣- ستانداردی مەرجدار

زۆرینەی لایەنگرانی زمانی ستاندارد، ئەوانە بوون کە بوونی زمانی ستانداردیان بە مەرج بەستبووەوە. گرنگترین مەرجیش ڕێگرنەبوون لە مانەوە و گەشە و بەکارهێنانی زارەکان لە پەروەردەدایە. ئەمە نموونەیەکە لە بەستنەوەی زمانی ستاندارد بە بواردان بە خوێندنی زارەکان و ئەدەبیاتی زارەکان لە پەروەردەدا:

(٨): پێم باشە وێڕای خوێندن بە کوردی بە زمانێکی ستاندارد، بایەخ بە زاراوە کوردییەکانیش بدرێ هەتا ئەم زاراوانە نەکەونە پەراوێزەوە.

پرسیارلێکراوان هەرکام بە دەستەواژەیەک، پێشنیاری بەشداریی زاری ناوچەییان لەپاڵ زمانی ستاندارد لە پەروەردەدا کردووە. پرسیارلێکراوێک چەمکی «ئەدەبیاتی زارەکان»ی بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێناوە، یەکێکی دیکە «وانەیەک بە زاری ناوچەیی»، پرسیارلێکراوێکیش بە دەستەواژەی «کتێبێک بە زاری ناوچەیی» پەیامەکەی گەیاندووە.

لۆژیکی ئەو زۆرینەیە بۆ پشتگیریی هەبوونی زمانێکی ستاندارد ئەوە بووە کە یەکێتیی نەتەوەیی بەهێز دەکات و ڕێگر دەبێت لەوەی دانیشتووانی هەر ناوچەیەک تەنیا بیر لە خزمەتکردنی زاری خۆیان بکەنەوە. ئەوان وتوویانە نەتەوەی کورد لە قۆناغی خەبات بۆ ڕزگاریدایە، ئەویش لە ناوچەیەک کە دەوڵەت- نەتەوەکانی ناوچە، بە هەموو جۆرێک دژایەتیی دەربازبوونی ئەو نەتەوە لە قۆناغی داگیرکراوی و بندەستی دەکەن. پێیان وابووە دەمارگرژیی ناوچەیی و ململانێ لەسەر زاری ناوچەیی و زمانی ستاندارد کەلێن دەخاتە ڕیزەکانی ئەو نەتەوەیە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونی خۆشیان، ئەزموونی وڵاتانی دیکەیان بە نموونە هێناوەتەوە کە پەروەردە بە چەند زمانیان تێدایە، بەڵام پەروەردە بە چەند زاری زمانێک (بۆ هەموو قۆناغەکانی پەروەردە)ی تێدا نییە. دیارە ئەم جۆرە بۆچوونانە لەنێو زمانەوانانی کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لایەنگری زۆریان هەیە، بە شێوەیەکی سروشتییش نزیکەی سەدەیەکە کوردیی نێوەڕاست وەک زمانی ستاندارد لەم دوو بەشە کاری پێکراوە، بەڵام لە باشووری کوردستان بەهۆی بوونی بەرهەڵەست هێشتا ئەم ڕەوالە بە یاسایی نەبووە.

یەکێک لەو بۆچوونانەی کە ڕێژەیەک لە پرسیارلێکراوان وەک پێشنیاز بۆ زمانی پەروەردە لە داهاتوودا باسیان کردووە، دروستکردنی زمانێکی ستانداردی گشتگیرە. مەبەستیشیان لە «زمانێکی ستانداردی گشتگیر»، زمانێکە کە «لە توانایی و زەرفییەتی هەموو زارەکان پێک هاتبێت». ئەگەر وای دابنێین مەبەستیان لە توانا و زەرفییەتی زارەکان، وشەوەرگرتن یان سوودوەرگرتن لە ئەدەبیاتی زارەکی و نووسراویان بێت، ئەمە شتێکی گونجاوە و چاوەڕوانی و داوایەکی زۆریش بەجێیە. سوودوەرگرتنی زمانی ستاندارد لە گەنجینەی وشە و ئەدەبیاتی نووسراوی زارەکان، ئەمە کردەیی و گونجاوە، چونکە جگە لەوەی زمانەکەی پێ دەوڵەمەند دەبێت، هەستی هاوبەشبوون لە زمانە ستاندارەدەکە لە ئاخێوەری زارەکانی دیکەشدا پێک دێنێت، بەڵام ئەگەر مەبەستیان موتوربەکردنی ڕێزمانی زارەکان و ساخکردنەوەی ڕێزمانێک لە سەرجەمیان بێت، ئەم جۆرە چاوەڕوانییانە بەپێی بۆچوونی شارەزایانی زمانی کوردی بە نەگونجاو دادەنرێن. بەپێی بۆچوونی شارەزایەک: «تێکەڵکردنی چەند شێوەزمانێک بە شێوەیەکی دەستکرد و نازانستی بە مەبەستی یەکخستنیان، هەر زمانێکی دەستکردی بێپێزی لێ پەیدا ئەبێت کە ناتوانێ ببێتە ئامێرێکی دروستی وەرگرتن و گەیاندن لەناو خەڵکدا، هەرچەندیش لە وشەی بنەچە کوردیش پێک هاتبێت» (عەبدول، ٢٠١٧:١٠٧). «مەحوی»یش دروستکردنی زمانێک لەئەنجامی لێکدانی زار و زارۆچکەکان بە شتێکی ناسەرکەوتوو دەزانێت: «ناتوانین زارەکانی کوردیی، زار و زارۆچکەکانی کوردیی لە یەکتری بدەین و موتوربەیان بکەین و زمانێکی یەکگرتوو بۆ هەمووان دروستبکەین» (مەحوی،٢٠١٧:١٥). لە ڕووی ڕێزمانیشەوە جیاوازی لەنێوان هێندێک لە زارەکان یەکجار زۆرە و ناکرێ هەموویان بە یەک ڕێزمان چارەسەر بکەین.

٥-٤-٢-٤-پێویست نەبوونی زمانی ستاندارد

لەنێو پرسیارلێکراوانی پرسیاری چوارەمدا، چەندین کەس هەبوون کە بوونی زمانی ستانداردیان بە پێویست نەزانیوە. پرسیارلێکراوی وا هەبووە لێکدووربوونی زارەکان و لێکتێنەگەیشتنی ئاخێوەرانیان وەک هۆکاری پێویست نەبوونی زمانی ستاندارد باس کردووە:

(١٠): چوون بەرەو زمانی یەکگرتوو گەلەک گونجاو و باشە، بەڵام جیاوازیی نێوان شێوەزارەکانی کوردی زۆرە، بۆ نموونە خەڵکی مەهاباد و خەڵکی کرماشان هەر دوو کوردن، لێ بە ئەستەم لەیەکدی تێدەگەن.

پرسیارلێکراوێکی دیکە پێی وابووە:

(١١): کوردزمانان لە سەرانسەری ئێران بەزمانێکی ستانداردی کوردی بخوێنن، بەڵام ناکرێ، چونکوو لەزۆربەی شوێنەکاندا خەڵکەکە تەنانەت لەگەڵ زاری خۆشیاندا تا ڕادەیەک نامۆن.

پرسیارلێکراوێک کاریگەریی سەد ساڵ سەپاندنی زمانی فارسی بەسەر تاکی کوردی بەم جۆرە باس کردووە:

(١٢): لە سەت ساڵی ڕابردوودا زمانی فارسی تاکە زمانی داسەپاو بووە، زمانی ستانداری کوردی ئەوەی ئەمرۆ لەلای کوردی باشوور یان بەشێک لە کوردی ڕۆژهەڵات باوە، ڕەنگە بۆ کوردێکی کرماشان، یان ئیلام و خۆیە و سەڵماس یان کوردانی خۆراسان لە فارسییش بێگانەتر و نامۆتر بێ.

٥-٤-٢-٥-هەر ناوچەیەک بە زاری خۆی

یەکێک لەو چەمکانەی لە وەڵامەکاندا زۆر دووپات بوونەوە، پەروەردە بە زاری ناوچەییە. نەک هەر ئەوانەی دژی بوونی زمانی ستاندارد بوون، تەنانەت زۆربەی ئەوانەش کە بوونی زمانی ستانداردیان بەپێویست زانیوە، ئاماژەیان بە گرنگیی زارەکان و پێوستیی پاراستنیان کردووە و بەم جۆرە بەکارهێنانی زمانی ستانداردیان مەرجدار کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا، لە ڕوانگەی هێندێک لە پرسیارلێکراوانەوە، لایەنگری لە بوونی زمانی ستاندارد، یەکسانە بە سڕینەوەی زارەکان. ئەوە نموونەیەکە لەو جۆرە بۆچوونانە:

(٥٠): پێم باشە هەر ناوچەیەک بە زمانی دایک و زاری خۆی بخوێنێ و دژی شتێک بەناوی زمانی ستانداردم، چونکە سەپاندنی زارێکی زمانی کوردی بە ناوی زمانی ستاندارد، دەبێتە هۆی پێشنەکەوتنی زارەکانی دیکەی زمانی کوردی.

هۆی سەرەکیی بەرزبوونی ڕێژەی داواکارانی پەروەردە بە زاری ناوچەیی، هەستیاربوونیان لەئاست زارەکان و نیگەرانییان لە یەکسانسازی یان تواندنەوەی زارەکان لە پێناوی «زاری باڵادەست» یا زمانی ستانداردا، هەروەها نەگونجانی زمانی ستاندارد لەگەڵ ڕۆحی مافی مرۆڤدایە. دیارە لەنێو لایەنگرانی پەروەردە بە زاری ناوچەیی جیاوازیی بۆچوون هەبووە، دەکرێت بیانکەین بە دوو دەستە: دەستەیەک، ئەوانەی کە داواکار بوون بن زارەکانیش پێیان بخوێندرێت. دەستەی دووهەم ئەوانەی کە پێیان باش بوو چەند زارێکی نێوەنجی ببنە زمانی پەروەردە.

٥-٤-٢-٥-١- تەنانەت بنزارەکانیش پێیان بخوێندرێت

دەستەیەک لە لایەنگرانی پەروەردە بە زاری ناوچەیی ئەوانە بوون کە داوایان کردبوو لە هەر ناوچەیەک، ئەو زار و بنزارەی لەوێ قسەیان پێدەکرێت ببنە زمانی پەروەردە. هۆیەکیش کە بۆ داکۆکی لەم بۆچوونەیان خستبوویانە ڕوو، زیاتر لە دەوری «زمانی دایک» و پێویستیی بەفەرمی ناسینی فرەیی دەخولایەوە. نموونەیەک لەم جۆرە وەڵامانە:

(٣٧): ئەگەر زمانێکی ستانداردی سەرانسەری یان پێوەری کوردی دیاری بکرێ و ببێ بە زمانی خوێندن بۆ کوردەکان -کە ساز بوون و دیاریکردنی خۆی باسێکی پڕ مناقشە و فرەڕەهەندە- لە ڕوانگەی زمانناسیی کۆمەڵایەتییەوە، زارەکان و بنزارە کوردییەکانیتر دەخرێنە پەراوێزەوە و سەرمایەی گشتیی زمانی کوردی دەکەوێتە مەترسییەوە.

ئەو پرسیارلێکراوانەی لایەنگری پەروەردە بە چەند زمانی ستاندارد بوون، ڕاستە وەکو ژمارە کەمینە بوون، بەڵام ئەو هۆکارانەی بۆ پێشنیازکردنی چەند ستانداردی ئاماژەیان پێکردبوون، گرنگن و ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێن. نامۆبوونی زمانی ستانداردی کوردی بۆ ئاخێوەرانی هێندێک لە زارەکان (بۆ وێنە زاری کورمانجیی ژوورو، هەروەها زارەکانی کەڵهوڕی، لەکی، لوڕی)، نەگونجانی زمانی ستاندارد لە کاتیگۆریی پەروەردە بە زمانی دایکدا و بوونی مەترسیی فەوتان لەسەر هێندێک زارەکان، لەو هۆکارانەن. هەر دەسەڵاتێک، ئەگەر بیهەوێت بە زۆر زارێک بە ناوی زمانی ستاندارد، وەک زمانی پەروەردە بەسەر سەرجەم ئاخێوەرانی زارەکانی دیکەدا بسەپێنێت، لەگەڵ بەرهەڵست و دژایەتی ڕووبەڕوو دەبێت و بەکردەوە ئەو یەکێتییە نەتەوەییە کە لایەنگرانی یەک زمانی ستاندارد بە گرنگی دەزانن، دەخاتە مەترسی و پەرە بە زارچییەتی و دەمارگرژیی زاری و ناوچەیی دەدات.

٥-٤-٢-٥-٢-چەند زارێکی نێونجی ببنە زمانی پەروەردە

لەنێو لایەنگرانی پەروەردە بە زاری ناوچەیی، کەم کەسیان داوایان کردووە هەموو شێوەزار و بنزارەکان لە جیوگرافیای خۆیان ببنە زمانی پەروەردە. وادیارە ئەوانیش دەزانن ئەمە یان ناگونجێت یا ئەگەر بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کێشە و گرفتی زۆری لێدەکەوێتەوە.

ئەوان ڕێگایەکیان لەنێوان «یەک ستانداردی» و «هەر ناوچەیەک بە زاری خۆی»دا پێشنیاز کردووە، بەڵام دیارە بە دەربڕین و دارشتنی تا ڕادەیەک جیاواز. کاکڵەی دەربڕینەکانیان ئەوەیە کە لەئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چەند زارێکی نێونجی ببنە زمانی پەروەردە. واتە داوا ناکەن هەموو شێوەزارەکان پێیان بخوێندرێت، بەڵکو ئەو زارانەی کە لە جیوگرافیایەکی دیاریکراودا گشتگیرن و ئاخێوەرانی شێوەزارە جیاوازەکانی ئەو جیوگرافیایە لەگەڵی هەست بەنامۆیی ناکەن، ببنە زاری خوێندن.

بە پێویست نەزانینی زمانی ستاندارد و داوای بەکارهێنانی زار و بنزارەکان وەک زمانی پەروەردە، مەیلێکی هەستپێکراو و ڕوولەگەشە لە هێندێک ناوچە و لەنێو ئاخێوەرانی ژمارەیەک لە زار و بنزارە کوردییەکاندایە. هۆی دژایەتیی ئەوان لەگەڵ پەروەردە بە زمانێکی ستاندارد هەتا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ دوو نیگەرانی: یەکەم، پشتگوێخستن و خزمەتنەکردنی لەمەودوای زارەکان. دووەم، نامۆبوونی ئەو زارە ستانداردە بۆ منداڵانی زارەکانی دیکە، بە جۆرێک کە لەوانەیە هەست نەکەن بە زمانی دایکیان دەخوێنن. هەر دووی ئەم نیگەرانییانە جیددی و شیاوی بایەخپێدانن و دەکرێت ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. لەنێو لێکۆڵەران و زمانەوانانی کورد، کەسانی وا هەن کە ئەم جۆرە نیگەرانییانەیان لەبەرچاو گرتووە و گرنگییان پێداوە. بە نموونە جەمال عەبدول پێی وایە تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی، کتێبەکانی خوێندن، یەک بنچینەی زانستی و بە یەک شێواز و ئاستی پەروەردەیی بن، بەڵام بۆ هەر ناوچەیەک بەپێی شێوەزمانی ناوچەکە لەلایەن مامۆستا و خەڵکی پسپۆر و شارەزای ناوچەکە و لەژێر چاوەدێریی لێژنەیەکی باڵا و شارەزای وەزارەتی پەروەردەدا، دانراین و مامۆستایانی شارەزا و ڕاهێنراو و سازکراو ئەو کتێبانە بڵێنەوە و ئەو وشە و زاراوانەیان تێدا بەکارهێنرابێت کە لێک نزیکن و هەموو کتێبێکیش، فەرهەنگۆکێکی ڕێکوپێکی بۆ کرابێت بەو شێوەزارە و شێوەزاری کرمانجیی باشوور... (عەبدول،٢٠١٧:١١٠).

٣-٥-٢-٤-٥ - تەنیا دەستپێکی خوێندن بە زاری ناوچەیی بێت

بۆ ئاخێوەر، زمانی دایک ئەو زارەیە کە قسەی پێدەکات و پەروەردە بە زمانی دایک مافێکی ڕەوای خۆیەتی، بەڵام ئەگەر ئەم مافەی لە جیاتی شێوەزارێک کە قسەی پێدەکات، بە زمانی ستاندارد کە زارێکی دیکەی زمانەکەی خۆیەتی بۆی دابین بکرێت، چ هەستێکی تێدا دروست دەبێت؟ پرسیارلێکراوێک لەم ڕوانگەیەوە بۆ بابەتەکە چووە:

(٢٣): دەستپێکی خوێندن لە هەر ناوچەیێک دەبی بەو زارە بێ کە قسەی پێدەکرێ. چونکە خوێندن بە زمانی دایک مافی هەر ئینسانێکە و هیچ دەستەلاتێک بە دەستەلاتی کوردیشەوە ناتوانێ و نابێ ئەو مافە زەوت کات.

هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی کۆی ئەو بۆچوونە جیاوازانەی لەلایەن پرسیارلێکراوانەوە خراونە ڕوو، دەمانگەیەنن ئەم بڕوایە کە پێویستە بۆ چارەسەری پرسی زمانی پەروەردە ئەو

ڕێگایانە بگرینە بەر کە دەکەونە نێوان دوو جەمسەری لێکدوور، جەمسەرێک کە پێی وایە پەروەردە دەبێت بە زمانێکی ستاندارد(تەنیا یەک ستاندارد) بێت، جەمسەرێکیش کە دەڵێت هەموو زار و بنزارەکان ببن بە زمانی پەروەردە لە ناوچەی خۆیان. ڕێگای نێوان ئەم دوو جەمسەرە ئەوەیە کە زمانی پەروەردە لە هەر ناوچەیەک لە سەرەتاوە بە زارێکی نێونجی دەست پێبکات، دواتر زمانی ستاندارد بێتە جێگای. بەم جۆرە لەلایەکەوە منداڵان پەروەردە بە زارێک دەست پێدەکەن کە بۆیان نامۆ نییە؛ لەلایەکی دیکەوە فێرخوازان لەجیاتی دوورکەوتنەوە لە زمانی ستاندارد، لێی نزیک دەبنەوە و لە قۆناغەکانی دواتردا دەبێتە زمانی خوێندنیان.

۵-۵- پرسیاری چوار (لقی ب)

۵-۵-۱-ناساندنی پرسیار

(لقی ب)ی پرسیاری چوارەم لە پرسیارلێکراوانی پرسیوە: «ئەگەر ڕۆژێک لە ئێران ڕێگای خوێندن بە زمانی دایک بدرێت: «ب- پێت باشە هەتا کام قۆناغ، خوێندن بە زمانی دایک بێت (تا کۆتایی قۆناغی سەرەتایی، تا کۆتاییی قۆناغی ناوەندی؟ تا کۆتاییی قۆناغی ئامادەیی)؟ بۆچی؟» ئامانج لەو پرسیارە ئەوەیە پرسیارلێکراوان نیاز و ئاستی چاوەڕوانیی خۆیان لە پەروەردە بە زمانی کوردی باس بکەن. ئایا تەنیا بۆ قۆناغی سەرەتایی پەروەردە بە زمانی دایک بە پێویست دەزانن یان بۆ قۆناغەکانی سەرتریش؟ دوای کۆدبەندیی وەڵامەکان، ژمارەیەک چەمک بەرجەستە بوونەوە، کە چەند چەمکیان سەرەکین. چەمکە سەرەکییەکان ژمارەیەک چەمکی لاوەکییان گرتووەتە خۆ، وەک لە (خشتەی ژمارە۸)دا دەبینرێت. چەمکە سەرەکییەکان: هەموو قۆناغەکان، تا قۆناغی ناوەندی/ سەرووتریش، زمانی یەکەم و دووەمی پەروەردە ، هۆکارەکانی پەروەردە بە کوردی و پێشخستنی زمان.

۵-۵-۲- لێکدانەوەی وەڵامەکان

۵-۵-۲-۱- هەموو قۆناغەکان

زۆربەی هەرەزۆری پرسیارلێکراوان بە دەربڕین و دەستەواژەی وەکو یەک یان زۆر لێکنزیک داوایان کردووە پەروەردە لە کوردستان بە زمانی کوردی بێت. دەستەواژەکان ئەمانەن: «هەموو قۆناغەکانی خوێندن»، «لەئاستی زانکۆشدا»، «تا دواقۆناغی خوێندن»، «نابێ سنووری بۆ دابنرێ» و...هتد. وەڵامی پرسیارلێکراوێک بە نموونە:

(۲): خوێندن بە زمانی دایک، مافی تاک و کۆی ئەو کۆمەڵگایەیە، بۆی هەیە تا دواقۆناغەکانی خوێندن بە زمانی خۆی بخوێنێ و لە بواری جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و مەعریفیدا بەکاری بێنێ.

پەیامی پرسیارلێکراوان کە زۆربەیان داواکارن لە هەموو ئاستەکاندا پەروەردە بە زمانی کوردی بێت، یان زمانی سەرەکی و یەکەمی پەروەردە، زمانی کوردی بێت، ڕوونە. ئەوان بۆ فێربوونی زمانەکانی دووەم و سێیەم ، بە زۆری ساڵانی چوارەم و پێنجەمی سەرەتایی یان قۆناغی ناوەندییان پێشنیاز کردووە نەک ساڵانی یەکەمی قوتابخانە. مەبەستیان لەمە بەهێزبوونی بناغەکانی زمانی دایک لە فێرخوازدایە. ئەوان بۆیە پێیان باشە کە ڕۆڵ و بەشداریی زمانی کوردی لە هەموو قۆناغەکاندا، لە سەرووی زمانی فارسییەوە بێت، چونکە نایانەوێت زمانی کوردی ببێتە پاشکۆی زمانی فارسی.

گریمانەی ئەم پرسیارە لەسەر ئەوە دانراوە «ئەگەر ڕۆژێک لە ئێران ڕێگای خوێندن بە زمانی دایک بدرێ»، واتە گریمانەکە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بەشێک لە وڵاتی ئێران داناوە. هەر هەڕێمێکی نەتەوایەتی (کوردستان بێت یان بەلووچستان یان ئازەربایجان و خوزستان و هیی دیکە) لە هەلومەرجێکی وادا لەباری سیاسی و یاسایی ناتوانێت زمانی فەرمی یا هاوبەشی وڵاتەکە وەلا بنێت و لە پەروەردەی هەرێمەکەی خۆی، دەریباوێت. بۆیە ئەم بۆچوونانەی کە داوا دەکەن فێربوونی زمانی فارسی لە بەرنامەی پەروەردەی کوردستاندا هەر نەبێت یان بە دڵخواز بێت، لە ڕاستییەوە دوورن.

سکۆتناب کانگاس، لە هەڤپەیڤین لەگەڵ نووسەری کتێبی «کێ لە پەروەردەی فرەزمانی دەترسێت؟» دەڵێت: «من هیچ بەرنامەیەکی پەروەردەیی بۆ کەمایەتییەکانی جیهان شک نابەم کە فێربوونی زمانی فەرمیی تێدا نەبێت»(کلان،۲۰۱۸:۷۹). جگە لەمەش لە هەر باریکەوە لێکی بدەینەوە لە بەرژەوەندی تاکەکانی ئەو نەتەوە و پێکهاتە زمانییانەدا نییە کە زمانی فەرمی و سەرانسەری نەزانن و هیچ گرنگییەکی پێنەدەن، بەڵام پێداگری و خەبات بۆ ئەوەی هەر یەک لەو نەتەوانە زمانەکەیان لە ناوچەکانی خۆیان زمانی یەکەم بێت نەک هەر باشە بەڵکو پێویستە.

«سپۆلسکی» هەوڵدانی کەمایەتییە ڕەگەزی، ئایینی و زمانییەکانی هەر کۆمەڵێک بۆ چاکسازی لە سیاسەتی زمانیی ئەو کۆمەڵە بە ڕێگایەکی شوێندانەر بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی هەڵاواردن و ستەم دەزانێت: «ئەم شوێندانانە چ بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی و بە خاوەنکردن و بەڕێوەبردنی ناوچەکەی خۆیان بێت، چ بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆبەڕێوەبەریی ڕێژەیی لە ناوچەیەک یا لەنێو دانیشتووانێکی تایبەت یان لە چوارچێوەی هەوڵدانێک بۆ بەدەستهێنانی مافە زمانییەکاندا بێت. زۆربەی جارانیش ئەم جۆرە هەوڵانە بەدەستهێنانی مافی کولتووری و سیاسییشیان لێدەکەوێتەوە (سپۆلسکی، ۲۰۱۲: ۲۵۱). ئەزموونی خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان و هەروەها ئەزموونی خەباتی گەلانی دیکەش، سەلماندوویانە ئەو دەستکەوتانەی لە قۆناغێک یان هەلومەرجێکی تایبەتدا بەدەستیان هێناون، ئەگەر گەورە و لەئاستی چاوەڕوانییشدا نەبووبن گرنگیی خۆیان هەبووە، زۆربەیان بۆ داهاتوو بوونە دەستمایەی بەدەستهێنانی مافی زیاتر.

ژمارە	چەمکە سەرەکییەکان	چەمکە لاوەکییەکان	کۆدە پێوەندیدارەکان	نموونەی دەقی وەرگیراو
۱	هەموو قۆناغەکان	لەئاستی زانکۆشدا. تا دوا قۆناغی خوێندن	زمان، زمانە.	"زمان زمانە؛ ئەگەر وا بڕیارە زمانێک بە فەرمی بناسرێ و ڕێز لە پێگە و ماڤەکانی بگیرێت، ناڤێت سنووری بۆ دابنرێت"(٥)
۲	تا قۆناغی ناوەندی/ سەرووتریش	تا کۆتایی قۆناغی ئامادەیی، تا کۆتایی قۆناغی ناوەندی، تا قۆناغی ناوەندی	هەرچی زیاتر ، باشتر	" تا کۆتایی قۆناغی ئامادەیی بێ، چونکە لەم قۆناغەدا تاکەکان بەو ئاستە لە خوێندەواری دەگەن کە بتوانن لە دەوڵەمەندترکردنی زمانی خۆیاندا دەور بگێڕن" (٣٥).
۳	زمانی یەکەم و دووەمی پەروەردە	فارسی و ئینگلیزی	هەڵبژاردنی ئاوەزووەندانەی زمانی دووەم	"تا دیپلۆم کوردی بێت و هاوکات زمانی ئینگلیزییش وەک زمانی دووەم بێت. دوای دیپلۆمیش هەرکەس بەپێی هەڵبژاردنی خۆی " (٢٥).
٤	هۆکارەکان(ی پەروەردە بە کوردی)	هۆکارەکانی: پەروەردەیی، زمانی، زووتر فێربوونی زمان، نەتەوەیی	کاریگەریی فێربوون بە زمانی زگماکی	" هەتا کۆتایی قۆناغی زانستگایی خوێندن بە زمانی کوردی بێ هەتا ڕۆڵەی کورد بتوانی بە زمانی دایک کاری زانستی بکات " (٨).
٥	"پێشخستنی زمان	زمانی پەروەردە ، زمانی فەرمی، خزمەتکردنی زمان، پێشخستنی زمان، زمانی زانست	زمانی کوردی نەک زمانی دایک، زمانێک بۆ فێربوون نەک زمانی پەروەردە	"ئەگەر خوێندن بە زمانی دایک، قۆناغی خوێندنی باڵا نەگرێتەوە، ئەوا زمانی دایک بەردەوام لە بەرانبەر زمانی نەتەوەی سەردەستدا لاواز و لاوازتر دەبێت " (٣١).

(خشتەی ژمارە٨) تایبەت بە پرسیاری چوارەم (لقی ب)

٥-٥-٢-٢- تا قۆناغی ناوەندی/ سەرووتریش

لە سەدا بیستی پرسیارلێکراوان، داوای هەموو قۆناغەکانیان نەکردووە. بەشێکی کەم لەو ڕێژەیە پێداگرییان لەسەر قۆناغی سەرەتایی کردووە، بەشی زۆری ڕێژەکە کۆتاییی یەک لە دوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەییان وەک ئاستی پەروەردە بە کوردی، ناو بردووە. تێبینیی گرنگ لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە زۆربەیان پەروەردە بە کوردی لەئاستی لەمە بەرزتریان ڕەت نەکردووەتەوە، بەڵام دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێرانیان لەو ئاستەدا نەدیتووە کە ڕێگا بدات پەروەردە لە کوردستان لە تەواوەتیی خۆیدا بەکوردی بێت.

٥-٥-٢-٣- زمانی یەکەم و دووەمی پەروەردە

تێکڕای پرسیارلێکراوان بە مەرجی وەدیهاتنی هەلومەرجی باسکراو لە پرسیارەکەدا، کورددیان

بە زمانی یەکەمی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زانیوە. دیارە بۆ ئەو کوردانەی دوور لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات و وەک کەمایەتییەکی زمانی لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا دەژین بابەتەکە جیاوازە. لە کۆدبەندیی بۆچوونەکانی پێوەندیدار بەم باسە چەند چەمکێکی دیکە وەک «زمانی فەرمی»، «زمانی دووەم»، ناویان هاتووە کە پرسیارلێکراوان مەبەستیان لەم دوو چەمکە زیاتر زمانی فارسی بووە. لەسەر گونجاندنی زمانی فارسی لە پەروەردەدا بۆچوونی جیاواز هەبووە. ژمارەیەک پێیان وابووە پەروەردە تەنیا بە کوردی بێت و فێربوونی فارسی و هەر زمانێکی دیکە بکرێتە دڵخواز، یان قوتابخانەی جیاواز بۆ خوێندن بە زمانی فارسی هەبێت. لەبەرانبەردا ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان هاوبەشیی زمانی فارسییان لە پەروەردەدا، وەک زمانی فەرمی و سەرانسەریی ئێران بە پێویست زانیوە.

پوختە و گوشراوی بۆچوونی زۆربەی هەرە زۆری پرسیارلێکراوان ئەوەیە زمانی سەرەکیی پەروەردە لە هەموو قۆناغەکاندا دەبێت زمانی کوردی بێت. پرسیارلێکراوان بۆ فێربوونی زمانەکانی دووەم و سێیەم ، بە زۆری سااڵنی چوارەم و پێنجەمی سەرەتایی یان قۆناغی ناوەندییان پێشنیاز کردووە نەک سااڵنی یەکەمی قوتابخانە. مەبەستیشیان لەمە بەهێزبوونی بناغەکانی زمانی دایک لە فێرخوازدایە.

دیارە فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم، شتێکی جیاوازە لە پەروەردە بە زمانی دووەم یان سێیەم. ئەگەر بڕیار ئەوە بێت زمانی دووەم (زمانی فارسی) شانبەشانی زمانی دایک ببێتە زمانی پەروەردە، دەبێت لە قۆناغەکانی دواتردا بێت. تەنانەت لە قۆناغەکانی سەرووتریشدا پشکی زمانی فارسی وەک زمانی فێرکردن نابێت لە زمانی کوردی زیاتر بێت. ئەگەر پشکی زمانی فارسی لە پەروەردەی کوردستاندا لە زمانی کوردی زیاتر بێت، ئەمە نایەکسانیی زمانیی لێدەکەوێتەوە. لێکۆڵەر و زمانەوانی کورد «سورخی» پشتبەستوو بە بۆچوونی گرۆڤر هادسن (٢٤:٢٠٠٣) نووسیوێتی: «نایەکسانییەکی ئەوتۆ لە بەکارهێنانی زماندا دەبێتە هۆی دووزمانێتی پلەیی کە تێیدا بە نموونە زمانی قوتابخانە و وڵات لە ئێران یەکسانە و ئەم زمانە هەوڵ دەدات کە زمانەکانی دیکە بکاتە پاشکۆی خۆی و بیانخاتە پلەی دووەمەوە» (سورخی،٢٠١٣:٢٩). لەگەڵ ئەوەی پێداگریی پرسیارلێکراوان لەسەر پەروەردە بە زمانی کوردی لە قۆناغی سەرەتایی بە تایبەتی سێ سااڵی یەکەم دروست و بەجێیە، بەاڵم فێربوونی زمانی دووەم ئەگەر زۆریش دوابکەوێت، بۆ وێنە ئەگەر بۆ قۆناغی ئامادەیی هەڵبگیرێت هەر بەو هۆیەی لە بەشی دووهەم(بڕوانە ٢-٥-٤-جووتزمانی لە پەروەردەدا؛ ٢-٥-٥-پەروەردەی فرەزمانی) ئاماژەی پێکراوە بە زیانی فێرخواز دەشکێتەوە.

٥-٥-٢-٤- هۆکارەکانی پەروەردە بە کوردی

پرسیارلێکراوان بۆ داکۆکی لە پەروەردە بە زمانی کوردی لە قۆناغێک یا سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا ئاماژەیان بەچەند هۆکارێک کردووە؛ بەو هۆیەوە کە لە وەاڵمی پرسیارەکانی

پێشتریشدا هێندێک لە هۆکارەکان باسیان کراوە لێرەدا خۆ لە دووپاتکردنەوەی ئەوان دەپارێزین، تەنیا ئاماژە بە سێ هۆکار دەکەین کە پێوەندییان بە لایەنی ١-پەروەردەیی و دەروونزانی و ٢- لایەنی ناسنامەپارێزی و نەتەوەسازی، ٣-بەخاوەنکردنی داهێنانی کوردەوە هەیە. نموونە بۆ هۆکاری پەروەردەیی و دەروونی:

(٢٣): منداڵ بە زمانی دایک دەگەشێتەوە، کاتێک لە دەستپێکی خوێندن ئەو مافەی لێزەوت بکەی، باوەڕبەخۆبوونی لێدەستێنی و لەباری ڕەوانییەوە دەیڕووخێنی.

پرسیارلێکراوێک بە هۆکاری ناسنامەیی و نەتەوەسازی داوای کردووە لە سەرەتاییەوە تا قۆناغی کۆتایی پەروەردە بە زمانی کوردی بێت:

(٣٣): زمان ئامرازێکی کاریگەرە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و لە پرسی نەتەوەسازیدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەبێت پەروەردە بکرێتە پرسێکی سەرەکی بۆ سەرخستنی سیاسەتی زمانی و دواتر بنیاتنانی پرۆسەی ناسنامە و نەتەوەسازی.

نموونە بۆ بەخاوەنکردنی داهێنانی فکری و ئەدەبیی خۆمان:

(٢٠): ئەگەر بمانەوێت لە جیهاندا بەناوی نەتەوەی کوردەوە بمێنین دەبێت بە زمانی کوردی بخوێنین، بە کوردی داهێنان بکەین، کارێک بکەین بەرهەمەکانمان وەک بەرهەمی کورد بگاتە نەتەوەکانی دیکەی جیهان هەتا بیر و بەرهەممان نەدزرێت و بەناو نەتەوەی خۆمانەوە بپارێزرێت و بمێنێتەوە.

پرسیارلێکراوان کۆمەڵێک هۆکاریان بۆ پەروەردە بە زمانی کوردی ناو بردووە کە هەر یەک لەوان گرنگیی تایبەت بە خۆیان هەیە. بە نموونە وتوویانە منداڵێک کە لە پەروەردە بە زمانی خۆی بێبەش کرابێت لەباری دەروونییەوە زیانی پێدەگات و متمانەی بەخۆی کەم دەبێتەوە. ئەمە قسەیەکی ڕاستە و زیاتر ئەو مرۆڤانە بە باشی لێی تێدەگەن کە هەر لە سااڵنی یەکەمی قوتابخانە بە زمانێکی داسەپاو خوێندوویانە. «ئێرانپوور» کە بۆخۆی یەک لەو جۆرە کەسانە بووە، نووسیویەتی: «زمانی دایک یەک لە سەرەکیترین فاکتەرەکانی ناسنامە و کەرامەتی مرۆڤە، بە ڕێگانەدانی فەرمی و نافەرمیی زمانی دایک لە پەروەردەدا، مرۆڤ هەست بەپێشێلکرانی ناسنامە و کەرامەتی خۆی دەکات» (ایرانپور،٢٠١٦:٤٥٩). سروشتییە کەسێك ئەم هەستەی هەبێت، لە ڕووی دەروونییەوە دەڕووخێت و متمانەی بە خۆی نامێنێت.

هۆکارێکی گرنگی دیکە بۆ پەروەردە بە زمانی کوردی کە لەم بۆچوونانەدا ئاماژەیان پێکراوە، بوار ڕەخساندنە بۆ ئەوەی تاکی کورد سامانی فکری و ئەدەبیی خۆی بە زمانی نەتەوەکەی بەرهەم بێنێ. لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، زمانی

کوردییان بە فەرمی نەناسیوە و ڕێگر بوون لەوەی منداڵان بە کوردی بخوینن، سەدان کەسی خاوەن بەهرە ناچار بوون زمانی فەرمیی ئەو وڵاتانە بکەن بە زمانی بیرکردنەوە و نووسین و داهێنان. ئەوان گەورەترین بەرهەمەکانیان بە زمانی سەردەستی ئەو وڵاتانە بەرهەم هێناوە. یەشار کەماڵ لە تورکیا، سەلیم بەرەکات لە سوریا، برایم یوونسی، محەمەد قازی، عەلی ئەشرەف دەرویشیان لە ئێران، ناچار بوون کاری نووسین وەرگێڕان بە زمانی سەردەست لەو وڵاتانە بکەن. ئەمە لە بواری شێعر، سینەما و شانۆ و لێکۆڵینەوەی زانستی و...هتدیشدا هەر ڕاستە. واتە نەیانتوانیوە تواناییەکانیان بخەنە خزمەت زمانەکەی خۆیان، بەڵام ئەگەر تاکی کورد هەر لە سەرەتای قوتابخانەوە بە زمانی خۆی فێری خوێندنەوە و نووسین و بیرکردنەوە بێت، زمانەکەشی پێگەیەکی فەرمی هەبێت، ناچار نابێت بە زمانی نەتەوەی سەردەست، بنووسێت و داهێنان بکات.

۵-۵-۲-۵- پێشخستنی زمانی کوردی

لەنێو وەڵامەکاندا، کۆمەڵێک دەستەواژە و کۆد و چەمک هەبوون کە تێگەیشتنی خاوەنەکانیانی بۆ پێگە و چۆنیەتیی پێشخستنی زمان دەگەیاند. بۆ وێنە: «زمانی کوردی نەک زمانی دایک»، «پەروەردە بە زمانی دایک»، «زمانی فەرمی»، «زمانێک بۆ فێربوون نەک فێرکردن»، «مەیدانپێدان و خزمەتکردنی زمان»، «زمانی زانست»، «هەلومەرجی سیاسی و جۆری دەسەڵاتی کوردی». پرسیارلێکراوان لەو باوەڕەدان ئەگەر بەشداریی زمانی کوردی لە پەروەردە لەئاستی وانەیەک، یا بەکارهێنانی تەنیا لە یەک قۆناغی خوێندنا بێت، گرنگییەکەی و کاریگەرییەکەی زۆر کەمتر دەبێت لەوەی زمانی پەروەردە لە هەموو قۆناغەکاندا بێت و هەموو جۆرە بابەتێکی پێ بخوێندرێت. پرسیارلێکراوێک پێی وابووە کە باس لە زمانی پەروەردە دەکەین، دروست ئەوەیە لە جیاتی تێرمی زمانی دایک، زمانی کوردی بەکار بێنین:

(۲٦): کورد لەو قۆناغە تێپەڕ بووە بەو شێوەیە باسی زمانەکەی بکرێت، بەڵکو ئەوە بە مافێکی بێ ئەم لا و ئەولای کورد دەزانم کە زمانەکەی وەک زمانی کوردی ئاماژەی پێبکرێت و خوێندنیش لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن ڕێگاپێدراو بێت.

پرسیارلێکراوێک، سنووردارکردنی زمانی کوردی بە وانەیەک یا بە قۆناغێکی پەروەردەی، بە ناتەبا لەگەڵ بەفەرمی ناسینی زمانەکە زانیوە:

(۵): زمان زمانە و ئەگەر زمانێک بەفەرمی ناسرا، نابێت دار و لەلەی بۆ دابنرێت و سنوور و لەمپەر لەبەردەم چوونەپێشی دابنرێت.

چەند پرسیارلێکراوێک، بابەتێکی گرنگی دیکەیان دەستنیشان کردووە. زمانی کوردی دەبێت لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا ڕۆڵی یەکەمی هەبێت. مەبەستیشیان ئەوەیە هەم

بەشێوەی ئاسۆیی(زۆرترین دەرسەکان بەو زمانە) و هەم بەشێوەی ئەستوونی(لە هەموو قۆناغ و ئاستەکانی خوێندندا) سوودی لێوەربگیرێت.

پێکەوەبوونی زمانەکانی کوردی و فارسی (وەک زمانی فەرمیی وڵات) لە پەروەردە و لە کاروباری ئیداری و بوارەکانی دیکەی کوردستاندا، کە لە وەڵامەکانی ئەم پرسیارەدا کەوتبوونە بەرباس، وەک یەکێک لە داخوازەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەیان ساڵە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا هەیە. لە ماددەی ١١ی بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا (پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەم، ١٩٨٠) هاتووە: زمانی کوردی زمانی فەرمیی خوێندن و نامەنووسینی ناوچەی خودموختاری کوردستان دەبێت. خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا بە زمانی کوردی دەبێت. زمانی فارسیش وەک ناوچەکانی دیکەی ئێران لە ناوچەی خودموختاری کوردستانیشدا بە زمانێکی فەرمیی دەوڵەتی دەناسرێت و لە قوتابخانەکاندا پاش کلاسی چوارەمی سەرەتایی لە تەنیشت زمانی کوردی دەخوێندرێت(بەڵگەنامەکان،٢٠٢١:١٤٨). لەو ماددەیەدا زمانی فارسی وەک زمانی پێوەندیی کوردستان لەگەڵ ناوەندی ئێران و دام و دەزگاکانی سەربە دەوڵەتی ناوەندی، ناوی هاتووە: «لە ئێداره و دامودەزگاکانی ناوچەی خودموختاری کوردستاندا زمانی کوردی فەرمییە. نامەنووسینی ئیدارەکانی ناوچەی خودموختاری کوردستان لەگەڵ مەرکەز و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەروەها لەگەڵ ئەو ئیدارانەی سەر بە دەوڵەتی مەرکەزین بە زمانی فارسی دەبێت» (سەرچاوەی پێشوو). بەم پێیە لە داهاتووشدا، هەتا ئەو کاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێک لە وڵاتی ئێران بێت، زمانی فارسی وەک زمانی پێوەندی لە کوردستان لە تەنیشت زمانی کوردی جێگە و پێگەی فەرمیی خۆی دەبێت.

-هەر زمانێک ببێتە زمانی پەروەردە، یەکەم سوودمەند لە بەرزبوونەوەی پێگەکەی، خودی زمانەکەیە، چونکە توانایی زانستیی بەرز دەبێتەوە، هاوکات لەسەر پاراستنی ناسنامەی ئاخێوەرانیشی، کارێگەریی دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر ئاخێوەرانی هەتا ئێستاش نەتەوەیەکی بندەست و بیدەوڵەت بن. دیارە جێبەجێکردنی زۆر لەو بیرۆکە و پێشنیازانە بەوە بەستراونەوە کە هەلومەرجی سیاسیی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جێگە و پێگەی نەتەوەی کورد لە سیستەمی سیاسیی داهاتووی ئێراندا چۆن دەبێت.

٥-٦- پرسیاری پێنجەم

٥-٦-١-ناساندنی پرسیار

پرسیاری پێنجەمیش لەسەر بناغەی ئەو گریمانەیە دامەزراوە: «ئەگەر ڕۆژێک لە ئێران ڕێگا بدرێت نەتەوەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن»، لە پرسیارلێکراوانی پرسیوە: «پێت باشە لە کوردستان سیاسەتی زمانی لەکوێ دیاری بکرێت؟» وەڵامەکان چەندین پرس و بابەتی

پێوەندیدار بە ناوەندی دیاریکردنی سیاسەتی زمانیی داهاتوو، جۆر و ناوەرۆکی سیاسەتە زمانییەکە و ئاڵۆزی و هەستیاریی زمانی خوێندنیان، گرتووەتەخۆ. لەڕەوتی کۆدبەندیی وەڵامەکاندا چەمکە سەرەکییەکان بەم جۆرە وەدیار کەوتن: ١-ناوەندەکانی دارشتنی سیاسەتی زمانی، ٢- جۆرەکانی سیاسەت و پلانی زمانی، ٣- کێشەکانی دارشتنی سیاسەتی زمانی و٤- دووردەستبوونی چارەسەر (بڕوانە خشتەی ژمارە ٩).

٥-٦-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان

٥-٦-٢-١-ناوەندەکانی دارشتنی سیاسەتی زمانی

وەڵامەکانی تایبەت بەم باسە، سێ تەوەریان لە خۆگرتووە کە بریتین لە:

٥-٦-٢-١-١- کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسیی داهاتوو

ژمارە	چەمکە سەرەکییەکان	چەمکە لاوەکییەکان	کۆدە پێوەندیدارەکان	نموونەی دەقی وەرگیراو
١	ناوەندەکانی دارشتنی سیاسەتی زمانی	یەک ناوەند بۆ داتانی سیاسەتی زمانی، پارلمانی هەرێم شووڕای ناوچەیی	ئەکادیمیای کوردی، شووڕای بەرزی پەروەردە، لێژنەی پسپۆران	"پارلمانی کوردستان ناوەندی سەرەکیی بڕیاردان لەم بارەیەوە دەبێت " (٥١). "هەر پارێزگایەک لە پەرلەمانی خۆی بڕیاری لەسەر بدات" (٢٥).
٢	جۆرەکانی سیاسەت و پلانی زمانی	سەرانسەری و ستانداردیتەودەر، ناوچەیی و زارتەودەر، "زاری نیوەندگیر"	یەکگرتوو و سەرانسەری، زاری هەر ناوچەیەک وەک زمانی پەروەردە، زۆرترین ئاخیوەر، ناوێتەیەک لە هەموو زارەکان	"پلانی خوێندن بە کوردی، یەکدەست و نەتەوەیی بێت، واتە یەک زمان و یەک شێوازی پەروەردە و نووسین بەکار بهێنرێت" (٢٦) " کوردستان بکرێتە سێ پارێزگای زمانی و هەر پارێزگایەک، بۆخۆی سیاسەتی زمانی خۆی دیاری بکا" (٣٤).
٣	کێشەکانی دارشتنی سیاسەتی زمانی	دەمارگرژی و پێداگری، روانینی یەک لایەنە، نەبوونی دەسەڵات	لایەنە نەرینی و نەرێنییەکان	" ئەگەر هەر پارێزگا و شارێک بۆخۆی سیاسەتی زمانی دیاری بکا، لە درێژخایەندا هیچ یارمەتی بە زمانی نەتەوەیی کورد ناکا" (١٢).
٤-	دووردەستبوونی چارەسەر	یەکگرتن لەسەر بناغەی پاراستنی فرەیی	دیالۆگ، بیروڕاگۆڕینەوە، هەنگاوی دووربینانە، ژیرانە و واقیعی	"دەبێت بەستێنسازی و تێوڕسازیی بۆ بکەین تا شێوەزارەکانیتر لە بەر دیدی بەرتەسکی عەشیرەتی کێشەکە قوولتر نەکەن" (١٨).

(خشتەی ژمارە٩) تایبەت بە پرسیاری پێنجەم

سیاسەتی زمانیی هەر وڵاتێک پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئایدۆلۆژیا و جۆری دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتەوە هەیە. چەندین کەس لە پرسیارلێکراوان بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێوەندییە، لە وەڵامی پرسیاری پێنجەمیشدا ئاماژەیان بە سیستەمی حوکمڕانیی داهاتوو کردووە. دیارە مەبەست لە جۆری دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی حکومەتی، هەر تەنیا فۆرمی دەسەڵاتەکە نییە، ناوەرۆکی دەسەڵاتەکە گرنگتریشە. هەر بۆ وێنە لە ئێران لەسالی(١٩٧٩) سیستەمێکی حکومەت کە پاشایەتی بوو، گۆڕا و جێگای خۆی دا بە سیستەمێک کە بەروالەت کۆماریی. تەنانەت ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئەوانیش جیاوازی هەبوو. ئایدۆلۆژیای سیستەمی شایەتی، ناسیۆنالیزمی ئێرانی باستانی(لەمێژینە) و ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی، «ئوممەتی ئیسلامی» لەسەر بناغەی ئایینی شیعەیە، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەر دوو سیستەمەکە و ئایدۆلۆژیاکانیان، ناوەندگەرایی، ڕوانین لە ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە و باوەڕیان بە تاکزمانی و ڕەسمییەتدان تەنیا بە زمانی فارسی بووە. لە ئاکامدا، زمانە نافارسییەکان دەستکەوتێکی ئەوتۆیان لەم گۆڕانی سیستەمە پێنەبڕاوە. هەر دوو ئایدۆلۆژیا داننان بە جۆراوجۆریی نەتەوەیی و زمانی و بە ڕەسمییەتناسینی ئەو جۆراوجۆرییەیان وەک مەترسی لەسەر یەکپارچەیی ئێران داناوە.

وەک لە بۆچوونی پرسیارلێکراوانیشدا هاتووە ستەم و جیاوازیدانانی نەتەوەیی و زمانی لە ئێران کاتێک کۆتایی پێدێت کە دەسەڵاتی سیاسیی وڵات جۆراوجۆری نەتەوەیی و زمانی لەو وڵاتە بە فەرمی بناسێت و دەسەڵاتیان لەگەڵ بەش بکات. پرسیارلێکراوان وەک مۆدێلێک لەم جۆرە چارەسەرە سیستەمی فیدراڵی(نەتەوەیی- جۆغرافیایی)یان بۆ ئێران پێشنیاز کردووە. بیانووی تا ئێستای دەوڵەت- نەتەوەکانی ئێران بۆ بەفەرمی نەناسینی جۆراوجۆریی نەتەوەیی و زمانی و دابەشنەکردنی دەسەڵات لەگەڵیان، نیگەرانی لە پارچەپارچەبوونی ئێران بووە، بەڵام ئەزموونی وڵاتانی فرەنەتەوە ، فرە ئایین و فرەزمان دەریانخستووە کە سیاسەتی سەرکوت و سڕینەوەی جیاوازییەکان، یەکپارچەیی و تەناهیی ئەوانی ڕووبەڕووی کێشە و مەترسی کردووە نەک دانان بە جۆراوجۆری نەتەوەیی، ئایینی و زمانی و ڕێزگرتن لە مافەکانیان. ئاجیت موهانتی، پسپۆر و لێکۆڵەری پەروەردەی فرەزمانی کە ناوبانگێکی جیهانیی هەیە، پێیوایە: «لە جیهانێکی بە شێوەی سروشتی چەند زمانە، هەر جۆرە سەپاندنی زمانێک یا ژمارەیەکی کەم لە زمانەکان، نابێتە هۆی پێکهاتنی یەکێتی و یەکپارچەیی، بەڵکو لێک دوورکەوتنەوە و ناکۆکی بەرهەم دێنێت» (کالان،٨٧١:٨١٠٢). لە ئێرانیش بەفەرمی ناسینی نەتەوە جیاوازەکان و زمانەکانیان و دابینکردنی مافەکانیان، دەتوانێت یەکپارچەیی وڵات و هاوپێوەندیی نێوان دانیشتووانی وڵات بەهێز بکات.

٥-٦-٢-١-٢-جیاوازیی بۆچوون لەسەر ناوەندی دیاریکردنی سیاسەتی زمانی

ئەوە کە سیاسەتی زمانیی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی سەرانسەری دیاری بکرێت یان ناوچەیی، بە چەند شێوە وەڵام دراوەتەوە. بەشێک لە پرسیارلێکراوان پێیان

وابووە دەبێت یەک ناوەند بۆ دانانی سیاسەتی زمانی هەبێت و پێویستە سیاسەتە زمانییەکە سەرانسەری بێت و هەموو پارێزگا و شار و ناوچەکان بگرێتەوە. ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان ئەو ناوەندەیان بە کۆمەڵە ناوێکی وەک فەرهەنگسەرا (٢)، ئەکادیمیای کوردی(١٢)، فەرهەنگستان(٢١)، کۆڕی زانستیی زمانی کوردی(١١)، شووڕای بەرزی پەروەردە(٤١)، لێژنەی پسپۆران(٦٢)، ئەنیستیتۆ(٨٢)، ناو بردووە. بەزۆری ئەو پرسیارلێکراوانەی لەگەڵ بوونی زمانی ستاندارد و بەکارهێنانی لە پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندان، پێیان وابووە پێویستە یەک ناوەندی بڕیار بۆ دیاریکردنی سیاسەت و پلاندانانی زمانی هەبێت. ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوانیش بەپێچەوانە بیریان کردووەتەوە و لەگەڵ ئەوەدابوون سیاسەت و پلاندانانی زمانی، ڕەهەندی ناوچەیی هەبێت، هەروا کە بۆ زمانی خوێندنیش بەزۆری لەگەڵ «هەر ناوچەیەک بە زاری خۆی»دابوون. ئەو پرسیارلێکراوانە کۆمەڵە ناوێکی وەک پارڵمانی پارێزگا(٥٢)، جێگری بەڕێوەبەرێتیی پەروەردە لە پارێزگا و شارستان (٥١)، «شووڕای ناوچەیی و شووڕای بەرزی وڵات»(٥)یان وەک ناوەندی بڕیار بۆ سیاسەتی زمانیی پارێزگا و ناوچە بەکار هێناوە.

٥-٦-٢-١-٣- دارێژەرانی سیاسەتی زمانی

چەمکێکی دیکە کە لە چوارچێوەی ئەم باسەدا لەنێو وەڵامەکاندا بەدی دەکرێت، «دارێژەرانی سیاسەتی زمانی»یە. ئەو کەسانە کێن کە لێهاتوویی و لێوەشاوەیی گەڵاڵەکردن و ئامادەکردنی سیاسەت و پلانی زمانییان هەیە؟ ڕاستە «دەسەڵاتی سیاسیی ناوچە» و «پارڵمانی پارێزگا» و «ئەکادیمیا» و «کۆڕی زانستی» و «شووڕای بەرزی پەروەردە» و دامودەزگای دیکە ناویان هاتووە، بەڵام ئەو هێزە مرۆڤییە کە لە چوارچێوەی ئەو دەزگا و دامەزراوانە یان لە پرۆسەیەکی ڕاوێژ و هاوکاریدا لەگەڵیان بەشداری ئامادەکردنی سیاسەت و پلانی زمانی دەبن، کێن؟ دەبێت چ تایبەتمەندییەکیان هەبێت؟ پرسیارلێکراوێک پێی وابووە بڕیاردان لەبارەی سیاسەتی زمانی تایبەت بە پەروەردە لە کوردستان، نەک هەر مافی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران و کەسانێک لە دەرەوەی زمانی کوردی نییە، بەڵکو لە کوردستانیش دەبێت شارەزایان و دڵسۆزانی زمانی کوردی، بڕیاری لەسەر بدەن. «شارەزایانی زمانی کوردی» و دەستەواژەی دیکەی لەم چەشنە لە بەشێکی زۆر لەوەڵامەکاندا، دووپات بوونەتەوە. بە نموونە: «زمانناسەکان و مامۆستایانی هەر چوار پارێزگای کوردستان»(١٠)، «ناوەندە مەدەنییە زمانی و ئەدەبییەکان»(١١)، «زانایان و دڵسۆزانی کورد» (١٣)، «لێژنەی پسپۆڕان و زانایانی زمان» (٢١). لەم نموونەیەدا مەبەستەکان ڕوونتر دەربڕاون:

(٢٣): سیاسەتی زمانی لەنێو کوردستان و بە کۆدەنگیی پسپۆڕانی پەروەردەیی، مامۆستایان، زمانزانان، دەروونناسان، کۆمەڵناسان، مرۆڤناسان و چالاکوانانی مافی مرۆڤ و زانایانی یاسایی کورد دیاری بکرێت.

٥-٦-٢-٢-جۆرەکان و ناوەرۆکی سیاسەت و پلانی زمانی

لە دووتوێی وەڵام و نموونەکانی تەوەری پێشوودا ، ئاماژە بە چەند جۆرێک سیاسەتی زمانییش هەبوون، وەک سیاسەتی زمانیی ناوچەیی، هەرێمی یان سەرانسەری. لەم تەوەرەدا جۆرەکان و ناوەرۆکی ئەو سیاسەت و پلانانەی لە وەڵامەکاندا هاتوون، بە کورتی دەستنیشان دەکەین:

٥-٦-٢-٢-١-سیاسەتی زمانیی سەرانسەری و ستانداردتەوەر

بەشێک لە پرسیارلێکراوان لەگەڵ سیاسەتێکی یەکگرتوو و سەرانسەری لەبارەی زمانی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون. ئەوان، هەموو کوردەکان چ لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات و چ لە بەشەکانی دیکەی ئێرانیان بە بەشێک لە نەتەوەی کورد داناوە، زاری قسەکردنیشیان هەر چییەک بێت، بە لقێک لە زمانی کوردییان زانیوە. پرسیارلێکراوێک پێی وابووە ڕۆحی ئەو سیاسەت و پلاندانانە زمانییە دەبێت نەتەوەیی بێت:

(٢٦): پلانی خوێندن بە کوردی دەبێت یەکدەست و نەتەوەیی بێت، واتە یەک زمان و یەک شێوازی پەروەردە و نووسین بەکار بهێنرێت.

هەر بۆیە سیاسەتێکی زمانیی گشتگیریان کە هەمووان بگرێتەوە بە پێویست زانیوە. بەم هۆیەشەوە کە گریمانەیان ئەوە بووە سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتداریێتیی داهاتووی ئێران فیدراڵی دەبێت، ڕۆژهەڵاتی داهاتوویان وەک هەرێم یا ئەیالەتێک کە بەڕێوەبەرێتی و پێگەی سیاسی و مافی نەتەوەیی و زمانیی تایبەت بەخۆی دەبێت، وێنا کردووە. دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی ئەو سیاسەتە، وەک پرسیارلێکراوێک ئاماژەی پێکردووە:

(١٢): دەکرێ لەلایەن مەرجەعێک بێ کە پارڵمانی هەرێم یان ویلایەتی کوردستان دیاریی دەکا.

پرسیارلێکراوێکی دیکە بە ئەرکی حکومەتی هەرێمی زانیوە:

(٣٦): بۆ تێکڕای دانیشتووانی کوردستان لە یەک سیاسەتی زمانی کەڵک وەرگرێت.

لە ڕوانگەی ئەم بەشە لە پرسیارلێکراوان، ئامادەکردنی ئەو کتێبانەش کە لە قوتابخانەکان دەخوێندرێن و بەشێکە لە پلاندانانی پێگەی زمان، دەبێت لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە یەکگرتووەدا بێت. پرسیارلێکراوێک لەسەر وەک یەک بوونی کتێبەکانی خوێندن وتوویەتی:

(١٠): لەژێر چاودێریی وەزارەتی پەروەردە لێژنەیەکی زانستی پێکبێت کە بریتی بێ لە

زمانناسەکان و مامۆستایانی هەر چوار پارێزگای کوردنشین، پێکەوە کتێبی گونجاو و زانستی بۆ فێرکاری لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵات بنووسن .

٥-٦-٢-٢-٢-سیاسەتی زمانیی ناوچەیی و زارتەوەر

بە دەگمەن پرسیارلێکراوێک هەبووە کە هەم باوەڕی بە یەک زمانی ستاندارد بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووبێت، هەم پێی وابووبێت کە سیاسەتی زمانی دەبێت لە ئاستی پارێزگا و ناوچەدا، دیاری بکرێت. ئەوانەی یەک زمانی ستانداردیان بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان داوا کردبوو، هاوکات لەگەڵ «یەک ناوەندی بڕیاردان» و «سەرانسەری بوونی سیاسەتی زمانی»دا بوون. دەتوانین لە ئاوێنەی وەڵامەکانی ئەم لقەی پرسیارەکەدا، جیاوازیی بۆچوونەکانی خەڵکی کوردستان لەبارەی پێگە و ڕۆڵی زمانی کوردی و زارەکانی، بخوێنینەوە. زۆربەی ناوچە و زار و بنزارەکانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێزی پرسیارلێکراوانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لانیکەم کەسێکیان هەبووە. کوردیی نێوەڕاست لە بەشێکی زۆری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک زمانی ستاندارد قبووڵ کراوە، بەڵام بەشداربووی وا هەبووە ئەم زارەی بە زاری داسەپاو زانیوە. لە هەمان کاتدا کەسانێکیش کە سەربە زارەکانی دیکەی زمانی کوردی بوون، لە وەڵامەکانیاندا داواکار بوون پەروەردە بەو زمانە ستانداردە بێت. بە گشتی مەیل و وێستێکی بەهێز بۆ ناوچەیی بوونی ناوەندی دیاریکردنی سیاسەتی زمانی، هەروەها دیاریکرانی زاری ئاخاوتنی هەر ناوچەیەک وەک زمانی پەروەردەی ئەو ناوچەیە هەیە. بۆچوونەکان ئەمە دەسەلمێنن کە لەنێوان ڕوانین بۆ زمانی پەروەردە و بۆچوون لەبارەی ناوچەیی یا سەرانسەری بوونی ناوەندی سیاسەتدانانی زمانی، پێوەندیی ڕاستەوخۆ هەیە. ئەمە نموونەیەکە لەو بۆچوونانەی لەگەڵ بەناوچەییکردنی سیاسەتدانان بۆ زمانی کوردین:

(٣٤): باشترە کوردستان بکرێتە سێ پارێزگای زمانی و هەر پارێزگایەک، بۆخۆی سیاسەتی زمانی خۆی دیاری بکا: باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کرمانجی)، ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (سۆرانی)، باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کەڵهوڕی).

٥-٦-٢-٢-٣-سیاسەتی زمانیی «زاری نێوەندگیر"

لەنێو وەڵامەکاندا بۆچوونی جیاواز لەم دوو بۆچوونە سەرەکییەی باس کران، هەبوون. ئەو بۆچوونانە کەوتوونە نێوان دوو بۆچوونی ئاماژەپێکراو. پێشنیازەکانیان لە دەوری یەکێک لەم دوو ڕێگاچارەیە خولاونەوە:

أ- زمانێکی یەکگرتوو یا ستاندارد لە هەموو زارەکان، پێک بێت.

ب- لە هەر هەرێمیکی زمانی، لەسەر زارێک وەک زاری نێوەندگیر ڕێک بکەون.

هۆکاری ئەم بەشەش لە پرسیارلێکراوان، بۆ خستنەڕووی ئەم پێشنیازانە، یەکگرتوویی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لەم دوو وەڵامەدا هۆکارەکە بە ڕوونی دەرکەوتووە:

(۳۳): یەکدەستکردنی زمان بۆ خوێندن و نووسین و پەروەردە کارێکی ئاسان نییە و دەبێت سیاسەتێکی فرەڕەهەندتر و گشتگیرتر پەیڕەو بکرێت کە نەبێتە هۆی پەرتەوازەبوون یان دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی یەکگرتووکردنی زمان.

هەروەها:

(۳۷): پێداگری لەسەر یەک زمان بۆ خوێندن لەوانەیە ناکۆکی لە ناو گرووپە زمانییەکاندا ساز بکات.

بە بۆچوونی خوازیارانی «زاری نێوەندگیر»، زارێک دەتوانێت ببێتە زاری نێونجی یا نێوەندگیر کە لە شار و پارێزگایەکی دیاریکراودا زۆرترین ئاخێوەری هەبێت و هەر لەو کاتەشدا ئاخێوەرانی زار و شێوەزارەکانی دیکە لێی تێبگەن. ئەو بەشە لە پرسیارلێکراوان پێیان وایە بە ڕێککەوتن دەبێت ئەم زارە دیاری بکرێت.

گریمانەی پرسیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەم بنەمایە دانراوە کە حکومەتی ئێران لە ئاستی پەروەردەدا خوێندن بە زمانی کوردی پەسەند دەکات؛ دەکرێت ئەم ئەگەرەشمان لەبەرچاو بێت کە ڕازیبوون بەم مافە، گۆڕان لەباری سیاسی و بەڕێوەبەرێتییشی لەگەڵدا بێت. گریمان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مافی خۆبەڕێوەبردنی - بە شێوەی هەرێمێکی خودموختار، یا دانی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن بە پارێزگاکان_ بەدەست هێنا. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆشدا باشتر ئەوەیە کە سیاسەت و پلاندانانی زمانی بەهۆی ناوەندێکی کوردستانی بێت نەک هەر پارێزگا و ناوچەیەک بۆ خۆی. «جەلیلیان» فەرهەنگنووسی کورد، پێی وایە بڕیارێکی گرنگی وەک دیاریکردنی زمانی پێوەر کە پێوەندیی بە ئاخێوەرانی هەموو زارەکانەوە هەیە، دەبێت بە دامەزراوەیەکی زانستی بسپێردرێت: «بۆ بەپێوەرکردنی زمانی کوردی دامەزراوەیەکی زانستیی وەک فەرهەنگستان کە باری ڕەوایی (مشروعیت)ی ببێت، پێویستێکی بەرچاوە... بەرچاوترین ئەرکی فەرهەنگستانی کوردی بە ڕای من گرینگیدان بە پرۆژەی پلانی زمانییە. بەڕێوەبردنی بەرنامەی پلانی زمانی دەتوانێ مسۆگەری ئاواتەکان و هەوڵەکانمان بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی بێت» (جەلیلیان،۲۰۲۱:۳۰۳). زمانی کوردی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناسنامە و کولتووری کوردەوە و هەروەها ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە و ئەگەر لە یەک ناوەندەوە و بە گیانێکی نەتەوەیی و ڕوانینێکی گشتگیرەوە ئاراستە نەکرێت، ئاکامێکی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە.

٥-٦-٢-٢-٣-کێشەکانی بەردەم دارِشتنی سیاسەت و پلاندانانی زمانی

لەم بۆچوونانەی هەتا ئێرە لەپێوەندی لەگەڵ ناوەندی بڕیاردان لەبارەی سیاسەت و پلاندانانی زمانی و جۆر و ناوەرۆکەکەیان خراونە ڕوو، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کێشەیە، کێشەیەکی هەستیار و ئاڵۆزە. بە گوتەی پرسیارلێکراوێک:

(٢٦): کاری دارِشتنی پلان بۆ خوێندن بە کوردی، بە قەد دارِشتنی پلان بۆ زمانی فارسی... بگرە لە فارسییش قورسترە، چونکە ئەوان وەزارەتی پەروەردە و زمانێکی دیاریکراویان هەیە کە دەیان و سەدان ساڵە ڕاڤەی کراوە.

ئەوانەی خوازیاری پەروەردە بە زمانێکی ستانداردن، قامک لەسەر چەند ڕاستییەک دادەنێن کە حاشا هەڵنەگرن. بە نموونە:

(٤٩): ستانداردکردنی زمان بۆ پەیوەندی بەهێزترە، بۆ فێربوونی غەیرە کوردەکان ئاسانترە، لەبواری زانستە تەجروبیەکاندا کاراترە.

یان وەک پرسیارلێکراوێکی دیکە وتوویەتی:

(٣٨): دروستکردن و پەرەپێدانی زمانی ستاندارد و گشتگیر یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی پێوەندیی بەهێز و پتەوی ئەندامانی نەتەوەی خاوەن زمانی هاوبەشە و دەبێت زمانەکە ڕایەڵەی پێوەندیی نێوانیان بێت.

هەرچی لایەنگرانی زمانێکی ستانداردن دەڵێن یەکدەستیی زمان، یەکیەتیی نەتەوەییش بەڕەهەم دێنێت و پێچەوانەکەشی دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و جیاکاری و دوورکەوتنەوە. ئەوان دەڵێن بە گرتنەبەری سیاسەتی زمانیی پەروەردە بە زاری ناوچەیی، دەتوانین لە کورتخایەندا ئاخێوەرانی هەموو زارەکان ڕازی بکەین، بەڵام لە درێژخایەندا، ئەم سیاسەتە زیان و لێکەوتەی تایبەت بەخۆی دەبێت. ئەو بەشە لە پرسیارلێکراوان، ئەزموونی وڵاتانی عەرەبی و زمانی فارسی لە نووسین بە یەک زمانی پێوەر، بەبیر دێننەوە کە بە سوودی زمانەکانی عەرەبی و فارسی شکاوەتەوە.

لە بەرانبەردا ئەو بەرەیەش کە لەگەڵ سیاسەتی چەند ستانداردی یان «هەر ناوچەیەک زاری خۆی»دان، نیگەرانی و تێبینی و هۆکاری گرنگ باس دەکەن کە ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێن. با لە دەلاقەی نموونەی دوو وەڵام، گۆشەیەک لەو نیگەرانی و تێبینی و ڕاستییانە ببینین و بخوێنینەوە: نموونەی یەکەم:

(٣٤): کاتێ کوردێکی کرمانج ناچارە خۆی فێری سۆرانی بکا، هەر وەک ئەو زمانە

زۆرەملییە وایە کە دەوڵەتی ئێران بەسەریدا سەپاندووە، دیسان زاراوەی خۆی خراوەتە پەراوێزەوە.

نموونەی دووەم:

(٣٧): ئەگەرچی زمان یەکێک لە بەهێزترین ئێلێمانەکان بۆ یەککگرتوویی نەتەوەییە، بەڵام بەهۆی جیاوازیی زۆری زارە کوردییەکان و لێکتێنەگەیشتنی دوولایەنەی ئاخێوەران لە زاری یەکتر، هەروەها نەبوونی دەسەڵات و ئیمکانات بۆ نزیک کردنەوەی زارەکان و دژواربوونی لەئاستی پراگماتیکدا، پێداگری لەسەر یەک زمان بۆ خوێندن لەوانەیە لە ناو گرووپە زمانییەکاندا ناکۆکی ساز بکات.

بەبێبوونی دەسەڵات و دامەزراوەی پێوەندیداری خاوەن ئەزموون و کارامەیی، تاکی کورد چەند دەتوانێت کاریگەریی لەسەر دانانی سیاسەت و پلاندانی زمانی هەبێت؟ سوداد ڕەسوواڵ لە باسی کێشەکانی ئێستای بەردەم زاری کوردیی خواروو(پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام)دا دەڵێت: «لەم جۆرە ژینگە ژێردەستەییە، دانانی پلانی زمانی کارێکی سەخت و دژوارە، چونکە دارشتنی سیاسەت و پلانی زمانی، پێویستی بە دەسەڵات و ئەکادیمیای زمان هەیە و کوردەکانی ئەم دوو ئوستانە لە هەر دوویان بێبەشن»(ڕەسوواڵ،٢٠٢١:٧٥). ئەم قسەیە ڕاستە بەڵام ناکرێت هەتا ئەوکات کە کورد لە ڕۆژهەڵات دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی دەبێت، دەست لەسەر دەست دانێین. لانیکەم لە ڕووی فکری و تیۆرەوە، هەوڵدان بۆ لێکنزیکبوونەوە و دروستکردنی قەناعەت بۆ پەسەندکردنی بڕیارێکی دروست، پێویستە. چونکە لە داهاتووشدا هەر ڕێگاچارەیەکی یەکلایەنە، بێدابینکردنی ڕەزامەندیی بەرانبەرەکانی، دەتوانێت زیانێکی گەورە بە تەبایی و یەککگرتووییی بەشەکانی کۆمەڵ و پێگەی زمانی کوردی بگەیەنێت. هەر بەم پێیە ئەو بۆچوونانەی کە داوا دەکەن لە بەراییدا پێویستە دیالۆگ و بیروڕا گۆڕینەوەی تیۆروتەسەل لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کێشەکە هەبێت، لەجێی خۆیدایە.

٥-٦-٢-٤- دووڕەدەستبوونی چارەسەر

لەنێو وەڵامی پرسیارلێکراواندا بۆچوونی لەم جۆرەش هەبوون کە ئەم پرسە ناکرێت لە ئێستاوە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی بۆ بدرێت. بەپێی ئەم جۆرە بۆچوونانە، ئەم پرسە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە کۆمەڵی کوردستان لەو کاتدا خۆی لەسەر چ بڕیارێک ساغ دەبێتەوە، چ شیوازێکی دەسەڵاتی سیاسی لەو کاتدا لەسەرکار دەبێت. ئەمە نموونەیەک لەم جۆرە بۆچوونانەیە:

(٤٧): بۆ بڕیاردان لە بابەت ئەوە کە ستانداردێک یان دوو یان چەند ستاندارد هەبن پێویستە لە پێشدا لە ئیمکانی هەرکام لەو حاڵەتانە بڕوانین و بزانین کامیان دەتوانێ ببێتە خاڵی ڕێککەوتن و یەکگرتن لەنێو ئاخێوەرانی کورددا و کامیان دەتوانێت زیاتر وەڵامی داوا

و پێویستییەکانی ئەو کاتەی کۆمەڵی کوردستان بداتەوە.

ئەنجامێک کە لەم بۆچوونانە و کۆی وەڵامەکان دەتوانین وەریبگرین ئەوەیە کە دەمارگرژی و پێداگریی هەر بەشێکی کۆمەڵ لەسەر بۆچوونی خۆی و ڕوانینی یەک لایەنە بۆ پرسی زمانی پەروەردە ئەم کێشەیە ئاڵۆزتر و گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی دروست دژوارتر دەکات. زمانی داهاتووی پەروەردە بەتایبەت و ناوەرۆکی سیاسەتی زمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی، دەبێت لەسەر بنەمای «یەکگرتن بە پاراستنی فرەچەشنیەوە»(وحدت در عین کثرت) بێت. بە تێگەیشتن لە هەستیارییەکانی لایەنەکانی ئەم کێشەیە و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوابوونی نیگەرانی و تێبینییەکانیان، هەنگاونان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، دەبێت دووربینانە و ژیرانە و واقیعی بێت. مەرج نییە تەنیا لەسەر یەک مۆدێلی چارەسەر پێدابگرین، بەڵام مەرجە هەر مۆدێلێک کە دوای باس و ڕاوێژ و دیالۆگی هەمەلایەنە و فرەچەشن دیاری دەکرێت، هاوکات هەم لە خزمەت یەکگرتوویی زمانی کوردی و ئاشتەواییی کۆمەڵایەتی دابێت، هەم گرنگیی پێویست بە زارەکانی زمانی کوردی و دابینکردنی ماف و چاوەڕوانییەکانی ئاخێوەرانیان، بدات.

٥-٧- پرسیاری شەشەم

٥-٧-١- ناساندنی پرسیار

پرسیاری شەشەم کە ڕووبەڕووی پرسیارلێکراوان کراوەتەوە، پێوەندیی بە کرانەوەیەکی سنووردار لە سیاسەتی ڕژێمی ئێستای ئێران لەبارەی زمانی کوردییەوە هەیە. پرسیارەکە لە پێشەکییەک و سێ لق پێک هاتووە. دەقی پرسیارەکە بەم جۆرەیە: ''لە ئیستادا، ڕێگا بە خوێندنی چەند واحید (یەکە)ی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ''زانستگەی کوردستان'' لە شاری سنە دراوە، هەروەها ڕەزامەندی پێشان دراوە بۆ ئەوەی لە هێندێک ناوچەی کوردستانی ئێران، دەرسێک لەبارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی هەبێت کە بەشداریکردنی قوتابی تێیدا، دڵخوازانەیە. چەند پرسیارێک لەم بارەیەوە:

أ-ئەوەندە کرانەوەیە و مەیداندان بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی لەلایەن دەسەڵاتی ئێران، چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ وەکو مافێک، چەند لە داوا و چاوەڕوانیی خەڵک نزیکە؟

ب-بۆچی تەنیا هەر زانکۆی کوردستان دەبێت ئەم مافەی هەبێت؟ زانکۆکانی ئوستانەکانی کرماشان، ئیلام، ئازەربایجانی ڕۆژاوا بۆ نابێت ئەم مافەیان پێبدرێت؟

پ- بە بڕوای بەڕێزت، زانکۆی کوردستان، هەروەها ئیدارەی پەروەردەی شار و ناوچە کوردییەکان، ئەم دەرفەتە کورت و سنووردارەیان چۆن قۆستووەتەوە؟''

ئامانج لەم پرسیارە، ئاگادارببوون لە ڕوانگەی پرسیارلێکراوان لەبارەی ئەم کرانەوەیە، ڕەخنە و تێبینییەکانیان لەسەر چۆنێتیی جێبەجێکرانی هەر دوو دەرفەتەکە و ڕادەی کاریگەرییان لەسەر زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بە تایبەتی کە هەر دوو کرانەوەکە پێوەندییان بە زمانی کوردی و پەروەردەوە هەیە کە بابەتی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیەن.

پرسیاری سەرەکی لە باسی هەڵسەنگاندنی ئەم هەنگاوانەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا ئەوەیە: کۆماری ئیسلامی، لە کاتێکدا خۆی تەنیا لە ئاست زمانی فەرمیی ئێران بە بەرپرس دەزانێت، بۆچی ڕێگای بە کرانەوەی بەشی کوردی لە زانکۆی کوردستان و خوێندنی وانەیەکی ئارەزوومەندانە بە زمانی کوردی لە قوتابخانە داوە؟ ئەم کرانەوەیە ئەگەر لە ڕووی نیازپاکی و لە پێناوی جێبەجێکردنی مافە زمانییەکانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی خوێندن بە زمانی دایکە، بۆچی زانکۆکانی پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی نەگرتووەتەوە؟ ئەگەر مەبەستی خوێندن بە زمانی دایکە، بۆچی تەنیا دەرسێک بە زمانی کوردی و ئەویش بە شێوەی ئارەزوومەندانە؟ ئەگەر ئەمانە مەبەستی نین، چ نیازێکی دیکەی لە هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانە هەیە؟

لە دوای کۆدبەندیی وەڵامەکانی پرسیاری شەش، چەند چەمکی لاوەکی و سەرەکی بەدەست هاتن. چەمکە سەرەکییەکان (وەک لە خشتەی ژمارە ١٠ دەردەکەوێت) بەم جۆرەن:١ -ناوەرۆکی سیاسیی دەوڵەت- نەتەوەی ئێران،٢-دەرفەتدان بە زمانی کوردی، ٣-پارێزگاکان و زانکۆکانی کوردستان، ٤-وانەی دڵخواز بە کوردی لە خوێندنگە، و ٥-وشیاریی زمانی لە کوردستان.

٥-٧-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان

٥-٧-٢-١-ناوەرۆکی سیاسیی دەوڵەت- نەتەوەی ئێران

چەند پرسیارلێکراوێک ئەم کرانەوەیەی ئێستایان وەک هەنگاوەکانی ڕژێمی پاشایەتی لێک داوەتەوە کە ئامانج و بانگەشەی سیاسییان لەپشت بوو. یەکێکیان لە پێوەندی لەگەڵ سنووردارکردنی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی تەنیا بە یەک زانکۆی ئێران وتوویەتی:

(٤٥): سیاسەتی زمانی و باوەڕی دەسەڵاتداران بە ناسنامەیەکی یەکگرتووی ئێرانی و بێنرخ نیشاندانی ئەوەی کە ئەوان بە فەرهەنگ و زمانی ناوچەیی و لۆکاڵیی دادەنین، وایان لێدەکات کە نەتوانن بێجگە لە ناوچەیەکی دیاریکراو، جێبەجێی بکەن.

"ناسنامەی یەکگرتووی ئێرانی" ئەو کۆدەیە کە سڕینەوەی جیاوازییەکان و پێشاندانی

هەموو دانیشتووانی ئێران وەک یەک نەتەوە لەلایەن دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئێران دەگەیەنێت. لە نموونەیەکی دیکەدا ڕوانگەی نەرێنیی پرسیارلێکراوان بەرانبەر دەوڵەتەکانی ئێران بەم جۆرە هاتووە:

(٣٠): لێرەدایە کە سیاسەتی سەد ساڵەی دەوڵەت-نەتەوەی فارس زیاتر خۆی دەردەخات و دەیهەوێ نیشان بدا کە تەنیا یەک پارێزگا لە ئێراندا کوردن و ئەویش هەر پارێزگای سنەیە، یانی ئەم ڕێگاپێدانەشی پەیامێکی سیاسیی تێدایە.

ژمارە	چەمکە سەرەکییەکان	چەمکە لاوەکییەکان	کۆدە پێوەندیدارەکان	نموونەی دەقی وەرگیراو
١	ناوەرۆکی سیاسیی دەوڵەت- نەتەوەی ئێران	(تاکزمانی)، ڕژێمی ئیدئۆلۆژیک، ناسنامەی یەکگرتووی ئێرانی	ئاسمیلەکردن، ئۆممەتی ئیسلامی، ئەتۆمیزە	" باوەڕی دەسەڵاتداران بە ناسنامەیەکی یەکگرتووی ئێرانی و بێنرخ نیشاندانی ئەوەی کە ئەوان بە فەرهەنگ و زمانی ناوچەیی و لوکاڵیی دادەنێن، وایان لێدەکات... "(٤٥).
٢	دەرفەتدان بە زمانی کوردی	هۆکارەکان ، چەند و چۆنی دەرفەتەکان	هۆکاری یاسایی، هۆکاری سیاسی، هۆکاری خەباتگێڕی، نرخاندنی ئەرێنی	"ئەم کارە لەلایەن دەستەڵاتەوە زیاتر هەنگاوێکی سیاسییە و دانانی ناچاری بە زمانی کوردییە. شتێکی خراپ نییە و باشیشە "(٢٩).
٣	پارێزگاکان و زانکۆکانی کوردستان	هەڵواردنی دەوڵەتی	جیاوازیی زانکۆ و پارێزگای کوردستان و ئەوانی دیکە	" نایانەوێت کوردستان وەکو جوغرافیا و هەرێمێک کە یەکە ئیداریە کوردنشینەکان بەتەواوی لەخۆبگرێت، سەیر بکرێت و پارێزگای سنە وەک کوردستان دەناسێنن" (٣٨).
٤	وانەی دڵخواز بە کوردی لە خوێندنگە	لاپەڕەی خاڵی، گوێش محلی(زاری خۆجێیی)	"لە هیچ باشترە"	" لە کتێبی فارسیدا یەک دوو لاپەڕەی خاڵی هەیە بۆ ئەوەی مامۆستاکان ئەگەر حەزیان کرد کورتە باسێکی فەرهەنگی و ئەدەبی (بە گوێش محلی!) بەخوێندکاران بناسێنن..." (١).
٥	وشیاریی زمانی لە کوردستان	شۆڕشی زمانی، فیرگەی زمانی کوردی	چالاکانی مەدەنی، مامۆستایانی خوێندکار	"ئەوەی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان خەریکە ڕووەدات، شۆڕشێکی زمانییە کە ..لە ژێر سێبەری زانکۆ و وەزارەتی پەروەردەدا نییە و بەشێوەیەکی تەواو سەربەخۆ دەجوولێتەوە"(٥٠).

(خشتەی ژمارە١٠) تایبەت بە پرسیاری شەشەم

هەروەک لە وەڵامدانەوەیان بە پرسیاری سێهەمیشدا دیتمان، پرسیارلێکراوان لە وەڵامی پرسیاری شەشەمیشدا کردەوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەنێویاندا ئەو دەرفەتانەی بە زمانی کوردیی داوە، بەگوێرەی ناسین و ئاگادارییان لەسەر ناوەرۆکی دەوڵەت نەتەوەی ئێران هەڵدەسەنگێنن. دەسەڵاتی سیاسیی ئێران دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیکە، ئایدۆلۆژیاکەی لەسەر مەزهەبی شیعە بنیات نراوە و بڕوای بە ئۆممەتی ئیسلامی هەیە. لەم ئایدۆلۆژیایەدا تەنیا دوو زمان بایەخیان پێدەدرێت، یەکیان زمانی فارسییە کە زمانی دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانە، دووەم، زمانی عەرەبی کە زمانی ئایینی ئیسلامە. بۆچوونی لەسەدا ۸۰ی پرسیارلێکراوان بۆ ناوەرۆک و چییەتیی سیستەمی دەسەڵاتداریەتیی ئێران سەلمێنەری ڕوانینی نەرێنییی ئەوان بۆ ئەو سیستەمەیە. تێگەیشتنی پرسیارلێکراوان کە پێیان وایە لەم ئایدۆلۆژیایەدا جێگایەک بۆ نەتەوە و نەتەوایەتی و زمانەکانی دیکە بەدی ناکرێت تەواو راستە. ئەم بێمتمانەییە بە تایبەتی کاتێک باشتر دەرکەوتووە کە بیروڕای خۆیان بە دیاریکراوی لەسەر ڕێگاپێدانی زمانی کوردی تەنیا لە یەک زانکۆ و خوێندنی تاقە دەرسێک بە کوردی، ئەویش بە ڵخواز، دەربڕیوە. بەدەگمەن پرسیارلێکراوێک هەبووە کە بەڕاشکاوی دژی ناوەرۆک و ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی دەسەڵاتی ئێران نەدوابێت. بەو هۆیەشەوە کە ناوەرۆکی دەسەڵاتەکەیان قبووڵ نییە، بەگومانەوە لە کرانەوە و ڕیفۆرمەکانیان ڕوانیوە.

۵-۷-۲-۲-دەرفەتدان بە زمانی کوردی

بۆچوونی پرسیارلێکراوان لەسەر ئەو دوو دەرفەتەی بە زمانی کوردی دراون، زۆر جێگەی تێڕامانن. کەم کەس لەنێو پرسیارلێکراواندا هەبووە کە ئەم ئاوڕدانەوانەی دەسەڵاتی ئێران بۆ سەر زمانی کوردی بە تەواوەتی ڕەت کردبێتەوە و بەخراپی زانیبێت، بەڵام لەسەر چەندێتیی دەرەفەتەکە (بۆچی تەنیا وانەیەک بە زمانی کوردی لە فێرگەکان هەبێت؟ بۆچی دەبێت چەند وانە یان هەموو وانەکان بە زمانی کوردی نەبن؟)، هەروەها سنووردارکردنی بە بەشێک بە ناوی زمان و ئەدەبیاتی کوردی ئەویش لە تەنیا زانکۆیەک لە تاکە پارێزگایەکدا، تێبینی و ڕەخنەیان هەبووە. هەڵبەت ئەوانەش کە بە چاوی گومان لە ئامانجەکانی دەسەڵاتی ئێران لەم بڕە دەرفەتدانە ڕوانیویانە و زۆر بە کەم و لاوازیان زانیوە، پێیان وابووە پێویستە ئەوەندە دەرفەتە بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی زۆرترین سوودی لێوەربگیرێت. گرنگترین خاڵەکان کە لە وەڵامەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە ئەمانەن:

۵-۷-۲-۲-۱- هۆکارەکانی ئەم دەرفەتدانە

پرسیارلێکراوان ئاماژەیان بەهۆی جۆراوجۆر بۆ ئەم دەرفەتپێدانە کردووە. دەکرێت لەژێر ئەم ناوانەدا هۆکارەکان کۆ بکەینەوە:

۵-۷-۲-۲-۱-۱- هۆکاری یاسایی

ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان پێیان وایە کۆماری ئیسلامی بەم هەنگاوانەی ویستوویە وا پێشان بدات کە ئەرکە یاساییەکانی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ زمانە نافارسییەکانی ئێران و ئاخێوەرانیاندا کە لە دەستووری وڵاتدا هاتوون، جێبەجێ کردووە، بەڵام تەنانەت ئەوەندەش کە یاسا بۆی دیاریی کردووە، بە کەمی و ناتەواوی بەجێی گەیاندوون. نموونەیەک لە وەڵامەکان کە لەم ڕوانگەیەوە دەڕوانن هۆکاری دەرفەتپێدانی زمانی کوردی:

(۱۹): ... بوونی باش و دڵخۆشکەرە و بەگوێرەی ئەسڵی پانزەی یاسای بنەڕەتیی ئێرانە.

۵-۷-۲-۲-۱-۲- هۆکاری سیاسی

زۆرینەی پرسیارلێکراوان هۆکاری سیاسییان لەپشت ئەم دەرفەتپێدانە سنووردارە بە زمانی کوردی دیتووە. نەتەوەی کورد لە ئێران، بەبۆنەی داواکردنی مافە سیاسی و کولتوورییەکانی، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئەو سیستەمە کێشەی هەبووە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەردەوامی مەیدانی وەستانەوەی خەڵک بەرانبەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و سیاسەتەکانی بووە. لە بەشێک لە وەڵامەکاندا ئەم بۆچوونە هەیە کە دەسەڵات بەم هەنگاوانەی دەیەوێت لە ڕووی سیاسییەوە کاریگەری لەسەر خەڵکی کوردستان دابنێت. ناوبردنی ئەم دەرفەتپێدانە وەک:

(۲۳): هەوڵدانێک بە نیازی کپکردنی دەنگی نارازیی خەلکە کە داوای خوێندن بە زمانی دایک دەکات.

(۳۳): بڕیارێک بە ئامانجی بەلاڕێدابردنی پرسی داواکاریی خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایک.

لە دەربڕینە نەرێنییەکانی پرسیارلێکراوان بوون کە لە ڕوانینی سیاسیی ئەوان بۆ دەسەڵاتی ئێران، سەرچاوەیان گرتووە.

۵-۷-۲-۲-۱-۳- هۆکاری خەباتگێڕی

ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان ئەم کرانەوەیەی دەسەڵات لە ئاست زمانی کوردییان بە خەباتێک کە لە هەناوی کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ داواکردنی مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکان هەیە، گرێ داوەتەوە. واتە ئەم دەرفەتپێدرانەی زمانی کوردییان بە دەستکەوت و بەرهەمی تێکۆشان و خەباتی خەڵک زانیوە. پرسیارلێکراوێک وێڕای ئاماژەدان

بەوە کە سیاسەتی ڕێژیم پەروەردە بە زمانی دایک نییە، پێی وایە:

(٣٦): کەمکردنەوەی ئەو زەخت و فشارانەیە کە لەلایەن دڵسۆزانی زمانی دایک خراوەتە سەری، باشترە بڵێم خۆشاردنەوەی ڕێژیمە لە خواستەکانی کورد بۆ خوێندن بە زمانی دایک.

پرسیارلێکراوێکی دیکەش ئەم ناوەی لەسەر ئەم مەیدانپێدانە سنووردارە داناوە:

(٥٠): داخستنی دەمی ئەو نارِازی و چالاکانە کە لەمێژسالّە داوای پەروەردە بە زمانی دایک دەکەن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین سالّە خەباتێکی مەدەنیی ناسنامەپارێز لە شارەکان بۆ داواکردنی مافە زمانی و کولتوورییەکان دەستی پێکردووە. ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان خەبات و پێداگریی چالاکانی بەشدار لەو خەباتە مەدەنییەیان بە هۆکاری لالێکردنەوەی کۆماری ئیسلامی لە زمانی کوردی زانیوە:

(٣٥): ئەم کرانەوە و مەیداندانە بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی، ئاکامی پێداگری و خەباتی گەلی کورد و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ئەو گەلە بووە.

ئەنجامێک کە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی وەڵامەکانی پێوەندیدار بە پرسیاری (٦) پێمان دەدات ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسیی وڵات کەمترین مایە و ئامادەیی بۆ پێشاندانی ڕووی خۆش بە مافە زمانییەکانی کورد و نەتەوە نافارسەکانی دیکە هەیە. ئەگەر لە ئاست زمانی کوردی، ئەوەندە ئامادەییەشی هەبووە، دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی خەبات بۆ مافی نەتەوەیی و زمانی لە کوردستان و بەردەوامیی داواکردنی ئەو مافانە لە فۆرمی خەباتێکی بەرینی مەدەنیدا. ئەو دەستکەوتانەی تا ئێستا بەدەست هاتوون، بۆ وێنە کرانەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی کوردستان، بەرهەمی پێداگریی تاکە وشیارەکانی کۆمەڵی کوردستان بە تایبەتی مامۆستایانی ئەو زانکۆیە لەسەر داواکردنی مافە زمانییەکانە.

پارێزگای کوردستان، تەنیا پارێزگایەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە هەر دوو ڕژێمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا وەک کوردستانی ئێران ناسێندراوە. ''زانکۆی کوردستان''یش کە لەم پارێزگایە هەڵکەوتووە، تەنیا زانکۆیەکە کە دەرفەتی کردنەوەی بەشێک بە ناوی زمان و ئەدەبیاتی کوردیی پێدراوە. خوێندنی وانەی دڵخواز بە کوردی لە قوتابخانەش زیاتر لەم پارێزگایە -تا ڕادەیەک- جێبەجێ بووە. لە ڕوانگەی پرسیارلێکراوانەوە ئەم ئاوڕدانەوە بەرتەسکە لە زمانی کوردی و دەرفەتپیدانی لە زانکۆی تاکە پارێزگایەک، ئامانج و مەبەستی

سیاسیی لە پشتە. ئەوان پێیان وایە دەوڵەت-نەتەوەکانی ئێران، هەروا کە هەوڵیان داوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە یەک پارێزگا (پارێزگای کوردستان) پێناسە بکەن، لەباری دەرفەت پێکهێنان و بواربەخساندن بۆ زمانی کورددییش، هەر ئەم سیاسەتە بەڕێوە دەبەن.

۵-۷-۲-۲-۲- بۆچوون لەبارەی چەند و چۆنی دەرفەتەکان

۵-۷-۲-۲-۲-۱-ناساندنێکی کورتی دەرفەتەکان

ئەوەی لە زانکۆی کوردستان هەیە بە وتەی پرسیارلێکراوێک:

(۷): "چەند واحید" بە کوردی نییە بەڵکو ڕشتە و بەشێکی سەربەخۆیە بەناوی زمان و ئەدەبی کوردی. ئەو وانەیەش کە دڵخوازانەیە تەنها لە دوو زانکۆی شاری سنە دەخوێندرێ، واتە لە زانکۆی کوردستان و زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی کوردستان.[1]

پرسیارلێکراوێکی دیکە ئەو بڕە ئاسانکارییەی حکومەتی ئێران بۆ زمانی کوردیی پێکی هێناوە، بەم جۆرە ناساندووە:

(۱۱): دەرفەتدان بە خوێندنی زمانی کوردی دوو شێوەی هەیە: ۱- لیسانسی زمان و ئەدەبی کوردی هەیە و وەک لقەکانی دیکەی زانکۆ بە شێوەی فەرمی خوێندکار وەردەگرێ، ۲-بۆ خوێندکارەکانی دیکە لقی خوێندنیان (هەرچی بێت) بەپێی ڕەزامەندیی خۆیان ئەتوانن چەند واحید زمان و ئەدەبیاتی کورددییش بخوێنن.

بەپێی ئەم ڕوونکردنەوانە، جگە لەوەی لە قۆناغی ناوەندی یا سەرەتاییدا، وانەیەکی ئارەزوومەندانەی کوردی هەیە، هەر لە قۆناغی زانکۆ و بە دیاریکراوی لە دوو زانکۆی "کوردستان" و "زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی کوردستان" کە هەر دوویان لە شاری سنە هەڵکەوتوون، چەند یەکەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بە دڵخواز دەخوێندرێت. بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی ئەو دەرفەتانەی ئاماژەیان پێکراوە بەم جۆرەن:

۵-۷-۲-۲-۲- ناهاوسەنگیی دەرفەتەکان لەگەڵ ناسنامە و ڕێژەی دانیشتووان

مافی ئەو نەتەوە نافارسانەی لە چوارچێوەی جۆغرافیای ئێراندا دەژین، پەروەردە بە زمانی دایکە نەک وانەیەک بۆ زمان و ئەدەبیاتی ئەوان. پرسیارلێکراوێک وێڕای پێداگری لەسەر مافی "فێربوون بە زمانی دایک بۆ هەر ڕۆڵە کوردێک لە سەرەتاوە تا کۆتایی" پێی وایە:

۱- (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە چارتی وانەکانی قۆناغی کارناسیی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا).

(٥): لە هەر جوگرافیایەکدا کە ڕێژەی کوردەکان گەیشتبێتە ستاندارد جیهانییەکان، دەوڵەتە نەتەوەیی و خۆجێییەکان دەبێت وەڵامدەری ئەم پێویستییە سەرەکی و زانستی-کولتووریییەی کوردان بن.

پرسیارلێکراوێکی دیکەش بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەری ڕێژەی دانیشتووان دەڵێت:

(١٢): دانانی واحیدێک لە زانکۆیەک یان چەند زانکۆ بە هیچ جۆر وەڵامدەری مافی زمانیی (١٠) میلیۆن کەس لە نەتەوەیەکی زیاتر لە (٤٠) میلیۆنی نییە.

پرسیارلێکراوان ئەو کاتەی بە پشتبەستن بە هۆکاری ژمارەی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مافی پەروەردە بە زمانی دایک دواون، ڕەوابوونێکی زیاتریان لە داواکەی خۆیاندا هەست پێکردووە، ئەمەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، ئەو مافەی داوای دەکەن، پێوەندیی بە ناسنامەی نەتەوەیی و زمانیی زیاتر لە دە میلیۆن کورد لە ئێرانەوە هەیە، ئەویش لە سەردەمێکدا کە ئەم جۆرە مافانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕێزیان لێدەگیرێت و بە فەرمی ناسراون. ئەم جۆرە وەڵامانەی پرسیارلێکراوان هەروەها پێمان دەڵێن ئاستی داخوازی و چاوەڕوانیی بژاردەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبارەی مافە زمانییەکان زۆر زیاترە لە خوێندنی وانەیەکی ئارەزوومەندانە، یان کرانەوەی بەشێکی تایبەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە یەک زانکۆ.

٥-٧-٢-٢-٣-قۆناغی دیاریکراو بۆ خوێندنی زمانی کوردی

ڕەخنەیەک کە چەندین بەشداربوو دووپاتیان کردووەتەوە ئەوەیە کە ئەم بواره تەسکەی کۆماری ئیسلامی بۆ زمانی کوردی لە پەروەردەدا ڕەخساندوویەتی، لەجیاتی لە یەکەم قۆناغی پەروەردەوە دەست پێبکات، کەوتووەتە دواقۆناغ(خوێندنی زانکۆ)؛ پرسیارلێکراوان ئەمەیان بە نادروست زانیوە. پرسیارلێکراوێک وتوویەتی:

(٩): پەروەردەی زمانی دەبێت لە سەرەتاوە بێت نەک بەشێکی بچووک لە زانکۆیەک تەرخان بکرێت بۆ ئەم زمان و ئەدەبیاتە.

پرسیارلێکراوێکی دیکە نموونەیەکی سەرنجڕاکێشی بۆ ئەم بازدانە لە قۆناغی سەرەتاییەوە بۆ قۆناغی زانکۆ هێناوەتەوە:

(٢٦): مرۆڤ ناتوانێت هەتا ئاستی زانکۆ بە فارسی بخوێنێت و پاشان لەزانکۆدا وانەیەک بە کوردی بخوێنێت. ئەمە وەک ئەوەیە بتەوێت بینایەکی (١٦) نهۆمی دروست بکەیت، بەڵام لە نهۆمی سێزدەوە دەست بکەیت بە بنەمادانان.

٥-٧-٢-٢-٤- بە ئەرێنی نرخاندنی دەرفەتدان بە زمانی کوردی

سەرەڕای هەر نیاز و ئامانجێک کە لە پشت ئەو دەرفەتپێدانانە هەن، لەگەڵ ئەو کەموکووڕی و ناتەواوییانەش کە لەباری چەندێتی و چۆنیەتیی جێبەجێکردن هەیانە، زۆربەی پرسیارلێکراوان بە شتێکی باش و ئەرێنییان زانیوە. پرسیارلێکراوێک ئەم پەندە پڕواتایەی لەم بارەیەوە بەکار هێناوە:

(٤٩): کورد گوتەنی هەر موویەک لە بەرازی بێتەوە!

کرانەوەی بەشی کوردی لە زانکۆی کوردستان هاندەر بووە بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی. بە گوتەی پرسیارلێکراوێک:

(١٠): بەشێکی بەرچاو لە گەنجانی ڕۆژهەڵات ئێستا لە بەشی زمانی کوردیی زانستگای کوردستان خەریکی خوێندنن یان تەواویان کردووە.

تەنانەت وشەی "پیرۆز" لەلایەن پرسیارلێکراوێکەوە، بۆ ئەوەندە بوارەی دراوە بە زمانی کوردی، بەکار هاتووە:

(١٨): دەبێت بێژم بەڵێ زۆریش پیرۆزە، زۆریش باشە، لەو هەمووە ناتەواوی و بەرتەسکبوونە بلاخرە هەڵکەوتووە و بۆ خۆمیش زۆریش هانمدا، زۆریش تەقەڵلام کرد بۆ ئەوەی جێبەجێ بێ.

ئەوەندە دەرەفەتە تەنانەت لەو ڕادە و ئاستەشدا بایەخی سیاسی هەیە. بە نموونە یەکێک لە پرسیارلێکراوان وتوویەتی:

(٢٩): ئەم کارە لەلایەن دەستەڵاتەوە زیاتر هەنگاوێکی سیاسییە و داننانی ناچاری بە زمانی کوردییە. شتێکی خراپ نییە و باشیشە.

٥-٧-٢-٢-٥- کۆسپەکانی بەردەم جێبەجێکردنی دەرفەتەکان

پرسیارلێکراوان ناتەواوی، کۆسپ و لەمپەری جۆراوجۆریان لە بەردەم جێبەجێبوونی سەرکەوتووانەی دەرفەتە ئاماژەپێکراوەکاندا باس کردووە. هێندێک لە کۆسپەکان کە لە وەڵامەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، بریتین لە:

ئەلف)، دەستبەستراویی هێزی مرۆییی جێبەجێکەر:

(۱۹): دیکتاتۆری، کونترۆڵی هەموو شتێکی بەدەستەوەیە، تەنانەت ئەوان دیاری ئەکەن کە مامۆستاکان و وانەکان کێ بن و چی بن.

هەروەها:

(۲۲): دەوڵەت بەپێی پلانی دیاریکراو بەخۆی، دەستیان دەگرێ و دارە دارەیان پێدەکات. ئەو ئیدارانە بەبێ ئیزنی دەوڵەت توانای هیچ کارێکیان نییە. وەک ئەشکەوت وان، تەنیا دەنگی دەسەڵات دووپات دەکەنەوە.

ب)، ئامادەنەکردنی هاوسەنگی و هەلومەرج:

(٤٥): ئەگەرچی وەها هەل و دەرفەتدانێک دەتوانێ باش بێ، بەڵام بەسەرنجدان لەوەی هاوسەنگییەک لە ئارادا نییە و هەلومەرجی ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتیی هاوسەنگی بۆ نەخوڵقێندراوە، بۆیە لە ئاستی پێویستدا نین.

پ)، نەبوونی هەلی کار و دامەزران بۆ دەرچووان:

(۲۰): ڕاستە دەرفەت دراوە، بەڵام هەلی کار و بازاڕی کار بۆ زمانی کوردی نەڕەخساوە و خوێندکاران هۆمێدێکیان نییە بتوانن لەڕێی(خوێندنی) کوردییەوە بگەنە نانێک و دابمەزرێن، بۆیە کەمتر بەرەو خوێندنی زمانی کوردی لە زانکۆ، دەچن.

۵-۷-۲-۳-پارێزگاکان و زانکۆکانی کوردستان

بە هۆکارێکی دیار، لە وەڵامەکاندا پەیتا پەیتا تووشی دوو بەراورد دەبین: یەکەم، بەراورد لەنێوان پارێزگای کوردستان(بە ناوەندێتیی شاری سنە) و پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بە ناوەندێتیی شارەکانی ورمێ، کرماشان و ئیلام). دووەم، بەراورد لەنێوان زانکۆی کوردستان (هەڵکەوتوو لە شاری سنە) و زانکۆکانی دیکە هەڵکەوتوو لە پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ڕێگای ئەو بەراوردانە وێنەیەکی ڕوونتر لە سیاسەتەکانی دەوڵەت- نەتەوەی ئێران بەرانبەر نەتەوەی کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زمانی کوردیمان دەست دەکەوێت. هەروەها لە سۆنگەی وردبوونەوە لە وەڵامەکان، ئاگاداری کۆمەڵێک پرس و کێشەی دیکەی تایبەت بەو پارێزگایانە دەبین. تەوەرە سەرەکییەکان لەم باسەدا بریتین لە:

۵-۷-۲-۳-۱-هۆی بە "کوردستان" ناوبردنی تەنیا یەک پارێزگا

زیاتر لەسەدا بیستی پرسیارلێکراوان لە وەڵامەکانیاندا لە ڕوانگەی خۆیانەوە هۆی ناودێرکرانی ئەم تاقە پارێزگایە بە کوردستان و دانانی ناوی جیاواز لەسەر پارێزگاکانی دیکەیان باس کردووە. کاکڵەی سەرەکیی بۆچوونی هەر هەموویان لە دەوری "بچووککردنەوەی جوگرافیا و پێگەی دانیشتووانی کوردستان" (۳، ۱۹، ۲۸، ۳۱، ۳٦)، "سیاسەتی پاکتاوی نەتەوەیی و سڕینەوەی ناسنامەی کوردی" (۱۰، ۳۵)، "دووبەرەکینانەوە و دابڕاندنی پارێزگاکانیتر لە سنە" (٤۳)، "سڕینەوەی زمان و کولتووری کوردی و بچووککردنەوەی جوگرافیای زمانەکەی" (۱۰ ،۲۰،۳۳) دەخولێتەوە.

۵-۷-۲-۳-۲- هۆی نەبوونی بەشی کوردی لە زانکۆکانی دیکە

ئەوەی بە ناوی بەشی کوردی لە زانکۆی کوردستان هەیە، وەک یەکێک لە پرسیارلێکراوان ڕوونی کردووەتەوە:

(۳۳) : پەروەردە بە زمانی کوردی نییە، فێرکردنی زمانی کوردییە کە ئەمەش دوو پرسی لێک جیاوازن.

پرسیارلێکراوان لەسەر هۆیەکانی کرانەوەی بەشی کوردی لەم زانکۆیە ڕای جیاوازیان هەبووە. بەپێی بۆچوونی یەکێک لە پرسیارلێکراوان:

(۹) : دروستکردنی ئوستانی کوردستان لەجیاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بچووککردنەوەیە. دەوڵەتی ئێرانی بە لۆبیگەریی تورکەکانەوە هەتا ئێستا دانی بەوە نەناوە کە زۆرینەی پارێزگای ئورمیە کوردن.

هەر ئەو پرسیارلێکراوە وتوویەتی:

کرماشان و ئیلامیش بە جۆرێکی دیکە پەراوێز خراون، ئەم پەراوێزخرانە دەگەڕێتەوە سەر پرۆسەیەکی ئاسیمیلاسیۆن. لەم دوو پارێزگایەدا زەخت و گوشار زۆرە و خەتی سووری کۆماری ئیسڵامی زۆر نزیکتر لەوەیە کە بۆ کوردی سۆرانی دانراوە.

لە پارێزگای ورمێ کە دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، ناوی "ئازەربایجانی ڕۆژاوا"ی لەسەر داناوە، دوو نەتەوەی کورد و تورک وێڕای ژمارەیەک کەمایەتیی ئایینی و زمانی، پێکەوە دەژین. ئەمە وای کردووە ڕێژیمەکانی ئێران لە ئاست داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکانی کورد زۆر هەستیار بن. بە گوتەی پرسیارلێکراوێک:

(١٦) Lê li parêzgeha azerbaycana rojava nêzî 70% xelkê wê kurd in، eger dewlet rastgo be çima li vir jî vê derfetê nade kurdan.

٥-٧-٢-٣-٣-كەمتەرخەمیی زانكۆكان و خەڵكی پارێزگاكان

بۆچوونی ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان لەبارەی نەکرانەوەی بەشی کوردی لە زانکۆکانی سێ پارێزگای ورمێ و کرماشان و ئیلام، جیاواز بوو. ئەوان هۆکاری ئەمنی و سیاسییان ڕەت نەکردووەتەوە، بەڵام وتوویانە ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانە. هۆکارەکانی دیکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بریتین لە کەمتەرخەمیی ئەو زانکۆیانە و شێلگیرنەبوونی خەڵکی ئەو پارێزگایانە لەسەر داواکردنی مافە زمانییەکانیان. نموونەیەک لەو جۆرە بۆچوونانە:

(٧): تەنها لە زانکۆی کوردستان بەدواداچوونی جیددیی بۆ ئەو پرسە کرا، زانکۆکانیتر خۆیان لەم پرسە نەبان کردووە. هەموو زانکۆیەک لە ئێران ئەتوانێ ئەو بەشە بکاتەوە و لە ڕووی یاسایی و ئیدارییەوە ڕێگاپێدراوە، (ئەوە) کە ناکرێتەوە هۆکارەکە ئەوەیە بەرپرسان و مامۆستایانی ئەو زانکۆیانە مکوڕ نین.

دیارە ئەم بەشە لە پرسیارلێکراوان کەمتەرخەمیی بەرپرسانی سیاسی و ئیداریی پارێزگاکانیش بە هۆکارێکی دیکە دەزانن، بەڵام بەو هۆیەوە کە ئەو بەرپرسانە یان کورد نین، یان ئەگەر کوردیش بن هەڵبژاردە و دانراوی حکومەتن، وەک هۆکار هەر دەچنە خانەی هۆکاری سیاسی و ئەمنی.

جیاوازیی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی لەنێو دانیشتووانی پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا، ئیلام و کرماشان، بیانوویەکە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی وڵات لەم پارێزگایانە دەرفەتێکی لە چەشنی پارێزگای کوردستان بە زمانی کوردی نەدا. کرانەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی ورمێ یان کرماشان و ئیلام بۆ دژایەتی و زەوتکردنی مافی نەتەوەیی و زمانیی هیچ پێکهاتەیەکی دیکە نییە تا "کێشەی قەومی و ئایینی"ی لێبکەوێتەوە. پاشان دەکرێت بۆ لایەنی بەرانبەریش ئەو دەرفەتە پێک بێنن تا کێشەی لێدروست نەبێت. کەواتە بابەتەکە نیگەرانیی دەسەڵات لە تەشەناکردنی بیری مافخوازی و داوای مافی زمانییە. وەک لە وەڵامەکان دەردەکەوێت سااڵنێکی زۆر کاربەدەستان لە ئیلام و کرماشان ڕێگایان نەداوە تەنانەت گۆڤارێکی ئەدەبیی کوردیی بە شێوەی فەرمی بڵاو بێتەوە، واتە نەیانویستووە کوردیی کەڵهوڕی هیچ شتێکی جیددیی پێ بنووسرێت. سەرەڕای ئەمەش بە هۆی گەشە کردنی وشیاریی زمانی چەند ساڵێکە بە هەوڵی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لەو دوو پارێزگایە تواناوە لەپاڵ پەرەپێدانی زمانی کوردی، ڕەوتێکی نوێی نووسین و پەرەپێدانی ئەدەبی کوردیی بە زاراوەکانی گۆران و کەڵهوڕی و لەکی پەرە پێبدرێت و لەو دەرچەیەوە

هەوڵ بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە لەناوچوون بدەن.

٥-٧-٢-٤-وانەی ئارەزوومەندانە لە خوێندنگە

٥-٧-٢-٤-١- ''لە هیچ باشترە!''

دەستەواژەیەک کە چەند کەس لە پرسیارلێکراوان لەبارەی وانەیەکی ئارەزوومەندانەی کوردی بەکاریان هێناوە، ''لە هیچ باشتر''ە. خەڵکێک کە بە مافی خۆی دەزانێت کۆی پەروەردە بە زمانی دایک بێت و ئەم مافەش داوا دەکات، لە ئاست لانیکەمی ئەو مافە، واتە وانەیەکی دڵخواز لە بەرنامەی خوێندن بە زمانی کوردی، سروشتییە ئەگەر هەڵوێستێکی لەم چەشنەی هەبێت. یەکێک لە پرسیارلێکراوان ''ملنەدانی ڕێژیم بەدانی ئەو مافەی کە لە یاسای بنەڕەتییشدا دانی پێدانراوە''، بە ''نیشانەی دژایەتیی قوواڵی نەتەوەی باڵادەست لەگەڵ زمان و کولتووری نەتەوەکانی دیکە'' زانیوە و وتوویەتی:

(٣٥): ئەو بڕە لە کرانەوە و مەیداندانە بەهیچ شێوەیەک لەئاست چاوەڕوانی و مافەکانی گەلی کورددا نییە.

٥-٧-٢-٤-٢- لەکۆڵخۆ کردنەوە نەک وانەیەک بە کوردی!

ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان ئاماژەیان بە باش بەڕێوەنەبردن و بێپلانیی ئیدارەی پەروەردە بۆ خاوەندارێتیی ئەم دەرفەتە کردووە. پرسیارلێکراوێک وتوویەتی:

(١): ئیدارەی پەروەردەی شارەکان هیچ بەرنامەیەکی تایبەت یان هاوشێوەیان بۆ خوێندنگەکان نییە، بەڵام لە کتێبی فارسیدا یەک دوو لاپەڕەی خاڵی هەیە بۆ ئەوەی مامۆستاکان ئەگەر حەزیان کرد کورتەباسێکی فەرهەنگی و ئەدەبی ''بە گوێش محلی!''(زاری خۆجێیی) بە خوێندکاران بناسێنن...!

بە وتەی ئەو پرسیارلێکراوە تەنانەت لە ناساندنی کەسایەتییەکاندا بۆ ئەو بەشەی کتێبی فارسی زۆرتر لایەنی ئایینی و مەزهەبی ڕەچاو دەکرێت، ئەویش زیاتر بە زمانی فارسی! پرسیارلێکراوێکی دیکە لە شار و ناوچەیەکی دیکەی پارێزگای کوردستان هەمان وەڵامی لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم وانەیە لە خوێندنگەکاندا هەبووە:

(٢٠): لە خوێندنگەکانیشدا دوو یان سێ دەرس تایبەت کراون بە زمانی کوردی کە خۆیان پێیدەڵێن ''زبان بومی'' (زمانی خۆجێیی)، چونکە زۆربەی مامۆستاکان خۆیان ناتوانن وانەی کوردی بڵێنەوە و بۆیان سەختە، خۆیان هێلاکی وانەی کوردی ناکەن، چونکە لە

داهاتووی دەرسی و پیشەیی منالّاندا کاریگەری نییە.

٥-٧-٢-٤-٣ -"تەنانەت بەشی فێرکردنی ئەلفوبێش ناکات!"

خوێندنی کتێبێک بە زمانی کوردی، جێگای خەون و ئاواتی لەمێژینەی کۆی پەروەردە بە زمانی دایک بە تایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییدا گرتووەتەوە. ئەم ڕاستییە لە زۆربەی وەڵامەکاندا ڕووبەڕووی لۆمە و ڕەخنە بووەتەوە. پرسیارلێکراوێک لەم بارەیەوە وتوویەتی:

(٣١): ١. کوردستان هەر سنە نییە، ٢. مافی خوێندن و ڕاژەکردنی زمانی دایکی لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێدەکات، نەک کردنەوەی چەند واحیدێکی کوردی کە دیار نییە ئەو خوێندکارەی دەیخوێنێت دەتوانێت چ کارێکی پێ بکات.

پرسیارلێکراوێک وەک ڕەخنە لە کەمیی ماوەی خوێندنی دوو یەکە لەبارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی وتوویەتی:

(١٥): بە خوێندنی دوو یەکە لە فێربوونی زمانی کوردی، تەنانەت ناتوانی ئەلفوبێی زمانەکەشیان فێر بکەی.

لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارلێکراوانەوە، دەردەکەوێت کە هەموو شارەکان و هەموو خوێندنگەکان لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەم وانەیەدا، وەک یەک هەڵسوکەوت ناکەن. پرسیارلێکراوێک بە ڕەزامەندییەوە لە ئەزموونی بەشێک لە قوتابخانەکان دواوە:

(١١): لە وانەی فارسیی قوتابخانەکان بەشێک تەرخان کراوە بۆ مامۆستای وانەکە کە بەپێی ڕوانینی خۆی بۆ ئەدەبیاتی ئەو ناوچەیەی قوتابخانەکەی تێدایە، وانەیەک ئامادە بکات، ئەم دەرفەتە بچووکە بە باشترین شێوە قۆزراوەتەوە و مامۆستا کوردیزانەکان کتێب و نامیلکەی باشیان ئامادە کردووە بۆ خوێندن و ڕاهێنانی زمانی کوردی.

دەرفەتی"وانەی ئارەزوومەندانەی کوردی" لە وەڵامەکاندا، لە چەند بارەوە ڕەخنەی لێگیراوە. ئیدارەی پەروەردە و فێرکردن کتێبێکی تایبەتی بۆ ئەم وانەیە تەرخان نەکردووە، بەڵکو مامۆستاکانی ئەم وانەیە بۆخۆیان بەگوێرەی هۆگری و توانایی و سەلیقەی خۆیان ئەم وانەیە دەڵێنەوە. ڕەخنەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەوەندە دەرفەتەش هەر بۆ خوێندنگەکانی پارێزگای کوردستانە نەک هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات.

یەکێک لە کێشەکانی پێوەندیدار بە دەرفەتی خوێندنی وانەی ئارەزوومەندانەی فێربوونی زمانی کوردی، نەبوونی مامۆستای ڕاهێنراو بۆ وتنەوەی ئەم وانەیەیە. لە هەمان کاتیشدا

کێشەی دەرچووانی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی ئەوەیە کە دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ ناتوانن کار پەیدا بکەن و دامودەزگا حکومەتییەکانیش ئاماده نین دایانمەزرێنن. لە کاتێکدا هەر ئێستا قوتابخانەکان بۆ وتنەوەی وانەی ئارەزوومەندانەی کوردی پێویستیان بەو جۆرە مامۆستایانەیە. ئەمانە بۆخۆیان دەتوانن نیشانەیەک بن لە بێ مەیلیی دەسەڵات بۆ ئەوەی زمانی کوردی گەشە نەکات. بەدڵنیاییەوە ئەگەر ڕۆژێک ڕێگا بدرێت پەروەردە بە زمانی دایک هەبێت، خوێندکاران بە گەرموگوڕیی زیاترەوە ڕوو دەکەنە بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆ، چونکە ئەوکات شانسی دامەزران وەک مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانە، ڕوویان تێدەکات.

٥-٧-٢-٥-وشیاریی زمانی لە کوردستان

چەندین کەس لە پرسیارلێکراوان لە وەڵامەکاندا ئاماژەیان بە هەستیاربوونی خەڵکی کوردستان لەبارەی زمانەکەیان و پێداگربوونی ئەوان لەسەر مافە زمانییەکانیان کردووە. لەو هەوڵ و تێکۆشانانە دواون کە تاکەکانی کوردستان بە مەبەستی پەرەپێدانی زمانی کوردی و داکۆکی لە زمان وەک گرنگترین فاکتەری ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان داویانە. بەپێی وەڵامەکان، گرنگیدان بە پرسی زمانی دایک و داوای مافی پەروەردە بەو زمانە لە ڕێگای خەباتی مەدەنی و لەلایەن چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە بەهۆی وەڕێکەوتنی بزووتنەوەیەک کە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرتووە. ئەو بزووتنەوەیە بۆخۆی بەرهەمی وشیاریی نەتەوەیی و زمانیی تاکەکانە. چەند خاڵێکی گرنگ کە بەپێی وەڵامی پرسیارلێکراوان دەتوانین لە پێوەندی لەگەڵ ئەم وشیارییەدا ئاماژەی پێبکەین ئەمانەن:

٥-٧-٢-٥-١- کاریگەریی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی مەدەنی

پرسیارلێکراوان ڕۆڵی ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان، چالاکانی مەدەنی و مامۆستا خۆبەخشەکانیان، لە بایەخدانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانی کوردی و وەڕێکەوتنی بزووتنەوەی وشیاریی زمانیدا بەرز نرخاندووە. پرسیارلێکراوێک وتوویەتی:

(١٢): ئەنجومەنە خەڵکییەکان لە کوردستان پەروەردەیەکی تەواو موازی لەگەڵ ئیدارەی پەروەردەیان بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی دروست کردووە و تا ڕادەیەکی زۆر بۆشایی نەبوونی پەروەردە بە زمانی کوردییان پڕ کردۆتەوە.

بەئەستۆگرتنی ڕۆڵێکی ئەوتۆ لەژێر دەسەڵاتی حکومەتێکدا کە سیاسەتە زمانییەکەی

لەسەر تاکزمانی دامەزراوە، لێپرسینەوە و گرفتی بۆ ئەو ڕێکخراوانە و بەڕێوەبەرانیان بەدواوە بووە. پرسیارلێکراوێک لەم بارەیەوە وتوویەتی:

(٢٤): زیاترین تێچوو، تاکەکانی کومەڵگەی مەدەنی و گرووپ و ناوەند و ڕێکخراوەکانی فێرکاریی زمانی کوردی بۆ ئەم بوونە و شوناس و زمانە داویانە.

لەنێو ئەو تاکانەشدا، بە وتەی پرسیارلێکراوێک، مامۆستایانی خۆبەخش لە لێپێچینەوە و سزادران لەلایەن دامودەزگا حکومەتییەکان پشکی شێریان بەرکەوتووە.

٥-٧-٢-٥-٢- "شۆڕشی زمانی بەڕێوەبە"

ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان باسیان لە بەرینی و گشتگیریی تێکۆشان و چالاکیی پێوەندیدار بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. پرسیارلێکراوێک شایەدی بۆ خۆڕسکبوونی ئەو بزووتنەوە ناسنامەپارێزە دەدات کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و بە شۆڕشێکی زمانی ناو بردووە کە بە هیچ کلۆجێک لەژێر سێبەری زانکۆ و وەزارەتی پەروەردەدا نییە و بە شێوەیەکی تەواو سەربەخۆ دەجوڵێتەوە. ئەو پرسیارلێکراوە هەروەها وتوویەتی:

(٥٠): ئەم ڕۆژانە زۆر لە تاکەکان نیگەرانی زمانی دایکن و هەوڵیانداوە هەرچی دەیزانن بەوانی دیکەی بڵێن، تەنانەت لەم ڕێگایەدا تووشی کێشە و گرفت بوون. نموونەکەیان خاتوو موژگان کاوسی، زارا موحەمەدی و ئەنجومەنی نۆژینە.

ئەم بۆچوونەش شایەدی بۆ وشیاریی تاکەکان لەئاست مافی زمانیی خۆیان دەدات:

(١٢): ئەو مافە نەک هەر مافی هەموو ئەو زانکۆیانەیە کە لە کوردستان هەن، تەنانەت دەبێت ئەو واحیدانە لە زانکۆیەکانی سەرانسەری ئێران هەبن بۆ ئەو کەسانەی دەخوازن هەڵیبژێرن، هەروەک لە زۆر زانکۆی وڵاتانی دەرەوە ئەو مافە بە زمانی کوردی دراوە، بۆچی لە ئێران نەبێ؟

هۆی گوشاری حکومەت بۆ سەر ڕێکخراوە مەدەنییەکان ئەو ڕۆڵ و دەورە کاریگەرەیانە کە هەیانە. بە گوێرەی بۆچوونی پرسیارلێکراوێک:

(٣٦): بەداخەوە ڕێژیم لەو ئاستە کەمەش ترسی هەیە و هەمیشە ئەم ڕێکخراوانەی لەگەڵ زەخت و گوشار ڕووبەڕوو کردووە، یان بە تۆمەتی جۆراوجۆر خستوونیەتە ناو زیندان، نموونەی هەرە دیار زیندانی کردنی چالاکی ئەم بوارە "زارا"یە کە ئێستا لە بەندیخانەی ڕێژیمە.

بە هەڵسەنگاندنی سەرجەمی وەڵامەکانی پرسیاری شەشەم دەگەینە ئەو ئەنجامە کە بە شێوەیەکی گشتی زانکۆی کوردستان و دڵسۆزانی زمانی کوردی، سەرەڕای هەموو سنووردارکردن و کۆسپ دروستکردنێکی دەسەڵات بۆ ئەم دەرفەتانەی بە زمانی کوردیی داوە، هەوڵیان داوە بۆ پەرەپێدانی فێربوونی زمانی کوردی و خزمەتی ئەو زمانە سوودی باشی لێوەربگرن. سەرنجێک لە "چارتی وانەکانی قۆناغی کارناسیی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی"(هیی ساڵی ١٣٩٦، ٢٠١٧ی زایینی) دەریدەخات کە زمان و ئەدەبیاتی کوردی (مێژوو، جۆرەکانی ئەدەبی کوردی، ڕەخنە و تیۆری، ئەدەبی بەراوردکاری، وەرگێڕان و... هتد) بایەخێکی تایبەتیان پێدراوە (بڕوانە پاشکۆی ئەم تێزە). دیارە وەک یەکێک لە مامۆستایانی زانکۆی کوردستان وتوویەتی: "وەڕێخستنی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی کوردستان، هەنگاوی یەکەمە" (ورزندە،٢٠٢٠). هەنگاوەکانی دواتر هەر بەپێی قسەی ئەم مامۆستایە بریتین لە: نووسین و ئامادەکردنی سەرچاوەی جۆراوجۆری دەرسی، سوودوەرگرتن لە مامۆستایانی زمانەوان و بەئەزموون، دابینکردنی کار بۆ دەرچووانی ئەو بەشە، فەرمییەتدان بە فێرکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان، دامەزرانی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و کۆمەڵێک هەنگاوی تر(سەرچاوەی پێشوو). هەمووی ئەمانەش شێلگیری و تێکۆشانی بەردەوامی تۆێژی ئەکادیمیی کورد، مامۆستایانی قوتابخانەکان، دڵسۆزان و خەمخۆرانی زمانی کوردی، هاوکات هاوکاری و پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو هەوڵانەیان پێویستە.

٥-٨- پرسیاری حەوتەم

٥-٨-١-ناساندنی پرسیار

حەوتەمین پرسیار کە ڕووبەڕووی پرسیارلێکراوان کراوەتەوە ئەمەیە: "پێت وایە پاراستنی زمانی کوردی (و بە گشتی زمانە نافارسییەکانی دیکەی ئێران) ئەرکی حکومەتە؟ بە بێ بوونی پەروەردە بەو زمان یا زمانانە، پاراستنی زمانێک چەندە سەرکەوتوو دەبێت؟" ئامانج لەم پرسیارە ئەوە بووە لە ڕێگای وەڵامەکانیان بزانین: یەکەم، بەردەنگەکان چۆن دەڕوانن ئەرکی حکومەتی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی زمانەکاندا؟ ئایا پێیان وایە ئەرکی پاراستنی زمانەکان و یەک لەوان زمانی کوردی لەسەر شانی حکومەتە؟ دووەم، حکومەتی ئێران بۆ پاراستنی ئەم زمانانە چی کردووە؟ سێیەم، بەردەنگەکان بۆچوونیان لەسەر کاریگەریی پەروەردە لە پاراستنی زمانەکاندا چییە؟ دوای کۆدبەندیی وەڵامەکان و دەستنیشانکردنی چەمکە لاوەکییەکان، چەند چەمکێک بەرجەستە بوونەوە کە توانایی ئەوەیان هەبوو ببنە چەقی ڕێکخستنی چەمکەکانی دیکە. ئەو چەمکە سەرەکییانە بریتین لە: ئەرکی حکومەتی، پاراستنی زمان، زمانگۆڕین، پەروەردەی نافەرمی، زمان و پەروەردە،

سیاسەتی زمانیی بنەماڵەیی و ئەرکی تاک و ئەرکی خەڵک (بڕوانە خشتەی ژمارە ۱۱).

۵-۸-۲- لێکدانەوەی وەڵامەکان

۵-۸-۲-۱-ئەرکی حکومەتی

ژمارە	چەمکە سەرەکییەکان	چەمکە لاوەکییەکان	کۆدە پێوەندیدارەکان	نموونەی دەقی وەرگیراو
۱	ئەرکی حکومەتی	حکومەتی بەرپرس	سامانی ولات	"هەر زمانێک بەشێک لە سامانی نیشتمانیی هاوبەشی ولاتێکە و حکومەت لەسەریەتی بیپارێزێت (۵).
۲	پاراستنی زمان	پێویستییەکانی پاراستنی زمان	بودجەی دیاریکراو و بەرنامەڕێژیی زانستی	"بەڵی لە وڵاتێکی فرەنەتەوە دەبێ هەموو نەتەوەکانی لە حکومەتدا بەشدار بن، ئەمە ئەرکی حکومەتە"(۲۹).
۳	زمانگۆڕین	نامۆیی منداڵان لە زمانی خۆیان	کاریگەریی زمانی سەردەست	"کاریگەریی نیگەتیڤی زمانی فارسی لەسەر شێوە ئاخاوتنی کچان و کوڕانی ڕۆژهەڵات مەترسییەکی جیددییە"(۲۷).
٤	زمان و پەروەردە	ڕێکخراوە مەدەنییەکان	چالاکانی زمانی کوردی	"لە غیابی پەروەردەی فەرمی، چالاکانی زمانی کوردی هەوڵی فێربوون و فێرکردن و پێشخستنی زمانی کوردی بە شێوەی نافەرمی دەدەن"(٤٤).
٥	پەروەردەی نافەرمی	توانەوەی زمان	زمان و پەروەردە، دار و ئاو	"بەبێ بوونی پەروەردە، لە درێژخایەندا تەنیا دەکرێ تاکی کورد فێری قسەی عامیانە و ڕۆتینی کوردی بێ"(۳٤)
۷	سیاسەتی زمانیی بنەماڵەیی	گوتاری زمانپارێزی	قسەکردن لە بنەماڵەدا	"هەر بنەماڵەیەک بەرپرسە لە پاراستنی زمانی نەتەوەیی و گواستنەوەی ئەو زمانە بە باشترین شێوە بۆ جیلی داهاتوو"(۳۷).
۸	ئەرکی تاک و ئەرکی کۆمەڵ	نەتەوەی بێدەوڵەت	زمان بێ پەروەردە	"بەڵێ ئەرکی حکومەتە، بەڵام ئەرکی تاک بە تاکی ئەو کەسانەشە کە بە ئەو زمانە قسان دەکەن"(۲۳).

(خشتەی ژمارە۱۱) تایبەت بە پرسیاری حەوتەم

سەرجەم پرسیارلێکراوان پاراستنی زمانەکانی وڵاتیان بە ئەرکی حکومەت زانیوە، تەنیا چەند کەس لەوان لەجیاتی ئەوەی بە شێوەی ئەرێنی مەبەستەکەی خۆیان گەیاندبێت و ڕاستەوخۆ بڵێن "بەڵێ ئەرکی حکومەتە"، بە شێوەی نەرێنی بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە؛ واتە وتوویانە ئەم حکومەتە چونکە دەوڵەت- نەتەوەیە و پارێزەری سیاسەتی تاکزمانییە نەک هەر زمانە نافارسییەکان ناپارێزێت بەڵکو هەوڵی سڕینەوەیان دەدات. ئەمە دوو نموونە لە بۆچوونەکانە: نموونەی یەکەم:

(١٥): پاراستنی هەموو زمانەکان و دابینکردنی مافی کەمایەتییەکان دەبێت بەشێک بێت لە ئەرکی سیستەمێکی دەسەڵاتداریتی. بێ پشتیوانیی دەسەڵات و پێکهێنانی بەستێنێکی گونجاو بۆ پەرەئەستاندنی زمانەکان، پاراستنی زمان و کولتوور زۆر دژوار دەبێت. لە دەسەڵاتە دیموکراتیکەکاندا، هەمووی ئەمانە مسۆگەرن.

نموونەی دووەم:

(١٣): سیستەمی دەسەڵاتی ئێران بۆ پاراستنی زمانە نافارسییەکان دروست نەبووە؛ پاراستن پێشکەشیان؛ هەر نەمانتاوێنن گەورەترین یارمەتییە.

٥-٨-٢-٢-بەرپرسیاربوون لەئاست پاراستنی زمان

چەمکی پاراستنی زمان بۆ ئاخێوەرانی زمانی کورددیش گرنگییەکی تایبەتی هەیە. پرسیارلێکراوان زمانەکانی هەر وڵاتێکیان بە سامانی ئەو وڵاتە زانیوە، بۆیە پاراستنی زمانیان بە ئەرکی حکومەت داناوە. چەند نموونەیەک لە وەڵامەکان لەم پێوەندییەدا، نموونەی یەکەم:

(٥): هەر زمانێک بەشێک لە سامانی نەتەوەیی و هاوبەشی ئەو وڵاتەیە، بۆیە پاراستن و پەرەپێدانی ئەرکی سەرشانی حکومەتی ئەو وڵاتەیە و پێویستە بەشێک لە بودجەی گشتیی وڵاتی بۆ تەرخان بکات.

نموونەی دووەم، باسی لە ڕەهەندێکی دیکەی پاراستنی زمان کردووە:

(٦): پاراستنی هیچ زمانێک زیان بە زمانێکی دیکە ناگەیەنێت.

لە نموونەی سێیەمدا، بە ئاماژە بە سروشتی دیاردە و ڕووداوەکان لە سەدەی بیست و یەکدا باس لە پاراستنی زمان کراوە:

(۱۸): مرۆڤ کە ئاگایی و وشیاریی نەتەوەیی تێدا پێکهات دەزانێ کە هەموو شتێکی زمان دەبێت بپارێزرێ. بەڵام لە دنیای مودێرن و دنیای ئێستا کە سەدەی بیست و یەکە دەبێت دەوڵەتەکان زمان بپارێزن.

بەپێی وەڵامی پرسیارلێکراوان حکومەتی وڵاتێک هەروا کە لەئاست دانیشتووانی ئەو وڵاتە بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانیەوە بەرپرسە، لەئاست ئەو شتانەش کە بە ناسنامە و کولتووری ئەوان دەژمێردرێن، بەرپرسایەتیی هەیە. خاڵی جێگەی تێڕامان ئەوەیە کە پرسیارلێکراوان جیاوازییان لەنێوان جۆری حکومەتەکان داناوە و پێیان وابووە ئەو حکومەتانە زمانەکان دەپارێزن کە نوێنەر و هەڵبژێردراوی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی وڵاتێک بن، واتە حکومەتی دیموکراتیک بن و هەر لەو کاتەشدا باوەڕیان بە فرەچەشنی کولتووری و زمانی هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە پێیان وابووە چاوڕوانیی پاراستنی زمانەکانی ئێران لە سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی ئێستای ئەو وڵاتە لەجێی خۆیدا نییە، چونکە بە گوێرەی ئایدۆلۆژیا و دەستووری وڵات ئەو حکومەتە پارێزەری تاکزمانییە و لە خزمەت سەردەست هێشتنەوەی زمانی نەتەوەی سەردەستدایە و بایەخ بۆ زمانەکانی دیکە دانانێت.

پرسیارلێکراوان لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە لە چەمکی پاراستنی زمان دواون. یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی ئاماژەیان پێکردووە ئەوەیە کە پاراستنی هیچ زمانێک زیان بە مانەوەی زمانێکی دیکە ناگەیەنێت. ئەم قسەیەشیان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو باوەڕەی دەسەڵاتداران و لایەنگرانی سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران کردووە کە پێیان وایە مانەوە و خزمەتکردنی زمانە نافارسییەکان لە گرنگی و کارایی زمانی فارسیی کەم دەکاتەوە. دووەم گۆشەنیگای گرنگ لە بۆچوونی بەشدارانداە ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێستادا پاراستنی زمان بێ هاوکاری و پشتیوانیی حکومەت زۆر زەحمەتە. پاراستنی زمان پێکهێنانی فەرهەنگستان، پلاندانان، کۆکردنەوەی وشەکانی زمان، چاپی فەرهەنگ، کردنەوەی فێرگەی تایبەت بەو زمانە، چاپی کتێب، دابینکردنی ژیان بۆ ئەو مامۆستا و زمانەوانانەی خزمەتی زمانەکە دەکەن و کۆمەڵێک هەنگاوی دیکەی پێویستە. هەمووی ئەمانەش بەتەنیا بە ئاخێوەرانی ئەو زمانە دابین نابێت، بۆیە حکومەت لەسەریەتی بە دەنگ ئاخێوەرانی ئەو زمانانەوە بێت و لە بودجەی گشتی، بەشێک بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات.

۵-۸-۲-۳-زمانگۆڕین

ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان باسیان لەوە کردووە کە زمانی ئاخاوتنیان تووشی دیاردەی زمانگۆڕین بووە. پرسیارلێکراوێک وتوویەتی:

(۱۳): بەداخەوە زۆربەی خەلکی مە نیوە لە نیوەی قسە کردنیان بۆتە فارسی، یەکیان خۆم.

پرسیارلێکراوێکی دیکەش بەم جۆرە لە دیاردەی بەکارهێنانی لەڕادەبەدەری وشەی فارسی لە ئاخاوتنی کوردیدا دواوە:

(٢٧): ئەو کاریگەرییە نێگەتیڤەی زمانی فارسی لەسەر شێوە ئاخاوتنی کچان و کوڕانی ڕۆژهەڵات لەم ساڵانەی دواییدا دەرخەری ئاستی ئەو بایەخ نەزانینەی زمانی دایکە و مەترسییەکی جیددییە.

ئەم کاریگەرییە لە کاتێکدایە کە ڕێژەیەکی زۆر لە ئاخێوەران خوێندنەوە و نووسین بە زمانی خۆیان نازانن:

(٢٣): ئێستا زمانی کوردی سۆرانی کە ئەمن قسانی پێدەکەم زۆر وشەی فارسیی تێدان. نووسینی کوردی نازانم و خوێندنەوەی کوردی بۆ من دژوارترە لە فارسی.

زمانگۆڕین لەو دیاردانەیە کە پرسیارلێکراوان بە گرنگییەوە لە وەڵامەکانیاندا لێیدواون. بەکارهێنانی ئەو چەمکە لەلایەن پرسیارلێکراوانەوە زیاتر لە چوارچێوەی کاریگەریی نەرێنیی زمانی فارسی لەسەر زمانی کوردی، هەروەها بۆ باسکردنی خەسارەکانی بێبەشکردنی زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە لە پەروەردەیە. سەردەستیی زمانی فارسی و فەرمیبوونی لە بواری جۆراوجۆردا، ئەویش لە کاتێکدا کە زمانەکانی دیکە فەرمی نین و لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا ڕێگەپێدراو نین، وێڕای ئەمانەش لە هەموو پشتیوانییەکی دەوڵەتی بێبەشن، بووە بەهۆی ئەوە کە ئاخێوەرانی ئەو زمانانە بکەونە ژێر کاریگەریی زمانی سەردەست. دیارترین ڕوخساری ئەم زمانگۆڕینە، بەکارهێنانی لەڕادە بەدەری وشە و دەستەواژە و ئیدیۆمی فارسی لە ئاخاوتنی زارەکیدا، هەروەها لاسایی کردنەوەی فۆرمی ڕستەی فارسی، واتە ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە بەپێی دارشتنی ڕستەی فارسییە. ئەم نیگەرانییەی پرسیارلێکراوان بێهۆ نییە. بە وتەی زمانەوانێکی کورد، زمانی نەتەوەی سەردەست "بەهۆی دەزگاکانی دەسەڵاتی دەوڵەت و خوێندن لە خوێندنگە جیاوازەکاندا، زۆر بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە، بەرەبەرە تەشەنە دەکا و کار لەزمانە نەتەوەییەکە دەکا"(عەزیز،٢٠١٩: ٣٠).

٥-٨-٢-٤-زمان و پەروەردە

بە گوێرەی بۆچوونی پرسیارلێکراوان لەنێوان دوو زمان کە یەکێکیان زمانی پەروەردەیە و ئەوی دیکە ئەو مافەی لێ زەوتکراوە جیاوازییەکی زۆر هەیە. یەکێک لەوان وتوویەتی:

(٤٣): بەبێ بوونی پەروەردە بەو زمان یا زمانانە پاراستنی زمانێک زۆر کەم سەرکەوتوو دەبێت.

بە بۆچوونی پرسیارلێکراوێک:

(٢٧): نەبوون بە زمانی پەروەردە خەسارێکی زۆر لەو زمانانە دەدا. نەک هەر لەبەر ئەوەی کە لە رِووی گەشەی زمانی و خۆ بەرِۆژ کردنەوە دوا دەکەون، بەڵکو بەرە بەرە لەبەر چاوی بەشێک لە منداڵان و لاوان بە زمانێکی خۆجێیی و بێبایەخ تەماشا دەکرێن.

پرسیارلێکراوێکی دیکە کاریگەریی پەروەردەی لەسەر زمان بە پێوەندیی "ئاو و دار" چووانووە:

(٣٨): زمان وە ک دار وایە و پەروەردە وەک ئاو. بەبێ پەروەردەی فەرمی و کارا و رِێکوپێک مانەوەی زمان ئاسان نییە و ئەگەریش بمێنیتەوە لاواز دەبێت و گەشە ناکات و وردە وردە بەرەو نەمان دەرِوات. زمانیش بەبی خزمەت و پەروەردە و گەشەپێدان چارەنووسی بەرەو نەمانە.

پرسیارلێکراوان کاریگەریی پەروەردەیان لەسەر زمان بە گرنگ زانیوە و جیاوازییەکی زۆریان لەنێوان دوو زماندا کە یەکێکیان زمانی پەروەردەیە و ئەوی دیکە ئەو مافەی نییە، بەدیی کردووە. تەنانەت یەکێک لە پرسیارلێکراوان پێوەندیی زمان و پەروەردەی بە دار و ئاو چووانووە، بەو واتایە زمانێک کە زمانی پەروەردە نییە وەک رِووەکێک وایە کە لە ئاو بێبەش کراوە. زمانەوان و لێکۆڵەری کورد شێخولئیسلامی لەم بارەیەوە بۆچوونێکی هەیە کە دروستیی ئەم قسەیەی پرسیارلێکراوان دەسەلمێنێت: "لە جیهانێکدا کە لێهاتوویی خوێندنەوە و نووسین کلیلی دەستراگەیشتن بە سەرچاوە مەعریفییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، ئابووریی‌یەکان و سیاسییەکانە، تەنیا ئەو زمانانە دەمێننەوە کە نە تەنیا لە فێرگەکاندا فێر دەکرێن، بەڵکو زمانی فێرکارین. بە دریژاییی مۆدێرنیتە، پەروەردە کاریگەرترین دەزگا و کەرەسە بووە بۆ پەراوێزخستن و تواندنەوەی زمانە بەکەمینەکراوەکان. ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی ئێرانی/فارسی ئەمە باش دەزانێت و زۆرتر لە سەد ساڵە ئەم سیاسەتە زمانییە بەرِێوە دەبات" (شێخولئیسلامی،٢٠٢١:١٩٤). لەراستیدا زمانێک لە پەروەردە بێبەش کراِبێت، ئەم تێرِوانینە لای ئاخێوەرانی دروست دەکات کە توانای دابینکردنی پێویستییەکانی ئەم سەردەمەی ئەوانی نییە و زمانێکی لاوازە. ئەم تێرِوانینەش، دەبێتە هۆی نەمانی متمانەی ئەوان بە زمانەکەیان، دەبێتە سەرەتای گۆرِانی زمانەکە.

٥-٨-٢-٥-پەروەردەی نافەرمی

پرسیارلێکراوان باسیان لە فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی لە کوردستان لە دەرەوەی پەروەردەی فەرمی کردووە. پرسیارلێکراوێک ئەم لایەنەی بەم شێوەیە باس کردووە:

(٢٨): بەبێ بوونی پشتیوانیی حکومەت ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی ئەنجومەنە زمانییەکان، خەڵکی دڵسۆز و تاکە دەروەستەکان کە ئەمەش کارێکی قورسە ئەگەرچی بێ ئاکام نییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە وەک لایەنی حکومەتی نایەینەوە.

پرسیارلێکراوێکی دیکە پێی وابووە:

(٣٩): ئەم هەوڵانەی دەکەونە خانەی پەروەردەی نافەرمی، جگە لەوەی بوون بەهۆی پاراستنی زمانی کوردی، وایان کردووە زمانەکە گەشە بکا.

یەکێک لەو چەمکانەی لە لێکدانەوەی وەڵامی پرسیارەکانی پێشتریشدا بەرجەستە بوونەوە، پەروەردەی نافەرمییە. بە گوێرەی وەڵامەکان، چالاکانی زمانی کوردی، تاکە دەروەستەکان، ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، لەوانەن کە ڕۆڵی دیاریان لە وەڕێخستن و بەردەوامیی پەروەردەی نافەرمیدا هەیە. چەند پرسیارلێکراوێک بۆ ئاماژەدان بە گرنگیی پەروەردەی نافەرمی باسی دوو ڕەهەندی سیاسی و زمانیی نەتەوەی کورد لە ئێرانیان کردووە: "زمان بەبێ پەروەردە" و "نەتەوەی بێ دەوڵەت". لەو دیوی بەکارهێنانی ئەم چەمکانە تێڕوانینێکی گرنگ هەیە، نەتەوەیەک کە دەوڵەتی تایبەت بە خۆی نییە، هەروەها ڕێگای پەروەردە بە زمانی خۆی لێگیراوە، پێویستە بە پەروەردەی نافەرمی زمانەکەی بپارێزێت و خزمەتی بکات. لە ژمارەیەک لە وەڵامەکاندا وێڕای ئەوەی پاراستنی زمان بە ئەرکی حکومەتی زانراوە، گوتراوە ئاخێوەرانی هەر زمانێک بە گشتی و هەر تاکێک بە تایبەتی ئەرکیانە زمانی خۆیان بپارێزن، بەو واتایە کە نابێت هەرچاویان لە حکومەت بێت و ئەگەر سیاسەتی حکومەت هەروا دژایەتی لەگەڵ زمانی ئەوان بوو، دەبێت خۆیان خەم لە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی خۆیان بخۆن. ئەو شتەی لە وەڵامی پرسیارلێکراواندا وەک پەروەردەی نافەرمی ئاماژەی پێکراوە، لەڕاستیدا بەرهەمی وشیاریی نەتەوەیی و زمانی و خۆ ئەرکدارکردنی تاکەکان و ئاخێوەرانی زمانی کوردیی بە ئامانجی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییی خۆیانە.

٥-٨-٢-٦-سیاسەتی زمانیی بنەماڵەیی

ئاخاوتن بە زمانی کوردی لەنێو بنەماڵە لەو بابەتانەیە کە پرسیارلێکراوان، گرنگییان پێداوە. چەندین بەشداربوو لەو باوەڕەدان کە بنەماڵەکان و دایکان و بابان دەبێت هان بدرێن بۆ ئەوەی لەنێو بنەماڵەدا گرنگییەکی زۆر بە ئاخاوتن بە زمانی کوردی و خۆشەویستکردنی ئەو زمانە لای منداڵانیان بدەن، هەوڵ بدەن ئاخاوتن و پێوەندییان لەگەڵ کەسوکار بە کوردی بێت، بە کوردی بنووسن، کتێب و گۆڤاری کوردی بۆ منداڵانیان دابین بکەن، بینەر و گوێگری میدیای کوردی بن و...هتد. بۆ نموونە پرسیارلێکراوێک پێی وایە:

(٣٧): لە دۆخی ئاوادا دەبێت ڕێکخراوە سیاسییەکان و ناوەندەکان و... هتد هەوڵ بدەن بە سیاسەتی زمانیی بنەماڵەیی، بنەماڵەکان بۆ پاراستنی زمانی دایک ئامادە بکەن.

سیاسەتی زمانیی بنەماڵەیی ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ پاراستنی زمانی کوردی. زمانەوان و توێژەری کورد میرموکری لەم بڕوایەدایە کە بەبێ پەروەردە بە زمانی دایک، پاراستنی زمانی دایک سەختە بەڵام ناومکین نییە. ئەو پێی وایە لە نەبوونی پەروەردە بە زمانی دایک، بۆ پاراستنی زمان "دەبێت ڕوو لە سیاسەتی زمانیی بنەماڵەیی(FLP) بکەین، واتە لەڕێگای کاری فەرهەنگی و میدیاکانەوە ئەو گوتارە بەهێز بکەین کە هەر بنەماڵەیەک لە پاراستنی زمانی نەتەوەیی و گواستنەوەی ئەو زمانە بە باشترین شێوە بۆ جیلی داهاتوو بەرپرسە"(میرموکری، ٢٠٢١). هەر لە بارەی سیاسەتی زمانیی بنەماڵە پرسیارلێکراوێکی دیکە وتوویەتی:

(٤١): ئاخێوەران دەبێت لە ماڵەوە و لە هەر شوێنێک بن، وەکو زمانی یەکەم، کوردی فێری منداڵەکانیان بکەن، بۆخۆیان پێی بنووسن و بیهێننە ناو دنیای ڕاگەیاندن.

سیاسەتی زمانیی بنەماڵە لەو چەمکانەیە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوانەوە گرنگیی پێدراوە. ئامانج لەو سیاسەتە گرنگیدان بە زمانی دایک لەنێو بنەماڵە و ڕاهێنانی ئەندامانی بنەماڵە بە ئاخاوتن بە زمانی خۆیانە. سیاسەتی زمانیی بنەماڵە وەک ڕێبازێک لە ساڵی(٢٠٠٨) هوە داکەوتووە و زیاتر تایبەتە بەو منداڵانەی لە ژینگەیەکی چەند زمانەدا دەژین و زۆرتر منداڵانی بنەماڵە کۆچبەرەکان دەگرێتەوە، بەڵام بەو هۆیەوە کە منداڵانی کورد لە ئێران لە دۆخێکی وەک ئەواندا دەژین، واتە لە پەروەردە بە زمانی خۆیان بێبەشن و زمانی ماڵەوە و قوتابخانەیان جیاوازە، دەکرێت بنەماڵەکان بۆ بەهێزکردنی زمانی دایکیان سوود لەم سیاسەتە زمانییە وەربگرن. زمانەوانێکی کورد لەبارەی پێویستیی گرنگیدانی بنەماڵە کوردەکان لە ئێران بەو سیاسەتە زمانییە نووسیویەتی: "لە هەلومەرجێکدا کە کەمایەتییەکان دەسەڵاتی دانانی سیاسەت و پلانی زمانی بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان نییە، ڕووناکبیران، زمانەوانان و گرووپەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ هەوڵ دەدەن گوتاری سیاسەتی زمانیی بنەماڵە وەک ستراتیژێک لە بەرنامەی خەبات و تێکۆشانی خۆیاندا دابنێن و هەنگاوی بەکردەوە لەم بارەیەوە هەڵ بگرن" (میرموکری، ١١٧:٢٠٢١). بەم پێیە هەروا کە پەروەردەی نافەرمی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆڵێکی گەورەی لە پاراستنی زمانی کوردی و بەرەوپێدانی فێربوونی ئەو زمانە لەنێو خەڵکدا هەیە، "سیاسەتی زمانیی بنەماڵە"ش دەتوانێ هەمان ڕۆڵی لە بایەخدان بە ئاخاوتنی کوردی لەنێو بنەماڵەدا هەبێت.

٥-٩- پرسیاری هەشتەم

٥-٩-١-ناساندنی پرسیار

هەشتەمین پرسیار کە لە پرسیارلێکراوان کراوە، لەبارەی دۆخی زمانی لە شار و ناوچە تێکەڵاوەکانە. پرسیارەکە ئەوەیە: "لەو شار و ناوچانەی کورد و تورک پێکەوە دەژین (وەک نەغەدە، ورمێ، میاندواو، بیجار، شاهیندێژ، قوروە و ...هتد)، أ- لە قوتابخانە و بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا، زمانی زاڵ کامەیە؟ هۆی زاڵبوونی یەکێکیان بە سەر ئەوی دیکەدا چییە؟ هەر دوو لا هەوڵ دەدەن زمانی یەکتر فێر بن، یا فێربوونی زمانی لایەنی بەرانبەر یەک لایەنەیە؟ ب-هەوڵ و هەنگاوی هاوبەش (بە بەشداریی تاکەکانی هەر دوو نەتەوە) بۆ ناڕەزایەتی لە سیاسەتی زمانیی دەسەڵات، یان بۆ داکۆکی لە مافە زمانییەکانیان و داواکردنیان، هەیە؟ پ- ئایا ئەگەر ڕۆژێک مافی خوێندن بە زمانی دایک لە ئێران قبووڵ بکرێت، پێویست دەکات منداڵان لە قوتابخانە لە تەنیشت خوێندن بە زمانی دایک، زمانی نەتەوەی دراوسێش فێر بن؟

ژمارە	چەمکی سەرەکی	چەمکی لاوەکی	کۆدی پێوەندیدار	نموونەی دەقی وەرگیراو
١	زمانی سەردەست	نەتەوەی سەردەست لە ناوچە، پێویستیی ئیداری و بازاڕ	زمانی ئایینی فەرمیی وڵات	"بەپێی ڕێژەی دانیشتووان، زمانی زاڵ خوێ دەسەپێنێت، بەڵام چونکە تورک وەک بەشیکی دانەبراوی دەسەڵات لەگەڵ کوردان مامەڵەیان کردووە، هاوشێوەی فارس زمانان، دەستی بالایان بووە لە پەراوێزخستنی زمانی"(١).
٢	زمان و دەسەڵات	پشتیوانیی حکومەت، مەزهەبی شیعە	تورکی زمانی دەسەڵات لە ناوچە	"لە ناوچەکانی کە تێکەڵاوی هەیە، تورک قەت هەوڵ نادات زمانی کوردی فێر بێت. کوردە کە ناچارە تورکی فێر بێت و قسە پێ بکات"(٢).
٣	خەباتی هاوبەش بۆ مافی زمانی	بە ڕێژەیەکی نابەرابەر و جیاجیا	"تورکەکان، پاروویان دەڕوانیایە"	"هاوبەشبوون لە ئایینی شیعە لەگەڵ دەستەڵاتدارانی فارس، بەشدار بوون لە دەستەڵات و هاندرانیان بۆ پاراستنی ئومەتی یەکپارچە، هەوڵی ئازەربیەکانی بۆ دژایەتیکردنی سیاسەتی زمانیی دەستەڵات، خاوتر کردووە"(٢٩).
٤	زمانی پەروەردەی ناوچەی تێکەڵاو	زمانی فارسی، هەر نەتەوەیەک بە زمانی خۆی	سیستەمی دوو زمانی لە شاری دوو نەتەوەیی	"ئەگەر لە ناوچەیەک یان شارێک دوو نەتەوە پێکەوە دەژین و ناوچە و یان شارەکەیش هەر هاوبەشن، دەبێت ئەو دوو نەتەوەیە مافی زمانیی یەکسانیان هەبێت"(٤١).

(خشتەی ژمارە ١٢) تایبەت بە پرسیاری هەشتەم

ئامانج لە خستنەڕووی ئەم پرسیارە ئاگادارکردنەوەی ئەو لایەنانەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە پرۆسەی دیاریکردنی پێگەی زمانەکاندا بەشداری دەکەن و کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەو پرۆسەیە. ئەم لایەنانە بریتین لە: دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی ئایینی، دەسەڵاتی ئابووری، دەسەڵاتی ئەکادیمی، دەسەڵاتی ڕاگەیاندن، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی هونەری و دەسەڵاتی ئەدەبی.

٥-٩-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان

٥-٩-٢-١-زمانی سەردەست

وەک لە پرسیارەکەدا هاتووە، لەو شار و ناوچانەدا دانیشتووان سەر بە دوو زمان و نەتەوەی جیاوازن. زۆربەی پرسیارلێکراوان پێیان وابووە ئەو پێکهاتە زمانییەی لە شارێک لەبارەی سیاسی، ئەمنی، سوپایی و بەڕێوەبردنی ئیدارە و دامودەزگا حکومەتییەکان قسەی یەکەم دەکات، زمانی ئەو زمانی سەردەستە. پرسیارلێکراوێک لەم بارەیەوە وتوویەتی:

(٣٧): لە ڕوانگەی زمانناسیی کۆمەڵایەتییەوە زمان ئامرازی دەسەڵاتە، واتە ئەگەر دەسەڵاتت زیاتر بێ زمانەکەشت زاڵترە و خاوەن گوتارێکی بەهێزتری....

چەمکی سەردەست لەم باسەدا بۆ ئەو پێکهاتە زمانی و نەتەوەییە دەستڕۆیشتووە بەکار هاتووە. نموونە بۆ سەردەستبوون لەبارەی سیاسییەوە:

(١): بەپێی ڕێژەی دانیشتووان زمانی زاڵ خۆی دەسەپێنێت، بەڵام چونکە تورک وەک بەشێکی دانەبڕاوی دەسەڵات لەگەڵ کوردان مامەڵەیان کردووە، هاوشێوەی فارسزمانان، دەستی باڵایان بووە لە پەراوێزخستنی زمانیدا.

نموونە بۆ سەردەستی لە بازاڕدا:

(٢): لە شارەکانی قوروە و بیجار و سۆنقور دەکرێت بڵێین هاوسەنگییەک لە بەکارهێنانی زمانی کوردی و تورکیدا هەیە. بەڵام لە شارە تێکەڵاوەکانی دیکە زمانی باو لە بازار، زمانی تورکییە. سیستەمی بەڕێوەبردن و بازار و پیشە بەدەست هەر نەتەوەیەک بێت، زمانی ئەو دەبێتە زمانی زاڵ.

نموونە بۆ هاوئایینبوون لەگەڵ دەسەڵات:

(١٤): بەداخەوە زمانی زاڵ زۆرتر زمانی ناکوردییە، هۆی زاڵبوونی زمانە ناکوردییەکان پشتگیریی حکومەت و هاوئایین بوونی ئاخێوەرانی زمانەکە لەگەڵ حکومەتی ناوەندییە. فێربوونی زمانیش یەک لایەنەیە و هەر کورد ناچار دەکرێ زمانی بەرانبەر فێر ببێ.

وەڵامی پرسیارلێکراوان، سەرەڕای جیاوازیی بۆچوونەکانیان لەسەر هێندێک بابەت، لەپێوەندی لەگەڵ زمانی سەردەست لەو شار و ناوچانەدا هاوڕایی و کۆدەنگییەکیان تێدا بەدی دەکرێت. ئەو فاکتەرانەی پرسیارلێکراوان لەسەر زاڵبوونی زمانێک بەسەر زمانێکی دیکە لە شار و ناوچە تێکەڵاوەکاندا بە کاریگەریان زانیوە بریتی بوون لە: ١- ژمارەی دانیشتووان، ٢- سەردەستبوون لە بازاردا، ٣-بەدەستەوەگرتنی ئیدارە و دامودەزگای دەوڵەتی ٤- نزیکیی سیاسی و ئایینی لە دەسەڵات. خاڵی جێگای تێڕامان لە وەڵامەکاندا ئەوەیە کە ئەگەر ژمارەی کورد و تورک لە شار و ناوچەیەک لێکیش نزیک بن، یان تەنانەت ژمارەی کوردەکان لە تورکەکان زیاتریش بێت، دیسان لە ئیدارە و دامودەزگا دەوڵەتییەکان زمانی زاڵ هەر زمانی تورکییە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە زۆرینەی کارمەند و کاربەدەستان لەو شوێنانە تورکزمانن. بەهۆی فەرمی بوونی زمانی فارسی لە ئێران، دەبووایە لە ئیدارە و دامودەزگا دەوڵەتییەکان، کورد و تورک پێکەوە بە فارسی قسە بکەن، بەڵام زیاتر بە تورکی قسە دەکەن؛ چونکە هەم تورکەکە ئەمەی پێخۆشە و کەس لەم بارەیەوە لێپرسینەوەی لێناکات، هەم زۆر لە دانیشتووانی کوردیش لەبەر پێویستیی ژیان و سەردەستیی تورکەکان لە منداڵییەوە خۆیان فێری تورکی کردووە و لەم جۆرە کاتانەدا قسەی پێدەکەن.

٥-٩-٢-٢-زمان و دەسەڵات

پرسیارلێکراوان پێیان وایە ئەو ئازەری و فارسانەی لە شار و گوندەکانی کوردستان وەک مامۆستا یان کارمەند و بەرپرس کار دەکەن، ناچار نین کوردی فێر بن، چونکە کوردەکان یان بە زمانی ئازەری یان بە فارسی لەگەڵیان دەدوێن. هۆیەکەی ئەوەیە کورد خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری نییە تا ئەوان ناچار بن بۆ هەڵی کار کوردی فێر بن. پرسیارلێکراوێک لەبارەی دەسەڵاتداربوونی تورکان لە شاری ورمێ وتوویەتی:

Li Ûrmiyeyê piraniya berpirsên dewletê azerî ne û di nava wan de taximeke" nijadperest hene ku hewl didin Ûrmiyeyê wekî bajarekî azerî-nişîn bidine se-pandin. (ژمارە ١٦) "

بەکارهێنانی زمانی فارسی بۆ پێوەندی و لێکتێگەیشتنی ئاخێوەرانی دوو زمانی کوردی و

تورکی، به سوودی زمانی فارسی و به زیانی هەر دوو زمانەکە شکاوەتەوە. پرسیارلێکراوێک پێی وایە:

(۱۹): له ناوچەگەلێک وەکو قوروە و ... هتد، به هۆی هاوسەرگیریی کورد لەگەڵ تورک زیاتریان دوو زمانەکە ئەزانن، بەڵام زیاترین ڕادەی ئاسمیلاسیۆن لەناو ئەم خەڵکانە هەیە، چونکە بۆ لێکتێگەیشتنی زیاتر له زمانی فارسی کە زمانی فەرمییە و دوو لایەنەکە به باشی ئەیزانن، کەڵک وەرئەگرن.

به گوێرەی وەڵامەکان، سەردەستبوونی تورکەکان له دامودەزگای ئیداری، تەنانەت سوپایی، چەکداری و ئەمنیی شار و ناوچه تێکەڵاوەکان، پێوەندیی به زۆریی ژمارەی دانیشتووانیانەوە نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیی سیاسی و ئایینیی ئەوان لەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتداریی وڵات. کوردەکان هەر له سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەهۆی داواکردنی مافە نەتەوەییەکانیان و گوێنەدانی ئەو دەسەڵاتە به داواکانیان لەگەڵی تووشی شەڕ و بەربەرەکانییەکی دڕێژخایەن بوون، بەڵام تورکەکان بەپێچەوانەی کوردەکان هەڵوێستیان گرت و بوون به پشتیوانی دەسەڵاتی تازە و تەنانەت بوون به بەشێک له شەڕی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ نەتەوەی کورد. لەئاکامدا بوون به جێگەی متمانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ جگە له پۆست و بەرپرسایەتیی دەوڵەتی و ئیداریی شار و ناوچەکانی خۆیان زۆربەی پۆست و دەسەڵاتی شار و ناوچه تێکەڵاوەکان و تەنانەت شار و ناوچه تەواو کوردییەکانی پارێزگای ورمێ (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)شیان پێ سپێردرا. لەباری مەزهەبییشەوە تورکەکانی دانیشتووی شار و ناوچه تێکەڵاوەکان به زۆری شیعە مەزهەب، لەبەرانبەریشدا کوردەکانی ئەو ناوچانە، سوننە مەزهەبن. کۆماری ئیسلامی کە لەسەر بناغەی مەزهەبی شیعە دامەزراوە و لەسەر ئاستی وڵات، هەڵاوردنێکی فەرمیی به دژی سوننەکان بەڕێوە دەبات، جیاوازیی مەزهەبیی نێوان تورکان و کوردانی به سوودی خۆی و تورکەکان و بۆ دژایەتیی کوردەکان بەکار هێناوە. ئەم سەردەستییەی تورکەکان، سەردەستیی زمانی ئەوانیشی لەو ناوچانە لێکەوتووەتەوە.

۵-۹-۲-۳-خەباتی هاوبەش بۆ مافی زمانی

پرسیارلێکراوان پێیان وایە هەر لەجێدا خەبات بۆ مافی زمانی و نەتەوەیی لەنێو کورددا زۆر بەهێزتره و پێشینەیەکی لەمێژتری هەیە. جگە لەمەش تورکەکان حەز له تێکۆشان و خەباتی هاوبەش لەگەڵ کورد بۆ ئەو مافانانە ناکەن. پرسیارلێکراوێک وتوویەتی:

(۷): نارەزایەتیدەربڕین بەرانبەر سیاسەتی زمانیی دەسەڵات یان بۆ داکۆکی له مافە زمانییەکانیان و داواکردنیان هەیە، بەڵام بەجیا نەک به شێوەی هاوبەش.

بە گوتەی پرسیارلێکراوێک تەنیا تاقمێک لە تورکەکان داواکاری مافە زمانییەکانیانن:

(٢): لەناو ئازەرییەکان(تورکەکان) تەنیا پانتورکیستەکان ئەم داوایەیان هەیە و هەر ئەوانیش دژی هەبوونی کورد و زمانی کوردینە. هیچ هەنگاو و هەوڵی هاوبەش بۆ نارەزایەتی لە سیاسەتی زمانیی دەسەڵات نییە.

زمانی تورکییش وەک زمانی کوردی لەلایەن دەوڵەت-نەتەوەی ئێران بە زمانی قەومی و خۆجێیی دەژمێردرێت، بە فەرمی نەناسراوە و رێگای پێنەدراوە زمانی پەروەردەی تورکەکان بێت. ئەمانە دەیانتوانی و دەتوانن هۆکارێکی بەهێز بن بۆ ئەوەی لەو شارانەی کورد و تورک پێکەوە دەژین بە هاوبەشی خەبات بۆ مافە زمانییەکانیان بکەن، بەڵام تورکەکان نەک هەر بە هاوبەشی لەگەڵ کوردەکان بۆ مافە زمانییەکانیان خەباتیان نەکردووە، بەڵکو بە تەنیاش هەتا ئەم ساڵانەی دوایی چالاکییەکی بەرچاویان نەبووە. زۆربەی پرسیارلێکراوان ڕەتیان کردووەتەوە کە تورکەکان بە هاوبەشی لەگەڵ کوردەکان داوای مافە زمانییەکانیان کردبێت. وەک پرسیارلێکراوانیش ئاماژەیان پێکردووە کۆمەڵێک هۆکار بۆ خۆپاراستنی تورکەکان لە چوون بۆ نێو چالاکیی هاوبەش لەگەڵ کوردان، هەن: یەکەم، تورکەکان بەهۆی نزیکیی سیاسی و ئایینی لە کۆماری ئیسلامی، ڕژێمی سیاسیی وڵاتیان بە هیچ خۆیان زانیوە و نەیانویستووە وەک کورد بەرانبەری بوەستنەوە. دووەم، مافە نەتەوەیی و زمانییەکان ئەوەندەی بۆ کوردەکان گرنگ بوون، بۆ تورکەکان بە هۆکاری هاوبەشی لە دەسەڵاتی سیاسی و خاوەن پێگەبوون لە ئابووریی وڵاتدا، ئەو بایەخ و گرنگییەیان نەبووە.

٥-٩-٢-٤-زمانی پەروەردەی ناوچەی تێکەڵاو

پرسیارلێکراوان لە وەڵامی ئەم لقەی پرسیارەکەدا "ئەگەر ڕۆژێک حکومەتی ئێران ڕێگا بدات پەروەردە بە زمانی دایک هەبێت، زمانی سەرەکیی پەروەردە لەم جۆرە شار و ناوچانە کام زمان بێت؟" بۆچوونی جیاوازیان دەربڕیوە. پرسیارلێکراوێک زمانی فەرمیی ئەو هەرێمەی شار و ناوچە تێکەڵاوەکەی لێ هەڵکەوتووە، بۆ زمانی پەروەردە بە گونجاو زانیوە:

(٨): ئەگەر شارێک لە هەرێمی کوردستاندا بێ، بێگومان پێویستە خوێندن بە زمانی فەرمیی هەرێم بێ و لە پەنایدا ڕێگا بە بوونی وانەی زمانی گەلانی دیکە بدرێ.

بەڵام پرسیارلێکراوێک پێی وابووە کە دەبێت هەردوو زمان، بۆ ئاخێوەرانیان زمانی پەروەردە بن:

(٥١): لە شارێکی وەک نەغەدە کە دوو نەتەوەی کورد و تورک پێکەوە دەژین و

لەگەڵ یەکتر لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و کولتووریدان، پێویستە لەو جۆرە ناوچانە سوود لە سیستەمی پەروەردەی جووتزمانی، وەربگیرێت.

مەبەست لە سیستەمی دووزمانە ئەوەیە کە لە یەک قوتابخانە سەرجەم فێرخوازان بە هەردوو زمانەکە بخوێنن؛ هەم فێری زمانی یەکتر بن، هەم هەر دوو زمان زمانی پەروەردە بن. پرسیارلێکراوێک ڕێگایەکی دیکەی پێشنیاز کردووە:

(۱): بە بڕوای من لە هەر گەڕەک و ناوچەیەکی ئەو شارانە، بەپێی دانیشتووانیان فێرگەی تایبەت بە زمانی خۆیان بۆ بکرێتەوە و منداڵی هەر دوو نەتەوەکە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە "ئایا پێویست دەکات ئەم دوو نەتەوەیە لە ڕێگای پەروەردە زمانی یەکتر فێر بن؟" زۆرینەی پرسیارلێکراوان فێربوونی زمانی نەتەوەی دراوسێ لە قوتابخانەیان بە پێویست نەزانیوە و لەگەڵ فێربوونی ئارەزوومەندانەی زمانی نەتەوەی دراوسێدا بوون، بەڵام کەسانێک لەنێو پرسیارلێکراواندا، فێربوونی زمانی دراوسێکانیان بە پێویست زانیوە، بە نموونە یەکێکیان وتوویەتی:

(۲): لە شار و ناوچەیەک کە دوو گەل پێکەوە دەژین و هەر کامیان دەیانەوێت بە زمانی دایک بخوێنن، پێویستە وێڕای خوێندن بە زمانی خۆیان، زمانی دراوسێیەکەشیان فێر بن، چونکە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیە هەر دوو زمان پێویستن و بەکار دێن.

بەشێک لە پرسیارلێکراوانیش، وتوویانە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو دەکرێت سوود لە ئەزموونی گەلانی دیکە وەربگرین.

پرسی زمان لەو شارانەی ئاخێوەرانی چەند زمانی جیاواز پێکەوە و لەپاڵ یەکتردا دەژین، هەموو کات یەک لە پرسە گرنگەکان بووە. لە ئێران هەتا ئێستا فێرخوازان، زمانی دایکیان هەرچییەک بووبێت، هەر ناچار بوون بە زمانی فارسی بخوێنن، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە وڵاتی ئێران پەروەردە بە زمانی دایک قبووڵ بکات، دانیشتووانی کورد و تورکی شار و ناوچە تێکەڵاوەکانیش دەیانەوێت سوود لەم مافە وەربگرن. ئەگەر ڕۆژێک هەلومەرجێکی وا بێتە پێش، سیاسەت و پلاندانانی زمانی لەو جۆرە شار و ناوچانە دەبێت لەسەر بنەمایەکی دروست دابنرێت. بنەمای دروست، پێش هەموو شتێک دابینکردنی مافی پەروەردە بە زمانی دایک بۆ فێرخوازان دەگرێتەوە. فێرخوازان لە شارێکی چەند زمانەدا، تورک بن یا کورد یا هەر زمانێکی دیکەیان هەبێت، زۆرایەتی بن یا کەمایەتی، ناکرێت بە هیچ بیانوویەک ئەم مافەیان لێ زەوت بکرێت. دیارە دنیای ئەمڕۆ ئەزموونێکی دەوڵەمەند و پڕ لە جۆراوجۆریی لە پەروەردەی

فرەزمانی لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا هەیە. دەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی ویستی پێکهاتە زمانییەکانی ئەو شوێنانە و هەروەها سوودوەرگرتن لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی پەروەردەی چەندزمانی، لەسەر مۆدێلێکی گونجاو، رێک بکەون.

٥-١٠- پرسیاری نوێەم

٥-١٠-١-ناساندنی پرسیار

نوێەمین پرسیار کە لە پرسیارلێکراوان کراوە ئەوەیە: ''لەو شار و ناوچانەی کورد لەگەڵ چەند گرووپی ئیتنیکی و زمانیی دیکە پێکەوە دەژین، پێت وایە سیاسەتی زمانی دەبێت چۆن بێت؟ هەر نەتەوەیەک بە زمانی خۆی بخوێنێت؟ یان هاوکات پێویست دەکات زمانی نەتەوەی دراوسێش (وەک ئازەری یان فارسی) فێر بن؟ بۆچی؟''

ژمارە	چەمکی سەرەکی	چەمکی لاوەکی	کۆدی پێوەندیدار	نموونەی دەقی وەرگیراو
١	مۆدێلەکانی فێربوونی چەند زمانە	ئەزموونی ولاتان و پێویستیی خۆمان	فێربوونی زمانی یەکتر بۆ هاوسەنگی و کەمکردنەوەی گرژی	"بۆ ئەو شارانەی دوو نەتەوەیان تێدایە، زمانی پەروەردەو و ئیداری شوێنە گشتیەکان دەبی هەر دووک زمان بن"(٢٣).
٢	مۆدێلی سێ زمانە	زمانی دایک + زمانی هاوبەش+ زمانی هاوسێ	زمانی دایک + زمانی هاوبەش+ زمانی ئینگلیزی	"کاتێک دوو یان سێ نەتەوەی جیاواز، لەناو شارێک پێکەوە دەژین، پێوستە زمانێکی هاوبەش لێکیان تێبگەیێنی" (٢٤).
٣	مۆدێلی دوو زمانە	زمانی دایک و زمانی هاوبەش	ناکرێت منداڵێک٤-٥ زمان فێر بێت	' لە هەر یەکەیەکی جوگرافیاییدا دانیشتوان بە زمانی خۆیان بخوێنن و زمانی هاوبەشیان لەگەڵ دراوسێکەیان ببێتە زمانی فارسی"(٤٧).
٤	مۆدێلی یەک زمانە	زمانی دایک	زمانی دووەم ئارەزوومەندانە بێت	"هەر نەتەوەیەک بە زمانی خۆی ، فێربوونی زمان یان زمانەکانی دیکەش ئارەزوومەندانە بێت"(٣٩).
٥	سیاسەتی زمانیی هاوسەنگ	پەروەردە بێزمانی داسەپاو	هەلومەرجێکی دیمۆکراتیک	"هەر منداڵێک دەبێت بە زمانی خۆی بخوێنێ" (٢١).
٦	قوتابخانە بە زمانی جیاواز	هەر پێکهاتەیەک زمانی خۆی	شار و ناوچەی چەند زمانە	"دەکرێت لەو شارانە قوتابخانە بە زمانی جیاواز هەبێت "(ژمارە ٤٦).

(خشتەی ژمارە١٣) تایبەت بە پرسیاری نوێەم

لە یەکێک لە لقەکانی پرسیاری هەشتەمیشدا لەم بارەیەوە پرسیار کراوە، بەڵام لەم پرسیارەدا پرسیارلێکراوان داوای ڕوونکردنەوەی زیاتریان لێکراوە. ئامانج لەو پرسیارە، تێگەیشتن لە بۆچوونی پرسیارلێکراوان لەبارەی سیاسەتێکی زمانیی وەڵامدەر بۆ ناوچەیەکی تێکەڵاو و فرەزمانییە. وەڵامەکان بەپێی مەبەستی پرسیارەکە و ناوەرۆکی باسەکە، بە گشتی هاتوونەتەوە سەر مۆدێلەکانی پەروەردەی فرەزمانی. ئەو چەمکانەی بەدوای کۆدبەندیی وەڵامەکان و مەبەست و پەیامی پرسیارلێکراواندا بەرجەستە بوونەتەوە بریتین لە: مۆدێلەکانی فێربوونی چەند زمانە، مۆدێلی سێ زمانە، مۆدێلی دوو زمانە، مۆدێلی یەک زمانە، سیاسەتی زمانیی هاوسەنگ و قوتابخانە بە زمانی جیاواز. بڕوانە خشتەی ژمارە(١٣)

٥-١٠-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان

٥-١٠-٢-١-مۆدێلەکانی فێربوونی چەند زمانە

بەم هۆیەوە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە، هەروەها چونکە پرسیارەکانیش لەسەر گریمانەی قبووڵکردنی پەروەردە بە زمانی دایک داڕێژراون، پرسیارلێکراوان لە وەڵامەکانیاندا بەشیوەی جۆراوجۆر باسیان لە مۆدێلەکانی پەروەردەی فرەزمانی کردووە. ئەو مۆدێلانەی لە وەڵامەکاندا ناویان هاتبوو ئەمانەن: مۆدێلی جووتزمانیی گواستنەوەیی، مۆدێلی دوولایەنە، مۆدێلی جووتزمانیی پاراستنی، مۆدێلی زیندووکردنەوە بەشێوەی نوقمبوون، بەرنامەی فێرکاریی گەشەیی، مۆدێلی فێرکردنی زمان لەسەر بنەمای ناوەرۆک، مۆدێلی چەند زمانە. پێناسەی پرسیارلێکراوێک بۆ یەکێک لەو مۆدێلانەی دەکرێت لە سیاسەتی زمانیی داهاتووی ڕۆژهەڵاتدا، سوودی لێوەربگرین بەم جۆرەیە:

(٣٧): بەرنامەی فێرکاری گەشەیی: هۆگری گەشەکردنی جووتزمانییە و بەتایبەت جەخت لەسەر گەشەکردنی زمانی دایک و ڕەخساندنی دەرفەتی بەرابەر بۆ هەردوو زمانی دایک و فەرمی دەکات.

ئایدیۆلۆژیای پشت ئەم بەرنامەیە ئەوەیە کە هەموو زمانەکانی جیهان یەکسانن و پێویستیان بە ئیمکانی یەکسان هەیە. لەو بەرنامەیەدا منداڵەکان هەردوو زمان بە شێوەی یەکسان فێر دەبن و بەسەر زمانەکاندا زاڵ دەبن.

٥-١٠-٢-٢-مۆدێلی پەروەردەی سێزمانە

زۆرینەی پرسیارلێکراوان بە باشیان زانیوە پەروەردە لە ناوچە تێکەڵاوەکان سێ زمانە بێت. هەمووانیان لەسەر ئەمە هاودەنگ بوون کە زمانی دایک (زمانی یەکەم) و زمانی هاوبەش

یان فەرمیی وڵات (کە بە زۆری مەبەستیان زمانی فارسییە) زمانی دووەم بێت. دیارە لەسەر زمانی سێیەم ڕای جیاوازیان هەیە. دەستەیەک زمانی ئینگلیزییان وەک زمانی سێیەم پێشنیاز کردووە، بەڵام دەستەکەی دیکە زمانی نەتەوەی هاوسێ(جیران)یان بۆ زمانی سێیەم بە گونجاو داناوە.

٥-١٠-٢-٣-مۆدێلی پەروەردەی جووتزمانی

لایەنگرانی مۆدێلی پەروەردەی جووتزمانی کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە پرسیارلێکراوانیان پێک هێنابوو، لەسەر ئەوە کە زمانی یەکەم و سەرەکیی پەروەردە لە ناوچە تێکەڵاوەکان زمانی دایک بێت، هاوڕا بوون، بەڵام لەسەر زمانی دووەم ئەوانیش ببوون بە دوو دەستە. دەستەیەک کە زۆرینە بوون، پێیان وابوو زمانی هاوبەش و فەرمیی وڵات پێویستە بکرێتە زمانی دووەمی پەروەردە، بەڵام دەستەکەی دیکە زمانی نەتەوەی هاوسێیان بە پێویست زانیبوو. چەند پرسیارلێکراوێکیش مۆدێلێکی تایبەت لە پەروەردەی جووتزمانییان پێشنیاز کردبوو کە لە زمانی دایک(زمانی یەکەم)، هەروەها زمانی زۆرینەی ناوچەکە، یان زمانی فەرمیی هەرێمەکە پێک دێت. واتە ئەگەر کەمینەیەکی تورک کەوتنە هەرێمێک کە زمانە فەرمییەکەی کوردییە، زمانی پەروەردەیان تورکی وەک زمانی دایک و، کوردی وەک زمانی فەرمیی هەرێمەکە دەبێت.

وەڵامەکانی پرسیاری نۆیەم، بەجۆرێک پێداگرتنەوەن لەسەر ئەو بۆچوونانەی پرسیارلێکراوان لە وەڵامی پرسیاری پێشتر و تەنانەت پرسیارەکانی پێشووتردا دەریانبڕیبوو. گرنگترین خاڵەکان لە وەڵامەکانی ئەم پرسیارەدا بریتین لە: لەو شار و ناوچانەی دوو یان چەند پێکهاتەی زمانیی جیاواز پێکەوە دەژین، پێویستە لە مۆدێلەکانی فێربوونی فرەزمانی سوود وەربگیرێت. بایەخدانانی زۆری پرسیارلێکراوان بۆ زمانی دایک و گرنگیدانیان بە پەروەردەی تەواو بە زمانی دایک ئەوە دەسەلمێنن کە زۆربەی ئەوان مۆدێلێک لە فێربوونی فرەزمانییان بەباش زانیوە کە زمانی دایک زۆرترین پشکی لە فێرکردن لە هەموو قۆناغەکاندا هەبێت. دووەم تایبەتمەندیی مۆدێلی دڵخوازی پرسیارلێکراوان ئەوەیە کە زمانی پێوەندی و هاوبەش لەئاستی ئێراندا کە زیاتر مەبەستیان زمانی فارسی بووە، وەک زمانی دووەم بخوێندرێت. لەسەر زمانی سێیەم لە پەروەردەدا جیاوازیی بۆچوون هەبووە، چونکە بەشێک لە پرسیارلێکراوان پێیان باش بووە زمانی نەتەوەی هاوسێ ببێتە زمانی سێیەم، بەڵام زۆرایەتیی پرسیارلێکراوان ئەمەیان بە پێویست نەزانیوە و فێربوونی زمانی ئینگلیزییان پێشنیاز کردووە.

٥-١٠-٢-٤-مۆدێلی یەکزمانە

چەندین کەس لە پرسیارلێکراوان، لەگەڵ مۆدێلی یەکزمانەدا بوون، بەو واتایە کە پێیان

وابووە پەروەردە تەنیا بە زمانی دایک بێت و هەر نەتەوەیەکی دانیشتووی ناوچە تێکەڵاوەکان دەبێت بە زمانی خۆی بخوێنێت. ئەو پرسیارلێکراوانە یان هەر باسیان لە پیوستیی فێربوونی زمانی سێیەم نەکردبوو یا وتبوویان زمانی دووەم بە دڵخواز بێت.

٥-١٠-٢-٥-سیاسەتی زمانیی هاوسەنگ

بەشێک لە پرسیارلێکراوان پێیان وابووە پێکهاتە زمانییەکانی ناوچە تێکەڵاوەکان پێویستە لە هەڵبژاردنی زمانی پەروەردەدا ئازاد بن. ناکرێت زمانی فەرمیی وڵات، یان زمانی نەتەوەی هاوسێیان بەسەردا بسەپێندرێت. نموونەی بۆچوونی پرسیارلێکراوێک لەم بارەیەوە:

(٣٣): ئەو نەتەوانەی بە زمانی جیاواز(نافارسی) قسە دەکەن دەبێت خاوەن سیاسەتێکی زمانیی هاوسەنگ بن، نەبنە بەشێک لەو سیستەمە داپڵۆسێنەرەی کە بۆ خۆیان بەشێک لە قوربانیانی سیاسەتە شۆڤینی و دیکتاتۆرییەکانی بوون.

٥-١٠-٢-٦-قوتابخانە بە زمانی جیاواز

لەنێو وەڵامەکاندا بۆچوونی لەم چەشنەش هەبوو کە ئەگەر لە شارێک چەند پێکهاتەی زمانیی جیاواز هەن، با قوتابخانە بە زمانی جیاواز هەبێت. بنەماڵەکان و منداڵانیان ئەو ئازادییەیان هەبێت چ زمانێک بە باش دەزانن، قوتابخانە بەو زمانە هەڵبژێرن.

٥-١٠-٢-٧-ئەزموونی وڵاتانی دیکە

بەم هۆیەوە کە پەروەردەی فرەزمانی، بە تایبەتی پەروەردەیەک کە زمانی دایک یەک لە زمانە سەرەکییەکانی بێت، هەتا ئێستا لە ئێران بە فەرمی تاقی نەکراوەتەوە، ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان، بە باشیان زانیبوو لە دیاریکردنی سیاسەت و پلاندانانی زمانیی داهاتوودا، گرنگیەکی تایبەت بە ئەزموونی وڵاتانی دیکە و سیستەمە چەند زمانییەکانی پەروەردە لە جیهان بدرێت.

بەگوێرەی بۆچوونەکان، پرسیارلێکراوان لە رِوانگەیەکی مرۆڤدۆستانە و پلۆرالیستییەوە بەدوور لە دەمارگرژیی نەتەوەیی و زمانی، قسەیان لەسەر زمانی پەروەردە لە ناوچە تێکەڵاوەکان کردووە، نەیانویستووە هیچ یەک لە دوو زمانی سەرەکیی دانیشتووانی ناوچە لە پەروەردەدا پشتگوێ بخرێن. پێیان وابووە دەبێت مافی پەروەردە بە زمانی دایک بۆ هەر پێکهاتەیەکی زمانی دابین بکرێت. بەپێی بۆچوونی پرسیارلێکراوان، زمانی فەرمیی هەرێمەکان یان پارێزگاکان لە داهاتوودا پێویستە لەسەر بناغەی زۆرایەتیی دانیشتووان دیاری بکرێت و ئەو زمانە فەرمییەش وەک زمانی فەرمیی پەروەردە لەو هەرێم یان پارێزگایە

بناسرێت. ئەمە بەو واتایەیە لە شار و ناوچەیەک کە دوو پێکهاتەی زمانی بە ژمارەیەکی زۆر، لەپاڵ یەکتر دەژین، دەکرێت هەر دوو زمان، لەو شار و ناوچەیە زمانی فەرمی بن. هەروەها ئەگەر زمانی فەرمیی هەرێم یان پارێزگاکە لەگەڵ زمانی بەشێک لە دانیشتووانی جیاواز بوو، پێویستە مافی پەروەردە بە زمانی دایک بۆ ئەو پێکهاتەیە، بەفەرمی بناسرێت و دەستەبەر بکرێت.

بە وردبوونەوە لە وەڵامی پرسیارلێکراوان بە پرسیاری نۆیەم دەگەینە ئەم ئەنجامە کە پەروەردەی تاکزمانی، هەروەها مۆدێلەکانی پەروەردەی چەند زمانی کە لە زیانی پەروەردە بە زمانی دایکن (وەک خوێندنی لێکەمکردنەوە)، پێشوازییان لێ ناکرێت، بەڵکو مۆدێلەکانی وەک "بەرنامەی فێرکاریی گەشەیی" یان "خوێندنی لێزیادکردن" دەتوانن وەڵامدەر بن. شێخولئیسلامی، دوو مۆدێلی خوێندنی لێکەمکردنەوە و خوێندنی لێزیادکردنی وەک دوو مۆدێلی پێچەوانەی یەکتر ناو بردووە. یەکەمیان بەو مۆدێلە دەگوترێت کە خوێندن بە زمانی سەردەست دەست پێدەکات و زمانی زگماکی یان زمانی یەکەم وەلا دەنێت (وەک ئەوەی سەد ساڵە لە ئێران هەیە و هەتا ئێستا بەردەوامە)، واتە زمانی یەکەم لە پێناوی زمانی دووەم یان زمانی سەردەستدا دەکرێتە قوربانی. بۆیە بەم چەشنە پەروەردەیە دەڵێن، سیستەمی لێکەمکردنەوە؛ واتە، زمانی زگماکی لە منداڵەکە دەستێنێ، "بەڵام لە خوێندنی لێزیادکردندا، خوێندن بە زمانی زگماکی دەستپێدەکات. پاشان کە منداڵ بەباشی فێری زمانی یەکەم و سەرەتاییترین لێهاتوویەکانی ئەکادیمی بوو، ئەوجار فێری زمانی دووەمیش دەکرێت لەپاڵ زمانی یەکەم. واتە زمانی دووەم لە زانیاریی منداڵەکە زیاد دەکرێ. بۆیە بە ئەمە ئێژن خوێندنی لێزیادکردن. لای زۆربەی لێکۆڵەران بە تایبەت ئەمانەی کە لایەنگری مافی زمانی و مافی مرۆڤن، ئەمەی دووەم، واتە خوێندنی لیزیادکردن، پەسەندترە" (شێخولئیسلامی،٢٠١٨:٤٨).

٥-١١- پرسیاری دەیەم

٥-١١-١-ناساندنی پرسیار

دەیەمین پرسیار کە لە پرسیارلێکراوان کراوە ئەمەیە: "لە تاران، تەورێز، پارێزگاکانی خۆراسانی باکووری و ڕەزەوی، مازەندەران و قەزوین، ژمارەیەکی بەرچاو کورد دەژین. ئەوان چۆن دەتوانن لە مافی پەروەردە بە زمانی خۆیان سوود وەربگرن؟" ئامانج لەو پرسیارە گەیشتن بە پێشنیازێکە کە بۆ دانانی پلانی زمانییە داهاتوو بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە یارمەتیدەر بێت؛ ڕێگایەک کە هەم دابینکردنی مافی زمانییە کەمینەی کورد لەو شوێنانەی تێدا لەبەرچاو گیرابێت، هەم بۆ جێبەجێکردن بگونجێت. بەم هۆیەوە کە سروشتی ئەم پرسیارە لە لایەکەوە

پێوەندیی بە رێژە و ژمارەی ئاخێوەرانی کورد لە شار و پارێزگاکانی دوور لە کوردستان هەیە، لە لایەکی دیکە مافە زمانییەکانی کەمینە و هەروەها تاکی کوردی لەبەرچاوە، وەڵامەکان چەند چەمکێکیان گرتووەتە خۆ.

چەمکە سەرەکییەکان بریتین لە: کوردی خۆراسان، پەروەردە بە زمانی دایک، قوتابخانەی تایبەت، فێربوونی زمانی کوردی، مافی کەمینەی زمانی، ئەرکی نەتەوەیی. (بڕوانە خشتەی ژمارەی ١٠)

٥-١١-٢- لێکدانەوەی وەڵامەکان

٥-١١-٢-١- کوردی خۆراسان

زۆربەی کورمانجەکانی خۆراسان کە لە دوو پارێزگای خۆراسانی باکووری و خۆراسانی ڕەزەوی دەژین، لە بەشێک لە ناوچەکان و تەنانەت لە ژمارەیەک لە شارەکانیش زۆرایەتیی دانیشتووان پێک دێنن. هەر بۆیە بەشێک لە پرسیارلێکراوان پێیان وابووە دەبێت لەو جۆرە شوێنانە پەروەردە بە زمانی خۆیان (کوردیی کورمانجی) بێت. ئەمە نموونەی یەکێک لەو بۆچوونانەیە:

ژمارە	چەمکە سەرەکییەکان	چەمکە لاوەکییەکان	کۆدی پێوەندیدار	نموونەی دەقی وەرگیراو
١	کوردی خۆراسان	زاری کورمانجی	بەشە بچووکەکەی کوردستان،	" لە ژمارەیەک لە شارەکان و گوندەکانی خۆراسانی باکووری دەکرێت پەروەردەی سەرەتایی لەسەر بناغەی زمانی کوردی بێت و لە پالیشیدا زمانی فارسی هەبێت"(٥).
٢	پەروەردە بە زمانی دایک	دابەروەری و ماف	تا بۆ سەپاندنی زمان	"کوردی پەریوەی ناوچەکانی دیکە دەبێت مافی ئەوەیان هەبی بە زمانی خۆیان بخوێنن... "(٢١).
٣	قوتابخانەی تایبەت	کەمایەتییە زمانییەکان	کورد لە شارە گەورەکانی ئێران	" لە شارە گەورەکانی ئێران بەکردەوە ئیمکانی پەروەردە بە زمانی دایک بۆ کوردەکان لە قوتابخانەی گشتی نییە، بۆیە بەناچار دەبێت قوتابخانەی تایبەت بە زمانی کوردی پێکبێت"(٥١).
٤	فێربوونی زمانی کوردی	دیاریکردنی کات و کتێبی تایبەت	هاوکاری و پشتیوانیی پەروەردەی هەرێمی کوردستان	"لە دەرەوەی قوتابخانەش خولی کوردی هەبێت بۆ ئەوەی مندالی کورد ئیمکانی پەرە پێدانی زمانی کوردی هەبێت"(٢٣).
٥	مافی کەمینەی زمانی	پەروەردە بە زمانی دایک	چەند کاتژمێر وانەی کوردی	"لەو شوێنانەی ژمارەی فێرخوازی کورد زۆرن دەکرێت هەر وەک کوردستان زمانی دایک، زمانی یەکەم و سەرەکیی خوێندنگە بێت" (٣١).
٦	ئەرکی نەتەوەیی	فێرگەی ناحکوومی	مامۆستای خۆبەخش	"گواستنەوەی ئەزموونی ناوەندە ئەدەبییەکان(بۆ کوردانی دەرەوەی پارێزگاکانی رۆژهەلات) (١١).

(خشتەی ژمارە١٤) تایبەت بە پرسیاری دەیەم

(٥): لە خۆراسانی ڕەزەوی و خۆراسانی باکووری، ژمارەی کوردان یەکجار بەرچاوە، بە جۆرێکە کە لە ژمارەیەک لە شارەکان و گوندەکانی خۆراسانی باکووری، دەکرێت قۆناغی سەرەتایی پەروەردە بە زمانی کوردی بێت و لە تەنیشت کوردییەوە زمانی فارسییش هەبێت.

زۆرینەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە ئێران لەو پارێزگایانە دەژین کە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی ئێران ناسراون، بەڵام چەند میلیۆن ئاخێوەری زمانی کوردی کەوتوونە دەرەوەی ئەو پارێزگایانە. لە شار و ناوچەکانی دوو پارێزگای خۆراسانی باکووری(بە ناوەندێتیی شاری بێجنورد) و خۆراسانی ڕەزەوی (بە ناوەندێتیی شاری مەشهەد)، ژمارەیەکی زۆر کورد دەژین. یەکێک لە پرسیارلێکراوان بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی زۆری ئاخێوەران و بەرینیی شار و ناوچەکانی ئەوان، دەستەواژەی "بەشە بچووکەکەی کوردستان"ی بۆ کوردانی خۆراسان بەکار هێنابوو. ژمارەی کوردانی خۆراسان لە نێوان یەک میلیۆن و حەوت سەد هەزار تا دوو میلیۆن کورد مەزەندە دەکرێت. ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس ژمارەی کوردانی خۆراسانی بە یەک و نیو میلیۆن، هەروەها ژمارەی کوردانی دانیشتووی تارانی بە نیو میلیۆن کەس بەراورد کردووە[1].

٥-١١-٢-٢-پەروەردە بە زمانی دایک

زۆربەی پرسیارلێکراوان لەو باوەڕەدا بوون چونکە پەروەردە بە زمانی دایک، مافی دانپێدانراوی هەر تاکێکە، تاکی کورد یا هەر تاکێک لە هەر نەتەوەیەکی دیکە، لە هەر شار و وڵات و ناوچە و پارێزگایەک بژیت، پێویستە مافی پەروەدە بە زمانی دایکی بۆ دابین بکرێت. پرسیارلێکراوێک وتوویەتی:

(٢١): کوردی پەرِیوەی ناوچەکانی دیکە دەبێت مافی ئەوەیان هەبێت بە زمانی خۆیان بخوێنن. سیستەمی پەروەردە دەبێت دادپەروەرانە بێت و خوێندن بە زمانی دایک بەشێکە لە دادپەروەری و مافی مرۆڤ.

٥-١١-٢-٣-خوێندنگەی تایبەت

مافی سوودوەرگرتن لە زمانی دایک دەکرێت فۆرمی جۆراوجۆری هەبێت. یەکێک لەو فۆرمانە ئەوەیە منداڵانی کەمینەیەکی زمانی لە شار و ناوچەیەک کە زۆرینە سەربە زمانێکی دیکەن، قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان هەبێت و بە زمانی خۆیان لەو خوێندنگەیە بخوێنن. چەند کەس لە پرسیارلێکراوان، ئەم ڕێگایەیان بۆ منداڵانی کەمینەی کورد لە شارە گەورەکان

1- The Kurdish population,Link: https://www.institutkurde.org/en/info/the-kurdish-population-1232551004

پێشنیاز کردووە، دیارە بەو مەرجەی ژمارەیان زۆر بێت، هەروەها گەرِەکەکانی شوێنی ژیانیان لەیەک نزیک بێت. نموونەیەک لەم بارەیەوە:

(٢٦): ئەگەر ئاپۆرەی دانیشتووانی نەتەوەکانی دیکە زۆر بوون، بۆ نموونە ئەگەر کورد یان تورک لەوێ زۆر بوون، ئەوە با خوێندنگەش بەو زمانانە لەوێدا هەبێت.

کورد لە دەرەوەی سەرزەوی و نیشتمانە مێژوویییەکەی بە کەمینە بە تایبەتی کەمینەی زمانی ئەژمار دەکرێت. ئەم قسەیە لەبارەی هەر بەشێک لە نەتەوەیەکی دیکەش رِاستە. سەرچاوە ئێرانییەکان باس لەوە دەکەن کە کەمینە زمانییەکان لەنێو ئێراندا لە هەموو جۆرەکانی دیکەی کەمینە زیاترن. کەمینەی زمانی کە بە هەر هۆیەک لە سەرزەوی و نیشتمانی مێژوویی دایک و بابەکانیان دوور کەوتوونەوە و دوور لە زۆرینەی نەتەوەکەیان دەژین، دەبێت بتوانن ناسنامەی خۆیان بپارێزێن و مافە کولتووری و زمانییەکانیان بە فەرمی بناسرێت. لەنێو کوردانی کورمانجی خۆراسان، هەروەها لەنێو کوردانی کەلاردەشت لە مازەندەران کە بە زۆری لەکن، هەوڵی جۆراوجۆر بۆ پاراستنی ناسنامە، نووسین بە زمانی خۆیان و پەرەپێدانی کاری کولتووری هەیە. لەم پێوەندییەشدا چالاکانی بواری کولتووری، زۆرجار لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتی تووشی لێپرسینەوە و گرتن و بەندیخانە بوون. پرسیارلێکراوان لە وەڵامەکانی خۆیاندا وێرِای پێداگری لەسەر پێویستیی بەفەرمی ناسرانی مافەکانی کەمینەی زمانیی کورد لە ئێران، رِێگا و پێشنیازی جۆراوجۆریان بۆ دابینبوونی ئەو مافانە خستووەتە رِوو.

٥-١١-٢-٤-فێربوونی زمانی کوردی

ئەگەر خوێندنگەی تایبەت و پەروەردە بە زمانی دایک بۆ منداڵانی کەمینەی زمانی بە هەر هۆیەک نەگونجێت، دیسان نابێت منداڵان لەم مافە رِەوایەی خۆیان بێبەش بکرێن. لانیکەم پێویستە فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی خۆیان بکرێن، ئەدەبیاتی زمانەکەی خۆیان بە دەرس پێبگوترێت. ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان ئاماژەیان بەم فۆرِمە لە سوودوەرگرتن لە زمانی دایک لە پەروەردەدا کردووە. یەکێک لە پرسیارلێکراوان وتوویەتی:

(٤١): لە تاران زمانی زاڵ زمانی فارسی دەبێت، بەڵام مافی نەتەوەکانی دیکەشە کە لە فێرگەکاندا ئێمکانی فێربوونی زمانی دایکیان بە بودجەی حکومەتی ناوەندیەوە بۆ دابین بکرێت.

مافی سوودوەرگرتن لە زمانی دایک لە پەروەردەدا، دەکرێت فۆرِمی جۆراوجۆری هەبێت. یەکێک لەو فۆرِمانە ئەوەیە منداڵانی کەمینەیەکی زمانی لە شار و ناوچەیەک کە زۆرینەی

دانیشتووان سەر بە زمانێکی دیکەن، خوێندنگەی تایبەت بە خۆیان هەبێت و بە زمانی خۆیان لەو خوێندنگەیە بخوێنن. فۆرمێکی دیکە بۆ دابینکردنی مافی بەکارهێنانی زمانی دایک لە پەروەردەدا ئەوەیە کە لە وڵاتانی دیکە بە تایبەتی لە وڵاتە ئوروواپاییەکان هەیە، ئەویش تەرخانکردنی چەند کاتژمێر لە حەوتوودا بۆ فێربوونی زمانی دایک لەپاڵ وانەکانی دیکەدایە. مەرج نییە ئەم چەند کاتژمێرە فێربوونی زمانی دایک لە هەمان خوێندنگە جیبەجێ بێت، گرنگ ئەوەیە ژمارەی فێرخوازان بگەنە ئەو ڕادەیە کە کات و ماموستا و کتێبیان بۆ تەرخان بکرێت.

۵-۱۱-۲-۵-کەمینەی زمانیی کورد و حکومەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

زۆرینەی پرسیارلێکراوان پێیان وایە هیچ کەمایەتییەکی زمانی و نەتەوەیی نابێت بەهۆی دووركەوتنەوە لە زۆرایەتیی نەتەوەکەی خۆیان یان لە نیشتمان و سەرزەویی خۆیان لە مافە زمانییەکانیان بە تایبەتی پەروەردە بە زمانی دایک بێبەش بکرێن. هەر بۆیە بە ئەرکی حکومەتی هەرێم (حکومەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)ی دەزانن مافەکانی کەمایەتیی کورد لە پارێزگاکان و شارەکانی دیکەی ئێران لە دەستووری فیدراڵدا بگونجێت. دەسەڵاتی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چەند کەس لە پرسیارلێکراوان بە "حکومەتی هەرێمی کوردستان" ناویان هێناوە، بەو هۆیەوە کە هەم ئەزموونی پەروەردە بە زمانی کوردیی دەبێت، هەم کتێبەکانی پەروەردە بە زمانی کوردی ئامادە دەکات، هەروەها خولی پێگەیاندنی ماموستا و ماموستای ڕاهێنراوی دەبێت، ئەرکیەتی هاوکار و پشتیوانی کەمینەی کورد لە شار و ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان بێت. چەندین بەشداربوو لەم پێوەندییەدا بۆچوونی هاوشێوە و لێک نزیکیان دەربڕیوە. پرسیارلێکراوێک پێی وابووە:

(٣٦): حکومەتی هەرێم دەبێت لە بواری پەروەردە بە زمانی دایک پشتگیریی ئەو کوردانە بکات کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی هەرێمی کوردستان. دەبێت لە ناو حکومەتی فیدراڵدا هەوڵ بدات زمانی کوردی لەو شوێنانە لەپاڵ زمانی زۆرینە یان زمانی زاڵدا بخوێندرێت و ئاخێوەرانی لە پەروەردە بە زمانی دایک بێبەش نەبن.

پرسیارلێکراوان سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکەیان بۆ ئەو کەمینە زمانییانەی لەنێو کۆمەڵگەیەکی خاوەن زمانی جیاوازدا دەژین بە پێویست زانیوە. پێشنیازی پرسیارلێکراوێک بەم جۆرەیە:

(١٤): وەک وڵاتانی ئەورووپایی لە هەر شارێک کە ژمارێ قوتابییەکانی نێو خوێندنگەیەک بگاتە ئاستێکی دیاریکراو، بۆ پەروەردە بە زمانی خۆیان کاتێکی تایبەت و وانەوتنەوەیەکی تایبەتی حەوتوانەیان، هەبێت.

٥-١١-٢-٦-دەبێت بۆخۆیان خەم لە زمانەکەیان بخوێن

ژمارەیەکی بەرچاو لە پرسیارلێکراوان باسیان لە ئەزموونی فێربوونی زمانی کوردی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا کردووە کە هەزاران کەس بەهۆی پەروەردەی نافەرمی و لە ئاکامی هەوڵی مامۆستایانی خۆبەخش و هاسانکاریی ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا، توانیویانە زمانی کوردی فێر بن، پێی بخوێننەوە، پێی بنووسن و دەقی کوردیی پێ بەرهەم بێنن. ئەوان پێیان وابووە دایک و باوک و بە گشتی بنەماڵە کوردەکان لەو شار و شوێنانەی دوور لە کوردستانن، دەبێت خۆیان خەم لە کوردی فێربوونی منداڵەکانیان بخوێن، ئەگەر حکومەتیش پێویستییەکانی فێربوونی زمانی دایکی بۆ دابین نەکردن، پێویستە بۆخۆیان لەم ئەرکە نەتەوەیی و ئینسانییەی خۆیان غافڵ نەبن. پرسیارلێکراوێک لەم بارەیەوە وتوویەتی:

(٤٨): پێویستە ئەوان خۆیان هەوڵ بدەن و لە زمانی دایک دوور نەکەونەوە و زیاتر ئەو کتێبانە بخوێنن کە بە زمانی دایک نووسراون.

خاڵێکی گرنگ کە لەلایەن پرسیارلێکراوانەوە ئاماژەی پێکراوە، پەرەپێدانی پێوەندیی نەتەوەیی و کولتووریی نێوان هەرێمی کوردستان (پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات) و ئەو کەمینە زمانییە لە ئێستادا، هەروەها گواستنەوەی ئەزموونەکانی فێرگەی زمانی کوردی و خەباتی ناسنامەپاراستن لە کوردستانەوە بۆ نێو ئەو کەمینە زمانییانەیە. پێشنیازێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە لە ئەگەری پێکهاتنی گۆڕانی سیاسی لە ئێران، بۆ وێنە قبووڵکرانی مافی پەروەردە بە زمانی دایک بۆ نەتەوە نافارسەکان، پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات، هەر قەوارە و دەسەڵاتێکی سیاسی و ئیداریان هەبێت، لەسەریانە لە دانانی سیاسەت و پلانی زمانیدا، کەمینەی زمانیی کوردیان لەو شوێنانە لەبەرچاو بێت، هەروەها لەباری دابینکردنی کتێب و ڕاهێنانی مامۆستا و پێویستییەکانی دیکەی پەروەردە پشتیوان و هاوکاریان بن.

٥-١٢- پرسیاری یازدەیەم

٥-١٢-١-ناساندنی پرسیار

یازدەیەمین و دواپرسیار کە لە پرسیارلێکراوان کراوە ئەوەیە: '' ئەگەر زمانی کوردی هەر لەم دۆخەی ئێستادا بمێنێتەوە، واتە بەفەرمی نەناسرێت و وەک زمانی خوێندن و ئیداری لە کوردستان قبووڵ نەکرێت، کوردانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی زمانەوانان، نووسەران و چالاکانی

ئەم بواره، هەروەها ڕێکخراوە سیاسییەکان، ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان، دەبێت چ بکەن بۆ ئەوەی زمانەکەیان ببووژێتەوە و پێش بکەوێت؟" پرسیارلێکراوان لە وەڵامەکانیاندا ئاوڕیان لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوەتەوە و چەندین پێشنیازیان خستووەتە ڕوو. لە دوای کۆدبەندی و هەڵسەنگاندنی وەڵامەکان، بەهۆی بەرینیی بوارەکان و جۆراوجۆریی پرس و بابەتەکان، چەمکە لاوەکییەکان بەسەر هەشت چەمکی سەرەکیدا پۆلێن کران کە بریتین لە: شکۆی زمان، بزاڤی پاراستنی ناسنامە، خەبات بۆ مافە زمانییەکان، ململانیی زارەکان، ڕێگاکانی بەهێزکردنی بزاڤی پاراستنی ناسنامە، بەڕۆژکردنی ئامرازەکانی خزمەتی زمان و پەرەپێدانی فێرکردنی زمانی کوردی (بڕوانە خشتەی ژمارە١٥)

٥-١٢-٢-لێکدانەوەی وەڵامەکان

جیاوازییەکی گەورە کە لەنێوان پرسیاری یازدەیەم و وەڵامەکانی، لەگەڵ زۆربەی پرسیار و وەڵامەکانی پێشتردا هەیە ئەوەیە کە ئەوانی پێشتر باسیان لە دۆخ و هەلومەرجێکی زێهنی (خەیاڵی) و چاوەڕوانکراو کردبوو، بەڵام ئەم پرسیارە و وەڵامەکانی باسیان لە هەلومەرجێک کردووە کە پرسیارلێکراوان و ئاخێوەرانی کورد لە ئێران ئێستا لەنێویدا دەژین. هەر بەم پێیە جیاوازی لە وەڵامەکانیشیاندا هەبووە. ئەو پێشنیاز و بۆچوونانەی پێوەندییان بە داهاتوو و ئەگەری ڕەخسانی هەلومەرجی گونجاو و ئارەزوومەندانەوە هەیە، باسکردنیان وەک شتێکی تیۆری هاسانە، بەڵام لەباری پراکتیکییەوە بەم جۆرە نییە و ناچارین بیانبەستینەوە بە ئەگەرەکان و هەلومەرجی داهاتوو. وەڵامەکانی پرسیاری یازدەیەم وەک دەڵێن زیاتر لەوانی پێشوو لاقیان لەسەر" زەویی ڕاستەقینە " (ارض واقع)یە. باسیان لە چۆنیەتیی پاراستن و خزمەتکردنی زمانی کوردی لە بەردەواميی ئەو دۆخەی ئێستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردووە کە زمانی کوردی هێشتا وەک زمانێکی فەرمی دانی پێدانەنراوە و پەروەردە بەم زمانە ڕێگای پێنادرێت.

٥-١٢-٢-١-شکۆی زمان

چەمکە لاوەکییەکان و ئەو بابەتانەی لەژێر ئەم چەمکەدا ڕێک خراون بریتین لە: وشیاریی زمانی، بە دامەزراوکردنی زمان، پێگەی زمان، شکۆمەندکردنی نووسین و ئاخاوتن بە کوردی (کولتوورسازی) و خۆشەویستکردنی زمانی کوردی لای منداڵان. ناوەرۆک و مەبەستی هەمووی ئەو بابەتانە، شکۆمەندیی زمانی کوردی لای ئاخێوەرانییەتی. نموونەیەک لە وەڵامەکان:

(١): وەک گرنگترین ئەرکی ئینسانی و نەتەوەیی، بنەماڵە، خەڵکی ئاسایی و ناوەندە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان، بیروباوەڕی نەتەوەیی و فێربوونی زمانی نەتەوە وەک فەرزی

ئایینی بخرێتە بەرنامەی فکری و کرداریی هەموو خەڵک.

ژمارە	چەمکی سەرەکی	چەمکی لاوەکی	گۆڕی پێوەندیدار	نموونەی دەقی وەرگیراو
١	شکۆی زمان	چەسپاندنی زمان، نەهادینەکردنی زمان، گۆڕینی ستراتیژی زمانی	کولتوورسازی (شکۆمەندکردنی نووسین و ئاخاوتن بە زمانی کوردی)	"ئەم باوەڕە بچەسپێنین کە بە کوردی بیرکردنەوە و بە کوردی نووسین و قسە کردن، باشترین پێوەرە نەک فارسیی تۆخ ..." (١).
٢	خەبات بۆ مافە زمانییەکان	مافی خوێندن بە زمانی دایک، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک	بە سیاسی نەکردنی فێربوونی زمانی کوردی	"دەبێت هەموان پێداگر بن لە بەدەستهێنانی مافی زمانی و هەوڵ بدەن بۆ پەرەپێدانی ئەو زمانە"(٧).
٣	ململانێی زارەکان	زارچییەتی، زاری جیاییخواز	لێک نزیک کردنەوەی زارەکان	"ئەو دەنگە زۆرانەی کە بەردەوام خەریکن تەبلیغ بۆ لێکترازاندنی زارەکانی زمانی کوردی دەکەن لێیان بێدەنگ نەبین"(٣).
٤	ڕێگاکانی بەهێزکردنی بزاڤی پاراستنی ناسنامە	کۆنگرە و پێشبڕکێی ئەدەبی و زمانی، پێکهێنانی بنکە و ناوەندی کولتووری	ئابووری لە خزمەت بزاڤی پاراستنی ناسنامەدا	"کورد دەبێت خەریکی دامەزراندنی دەم و دەزگای ئابووریی بەهێز بێ بۆ یارمەتیدانی کاری کولتووری"(٢٢).
٥	بەڕۆژکردنی ئامرازەکانی خزمەتی زمان	فێرکردنی ئۆنلاینی زمانی کوردی، دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی لە ئەنترنێتدا	خوێندنگە و زانکۆی سەرهێل، سۆشیال میدیا.	"دەبێت ئەم بەرخۆدانە فەرهەنگییە بە کەلکوەرگرتن لە تیکنۆلۆژی و زانستی سەردەم دەرێژەی پێبدرێ"(٣٥).
٦	پەرەپێدانی فێرکردنی زمانی کوردی	ڕێنووس و ڕێزمانی دروست/ نووسین و فێرکردنی سەرهێل	کردنەوەی فێرگەی ناحکوومیی ڕێگاپێدراو	"بە هۆی فێرگەی ناحکوومی و ڕاهێنانی فێرخوازانی زمانی کوردی، هەروەها بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و...هتد بەرگری لە زمانی خۆمان بکەن"(٣٨).

(خشتەی ژمارە ١٥) تایبەت بە پرسیاری یازدەیەم

۵-۱۲-۲-۲-بزاڤی پاراستنی ناسنامە

لە سەرجەم پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها لەنێو کوردانی دوور لەو پارێزگایانەش، چەندین ساڵە بەشێوەی جۆراوجۆر تێکۆشان و هەوڵدان بۆ مافە نەتەوەیی و زمانییەکان و داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد هەیە. پرسیارلێکراوان لە وەڵامەکانیاندا ئەم هەوڵ و تێکۆشانە فرەڕەهەند و بەرینەیان بە بزووتنەوەی مەدەنیی ناسنامەپارێز وەسف کردووە. بۆ نموونە پرسیارلێکراوێک لەم بارەیەوە وتوویەتی:

(۳۵): دەبێت ئەم خەبات و بەرخۆدانە فەرهەنگی و نیشتمانییە پیرۆزە بەشێوەیەکی چڕوپڕتر و بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی و زانستی سەردەم و بەرنامەڕێژیی ورد و زانستی درێژەی پێبدرێ.

دەکرێت لیستێکی ڕێکوپێک و دەوڵەمەند لەو ڕاسپاردە و پێشنیازانە ئامادە بکەین کە پرسیارلێکراوان لە توێی وەڵامەکانیاندا بۆ بەهێزکردنی بزاڤی ناسنامەپارێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژەیان پێکردووە. یەکێک لەو ڕێگایانە لە ڕوانگەی پرسیارلێکراوێک ئەوەیە کە چالاکییەکان ڕەنگ و بۆنی سیاسییان پێنەدرێت بۆ ئەوەی حکومەتی ئێران ئاستەنگیان بۆ دروست نەکات. یەکێک لە پرسیارلێکراوان لەم پێوەندییەدا وتوویەتی:

(٤٩): دانانی فێرگەی تایبەت و بە سیاسی نەکردنی فێربوونی زمان؛ بەداخەوە ئەو کەسانەی کە کار بۆ زمانی کوردی دەکەن لایەنی سیاسی زۆر زەق دەکەنەوە کە ئەوە دەبێتە بیانوو بۆ لێدان لەو بنکانە.

دیارە دەرکەوتن و دەنگدانەوەی داواکردنی مافە زمانییەکان وەک پرسێکی سیاسی، خەتای چالاکانی کورد نییە. پرسی زمانی فەرمی و زمانە نافەرمییەکان بۆخۆی لە بناغەوە، بەرهەمی ئایدۆلۆژیای سیاسیی سیستەمی دەسەڵاتدارەتی لە ئێرانە، هەر بۆیەش ئەگەر چالاکانی کورد وەک داخوازیی کولتووری و ئینسانییش داوای مافە زمانییەکانیان بکەن، دەسەڵاتداران و دەزگا پێوەندیدارەکان، هەر لە ڕوانگەیەکی سیاسی، ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

۵-۱۲-۲-۳-خەبات بۆ مافە زمانییەکان

زۆربەی چالاکی و تێکۆشانی بزاڤی ناسنامەپارێزی ڕۆژهەڵات، ڕووی لە دەسەڵات و داموودەزگا حکومییەکانی ئێرانە و داوای مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی کورد لە ئێرانیان لێدەکەن. پەروەردە بە زمانی دایک لە سەرووی داواکانی ئەو بزاڤەیە. پێناسەکردنی

ئەم دۆخەی ئێستا بە دۆخی داگیرکاری، واتایەکی تایبەت بە خەبات لە پێناوی گەشەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدات. ئەم واتایە لەم بۆچوونەدا بە ڕوونی خۆی دەرخستووە:

(٢١): هەموو تاکەکان و ئەم ناوەندانە دەبێت زۆر چالاکتر و بە بەرنامەتر بۆ گەشەی زمانی کوردی کار بکەن. ئەمە لە دۆخی داگیرکاریی ئێستادا ئەرکێکی نەتەوەیی و ئینسانییە.

پرسیارلێکراوان لەنێو وەڵامەکانیاندا لەسەر خەبات بۆ ئەو مافانە پێیان داگرتووە. پرسیارلێکراوێک پێی وایە:

(ژمارە ٣٣): بەردەوامیی داواکردنی مافە نەتەوەییەکان و خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە، پاراستنی زمان و هەوڵ بۆ دەوڵەمەندکردن و پەرەپێدانی دەتوانێت ڕێگایەک بێت بۆ بووژانەوەی زمان و زیندووڕاگرتنی.

دیارە هەروا کە چەند پرسیارلێکراوێک ئاماژەیان پێکردووە، بەردەوامیی ئەو خەباتە و بەهێزکردنی لە گرەوی وشیاریی نەتەوەیی، لێکنزیکبوونەوە و پەرەپێدانی پێوەندیی نەتەوەیی نێوان تاکەکانی کورد و دوورکەوتنەوەیان لە دەمارگرژیی ناوچەیی و زارچییەتیدایە.

٥-١٢-٢-٤-ململانیی زارەکان

لەژێر چەمکی "ململانێی زارەکان" دا ژمارەیەک چەمکی لاوەکی و کۆد، ڕێک خراون. هەر یەک لەوانە ڕەهەندێک لە دۆخی فرەزاریی زمانی کوردی دەردەبڕن. چەند پرسیارلێکراوێک هێندێک لەو چەمک و کۆدانەیان وەک دیاردەی نەرێنی باس کردوون، بۆ وێنە: زارچییەتی، زاری جیاییخواز، لێکترازاندنی زارەکان. مەبەستیشیان لە نەرێنی بوونەکەی ئەوەیە کە کەلێن دەخەنە نێو بزاڤی کورد بۆ پاراستنی ناسنامە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێز و گوڕ و بەرنامەکانی، لەجیاتی وەستانەوە بەرانبەر دەسەڵاتی زەوتکەری مافەکان و پێشێلکەری ناسنامەکەیان، بە ململانێی نێوخۆییەوە خەریک دەکەن. لە هەمانکاتدا چەند دیاردەیەک بە ئەرێنی و جێگەی هیواداری وەسف کراون وەک سەرهەڵدانی نووسین بە زارەکانی دیکە، لێکنزیککردنەوەی زارەکان و...هتد. یەکێک لە پرسیارلێکراوان پێشنیاری کردووە:

(١٨): مامۆستایان و میدیا کوردییەکان دەبێت دەیان کۆنفرانس و سەمپۆزیۆم پێکبنێن بەو ئامانجە کە چۆن دەتوانن شێوەزارە کوردییەکان لەیەکتر نزیک بکەنەوە.

پێشنیازێکی دیکە بۆ لێکنزیککردنەوەی زارەکان لەلایەن پرسیارلێکراوێک بەم جۆرەیە:

(٣): ناوەندێکی هاوبەشی لێکۆڵینەوە و لێدوان لەسەر پرسی زمان پێک بهێندرێ کە هەموو زار و بن زارەکانی زمانی کوردی تێیدا بەشدار بن. ناوەندێک زیاتر وەک ژووری فکر.

پرسیارلێکراوان ئاماژەیان بە کۆمەڵێک پرس و بابەتی هەستیار و گرنگ کردووە کە لەبەرچاوگرتنیان، پاراستن و پێشڤەچوونی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێدەکەوێتەوە. لە کاتێکدا دیاردەی زارچێتی و جیاییخوازیی زارەکان و ململانیی زارە کورداییەکانیان بە نەرێنی و زیانبار ناو بردووە، داوایان کردووە ئاخێوەرانی زمانی کوردی بە هەر زارێک دەدوێن، گرنگی بە ئاخاوتن بە زمانی کوردی بدەن، بە ئاراستەی لێکنزیککردنەوەی زارە کورداییەکان هەنگاو هەڵبگرن؛ لە ئاکامی گرنگیدان بە نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی لەنێو بنەماڵە و دەرەوەی بنەماڵە، شکۆمەندی بۆ ئەو زمانە دابین بکەن. چەمکێک کە لەم پێوەندییەدا بەکاریان هێناوە "کولتوور سازی" بە ئامانجی بەرزڕاگرتنی شکۆی زمانی کوردی لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی تاکی کورددایە. ئەم پێشنیاز و بۆچوونانە ئەم خاڵانەمان بە بیر دێننەوە کە دانەری "فەرهەنگی وشەنامە" لەبارەی ئەرکی تاکی کورد بەرانبەر زمانی کوردی نووسیوێتی: "گرنگیدان بە زمان، پاراستنی و ئاگاداری کردنی، ئاوەدانکردن و پاراوکردنی، بژارکردن و پەرژین کردنی، لەگەڵدا خەریکبوون و خۆشویستنی.. زیندوو کردنەوە و ڕاگیرکردنی، هێشتنەوە و پارێزگاریکردنی، ئەرکێکی گەورەی زۆر گرنگ و بنەڕەتیی سەرشانی هەموو ڕۆڵەیەکی پاک و ژیر و بەوەفا و بە ئاگای هەر گەل و نەتەوە و میللەتێکە"(فەرەج، ٢٠٠٦). دەتوانین بڵێین زۆر لە تاکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نموونەی ئەم جۆرە گرنگیدانە بە زمانی کوردین.

٥-١٢-٢-٥-نۆژەنکردنەوەی ئامرازەکانی خزمەتی زمان

پێشکەوتنی زانستی، بەردەستبوونی ئەنترنێت و تەکنۆلۆژیای پێوەندی، پەرەگرتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و...هتد دەرەفەتێکی بەنرخیان پێک هێناوە کە دەبێت بۆ خزمەتی زمانی کوردی و بەرەوپێشبردنی بزاڤی ناسنامەپاراستن سوودی لێوەربگیرێت. ئەمە پوختەی پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی چەندین بەشداربووە. یەک لەو پرسیارلێکراوانە وتوویەتی:

(١٢): بە تەکنۆلۆژیکردنی زمانی کوردی لەلایەن پسپۆڕانی کوردەوە و دانانی ئاپ و بەرنامەی کۆمپیۆتەری و مۆبایل بۆ خزمەت بە زمانی کوردی و بەکارهێنانیان لەلایەن خەڵکەوە یارمەتیدەرە. لە وەڵامی پرسیارلێکراوێکی دیکەدا هاتووە:

(٢٣): ئێستا سۆشیال میدیا هەیە، سۆشیال میدیا دەتوانێ زۆر زۆر کاریگەری هەبێت. بەرنامە و کارتۆنی منداڵان زۆر گرینگە. زۆر شت دەتوانێ بکردرێت بەڵام هیمەتێکی گشتی دەوێ.

یەکێک لەو پرسە گرنگانەی کە ژمارەیەک لە پرسیارلێکراوان خستوویانەتە ڕوو، پێویستیی دابینکردنی سەرچاوەی ئابووری بۆ خزمەتی زمانە. ئەمانە نموونەیەک لە پێشنیازەکان لەم پێوەندییەدان:

(٢٢): کورد دەبێت خەریکی دامەزراندنی دەمودەزگای ئابووریی بەهێز بێ بۆ یارمەتیدانی کاری کولتووری.

نموونەیەکی دیکە:

(٥): هاتنی کەرتی تایبەت بۆ نێو ئەم هاوکێشەیە زۆر پێویستە؛ کەرتی تایبەت و کوردانی لەباری ئابووریییەوە چالاک و دەستڕۆیشتوو، دەتوانن بە دامەزراندنی ڕاگەیەنی کاریگەر و بەکەڵک بوار بۆ ناساندن و گەشە و پێشکەوتنی زمانی کوردی پێک بێنن.

-پێداگرتنی پرسیارلێکراوان لەسەر بەڕۆژکردنی ئامرازەکانی خزمەتی زمان، هەرچی باشتر بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و سوودوەرگرتن لەو هەمووە دەرفەتەی تۆڕی جیهانیی ئەنترنێت بۆ پێشڤەبردنی زمانی کوردی پێکی هێناوە، شانبەشانی ئەمانەش شێلگیربوون لە خەبات بۆ مافە زمانییەکان، دەتوانن مەترسی لەسەر زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات بگەیەننە لانی کەمی خۆی. ئەم پێداگرییانەی پرسیارلێکراوان، ڕاستیی ئەم قسەیەی لێکۆڵەری کورد حەسەنیانی دەسەلێنن کە پێی وایە سۆشیال میدیا و ئامرازەکانی دیکەی پێوەندیی ئۆنلاین و دیجیتاڵی، دەرفەتی زۆریان بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ خزمەت بە بزووتنەوەکەیان ڕەخساندووە. بە وتەی ئەم توێژەرە کوردە: ”ئەمانە شێوازگەلێکن کە کورد لە جیهانی شەڕی ناهاوسەنگدا بۆ خزمەت و بەرەوپێشبردنی دۆخی خۆیان بەکاری دەهێنن. لە سایەی دەرکەوتنی زۆرێک لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و ئامرازە دیجیتاڵییەکانی تری پەیوەندیی نێوان لایەنە دژبەرەکانی جوواڵانەوەی کوردستان، تاکەکان و کۆمەڵگا بەرەوپێشچوونیان بەخۆیەوە بینیوە“ (حەسەنیانی،٢٠٢٣:٥٦).

٥-١٢-٢-٦-پەرەپێدانی فێرکردنی زمانی کوردی

لەژێر چەمکی فێرکردنی زمانی کوردیدا، چەندین چەمکی دیکە، هەروەها کۆمەڵێک چالاکیی پێوەندیدار بە فێرکردنی زمانی کوردی جێیان بووەتەوە، وەک: زمانی دایک، پەروەردە بە زمانی دایک، پەروەردەی نافەرمی، فێرگەی کوردیی، مامۆستایانی زمانپارێز، فێرکردنی سەرهێڵ (ئۆنلاین)، زمانی نووسین و قسەکردن، ڕێنووس و ڕێزمانی دروست و... هتد. پرسیارلێکراوان پێیان وایە بەشداری لە پەرەپێدانی فێربوونی زمانی کوردی دەبێت

بیێتە ئەرکێکی نەتەوەیی و بەهایەکی ئاکاری. پرسیارلێکراوێک پێی وایە:

(٥): چالاکانی بواری خزمەتی زمان نابێت لە هەوڵەکانیان سارد ببنەوە، پێویستە لەم پێناوەدا زیاتر لە پێشوو ڕۆشنگەری بکەن، دەبێت بەر لە هەر شتێک هەوڵ بدەین تا تاکی کورد گرنگی و پێویستیی فێربوون و پاراستنی زمانی کوردی وەک بنەمایەکی سەرەکیی ژیانی خۆی چاو لێبکات.

لێکدانەوەی کۆی بۆچوونەکان و پێشنیازەکان دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە بزووتنەوەیەکی کولتووری و ناسنامەپاراستن لە هەموو پارێزگا و شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لەنێو کوردانی شار و پارێزگا دوورەکانی ئێرانیشدا هەیە. پرسی زمانی کوردی لە ڕیزی پێشەوەی ویست و بەرنامەکانی ئەم بزووتنەوەیەدایە. پەرەگرتنی فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی و بەرەوژوورچوونی ئاستی وشیاریی تاکی کورد لەبارەی زمانەکەی، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە گەشەکردنی ئەم بزووتنەوەوە هەیە. ڕاستییەکی دیکە کە لە وەڵامەکان دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە ڕووی ویست و داواکانی ئەم بزووتنەوە بەرین و فرەڕەهەندە، هەم لە دەسەڵات و دامودەزگا حکومەتییەکانی ئێرانە، هەم لە یەک بە یەکی تاکەکانی کوردستان و ئاخێوەرانی زمانی کوردی. لەلایەکەوە داواکاری مافە کولتووری و زمانییەکان، بە تایبەتی بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی و پەروەردە بەو زمانەیە کە ئەم داوایانە ڕوویان لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانداید، لە لایەکی دیکە ئەم بزووتنەوەیە هەوڵی بەرەوژوورببردنی وشیاریی تاکی کورد و هاندانی بۆ پاراستنی ناسنامە و زمانی خۆی و خەبات و تێکۆشان لە پێناویان دەدات.

بەشی شەشەم

دۆزراوەکان، ئەنجامەکان، پێشنیاز و ڕاسپاردە

٦-١-بەبیرهێنانەوە

پاڵنەری لێکۆڵەر بۆ نووسینی ئەم تێزە ئەو خەمە بوو کە زمانی کوردی لە فێرگە حکومییەکانی ئێران نە وەک بابەتێک دەخوێندرێت و نە پێی دەخوێندرێت. زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکان بە گشتی، لە ئێران، نە زمانی کارگێڕین، نە زمانی میدیا بەرچاو و سەرانسەرییەکانن، نە زمانی تەنانەت سەر تابلۆی بینا و دووکانەکانن. بە خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو نیشانمان دا کە چۆن دەسەڵات لە ئێران سیاسەتی یەکزمانی(یەک دەوڵەت-یەک نەتەوە-یەک زمان) لە هەموو بوارەکانی ژیانی نوێدا دەسەپێنێت، زمانی فارسی بااڵدەستتر دەکات و زمانە نافارسییەکان، وەکو کوردی، پەراوێز دەخات. لە ئاکامی ئەم زانیارییەدا، ئەم نامەیە نیگەرانیی زۆر لێکۆڵەری دیکەی زەق کردەوە، ئەوانەی پێیان وایە کە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات لە مەترسیدایە یان بەڕەو ئەوە دەچێت کە بکەوێتە مەترسی (شێخولئیسلامی ٢٠١٨، ٢٠١٩؛ سورخی٢٠٢١، ٢٠١٦، ٢٠١٩؛ ئوسوولیان٢٠١٦؛ ژیوان ڕۆژهەڵاتی ٢٠٢١). زۆربەی ئەم خوێندنەوانە، لەوانەش سکوتناپ-کانگس و فیلیپسن (٢٠٢٣) پێیان وایە کە لە دنیای پڕخوێندەواریی ئەمڕۆ دا (بۆنموونە،٩٠ لە سەدی ئێران لە فارسیدا خوێندەوارە[١])، تەنیا ڕێگای پاراستنی زمانە ژێردەستەکان پەروەردە بە زمانی دایکە. بەم هۆیەوە، داواکاری بۆ خوێندن بە زمانی دایک لەو چەند دەیەی دواییدا هەمیشە لەسەر زاری بژاردەکان و هەروەها ڕێکخراوە سیاسییەکان بووە. بۆیە، ئەم نامەیە دوو پرسیاری سەرەکیی لە پرسیارلێکراوان کرد: ١- لە داهاتووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەبێت چ سیاسەتێکی زمانی پەیڕەو بکرێت کە هەم لەگەڵ واقیعی فرەنەتەوەیی و فرەزمانبوونی دانیشتووانی وڵاتی ئێراندا بگونجێت، هەم لەگەڵ خواست و مافە نەتەوەییەکانی دانیشتووانی ئەو بەشەی کوردستان یەک بگرێتەوە؟ ٢- هەروەها پلانێکی زمانیی گونجاو بۆ هێنانەدی و جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە زمانییە، دەبێت چۆن بێت؟ بۆ گەیشتن بە وەاڵمی جێی متمانە خوێندنەوەیەکی کتێبخانەیی کرا کە لە دوو بەشی ٢ و ٣ دا پێشکەش کرا. دوایە، بۆ ئەوەی بزانین ئایا بە ڕاستی بژاردەکانی ڕۆژهەڵات (بە نموونە: شاعیر، فەرهەنگنووس، مامۆستا، و هتد) ئەو بابەتە چۆن دەبینن. واتە، ڕا و بۆچوونیان لەسەر زمانی کوردی بە تایبەت هەبوونی وانەی کوردی لە فێرگە، یان پەروەردە بە زمانی دایک چییە، وتووێژمان لەگەڵ دەیان کەسیان کرد. بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو بژاردانە پێشەنگانی فەرهەنگی لەنێو نەتەوەکەی

١- بە وتەی شاپور محمدزادە سەرۆکی نهضت سوادآموزی (بزووتنەوەی فێربوونی خوێندەواری) بە گوێرەی بەراوردی ساڵی ١٤٠٠(٢٠٢١)، لە ئێران لە سەتا ٩٠.٥ ی خەڵک خوێندەوارن ، بەاڵم نزیکەی حەوت میلیۆن و نیوی خەڵک هەروا نەخوێندەوارن(هەمشهری، ٥ی بەفرانباری ١٤٠٠)

خۆیانن و لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەڵات لە پێوەندیی ڕاستەوخۆدان. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بژاردەکانی ڕۆژهەڵات، ئەم پرسیارانەمان کرد:

١-ئایا پێتوایە کە زمانی کوردی پێویستە وەکو دەرسێک لە فێرگەکانی ئێران هەبێت؟ بۆچی؟

٢- توانایی زمانی کوردی بۆ ئەوەی ببێت بە زمانی پەروەردە، لە چ ئاستێکدا دەبینی؟

٣- سیاسەتی زمانی لە ئێران بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

٤- ئەگەر ڕۆژێک لە ئێران ڕێگای خۆیندن بە زمانی دایک بدرێت:

لقی أ - پێت باشە کوردزمانان لە سەرانسەری ئێران بە زمانێکی ستانداردی کوردی بخوێنن؟ یا لە هەر ناوچەیەک بەو زارە کوردییە بخوێنن کە لەوێ قسەی پێدەکرێت؟ بۆچی؟

لقی ب: پێت باشە هەتا کام قۆناغ، خوێندن بە زمانی دایک بێت (هەتا کۆتاییی قۆناغی سەرەتایی، هەتا کۆتاییی قۆناغی ناوەندی؟ هەتا کۆتاییی قۆناغی ئامادەیی)؟ بۆچی؟

٥- ئەگەر ڕۆژێک لە ئێران ڕێگا بدرێت نەتەوەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن، پێت باشە لە کوردستان سیاسەتی زمانی لە کوێ دیاری بکرێت؟

٦- کرانەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی کوردستان و ڕێگەدران بە دەرسێک لە بارەی زمان و ئەدەبیاتی کورد لە خوێندنگەکان، دەرفەتێکن کە حکومەت داویە بە زمانی کوردی. ئەم دەرفەتە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بۆچی ئەم دەرفەتانە تەنیا بە زانکۆی کوردستان و پارێزگای کوردستان دراون؟ چۆن سوود لەم دەرفەتانە وەرگیراون؟

٧- پێت وایە پاراستنی زمانی کوردی (و بە گشتی زمانە نافارسییەکانی دیکەی ئێران) ئەرکی حکومەتە؟ بە بێ بوونی پەروەردە بەو زمان یا زمانانە، پاراستنی زمانێک چەندە سەرکەوتوو دەبێت؟

٨- لەو شارو ناوچانەی کورد و تورک پێکەوە دەژین، زمانی زاڵ کامەیە؟ هۆی زاڵبوونی یەکێکیان بە سەر ئەویدیکەدا چییە؟ هەر دوولا هەوڵ دەدەن زمانی یەکتر فێربن، یا فێربوونی زمانی لایەنی بەرانبەر یەک لایەنەیە؟

٩- سیاسەتی زمانی بۆ داهاتووی شارە تێکەڵاوەکان دەبێت چۆن بێت؟ هەر نەتەوەیەک بە زمانی خۆی بخوێنێت؟ یان هاوکات پێویست دەکات زمانی نەتەوەی دراوسێش فێر بن؟ بۆچی؟

١٠- کەمینەی کورد لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چۆن دەتوانن لە مافی پەروەردە بە زمانی خۆیان سوود وەربگرن؟

١١- ئەگەر زمانی کوردی هەر لەم دۆخەی ئێستادا بمێنێتەوە، واتە بەفەرمی نەناسرێت و وەک زمانی خوێندن و ئیداری لە کوردستان قبووڵ نەکرێت، کوردانی ڕۆژهەڵات دەبێت چ بکەن بۆ ئەوەی زمانەکەیان ببووژێتەوە و پێش بکەوێت؟

بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە لەگەڵ ٥١ کەسی بژاردە وتووێژ کرا (بۆ وردەکاریی زۆرتر بڕوانە بەشی ٤). کەسەکان بە زۆری لەوانە بوون کە شارەزایی یان ئەزموون یان پاشخانێکی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیریان لە بوارەکانی پەروەردە و زماندا هەبوو. دیارە هەم ئاستی خوێندەواریان، هەم کار و پیشەیان جیاواز بوو؛ لە پڕۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆوە بگرە تا دەگاتە پزیشک و دەروونناس و مەلای ئایینی، لەنێویاندا هەبوو. ئەمەش بەو مەبەستە بوو کە ڕاوبۆچوونی چین و توێژی جۆراوجۆر وەربگرین. داتای کۆکراوە واتە وەڵامەکان کە کۆ کرانەوە سەریەک، بوون بە ٢٦٨ لاپەڕەی A4 . بە سوودوەرگرتن لە شیکردنەوەی وەسفی و بەکارهێنانی ڕێبازی شیکردنەوەی چەمک و لە چوارچێوەی خوێندنەوەکانی سیاسەت و پلانی زمانی، مافی زمانی و فرەچەشنیی زمانی و خوێندنی چەند زمانیدا ئەم داتایانە لێک درانەوە.

ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوەیە هەروەها ئەنجامی بەشەکانی یەکەم، دووهەم و سێهەم لێرە لە سێ دەستەی جیاوازدا (١-دۆزراوەکان، ٢- ئەنجامەکان، ٣-پێشنیازەکان و ڕاسپاردەکان) دا دەخرێنە ڕوو:

٦-٢-دۆزراوەکان

زمانی کوردی و بە تایبەتی پەروەردە بە زمانی دایک لە دید و بۆچوونی بژاردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەم چەمکە سەرەکییانەوە لکێنراوە:

٦-٢-١- ناسنامە

لە ڕوانگەی زۆربەی پرسیارلێکراوان زمانی کوردی هێمایەکی سەرەکییە کە کورد لە نەتەوەکانی دراوسێی جیا دەکاتەوە؛ واتە، زمان هێمای سەرەکیی ناسنامەی نەتەوەیی کوردە. زۆربەی پرسیارلێکراوان لەسەر ئەم ڕایە بوون کە دەستڕاگەیشتن بە زمانی کوردی بە تایبەتی لە فێرگەدا نە تەنیا بۆ مافی تاکەکەسی و بۆ پەروەردەی تاکەکەسی گرنگە بەڵکو بۆ مافی نەتەوەیی و گشتی، هەروەها پڕۆسەی نەتەوەسازی و پاراستنی کولتووری نەتەوەیی و خۆڕاگری و مانەوە وەک نەتەوە گرنگە. خاڵێکی گرنگی دیکە کە بەشداربووان لە سەری هاودەنگ بوون پێویستیی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ئێران لە ڕووی ناسنامەی

دانیشتووانەوەیە؛ بەم واتایە کە ئێران نەک وڵاتی یەک نەتەوە (واتە فارس) بەڵکو وڵاتی کۆمەڵێک نەتەوەی خاوەنی زمان و ناسنامەی جیاوازە، بۆیە پێویستە لەژێر ڕۆشناییی ئەو پێناسەیەدا قەوارەی سیاسی و دەستوورییِ وڵات بنیات بنرێتەوە.

٦-٢-٢- مافی زمانی

نەک لە وەڵامدانەوە بە پرسیارێکی تایبەت، بەڵکو لە وەڵامدانەوە بە زۆربەی پرسیارەکاندا، پرسیارلێکراوان بە سوودوەرگرتن لە چەمکی ماف و جۆرەکانی ماف، داکۆکییان لە بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی و پەروەردە بە زمانی دایک کردووە و ڕەخنەیان لە تاکزمانی لە پەروەردە و پاوانکردنی بواڕە فەرمییەکان لەسەر زمانی فارسی گرتووە. زۆربەیان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەستراگەیشتن بە زمانی کوردی لە فێرگە وەکو ئامرازی پێخوێندن مافێکی ئینسانییە، بەشێکە لە مافی مرۆڤ. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، کوردێک وەک تاکێک- جیاواز لەوەی هەڵگری چ ناسنامە و زمان و ئایین و ڕەگەزێکە- مافی پەروەردە بە زمانی دایکی هەیە، وەکو کۆمەڵە خەڵکێکی چەند میلیۆنییش کە ناسنامە و زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەپێی پەسەندکراوە جیهانییەکان ئەو مافەیان هەیە دەستیان بە پەروەردە بە زمانی خۆیان ڕابگات. ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی شارەزایانی ڕۆژاواییش (بۆ نموونە سکۆتناب و دونبار) دێتەوە کە لە مافی زمانیان کۆلیوەتەوە و دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ لە بواری پەروەردەدا بە تایبەتی ڕێگریکردن لە پەروەردە بە زمانی دایکیان بە زمانکوژی داناوە (کلان،٢٠١٨:٤٢).

٦-٢-٣- نەتەوەسازی

ڕۆڵێک کە زمان و پەروەردە بە یەکەوە لە مێژووی دەوڵەت- نەتەوەکاندا لە دروستکردنی نەتەوەدا هەیانبووە، بە تایبەتی ئەو دەوڵەت- نەتەوانەی کە وڵاتەکەیان لە نەتەوەی جیاواز پێک هاتووە، بەڵام ئەوان هەوڵیان داوە لەو چەند نەتەوەیە یەک نەتەوە دروست بکەن، بووە بە هۆی ئەوە پرسیارلێکراوان بایەخ بەو ڕۆڵ و کاریگەرییە بدەن. باسکردنی چەمکی نەتەوەسازی لە پێوەندی لەگەڵ زمان و پەروەردە لە لایەن پرسیارلێکراوان بە دوو ئامانج بووە: ئامانجی یەکەم، ناساندن و شیکردنەوەی سیاسەتی زمانیی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران کە لە سەرەتای دروستبوونیەوە سیستەمی پەروەردە و تاکزمانی لە پەروەردەیدا بۆ دروستکردنی نەتەوەیەک بە ناوی نەتەوەی ئێران بەکار هێناوە، ئەویش لە ڕێگەی سەرکوت و سڕینەوەی زمان و ناسنامەی نەتەوە ژێردەستەکانی وڵاتی ئێران و زاڵکردن و گشتگیر کردنی زمانی فارسی لە نێو هەموو دانیشتووانی ئێراندا. ئامانجی دووهەمی پرسیارلێکراوان لە بەکارهێنانی چەمکی نەتەوەسازی، پێویستیی بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی زمانیی ئێران بە سوود وەرگرتن لە زمان و پەروەردەیە؛ بەو واتایە کە ئەگەر بۆ وێنە زمانی کوردی بە فەرمی بناسرێت و ببێت بە زمانی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کورد لەم بەشەی

نیشتمانەکەی باشتر دەتوانێت زمان و ناسنامەکەی خۆی بپارێزێت و پڕۆسەی نەتەوەسازیی خۆی بەرەو پێش ببات.

٦-٢-٤- پاراستنی زمان

زۆربەی پرسیارلێکراوان لەسەر ئەم ڕایە بوون کە ئەگەر ئەم دۆخەی ئیستا لە ئێران زمانی کوردیی تێدایە، درێژەی هەبێت و خەڵکەکە لە فێرگەوە ئەو زمانە فێر نەبن، بە فارسی خوێندەوار دەبن؛ کە بە فارسییش خوێندەوار بن، شێوەی بیرکردنەوە و تەنانەت قسەکردنیشیان وەکو فارسیی لێدێت. بۆیە پەروەردە ئەوەندە گرنگە، واتە پەروەردە بێجگە لەوەی بۆ مێشکی منداڵ گرنگە، بۆ مانەوەی زمانەکەش گرنگە. لەڕاستیدا کورد چی دیکە لە نێو شاخەکاندا ناژی کە بە هۆی شاخەکانەوە زمانەکەی بپارێزێت، کورد ئیستا لە شار دەژیت و دێیەکەش بە هۆی سۆشیال میدیا و لەبەر فێرگە و خوێندەواریی گشتی بووە بە شار. کەوابوو هەر زمانێک لە پەروەردەدا نەبێت، وردە وردە بەرەو فەوتان دەچێت (فیلیپسن و سکوتناپ-کانگس ٢٠٢٣).

سەبارەت بە ئەرکی حکومەت لە پاراستنی زمانەکاندا، زۆربەی پرسیارلێکراوان پێیان وایە بەو هۆیەوە کە زمانەکان بەشێکن لە سامانی بەنرخی هەر وڵاتێک، ئەرکی حکومەتێکی هەڵقوڵاو لە ویستی خەڵک و دەنگی خەڵکە کە لە ئاست ناسنامەی دانیشتووانی وڵات خەمخۆر و بەرپرس بێت. سەرەڕای ئەم ئەرکداربوونەی حکومەتەکان بەپێی پەنسیپەکانی دەسەڵاتداریێتی و بەڕێوەبردنی وڵات، چاوەڕوانیی پاراستنی زمانەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران چاوەڕوانییەکی بێجێ و نەگونجاوە؛ چونکە هەر لەجێدا ئەم حکومەتە دەسەڵاتێکی دیموکراتیک نییە، بەرهەمی هەڵبژاردنی ئازاد نییە و ئایدۆلۆژیای سیاسی و دەستوور و ڕێوشوێنەکانیشی ڕێگای پێنادەن پاراستن و خزمەتکردنی زمانە نافارسییەکان بخاتە ڕیزی دەستووری کاری خۆیەوە.

٦-٢-٥- پێکەوەژیانی بە ئاشتی

بە بۆچوونی زۆرێک لە پرسیارلێکراوان ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی و زمانی و مەزهەبی و...هتد لە ئێران، بەردەوام سەرچاوەی بێ متمانەیی لەنێوان خەڵک و دەسەڵات و هۆکاری پێکهاتنی کێشە و ئاڵۆزی لەو وڵاتە بووە. هاونیشتمانە نافارسەکان، فارسەکانیان وەک هاونیشتمانی پلە یەک و خۆیان وەک هاونیشتمانیی پلە دووی ئەو وڵاتە هاتووەتە بەرچاو. ئەگەر لە ئێران کۆتایی بە یەک زمانی فەرمی یان یەک مەزهەبی فەرمی بهێنرێت، ئەوکات هەموو زمانەکان و مەزهەبەکان بە یەک چاو سەیریان دەکرێت، لە پێگەی سەردەست و بندەست ناڕوانن یەکتر، ئەمە دەبێتە هۆی یەکسانی و دادپەروەریی نەتەوەیی، مەزهەبی و زمانی. لانیکەم وا دەکات ئاخێوەرانی زمانێک یان ڕێڕەوانی مەزهەبێک خۆیان لەوانی

دیکە بە زیاتر نەزانن. نەمانی هەستە نەرێنییەکانی وەک خۆبەنامۆزانین لە وڵاتی خۆت و سەیرکران بە چاوی هاونیشتمانی پلە یەک و پلە دوو، هەروەها کۆتاییهاتن بە هەڵاواردن لەسەر بناغەی نەتەوایەتی و زمان و ئایین، پێوەندییەکی نوێ لەسەر بناغەی یەکسانی دێنێتە کایە. ئەمانەش یارمەتیدەر و ڕێخۆشکەر دەبن بۆ پێکەوەژیانی بە ئاشتیی پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی ئێران. بژاردەکانی بەردەنگی پرسیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەپێوەندی لەگەڵ زمانی پەروەردە بۆ داهاتووی شار و ناوچە تێکەڵاوەکان (چەند نەتەوەیی)یش، بەفەرمی ناسینی زمانی یەکتر و دابینکردنی مافی پەروەردە بە زمانی دایک بۆ سەرجەم پێکهاتەکان بە هۆکارێکی ئەرێنی و هاندەری پێکەوەژیانی بە ئاشتیی ئەوان زانیوە. ئەنجامی ژمارەیەک لە لێکۆڵینەوەکانی پێشووش وەک نموونە لێکۆڵینەوەی هاوبەشی(رهایی و رزاق مرندی،١٣٩٦:١٠٨) ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە: زمان دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگی لە پەرەپێدانی تەبایی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵ، ڕێزلێکگرتنی گرووپە جۆراوجۆرەکان و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیدا هەبێت.

٦-٢-٦- پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی

نەهێشتنی نادادپەروەریی زمانی و بەڕێخستنی پەروەردە بە زمانی دایک لە نێو نەتەوە نافارسەکانی ئێراندا، دەتوانێت پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەوانی لێبکەوێتەوە. پرسیارلێکراوان ڕاستەوخۆ باسیان لە پێشکەوتنی ئابووری وەک لێکەوتە و ئەنجامی پەروەردە بە زمانی دایک نەکردووە، بەڵام چەندین جار لە وەڵامەکاندا باسی هەڵاواردن و ستەمی نەتەوەیی و ڕوانین لە نەتەوەی کورد لە ئێران بە چاوی ئەمنییەتی و میلیتاریزە کردنی کوردستانیان کردووە. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی دەسەڵاتدارانی ئێران لەگەڵ خەڵکی کوردستان، بووە بە هۆی ڕاگرتنی ئەو ناوچەیە لە دواکەوتوویدا و خۆبواردنی حکومەت لە پێڕاگەیشتنی ئابووری و پێکهێنانی دەرفەت بۆ باشتربوونی ژیانی دانیشتووانی. بیانووی دەسەڵاتداران، بوونی بەرەنگاریی ڕێکخراوە سیاسییەکان لەگەڵ حکومەت و، نائەمنی لە کوردستان بووە.

لەلایەکی دیکە بێبەشی لە پەروەردە بە زمانی دایک دەبێتە هۆی «خۆبەکەمزانین»، «پێکهاتنی قەیرانی شوناس»، «دواکەوتن لە زۆربەی بوارەکانی زانست»، «گەشە نەکردن لەباری کەسایەتیی کۆمەڵایەتی»، زیادبوونی ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن لە نێو فێرخوازانی ئەو پێکهاتە نافارسانەدا. ئەنجامەکانی دەیان لێکۆڵینەوەش[1] کە هەر لە ئێران لەپێوەندی لەگەڵ لێکەوتەکانی پەروەردەی تاکزمانیدا کراون، ئەم قسانە پشتڕاست دەکەنەوە. ئەگەر ئەمانەمان لەبەرچاو بێت کە: ١-بەفەرمی ناسینی ناسنامەی ئەو پێکهاتانە و دابینکردنی مافی

١- بڕوانە بەشی سێهەم، « ٣-٦-زمانی دایک، تاکزمانی و چەندزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا،» ئاماژە بە ژمارەیەک لەو جۆرە لێکۆڵینەوانە کراوە.

پەروەردە بە زمانی دایک بۆ ئەوان کێشە و ئاڵۆزییە سیاسی و ئەمنییەکان کەم دەکاتەوە؛ ٢ -خوێندن بە زمانی دایک لە ڕووی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی پەروەردەبوونی تاکی بڕوابەخۆ و کەسایەتیی بەهێز؛ لەباری فێرکارییشەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕادە و ڕێژەی دەستهەڵگرتن و وازهێنانی فێرخوازان لە خوێندن؛ ٤- فێرخواز باشتر و خێراتر زمانەکانی دووهەم و سێهەم فێر دەبێت؛ و بە گشتی پڕۆسەی فێربوون و وەرگرتنی زانست لەسەر تاکەکان خێراتر و بەبەرهەمتر دەچێتە پێش؛ بەم ئاکامە دەگەین کە لە هەلومەرجێکی ئاوادا نەوەیەکی توانا و لێهاتوو و هیوادار بەژیان پەروەردە دەبن کە دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەرتریان لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکەیان و بەشداری لە ژیانی ئابووریی کۆمەڵ و وڵاتی خۆیاندا هەبێت.

٦-٢-٧- داهێنان بە زمانی کوردی

بژاردە پرسیارلێکراوەکان پێیان وایە پەروەردە بە زمانی دایک و بە فەرمیناسینی زمانی کوردی لە خزمەت بەخاوەنکردنی ئەو زمانە، هەروەها بە خاوەنکردنی لەمەودوای داهێنانی هزری و ئەدەبی و هونەریی تاکی کورددا دەبێت. ژمارەیەک لەوان باسیان لەوە کردووە کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا هەر بەرهەمێکی هزری، ئەدەبی، هونەری و ڕۆشنبیریی بەهرەداران و داهێنەرانی کورد بە زمانی نەتەوە سەردەستەکان خوڵقاندوویانە، نەچووەتە سەر سامانی ڕۆشنبیری، ئەدەبی و هونەریی کورد، بەڵکو نەتەوە سەردەستەکانی فارس، تورک و عەرەب خۆیان کردووە بە خاوەنی. لەنێو ئەو ڕۆشنبیر و هزرڤان و هونەرمەندانەدا کەسانی وا هەبوون کە لەئاستی جیهانیدا ناسراو بوون، گرنگترین خەڵاتە جیهانییەکانیان وەرگرتووە، بەڵام سەرپۆش لەسەر کوردبوونی ئەوان دانراوە و بەرهەمەکانیان چونکە بە زمانی نەتەوەی سەردەست بوون هەر بە ناوی ئەو نەتەوانە ناویان دەرکردووە. ئەگەر زمانی کوردی لەلایەن ئەو دەوڵەتانە لە قوژبنی «زمانە ناوچەیی و قەومییەکان» نەپەستێوترابا، ڕێگری لە بەفەرمی ناسران و پەروەردە بەو زمانە و گەشەکردنی نەکرابا، ڕۆشنبیران، نووسەران، داهێنەرانی بەرهەمی هزری و هونەرمەندانی کورد، بە زمانی خۆیان بەرهەمیان دەنووسی و داهێنانیان دەکرد، بەرهەمەکانیشیان لە پانتاییی جیهاندا وەک بەرهەمی زمانی کوردی دەناسران.

٦-٢-٨- نادادپەروەریی زمانی

تێکڕای ئەو بژاردانەی پرسیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیان وەڵام داوەتەوە، بە شێوەی نەرێنی لە سیاسەتی زمانیی ئێرانییان ڕوانیوە و بە دەستەواژەی وەک نادادپەروەرانە، سەرکوتکەرانە و پەراوێزخەرانە، بیروڕای خۆیان لە بارەی دەربڕیوە. ئەوان گرتنەبەری سیاسەتی یەکسانیی نێوان زمانەکانیان وەک چارەسەری نادادپەروەریی زمانی لە ئێراندا باس کردووە. بەگوێرەی ڕوانینی ئەو کۆمەڵە بژاردەیەی ڕۆژهەڵات، درانی پێگەی فەرمی بە زمانی فارسی و بەربەست دروستکردن بۆ گەشە و پێشکەوتنی زمانەکانی دیکە، سەرچاوەی نادادپەروەریی زمانی لە

ئێرانە. تەنیا زمانێک لە ئێران کە فەرهەنگستانی بۆ پێک هاتووە، یان بەشێک لە بودجەی گشتیی وڵات بۆ پاراستن و پەرەپێدانی تەرخان کراوە، زمانی فارسییە. زمانی فەرمی لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ پەراوێزخستن و دابەزاندنی پێگەی زمانەکانی دیکە و سەپاندن و جێگیرکردنی ناسنامەی ئێرانییووں بەکار دەهێنرێت. زمانی فارسی میکانیزمی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست بۆ سڕینەوەی زمانە نافارسییەکانە. ئەم هەڵاوردنە هەر تەنیا بۆ پێشکەوتنی زمانە فەرمییەکە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە توانایی ڕێگری لە گەشەکردنی زمانە نافەرمییەکانی تێدا زیاتر بێت. ئەم نادادپەروەرییە زمانییە، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتییشی لەگەڵ خۆی هێناوە. زاڵبوون بە سەر زمانی فارسیدا، بە شانس و ئیمتیاز دەژمێردرێت. ئەگەر بە شێوەی فەرمییش نەبێت، بەڵام بە کردەوە، هەڵاوردن و جیاوازیدانانێکی هەستپێکراو بە زیانی نافارسەکان لە دامەزراندن و سپاردنی ئەرک و بەرپرسایەتی لە دەزگا و دامەزراوە حکومەتییەکاندا هەیە. هەر ئەوە کە چەندین جار لە تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی و ڕاگەیەنە گشتییەکانی دیکە (وەک سینەما، ڕۆژنامە و...هتد)، یان لە بەرنامە و ڕێوڕەسمە حکومەتییەکاندا بێ ڕێزی بە زمان و کولتووری پێکهاتە نافارسەکان کراوە، بوونی نادادپەروەریی زمانی لە ئێران پێشان دەدات. ئەم هەڵاوردن و نادادپەروەرییە زمانییە لە ئێران، ڕاستیی ئەو بۆچوونەی ئینگرید پیلیر Ingrid Piller دەسەلمێنێت کە: «هەر کات زمان بێت بە لەمپەرێک بۆ گەیشتن بە ئامانج، نادادپەروەری سەرهەلدەدات». پیلێر خۆیندن لەو قوتابخانانەی پەروەردەی یەکزمانی بەسەریاندا زاڵە و فێرخوازانیان لەباری زمانەوە جۆراوجۆرن، وەک نموونەی نادادپەروەریی ناو بردووە: «فێرخوازان کاتێک لە خۆیندنگەیەک دەخۆیننن کە بەسەر زمانی سەردەستدا زاڵ نین دووقات ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە. ئەوان نەک هەر دەبێت زمانی خۆیندنگە فێر بین بەڵکو دەبێت وانەکانیش هەر بەو زمانەی کە تازە خەریکن فێری بن، بخۆیننن. لەڕاستیدا ئەم پێکەوە نەگونجانەی زمانی ماڵەوە و زمانی خۆیندنگە زۆرترین زیان بە منداڵانی کەمینەکان دەگەیەنێت»(پیلێر، ١٤:٢٠١٨). داننان بە فرەچەشنیی زمانی و کولتووری و دابین و دەستەبەرکردنی مافە زمانییەکان، هەر لەوکاتەدا کە بوار بۆ دادپەروەریی زمانی دەڕەخسێنێت، یارمەتی بە پێکهاتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئاخێوەرانی زمانە نافارسییەکاندا دەکات.

٦-٢-٩-وشیاریی زمانی

یەکێک لەو چەمکانەی پرسیارلێکراوان بەهەر دوو شێوەی ئاشکرا و ناڕاستەوخۆ چەندین جار ئاماژەیان پێکردووە، وشیاریی زمانییە. ئەو بژاردانە بە زۆری بە دوو مەبەست ئەم چەمکەیان بەکار هێناوە: یەکەم، بە مەبەستی باسکردن لەو هەوڵ و تێکۆشانە بەرینەی لەنێو کوردانی ڕۆژهەڵات (پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام) و هەروەها کەمینەی کوردزمان لە پارێزگاکانی خۆراسانی ڕەزەوی، خۆراسانی باکووری، مازەندەران، قەزوین و ... هتددا هەیە. پێیان وایە ئەو بزاڤە کولتووری و ناسنامەپارێزەی هەیە، بەرهەمی وشیاریی

زمانیی تاکەکانی نەتەوەی کورد لە ئێرانە. پێشەنگان و چالاکانی وەڕێخەر و بەشداری ئەم بزاڤە بە تایبەتی لە بواری زماندا، ڕۆڵی بەرچاویان لە وشیارکردنەوەی تاکەکان و ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ لای زمانەکەیان هەیە. ئەو بزووتنەوەیە ئەگەرچی ڕەهەند و بواری جۆراوجۆری هەیە، بەڵام پشکی شێر بەر ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە کەوتووە کە پێوەندییان بە زمانی کوردییەوە هەیە، بۆ وێنە پێگەیاندنی مامۆستایانی خۆبەخشی زمانی کوردی، کردنەوەی فێرگەی زمانی کوردی، ئامادەکردن و چاپی کتێبی فێربوون و فێرکردنی کوردی، هاندانی نووسەران، زمانەوانان و لێکۆڵەران بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە لەبارەی زمانی کوردی و نووسین بە کوردی و...هتد. دیارە ئەم وشیارییە زمانییە ئەگەر هەر لەم ئاستەدا بمێنێتەوە و نەتوانێت حکومەتی ئێران ناچار بە بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی و پەروەردە بەو زمانە بکات، کارساز نابێت، چونکە مەترسیی گەورە لەبەردەم زمانی کوردیدا هەر دەمێنێتەوە. هەر بۆیە بەڕەوژوور بردن و گشتگیرکردنی ئەم وشیارییە زمانییە و ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ ناچارکردنی حکومەتی ئێران بە قبوڵکردنی مافە زمانییەکان، پێویستە.

مەبەستی دووەمی پرسیارلێکراوان لەبەکارهێنانی چەمکی وشیاریی زمانی، پێداگرتنەوەیە لەسەر پێویستیی بوونی ئەو وشیارییە و بەرەوژووربردنی بۆ لەمەودوا. ئەوان ڕووی ڕەخنەیان کردووەتە چەند تۆژ و بەشێکی کۆمەڵ کە یان گرنگی بە ئاخاوتن بە زمانی کوردی نادەن یان ئاخاوتنەکەیان ئەگەرچی بە زمانی کوردییە، بەڵام کاریگەرییەکی زۆری زمانی فارسیی بەسەرەوەیە، وشە و دەستەواژەی زمانی فارسی زۆر بەکار دێنن، هەروەها منداڵانیان لە بنەماڵەدا بۆ فێربوونی زمانی کوردی و قسەکردن بەو زمانە هان نادەن. پێویستە ئەم تۆژ و بەشانە لە ئەرکە زمانی و نەتەوەییەکانیان ئاگادار و وشیار بکرێنەوە.

٦-٢-١٠- دەرفەتی زمانی

سەرەڕای زاڵبوونی سیاسەتی تاکزمانی لە ئێران و بە فەرمی نەناسین و ڕێگریکردن لە زمانە نافارسییەکان لە پەروەردەدا، ئەو زمانانە لە ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن و چاپەمەنیی دەوڵەتیدا دەرەتانێکی چاوەدێریکراو و بەرتەسکیان پێدراوە. حکومەتی ئێران دوو دەرفەتی دیکەشی بۆ ئەو زمانانە پێک هێناوە کە بریتین لە ١-کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئەو زمانانە لە یەکێک لە زانکۆکانی پارێزگای پێوەندیدار بەوان، ٢-ڕێگەپێدانی خوێندنی وانەیەک بە زمانی دایک لە خوێندنگەی پارێزگا ئێتنیکییەکان.

پرسیارلێکراوانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێوەندی لەگەڵ کرانەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی کوردستان(پارێزگای سنە) و وانەیەک بە کوردی لە خوێندنگەکان: یەکەم- ئەم دەرفەتانەیان زۆر بە بچووک و کەم هەڵسەنگاندووە و پێیان وابووە «لە هیچ باشترە»؛ دووهەم- ڕەزامەندیی حکومەت بۆ دانی ئەم دەرفەتانەیان بە بەرهەمی بوونی وشیاری و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان و پێداگریی خەڵکی ڕۆژهەڵات لەسەر مافە زمانییەکانیان

زانیوە؛ سێهەم-ئەوە کە کاربەدەستان دەرفەتەکانیان لە سنووری زانکۆی کوردستان و پارێزگای کوردستاندا قەتیس کردووە و نەیانهێشتووە سەرجەم پارێزگاکان و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە، بە ئەنقەست بووە. ویستوویانە بەم جۆرە هەم جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێژەی دانیشتووانەکەی بچووکتر و کەمتر پێشان بدەن، هەم کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە دەرفەتانە لەم جوگرافیایەدا بەربەست بکەن. سەرەڕای هەمووی ئەمانەش و لەگەڵ ئەوەی بەربەست و گوشار و بێ ئیمکانییەکی زۆر هەیە، بە باوەڕی زۆربەی پرسیارلێکراوان ئەم دەرفەتانە بە تایبەتی کرانەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی کوردستان، سوودی باشیان لێوەرگیراوە. بەشێک لەو بژاردانە پێیان وایە ئەگەر کاربەدەستانی زانکۆکانی کرماشان و ئیلام و ورمێ و خەڵکی کوردزمانی ئەو پارێزگایانە پێداگری و بەدواداچوونی پێویست بکەن، ئەگەری ئەوە هەیە زانکۆکانی ئەو پارێزگایانەش بتوانن بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بکەنەوە. ئەوان وتوویانە لە داهاتووشدا، هەر دەرفەت و کرانەوەیەکی حکومەتی لە پێوەندی لە گەڵ زمانی کوردیدا دەبێت بقۆزرێتەوە و باشتر وایە لەپێناوی خزمەتکردنی ئەو زمانەدا سوودی لێوەربگیرێت.

٦-٢-١١- فرەزاری لە پەروەردەدا

پرسیارلێکراوان لەم بارەیەوە کە ئەگەر کورد لە ڕۆژهەڵات مافی پەروەردە بە زمانی خۆی هەبێت، پەروەردە بە زمانێکی ستاندارد بێت یان بە چەند زاری جیاواز؟ جیاوازیی بۆچوونیان هەبوو. دوو بۆچوونی سەرەکی لە باسکردنی ئەم پرسەدا ڕووبەڕووی یەک بوونەوە. دیارە هەڵگرانی هەر دوو بۆچوون لە ڕوانگەی دلسۆزی بۆ زمانی کوردی و یەکگرتوویی نەتەوەیی پێشنیازی خۆیان خستووەتە ڕوو. بۆچوونێک پێی وایە پەروەردە دەبێت بە زمانی ستاندارد بێت، چونکە پەروەردە بە زمانی ستاندارد وا دەکات پرسی سەرەکیی هەر یەکێکمان زمانە یەکگرتووەکەمان بێت نەک زاری ناوچەیی خۆمان؛ پێویستە هەموومان یەک زمانمان بۆ نووسین و پەروەردە هەبێت و ئەمەش یەکێتیی نەتەوەییمان بەهێز دەکات. ئەم دەستەیە پێیان وایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت سیاسەتێکی زمانیی یەکگرتوو هەبێت و لە یەک ناوەندەوە ئەم سیاسەتە دیاری بکرێت. بۆچوونی دووهەمیش پێی وایە پەروەردە بە زمانی ستاندارد لەلایەک دەبێتە هۆی زاڵکردنی زارێک بەسەر ئەوانی دیکەدا و پشتگوێخستن و خزمەتنەکردنی لەمەودوای ئەو زارانە. لەلایەکی دیکە ئەو زارە ستانداردە بۆ منداڵانی زۆربەی ناوچەکان نامۆیە و پەروەردە بەو زارە، مافی پەروەردە بە زمانی دایک لە واتا و ناوەرۆکی خۆی بەتاڵ دەکات، هەر بۆیە پێویستە لە هەر ناوچەیەک پەروەردە بە زاری ئەو ناوچەیە بێت. وەک بژاردە پرسیارلێکراوەکانیش ئاماژەیان پێداوە ئەم باسە هەم دیالۆگ و بیروڕاگۆڕینەوەی تێروتەسەل لەنێوان بژاردەکان، ڕێکخراوە سیاسی و کولتوورییەکان، چین و تۆێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێویستە، هەم سوودوەرگرتن لە ئەزموونی نەتەوەکانی دیکە. لەم باسەدا گرنگ ئەوەیە زمانی کوردی کە یەک لە گرنگترین

فاکتەرەکانی ناسنامەیی نەتەوەییمانە، هەروا وەک هەوێنی یەکگرتوویی نەتەوەیی بمێنێتەوە و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ ئەم کێشەیە لەسەر بناغەی یەکگرتوویی بە پاراستنی فرەیی بێت.

٦-٢-١٢- سیاسەتی زمانیی هاوسەنگ

لەنێو چەمکەکانی هەڵقوڵاو لە وەڵامی پرسیارلێکراواندا ئەگەر بمانەوێت گرنگترینیان دیاری بکەین، دەبێت قامک لەسەر چەمکی «سیاسەتی زمانیی هاوسەنگ» دابنێین. پرسیارلێکراوان چەند کەسێکیان نەبێت کە ڕاستەوخۆ ئەم دەستەواژەیان بەکار هێناوە، ئەوانی دیکە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان پێکردووە، بەڵام بە گوێرەی ئاماژەکانیان دەتوانین بڵێین مەبەستیان سیاسەتی زمانیی هاوسەنگ بووە. گرنگیی ئەم چەمکە بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە جگە لەوەی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە سەرەکیترین بابەتی ئەم تێزەوە هەیە، لەخۆیدا هەڵگری وەڵامی پرسیاری سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەشە.

سیاسەتی زمانیی هاوسەنگ، ڕێک دەکەوێتە بەرانبەر سیاسەتی زمانیی ناهاوسەنگ. پێوەر و جیاکەرەوەی هاوسەنگ و ناهاوسەنگ، گونجاوی و نەگونجانیان لەگەڵ پێکهاتەی ڕاستەقینەی خەڵکی ئێران و ویستی دانیشتووانی ئەو وڵاتە، هەروەها ڕەوا و بەحەقبوونیان یان ناڕەوا و ڕێگاپێنەدراوییان بەپێی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە. بەگوێرەی ئەم پێوەرانە، ئەوەی لەماوەی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا وەک سیاسەتی زمانی لە ئێران بەڕێوە چووە، دەچێتە خانەی سیاسەتی زمانیی ناهاوسەنگ، چونکە لەخزمەت سەپاندنی ناسنامەیەکی ساختە و زۆرەملی و سەردەستیی تاکەزمانێک لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزماندا بووە و ویست و ڕەزامەندیی پێکهاتە نافارسەکانی وڵات لە دیاریکردنی ئەم سیاسەتە زمانییەدا، کەمترین گرنگیی پێدراوە. هەروەها لەگەڵ ڕۆح و جەوهەری مافە مرۆییەکان و کەرامەتی ئینسان ناتەبایی هەبووە. بەم پێیە سیاسەتی زمانیی هاوسەنگ دەبێت هەڵگری ئەم تایبەتمەندییانە بێت بۆ ئەوەی وەڵامدەری وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانی وەک ئێران بێت:

- ناسنامەی نەتەوەیی و زمانیی هەموو ئەو پێکهاتانەی دانیشتووانی ئێران پێک دێنن، ددانیان پیدادەنرێت و بەفەرمی دەناسرێن؛

-ستراتێژیی تاکزمانی لە پەروەردەدا بە یەکجاری وەلا دەنرێت و جێگای بە فرەزمانی لە پەروەردەدا پڕ دەکرێتەوە؛

-مافی پەروەردە بە زمانی دایک بۆ هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییەکانی خەڵکی ئێران بەفەرمی دەناسرێت و پێویستییەکانیان بۆ دابین دەکرێت؛

-زمانی پێوەندیی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی ئێران کە

هاوکات دەبێتە زمانی پێوەندیی ئەو پێکهاتانە لەگەڵ یەکتر، بە ڕێککەوتن دیاری دەکرێت؛

-زمانی پێوەندی و هاوبەش لە خوێندنگەکان لەپاڵ زمانی دایک دەخوێندرێت و لە سەرانسەری ئێرانیش لەپاڵ زمانی فەرمیی هەر هەرێم یان پارێزگا یان ئەیالەتێک، ڕەسمییەتی هەیە؛

-کەمایەتییە زمانییەکان، مافە زمانییەکانیان کە لە پەیماننامە جیهانییەکاندا هاتوون، بەفەرمی دەناسرێت و بۆیان دابین دەکرێت؛

- ئەو شار و ناوچانەی دانیشتووانیان لە ئاخێوەرانی دوو یا چەند زمانی جیاواز پێک هاتوون، سروشتی فرەزمانی لە پەروەردە، ناوەندە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکان، کاروباری کارگێڕی و بواڕەکانی دیکەی پێکەوەژیانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش بە یاسا ڕێک دەخرێت؛

-هەڵاواردن بە سوودی زمانێک و لە زیانی زمانەکانی دیکە، هەروەها هەڵاواردن لە نێوان دانیشتووانی وڵات لەسەر بناغەی نەتەوە و زمان و مەزهەب و ئایین و ڕەگەز بە نایاسایی دادەنرێت؛

-زمانی پەروەردە لە کوردستان بە دوور لە سەپاندن، بە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن دیاری دەکرێت، بە جۆرێک کە هەم یەکگرتوویی زمانی کوردی بپارێزرێت، هەم پاراستنی زارە کوردییەکان دابین ببێت.

٦-٣-ئەنجامەکان

١-لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی ناوەندیی بەهێز و پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، سیاسەتی کولتووری و زمانیی ئێران لەسەر بناغەیەکی نادروست دانرا کە بریتی بوو لە پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە؛ زمانی فارسییش وەک زمانی ئەم نەتەوەیە کرا بە زمانی فەرمی؛ سیاسەتی یەکزمانی لە هەموو بواڕە ڕەسمییەکاندا بە تایبەتی لە بواری پەروەردەی سەرانسەریدا جێگیر کرا. سەرەڕای گۆڕانی ڕێژیمەکان و دەسەڵاتە سیاسییەکان، هەروەها جیاوازبوونی ئایدۆلۆژیا و قەوارە و ناوەرۆکی سیستەمی دەسەڵاتدارەتییەکان، یەکزمانی هەروا وەک سیاسەتی سەرەکیی ئێران ماوەتەوە. زمانەکانی دیکەی ئێران کە دەسەڵاتداران و ڕۆشنبیرانی سەربە نەتەوەی سەردەست بە زمانە خۆجێیی و قەومییەکان ناویان دێنن، نەک هەر بە فەرمی نەناسراون و تەنانەت لە ژینگە و ناوچەی ئاخێوەرانیشیان نەبوون بە زمانی کارگێڕی و پەروەردە، بەڵکو لەگەڵ هەڵاواردن و پشتگوێخستنی بە ئەنقەست ڕووبەڕوون.

٢-ئەو سیاسەتەی بە ناوی سیاسەتی کولتووری و زمانی و پەروەردەیی لە کۆنەوە تا ئێستا لە ئێران هەیە، لەگەڵ باری ڕاستەقینەی وڵات و کۆمەڵی ئێران کە پێکهاتەیەکی فرەنەتەوەیی و فرەزمانییان هەیە، ناتەبا و نەگونجاوە. لەم چوار دەیە و نیوەی ڕابردوودا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران جێگای سیستەمی پاشایەتیی گرتووەتەوە، زۆر جار سەرزەوی و ناوچەی ژیانی نەتەوە نافارسەکانی ئێران، بە نموونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەلووچستان، خوزستان، تورکمان سەحرا و ئازەربایجان، گۆڕەپانی ناڕەزاییدەربڕینی ئەو پێکهاتانە و گرژیی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی ناوەندی و تێکهەڵچوون لەگەڵ دامودەزگا حکومەتییەکان بوون. هەوێنی سەرەکیی زۆربەی گرژی و تێکهەڵچوونەکان، ستەم و هەڵاوردنی نەتەوەیی، مەزهەبی و زمانی بووە. زمانی فەرمی، مەزهەبی فەرمی و ناسنامەی شیعی-ئێرانی بە کردەوە لە خزمەت لاوازکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوە نافارسەکاندا بووە. ئەمەش هەستیاری، ناڕەزایی و دژکردەوە پێشاندانی ئەو پێکهاتانە و وەستانەوە بەرانبەر زمان و مەزهەب و ناسنامەی داسەپاوی لێکەوتووەتەوە.

٣-بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردەی سەرانسەریی وڵات بە ئامانجی دروستکردنی یەک نەتەوە و کردنی زمان فارسی بە زمانی سەرەکی و یەکەمی هەمووان، لە تواندنەوەی نەتەوە نافارسەکان لە زمانی فارسی و ناسنامەی ئێرانیدا تا هاتووە زیاتر ڕووبەڕووی بەرهەڵستبوونەوە بووە و ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتووەتەوە. نەتەوەی کورد لە ئێران، هەر لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی ڕەزاشاوە تا ئەمڕۆ، بۆ داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی و خەبات دژی ئاسمیلاسیۆنی نەتەوەیی و کولتووری، بۆ داواکردنی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان پێشەنگی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بووە. خەبات و تێکۆشان بەم ناوەڕۆک و ڕوانینە چەندین ساڵە لە نێو ڕۆشنبیران، چالاکانی سیاسی و کولتووریی نەتەوەکانی دیکەش هەیە. ئەوانیش داوای کۆتاییهاتنی پەروەردەی تاکزمانی، مافە کولتووری و زمانییەکانی خۆیان بە تایبەتی پەروەردە بە زمانی دایک دەکەن.

٤-تاکزمانی لە پەروەردەی ئێران و بێبەشکردنی نەتەوە نافارسەکانی ئەو وڵاتە لە پەروەردە بە زمانی خۆیان، چەند ڕەهەندی گرنگی هەیە کە بریتین لە:

أ-سەپاندنی پێگەیەکی نایەکسان و نزم بەسەر زمانە نافارسییەکاندا و داخستنی دەرگای گەشەکردن و پێشکەوتن بە ڕوویاندا بەهۆی ڕێگەپێنەدانیان لە پەروەردە و فێرکردنی فەرمیدا.

ب-پێکهاتنی کێشە و گرفتی جۆراوجۆر بۆ فێرخوازانی نافارس لە ڕەوتی پەروەردە و فێربوون بە تایبەتی لە ساڵانی یەکەمی خوێندنگەدا. ئەو فێرخوازانەی لە پەروەردە بە زمانی دایک بێبەشن، دەگەڵ فێرخوازانێک کە بە زمانی خۆیان دەخوێنن، بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی خێراییی فێربوون و دەسکەوتی زانستییەوە، جیاوازیی زۆریان هەیە. ئەو تۆژینەوانەی

تەنانەت لە نێوخۆی ئێرانیش کراون شایەدی بۆ ئەم ڕاستییە دەدەن.

پ- بێبەشبوون لە پەروەردە بە زمانی دایک و خوێندن بە زمانێکی داسەپاو، لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر فێرخوازان هەیە. یەکێک لەو کاریگەرییانە لاوازبوونی متمانە بەخۆیانە. لێکەوتەیەکی دیکەی پەروەردەی تاکزمانی بۆ فێرخوازانێک کە لە مافی پەروەردە بە زمانی دایک بێبەشن، قەیرانی ناسنامەیە.

ت- هەستکردن بە پێشێلکرانی سەرەتاییترین ماف و بایەخنەدران بە زمان و ناسنامە، دەبێتە هاندەر و ڕێخۆشکەری تاک بۆ ئەوەی هەستی نامۆیی و دووریکردن لەو دەسەڵات و سیستەم و کۆمەڵەی تێدا‌ پێک بێت کە ئەم دۆخەیان بەسەردا سەپاندووە.

٥-سیاسەتی زمانیی ئێستای ئێران لە ئاستی چاوەڕوانی و ویستەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەدا نین و پێویستیان بە گۆڕانی بنەڕەتی هەیە؛ پێویستە جێگایان بە سیاسەت و پلاندانانێکی گونجاو و وەڵامدەر پڕ بکرێتەوە. گۆڕانی بنەڕەتی لەو سیاسەتەدا بە پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی ئێران و ئێرانییوون، داننان بە فرەنەتەوە و فرەزمانبوونی دانیشتووانی ئەو وڵاتە، وەلانانی ئایدۆلۆژیای «یەک نەتەوە و یەک زمان»، بەفەرمی ناسینی زمانە نافارسییەکان و قبوولکردنی مافی پەروەردە بەو زمانانە پێک دێت. سیاسەتێک دەتوانێت وەڵامدەر بێت کە بناغەکەی لەسەر فرەچەشنیی کولتووری و زمانی، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی دابینکردنی مافە زمانییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی ئێران دانرابێت؛ لەجیاتی پەنابردن بۆ سەپاندنی ناسنامەیەکی ساختەی شیعی- فارسی بە سەر ئێرانییەکاندا بە ئامانجی دابینکردنی یەکێتیی نیشتمانی و یەکپارچەیی خاکی وڵات، بۆ یەکگرتوویی و پێکەوەبوونێکی دڵخوازانە لەسەر بناغەی ڕێزگرتن لە فرەیی زمانی، کولتووری و نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی مانەوە و گەشەکردنیان تێبکۆشێت.

٦-٤-پێشنیازەکان و ڕاسپاردەکان

١-تا ئێستا زۆر بژاردە لەسەر زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیان کردووە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئیستا لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕ لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەبێ ئەوەی بژاردە بێت یان نابژاردە، نەکراوە. من زۆر بە ئاواتەوە بووم بتوانم ئەو کارە بکەم بەڵام بە داخەوە لەبەر هەلومەرجی تایبەتیی خۆم و بارودۆخی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوەم بۆ نەگونجا. لەوانەیە ئەوانەی لەوێش دەژین ڕێگایان پێنەدرێت لە بارودۆخی ئێستادا کارێکی ئەوتۆ بکەن، چونکە ئەگەر دەسەڵاتداران بزانن بۆ مەبەستێکی ئەوتۆ لێکۆڵینەوە دەکەن، تووشی لێپرسینەوە و سزا و کێشەی جۆراوجۆر دەبن. هیوادارم ڕۆژێک ئەو شتە بکرێت، چونکە لە کۆتاییدا ئەم زمانە زمانی ئەو خەڵکەیە نەک زمانی ئەو چەند بژاردەیە، بۆیە زۆر گرنگە کە بزانین خەڵکی ئاسایی لەم بارەیەوە دەڵین چی؟ شتێکی ئاساییە کە بژاردەی نووسەر و زمانەوان

و فەرهەنگنووسی کورد لەئاست زمان هەستیار بن، بەڵام ئایا خەڵکی ئاساییش وایە؟ دیارە من بۆخۆم پێم وایە ئەو هەستیارییە لە بەشی زۆری خەڵکی ئاساییشدا هەیە، چونکە خەڵکی ئەو ناوچەیەم و ئێستاش پێوەندیی چڕ و پڕم لەگەڵ خەڵکی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە. سەرەڕای ئەم ڕاستییەش، ڕاپرسی لە خەڵک و لێکۆڵینەوەی زانستیی پشتبەستوو بە ڕاوبۆچوونی خودی خەڵکەکە شتێکی دیکەیە. هیوادارم ڕۆژێک ئەو دەرفەتە بگونجێت کە لێکۆڵەرانی دیکە ئەو کارە ئەنجام بدەن و وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی جیددی چاوی لێبکەن.

٢-نەتەوەی کورد لە ئێران پێویستە لە دوو بەرەدا خەبات بۆ پاراستنی زمان و ناسنامەی خۆی بەڕەوپێش ببات. ڕوو بە سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی وڵات، خەبات بۆ بەفەرمیناسینی زمانی کوردی و مافی پەروەردە بەو زمانە و دابینبوونی مافی خۆبەڕێوەبردن لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی بکات. لەنێو خۆشیدا پەرە بە وشیاریی زمانیی تاکەکانی بدات، بزووتنەوەی ناسنامەپاراستن و خزمەتی زمانەکەی بەهێز بکات. لە ڕێگای پەروەردەی نافەرمی و سیاسەتی زمانیی بنەماڵەیی، زۆرترین بایەخ بە ئاخاوتن و نووسین بە زمانی کوردی بدات.

٣- حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، کۆمەڵە کولتووریییەکان، ئەنیستیتۆ و ناوەندەکانی تایبەت بە زمانی کوردی، دەزگا و دامەزراوەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرانی میدیا کوردییەکان، بەڕپرسان و مامۆستایانی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی کوردستان، هەروەها زمانەوانان، لێکۆڵەران، نووسەران و بە گشتی سەرجەمی ئەو تاک و گرووپانەی لە ئاست مانەوە و پێشکەوتنی زمانی کوردی لە ئێران خۆیان بە ئەرکدار و بەرپرس دەزانن، پێویستە بە وەڕێخستنی سمینار و کۆنفرانسی زانستی و بیروڕاگۆڕینەوە لەگەڵ یەکتر، گەڵالەی سیاسەتی زمانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە بکەن. ڕێککەوتن لەسەرکۆمەڵێک بنەما و هێڵی گشتی و پابەندبوون پێیان و هاندانی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕەچاوکردن و پشتگرتنیان، یارمەتییەکی زۆر بە چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکان لەسەر هێندێک پرس و بابەتی زمانی دەکات؛ کاریگەریی ئەو پیلان و مەترسییانە کە سیاسەتی زمانیی ڕژێمی ئێران بۆ زمانی کوردی پێکی هێناوە کەم دەکاتەوە؛ ئاراستەیەکی ڕوونتر دەخاتە بەردەم ئەو هەوڵە تاکەکەسی و یەک لایەنە و بەربڵاوانەی بە مەبەستی خزمەتی زمانی کوردی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەن.

٤-نەبوونی پشتیوانیی دارایی، خاڵی لاوازی تێکۆشان و پڕۆژەکانی زۆربەی ئەو ناوەند و کۆمەڵە و دەزگایانەیە کە ئامانجیان پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. تێچووی زۆربەی چالاکییەکانی بزووتنەوەی ناسنامەپارێز، بە دیاریکراوی هەوڵەکانی فێرکردن و پەرەپێدانی زمانی کوردی لەسەر ئەو کەسانەیە کە خۆبەخشانە ئەم بزووتنەوەیە بەڕەوپێش دەبەن. کەرتی تایبەت و کەسانی خاوەن سامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداریی کەوتۆیان لە دابینکردنی سەرچاوەی ئابووریی ئەم جۆرە خزمەت و تێکۆشانانەدا نییە. پشتیوانیی دارایی لە بەرنامە و پڕۆژەکانی ئەم بزووتنەوەیە، یان

سەرمایەدانان لەم بوارانەدا، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەری لە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژە و بەرنامانەدا هەبێت کە ئامانجیان پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردییە. پێویستە سەرمایەدارانی ڕۆژهەڵات بۆ تەرخانکردنی بەشێک لە سەرمایەکانیان بۆ ئەم کارانە هان بدرێن.

٥-ئەنترنێت، ژیریی دەسکرد، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکانی دیکەی پێوندی لەم سەردەمەدا هەڵێکی زێڕینیان بۆ بەکارهێنەرانی کورد پێک هێناوە، ئەگەر بزانن و بتوانن بە قازانجی پێشخستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی بەکاریان بێنن. لەگەڵ ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا بە هەوڵی خۆبەخشانە و لەخۆبوردوویی تاکەکەسی و گرووپی دڵسۆز، هێندێک پێشڤەچوون لەپێناوی ئامادەکردنی زمانی کوردی لەم بوارانەدا ڕوویان داوە، بەڵام هێشتا کەم و کورتیی زۆر بەدی دەکرێت. دەوڵەمەندکردنی سەرچاوە بە زمانی کوردی، پەرەپێدانی فەرهەنگی کوردیی سەرهێڵ (ئۆنلاین)، چالاککردنی بەشداریی زمانی کوردی لە وەرگێڕانی سەرهێڵدا، بڕەوپێدان و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی لە چوارچێوەی ژیریی دەسکرددا، یەکدەستکردنی ڕێنووسی کوردی لە ماڵپەڕەکان و سۆشیال میدیا، کەمکردنەوەی کاریگەریی زمانە سەردەستەکان بە تایبەتی زمانی فارسی لەسەر ئاخاوتنی کوردی و ...هتد، بەشێکی کەم لەو پێویستییانەن. بەکارهێنەرانی کورد دەتوانن ئەم تەکنۆلۆژیایە بۆ فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی، بۆ دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ هاوزمانانیان لە هەر شوێنێک هەن، بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ئەو زارانەی زمانی کوردی کە مەترسیی نەمانیان لەسەرە، بۆ وەڕیخستنی دیالۆگ و کاری هاوبەش لە پێناوی بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی لەسەر زمانی کوردی هەن، بەکار بێنن.

لیستی سەرچاوەکان

بە زمانی کوردی:

• ئیسماعیل نژاد، ئاگری (٢٠٢٣) ، گفتوگۆ لەگەڵ گۆڤاری «داکار»، ژمارە دوویەم و سێیەم، هاوین و پاییز، (چاپی ئەوروپا).

• ئەحمەد، محەمەد حوسێن (٢٠١٦) ، ململانێی زارەکان (زاری ناوەڕاست و ژوورووە) وەک نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی گەرمیان.

• ئەحمەدزادە، هاشم (٢٠١٢) ، زمان، ئەدەب و ناسنامە. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

• ئەحمەدزادە، هاشم (٢٠٢٢) ، لە دەرەوەی زمان هەرچی هەیە هەر زمانە، دیمانە، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە ٣، بەهار.

• بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دیموکرات (٢٠٢١) ، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

• تراِدگیل، پیتر (٢٠٢٢) ، «زمانناسیی کۆمەڵایەتی، سەرەتایەک سەبارەت بە زمان و کۆمەڵ»، و: حەسەن قازی، وەشانخانەی ٤٩ کتێب، سوید.

• حسێن، شیلان عومەر (٢٠١٦) ، داخورانی زمانی دایک، بنەما و پەسنکردن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٥٠، ئایار ، سلێمانی.

• حەسەن، ئاشتی ئەحمەد (٢٠٢٢) ، ئاڕێشەکانی پەروەردەی جووتزمانی لە پرۆسەی فێرکردندا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی گەرمیان.

• حەسەنپوور، ئەمیر (٢٠١٥) ، سەدەییک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی، بنکەی ژین، سلێمانی.

• حەسەنیانی، ئالان (٢٠٢٣) ، شەڕی دەروونی؛ دەوڵەت و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڤاری تیشک، ژمارە ٦٧-٦٨، بەهار و هاوین.

• حەمەد، پەخشان سابیر (٢٠١٣) ، زمانی دایک لە نێوان ئایین و ئەدەب و بایەخی نێونەتەوەییدا، کتێبی «یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماک»، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

• حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز و کەریم، عومەر مەحموود (۲۰۱۷) ، کورد و پلانسازیی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان، ژمارە ٤٢، کۆیە.

• دزەیی، عەبدولواحید موشیر (۲۰۲۱) ، زمانەوانیی گشتی، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

• دەرۆیش، دڵشاد حەمید (۲۰۱۷) ، کتێبی «کەمینەکان»، سلێمانی.

• ڕەحیمی، کامران (۲۰۰۷) ، خەسارناسیی وشەسازی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری «زمانەوان»، ئەنیستیتوی فەرهەنگی کوردستان-تاران، ژمارە ۳، زستانی ۱۳۸۵، تاران.

• ڕەسووڵ، سوداد (۲۰۲۱) ، زاری کوردیی خواروو، چەند سەرنجێکی زارناسی، گۆڤاری «تیشک»، ژمارە ٦٢.

• سلێمان، ئازاد عەزیز (۲۰۲۲) ، سیاسەت و پلانی زمانی لە ڕاگەیاندندا، کەناڵە ئاسمانە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

• سورخی، ڕەحیم (۲۰۱۹) ، گوتاری جەوهەرخوازانەی تاکزمانی لە ئێراندا، گۆڤاری تیشک، ژمارە ۵۲، هاوینی ۲۷۱۹، لاپەرەکانی ۷۹-٥٦

• سورخی، ڕەحیم (۲۰۲۰) ، کتێبی زمان و مان، زمانی کوردی و ناسنامە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چواریاخ.

• سەعید، یوسف شەریف (۲۰۱۱) ، زمانەوانی، کۆکردنەوەی نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

• شاکەلی، فەرهاد (۲۰۱۱) ، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولیر.

• شێخولئیسلامی، جەعفەر (۲۰۲۲) ، شۆڤێنیزمی زمانی، کاریگەریی زمانەکان لەسەریەکدی، گۆڕانی دەنگ و... (وتوویژ لەگەڵ حەسەن قازی)، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە ۳، مانگی گوڵان.

• شێخولئیسلامی، جەعفەر (۲۰۱۸) ، «زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە نووسینەکانی د. ئەمیر حەسەنپووردا»، دەروازە (گۆڤاری کوردی بۆ زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان، ژمارە ۲، نیسان.

• شێخولئیسلامی، جەعفەر (٢٠١٨) ، زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو، وەرگێڕانی: عەبدولخالەق یەعقووبی، هەولێر.

• شێخولئیسلامی، جەعفەر (٢٠٢١) ، گۆڤاری «تیشک»، ژمارە ٦١ ساڵی بیست و سێیەم، پاییزی ٢٧٢١، وتووێژ. لاپەڕەی ١٩٥-١٩٤.

• شێخولئیسلامی، جەعفەر (٢٠٢٢) ، گۆڤاری زمان و زار، دیمانە لەگەڵ حەسەن قازی لە ستێرک تیڤی. ژمارە ٣، بەهار، هەولێر.

• شێخولئیسلامی، جەعفەر (٢٠٢٣) ، گفتوگۆ لەگەڵ گۆڤاری داکار، ژمارە دووەم و سێیەم، هاوین و پاییزی ٢٠٢٣، لاپەڕەکانی١٥-٢٩.

• شەبانی، ئەحمەد (٢٠١٠) ، فەرهەنگی زانستی سیاسی (فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان) ، زانستگەی کوردستان.

• عومەر، کامیل (٢٠١٧) ، زمانی ستانداردی کوردی، گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی، سلێمانی.

• عومەر، نەوزاد ئەنوەر و عومەر، تەلار سەباح (٢٠١٧) ، ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەرییان لەسەر زمانی دایك، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٤٣، کۆیە.

• عەبدول، جەماڵ (٢٠١٧) ، زمانی ستانداردی کوردی، گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی، ئامادەکردنی کامیل عومەر، سلێمانی.

• عەبدوڵڕەحمان، باخان سەرحەد و سەعید، محەمەد مەجید (٢٠١٩) ، ژەهری زمانی و کاریگەرێی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی (زمانی کوردی بە نموونە) ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ٦ (٣) ، گەرمیان.

• عەلی، چیا مستەفا (٢٠٢٠) ، توندی و نیانی لە گوتاری هەڵبژاردنی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سۆران.

• فەتاح، محەممەد مەعروف (٢٠١٠) ، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، دەزگای لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

• فەتاح، محەممەد مەعروف (٢٠١١) ، زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی سێیەم، هەولێر.

• فەرەج، هۆگر مەحموود (٢٠١٧) ، زمانی ستانداردی کوردی، گفتوگۆی

ڕۆژنامەنووسی، سلێمانی.

• فەرەج، هۆگر مەحموود (۲۰۲۲) ، هەورامی گۆڤەرێکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری زمان و زار، ژمارە (۱).

• فەرەج، هۆگر مەحموود (۲۰۲۲) ، بەراوردێکی گرنگیدان بە زمان لە نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی کیوبیکی کەنەدادا. گۆڤاری زمان و زار، ژمارە ۳، بەهار، هەولێر.

• قادر، شێرکۆ حەمەدەمین و ئەحمەد، بڕوا ڕەسوڵ (۲۰۱٦) ، نەتەوەی کورد و بەکارهێنانی زمانی دایک وەک مافێکی گەردوونی، گۆڤاری زانکۆی دیجلە (IJOKS)، ساڵی دووەم، ژمارە ۳، دیسەمبر.

• قازی، سەعد عەبدولڕەزاق (۲۰۲۲) ، سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانداً، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

• کاکل، قەیس (۲۰۰۷) ، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، دەزگای لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی، هەولێر.

• کالفی، لویس جان (۲۰۱۲) ، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانی، وەرگێڕانی بەهادین جەلال، دەزگای لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

• محەممەدی، عادل (۲۰۲۳) ، تێگەیشتنی هەڵە لە زمان، وەشانخانەی ٤۹ کتێب، سوید.

• محەمەد، سمکۆ (۲۰۰۹) ، ناسیۆنالیزم لە نێوان فکر و سیاسەتدا، دەزگای لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

• مستەفا زادە، ئیسماعیل (۱٤۰۱) ، گۆڤاری فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی بەیان، ژمارە ۲٦، ساڵی پێنجەم، مەهاباد، بەفرانبار، مەهاباد.

• مەحموودزادە، ڕەهبەر (۲۰۲۳) ، گفتگۆ لەگەڵ گۆڤاری «داکار»، ژمارە دووەم و سێیەم، هاوین و پاییز، «وەشانخانەی ٤۹ کتێب»، چاپی سوید.

• مەحوی، محەمەد (۲۰۱۷) ، زمانی ستانداردی کوردی، گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسی، ئامادەکردنی کامیل عومەر، سلێمانی.

• هەورامی، م (۲۰۲۰) ، پلۆرالیسمی زمانی و ئاسایشی نەتەوەیی، گۆڤاری تیشک، ژمارە ۵۷، ساڵی بیست و دووەم، پاییز.

• وریا، قادر (۲۰۱۰) ، خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، هەولێر.

• وریا، قادر (۲۰۲۰) ، شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

به زمانی فارسی:

• ابطحی، مهدی و خدادادیان، مهدی (۱۳۹۵) ، تأثیر دوزبانگی بر یادگیری زبان سوم، مطالعه میدانی بر روی فارسی آموزان چینی تک زبانه و دوزبانه، نشریه پژوهشهای زبانشناسی، سال هشتم، شماره اول، شماره ترتیبی ١٤، بهار و تابستان.

• اتابکی، تورج (۲۰۱۳) ، تنوع قومی و تمامیت ارضی ایران، سازگاری داخلی و مخاطرات منطقه ای، مجله گفتگو، شماره ٤٣، ماه جولای.

• احمدی پور، طاهره (۱۳۹۰) ، به سوی چارچوب سیاست زبانی ملی، فصلنامه زبانشناخت، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال دوم، شماره اول، بهار و تابستان.

• احمدی، وحیده و کریم زاده عبدالله (١٣٩٤) ، «زبان و مقبولیت ایدئولوژی های سیاسی» در نظریه پل دومان، پژوهشنامه علوم سیاسی، سال دهم، شماره دوم، بهار.

• اسپالسکی، برنارد (۱۳۹۱) سیاست زبانی، ترجمه: سید مهدی عرفانی، حسین داوری، ابوطالب ایرانمهر، دانشگاه دامغان، دامغان.

• آشوری، داریوش (١٣٩٤) ، دانشنامه سیاسی (فرهنگ اصطلاحات و مکتب های سیاسی) ، انتشارات مروارید، تهران.

• افخمی، علی و داوری اردکانی نگار (١٣٨٤) ، برنامه‌ریزی زبان و نگرش های زبانی، مجله ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران، شماره ۱۷۳، دوره ٥٦، تهران.

• الهمرادی، شهین و سیف‌اللهی، سیف‌اله (۱۳۹۱) ، مطالعه و بررسی تاثیر آموزش به زبان مادری بر افزایش انگیزه تحصیلی دانش آموزان (مطالعه موردی: دانش آموزان

مقطع متوسطه ناحیه یک شهر سنندج ۱۳۹۱-۹۲) ، مطالعات جامعه‌شناسی، سال چهارم، شماره شانزدهم، پائیز.

• انتصار، نادر (۱۳۹۸) ، قومیت گرایی کرد، ترجمه عبدالله عبدالله‌زاده، (چاپ دوم) ، معرفت، تهران.

• اومود، آ (۱۳۹٤) ، آموزش به زبان مادری، زمستان، بی جا.

• ایرانپور، ناصر (۲۰۱٦) ، بازاندیشی در برخی از مفاهیم کلیدی فلسفه‌ی سیاسی، جلد دوم، چاپ روشنگری (آلمان).

• بیات، اصغر ؛ اقارب پرست، محمدرضا و گلشنی، علیرضا (۱۳۹۷) ، تحولات کردستان عراق و تاثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه تحقیقات سیاسی بین المللی دانشگاه آزاد واحد شهرضا، شماره سی و ششم، پاییز.

• بیدالله‌خانی، آرش (۱۳۹۹) ، رویکرد امنیتی ساختاری به ارتباط مسئله زبان فارسی و امنیت ملی در جمهوری اسلامی ایران با تاکید بر ساختار و مؤلفه‌های امنیتی کردن زبان فارسی در دوره معاصر. نشریه علمی آفاق امنیت، سال سیزدهم، شماره چهل و ششم، بهار.

• پیلر، اینگرید (۱۳۹۷) ، تنوع زبانی و عدالت اجتماعی، درآمدی بر زبانشناسی اجتماعی کاربردی، مترجم: سعید رضایی، نشر نویسه پارسی، تهران.

• تاج الدین، محمد باقر؛ رئوفی، میترا و مشهدی، میقانی ژیلا (۱۳۹٦) ، تحلیل جامعه‌شناختی گرایش به هویت ملی و هویت قومی با تاکید بر احساس محرومیت نسبی در بین جوانان شهر ایلام، مجله مطالعات اجتماعی ایران، یازدهم ، شماره۲ (شماره پیاپی ٤۱) ، تابستان.

• تاریخ عمومی (۱۳٦۷) ، نگاهی به تاریخ جهان در قرن بیستم، کتاب درسی سال چهارم آموزش متوسطه عمومی، (وزارت آموزش و پرورش ایران) ، چاپخانه الهادی قم.

• تبرا شکوه؛ بهرام پور، احسان و تصدیقی فروغ (۱۳۹۵) ، بررسی مقایسه ای میزان تأثیر برنامه‌ریزی دوزبانه و برنامه‌ریزی درسی، دومین کنفرانس بین المللی رویکردهای نوین در علوم انسانی، تهران.

• تبرا، شکو؛ بهرام پور ، احسان و تصدیقی، فروغ (۱۳۹۵) ، بررسی مقایسه ای میزان تأثیر برنامه‌ریزی دوزبانه و برنامه‌ریزی درسی تک زبانه بر پیشرفت تحصیلی دانش

آموزان، ویژه‌نامه دومین کنفرانس بین المللی رویکردهای نوین در علوم انسانی، ۲۰ جولای ۲۰۱٦، ایران تهران.

• ترابی، یوسف و مجیدی، یوسفعلی (۱۳۹۳) ، مدیریت شکاف های قومی در جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه پژوهش های راهبردی سیاست، سال سوم، شماره ۱۱، زمستان.

• جنیدی، فریدون (۱۳٦۰) ، نامه پهلوانی، انتشارات بلخ وابسته به بنیاد نیشابور، تهران.

• چابکی، رضا محمدی (۱۳۹٤) ، تبیین جایگاه زبان در تقویت مبانی، تصریح اهداف و توسعه‌ی وسایل تربیت، دو فصلنامه علمی – پژوهشی دانشگاه شاهد، سال بیست و دوم، دوره جدید، شماره ۷، پاییز و زمستان.

• حبیب نژاد، سید احمد و دانش ناری، زهرا (۱۳۹۷) ، حمایت از حقوق زبانی در رویه دیوان اروپایی حقوق بشر، فصلنامه حقوق اداری (علمی – پژوهشی) ، سال ششم، شماره ۱۷، زمستان.

• حسن پور، محمد (۱۳۸۲) ، ناهمگونی قومی و امنیت ملی، پژوهشنامه‌ی علوم انسانی و اجتماعی، سال سوم، شماره نهم و دهم.

• حسینی، سید حمید و توکل، محمد (۱٤۰۰). ربط ارزشی علوم اجتماعی؛ تحلیل تماتیک نمونه موردی پایان نامه‌های دانشجویی دکتری، فصلنامه پژوهش و برنامه ریزی در آموزش عالی، دوره ۲۷، شماره ۲.

• حمادی، حمید؛ فقیهی، علیرضا؛ سیفی، محمد و ناطقی فائزه (۱۳۹۷) ، پژوهش در نظام های آموزشی، ویژه نامه، «بررسی و تحلیل کیفی انواع مدلهای آموزش دانش آموزان دو زبانه»، بهار.

• حمدی، یحیی؛ کلدی، علیرضا و وثوقی، منصور (۱۳۹۹) ، نقش نظام آموزشی در شکل گیری دولت- ملت در ایران، فصلنامه علمی آموزشی سبک زندگی اسلامی با محوریت سلامت، دوره٤، شماره۲، تابستان.

• خالق پناه، کمال؛ ثنایی، علی (۱۳۹۹) ، سیاست های زبانی و زبان های اقلیت: واکاوی جایگاه زبان های اقلیت در نظم فرهنگی-زبانی ایران مدرن (از ۱۲۸۵ ه.ش تا به امروز) ، فصلنامه زبان شناسی اجتماعی، شماره ٤، پیاپی ۱۲، پاییز.

• داغچی، سردار (۲۰۱۲) ، نگاهی به کشورهای کثیرالمله و چند زبانه، ۱۵٤-۱۵۷، دانشگاه استنفورد امریکا.

• داوری اردکانی، نگار (۱۳۸۸) ، برنامه‌ریزی زبان، فرهنگ زبانی و مولفه‌های آن (مطالعه موردی شهر تهران) ، فصلنامه تحقیقات فرهنگی، دوره دوم، شماره ۱، بهار.

• داوری اردکانی، نگار و احمدی پور، طاهره (۲۰۰۸) ، صد سال برنامه‌ریزی زبان فارسی (با توجه ویژه به مبادی برنامه‌ریزی زبان) ۱۳۸۹-۱۲۵۰ه.ش. نشر علم، تهران.

• داوری، حسین (۱۳۹۹) ، سیاست و برنامه‌ریزی زبانی، رویکرد میان رشته‌ای مغفول در حوزه سیاست گذاری های کلان فرهنگی و آموزشی کشور، مجله «راهبرد فرهنگ»، شماره چهل و نهم، بهار.

• رجبی، ابوالفضل و احمدوند، شجاع (۱٤۰۱) ، سیاستگذاری زبانی و جایگاه زبان فارسی در سیاستهای زبانی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه‌ی مطالعات ملی ،۸۹ ، سال بیست وسوم، شماره‌ی ۱، بهار.

• رحمانی، جلال (۲۰۱۹) ، زبان فارسی و امر اخلاقی، پولیتیا، سال اول، شماره ۲، ژانویه.

• رحمت زهی، خدانظر؛ شجاعی فر، زینب (۱۳۹۷) ، «تاثیر دوزبانه‌بودن بر پیشرفت تحصیلی دانش آموزان»، کنفرانس دستاوردهای نوین جهان در تعلیم و تربیت، روانشناسی، حقوق و مطالعات فرهنگی اجتماعی.

• رسولی، حسین؛ دهقانی، رضا و کریمی، علیرضا (۱۳۹۵) ، سیاستهای زبانی پهلوی اول در کردستان و پیامدهای آن (با تأکید بر مدارس) ، مطالعات تاریخ فرهنگی، پژوهش نامه‌ی انجمن ایرانی تاریخ، سال هشتم، شماره سی ام، زمستان.

• رهایی، سعید و مرندی، رزاق (۱۳۹٦) ، حق بر زبان مادری و آموزش، نشریه حقوق بشر، پیاپی ۲۳(بهار و تابستان).

• زمانی، سید قاسم و عابدینی سعدآباد (۱۳۹۸) سازوکارهای صیانت از حق استفاده از زبان مادری در مراجع بین المللی و ملی: تاملی بر رویه قضایی بین المللی، مجله پژوهش های حقوقی شماره ۳۸.

• زنگنه، ثریا؛ زارع، امین و مرادی، محمود (۱۳۹۹) ، بررسی رابطه‌ی بین مهارت های چند زبانگی و رفتار اطلاعاتی دانشجویان تحصیلات تکمیلی دانشگاه رازی، فصلنامه

مطالعات دانش شناسی، سال هفتم، شماره ۲٤، پاییز.

• سادات حسینی، منیره (۱۳۹۵) ، امپریالیسم زبانی و زبان امپریالیسم، ضرورت مواجهه با هژمونی زبان انگلیسی در کشورهای اسلامی، فصلنامه علمی پژوهشی پژوهش های سیاسی جهان اسلام، سال ششم، شماره سوم، پاییز.

• سلیمانی، کمال (۲۰۲۱) ، «فرهنگ زارکی موکریان» و سنت واژەنامەنویسی ، ایران آکادمیا، شماره هفتم، بهار ۱٤۰۰.

• سلیمانی، کمال ؛ محمدپور، احمد (۲۰۱۹) ، آیا غیر فارسها می توانند صحبت کنند؟، نشریه آزادی اندیشه، شماره ۸ .

• سنایی، کارزان (۲۰۲۳) ، گفتگو با فصلنامه داکار، شماره دوم و سوم، تابستان و پاییز، چاپ سوئد.

• شریف، بابک (۱۳۹٤) ، پیشینه و کارنامه برنامەریزی و سیاست گذاری زبان فارسی در ایران، مجموعه مقالەهای دهمین همایش بین المللی ترویج زبان و ادب فارسی در ایران، دانشگاه محقق اردبیلی، ٤-٦شهریور.

• عزتی عزت اله، احمدی سیلوه جمال (۱۳۸۹) ، تحلیل فضایی بحران قومیت ها در خاورمیانه (مطالعه موردی کردهای ایران) ، فصلنامه علمی پژوهشی جغرافیای انسانی، سال دوم، شماره دوم، بهار.

• عسکری، پورحبیب و دریایی، پریسا (۱۳۹٤) ، تنوعات قومی فرصت یا تهدید: کنفرانس بین المللی علوم رفتاری و مطالعات اجتماعی، ویژەنامه.

• علیزاده، حسن (۱۳۷۷) ، فرهنگ خاص علوم سیاسی، انتشارات روزنه، چاپ اول، تهران.

• عمید، حسن (۱۹۸۵) ، فرهنگ فارسی عمید، جلد اول، انتشارات امیر کبیر،۱۳٦٤، تهران.

• فتحی، محمد و کوهی اصفهانی، کاظم (۱۳۹۷) ، قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران به همراه نظرات تفسیری شورای نگهبان، انتشارات پژوهشکده شورای نگهبان، تهران.

• فرجی، دکتر سید اسماعیل (۱۳۹۹) ، آموزش زبان فارسی و تحکیم هویت ایرانی-

اسلامی، چهارمین همایش ملی آموزش زبان فارسی.

• قادرزاده امید؛ شفیعی نیا عباس (۱۳۹۵) ، زمینه‌ها و گونه‌های ناسیونالیسم قومی در ایران: مطالعه موردی مناطق کوردنشین. فصلنامه علوم اجتماعی، سال ۲٦، شماره ۷٤، پاییز ۱۳۹۵.

• قاسمی، یارمحمد و هاشمی، علی (۱۳۹۸) ، انجام پژوهش به روش تحلیل تماتیک: راهنمای عملی و گام به گام برای یادگیری و آموزش، فصلنامه علمی پیک ایلام، دوره بیستم، شماره ٦٤ و ٦٥ ؛ پاییز و زمستان

• قبادی، حسینعلی (۱۳۸۸) ، ادبیات فارسی و هویت ایرانی: چالش ها و راهبردها، پژوهش نامه، شماره ۳۵، پژوهشکده تحقیقات استراتژیک، گروه پژوهش های فرهنگی و اجتماعی.

• قریشی، ف. عباس زاده، صدقی، علیزاده اقدم و کهنه‌پوشی (۱۳۹۷) ، برساخت گفتمانی سیاست زبان در روند نوسازی ایران، مورد مطالعه: نشریه کاوه (۱۲۹٤-۱۳۰۱) ، دوفصلنامه جامعه‌شناسی اقتصادی و توسعه، سال هفتم، شماره دوم، پاییز و زمستان.

• قمری، محمدرضا (۱۳۸۵) ، نقش زبان در تامین امنیت ملی، فصلنامه دانش انتظامی، سال هشتم، شماره چهارم.

• قمری، محمدرضا و حسن زاده، محمد (۱۳۸۹) ، نقش زبان در هویت ملی، دو فصلنامه علمی- پژوهشی زبان پژوهی دانشگاه الزهرا، سال دوم، شماره ۳، پاییز و زمستان.

• قهرمان، مهدی (۱۳۹۷) ، واکاوی نگرش کریشنا مورتی به عقیده و ایدئولوژی، فلسفه تحلیلی، سال چهاردهم، شماره سی و چهار.

• کرمانی فاطمه (۱۳۹٦) ، حق بر زبان مادری در حقوق بین الملل»، فصلنامه حقوق بشر، دوره ۱۲، شماره ۱، شماره پیاپی ۲۳، خرداد،

• کریمیپور، امیر؛ الیاسی، محمود (۱۳۹۱) ، بررسی پاره‌ای از مشکلات زبانی دانش آموزان دوزبانه کردی زبان- فارسی زبان شهر ایلام و ارائه برخی رویکردهای اصلاحی، مجله زبانشناسی و گویش های خراسان، دانشگاه فردوسی مشهد، علمی پژوهشی، شماره پیاپی۷، پاییز و زمستان.

• کلان، امیر (۲۰۱۸) ، چه کسی از آموزش چند زبانه می هراسد؟ مترجم: هیوا ویسی، محل چاپ ؟.

• گرشاسبی، ایوب؛ فتحی، کوروش و عارفی واجارگاه، محبوبه (۱۳۹۹) ، جایگاه قومیت در برنامه های درسی رسمی رشته علوم انسانی (مورد مطالعه: دروس جامعه شناسی و تاریخ نظام جدید دوره دوم متوسطه) ، مجله علوم تربیتی، سال ۲۷بهار و تابستان، شماره ۱.

• گل محمدی، احمد (۱۳۸۳) ، جهانی شدن، فرهنگ، هویت. چاپ دوم، نشر نی، تهران.

• گلچین، مسعود؛ حاجیانی، ابراهیم؛ کریمی، علیرضا و منصوری، فردین (۱٤۰۱) ، نسبت زبان ملی و زبان محلی در سیاستهای فرهنگی، (مطالعه‌ی رویکرد سه نهاد آموزش و پرورش، فرهنگ و ارشاد اسلامی و صدا و سیما در شهر ایلام) ، فصلنامه علمی جامعه شناسی فرهنگ و هنر، دوره چهارم، شماره دوم، تابستان.

• لیلا، (۲۰۱۸) ، مساله‌ی قومیت و تکلیف ما، نشریه «نقد»، نقد سیاسی-نقد بتوارگی- نقد ایدئولوژی، آبان۱۳۹۷.

• متقی، افشین؛ ربیعی، حسین؛ کاویانی‌راد، مراد و یعقوب نیا، حسن (۱۳۹۸) ، آسیب شناسی سیاستگذاری کلان ج.ا. ایران با قلمروسازی زبانی در کشورهای فارسی زبان منطقه، فصلنامه جامعه‌شناسی سیاسی ایران، سال دوم، شماره چهارم، (پیاپی ۸) ، زمستان.

• متن کامل قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران همراه با اصلاحات سال ۱۳٦۸، انتشارات «تاریخ ما".

• محمدپور احمد و رضایی مهدی (۲۰۱۷) ، مطالعات کردشناسی در ایران: مروری بر موضوعات و رهیافت ها، ایران نامه، سال ۱، شماره ٤، زمستان.

• محمدپور، احمد (۱٤۰۰) ، ضد روش، زمینه‌های فلسفی و رویه‌های عملی در روش شناسی کیفی، ویراست دوم، لوگوس، تهران.

• محمودی، سید علی (۱۳۸۸) ، خودکامگی اکثریت و حقوق اقلیت ها در دمکراسی لیبرال، فصلنامه سیاست، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دوره۳۹، شماره۲.

• مسکوب شاهرخ (۱۹۸۹) ، ملیت و زبان، چاپ دوم، مهر ماه ۱۳٦۸، پاریس.

• مشهدی، علی و مهاجر گوروان، مصطفی (۱۳۹۵) ، حق بر زبان مادری در اسلام و نظام بین المللی حقوق بشر با تاکید بر حق تحصیل بر زبان، دانشگاه قم، دانشکده حقوق

و علوم سیاسی، قم.

• مصطفی زاده، اسماعیل و فزونمهر، نادر (۱۳۹٤) ، تحلیل محتوای کتاب های درسی با تاکید بر کتاب های درسی دوره ابتدایی، انتشارات آریوحان.

• مطلبی، مسعود (۱۳۸۷) ، جغرافیای سیاسی اقوام ایرانی، مسعود مطلبی، مجله زمانه، ژماره ۷۰.

• معینی علمداری، جهانگیر (۱۳۸۳) ، ایدئولوژی، گفتمان و تحلیل سیاسی، دانشنامه حقوق و سیاست، دوره ۱، شماره ۱.

• معینیان، نرمینه (۱۳۸۹) ، نگاهی به دلایل جامعه‌شناختی نابودی زبان‌ها، مطالعات جامعه‌شناسی، سال دوم، شماره هفتم، تابستان.

• ملازهی عظیمه؛ ملازهی عبدالحمید و هاشمزهی پریسا (۲۰۱٦) ، بررسی وضعیت و مشکلات زبان آموزی مناطق دوزبانه فارسی و بلوچی، کنفرانس بین المللی ادبیات و زبانشناسی، ویژه‌نامه.

. ملکیان، مصطفی (۱۳۹۳)، خطای اخلاقی و حقوقی مخالفان «آموزش زبان مادری»، روزنامه شرق، شماره ۲۲٤۲، دوم اسفند.

• مهدی میکه، هردی (۲۰۱۹) ، سیاست ایران در قبال کردها، دانشگاه سلیمانیه، مرکز اسناد و تحقیقات آکادمیک کوردستان، چاپ اول، سلیمانی.

• میرزایی، مژگان و نوین، حسین (۱۳۹٦) ، هویت ملی ایرانی در گستره تاریخی زبان فارسی، مقالات یازدهمین گردهمایی بین المللی انجمن ترویج زبان و ادب پارسی، دانشگاه گیلان، شهریور.

• میرمکری منیژه (۲۰۲۱) ، تقویت گفتمان سیاست زبانی خانواده (FLP) در جوامعی با سیاست آموزشی تک زبانه، فصلنامه «تیشک»، شماره ۵۹-٦۰، سال بیست و سوم، بهار و تابستان.

• ناصح، محمد مهدی (۱۳۸۷) ، زبان فارسی به عنوان زبان معیار، ویژه‌نامه همایش: گردهمایی سراسری انجمن ترویج زبان و ادب فارسی.

• نصیری فیروز علیرضا؛ ذاکرصالحی غلامرضا و مشکوه، مریم (۱۳۹۷) مطالعه تطبیقی آموزش عالی چند زبانه در کشورهای منتخب و درسهایی برای ایران، فصلنامه علمی

پژوهشی آموزش عالی ایران، سال دهم، شماره دوم، تابستان.

• نیازی، محسن ؛ شفائی مقدم، الهام و خدمتکار، داود (۱۳۹۲) ، زبان و هویت، تبیین رابطه زبان خارجی و هویت فردی، اجتماعی، فرهنگی و ملی. مطالعات فرهنگی و ارتباطات، سال نهم، بهار ، شماره ۳۰.

• هادی، اسماعیل (۱۳۸۳) ، حاشیه‌ای بر زبانشناسی، چاپ اول، چاپ (بی جا).

. واخیده، محمد؛ صراحی، محمدامین و دانای طوس، مریم (۱٤۰۰)، بررسی حیات زبانی مازندرانی در مناطق شهری، مجله زبان فارسی و گویش های ایرانی، سال ششم، دوره اول، بهار و تابستان، شماره پیاپی۱۱.

پێگە ئەلکترۆنییەکان:

• ئیبراهیم، هۆگر (۲۰۱۷)، نەتەوەسازی لە چوارچێوەی دەوڵەتسازیدا، لینک:

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/469-2018-09-02-18-56-38

• بەرزەنجی، هەڵۆ (۲۰۲۲)، ناساندنی کتێبی بیرەوەرییەکانی مووسا عەنتەر، لینک:

https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=90945

• جەلیلیان، ئاکۆ (۲۰۲۰)، لینک:

https://www.picuki.com/tag / کوردیکا/

• حەمە عزیز، کنێر عەبدوڵڵا(۲۰۱۷)، نەتەوەسازی لە چوارچێوەی دەوڵەتسازیدا، ماڵپەڕی پێنووس، لینک:

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/468-2018-09-02-18-56-38

• ڕۆئینتەن، ئەلبورز (۲۰۱۹)، هەوڵەکانی سمکۆی شکاک بۆ بەرەوپێش بردنی بواری خوێندن و ڕۆژنامەگەری، ماڵپەڕی کوردستان میدیا. لینک:

https://kurdistanmedia.com/so/news/

• سورخی، ڕەحیم (۲۰۱۷)، ئایدۆلۆژیی زمانیی دەوڵەتەکان و تێڕوانینی ئاخێوەرانی کورد بۆ زمانەکەیان، ماڵپەڕی پێنووس، ۱/۳/۲۰۱۷، لینک:

/https://penus.krd/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/327-2018-09-02-18-56-38

• شێخولئیسلامی، جەعفەر (۲۰۲۳)، زمانی کوردی یەکێک لە گرینگترین، بەئەمەگترین و، خۆشەویستترین لایەنگران و پشتیوانانی لەکیس چوو. ئەکاونتی زمان و زمانناسیی کوردی، Kurdish Language and Linguistics لە فەیسبووک،۲۰۲۳/٦/۱، لینک:

https://www.facebook.com/groups/106365960189402

• فەرەج، جمالّ حەبیبوڵلا (بێدار) (۲۰۱۰)، فەرهەنگی وشەنامە، لە بڵاو کراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، لینک:

https://lex.vejin.net/ck/text/wishename

• قازی، حەسەن (۲۰۱۰)، بەیاننامەی جیهانیی مافە زمانییەکان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ماڵپەڕی ڕوانگە، لینک:

http://ruwange.blogspot.com/2010/02/universal-declaration-of-linguistic.html

• قەرەداغی، عەتا (۲۰۱۷)، «لە نێوان دوانەی دەوڵەتسازی و نەتەوەسازیدا: دەوڵەت و شوناس!» ماڵپەڕی خەندان، لینک:

https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=1023&nuser=1017

• کوردستانوکورد (۲۰۲۲)، ۲۰۲۲/۸/۲۸، لینک:

https://kurdistanukurd.com/?p=97142

• موهتەدی، سیامەند (۲۰۲۱)، پێناسە کردنی نەتەوە و نەتەوەخوازی-بەشی یەکەم، ماڵپەڕی خاک، ۲۰۲۱/۰٦/۱۲، لینک:

https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=26929&type=komalayati

• ویممەر، ئاندرێیاس (۲۰۱۹)، سەرهەڵدانی دەوڵەت و نەتەوەسازی، کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی، ماڵپەڕی کوردستانوکورد. لینک:

https://kurdistanukurd.com/?p=46107

• آنگیل، م و سلیمی، عباس (۲۰۰۵)، سخنی در باره آموزش زبان مادری و آموزش به زبان مادری، سایت انجمن پارسی، ۳ فروردین ۱۳۹٤، لینک:

https://angilo.niloblog.com/p/23

• احمدی، لیلا (۲۰۲۰)، معرفی کتاب «آموزش و پرورش و بازتولید نابرابری»، سایت «انسان شناسی و فرهنگ»، ۲۳مهر ۱۳۹۸، لینک:

/https://anthropologyandculture.com

• اعلامیه حقوق افراد متعلق به اقلیت‌های ملی یا قومی، مذهبی و زبانی، مصوب ۱۸ دسامبر ۱۹۹۲، سایت بنیاد عبدالرحمن برومند برای حقوق بشر، لینک:

https://www.iranrights.org/fa/library/document/156/declaration-on-the-rights-of-persons-belonging-to-national-or-ethnic-religious-and-linguistic-minorities

• اساسنامه فرهنگستان زبان و ادب فارسی - مصوب ۲٤/۱۱/۱۳٦۸، لینک:

https://www.qavanin.ir/Law/PrintText/84066

• اسماعیلی، سحر(۲۰۲۳)، شبکه اجتماعی تویتر، ۲۲ آگوست، لینک:

https://twitter.com/esmaili8sahar/status/1693901004813525481

• اصولیان، فاضل. (۲۰۱۸). آسیمیلاسیون کردها و نقش زبانشناسان ایرانی، سایت «آزادی بیان»، ۱٦ آگوست، لینک:

https://www.azadi-b.com/book/asimilasyon_F_A.pdf

• ایرانپور، ناصر.(۲۰۰۳)، فدرالیسم در سوئیس، یک تجربه موفق تاریخی، سایت نویسنده. لینک:

http://www.nasser-iran.com/Rojin/PDF

• باورصاد، شهلا.(۲۰۱۰)، ایدئولوژی، مطلق گرایی و توتالیتاریسم، سایت «ایران امروز»:

/https://www.iran-emrooz.net/index.php/think/more/22862

• بیانیه حقوق افراد متعلق به اقلیتهای ملی، نژادی، مذهبی و زبانی، مصوب مجمع عمومی سازمان ملل (۱۸ دسامبر ۱۹۹۲)، سایت سازمان ملل در ایران. لینک:

www.unic-ir.org/hr

• پیوندی، سعید. (۲۰۱۱) ایران و مساله‌ای به نام زبان مادری، سایت رادیو فردا، ۳ اسفند ۱۳۸۹. لینک:

https://www.radiofarda.com/a/f11_iran_unesco_mother_language_day/2316504.html

• چالش‌های حل‌نشده آموزش و پرورش در ایران(۲۰۱۷)، دویچه‌وله فارسی، گزارش، تاریخ ۲۲. ۰۹. ۲۰۱۷. لینک:

https://www.dw.com/fa-ir//a-40624912

• پیوندی، سعید (۲۰۱۹)، «آموزش در ایران و چالش زبان مادری»، سایت رادیو فردا، لینک: https://www.radiofarda.com/a/commentary-on-the-right-of-learning-the-first-language/30447503.html

• پیوندی، سعید (۲۰۲۰)، «آموزش در ایران و چالش زبان مادری»،۰۲/ اسفند/۱۳۹۸، سایت رادیو فردا، لینک:

https://www.radiofarda.com/a/commentary-on-the-right-of-learning-the-first-language/30447503.html

• تبریزی، آیدین (۲۰۰۸)، ملت ایران، یا مردم ایران؟ سایت ایران گلوبال، لینک:

https://iranglobal.info/node/22785

• جداری حسن (۲۰۱۹)، اقوام، ملت یا ملت های ایران؟، اردیبهشت ماه سال ۱۳۹۸، سایت پژواک ایران، لینک:

https://www.pezhvakeiran.com/maghaleh-96737.html

• حبیبی، آرش (۲۰۲۲)، کدگذاری در تحلیل محتوا، سایت پارس مدیر، ۳ خرداد ۱۳۹۹،لینک:

https://parsmodir.com/db/research/coding.php

• حقمرادی، محمد (۲۰۱٦)، واسازی گفتمانهای ملی گرایانه، (بحثی در هویت و زبان مادری)، سایت «هانا خبر» ٦ نوامبر. لینک:

https://www.hanakhabar.ir/news.php?id=436D8586&news

• درویش، ابراهیم (۲۰۱۷)، مهارت های چهارگانه زبان، نکاتی برای یادگیری

سریعتر زبان، سایت «علم فردا»، تاریخ انتشار: ۱۲ دی ۱۳۹۵. لینک:

https://www.elmefarda.com

• رحمانی، جبار (۲۰۲۱)، «دیگری و کیستی ما، از دیگری ناامن تا خودهای فروبسته»، ۲۶ آذر۱۴۰۰، سایت انسان شناسی و فرهنگ. لینک:

https://anthropologyandculture.com

• رفیعی، مهسا (۲۰۲۱)، تکنیک تحلیل مضمون، ۷ مهر۱۴۰۰، سایت مدیر آماری. لینک:

https://modireamari.org

• سرخابی، امین (۲۰۱۱)، زبان خانه‌ی هستی است، اسفند ۱۳۹۰، وبگاه نویسنده، لینک:

http://aminsorkhabi.blogspot.com/2011

• سرخابی، امین (۲۰۱۳)، زبان در قدرت و قدرت در زبان، ۲ اسفند ۱۳۹۱، سایت روز، لینک:

https://rooz.hilnu.com/persian/news/newsitem/article/-7a94268563

• سرکوهی، فرج (۲۰۲۱) ، برابری زبانی و نهادینه شدن دموکراسی، صفحه فیسبوک «پایان یک زبانی». لینک:

https://www.facebook.com/search/top

• شیخ زاده، محمد (۲۰۲۱)، تحلیل مضمون سیاست های کلی نظام، انجمن علمی مدیریت دولتی ایران، کارگاه آموزشی آشنایی با روش تحلیل مضمون، دانشگاه بجنورد، ۲۹ آذر ۱۴۰۰. لینک:

https://sheikhzadeh.blog.ir

• صالحی لاهیجی، منوچهر (۲۰۱۹)، ناسازگاری سوسیالیسم و شوونیسم قوم‌گرایانه، سایت ملیون، جمعه ۹ فروردین ۱۳۹۸. لینک:

https://melliun.org/iran/201946

• کاهانی مقدم، کاظم (۲۰۰۵)، بررسی نقش زبان از منظر روانشناسی و تعلیم و

تربیت؛ سایت فن بیان، لینک:

http://fann-e-bayan.blogfa.com/post/1865

• کلان، امیر (۲۰۱۷)، آموزش چند زبانه پیش شرط توسعه پایدار در یک جامعه چند فرهنگی، سایت رادیو فردا،۱۲ بهمن ۱۳۹۵. لینک:

https://www.radiofarda.com/a/f3-language-commentary/28277998.html

• محبی، محمد (۲۰۲۱). ایران ستیزی با اسلحه زبان، نامه پان ایرانیسم، شماره ۲۱، دوشنبه ۲۹ دیماه ۱۳۹۹، ۱۸ژانویه۲۰۲۱. لینک:

https://paniranism.info/9166.htm

• معین، محمد. فرهنگ فارسی معین(آنلاین)، سایت آبادیس. لینک:

https://abadis.ir/fatofa

• ملکیان، مصطفی (۲۰۱۵) گفتگو با اصغر زارع کهنمویی، روزنامه‌ی شرق، شماره ۲۲٤۲ – ۱۳۹۳ شنبه ۲ اسفند. لینک:

/https://neeloofar.org/21193-2

• مهدیان، اومود (۲۰۱۵)، ملی گرائی ایرانی و چند زبانگی، سایت اخبار روز، سه‌شنبه ۳ شهریور ۱۳۹۴. لینک:

http://www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=68869

• میثم بادامچی، (۲۰۱٦) ، حقوق اقلیت‌ها همچون پاسخی به ملت‌سازی، سایت رادیو زمانه. لینک:

/https://www.radiozamaneh.com/318570

• ورزنده، امید (۲۰۲۰)، راه اندازی فرهنگستان زبان و ادبیات کردی یک ضرورت است(میزگرد خبرگزاری مهر)، ١٤ مرداد ۱۳۹۹، لینک:

https://www.mehrnews.com/news/4989986

• ویلیما و هریسون، ام (۲۰۲۱) ، زبان های بومی افریقایی در رویارویی با زبان های استعماری، (گفتگو با دویچه‌وله فارسی) ۲۲ فوریه ، سایت (اطلاعات روز):

- https://www.etilaatroz.com/.
- همشهری(۱۴۰۰)، جدیدترین آمار بی‌سوادان در کشور اعلام شد، پنجم دی، لینک:

hamshahrionline.ir/x7vXk

سەرچاوە بە ئینگلیزی:

- - ALSHAHRANI, A., 2020. Linguistic imperialism and the English language: a review of literature. Ad Alta: Journal of Interdisciplinary Research, 10(1).
- -Gabrielle Kotkov , What are different models of bilingual education? https://multilingualmontessori.org/what-are-different-models-of-bilingual-education
- -Kusters, A., Green, M., Moriarty, E., & Snoddon, K. (2020). Sign language ideologies: Practices and politics. Sign language ideologies in practice.
- -Liddicoat, A., & Baldauf, R. B. (Eds.). (2012). Language planning and policy: Language planning in local contexts. Multilingual Matters.
- -Longman Dictionary online.
- -Oxfords Dictionary online.
- -Prof. Peter. L Patrick. (2017), Linguistic Human Rights: A Sociolinguistic Introduction, Link:
- http://privatewww.essex.ac.uk/~patrickp/lhr/linguistichumanrights.htm
- (Tabouret, 2008: 317).
- -Saif Al-Nakeeb, O.A.M. and Kunjamma, S., 2018. Language and Ideology: Linguistic and Philosophical Perspectives. Language in India, 18(10).
- -Sheyholislami, J. (2015). Language varieties of the Kurds. In W. Taucher, M. Vogl, & P. Webinger (Eds.), The Kurds: History, religion, language, politics (pp. 30-51). Vienna, Austria: Austrian Federal Ministry of the Interior.
- -Sheyholislami, J. (2019). Language as a problem: Language policy and language rights in Kurdistan-Iran. Etudes Kurdes, December 2019, 99-134.
- - Skutnabb-Kangas, T. and Phillipson, R., 1996. Linguicide and linguicism. Kontaktlinguistik. Contact Linguistics. Linguistique de contact. Ein Internationales Handbuch zeitgenössiger.
- -Tabouret-Keller, A., 2008. Language and identity. The handbook of sociolinguistics. Blackwell Publishing.
- -The Kurdish population,Link: https://www.institutkurde.org/en/info/the-kurdish-population-1232551004
- http://privatewww.essex.ac.uk/~patrickp/lhr/linguistichumanrights.htm

چکیده

از اوایل سده بیستم تا به امروز، سیاست تک‌زبانی در نظام آموزشی ایران ابزار ملت حاکم در راستای دولت - ملت سازی آن بوده است. این سیاست زبانی حکومتگران ایرانی تأثیر منفی شدیدی بر زبان‌های غیر فارسی در این کشور داشته است. برخی از این زبان‌ها کاملا از بین رفته‌اند، برخی هم در آستانه نابودی قرار گرفته‌اند (مانند زبان‌های مازنی و گیلکی)، و برخی نیز با خطر نابودی مواجه گشته‌اند (مانند زبان‌های کردی و بلوچی). بیم از نابودی این زبان‌ها، باعث شده است که مطالبه‌ی آموزش به زبان مادری به یکی از اصلی‌ترین خواسته‌های گروه‌های اقلیت شده ایران، از جمله کردهای خاور کردستان، تبدیل شود.

اگرچه تا کنون شماری از پژوهش ها به اهمیت آموزش به زبان مادری برای کردهای خاور کردستان پرداخته‌اند، اما هنوز نمی‌دانیم که مردم، یا نخبگان کرد چه نظری درباره آموزش به زبان مادری دارند. به‌طور خاص، تمرکز ما بر روی نخبگانی از خاور کردستان است که در آن منطقه زندگی می‌کنند و ممکن است به‌دلیل محدودیت‌ها امکان بیان آزادانه دیدگاه‌های خود درباره این موضوع را نداشته باشند. نظرات این نخبگان، با توجه به تجربه آن‌ها با گفتمان غالب در کشور و آگاهی آنان از نگرش مردم عادی به آموزش زبان مادری، دارای اهمیت قابل توجهی است.

برای درک بهتر سیاست زبانی در ایران، در رابطه با آموزش به زبان مادری در خاور کردستان و اطلاع از دیدگاهها و نظرات کردها در رابطه با این موضوع مهم، مصاحبه‌های کتبی با ۵۱ فعال زبان شناس، شاعر، نویسنده، هنرمند، معلم و پژوهشگر در خاور کردستان انجام شده است. این افراد به‌گونه‌ای انتخاب شده‌اند که در برگیرنده تنوعات مختلف شهری، گویشی و جنسیتی باشند.

این پایان‌نامه در راستای دستیابی به پاسخ دو سؤال زیر، نظرات نخبگان خاور کردستان را جویا شده و بررسی کرده است:

۱. در آینده‌ای بهتر برای ایران و خاور کردستان، چه نوع سیاست زبانی‌ای باید اتخاذ شود که هم با واقعیت تنوع ملی و زبانی ساکنان ایران سازگار باشد و هم با مطالبات و حقوق ملی ساکنان این بخش از کردستان همخوانی داشته باشد؟

۲. چه نوع برنامه‌ای باید تدوین شود تا سیاست زبانی مورد نظر عملی گردد؟

جز یک مورد، همه شرکت‌کنندگان در پژوهش، پاسخ‌های خود را به صورت کتبی ارائه

کرده‌اند. پاسخ‌های آنان با استفاده از روش توصیفی و تحلیل تماتیک بررسی شده است. پاسخها در پرتو نظریه‌های سیاست زبانی، پلورالیسم زبانی، حقوق زبانی و آموزش به زبان مادری، تحلیل و بررسی شده‌اند. یافته‌ها و نتایج حاصله از بررسی و تحلیل آن ها به‌طور خلاصه به شرح زیر است:

۱. آموزش به زبان مادری در خاور کردستان مطالبه و خواست اکثریت قریب به اتفاق مصاحبه‌شوندگان است. چنینن مطالبه و خواستی در دایره‌ای بزرگتر، مطالبه و خواست اکثریت اقشار و بخش های مردم آن منطقه است که در موارد و مناسبت های گوناگون خود را به روشنی آشکار ساخته است.

۲. موضوعات و مفاهیمی که در بیشتر پاسخ‌ها مشاهده شده‌اند، عبارتند از: هویت، حقوق زبانی، ملت‌سازی، حفظ زبان، همزیستی مسالمت‌آمیز، توسعه اقتصادی و اجتماعی، تولید آثار ادبی و هنری به زبان کردی، عدالت زبانی، آگاهی زبانی، فرصت‌های زبانی، آموزش چند زبانه و سیاست‌های مبتنی بر برابری زبانی.

۳. بیشتر پاسخ‌دهندگان نگران آن هستند که عدم آموزش به زبان کردی در مدارس خاور کردستان، به مرور زمان و تحت فشار حکومت و غلبه زبان رسمی، موجب کاهش تدریجی کاربرد این زبان شود. آنها بیم دارند که با کنار گذاشته شدن زبان کردی در زیستگاه‌ها و حوزه‌های مختلف زندگی مردم، از جمله خانه و خانواده، این زبان به تدریج از فرهنگ و زندگی روزمره کردها حذف شود و در نهایت به همگون‌سازی زبانی منجر گردد.

٤. اگرچه حفاظت از زبان‌ها وظیفه دولت و نهادهای مرتبط با آن است، لیکن در کشوری که دولت و نهادهای مرتبط با آن نماینده و منتخب مردم و حافظ و مدافع هویت های غیر رسمی نیستند، گویشوران آن زبان ها به ویژه روشنفکران، زبانشناسان، نویسندگان، و نهادها وکانون های فرهنگی موظف به حفاظت از این مهم هستند.

۵. در خاور کردستان، آگاهی زبانی و احساس مسئولیت افراد نسبت به زبان و هویت ملی در سطح قابل توجهی قرار دارد. به همین دلیل، جنبشی توده‌ای با وجود تمامی موانع موجود در راستای اهدافی از قبیل: حفظ هویت کردی در این منطقه، تقویت و گسترش تلاش‌های فردی و داوطلبانه برای آموزش زبان کردی، تشویق به نوشتن به این زبان، تأکید بر تهیه و تدوین فرهنگ‌نامه‌ها و انجام تحقیقات علمی در حوزه گویش‌های متنوع کردی در جریان است. این اقدامات خطراتی که زبان کردی را تهدید می‌کنند، تا حدودی کاهش داده و روند همگون‌سازی این زبان را کندتر ساخته‌اند. با این حال، این روند ممکن است پیامدهای مثبت و منفی متفاوتی به همراه داشته باشد.

واژگان کلیدی: سیاست زبانی، تکثر زبانی، چند زبانی در سیستم آموزشی، خاور کردستان.

ملخص البحث

في بداية القرن العشرين ولحد الآن فى الايران السياسة الوحيدة في مجال التربية هي استخدامهم اللغة الفارسيه كاداة في خدمة التسلط القومي ومؤسساتها الحاكمة على البلاد. هذه السياسة اللغوية لحكام ايران لها تاثير سلبي على بقية اللغات الغير الفارسية بعض هذه اللغات انقرضت بشكل كامل. وقسم منهم على وشك الإنقراض مثل اللغة (مازني و كيلكي) وقسم آخرمهددة باللإنقراض مثل اللغة(الكوردية و البلوجية). وهذا الخوف من إنقراض اللغات أدى إلى ظهور دعوات لمثلين أقليات القوميات الاخرى بإستخدام لغاتهم الأم في مجال التربية بشكل اكاديمي و استخدام اللغة الكوردية في شرق كوردستان.

هناك عدد من البحوث تناول استخدام اللغة الكوردية في مجال التربية في شرق كوردستان، ولكن نحن لانعرف مدى اختيار الشعب الكوردي في شرق كوردستان كيفية استخدام آلية لغة الأم في مجال التربية، نقصد هنا اختيارات داخل الدولة التي يعيشون فيها، هؤلاء ربما لا يستطيعون التعبير عن آرائهم بكل حرية حول هذا الموضوع، آراء هؤلاء مهم جدا، لأنه لديهم تجربة حول خطاب الدولة بالنسبة لهذا الموضوع. أيضا هؤلاء على علم حول الدراسة بلغة الأم فى شرق كوردستان ومعرفتهم عن ماذا يريد الشعب الكوردي في شرق كوردستان.

بهدف فهم أوضح للسياسة اللغوية فى إيران ومستوى الدراسة باللغة الكوردية في شرق كوردستان تم المخاطبة مع (٥١) احدى وخمسون ناشط لغوي، شاعر، كاتب، فنان، معلم و باحث في شرق كوردستان. تم اختيار هؤلاء الذين يمثلون مدن مختلفة في شرق كوردستان وأجناس مختلفة.

حاولت هذة الاطروحة أخذ آراء المخاطبين بهدف الوصول الى الاجابة لهذين السؤالين الرئيسين:

١- لمستقبل أفضل لإيران وشرق كوردستان يجب ان يطبق اية سياسة لغوية، يلائم مع واقع التعدد القومي والتعدد اللغوي لسكان إيران، وكذلك مع طموح حقوق القومية لسكان هذا الجزء من كوردستان؟

٢- يجب وضع أية آلية لتطبيق هذه السياسة اللغوية؟

لقد تم الاجابة من قبل هولاء الأشخاص باسلوب كتابي، تم تحليل هذه الإجابات حسب منهج وصفي تحليلى(تيماتيك). تم تحليل إجاباتهم على ضوء النظريات السياسة اللغوية،

الإزدواجية، حق اللغوي والدراسة بلغة الأم و فرزهم عن بعضهم البعض. لكي نصل الى عدة إجابات موثوقة لأسئلة البحث. نستطيع ان نلخص الإجابات التي حصلنا عليها وتصنيفهم وإختصارها حسب النقاط التالية:

١-الرغبة والطموح لدى أكثرية فائقة من الذين تم توجيه الاسئلة اليهم هم و يريدون التربية بلغة الأم في شرق كوردستان، هذه الرغبة والطموح ليست فقط تعبر عن آرائهم فقط بل هى رغبة واسعة لجموع شعب في شرق كوردستان.

٢-استنتج مفاهيم عديدة من هذه الإجابات مثل(الهوية، حق اللغوي، الأمة، حفظ اللغة، التعايش السلمي، تقدم الإقتصادي والإجتماعي، إختراعات باللغة الكوردية، العدالة اللغوية، الوعي اللغوي، فرص اللغوي، تعدد اللهجات في التربية، السياسة اللغوية المتوازية).

٣- أكثرية الذين تم توجيه الاسئلة اليهم هم في حالة من القلق اذا لم تبدأ الدراسة باللغة الكوردية في مدارس شرق كوردستان، ويمكن بالتدرج تأثيرها تتم تحت ضغوطات من قبل السلطات الحكومية واللغة المسيطرة على اللغة الكوردية وعدم إفساح المجال لتطويرها. هؤلاء يخافون من اللغة الكورية وبيئتها بحيث مستقبلا لا يستخدم في مجال المنزل والعائلة وبشكل كامل تختفي ثقافتها الحياتية وعدم استخدامها وإنقراضها.

٤- أن حفظ اللغة هي من واجب الحكومة ومؤسساتها المعنية، ولكن في بلد مثل إيران إن الحكومة ومؤسساتها لا تعبرعن اختيارات الشعب والحفاظ على هويتهم و طموحاتهم القومية في هذه الحالة، الوظيفة الأساسية للمخاطبين إن يحافظوا على لغتهم، خاصة المثقفين واللغوين والكتاب و المنظمات والجمعيات الثقافية.

٥- الوعي اللغوي لدى أفراد في شرق كوردستان والمهتمين حول اللغة الكوردية بشكل عام في مستو جيد، لذلك نجد هناك حركة جماهيرية رغم كل المشاكل تقوم بتادية هذه الواجبات:

(حفظ الهوية الكوردية في شرق كوردستان، تطوير التربية الغير الرسمية عن طريق المتطوعين من أجل تعلم اللغة الكوردية، تشجيع الكتابة باللغة الكوردية، الأهتمام باعداد القواميس ومحاولة البحث العلمى في مجال اللهجات الكوردية، بهذا الشكل يتم تقليص المخاوف على اللغة الكوردية وتقليل عملية إنصهارها.)

مفاتح الكلمات: السياسة اللغوية، الإزدواجية اللغوية، التعدد اللغوي في التربية، شرق كوردستان، التربية بلغة الأم، التحليل الموضوعي(تيماتيك).

پاشکۆ

بەڵگەنامە

زانستگای کوردستان
فۆلیجی زمان و ئەدەبیات
بەشی زمان و ئەدەبی کوردی

چارتی وانەکانی قۆناغی کارناسیی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی (١٣٩٦ بە دواوە)

ترمی یەکەم ١٦ یەکە				
ژمارە	ناوی وانە	کۆدی وانە	یەکە	پێش‌مەرج	جۆری وانە
١	ڕێنووسی کوردی	٢٠١٨٠٥٤	٢		بنەڕەتی و سەرەکی
٢	وشەناسیی کوردیی سۆرانی	٢٠١٨٠٥٥	٢		بنەڕەتی و سەرەکی
٣	وشەناسیی عەرەبی	٢٠١٨٠٣١	٢		بنەڕەتی و سەرەکی
٤	زمان خارجە		٣		گشتی
٥	زمان فارسی		٣		گشتی
٦	اندیشە اسلامی (١)		٢		گشتی
٧	دانش و جمعیت خانواده		٢		گشتی

ترمی دووەم ١٤ واحد				
ردیف	ناوی وانە	کۆدی وانە	یەکە	پێش‌مەرج	جۆری وانە
١	پەخشاکانی ئۆزەناسی	٢٠١٨٠٤٢	٢		بنەڕەتی و سەرەکی
٢	ڕستەسازیی کوردیی سۆرانی	٢٠١٨٠٥٩	٢		بنەڕەتی و سەرەکی
٣	ڕستەسازیی عەرەبی	٢٠١٨٠٣٢	٢		بنەڕەتی و سەرەکی
٤	دەنگناسی و واژناسی	٢٠١٨٠٠٥	٢		بنەڕەتی و سەرەکی
٥	زمانی ئینگلیزی ١	٢٠١٨٠٣٤	٢		پسپۆرانە
٦	شیعری کلاسیکی فارسی	٢٠١٨٠٦٢	٢		بنەڕەتی و سەرەکی
٧	اندیشە اسلامی (٢)		٢	اندیشە اسلامی (١)	گشتی

ترمی پێنجەم ۱۹ یەکە					
ژمارە	ناوی وانە	کۆدی وانە	یەکە	پێش‌مەرج	جۆری وانە
۱	مێژووی ئەدەبی کوردی (۳): ئەدەبی سۆرانی	۲۰۱۸۹۰۲	۲		پێویستە
۲	دەقەکانی ئەدەبی کوردیی سۆرانی (۱)	۲۰۱۸۰۷۴	۲		پێویستە
۳	ڤۆنایکانە ئەدەبییەکان	۲۰۱۸۱۱۲	۲		پێویستە
۴	زاراوەناسی	۲۰۱۸۰۶۱	۲		بنەڕەتی و سەرەکی
۵	ئەدەبی حەماسی (۲)	۲۰۱۸۰۷۸	۲	ئەدەبی حەماسی (۱)	پێویستە
۶	فەرهەنگ و داب‌ونەریتی نێزان	۲۰۱۸۰۷۹	۲		پێویستە
۷	پەخشانی هاوچەرخی فارسی	۲۰۱۸۱۰۰	۲		بنەڕەتی و سەرەکی
۸	ڕێزمانی کوردیی کەڵهوری	۲۰۱۸۰۵۹	۲		بنەڕەتی و سەرەکی
۹	پەڵاشات لە ئەدەبی کوردیدا: ڕووبێژی، زەوانێژی	۲۰۱۸۰۶۸	۲	کێشی شیعری کوردی	پێویستە
۱۰	تربیت بدنی (۱)		۱		گشتی

ترمی شەشەم ۱۹ یەکە					
ژمارە	ناوی وانە	کۆدی وانە	یەکە	پێش‌مەرج	جۆری وانە
۱	مێژووی ئەدەبی کوردی (۴): ئەدەبی هاوچەرخ	۲۰۱۸۰۱۳	۲		پێویستە
۲	دەقەکانی ئەدەبی کوردیی سۆرانی (۲)	۲۰۱۸۰۷۵	۲	دەقەکانی ئەدەبی کوردیی سۆرانی (۱)	پێویستە
۳	دەقەکانی ئەدەبی کەڵهوری، لەکی و فەیلی	۲۰۱۸۰۷۳	۲		پێویستە
۴	شێوازناسی و شێوازە ئەدەبییەکان	۲۰۱۸۱۰۷	۲	ڤۆنایکانە ئەدەبییەکان	پێویستە
۵	پێگەی ڤۆرنان و حەدیس لە ئەدەبی کوردیدا	۲۰۱۸۱۱۱	۲		پێویستە
۶	بنەماکانی وەرگێڕان	۲۰۱۸۱۱۰	۲		پێویستە
۷	فەرهەنگنووسین	۲۰۱۸۰۰۹	۲	بنەماکانی زمانناسی	بنەڕەتی و سەرەکی
۸	شێوازی لێکۆڵینەوە و سەرچاوەناسی	۲۰۱۸۰۰۸	۲		بنەڕەتی و سەرەکی
۹	تەفسیر موضوعی قرآن کریم		۲		گشتی
۱۰	تربیت بدنی(2)		۱	تربیت بدنی (۱)	گشتی

ترمی حەوتەم ۱۶ یەکە				
ژمارە	ناوی وانە	کۆدی وانە	یەکە	پێشمەرج	جۆری وانە
۱	شیعری هاوچەرخی کوردی (۱)	۲۰۱۸۱۰۳	۲		پسپۆرانە
۲	بەخشانی هاوچەرخی کوردی (۱)	۲۰۱۸۱۰۵	۲		پسپۆرانە
۳	بنەماکانی رەخنە و تیۆریی ئەدەبی	۲۰۱۸۱۰۸	۲	شێوازناسی و شێوازە ئەدەبییەکان	پسپۆرانە
۴	بنەماکانی ئەدەبی چیرۆک	۲۰۱۸۰۲۰	۲	شێوازناسی و شێوازە ئەدەبییەکان	پسپۆرانە
۵	وەرگێڕانی دەقە چاپکراوە فارسییەکان بە کوردی	۲۰۱۸۰۸۴	۲	بنەماکانی وەرگێڕان	پسپۆرانە
۶	ئەدەبی بەراوردکارانەی فارسی و کوردی (۱): ئەدەبی نابینی	۲۰۱۸۰۸۰	۲		پسپۆرانە
۷	بنەماکانی عیرفان و سۆفیگەری	۲۰۱۸۰۸۲	۲		پسپۆرانە
۸	انقلاب اسلامی و ریشه های آن		۲		گشتی

ترمی هەشتەم ۱۶ یەکە				
ژمارە	ناوی وانە	کۆدی وانە	یەکە	پێشمەرج	جۆری وانە
۱	شیعری هاوچەرخی کوردی (۲)	۲۰۱۸۱۰۴	۲	شیعری هاوچەرخی کوردی (۱)	پسپۆرانە
۲	بەخشانی هاوچەرخی کوردی (۲)	۲۰۱۸۱۰۶	۲	بەخشانی هاوچەرخی کوردی (۱)	پسپۆرانە
۳	ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا	۲۰۱۸۱۰۹	۲	بنەماکانی رەخنە و تیۆریی ئەدەبی	پسپۆرانە
۴	ئەدەبی منداڵان	۲۰۱۸۰۸۲	۲		پسپۆرانە
۵	وەرگێڕانی دەق	۲۰۱۸۰۲۳	۲	بنەماکانی وەرگێڕان	پسپۆرانە
۶	ئەدەبی بەراوردکارانەی فارسی و کوردی (۲)	۲۰۱۸۰۸۱	۲	ئەدەبی بەراوردکارانەی فارسی و کوردی (۱): ئەدەبی نابینی	پسپۆرانە
۷	تاریخ تحلیلی صدر اسلام		۲		گشتی
۸	وانەی بژاردە		۲		بژاردە

3. Most respondents are concerned that Kurdish may eventually lose ground to the dominant language of the country if education in the mother-tongue is not implemented in Iran. In the absence of mother-tongue education for minorities in Iran, Kurdish may gradually be replaced in various domains, including the home and family. If this happens, the Kurdish language will disappear from Kurdish culture.

4. Although the protection of languages is the duty of the government and its relevant institutions, in a country where the government and its relevant institutions are not the representatives of, or elected by, the people, the only ones who can protect the language are the native speakers of that language.

5. Kurdish people in Eastern Kurdistan enjoy a good level of awareness about, and concern for, their language and identity. With the noble objective of protecting and cultivating their language and identity, grassroot movements have embarked on running private and volunteer Kurdish classes, complaining about speaking and writing in Kurdish, compiling glossaries and dictionaries, and conducting academic research on Kurdish dialects, among others. These endeavors have, to some extent, lessened the real threats of language endangerment and has slowed down the assimilation that the Kurdish language has faced in the past several decades in Iran. This, however, could have both positive and negative outcomes.

Keywords: Language policy, language pluralism, multilingualism in education, East Kurdistan, mother tongue education

Abstract

Since the beginning of the 20th century, a monolingual policy in education has been used in Iran as a tool in the service of nation-state building. This language policy of the Iranian authorities has had a very negative impact on the non-Persian languages. Some of these languages are completely extinct, some are on the verge of extinction (such as Mazani and Gilaki), and some are under the threat of endangerment (such as Kurdish and Baluchi). This fear of language extinction has made the demand for education in the mother-tongue one of the main demands of Iran's minoritized groups, including the Kurds of Eastern Kurdistan.

Although few studies have investigated the importance of mother tongue education for the Kurds in Eastern Kurdistan, we still do not know how the people or elites and experts of that region view education in the mother tongue. To be more specific, our focus is on the experts from Eastern Kurdistan who reside in that region and who may not have had the means of expressing their views freely on the topic. Because of their experience with the dominant discourse in the country, and their access to opinions of the Kurdish public, these experts' views are critical to better understanding of whether and how Eastern Kurds desire mother-tongue education, and what obstacles exist in fulfilling their desire.

To better understand Iran's language policy towards mother-tongue education from the perspectives of Kurdish-speaking experts, written interviews were conducted with fifty-one language activists, poets, writers, artists, teachers, and researchers in Eastern Kurdistan. These people have been selected to represent not only different cities of that region but also different genders.

This thesis has sought these experts' opinions to answer the following two questions: (1) What language policy with respect to mother-tongue education should be followed that would be compatible with the multinational and multilingual characteristics of Iran, and with the demands and rights of the Kurds in Eastern Kurdistan? (2) What circumstances must exist to implement such an ideal language policy?

Research participants have provided written responses to our questions. Their responses were analyzed using both descriptive and thematic analyses. The results of these analyses have been interpreted considering theories of language policy, language pluralism, language rights and mother tongue education. The findings and conclusions can be summarized as follows:

1. Education in the mother tongue is the desire of most respondents in Eastern Kurdistan. This is also the demand of most people from that region based on the experiences of the experts that were interviewed.

2. Mother-tongue education in Eastern Kurdistan is important because it is tied to the following themes and concepts: identity, language rights, nation building, language maintenance, peaceful coexistence, economic and social development, creativity in Kurdish, linguistic justice, language opportunity, language diversity in education, and balanced language policy.

Impressum:
Verlag:
TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan.
Verlags- bzw. Erscheinungsort:
Bonn
Titel:
Language policy and planning for education in East Kurdistan
Autor:
Dr. Qadir Wirya
Druck: Eigendruck
Vertrieb: TISHK
Anschrift der Redaktion:
TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
Postfach: 840108
51033 Köln
Email: info@tishk.org
Webseite: www.tishk.org

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

TISHK Center for Kurdistan Studies

TISHK Book (16)
Oktober 2025
Bonn

Copyright.

© 2025 by TISHK Center for Kurdistan Studies is licensed under CC BY-NC 4.0

This book is published under the Creative Commons Attribution 4.0 International Licence, which permits use, copying, adaptation, distribution and reproduction in any medium or format, provided you give proper credit to the original author(s) and the source.

TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
P.O.: 840108
51033 Cologne
www.tishk.org
info@tishk.org
Tel.Nr.: +4915110338428

ISBN 978-3-68939-012-9
eISBN 978-3-68939-013-6
ISSN 3052-2242
DOI 10.69939/TISHK0016

The **TISHK Book**s is a platform dedicated to promoting and distributing books related to Kurdistan, Iran and the Middle East, and various academic disciplines. Our goal is to make these valuable resources accessible to readers worldwide. TISHK Books is an integral part of the center's mission to promote knowledge and understanding of Kurdistan and the Kurdish situation in the Middle East. It is a publishing initiative that aims to produce high-quality books on various topics related to Kurdish studies.

Language Editor: Rebwar Rojhelat
Design by TISHK
Book language: Kurdish

Qadir Wirya

Language Policy and Planning for Education in East Kurdistan

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

Language policy and planning for education in East Kurdistan

Dr. Qadir Wirya

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

ISBN 9783689390136